


خاوەنی ئیمتیاز: حوسێن عارف
سەرنووسەر: دڵشاد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری نووسین: کامەران سوبحان
سەرپەرشتی هونەری: نەرمین مستەفا
دەرهێنەری هونەری: خالید محەمەد

تەلەفۆن: (سەرنووسەر 2136656 سلێمانی - 07504512786 هەولێر) یا لە ڕێی ئیمێلی:
aeynda@yahoo.com - dlshad7@yahoo.com - kameransubhan@yahoo.com
ناونیشان سلێمانی - شەقامی سالم، چاپ: چاپخانەی سەردەم

**گۆڤارێکی ئەدەبیی هاوچەرخە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات**

ژمارە (78) ی ئایاری 2008
نرخ: 1500 دینار

# پێڕست

## ژمارە 78 ی ئایاری 2008


| | | |
|---|---|---|
| لە گەمەی نێو دەستنووسەوە... | بوشرا کەسنەزانی | 5 |
| خوێنەر.. پرۆسەی خوێندنەوەو راڤەی دەق | عەلی عوسمان یاقووب | 26 |
| زەردەشت لە نێوان خەیاڵو راستی | مەهدی مەجید | 44 |
| گۆرانیو موزیکی کوردیو تەقەللای چەواشەو دزێو | محەمەد حەمە باقی | 55 |
| رێساکانی وشەرۆنان، لە بنجی کارەوە | د. شێرکۆ بابان | 59 |
| میتۆدی سایکۆلۆژی لە رەخنەی ئەدەبیدا | نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 74 |
| خوێندنەوەی هونەری دەقێکی لیریکیی (مەولەوی) | عادل محەمەدپوور | 79 |
| ئیستێك لەسەر چەمكو مێژووی وەرگێڕان | تاهیر عەبدولواحید | 83 |
| تەوەری وەرگێران | ئا: ئیدریس عەلی | 93 |
| دیدار لەگەڵ (وێنا بەیکەر) | سازدانی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ) | 109 |
| ئەو سکانیایە دەدوێ | دیدار مەسیفی | 114 |
| کۆشك | یاسین عومەر | 119 |
| ململانێ | و: شیرین. ك | 122 |
| بۆقەکە، تۆکیۆ رزگار دەکات | و: محەمەد عەبدوڵڵا | 128 |
| ورچی ئاخرزەمان | محەمەد کەریم | 140 |
| دەرگاو پاسەوان | مامۆستا جەعفەر | 144 |

| | | |
|---|---|---|
| پەیکەرە سەرابییەکانی خودا | فەیسەڵ هەمەوەندی | 146 |
| چییە؟ بۆ کوێ؟ | و: مەحمود زامدار | 150 |
| بکوژی ناو جەنگەکان کێ بوو؟ | غەمگین کۆساری | 156 |
| یۆتۆبیا | هیوا قادر | 163 |
| ئاشتبوونەوە لەگەڵ چەك | پشکۆ نەجمەدین | 166 |
| بزربوون لە ڕێ-زماندا | بورهان ئەحمەد | 168 |
| نوێبوونەوە | فوئاد کەلهوڕی | 172 |
| جاری جاران | هیلالِ ئیبراهیم | 175 |
| خەونی پەپوولەیەك | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | 177 |
| غوربەتنامەی پیاوێکی تەنیا | ژوان پێنجوێنی | 181 |
| سەفەری ماچو تریفە | عێزەدین زەکی زادە | 188 |
| لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی | سەبور عەبدولکەریم (شکار) | 189 |
| نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن.. گەشتێك بەقووڵایی ئۆقیانووسدا | عەزیز ڕەئووف | 192 |
| نووسەرانی بە هەڵوێستی سەدەی نۆزدەهەم | و: هەورامان وریا قانع | 194 |
| دوورە نزیکەکان | ئایندە | 202 |
| نزیكو دوور | | 204 |

# له گەمەی نێو دەسنووسەوە،
# تا ئاوێتەبوون بە حیکایەت

## کارکردن لەسەر بەرهەمەکانی عەتا محەمەد



بوشرا کەسنەزانی

**پێشەکی**

ئەم تووێژینەوە هەوڵێکە بۆ ڕووانین لە بەرهەمەکانی نووسەرو چیرۆکنووس (عەتا محەمەد) لە ڕوانگەی کارکردنییەوە لەسەر کتێبخانەی پڕ لە دەسنووس و حیکایەتی دونیای ڕۆژهەڵات و گێڕانەوەی حیکایەت و ڕۆچوونە ناو ئەندێشەی مێژوویی بۆ دۆزینەوەی شێوازگەلی هەمەجۆری ڕووداو و بەسەرهات.

لەم تووێژینەوەیەدا کار لەسەر کۆبەرهەمی چیرۆکنووس کراوە، بەپێی پەیوەست بوونی بە کارەکەمانەوە کە بەرهەمەکانی (زارەکانی خەون، دەستنووسی یەکەم و پەرتووکی خەون، تیناو چیرۆکە ئەندێشکراوەکان، گێلاسی خوێن، پاشماوەی خێڵەکان، فریوو خۆحەشاردان)و دووەمین قورئان و گێڕانەوەیەکی تر بۆ چیرۆکێکی کۆن دەگرێتەوە، جگە لە بەرهەمەکانی تری وەك (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنهاییدا، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك)، کە جاروبار ناودەبرێن.

ئەگەرچی دەزانین کارکردن لەسەر بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، لەمە زیاتری دەوێت و هەر چیرۆکەی بەجیا، پێویستی بە خوێندنەوەی قووڵ هەیە، بەڵام پێمان وایە خوێندنەوەی کۆکاریش کارێکی بەسوود بێت، بۆ زیاتر

تێگەشتن لە ماهییەتی بیرو ئەندێشەی ئەم چیرۆکنووسە، بەو هیوایەی بتوانین کارێکی دروست و شیاو بکەین.

### مێژووی حیکایەت

### یەکەم حیکایەت کێ گێڕایەوە؟

ئەگەر چیرۆک، یان بەمانا میللییەکەی حیکایەت، گێڕانەوەی بەسەرهات بێت، لە کات و شوێنێکی دیاری کراو بە بەشداریی کەسانێک (مرۆڤ، یا ئاژەڵ، یا هەرشتێکی دیکە) ئەوا دەبێت بە دوای یەکەم گێڕەرەوەی چیرۆکدا بگەڕێین، بۆ دۆزینەوەی ئەمەش، دەبێت پشت بە دوو گریمانە ببەستین، کە هەریەکەیان بە ئاقارێکی جودادا دەگوزەرێن و سەرەنجام لە قۆناغێکی مرۆڤایەتیدا یەکدەگرنەوە، ئەم گریمانەیانەش پەیوەندییان بەسەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤەوە هەیە.

یەکەم: گریمانەی ئایین، بۆ دروست بوونی جیهان و مرۆڤ، بۆ گەیشتن بە سەرەداوی ئەم گریمانەیە، پێویستە بە حیکایەتدا شۆڕببینەوە (جگە لە بەڵگەی کتێبە ئایینییەکان)و سەرچاوەی یەکەم حیکایەت بدۆزینەوە. بەوپێیەی لە کتێبە ئاسمانییەکاندا هاتووە، یەکەم دوانەی دروستکراو ئادەم و حەوان، ئەوا دەشێت یەکەم چیرۆک لە ئەمان رووی دابێت لەناو مرۆڤدا، واتە لێرەوە، یەکەم رووداوی مرۆیی، دەبێتە گوزارشت لە حاڵی خۆی و بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە دەخرێتە چوارچێوەی چیرۆکەوە.

هەر لەسەرەتای فەرمانی ئیلاهییەوە، بۆ هێنانی قوور، تا ئادەمی لێبخولقێنێت، تا نارەزایی فریشتەکان و دواتر ڕێزلێنانی ئادەم و یاخیبوونی ئیبلیس و تۆڵەکردنەوەی خۆی لە مرۆڤ، تا دەگاتە هەڵەی ئادەم و حەواو سزادانیان، دەبێتە چیرۆکێکی تەواوی هەمەلایەنەی فرەمەبەست لەو ڕێگەوەی، کە چیرۆک لە هێزێکی باڵاوە دەگاتە خوارەوە، واتە ئادەم لە ناو چیرۆکێکی پڕ لە هەڵچوون و داچووندا دەخولقێنێت و ئاگاداری سەرەتایی دەکات بەهۆی (وعلم ادم اسما کلها)، دواتر بەرەو زەمینی دەنێرێت، تا کۆتاییەکەی ئەزموون بکات و خالق لەم خاڵەوە دەبێتە یەکەم قسەکەر لەگەڵ مەخلووقداو دوای سەرەتا لە ناوەندا هێڵی چیرۆک دەداتە دەست مەخلووق و مەخلووقیش بە ئاقارێکی نادروستدا دەبیات، تا سەرەنجام خالق خۆی لێ پەنهان دەکات و تیۆری ئاسمانیی بەسەرهات لە ئاسمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ پراکتیزەکردنی مرۆیی لە زەمین و بەپێی (ئەگەر)، برێک لە گێڕانەوە (حیکایەتخوانی) دەدرێتە دەست ئادەم و حەوا، تا بۆ گێڕانەوەی تەواوی چیرۆکەکەیان، بۆ نەوەکانیان و دواتر دەماودەم گێڕاوەتەوە، تا لە سەردەمانێکدا بەهۆی هێندە گوازتنەوەی بەرەو کاڵبوونەوە چووەو ڕەنگورووی ڕەسەنی لە دەستداوە.

ئەوسا هێزە ئاسمانییەکە (بەو پێیەی ئەو ڕاویی یەکەم بوو) جڵەوی چیرۆکی دەگریتەوە دەست، هەرچەندە لە ئاستی نادیاردا، هەر لە دەستی ئەودا بوو بەهۆی یەکێك لە کتێبە ئاسمانییەکانییەوە دووبارە دەبێتەوە، گێڕەرەوەی ئەو بەسەرهاتە و حیکایەت، وەك گەمەیەك لە بزاوت و جووڵاندا دەبێت، تا سەرەنجام هەر یەك لەو ڕووداوانە، دوای بەسەرچوون و گێڕانەوەی دەبێتە. چیرۆك، لە ئاستە ئاساییەکەیدا، بەڵام لە ئاستە قووڵەکەیدا، لەگەڵ گەشەکردنی مرۆڤ دا ئارەزوو و خەیاڵی فراوان دەبێت و دەبێتە ئەفرێنەری چیرۆك لە خەیاڵی خۆیدا، وەك ئەوەی دەشێت قابیل بۆ کوشتنی هابیل، چەند حیکایەتی سازدابێت بۆ کوشتنی چەندەها مەبەستی هەبووبێت بۆ هاتنە دیی ئەو چیرۆکانەی زەینی.

لەدوای دروستبوونی یەکەمین مرۆڤەوە، چیرۆك دەبێتە دوورجێك بۆ هەڵگرتنی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەریدا هاتووەو ئایین بۆتە پشتیوانی، لەو ساتانەوە تا ئێستا، چونکە ئەوە ئایینە لە نێو ڕێگا جۆراو جۆرەکاندا، ڕێگەی دروست نیشان دەدات و داوای پابەندیی لە مرۆڤەکان دەکات و ئەوانیش بەپێی مەیل و ویستی خۆیان، لە قەرەی ئەو دوو چەمکە دەدەن، کە بە چاکەو خراپە ناو دەبرێت و بەرەو ناو ڕووداو ملدەنێین.

کاتێك چاوێك ڕووداو دەبینێت، دەبێتە گێڕەرەوەی، تا چاوە بێ ئاگاکانی، لێ بەئاگاکات. بەواتایەکی تر، مرۆڤەکان لەسەر زەوی لە جوڵەو ژیاندان لە ژێر چاودێریی هێزێکی ئیلاهیدان و ئەو هێزە بەهۆی یەکێك لە پەیامبەرەکانییەوە، پەیامی خۆی پێ گەیاندون و هەموو دوالیزمەکانی ئەو ژیانەی بۆ دەستنیشان کردون و لەبەردەم ئەگەرەکاندا، ڕوونکردنەوەی پێویستی پێداون و دەتوانن ئەو ڕێڕەوە ئاساییە پیادەبکەن، بەکردنی چاکەو نەکردنی خراپە، بۆ وەرگرتنی پاداشتی بەهەشت، نەك سزای دۆزەخ، کاتێك


عەتا محەمەد

ئەم ڕێڕەوە لە هێڵی خۆی دەردەچێت، بەهەر دووباری پۆزەتیڤ، یا نەگەتیڤ، ئەوا دەبێتە بارێکی نا ئاسایی، کە بۆ گێڕانەوە دەستدەدات، واتە ڕووداو دروست دەبێت و خالق مەخلووق و مەخلووق ڕووداو دروست دەکات و کەسی بینا دەبێتە گێڕەرەوە بۆ ئەوانی تر، لە سەردەمی تردا بەهۆی کتێبە ئاسمانییەکانەوە.

پەیامبەران، وەك نێردراوی ئیلاهی هەمیشە حیکایەتبێژ بوون بۆ نەتەوەکانیان و دواتر خۆیان بوونەتە حیکایەت و یەکێکی تر گێڕاونییەتەوە و وەك زنجیرەیەکی پتەوی نەپچڕاو یەکدییان گێڕاوەتەوە، لە پرۆسەیەکی نەپساودا، بەهۆی سرووش، یا کتێبە ئاسمانییەکانەوە، قورئانی پیرۆز، وەك دوایەمین کتێبی ئاسمانیی زۆرترین بەسەرهات و چیرۆك باسدەکات، ئەگەرچی ئەو چیرۆکانە، پێشتر لە کتێبەکانی دیکەشدا هاتووەو لەهەمانکاتدا دەماودەم لەناو خەڵکدا ماوەتەوە، بەڵام لێرەوە چیرۆکی ئەگەریی دروست دەبێت، ئەویش بە ڕاگرتنی مرۆ لەبەردەم دووریانێك و دوو چیرۆکدا، بەکردنی ئەمە، دەچێتە بەهەشت و چیرۆکی ژیانی ناو بەهەشت دەست پێدەکات، ئەگەر ئاکاری نەشیاو بێت، دەچێتە دۆزەخ و چیرۆکی دۆزەخ دەست پێدەکات .

دووەم: گریمانە بۆ دروست بوونی مرۆڤ، رای ئەو زانایانەی کە پێیان وایە مرۆڤ بە کۆمەڵ ژیاوەو لە سەرەتاوە قسەی نەزانیووەو هاوارو قیژەو سیگناڵی نازمانی بەکارهێناوەو مەبەستەکانی پێ دەربڕیوە، واتە زمان نەبووە تا بیری پێ بگوێزێتەوە، پاشان لە قۆناغی دواتردا، بەهۆی وێنەی سادەو ساکارەوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، ئەو شتە زەینییانەی دەریبڕیوە و پلە پلە لە ئاماژەو بانگ و قیژەوە بەرەو دەربڕینی ئاسایی چووە. لێرەوە دەتوانین بڵێین، ئەگەر زمان وەها بووبێت، ئەوا گێڕانەوەش هەر بەو زمانە بووەو دواتر لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان بە هۆی وێنەوە ژیانی خۆیانیان باسکردووەو بەرەو شارستانییەت هەنگاویان ناوەو وردە وردە نەتەوەکان لەیەك جیابوونەتەوەو بوونەتەوە خاوەن زمانی جوداو ئەمەش مێژوو ئەدەب و فەرهەنگی جودای لێکەوتۆتەوە، کە هەوڵی پاراستنی بۆتە خولیایان و نەوە بۆ نەوە هەوڵی گێڕانەوەی خۆیان داوە، بۆ پاراستنی چیرۆکی پەیدابونیان و شانازی کردن بە خۆیانەوە، پاشان جگە لە پاراستن، چیرۆك رەهەندی تری وەرگرت و لە ئەنجامی بیرکرنەوەو گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە زەینی دەگرتن، ئەفسانە هاتە ئاراوە و بوو بە ڕوویەکی فەرهەنگیی نەتەوەکان، مرۆڤ لە ڕێگای ئەفسانەوە بووە بونیادنەری قوتابخانەیەکی جیهانناسی و (لەم جیهانناسییەدا، وەك هەر جیهانبینییەکی تر، هەوڵی داوە وەڵامی گونجاوی دەسکەوێت لەمەڕ پرسیاری چۆنییەتیی دروست بوونی جیهان و مرۆڤ و لە ڕێگایەوە، ڕازی هەستی و بوون ئاشکرابکات)[1] و ڕامانە قووڵەکانی لە شێوەی ئەفسانە بگێڕێتەوە و کاریگەریی خۆی لەسەر نەتەوەکان جێبهێڵێت، بەشێوەیەك تا ئێستاش لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەنیدا، جێگەی دیار بێت لە ناو ئەدەبیاتە جۆراو جۆرەکاندا.

جیهانبینیی ئەفسانە، پاش تەواوکردنی و کامڵبوونی لە شێوەی زارەکیدا لە ئەدەبیاتی نووسراودا، لە شێوەی حیکایەت و پەندو چیرۆکدا خۆی بینییەوە، بە ناوەڕۆکی بیروباوەڕگەلی جۆراوجۆرەوە لەسەر دروستبوون و هێزە باڵاکان، بەهەردوو جۆری چاکەو خراپەو ئیمان و بە نەفرینکردن و بە جادوو و تەلیسم و بوونەوەرە سەیرەکانی، وەك دێو و درنج و جنی و لێڕوانینی لەلایەن خەڵکانەوە بە چاوێکی پیرۆزەوە .

ئەدەبیانی نووسراوی نەتەوەکان زۆریان لەم شێوانەن

و مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە زاین و بە زمانەکانی لاتین و سانسکریتی و بزماری و هێرۆگلۆفی نووسراونەتەوەو وەك حیکمەتی ئەو ڕۆژگارە ماونەتەوەوئێستاش جێگەی سەرنجن. هەر لە کۆنەوە ڕۆژهەلأت بە نەتەوەکانی هیندو چین و میسرو فارسەوە بەسەرزەمینی ئەو جۆرە بەرهەمانە دانراوە، کە گەران بووە بە شوێن دۆزینەوەی هێزە نادیارەکان و جەنگان لەگەڵ هێزە شەرانییەکاندا. لەم ڕووەوە مێژوونووسان ئاماژە بە کۆنترین شارستانییەت دەکەن، کە تێیدا سەریهەڵداوەو دەیدەنە پاڵ میسرییە کۆنەکان، لەو ڕوانگەیەوە، کە ئەوان خاوەن شارستانییەتن، ئەوا دەکرێت بوترێت کە یەکەم چیرۆکیش زادەی بیری ئەوانە، ئەو چیرۆکانەی کە حیکایەتە جۆراوجۆرەکانی تەلیسم، جادوو و عەشق و گەلێك بەسەرهات دەگێڕێتەوە و نموونەی ئەم چیرۆکانە زۆرن وەك (گرتنی یافا، شازادەی مەحکوم، چیرۆکی جادووگەران، ئاغاو کۆیلە، دوورخستنەوەی سینۆهە)و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی 3200پ. ژ، کە لە تۆماری 300 پ. ز تۆمار کراوە. لە ئەدەبیاتی ئاشوری و بابلیشدا، لە سەدەی 7پ. ز نموونەی ئەم جۆرە کتێبانە بەدیدەکرێت، کە پڕن لە ئەفسانە و حیکایەت و سروودی ئایینی لە ڕۆژهەلأتدا، هینیدییەکان بە دەوڵەمەندترین نەتەوە دادەنرێن، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (سەرزەمینی ئایینە جۆراو جۆرەکان)ە[2]. و ئایینیش بزوێنەرێکی باشی ڕوداوە، یاخود ئەدەبیاتی هیندی، کە بەزمانی سانسکریتی نووسراوەتەوەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 1500پ. ز، دیارترین کتێبیان (ریگ ڤیدا)یە، کە بەسەرچاوەی کتێبی جادوو و ویرد و گرتنی جنۆکە ناسراوە. لە ڕووی حیکایەت و چیرۆکەوە، هیندییە کۆنەکان، بەسەرچاوەی زۆربەی حیکایەتە جیهانییەکان لە قەڵەم دەدرێن و ئەو حیکایەتانەی کە زیاتر بەمەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئایینی نووسراون، بەرجەستەترین کتێب (جاتاکا)یە، کە 550 حیکایەتی خەیاڵیی لە خۆگرتووەو تایبەتە بە ژیان و لە دایکبوونی بوداو چیرۆکی گیانداران و پەندوو ئامۆژگارییە[3]. ئەمە جگە لە کتێبەکەی بەیدەبا (کلیله و دمنه)، کە پاش وەرگێڕانی لەلایەن (ابن مقفع)ەوە، لە هەموو ڕۆژهەلأتدا دەنگی دایەوە.

ئەدەبیاتی چین لەم بارەیەوە خاوەنی گەلێك کتێبی ناوازەو گرنگە، کە تێکەڵن بە هزری ئایینی (کۆنفۆشیوس، تاو بودی، دواتر مەسیحی)و لەناو بەرهەمە چینییەکاندا کتێبی (چووانگ تزە) بەرچاو دەکەوێت، کە کتێبێکی گەورەیەو پڕە لە ئەفسانە و نەقڵ و حیکایەت. [4]

لە باسی ئەفسانە و حیکایەتدا یۆنانییەکان بەسەرزەمینی ئەفسانەی خوداکان دەژمێردرێت و گرنگییەکی زۆریان داوە بە چیرۆکی خوداکان و ئەفسانەی جۆراوجۆریان لەبارەی توانا و هێزو فەرمانی خوداکانیانەوە گێڕاوەتەوەو دیارترین ئەفسانەیان ئەلیاسە و ئۆدیسەیە. [5]

لە ئەدەبی عەرەبیدا سەردەمی عەباسییەکان، بەتایبەت ئانی خەلافەتی هارونە ڕەشید، بە سەردەمی گرینگیدان بە چیرۆك و ئەفسانە و حیکایەتی دادەنرێت و ئەوەی دیاربێت لەو ئەدەبیاتەدا بەرهەمی (هەزارو یەك شەوە)یە، کە بە سەنتەری ئەفسانەو چیرۆك دەژمێردرێت و جێدەستی بە ئەدەبی جیهانییەوە دیارە.

لە ئێراندا، بەر لە ئایینی ئیسلام بەهۆی ئایینەکانی مانی و مەزدەك و زەردەشتییەوەو پاشتریش بەهۆی هاتنی ئایینی ئیسلام و ئاینزا جۆراوجۆرەکانەوە، ئەفسانەو حیکایەت و کتێبی زانستە پڕ لە حیکمەتەکان بەشێوەیەکی فراوان پەیدابوون، لەسەردەستی سۆفییە گەورە ئیسلامییەکاندا، جۆرە ئەدەبیاتێکی عیرفانی هاتە ئاراوە، کە سیمای ئایینەکانی مانی و زەردەشتیی تیا بەدی دەکرا، ئەم ئەدەبیاتە لە شیعرو حیکایەتی عاشقانە و عاریفانە و پەندو بابەتە ڕۆحی و غەیبانییەکاندا خۆی دەبینییەوە، نموونەی ئەم جۆرە لە (کشکول شێخ بهائی و فیه ما فیه مولانا جلالدین رومی وتزکرەالاولیای عطار نیشاپوری اسرار تووحید (فی مقامات شیخ بوسعید او خیر) و جوامع الحکایاتی سدیدالدین عوفیو کشف المحجوب ابوالحسن هجویری غزنوی)دا بەدیدەکرێت، لە شێوەی گێڕانەوەو پەخشاندا، ئەمە جگە لەو بەرهەمانەی کە هەر ئاوێتەیە لە شیعرو پەخشان، یا هەر شیعر، وەك مثنوی، معنوی، مولانای رومیو بوستان و گلستانی سعدیو مرصادالعبادی، نجم رازی منطق الطیری نیشاپوریو ئەو بەرهەمانەی کە پاشکۆی نامەی پێوەیە، هەر لە ناسراوترینیانەوە، کە شانامەیە، تا جاوید نامەی لاهوری و گشتاسپ نامەی دقیقی تووسی و الهی نامەی سنایی و عشاقنامەی عبید

زامانی و زۆری تر کە بە ناوەڕۆکی عیرفانی و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتییەوە داڕێژراون، لە جیهانی سۆفیگەریدا گرنگیی خۆی هەیە (چونکە دەکرێت سەرچاوەی ئەمانە، ئەو پەندو ئامۆژگارییانە بووبێتن، کە شێخە سۆفییەکان لە دەورانی سەرەتای تەسەوفدا بۆ ڕازاندنەوەی کۆڕو مەجلیسی خۆیان سوودیان لێ بینیێت)[6].

لە ئەدەبی کوردیدا، پێشینەی حیکایەت و چیرۆک گەلێك دێرینە، ئەگەر لە مادەکانەوە باسی بکەین، ئەوا دەشێت بڵێین، لە شێوەی نووسراودا هیچ نووسراوێك بە زمانە ئێرانییەکان لەبەر دەستدا نییە، کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانە، بەڵام لە نووسراوەکانی مێژوونووسانی یۆنانیدا گەلێك ئاماژە بە چیرۆك و حیکایەت و هۆنراوەی ئەم سەردەمە کراوە، زۆر حیکایەت هەن، کە لە شانامەدا ڕەنگیداوەتەوەو ڕەگوڕیشەی مادیی هەیە[7]، ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە، کە چیرۆك و حیکایەت و ئەفسانەی کوردی بە درێژایی مێژوو بەسەر زاری خەڵکییەوە بووەو شێوەی نووسراوی مێژوویەکی کۆنی نییەو لە شێوەی داستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە و نووسینەوەی مەم و زینی خانیو شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی و شێخی سەنعان و بەرسیسی عابیدی فەقێ تەیران،


بۆرخیس

ئەم چیرۆکانە بەر لە نووسینەوەیان لە کۆڕو مەجلیسی دیوەخان و تەکییە و پیاوماقوڵاندا خوێندراوەتەوە، نەك هەر ئەمانە، بەڵکو بەرهەمی عەرەبیی وەك لەیل و مەجنون و هەزارویەك شەوەو ئەدەبی فارسی وەك، بەرهەمەکانی سەعدی باسکراوەو واتە جۆرە ئاوێتە بوون و کاریگەرییەك بەدیدەکرێت لە گێڕانەوەو سەرەنجام لە نووسینەوەیشیدا چیرۆکی ئەم مەجلیسانە دواتر لە ڕشتەی مرواریی علادین سجادی و خەرمان لۆغەی شڵماشیدا بەدیدەکرێت، ئەمە جگە لە مەجلیسی ئەولیای شڵماشی، کە کاریگەریی تذکیرەی الاولیای لەسەرە.

### حیکایەت لەناو چیرۆکدا

ئەوانەی کە تائێستا باسکرا کورتەیەك بوو لەسەر سەرەتاکانی سەرهەڵدانی حیکایەت و ئەفسانە و میتیۆلۆژیاو چیرۆك و باسکردنیمان بە پێویست زانی، لەو ڕوانگەوەی کە ئەو ئەدەبیاتانە کەم تا زۆر کاریگەریی دیاریان لەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی و بەرهەمەکانی عەتا محەمەد بە تایبەتی هەیە. ئەو جۆرە چیرۆکانە بە مانا ڕەخنەییەکەی چیرۆکی ناهونەری یا سادەن و بەشێکن لە کەلتوورو فەرهەنگی نەتەوەکان، لە شێوەی نەقڵ و ئستوورەو حیکایەتدا، بەڵام چیرۆك بەمانا هونەرییەکەی، وەك ژانەرێکی نوێ (لەچاو شیعردا) خەسڵەت و شەقڵی تایبەتی هەیە و بە هۆی زمان و تەکنیك و ستایلەوە خۆی جودا دەکاتەوە لە جۆری ناهونەری.

چیرۆکەکانی عەتا محەمەد وەك چیرۆکی هونەری، تایبەتمەندیی خۆیی هەیە، ئەویش لە ڕێگای گرتنەبەری ڕێگای ئاوێتەکردنی چیرۆکی ناهونەری، یا حیکایەت لەگەڵ هونەری و دارشتنی بە شێوەی هونەری و بە شێوازی بایەخدان بە نووسینە نهێنی ئامێزەکان، لە ڕێگای ئەفراندنی دەقی ئەندێشەیی و سەیرو جادووەوە، بە پشت بەستن بەو کەلتووره دێرینەی جیهانی فەرهەنگی و ئەدەبی ڕۆژهەڵات، لە ڕێگای ئەو داستان و حیکایەتانەی کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات وەك سامانێکی هاوبەشی نەتەوایەتیی خۆیان بە خاوەنی زانیوە. دەوڵەمەندیی ئەم فەرهەنگە، وایکردووە نەك عەتا محەمەد، بەڵکو شاعیران و هونەرمەندان و نووسەران، لەسەردەمە نوێکاندا رووبکەنەوە ئەو بەرهەمانەو دووبارە بیانهێننەوە بۆ ناو

ئەدەبی نوێ و سەردەم، وەك لەبەرهەمەكانی سەردەمی رێنسانسی ئەوروپادا دەردەكەوێت، یاخود كاریگەریی ئەدەبی كۆنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەسەر ئەدەبی ئێستای هەردووكیان. بۆ نموونە شاعیران و نووسەرانی دوای حەفتاكان سوودی بەرچاویان لە ئەفسانەو میتیۆلۆژیای یۆنان وەرگرتووە، لەشێوەی كاریگەریی راستەوخۆ وەك دەقئاوێزان، یان لەشێوەی ناراستەوخۆی تارمایی ئاسادا لە بەرهەمەكانیاندا بەرچاو دەكەوێت و یاخود نووسەرێكی گەورەی وەك دانتی بە كاریگەریی میعراجنامە شابەرهەمی خۆی (كۆمیدیای یەزدانی) نووسی.

عەتا محەمەد، وەك چیرۆكنووسێكی ئەو نەوەیەی كە بەنەوەی نەوەدەكان لەقەڵەم دەدرێت و ئەزموونی خۆی جودادەكاتەوە لە چیرۆكنووسەكانی سەردەمەكەی خۆی، بەهۆی ئەو باكگراوندی مەعریفی و شەرقبینییەوەی كە دەیكاتە كەرەسە بۆ بنیادنانی چیرۆكەكانی، ئەم باكگراوندەش لەو سەرسامییەوەی دێت كە بەرامبەر بە میتیۆلۆژیاو حیكایەتی كۆنی رۆژهەڵات هەیەتی و وەك گەڕیدەیەكی نێو كتێبخانە مەعریفی و پڕ حیكمەتەكانی سەردەمی عەباسییەكان دەردەكەوێت، كە لەهەوڵی دۆزینەوەی كتێبە بەبەهاكانی زانستە مرۆڤایەتی و رۆحی و عیرفانییەكان دابێت، بۆ كارلەسەركردن و نووسینەوەیان لە دیدی ترەوە.

بەهۆی ئەم سەرسام بوونەوەیەوە نووسەر لە چیرۆكەكانیدا، ئەو چیرۆكانە دێنێتەوە وەك بابەتێكی بەبەهای كەلتووری لە ناو خەڵكدا باوە، یاخود نووسراوەیەو لە بەرهەمە دێرینییەكانی فارس و هیند و عەرەبدا باسكراون و ئەم بە شێوەیەكی هونەری لە كۆی كارەكانیدا هێناونییەتەوە، وەك لە (زارەكانی خەون، دەستنووسی یەكەم، پەڕتووكی خەون، تیناو چیرۆكە ئەندێشەكراوەكان، گێلاسی خوێن، پاشماوەی خێڵەكان. . . .)دا بەدیدەكرێت و لە زۆربەیاندا چیرۆك بریتی دەبێت لە گێڕانەوەی جۆراوجۆر، كە بۆ خوێندنەوەی جۆراوجۆر دەست دەدەن.

نووسەر لە دەرەوەی تێكست كاریگەرە بەو جۆرە ئەدەبیاتە و چێژی لێوەردەگرێت، بەهۆی تایبەتمەندییە گونجاوەكانەوە، بۆیە بەو كاریگەرییە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەوئەدەبیاتە و بەهوی گێڕانەوەگەرییەوە بیئافرێنێتەوە و فەزای ناوەرۆكەكەی بهێنێتە ناو تێكستەكانییەوەو حیكایەتخوانانە مامەڵەی لەگەڵ بكات و جۆرە چیرۆكێكی تر بونیادبنێت، كە تا رادەیەك لە ئەدەبی كوردیدا نوێیەو بەلای خوێنەری كوردەوە كەمێك گران و تەمومژاوی دێتە بەرچاوو هەموو خوێنەرێك خۆی لە قەرەی نادات و (تەنها زەوقێكی زۆر پەروەردەكراو دەتوانێت سرووشتی ئیشكردنی ئەو چاوە بۆرخیسییە ببینێت كە لە رۆشنبیری ئێمەدا بێ پێشینەیە)[8]، بەڵام لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا، گەشتۆتە پلەی خۆی و خوێنەری بەرفراوانی خۆیی پەیدا كردووە. یەكێك لەو نووسەرە ناودارە جیهانییە (خورخە لویس بۆرخیس)ی چیرۆكنووسی زەمەنە نادیارەكانە، ئەو نووسەرەی كە بەختیار عەلی ناوی بۆ پەسنی بەرهەمەكانی عەتا دێنێتەوەو بە نووسینی بۆرخیسییانە ناوزەدی دەكات. لە ئەدەبی عەرەبیدا كارەكانی (جوبران خەلیل جبران) لەم بوارەدا دیارە، كە دونیاو فەزایەكی عیرفانی لە كارەكانیدا بونیادناوە لەسەر حیكایەت و چیرۆكی نەتەوە دێرینەكان كە لە بەرهەمەكانی (دێوانە، حەیران، پەیامبەر، تەڵایەدار. . . .)دا بەدی دەكرێت. جوبران بەردەوام بەدوای حیكمەتە ئیلاهییەكاندا دەگەڕێت، تا ببیەخشێتە مرۆڤەكان و گەرەكییەتی لە رێگای گێڕانەوەوە ببێتە پەیامبەرێك بۆ چاكسازی، دواتر كاریگەریی كارەكانی جوبران لە بەرهەمەكانی نووسەری بەرازیلی (پاوڵۆ كۆیلۆ)دا بەدیدەكرێت، بەهۆی سەرسامیی ئەو نووسەرە بە جوبرانەوە.

پاوڵۆ رۆمان و چیرۆك و تێكستەكانی لەسەر ئەو حیكایەتە رۆژهەڵاتییانە بینا دەكات، كە عیرفانییەتی ئایینە جۆراوجۆرەكان پێكیان هێناوە، جگە لە ئایینی مەسیحی و رێبازی كاسۆلیك كە وەك بڕوادارێك ئیمانی زۆری پێی هەیە. كۆیلۆ دەگەڕێتەوە بۆ رەسانەیەتیی گێڕانەوە لە بەرهەمەكانی (مەكتووب، دووەمین مەكتووب، حیكایەتەكانی دووێنێ و ئەمڕۆ، باوكان منداڵەكان، نەوەكان)داو ئەو حیكایەتە جیهانییەكان دەگێڕێتەوە كە هێزی نادیار بە فریای هێزی دیار دەكەوێت، یا خود ئەو حیكایەتانەی كە كەسەكان تێیدا پێدەگەن بەهۆی پەروەردەكردنی رۆح و ئەزموونكردنی عەشقەوە، كۆیلۆ هۆكاری هێنانەوەی ئەم حیكایەتانە بۆ پتەویی مەعریفییان دەگەڕێنێتەوەو لەم بارەیەوە دەڵێت، یەكێك لە كۆنترین

و سونەتیترین ڕێگای مرۆڤ بۆ گواستنەوەی مەعریفە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر چیرۆك و حیکایەت بووە[9]، ئەم گواستنەوەی مەعریفەیە بەلای پاولۆوە وەستاو نییە، بەڵکو گرنگییەکەی لە گۆڕینی گێڕانەوەو گواستنەوەدایە کە پڕە لە چێژ. ئەوەی جێگای سەرنج بێت ئەوەیە کە ئەم نووسەرە لە ڕێگای چیرۆکێکی کۆنەوە چیرۆکێکی نوێ دەوڵەمەند دەکات، نەك هەر لەم بەرهەمانەیدا، بەڵکو لە (کیمیاگەر، شەیتان و خانم پەریم، کێوی پێنجەم، بەریدا، یادەوەرییەکانی موغێك)دا لە ڕێگای گێڕانەوەی ئێستاو لە پێناو حیکمەتە کۆنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئستۆرە جیهانییەکان، بە تایبەت لە کیمیاگەر[10] (چیرۆکی کوڕە شوانەکە)دا ڕووداوی سەرەکیی ئەو چیرۆکەیە، کە لە ئەفسانەو حیکایەتی ڕۆژهەڵاتدا ڕەگێکی کۆنی هەیە.

کۆیلۆ بەنووسینەوەی چیرۆکی کوڕە شوانەکە (هەڵبەت بە شێوەیەکی ئەدەبی و گێڕانەوەی سادە)، دەبێتە نووسەرێکی جیهانیی، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە دەوترێت حیکمەتی ئەمە لە چیدایە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین دوو هۆ هەیە، یەکەمیان ئەوەی کە ئەم چیرۆکە لە ڕۆژهەڵاتدا باوبووەو زانایان و حەکیمان هەمیشە لە پەندو گێڕانەوەکانیاندا وەك نموونە باسیان لێوەکردووەو نامۆیە بە جیهانی ڕۆژئاوا، دووهەم، ئەوەی کە مرۆڤ لە نائاگاییەوە لە دێر زەمانەوە جۆرە سۆزێکی قووڵی هەیە بۆ گوێگرتن لە چیرۆك و ئارەزووی بیستنی دەکەن لە شێوەی گێڕانەوەدا، جا ئەو چیرۆکە هی هەر نەتەوە، یا هی هەر زمانێك بێت، چونکە (جەوهەری ئستۆرە نە لە گێڕانەوەو نە لە مۆسیقای ڕەسەنی کەلامیدا شاراوەتەوە، بەڵکو جەوهەری ئەو چیرۆکەیە کە ئەفسانە ڕیوایەتی دەکات)[11]، ئەمە ئەو هۆیەیە کە وادەکات بەرهەمێکی وەك کیمیاگەر شۆڕەتێکی جیهانی بەدەست بهێنێت.

مەولانا جەلالەدین ڕۆمی لە (مثنوی معنوی)[12]دا ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە، بۆرخیسیش لە چیرۆکە باسکراوەکاندا بە ناوی (چیرۆکی ئەو دوانەی کە خەونیاندی)[13]وە دەگێڕێتەوە، بەڵام بۆرخیس جیا لە سەرچاوەکانی تر، ئاماژە بەوە دەکات کە (الاسحقی)ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە، عەتاش، لە پەرتووکی خەون دا لە بەشێك لە بەشەکانی (خەون و شارەکانی ئەفسانە)14 دا، هەمان چیرۆك دەگێڕێتەوە.

هێڵی گشتیی ڕووداوەکە لە گشت چیرۆکەکاندا باس لە کوڕێکی هەژاری شوان دەکات، کە ئاواتەخوازی بەدەستهێنانی پارە و سامانە، شەوێك لە ئاشێك، یان لە ژێر درەختێکدا دەخەوێت و خەون دەبینێت، لە خەونیدا پیاوێك پێی دەڵێت، برۆ بۆ ئەسفەهان، یان میسر پارەو گەنج لە فلان شوێندایە، برۆ دەرییبهێنە. دوای خەبەربوونەوەی، کوڕەکە بڕیار دەدات دوای هێنانەدیی خەونەکەی بکەوێت و دەستدەکات بە سەفەر، پاش چەندەها گرفت و ڕووداو دەگاتە ئەو شارەو دەستدەکات بە هەڵکەندنی ئەو شوێنە، پاش ئەوەی کە هیچ نادۆزێتەوە دوو سێ کەس بەرۆکی دەگرن و دارکارییدەکەن و پرسیاری هۆی گەڕانی لێدەکەن، کاتێك ئەویش باسی خەونەکەیان بۆ دەکات و هۆکارەکەیان پێدەڵێت، یەکێکیان دەڵێت گەمژە من چەندەها جار وەها خەونێکم دیوە، کە وتوویانە برۆ بۆ فلان شوێن (شاری کوڕە شوانەکە) لە ژێر ئەو دارە (ئاشە)دا پارەو سامان هەیە دەرییبهێنە، بەڵام هێندە گەوج نیم دوای وەها خەونێك بکەوم. لێرەدا شوانەکە دەزانێت کە سەفەرەکەی بۆ پێگەیاندنی بووەو سوودێکی گەورەی پێگەیاندووە لە ڕووی بەدەستهێنانی سامانی مەعنەوییەوە، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی و لەو شوێنەی کە خەونەکەی لێ بینیبوو پارەکە دەردەهێنێت.

ئەمە چیرۆکەکەیە وەك ڕووداو بەڵام وەك بەهای بیر لە ئاستی نادیارو قووڵی مەعریفیدا باس لەو شتانە دەکات کە هاوکارن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای مرۆڤ، تەنانەت بە دوو ژنەکانیشەوە، ڕەنگدانەوەی ئەمە لە کیمیاگەردا پڕ ڕەنگە و پاولۆ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی پڕ دەکات لە باسی عەشق و گەڕان و دەستکردن بە سەفەرێکی حەقیقی، بۆ دۆزینەوە و یاددانی دەست بەرداربوون لەو شتانەی کە وادەکات بتکەنە کۆیلەی خۆیان، وەك شتە ڕووکەش و بیرە نادروستەکان، لەمانە گرنگتر گرنگیدانە بە نەدای دڵ و دۆزینەوەی خودی خۆتە و دەرچوونە لەو ژیانە وەستاوە[15]. ئەم خەوندیتن و ڕاڤکردنە بە جۆرێکی تر لە (حیکایەتەکانی باوکم)ی فەرهاد پیربالدا هاتووە.

یەکێکی تر لەو نووسەرانەی کە جێدەستی دیارە بەم ستایلە کارکردنەوە (هێرمان هیسە)ی ئەڵمانییە، بەهۆی کاریگەر بوونی بە عیرفانییەتی بودیو ئەدەبی هیندییەوە،

نموونەی لە (زندەگی هندی)[16] دایە، باسی كاریگەریی زاهیدێك دەكات لەسەر (داسا)و كە دەیكاتە بوونەوەرێكی ڕۆحی، ئەویش لە ڕێگای ڕەهاكردنی لە خەیاڵ، یاخود لە زەمەنێكی جادوویيدا، تا ئەو ژیانە بژی كە خوازیاریەتی و چارەنووس و ئەنجامێكی ڕەهای نیشان بدات و بە گیان و ئێسك تامی پووچێتیی ئەو ژیانە بچێژێت، چیرۆكەكە بەو جۆرە دەبێت، كە داسا دوای ستەملێكردنی و دوورخستنەوەی لە دەسەلات، لەگەڵ شواناندا ڕوودەكاتە دەشت و كێو و لەوێ چاوی بە زاهیدێك دەكەوێت لە كوخێكداو سەرنجی ڕادەكێشێت بە خۆی و سكوتە هەمیشەییەكەیەوە، پاش زنجیرە ڕووداوێك و عاشق بوونی بە كچێك، پاشان خواستنی و وازهێنانی كچەكە لەم، بۆ سەرۆكی ئەو كاتە (نالا ) كە زڕ برای دەبێت، پاش كوشتنی براكەی ڕادەكات و دەربەدەر دەبێت، لە دەشتودەرو دووبارە سەرنجی دەچێتەوە بۆ لای زاهیدەكەو بڕیار دەدات ڕووكاتە دونیا نەویستی، هەڵبەتە بەهۆی شكستی ڕۆحییەوە، كاتێك دەچێتەوە لای زاهیدەكە بۆ ماوەیەكی زۆر خزمەتی دەكات، بەڵام هەرگیز وشەیەكی لێ نابیستێ، جگە لە دووجار وتنی وشەی (مایا)· ئەم بێدەنگییە داسا بێزار دەكات و دەڵێت دەڕۆم، بەر لە ڕۆشتن تكایەكم هەیە لێت و تكایە واژەی (مایا)م بۆ ڕوونكەرەوە، كە كاتێك من ژیانی خۆمم بۆ باسكردیت تۆ تەنها وتت مایا، ئەوسا زاهیدەكە جامێك دەداتە دەستی تا بڕوات لە ڕووبارێك لەو نزیكانە بۆی پڕكات، داسا لەو كاتەدا كە جامەكە پڕدەكات (لەوێوە پێدەنێتە ناو جیهانی جادوویی و سەفەر بە زەمەندا دەكات)، هاوسەرەكەی دەبینێت و دێتە بەردەمی و دەڵێت، هاتووم بە شوێنتا دوای كوشتنی فلان، تۆ هەڵبژێردراوی بۆ جێگای ئەو وەرە با بڕۆینەوە، ئەویش بێ ئەوەی باسی خیانەتەكەی بكات دوای دەكەوێت، لەوێوە زنجیرە ڕووداوێك دەست پێدەكات، هەر لە خیانەتی ژنەكەیەوە تا سەرۆكی سوپاو داگیركردنی خاك و سەرزەمینەكەی و سەرەنجام لەدەستدانی ژن و منداڵەكەی و بەندكردنی خۆی، لەم كاتەو لەوپەڕی نائومێدیدا، لە پڕ دێتەوە هۆش و دەزانێ هەموو ئەمانە دیتنێكی میتافیزیكی بووەو ئەم هێشتا ئاوەكەی نەداوە بە زاهیدەكە· ئەم چیرۆكە، یەكێكە لەو چیرۆكانەی كە گێڕەرەوەی حیكمەتی دونیا نەویستییە لە ڕێگای بەدەستهێنانی یەقینەوە، بەوەی كە خۆشبەختی لە زوهدانی بووندایە، نەك لەو ژیانەی تەمەنای دەكەین و پێی ناگەین· ئەمە بڕوای عاریفانی نێو هەموو ئایینە جۆراوجۆرەكانە، كە لە ماهیەتیی ژیان حاڵی بوون لە ئاستێكدا پوچێتیی ژیانیان لێ پەنهان نییە، بە هۆی كرانەوەی چاوی دڵیانەوە، جوبران خەلیل لەم بارەوە دەڵێت: (ژیان ساحیرەیەكە، كە بە جوانییەكەی ئەفسوونمان دەكات، بەڵام كەسێك لە فێڵەكانی بزانێت لە جادووەكانی هەڵدێت)[17]·

سەفەركردن بە زەمەندا لە (ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەك)ی عەتادا كاری جوانی لەسەر كراوە، بەڵام جیاواز لەم شێوەیەی هێسە، ئەم شێوازەی هێسە لە بۆرخیس نزیك دەبێتەوە، لە چیرۆكی (جادووگەری وەرنەگیراو)دا، كە جادووگەرەكە وەك زاهیدەكەی لای هیسە هەمان ڕێگە دەگرێتەبەر، بەڵام شێوەیەكی مادییانەی پێوەدیارە، لە چاو كاری زاهیدەكە[18]·

لەو نووسراوەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی، كە لە ئەدەبیاتی جیهان و لە هەموو سەردەمە ئەدەبییەكاندا، چیرۆكی ناهونەری بە جۆرێك لە جۆرەكان بە دانانەوەی ڕاستەوخۆ، یا دەقئاوێزانی خزاوەتە نێو چیرۆكی هونەریەوەو چیرۆكنووس هەوڵیداوە چێژێكی شایستە ببەخشێتە خوێنەر، لە ڕێگای فراوانكردنی پانتایی گێڕانەوەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگە خوێنەر بڵێت، بێتوانایی نووسەرە كە وادەكات دەقی ئامادەكراو و ڕووداوی پوخت و ئامادە بهێنێتە نێو چیرۆكەكانییەوەو بینووسێتەوە، كە ئەمە یەكێكە لەو وتانە قابیلی قبووڵ نییە بۆ ئەم جۆرە نووسەرانە، چونكە هێندەی ئەم نووسەرانە بەم جۆرە چیرۆكانەوە ماندووەبن، لەگەڵ خوڵقاندندا، لەوانەیە نیو ئەوەندە ماندونەبن لەگەڵ چیرۆكی جۆری تردا، خەسڵەتی ئەم نووسەرانە برەودان نییە بە ڕووداو و دروستكردنی گرێی چیرۆك، بەڵكو ئەوەندە گرنگی دەدات بە زیندووكردنەوەی دەقێكی كاڵەوەبوو دەتوانێت چەندین دەق بئافرێنێت، ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بكرێت بوترێت، ئەی هۆی چییە ناچێت بەلای بابەتی نوێوە؟ ئەوسا دەكرێت بچین بەلای جۆرەكانی ئافراندن و چۆنییەتی نووسینەوە تا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بۆ ئەمەش لەم وتەیەوە دەست پێدەكەین كە دەوترێت نووسینی هەر دەقێك ماندووبوونی زۆری دەوێت، چ جای خولقاندن، جۆرج ئۆرویل دەڵێت:

(نووسینی هەر کتێبێك، کارێکی ترسناکەو کێشەیەکە نووسەر شەکەت دەکات و پڕووزەی لێدەبڕێت)[19]، ئەگەر ئەمە پێناسە بێت بۆ نووسین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ قوورسی دووبارە نووسینەوە واتە ناکرێت چیرۆکێك هەبووبێت و بێ خاوەن بووبێت، چونکە ئەگەر لە شێوەی نووسراودا نەبووبێت، لە شێوەی زارەکیدا یەکەم گێڕەرەوەی هەبووە، پاشان یەکەم نووسەری کاتێك ئەم چیرۆکانە دەماودەم دەڕۆن، یان دەنووسرێنەوە ئەو کات یەکێك لە نووسەران سەرسام دەبێت بەو چیرۆکەی کە چێژی لێدەبینێت، ئەوسا تەمەنای دروستکرنەوەی دەکات و لە کاتێکدا هەست بە گیرانی ئەم کارەی دەکات، کە تیای دەمێنێت لە نێوان چیرۆکی یەکەم و چیرۆکی دووەمی کە دووبارە نووسینەوەیەتی، بەدەر لەمانە، چیرۆکنووس نابێتە تەنها هۆیەك بۆ گەیاندنی ئەو چیرۆکە کۆنە، بەڵکو لێرەدا دەیەوێت چۆنییەتیی نووسین نیشانبدات، ئەویش بەهۆی ئەو پاڵنەرەوەی خستوویەتییە جەزبەی نووسینەوە، کە بە (چێژ) ناوزەد دەکرێت، بەواتایەکی تر ئەوەی وادەکات ئەم چیرۆکنووسانە بە دوای وەها چیرۆکگەلێکدا بگەڕێن، ئەو چێژەیە کە لە کاتی کارکردنیاندا لەوەها فەزایەکدا بە دەستی دەهێنن. جگە لەمانە، ئەم چیرۆکانە حیکمەتی هەمیشەیی ژیانییان تێدایە، کە دەپارێزرێت لە کۆن بوون، وەك لە زۆرێك لە ئستوورەو حیکایەتە جیهانییەکاندا ئەو چێژە بەدیدەکرێت.

لەگەڵ پەیدابوونی چیرۆکی هونەری و دواتریش ژانەری ڕۆمان، ئەم چیرۆکگەلانە بەرەو قاڵبەکەی خۆیان چوونەوە، ئەو سنوورە فراوانەیان بۆ ڕۆمان چۆڵکرد، کە بەردەوام لە برەوسەندندایە. واڵتەر بنیامین لە باسێکیدا کە باس لە حیکایەتخوانی دەکات، ئاماژە بە تیاچوون و نەمانی ئەم جۆرە حیکایەتانە دەکات و دەڵێت: (هونەری حیکایەتخوانی، نزیك بۆتەوە لە کۆتایی پەنهانی، چونکە لایەنی حەماسی حەقیقەت، واتە حیکمەت ڕوو لە مەرگە)[20] ئەم بەرەو مەرگ چوونەی حیکمەت، لە زیادبوون دایە بەهۆی ڕۆمانەوە، چونکە ڕۆمان وەك ژانەرێکی نوێ دوورە لەو پەیوەندییە دووسەرەی کە لە نێوان حیکایەتخوان و گوێگردا هەیە. بنیامین باسی ئەم جوداخوازییە دەکات لە ڕۆمان و چیرۆکداو لایوایە ئەوەی دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ڕۆمان لە ئەدەبیاتی پەخشان (حیکایەتی پەریان، ئەفسانەو چیرۆکی کورت) بێتوانایی ڕۆمانە لە ئاست پیادەکردنی سونەتی گێڕانەوەی زارەکیداو ناتوانێت پێوەی بەندبێت، یا بەواتایەکی تر ڕۆمان دوورە لەو ئەزموونەی کە حیکایەتخوان هەیەتی، چونکە ئەوەی کە حیکایەتخوان دەیگوازێتەوە بەشێکە لە ئەزموونی خۆی یا ئەزموونی حیکایەتخوانانی ترو بە نۆرە ئەویش دەیکاتە بەشێك لە ئەزموونی ئەوانەشی، کە گوێبیستی حیکایەت دەبن.

ئەگەرچی لەسەرەتادا ڕۆمان سوودی لە حیکایەت وەردەگرت و ڕۆماننووسان هەوڵیان دەدا سرووشتی گوتاریی بپارێزن و ڕیشەیان دەگەڕایەوە بۆ حیکایەت، بەڵام لە سەدەی هەژدەوەو بە درێژایی سەدەی نۆزدە، ڕۆمان توانیی دەستبەرداری حیکایەتخوانی ببێت و لە ژێر کاریگەریی سایکۆلۆژیاو زانستە جۆراوجۆرەکاندا بگۆڕێت بۆ (ئاوێتەیەك لە گوتن و گفتوگۆ، دیمەن سازیی، وەسفی شوێن و دیکۆر، بزاوت و شێوەکانی گۆڕین، شێوازو فۆنەتیك)، دەستبەرداری گێڕانەوەی چیرۆکی لەمەتەڵ چوو و تەنزئامێزو پەند ئامێز و ئەخلاقی ببێت.[21]

ئەگەر ئەو چیرۆکانە بە شێوە سادەکەی ڕوو لە نەمانبێت، ئەوا چیرۆکنووسە حیکمەت دۆستەکان دەست دەکەنەوە بە هێنانەوەیان، ئەمەش لەو ڕوانگەوەیە کە



پشتکردن لەو سامانە مرۆڤایەتییەی کۆن، هەروا کارێکی ئاسان نییە بە ناوی بونیادنانی ژانەرو ئەدەبی نوێوە، بەڵکو ئەوە بناغەی ئەو ئەدەبە کۆنەیە، ڕێگادەدات بۆ بیناکردنی ئەدەبی نوێ و (هەموو ڕەتکردنەوەیەکی ڕابردوو هەنگاوێکیشە بۆ سڕینەوەی یادەوەری، ئەدەبی نوێ لە ئەنجامی سڕینەوەو ڕەتکردنەوەی ئەدەبی ڕابردووەوە لەدایك نابێت، سەرهەڵدانی نوێ ئەنجامێکی چاوەڕوان کراوە لەوەی پێش خۆی گەلێك بیرو ئایدیا هەن، لە ماوەیەکدا کپدەبن و دواجار چالاك دەبنەوە، یاخود وەك فرمانێکی چاوەڕواننەکراو خۆیان دەسەپێننەوە)[22]. چالاك کردنەوەی ئەو چیرۆکانەش دەگەڕێتەوە بۆ سیحری گێڕانەوەو گەلێك خوێنەر هەن تامەزرۆی بیستنی ڕووداو گەلێکن، کە وەك سوارەکانی مێژوو بە زەمەندا سەفەریان پێبکەن، بۆ دیتنی میتیۆلۆژیاو حیکمەتی دونیای شەرق.

## لە حیکایەتخوانییەوە بۆ نەهێشتنی لەناوچوون

ئەگەرچی لە چیرۆکی هونەریدا تەکنیکگەلێك هەن بۆ بونیادنانی چیرۆك و هەر چیرۆکنووسەی بەپێی ستایل و ئەزموون و تاقیکردنەوەی توانای خۆی دەست دەداتە بەکارهێنانی (گێڕانەوەی سادە، مۆنۆلۆگ، دیالۆگ، مونتاج، فلاش باگ...)، تا چیرۆکێکی مۆدێرنی تەکنیکچن بنووسن، بەڵام جیاواز لەو چیرۆکنووسانە، عەتا محەمەد یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی کە تا ڕادەیەکی بەرچاو خۆی لەو تەکنیکانە بەدوور گرتووەو ستایلی خۆی چەسپاندووە، لە ڕێگای گێڕانەوەوە. گێڕانەوەی سادە لای عەتا محەمەد دەبێتە گەیەنەری بابەتە قووڵە مەعریفییە چڕوپڕەکان و لە ڕێگایەوە سیمایەکی حیکایەتی دەبەخشێتە چیرۆکەکانی و گەرەکییە چیرۆکە حیکایەتئاساکانی، چێژ لە دەست نەدەن لەناو پێچ و لۆفی تەکنیککاریدا، چونکە بە ئەندازەی گرنگیدانی بە فەلسەفە شەرقییەکان، تەکنیك پشتگوێدەخات و خۆی لێ دوور دەگرێت، ئەم پشتگوێخستنەشی لە بێئاگاییەوە نییە، بەڵکو لە پرۆسەی ئەفراندنەکانیدا کاری بۆ دەکات و ڕەخنە ئاراستەی چیرۆکنووسانی تری کورد دەکات، کە هێندەی لە خەمی داهێنانی تەکنیکدان، نیو ئەوەندە سەرقاڵی کەشفکردنی دونیا نەبینراوەکان نین و تەنها ڕووکەشی ئەو جیهانە وێنە دەگرن کە تێیدا دەژین و لە ناو دەقەکانیاندا دایدەنێن، بەبێ ئەوەی واز لەودیدە باوە بهێنن. نووسەر پێی وایە ئەوەی حەفتاکان و هەشتاکان و تەنانەت ئێستاش تەکنیکیان کردووە بە کێشەی سەرەکیی خۆیان و لە دیدە ڕووکەشیەکانیاندا نەتوانیویانە ڕۆحێکی گەڕان و دۆزینەوەیان هەبێت، نەتوانیویشیانە واقیع نیشان بدەن، بەو جۆرە قووڵە تا سەرەنجام (بەناوی واقیعیەوە واقیعیان کوشت)[23]. لە ڕوانگەی نووسینەکانی خۆیەوە دەردەکەوێت، کە مامەڵەکردنی لەگەڵ گێڕانەوەدا، وریایانەیە و لە ئەنجامی هەستکردنی بە زاڵبوونی لایەنە پۆزەتیڤەکانی تەکنیك بەسەر چیرۆکدا و شاردنەوەی ماهییەتی چیرۆك لەناو تەکنیککاریدا، ڕوویکردۆتە گێڕانەوەی سادە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ئەم ستایلە کارکردنە بۆ هێشتنەوەی دەق بەسیمایەکی دێرین، یا پێبەخشینی سیمایەکی مێژوویی، بەو دەقانەی کە دەیانگێڕێتەوە، لەهەمان کاتدا زاڵبوونی نووسەرە بەسەر تێکستی مێژووییدا.

نووسەر لەگەڵ ئەو پێشەکییانەدا کە بۆ بەرهەمەکانی نووسیوە، بەردەوام حیکایەتخوانانە هۆی پەیدابوونی چیرۆکەکان دەنووسێت، (کە گەلێکی خەیاڵیین)و پێی وایە هێزێکی زوور سرووشت وادەکات بکەوێتە دەست ئەم تا بیاننووسێتەوە، لە زارەکانی خەوندا هۆی ئەو چیرۆکانە (کە خۆی بە خاوەنی نازانێت)، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەفسانەیەك کە گوایە بەسەر خۆیدا هاتووە، ئەویش لە ڕێگای دەستکەوتنی (سندووقێکی ڕازاوەوە)، کە هی بابانەکانە و گەیشتۆتە دەست ئەم، وەك ئەوەی ئەم دوایەمین پارێزەری ئەو سندووقە بێت.

ئەو سندووقە بەهۆی یارییەکەوە دەبێتە خولقێنەری چیرۆك و کۆمەڵە چیرۆکی کتێبەکە لە ئەنجامی ئەو یارییەوە نووسراون، واتە چیرۆکنووس بەهۆی نیشاندانی جادووگەرانەی ڕووداوێکەوە خۆی لە هەرجۆرە بەخاوەنبوونی چیرۆکەکە دەدزێتەوەو لە ڕێگای ئەو ڕووداوەوە ئەرکی خۆی دیاریدەکات لە باسکردنی ئەو چیرۆکانەداو باسی ئەو سندووقە دەکات، کە (یەکێك، بە لەو شتە دەگمەنانەی لەو میرنشینە خوێناوییە بەجێمان و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گرنگی خۆیان لە دەستداو بیرچوونەوە، بێ ئەوەی کەس باسیان بکات، (منیش) لە ڕێگای هاوڕێیەکمەوە گەیشتە دەستم)[24] ئەم خەسڵەتەی نووسەر لە زۆربەی تێکستەکانیدا ئامادەگیی هەیە، لە

(ئەفسانەیەکی تر)دا، لە سەرەتاوە دەڵێت: (ئەم ڕووداوە لەوەدابوو بەتەواوی بیر بچێتەوە ئەگەریش دوێنێ دەرفەتی مردنم بۆ هەڵکەوتایە، ئەو کوڕە گەنجەم نەبینییایە...)[25] لێرەوە چیرۆك دەست پێدەکات و بە گێڕانەوەی سادە، لە ناو چیرۆکەکەدا، چیرۆك دەگێڕێتەوە بە سێ قۆناغ، چیرۆك یەکێك هەیە تێیدا چیرۆك بۆ کوڕی ئەفسەرێك دەگێڕێتەوە، کە چۆن چیرۆکێکی گێڕاوەتەوە، بۆ ئەفسەرەکە (لێرەدا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە)، بە سێ هەنگاو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. لەم چیرۆکەدا، چیرۆك شەهرەزادئاسا گیانی حیکایەتخوان ڕزگاردەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی لەناوبەری گیانی گوێگر. (وێنەیەکی وەها لە گێڕانەوەیەکی تری چیرۆکێکی کۆندا بەدی دەکرێت).

وەك دووبارە کردنەوەکانی تری لەم چیرۆکەشدا دەڵێت (پێم وایە، ئەم ماوە درێژە بۆیە ژیاوم تا ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەم)و بەم ڕستەیە پاراستن و ئاشکراکردن دەگرێتە ئەستۆی خۆی، وەك ئەوەی پەیامبەرێك بێت و بۆ ئەو کارە سرووشی بۆ هاتبێت لە (حەلاجێکی تر لە زاری یەکێکی ترەوە)[26] لە دەست کەوتنی نووسخەیەکی، کتێبێکدا دەڵێت: (من دەمزانی ئەوە تەنها نووسخەیەکە ئەو بەسەرهاتەی لەسەر نووسراوە، تا لە لە بیرچوونەوە ڕزگاری کەم) دیسانەوە لە حیکایەتی خۆیەوە بەرەو حیکایەتی نووسراو دەچێت، دواتر لە تامی مەرگ و گێلاسی خوێندا دووبارە دەبێتەوەو دەیەوێت ڕووداو بووەستێنێت بە نووسینەوەو پێی وایە نووسینەوە لەمپەری گەشەکردنە بە هەموو واتایەکی گێڕانەوەی زارەکییەوە. لە چیرۆکی (دوا حیکایەت)، لە پاشماوەی خێڵەکاندا دیسانەوە باسی ئەوە دەکات کە ڕێکەوت ئەم چیرۆکەی پێنووسیوەتەوەو دەڵێت: (نووسینی ئەم چیرۆکە، بەجیا لەوانەی تا ئێستا هەستاوم بە نووسینیان، ڕێکەوتێکی سەیر تێیدا بەشدار بوو).[27]

لە خولقاندا کۆمپیتەر چیرۆك بەرهەم دێنێت، وەك مێشکێکی ئەندێشەیی و پاشان لە ناویان دەبات، بەڵام ئەم سەر لە نوێ هۆی پاراستنی لەڕێگای سەرلە نوێ نووسینەوەی (واتە پیت ئەبێت، ئەو جیهانەی کە شت دەخولقێنێت، لە ئەندێشەی پیتدا ڕاوی بە ڕستەی (چیرۆکەکە دەگەڕایەوە بۆ ئەو کاتەی) شۆڕدەبێتەوە بۆ گێڕانەوەو سحری پیت، وشە خۆی دەردەخات و خولقاندنەکان بەهۆی یارییەوە دەبن و کە پیت و وشە دروست دەکەن، سەرەنجام ئەوان دەبنە ڕاویی سەرەکی و نووسەریش دووەمین ڕاوی وەك پێشەکیی تیناو چیرۆکە ئەندێشەییەکاندا باسی کارە نووسینەکەی دەکات و دەڵێت، وەك ئەوە وابووە کارێکی حازربەدەست بێت، لەبەردەستیداو ئەو دەست کات بە نووسینەوەی یا گێڕانەوەی، (هەرچەندە هەندێك لەو چیرۆکانە نووسەری تر گێڕاونییەتەوە)، بەڵام ئەو وەك یارییەك دەڕوانێتە گێڕانەوەکانیان، کە خۆیان دێنە بەردەستی (هەڵبەت بە سانایی نا، بەڵکو لەو ڕووەوەی کە خۆی بەردەوام هەمیشە بەدوای خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەوەیە)، یاخود لە ڕێگای ئەو شتە سەیرانەوەی کە بەیاری ناویان دەبات و توانای خولقاندنیان هەیە، وەك ئەو یارییەی کە بەڕێکەوت لە تینادا دەستی دەکەوێت و دەست دەکات بە دروستکردنی فۆرم و سەرەنجام چیرۆکی جۆراوجۆری لێدەخولقێت، وەك سندووقی ئەندێشە. لە چیرۆکی (دەستنووسی ئاگر)[28]دا، باس لە چیرۆکنووسێك دەکات، کە دەیخەنە ناو کۆمەڵێك پیاوکوژەوە، کە سەرقاڵی یاریکردنێکی سەیرن بە دۆمینە، ئەویش بەکارهێنانییەتی بۆ دروستکردن و گێڕانەوەی چیرۆکی بەسەرهات.

گێڕانەوەکان شێوەی سونەتیی هەیەو زۆر جار خۆی دەدزێتەوە لە دەست پێکردنی ڕووداو تا ئامادەبوونی خۆیمان پێ ڕاگەیەنێت، وەك حیکایەتخوان و بە نووسینی (ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی...) پاشان پەرەگرافێك، یا زیاتر دەست دەکات بە چیرۆکە سەرەکی، یاخود بە جۆرێکی تر خۆی لە بەخاوەن بونیان دەدزێتەوە، (لە هەندێکیاندا خۆی خاوەنییەتی) بەهۆی باسکردنی ئەو سەرچاوە نەناسراوانەوەی کە ئەو دەستی کەوتوون، ئەوەیش زۆر جار یا دەستنووسێکی کۆنە، یا پەڕەیەکی بەدەست نووسراوی یەکێکە لە کتێبە بەهاکان، یاخود پیرەمێردێك، یا کوڕێکی هاوڕێیەتی و هەمیشە ناوەکانیان نادیارە.

گێڕانەوە لە گێلاسی خوێن[29]دا، ڕاستەوخۆ دەست پێدەکات، بە ڕستەی (دوای ئەوەی کوڕە گەنجەکە)و ڕووداو بە ڕستەیەکی سادەی وەك دەنگی مەلە، کە دەهات، یان کە چاوی هەڵبڕی، یا دایالۆگی نێوان دوو کەس دەست پێناکات، بەڵکو بە چیرۆکێکی ئامادەکراو دەست پێدەکات

وەك بەرهەمەكانی تری، بەڵام هێندەی هەیە نووسینەكانی تری لە ڕێگای یاری ڕێكخستنی وشەكانەوەیە كە دووبارە چیرۆك دەست پێدەكات. سەرتاسەری گێلاس، باس لە كوڕێك دەكات كە دەیەوێت ببێتە چیرۆكنووس و یەكەیەكە چیرۆكە ئامادەكان دەنووسێتەوە، لە ناو ئەو پرۆسەیەدا ڕاویی باڵا چیرۆكەكانی ئەو ئاوێتە دەكاتەوە، لەگەڵ چیرۆكەكانی خۆی كە دەیەوێت بیاننووسێتەوەو سەرجەم گێڕانەوەش وەك ئەوە وایە، پاش خوێندنەوەی چیرۆكێك بتەوێت بۆ یەكێكی بگێڕیتەوە.

لە ئافاتەكانی بنەماڵەی مێخەكدا[30]، بەهۆی ڕاستەوخۆ ڕاگرتنی خوێنەر لەبەردەم گێڕانەوەی كتێبێكی كۆندا، گێڕانەوە وەك گێڕانەوەی حیكایەتێك دەردەكەوێت، كە لە هەزارویەك شەوەدا نووسرابێت، لەم بەرهەمەدا گێڕانەوە مۆركێكی مێژوویی وەردەگرێت و پڕ دەبێت لە باسی دەستنووس و گەڕانەوەو سەفەری ئەندێشەیی.

لە وێنەو ئاوێنەی 7لە تینادا[31]، گێڕانەوە ڕووی ئاماژەدان بە چیرۆك وەردەگرێت، وەك ئەوەی بۆرخیس لە چیرۆكە بیسراوەكاندا.

گێڕانەوە، لە فریوو خۆحەشاردانداا ڕوویەكی سەیر تر وەردەگرێت، بەتایبەت لە پێشەكییەكەیەوە ئەم سەمەرەیە دەردەكەوێت، كە كورتەی دە چیرۆك باس دەكات، كە دەبوو بینووسینایە، بەڵام نەینووسیوون، لەهەمان كاتیشدا دەیاننووسێت، پاشتر لە چیرۆكە نووسراوەكاندا وەك چیرۆكی ئەبەدیەت[32]، باس لەو هۆیە دەكات، كە وایكردووە ئەو چیرۆكە بگێڕێتەوە، ئەویش هۆیەكی سەیرە تا لە دەست عەتا محەمەد ڕزگاری بكات. یاخود لەم كۆمەڵە چیرۆكەیدا، خۆی جۆریەتیی گێڕانەوە دیاری دەكات، وەك لە چیرۆكی برینێكی لە یادكراودا[33] دەبینرێت، كە دەڵێت: دەمەوێت لەسەر شێوەی ئەو چیرۆكە كۆنانە بیگێڕمەوە كە نووسەریان نییە، یان نووسەرەكانیان بە گوزەری زەمان ونبوون. گێڕانەوە بەشێوەی كۆن لە (گەشتە تیوارییەكاندا)، هێندە ئاشكرا كە شێوەی هەزارویەك شەوە وەردەگرێت.[34]

**لە ئەندێشەوە بۆ ڕاڤەیەكی تری ڕووداوەكان**

ئەگەر ئەندێشەو فەنتازیاو خەیاڵ ئەو ڕووبەرە فراوانە بن كە مرۆڤ لە تاڵیی واقیع دوور دەخەنەوە، ئەوا دەشێت چیرۆكی ئەندێشەیی، بەو ڕایەڵە دابنێین كە دەمانگەیەنێت بە دونیایەك، كە تەواو هەوڵی جیاوازی دەدات، جیاوازی بەو مانایەی كە دوور دەكەوێتەوە لە (هاوشێوەبوونی گشت)و لە (ڕەهایی پەتی)و لە (یەقین) تا بەرەو فرە واتایی و فرە ڕاڤەییمان بەرێت.

ئەندێشە، مرۆڤ بەرەو هەموو ئەگەرێك پەلكێش دەكات و دەبێتە چەكێك بۆ دارماندنی گشت كۆنكرێتییەك، زۆرێك لەو نووسەرانەی كە ئەندێشەخوازن، ئەو نووسەرانەن كە نائومێدبوون لە واقیع و ڕوویان لە ئەندێشە كردووە، تاكو لەخەیاڵدا هەست بكەن بەو دونیایەی كە لە واقیعدا دەستیان نایگاتێ، وەك ئەوەی عەتا لە گێلاسی خوێندا ئاماژە بەوە دەدات، كە كوڕە گەنجەكە ناتوانێت ببێت بە جادووگەر، بەوەی كە شتێك لە نەبوونەوە بخولقێنێت، بڕیاردەدات ببێتە چیرۆكنووس (كە بەلایەوە ڕوویەكی تری جادووبوو لە لاپەڕە 137دا دووبارە دەبێتەوە، كە باسی عەتا دەكات و دەڵێت (ئەویش ڕۆژێك وەك تۆ خەونی بەوە دەبینی كە ببێت بە كیمیاگەر، بەڵام سەرەنجام ئەویش خەونەكەی نەهێنایەدی، ئەگەرچی سەركەوتوو نەبوو لە هێنانەدیی خەونەكانی، بەڵام بۆیە چیرۆكنووس كە ڕوویەكی تری كیمیاگەریی و جادووە) لاپەڕە70، واتە دوای نەگەشتن بە ئاوات، ڕوودەكاتە خەیاڵ تا لە ئەندێشەدا بگاتە شتەكان، وەك ئەوەی ئەم لە ئەندێشەدا دەگاتە كیمیاگەری.

ئەگەرچی ئێمە نامانەوێت بچینەوە سەر ژیانی نووسەر، تا ئەنجامێكی شیاو بەدەست بهێنین، واقیعی ژیانی ئەو نازانین و ئاگامان لە هەوڵەكانی نییە، كە ڕەنگە دابێتی بۆ جادووگەری وەك لە چیرۆكەكانیدا وەك گێلاس ئاماژەی پێدەدات، بەڵام لە ڕووی نووسینەكانییەوە دەگەینە سەر بۆنكردنی ئەو ئەگەرانە، چونكە ئەو شتانەی ئەو باسی دەكات هەستكردنێكی قووڵیان لە پشتەوەیە، وەك چۆن پاولۆ چەندە باسی كیمیاگەری و جادوو دەكات، هێندەش لە فەترەیەكی زەمەنیدا ئەزموونی كردون (هەڵبەت مەرج نییە هەموو نووسەرێك بۆ نووسینی شتێك ئەو شتەی ئەزموونكردبێت).

عەتا محەمەد بە جۆرێكی تر ڕاڤەی ئەوە دەكات لە وێنەو ئاوێنەی 2 دا[35]، لەلایەكەوە باسی گرنگیی خولقاندنی جیهانێكی تر دەكات لە ناو چیرۆكدا لە ڕێگای ئەندێشەوە،

لەلایەکی ترەوە باسی هیسە و کازانتزاکی و ابوعلای معری و مەحوی دەکات، کە ئەفرێنەری جیهانێکی ئەندێشەیی بوون، لە کاتێکدا رووی پشتەوەی ژیانی ئەوان باس ناکات، کە هێسە دایکی هیندی بوو لە عیرفانییەتی بودایزمەوە گەلێك نزیك بوو یاخود مەحوی چ سۆفییەکی حیکمەتناس بوو لەو چیرۆکەیدا کە دەڵێت، نەمدەویست بیگێرمەوە باس لەوانە دەکات کە دەیانەوێت ئەزموون بکەن، ئەوسا بنووسن، نموونەی ئەو چیرۆکنووسە دێنێتەوە کە پێویستی بەوەیە کەسێك بکوژێت، تا باسی کوشتنەکەی بنووسێت و وەك رەخنەگر لێیدەدوێت، بەڵام لە روویەکی ترەوە ئەو ئەزموونە دوورنییە لە کارەکانی خۆیشیەوە، ئەگەرچی تا ئەوپەڕی سنووری ئەندێشە هەنگاوی نابێت، بۆ نموونە کە باس لە کوشتنی چیرۆکنووس و زاهید و کافرو پادشا دەکات، خوێنەر چۆن بزانێت نووسەرەکە لە هەوڵی تاقیکردنەوەدا نەبووبێت بەتایبەت لە چیرۆکی (تامی مەرگ)دا، چونکە لە چیرۆکی برینێکی لەیادکراو کە گێرانەوەی ژیانی خۆیەتی پرسیار لە عەتا محەمەد دەکات دەڵێت، (بەراست تا ئێشتا هەر بیری خۆکوشتن لەگەڵتایە؟)[36]، واتە لەو روانگەوەی کە ئەو خوێنەر لەبەردەم گومانە جۆراوجۆرەکانی رووداوە مێژووییەکاندا رادەگرێت، خوێنەریش دووبارە ئەو لەبەردەم ئەو گومانەدا رادەگرێت، کە کێ دەزانێت تامی مەرگی نەکردبێت؟ یان جادووگەریی ئەزموون نەکردبێت؟ پاش شکستی وەك خۆی لە چیرۆکەکاندا ئاماژەی پێدەکات رووی لە نووسین کردبێت، تا هەر لەو سنوورە نەترازێت، بەهەرحاڵ ئەو گومانانە بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە، وەك ئەو چۆن لە چیرۆکە ئەندێشەییەکانیدا هەوڵی دروستکردنی دەدات و خوێنەر سەرسامانە لەو فەزا پڕ پرسیارەدا نقوومدەکات و جیهانێکی خەیاڵی بۆ خوێنەر دەسازێنێ، چونکە (نووسینە خەیاڵ ئامێزەکان، ئەگەر شیعر بێ، چیرۆك، یا شانۆگەری، دەتوانن شوێنێکی دیکە بۆ خوێنەر دروست بکەن کە تێیدا نیشتەجێ بێت، جیهانێکی ئەڵتەرناتیڤی بۆ پێشکەش دەکات، جیهانێکی دەوڵەمەندتر لەو جیهانەی کە هەیە، دەتوانن لە هیچەوە شتێك بەرهەم بهێنن)[37]. ئەمە ئەو خاڵەیە کە عەتا محەمەد هەوڵی بۆ دەدات، هەڵبەتە بە ئیلهامێکی خودایی نا، بەڵکو بە کارکردنێکی بەردەوام بە سوودوەرگرتن لەو جیهانە ئەفسوناوی و پڕ خەیاڵەی رۆژهەڵات و بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە جۆراوجۆرو ئەو کەسایەتییە رۆحانییانەی کە لە سەرەتاوە باسمانکرد، وەك چۆن لە یەکەم پەڕەی ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەکدا تەو شیعری حەلاج و شبلی دەهێنێتەوە، یاخود لە پێشەکیی زارەکانی خەوندا ئاماژە بەو کاریگەرییە دەکات (دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر ئەو کولتوورە رۆژهەڵاتییەی رەگی لە خەیاڵدایەو تا رادەی شەرمیش رۆدەچێتە حەرامەکانەوە)[38] پاشتر ناوی کتێبەکانی (حیات حیوان کبری، کلیلة و دمنة، تاریخ طبری، منطق طیر، مقامات الحریری)و ناوی کتێبەکەی شەریف ئیدریسی و رشتەی مرواری دەبات و ئاماژە بە ماندووبوونی دەکات بە خوێندنەوەو سێرچکردنی ئەو سەرچاوانەوە، ئەوەی دیاربێت ئەو کارەی نووسەرە، کە ئەگەر ئاماژەشی بەو سەرچاوانە نەکردایە، خوێنەر لەپشت زۆرێك لەو سەرچاوانەوە هەستی بە ئامادەگیی ئەو بەرهەمانە دەکردو کاریگەرییە قووڵەکەی لە نووسینەکاندا، لە ئاستی رووکەشدا بە بەکارهێنانی زۆر وشەو ئیدیەم دەردەکەوێت، لەو وشە زۆر بەکارهێنراوانەش (جادووگەر، کیمیاگەر، ئیبلیس، زاهید، پارسا، حەکیم، دەروێش، سۆفی، مەولانا، سوڵتان، دەستنووسی کوفر، کتێبێکی کۆن......)ن، لە ئاستی قووڵی دەقیشدا رۆدەچێتە نێو پانتایی باسەوەو گرنگی دەدات بە کێشەکانی دوالیزمەی مەرگ و ژیان و کوفرو ئیمان و خەیاڵ و واقیع و دواتر ماهیەتی ژیان لە دیدی پارسایان و سەفەرکردن بۆ دۆزینەوەی جەوهەرە شاردراوەکان و بە رادەی شێواندن و گێڕانەوە و نیشاندەدات.

نووسەر هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشایی بە جادووگەر نەبوون دەدات، لە رێگای چیرۆك نووسینەوە و بەهۆی رایەڵی چێژەوە کە نووسین و جادوو لەیەکەوە نزیکدەکاتەوە، نەك هەر ئەم دوانە، بەڵکو ئەو رایەڵە لە یاریی کاغەزیشدا دەبینێتەوە و چێژیان لێوە بەرهەم دەهێنێت، وەك لە زۆرێك لە چیرۆکەکاندا بەهۆی یارییەوە دەگاتە چیرۆك، یا لە چیرۆکەوە دەگاتە جادوو، دووبارە لە جادووەوە دەگاتەوە بە یاری و چیرۆك .

نووسەر سەرسامە بەم سیانە بۆیە لە گەمەیەکی ئەفراندندا یەکدییان پێ تەواو دەکات، بەڵام پلەی چیرۆك دەپارێزێت، وەك چاوێکی ئاگا بەسەر جووڵانەوەی ئەوانەوە و چیرۆك بە سەنتەری چێژ دادەنێت و پێی

وایە چێژی چیرۆك جیاواز لەو دوانە لەسەر ڕاڤەو مانا جیاوازەکان وەستاوە، لە کاتێکدا لە یاریی کاغەزدا لەسەر ڕێکەوتنی کاغەزو ڕێکەوتنیانەو پرسیارو ڕاڤەکردن لە پشتیانەوە نییەو لەبەردەم دۆڕان و بردنەوەدایە، هەروەها جادووکار بۆ دۆزینەوەی زیاد لە مانایەکی جیهان ناکات، بەڵکو هەوڵی ئاشکراکردنی چارەنووس دەدات.[39] نووسەر لەگەڵ ئەماندا لە چیرۆکەکانیدا بە چێژەوە باسی یاری و جادوو دەکات، بەڵام بۆ ئەوەیە تا دەرخەری توانای ئەندێشە بێت، کە ئەمانەی تێدا جوانە، نەك لە خۆیاندا، بەڵکو چێژی نووسین جوانیان دەکات.

لێرەوە دەردەکەوێت، کارکردن لە دونیای چیرۆکدا بەلای نووسەرەوە هەوڵێکە بۆ گەڕان بە دوای مانای دووەم تەفسیری دووەم، دیتنی ڕوویەکی ترە لە ڕێگای ئەندێشەو خەیاڵەوە، چونکە کاتێك (لەو بەسەرهات و چیرۆکانە ورد دەبینەوە کە خەیاڵێکی قووڵ لە پشتیانەوەیە، ئەوا هەست دەکەین ئەوان ژیان جوان دەکەن، بەوپێیەی لە ژیاندا دیمەنێکی تر دەخولقێنن)[40] جیاوازتر لە واقیع، ئەندێشە لە چیرۆکدا دەبێتە ئەو هێزە گێڕەرەوەی کە نایەڵێت قورسیی ڕووداو بکەوێتە ئەستۆی گوێگر، یا بەواتایەکی تر ئەو ڕووداوانەی کە ئەندێشە حیکایەتیان دەکات زیاتر قابیلی گوێگرتنن، ئەگەرچی تا سەرئێسقان سامناك بێت وەك لەوانەی کە واقیع دەیانگێڕێتەوە، نووسەر لە تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکاندا باسی ئەوە دەکات کە ناتوانێت فەرمانڕە ستەمکارەکان وەك واقیع تەماشا بکات، ئەگەر پاشماوەو نووسراویشیان لە پاش جێمابێت و لە گومانی ئەوەدایە کە ئەندێشەن، وەگەرنا مرۆ نەیدەتوانی گوێ لەو حیکایەتە سامناکانەیان بگرێت[41]، نووسەر ئەم گومانە لەڕێگای چیرۆکەوە بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوەو خۆی لە واقیع دووردەخاتەوە و ئەوەیشی واقیع بێت ئەندێشەئاسا بۆی دەڕوانێت و خەیاڵ دەکاتە تەوەری سەرەکیی کارەکانی، بۆ والاکردنی ڕێگای چوونە ناو هێماو دونیا نەبینراوەکانەوە، تا لە دەرگای ڕازەوە بە ڕەو دونیای هەبوونە جیاوازەکاندا بگرێت و تەماشای خولقێنراوە جودا لە واقیعەکان بکەیت، پەی بە هەرشتێك ببەیت کە دەکرێت هەبێت. بە واتایەکی تر لەو چیرۆکەدا کە ئەندێشەیەو واقیع ناگێڕێتەوە، لە هەوڵدایە بۆ کردنەوەی چاوی خوێنەرو ڕاهێنانی بە شۆڕبوونەوە بە ڕووداوداو فێرکردنی بۆ دروستکردنی گومان، گومان لەو ڕووداوە مێژووییانەی کە ڕوویداوە بە گێڕانەوەی بە جۆرێ تر وەك لە پرۆسەی باسکردنی سلێمانی لە سەرجەم کارەکانیدا بە پشت بەستن بە مێژووی بابانەکان، ئەندێشەی گێڕانەوە ئامادەگیی هەیەو بەهۆی گێڕانەوەیەکی ترەوە دەبێتە تێکشکێنەری ئەو مێژووە تۆمار کراوە. ئەندێشەی گێڕانەوە بەشێواندنی ڕووداوەکان دەستپێدەکات بۆ نووسینەوە، یان گێڕانەوەیەکی تری ڕووداوەکان، چونکە پێی وایە شێواندن و نووسینەوەی دووبارەو چەند بارەی ڕووداوەکان، فێری تێڕوانینی قووڵت دەکەن، ڕەنگدانەوەی ئەم بیرە لە گەشتە تیوارییەکانی میردا بەدیدەکرێت.[42]

ئەندێشە دۆستی وای لێدەکات گومان لە بوونی خۆی و دونیا بکات، لە تینادا دەڵێت هەمووومان خەیاڵین، ئێمەو بابل و بەغداو هەموو ئەوەی کە ڕوویدا جگە لە خەیاڵ هیچیتر نین[43]، نەك هەر لەلای ئەم، بەڵکو لەلای ئەندێشەنووسانی تری وەك بۆرخیسیشدا بەدیدەکرێت، بۆرخیس دەڵێت: (بەڕاستی هیچ کەس نازانێت، ئایا ئەم جیهانە خەیاڵییە، یا واقیعیی، کەس نازانێت ئەم جیهانە ڕەوەندێکی ئاسایی هەیە، یا ئەوەی کە لە خەونێ زیاتر هیچی دی نییە، خەونێك کە لەوانەیە مرۆڤەکان ئەوانی تری تیا بەشدار بزانن، یا نەزانن)[44] پانتایی فراوانی ئەندێشە، ژیانی ئەم جۆرە نووسەرانە دەگرێتەوە، وەك وێنەو ئاوێنەیەك لە سەرەنجام توانای ناسینەوەی وێنە سەرەکییەکەیان نییەو تووشی سەرلێشێوان دەبن و بە هۆی هێندە نووسینەوەی ئەندێشەوە، پاش خولقاندنی هەر چیرۆکێك، لەبەردەم گومانی ئەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە ئایا ئەمانیش ئەندێشەی یەکێکی دیکە نین، کە دەیان نووسێتەوە؟ نووسەر لە سندووقی ئەندێشەدا بە قورسی باسی ئەمە دەکات، کاتێك بۆ نووسەری چیرۆکەکە دەگەڕێت و لە پەرەگرافێکدا خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی دەکات، بەوەی کە دەشێ (منی) (ڕاوی نەبێت، یا دەشێ (تۆی) خوێنەر بێت، یا هەر کەسێکی تر، لە دواتردا دەڵێت (منم)، بەڵام لە ئەندێشەی کەسێکی ترەوە خۆم دەنووسمەوە)[45] نەك هەر لەم چیرۆکەیدا، بەڵکو بەردەوام ئەم ئەندێشەیە دەردەکەوێت کە وادەکات شوێنەکان بگۆڕێت لە ڕێگای خواستن و ئاوێنەوە، کە سەرەنجام وەك کۆ کار لە تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکاندا بە وێنەو ئاوێنە کاری

تێدا دەکات، یاخود لە فریو و خۆحەشارداندا، تەواو خوێنەر فریو دەدات و گەمە بە شێواندنەکان دەکات، بۆ هاوبەشیکردنی خوێنەر لەو گەمەو وازییەدا. خوێنەر لە چیرۆکەکانی (چیرۆکی ئەفسانەیەکی تر، حەلاجێکی تر، خەونی دووهەم، گێڕانەوەیەکی تر بۆ چیرۆکێکی کۆن، دووەمین قورئان، کۆتاییەکی تر) ڕەوتی چیرۆک لە ئەندێشەوە دەخوازێت، بەڕوانینە ناونیشانەکانیان تا ناوەڕۆکیان دەزانین کە هەوڵە بۆ کارکردن لەسەر ئەو چیرۆکە بیسراوانە، بەڵام بە گێڕانەوەیەک کە نەبیسرابێت، وەک ئەوەی کە مێژوونووسێک بێت و ئەو ڕووداوانە لە دەسنووسە جیاوازەکانەوە دەربهێنێت و بە هەریەک لە پاشگرەکانی (تر و دووهەم) سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لەکاتێکدا کە خۆی یەکێکە وەک ناونیشانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی بەختیار عەلی، ئەم جۆرە ناوانە تێکشکاندنی هەموو یەکییەکەو نەویستنی موتڵەقییە بە شکاندنی هەموو ڕەوتە باو و مێژووییەکان، وەک کۆدی داڤنش-ی دان براون، بۆیە تێکشکێنەری مێژوویەک کە بیری هەموو مەسیحییەکی گرتۆتەوە، بەهۆی تێکستێکەوەو لە پێناو دیتنی ڕوویەکی تری ڕووداوەکاندا کە ڕەگی لە ئەندێشەی ئەودا هەیە.

لە (گێڕانەوەیەکی تر بۆ چیرۆکێکی کۆن)دا، دەق ئاوێزانکردن بەدیدەکرێت بە هەڵوەشاندنەوەی چیرۆکێکی کۆن و بونیادنانەوەی بە ڕوودانی لەسەردەمێکی نوێدا، بە گۆڕینی شوێنی ئەکتەرەکان، چیرۆکەکە باس لە خۆی دەکات کە لە سەفەرێکدا کوڕێک دەناسێت (ناوی نابات)، ئەو کەسە بەڕێکەوت لە ڕێگای ئێنتەرنێتەوە کەسێک دەناسێت لە بەغدا کە دەیەوێت خۆی بکوژێت، ئەمیش دەیەوێت بە گێڕانەوەی چیرۆک سەرقاڵی بکات تا خۆکوژی لە بیر بباتەوە و چەندین چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام دواجار کەسی گوێگر بۆی دەنووسێت، ئەگەرچی چیرۆکەکانت سەرنجڕاکێشن، بەڵام لەوە بێ تواناترن لە خۆکوشتن پاشگەزم کەنەوە، چیرۆک گێڕەرەوەکە) لەوەبەدواوە چیرۆکەکان بۆخۆی دەگێڕێتەوە، لە پەرەگرافی کۆتاییدا دەڵێت، بیرم نەبوو باسی شۆخی و شەنگیی شەهرەزاد بکەم و لەدوا دێڕدا دەنووسێت، لەوساتەوەی کە گوێبیستی چیرۆکەکان بووم، بیری خۆکوشتن لەگەڵمایە . ڕەنگە ئەگەر شەهرەزادی نەهێنایەتەوە چیرۆکەکە کۆتاییەکی پتەو تری هەبوایە، وەک لەوەی بەسانایی بیدات بەدەستەوە، بەڵام هەرچۆن بێت چیرۆکەکە شێواندنە بەومانایەی حەقیقەتی تێکنەداوە، بەڵکە ڕووداوێک دووبارە بۆتەوە بە وێنەیەکی تر.

لە دووەمین قورئاندا بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە ئەو چێژەی نییە تا بمانباتەوە بۆ شێواندنی خودی خۆی، بەڵکو لێرەدا دەبێتە گێڕەرەوەی ئەو شێواندنانەی کە کراوە، ئەو چیرۆکەی هێندەی هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی خراپەکانی ڕژێمی شۆڤێنی بەعس، ئەوەندە کارکردن نییە لەسەر چۆنییەتی دووەمین قورئان، هێندە نەبێت کە ئەو قورئانە کار لەسەر لابردنی هەندێک پیت کراوە، کە دواتر لە گێلاسی خوێندا بە جۆرێکی تر دەردەکەوێتەوە.

هەندێک جار گێڕانەوەکان تەواو دەشێوێنرێن و لە واقیع لادەدرێت، بەتایبەت لەو چیرۆکانەیدا کە باس لە ئیماندار، یا مولحیدێک دەکات و گەمە بە گۆڕینی جێگاکانیان دەکات. یان لەو چیرۆکانەیدا، کە باس لە مەحوی و مەولانا خالید دەکات، وەک دوو کاراکتەری پلە باڵا، کە ئەم سەرسامە پێیان، بۆ ئەم جۆرە شێواندنانە دەبێت تەماشای تینا بکەین لە وێنەو ئاوێنە زۆرەکاندا، بەتایبەت لە وێنەو ئاوێنەی 5 دا چیرۆکی سێ کەس دەگێڕێتەوە، جیاواز لەو باسکردنە حەقیقیانەی کە بیسراوە، چونکە لای ئەو حەقیقەت شتێک نییە بگێردرێتەوە، بەڵکو دەتوانرێت بشێوێنرێت[46]، لەو وێنەو ئاوێنەیەدا باسی پێغەمبەرێک و شاعیرێک و شێخێک دەکات، کە بەهۆی دۆزینەوەی پەیام و دەق و ڕێبازەوە ئومەت و خوێنەرو مورید لە دەست دەدەن، یان ئەوان ئەمان لە دەست دەدەن، ئەم چیرۆکانە لەلایەن بەختیار عەلییەوە خوێندنەوەی جوانی بۆکراوە و ئەم حاڵەتە بە (نەفیکردنی ڕەها) لەقەڵەم دەدات و پێی وایە هەریەک لەو سێ ئاوەرەیە جوگرافیای خەیاڵیی دەدۆزنەوە، باجی ئەم دۆزینەوەیەش ونکردنی ڕەهای شوێن و ئاسەواری ڕاستەقینەیە[47].

نووسەر مەحوی بەکەسێکی خەیاڵی دەداتە قەڵەم و پێیوایە مەزنەکان خەیاڵ دروستیان دەکات نەک واقیع (وەک لە سامناک و زاڵمەکانیشدا هەمان بۆچوونی هەبوو) لەبەردەم بوونی مەحویدا سەرسام دەبێت و ناچێت بە ئەقڵیدا کە یەک کەس بێت بەم گەورەییەوە، بەڵکو دەشێت ڕۆحی سۆفییە گەورەکانی تری جیهانیش بێت (واتە سەرەتایە

دۆناودۆن) سەرسامییەکەی لە گێلاسی خوێندا دەگاتە، بە چەتەکردنی مەحوی، کە ڕێگا بە کاروانەکان دەگرێت و ڕووتیان دەکاتەوە، پاشان دەیگەیەنێتە ئەو پلە سۆفییە ئەویش بەهۆی باسکردنی ڕووداوێکەوە، کە لە میانەی چەتەکاریدا چاوی بە کچێك دەکەوێت، کە جوانییەکی بێ ئەندازی هەیە و ئەم سەرسامانە لە تەماشاکردنی ئەو جوانییەدا نغرۆ دەبێت و بەرەو تەعبیری ئەو جوانییە، بەیتە شیعرێك دەڵێت (ئیستاتیکای دەق لێرەدا قووڵ دەبێتەوە) بیابان تەی دەکات و لەوەوە دەبێتە شاعیر، لە سیمای ئەو کچەدا ئیمانی حەقیقی دەدۆزێتەوە .

لە دەستنووسی یەکەم (کتێبی نووسەرە ئەندێشەییەکان)دا[48]، نقووم بوونی لە ئەندێشەدا بەرەو خالقی کێشدەکات و هەوڵی چنگکەوتنی دەدات و دەیەوێت لە ئەندێشەوە بەرەو واقیعی بگوێزێتەوە، بەڵام دەرگاکانی واقیع لەوە پۆڵاترن کە بیەڵن ئەو خولقێنەرەی لێوە بگوزەرێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر بەخالیقکردنی خود لە واقیعدا، بە پرۆسەی نووسینەوەی ئەندێشەیی، نەك ژیان لە ئەندێشەدا، ئەمەش لەو ڕوانگەوەی کە نووسین و ژیان دوو شتی زۆر جیاوازن، بەوەی کە لە نووسیندا مرۆڤ دەکرێت ئازاد و فرەخوازبێت، بەڵام ئەمەی لە ژیاندا بۆی نالوێت و هەربۆیە پەنا دەباتە بەر بە خولقاندنی سێ نووسەر و لە نەبوونەوە دەیانهێنێتە بوون، ئەمەش تەنها لە نووسیندایە و ناگاتە ئەو مانایەی کە خۆی دەیەوێت، لەو ڕووەوەی کە پرۆسەی خولقاندنەکانی وەك نیگارکێشێك ئەنجامداوە، کە نەیتوانیوە دەسبەرداری وێنەی خوێ بێت و تارمایی وێنەی خۆیی پێوە دیار نەبێت، بە واتایەکی تر دروستکردن بە شێوەیە بووە وەك تەواوکردنی لایەکی ناتەواوی خۆی بێت، نەك دروستکردنی شتێکی جودا لە خۆی، نواندنی ئەمە لەو چرکەساتەدا دەبێت، کە دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی ئەو نووسەرە ئەندێشەییانە و ناتوانی وێنای دروستکەرەکەی نەکەیت و وێنەکەی لە زەینتا ئامادە نەبێت، واتە بە دیتنی مەخلوقەکانی، وەك سکەیەك بەرەو خالیقەکەیت دەبات، ئەو جیاوازە بەرچاوە نابینیت کە دەبێت لە نێوان خالیق و مەخلووقدا هەبێت، بەڵکو زیاد لە هەر سەرسامییەك، تەنها وێنەیەکی خالقەکە نیشاندەدرێت، دەشێت ئەم وێنە خوازییەشی لەو تەمەناوە بێت کە هەیەتی بۆ خالیقبوون بەڵام پێی ناگات.

لەم کتێبەیدا، خوێندنەوە بۆ بەرهەمی نووسەرە ئەندێشەییەکان دەکات و بە ناساندن و نووسینەوە و خوێندنەوە دەنگی عەتا محەمەد بە ڕاشکاوی دیارە لە پشت هەر یەکێکیانەوە، بەبێ ئەوەی توانیبێتی جیاوازییەك بەدی بهێنێت بۆ ناساندنەوەی ئەو نووسەرانە، چونکە فەزای بەرهەمەکانی ئەو سێ نووسەرە، هەمان فەزای بەرهەمەکانی خۆیەتی، تەنانەت ناوەکانیشیان، بۆ نموونە، سیامەند کاکە خان (چەتەکانی خەون، شەوی سێیەم چاش مەرگی محێدینی وەجاخ کوێر، دەستنووسی یەکەم، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك)، ئازاد سەید خەلیفە (سوارەکانی ئازار، تەلیسمەکانی تەنیایی، ساڵانی قاتوو قڕی) زەردەشت کەریم (دواسەفەری غەمبارترین گەڕیدە بە ناو ئاوێنەدا، ڕێبەری جادووبازە نامۆکان، سەفەرە ئەندێشەییەکانی شەریف خان بەدلیسی، بیرەوەرییەکانی زیندانییەکی ئەندێشە (شیعر)، بە مانشێتی نووسینەکانیاندا وەك کلیلی نووسینە سەرەکییەکانی عەتا دەردەکەوێت بە هەرسێ ڕستەی، (دەبێت بە ئەندێشەی کیمیاگەرە کۆنەکانەوە سەیری واقیع بکەین، دەکرێت لە پشت هەر سیستەمێکەوە بەدوای شێوازی گێڕانەوەدا بگەڕێین، گەڕانەوە بۆ چێژی جادوو لە گێڕانەوەدا)، ئەم سێ ڕستەیە دەکرێت بەپووختەی ڕوانینێکی قووڵی ناوزەدبکەین، کە گوزارشتی ڕاستەوخۆی نووسینەکانی خۆیەتی و ئەم هەوڵەشی هێندە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خۆیەتی (بە ئاگا یان بێ ئاگا)، ئەوەندە هەوڵ نییە بۆ خولقاندنی کەسێك لە دەرەوەی خۆی، یان ئەفراندنی مانایەکی تر، کە لە دەرەوەی مانای خۆی بێت، ئەمە زۆر جار دەبێتە بێزارکردنی خوێنەر بەهۆی خولانەوەی نووسەر لە دەوری ئەندێشەیەکی وەستاودا.

هاوتا لەگەڵ هاوشێوەبوونی نووسەرە ئەندێشەییەکان و خۆیدا، دواتر دوای چەند ساڵێك ئەو نووسینانەی ئەو کەسانە دەبنە وێنەی خۆی، یاخود پەی بەوە دەبرێت کە باسی خۆیی کردووە نەك کەسانی ئەندێشەیی، ئەمەش ئەو خاڵەیە، کە ناتوانێت دەسبەرداربێت و لەو سنوورە دەرچێت، خۆ ئەگەر هەوڵی جوداکردنی بدایە، کارەکەی پێزی زیاتر دەبوو وەك ئەزموونی هاوشێوەی ئەم، کە بۆرخیس باسی دەکات. ئەو کاتێك باسی ئەو ئەزموونی خۆی دەکات، ئاماژە بەوە دەدات

که لەگەڵ (بیوئی کارساس)دا، نووسەری ئەندێشەییان دروستکردووە، کاتێك پێکەوە بەرهەمێکیان نووسیوە بە ناوی (ئێچ. بوستوون دموك)ەوە، بوستوون ناوی یەکێکە لە باپیرەکانی بۆرخیس و دوومیکیش ناوی باپیرێکی بیەئییە، ئەگەرچی نووسینەکانیان تەنز ئاسایە یان ئەگەر تەنزیش نەبێت، شتێکیان نووسیوە کە خودی ڕاوی چیرۆکەکەش بە زەحمەت دەزانێت، کە خەریکە باسی چی دەکات، ئەو دەڵێت بەرهەمی کارەکانمان شتێکە زۆر جیاوازە لە کارەکانی من و کارەکانی بیوتی، بە واتایەك هاونووسینەکەیان، کەسی سێیەمی دروست کردووە تەواو جیاواز لە هەردووکیان، ئەم نووسەرە خەیاڵییە سەلیقەو تایبەتمەندیی نووسینی خۆیی هەیە، کە جودایە لەمان[49]، بەڵام لەلای عەتا محەمەد نووسراوە ئەندێشەییەکان بەرەو خۆی دەڕواتەوە، وەك ئەوەی (ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك)ی سیامەند کاکەخانی لە 2006دا بەناوی عەتا محەمەدەوە بڵاوکردەوە، یاخود لە سوارەکانی ئازاری ئازاد سەید خەلیفە کە باس لە کۆمەڵێك سوار دەکات کە بەزەمەندا دەگەڕێنەوە و وەك خۆڵەمێش لە مێژووەوە دەگەشێنەوە. نووسەر هەوڵی داوە بە ئەندێشەیەکی فراوانەوە بۆ مێژوو بگەڕێتەوەو باسی کارەساتی قەتڵو عامی ئەنفال بکات، ئەمە دەکرێت لەو کاتەدا سیمایەکی چێژ بەخشی هەبووبێت، بەو پێیەی یەکەم نووسین بووە، ئەمە بەو مانایە نا، کە دووەم نووسین چێژی نییە، بەڵکو بەو مانایەی بۆ خوێنەری وریا ئەو سەرساممییەی بۆی نابێت، بەڵام ئەوەی کە تا چەند چێژی لێ دەبینێت ئەوە شتێکی فەردییە، ئەمەش لەو دیدەوەی کە لە (گێلاسی خوێن)دا بەشێکی فراوانی دەقەکەی گرتۆتەوە بەهەمان فەزاوە، بەڵام بە تەکنیك و ستایڵی جیاوازەوە، کە دوور نییە هەمان تەکنیکی ڕۆمانەکەی سیامەند نەبێت.

بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی نەمان دیووە، ناتوانین بڕیاربدەین، چونکە تەنها لە ئەندێشەی نووسەردا هەیە، بەڵام لە هەموو حاڵێکی ئاشکرایدا ئەو نووسینەی وێنەیەکی تری سوارەکانی ئازاری ئازادی سەید خەلیفەیە.

لە باسی لێکۆڵینەوەکەدا، وردەکاریی کارەکانی ترمان بۆ دەردەکەوێت کە چەندە دەیەوێت بە حیکایەتدا شۆڕببێتەوەو لەدیدی سۆفیگەرییەوە بڕوانێتە مەرگ و ژیان و لە ژیانی جادووگەرێکەوە بیەوێت پەی بە تەلیسمی بە زێڕکردنی هەموو قوڕقووشمەکانی ژیان بەرێت و سەرەنجام وەرگرتنی ئەو حیکمەتە بۆخۆی، ئەویش بە چێژکردنی ژیان لە دیدی ئەندێشەوە. واتە ئەگەر ئەندێشە وەك جادوو تەماشابکرێت، ئەوا دەتوانێت هەموو تاڵی ژیان کە قوڕقووشم ئاسایە بە زێڕ بکرێت و بەهایەکی بەرجەستەی پێ ببەخشرێت، ئەم پێبەخشینە لای نووسەر دەبێتە ئامانج و لە تێکستەکانیدا بۆی دەگەڕێت و لە سیاقی کارکردنەکانیدا وێڵی ئەوەیە و ئەو بیرو ئەندێشەیە ڕۆحی گرتووە، بۆیە سیمای دووبارەیی بە نووسینەکانییەوە دیارە، چونکە بەردەوام لە نائاگاییدا هەیە. لەم بارەیەوە بۆرخیس باسی خۆی دەکات کە زۆر جار هەستی کردووە چیرۆکێکی دووجار نووسیوە، یان دوو چیرۆکی یەك ناوەڕۆکیان هەبووەو لە بڵاوکردنەوەدا لای یەك داناون، ئەو دەڵێت جارێك شیعرێکم نووسی کە شیعرێکی زۆر باش نەبوو چەند ساڵ دواتر هەمان شیعرم دووبارەکردەوە، هەندێك لە هاورێکانم وتیان باشە خۆ ئەمە هەر ئەو شیعرەیە کە پێنج ساڵ لەمەو بەر چاپت کردبوو منیش لە وەڵامدا وتم (باشە، هەر ئەوەیە کە هەیە)، بەڵام بڕوابکەن بچووکترین ئاگایم لەوە نەبووە کە پێشتر بڵاوم کردۆتەوە[50]، ئەگەر بەو چاوەشەوە لە ئەزموونەکانی عەتا بڕوانین، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان گەڵاڵە بوونی بیرە گشتییەکەیە (بەڵام ئایا خوێنەر ڕازی دەکات؟)، کە وادەکات بەردەوام ئامادەگیی هەبێت لە پارچەی بچووك و کارە وردەکانیدا، هەستکردن بە تەواو نەبوونی ئەو سورانە وادەکات هەنگاوەکان لە یەك ڕووبەردا هەڵێنێت، وەك پێشکەشە دووبارەکانی کە بەردەوام ئاسیای لە پشتەوەیە بە خۆی و خەونەکانییەوە.

### پەڕتووکی خەون، پەڕتووکی ڕامانە قووڵەکانی نووسەر

پەڕتووکی خەون دەشێت دەرئەنجامی هەموو قووڵبوونەوەو تێڕامانەکانی نووسەری بێت لەو بەرهە پڕ حیکمەتانەی دونیای شەرق بە خۆیان و سەرسامکردنەوەکانیانەوە، ئەم کتێبە پرۆسەی گەڵاڵە بوون و کۆبوونەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەو کتێبانەی دونیای کۆنە، لە ڕێگای کۆکردنەوە، کۆمەڵێك خەون و پاشان نووسینەوەیان لە ژێر چاودێریی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ دا و کۆکردنەوەیان لەلایەن مەحوییەوە،

واتە پرۆسەیەکە وەک کارەکانی تری پلەی گێڕانەوەی هەیە، تاکو سیمایەکی کۆنی پێ ببەخشێت و حیکمەتی زانایانی کوردی پێ نومایش بکات، کە لە بە مەحوی کردنی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، لەو ڕووەوەی کە جیاواز لە بەرهەمەکانی تری، نە باسی چۆنییەتیی دەسکەوتنی بەرهەمەکە دەکات نە چۆنییەتیی نووسینەوەشی، بەڵکو تەنها ڕوونکردنەوەیەکی مەحوی بەڵخییە، کە ئەم لە جێگای نووسەر دەست دەکات بە کۆکردنەوەی کارەکان. دەڵێت ئەم کتێبە دەستەیەک نووسیویانەتەوە، کە بە دوای میتافیزیکی و غەیبانییەتدا دەگەڕێن و دەیانەوێت لە ڕاڤەی خەونەکانەوە پەی ببەن بە حەقیقەتی ژیان، کە مەحوی دەلالەتە، نووسەر خۆی هەوڵی شاردنەوەی خۆیی داوە لە پشت ئەو ناوەوە، وەک چۆن لە زۆر شوێندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوەکان هیچ نین، ئێمە خۆمانی لە پشتەوە پێدەشارینەوە.

نووسەر لەم بەرهەمەیدا لە ئەندێشەی قووڵییەوە هەوڵی پاراستنی چوارچێوەی بەمێژوویی کردنی بەرهەمەکەی داوە، هەوڵی پەیڕەوکردنی زمانێکی پەسنی داوە کە لە کۆڕوکۆبوونەوە ئاینییەکاندا پەیڕەو دەکرێت، بۆ نووسینی پێشەکی هەر بەشە خەونێک و دەست دەکات بە حەمدوسەنای پەروەرگارو پاشان گێڕانەوەی خەونێکی دێرین، ئەوسا خەونێکی نوێ، ئەمە ئەو پەیڕەوە باوەی نووسینەکانی ڕۆژهەڵاتی دێرینە، واتە لە شێوەی سێ قۆناغدا بەرهەمەکانی شیعرو چیرۆک و زانستە ئایینییەکان نووسراون و ئەم ڕەچاوکردنەی نووسەر لەوەوەیە تا گومانی نەبوونی لە خوێنەر بڕەوێنێتەوە، خوێنەر وەک دەستنووسێکی پیرۆزی سەردەمی حاجی کاک ئەحمەد بۆی بڕوانێت.

بەوپێیەی خەون گرنگییەکی تایبەتی هەیە لای مرۆڤەکان بە گشتی و لای ئیمانداران بە تایبەتی ئەوا دەشێت وەها کارێک گرنگیی خۆی هەبێت لە گەڕانەوە بۆ لای ئەو عاریفانە، چونکە دواجار خەون ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، بەهۆی ڕاڤەیەکی دروستەوە کە وەک جیهانێکی شاراوە وایە و بەهۆی لێکدانەوەوە ئاشکرا دەبێت. (ڕازی) کاتێک باس لە (خەون و واقیع) دەکات بە ئاشکراکەری قۆناغەکان لەقەڵەمی دەدات، ئەو کاتەی ڕێبواری ڕێگای سۆفیگەری لە هەوڵی پەروەردەکردنی ڕۆحیدایە بە پاکژکردنەوەی دڵ و ڕامکردنی دڵ و عیبادەت، ئەوا دەبێت لە هەریەک لەو مەقامانەدا حاڵی ئاشکرابێت، ئەمەش لە شێوەی خەونێکی باشدا دەبێت یاخود ڕووداوێکی میتافیزیکی پاشان باسی جۆرەکانی خەون و ئەو ڕووداوانە دەکات و پۆلێنیان دەکات، ئاماژە بە چۆنییەتی ئەو خەونانە دەدات کە ڕێگا ڕووناک دەکەنەوە، یان ئەوانەی بەرەو کوفرو بێ ئیمانی خەڵک ڕادەکێشێت و سۆفی لێ ئاگادار دەکاتەوە[51].

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە لە جیهانی سۆفیگەریدا خەون فیلمێکی تەمومژاوی نییە ببینرێت و فەرامۆشکریت، بەڵکو پەیامی کۆدداره پێویستی بە کردنەوەی ئەو کۆدانەیە بۆ گەیشتن بە ناوەڕۆکەکەی، کە سەرەنجام ئاگادارکردنەوە یان فەرمانکردنە یان گۆڕینی ڕێگایە، لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمە هەوڵی بەرجەستە کردنی ئەو ماناو دەلالەتانەیە کە لە خەوندا هەن و بە خەون گوزارشت لە نەوتراوەکان دەکات، یاخود خەون دەکاتە بەهانەیەک بۆ وتنی ئەو شتانەی کە ناتوانرێت لە واقیعدا بوترێت وەک (لەخەومای) جەمیل سایب، ئەوەی حەزی دەکرد بیڵێت بە ناوی خەونەوە وتی، بەڵام ئایا وتنەکان چۆنن؟ هێنانەوەی لە خەوما، وەک نموونەیەکی سادەیە، چونکە ئەزموونەکان زۆر جیاوازن، مەبەستەکانیش گەلێک لەیەک دوورن، نووسینەوەی خەونەکانی عەتا محەمەد، بۆ چوونە ناو سنوورەکانی کوفرو ئیمانە و گەلێک جار تیوارکردنیانە تا ڕادەی لێک جیانەکردنەوە، یاخود بەهێند وەرگرتنی ئەو خەونە حەرامانەی کە کەسە ئیماندارەکان دەبینرێت و دەبێتە جێگای گومان، چونکە خەون ڕاڤەیەکی دەبێت لەو ڕاڤەیەشەوە کەسی ئیماندار بەرەو تیاچوون دەبات.

خەونەکانی ئەم کتێبە هەندێکیان بیستراون و هەندێکیان نوێن و ئەندێشەی نووسەر دیویەتی و لەگەلێک شوێنیشدا بە دەستەواژەی گومان لە بینینی دەکرێت، یان کەس لە ڕاستیی ئەم ڕووداوە دڵنیا نییە، ڕەهایی لە خەونەکان وەردەگرێتەوە.

جڵەوشلکردن بۆ ئەندێشە لەم بەرهەمەیدا، دەگاتە ڕادەی سەرکەشانە، ڕۆشتن لە نووسین و پەیڤیندا، لە ڕێگای نووسینەوەی خەونەوە ئەفسانە دێنێتەوە بۆ ناو دەق و لە دەقیشەوە چیرۆک دەخولقێنێت، لە کەشێکی ئەندێشەیی نووسینەوە، بەرەو کەشێکی خوێندنەوەی مێژوویمان دەبات تا ئاوێتەی خوێندنەوە بین، پاشان بەهۆی

چڕوپڕیی خەونەکان و لەڕێگای زمانە کورتبڕییەکەیەوە دەبێتە لادانی سنووری نێوان ئەندێشە و مێژوو لەبەردەم گومانی هەبوون و نەبووندا ڕامانەوەستێنێت، بە واتایەکی تر ئەو سنوورانەی کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی مێژوو لە ئەفسانە و لە ڕووداوی فەنتازی هەڵدەگرێت و بە هۆی بیرێکی ئەندێشەییەوە مێژوو دەخولقێنێت، بە ناوی گێڕانەوەی خەونەوە چیرۆك دەئافرێنێت.

کاڵبوونەوەی ئەو سنوورانە و نەمانی بەهۆی کارتێکەری دەرەکی گوزەری زەمەنەوە، بەهۆی خزانە ناو مێژووەوە ڕوودەدات، بەتایبەت ئەوانەی کە چانسی پێنانە ناو قەڵەمڕەوی ئەفسانەیان هەبووە وردە وردە لە مێژوو ترازاون و بە جیابوونەوە لە شوێنکات سەرەنجام بەرەو ئەفسانەو ئُستۆرە دەگۆڕێن، لەم نێوانەدا هەندێ ڕووداو بە دیدەکرێن کە هێشتا بە ڕایەڵێکی باریکەوە بە شوێن و کاتەوە بەستراونەتەوەو دەتوانرێت شوێن کات بزانرێ و تەواو فەرامۆشنەکراوە بەو جۆرانە دەوترێت (نیوە مێژوو نیوە ئُستۆرە)[52]. زۆرێك لەو ئەفسانە ئایینییانەی کە لە بەرچاودان لەم جۆرەن، ڕووداوە ئایینییەکانی جیهانی ئیسلام بەگشتی و کورد بەتایبەتی لەم جۆرەن و بەهۆی چانسی چۆنییەتییانەوە بەرەو ناو ئُستۆرە پەلکێشکراون و لە خەونەکاندا بە نیوە مێژوویی و نیوە ئەفسانەییەوە هەڵواسراون و ئەفسانەو خەون بوونەتە دوو جەسەر بۆ گێڕانەوە، چیرۆك لە ڕێگای زمانی هێماو ئاماژەوە، چونکە نووسەر پەنا دەباتە بەر خەون کە سیستەمی نائاگایی دەبیزوێنێت، بەهۆی زمانی ڕازو کۆدەوە، پڕۆسەی گێڕانەوە ئەنجام دەگەیەنێت و ئەوەی لە زمانی نائاگاییەوە دێت، دەبێت بە زمانی ئاماژەی بزانین و کۆدەکەی بکەینەوە و هەر کات ڕووبەڕووی ڕووداوی نائاگایی بووینەوە، دەبێت بە ئاماژەناسیی گشتی و کارامەیی کەسیمانەوە لەو ڕازانە بگەین، لە لایەکی ترەوە لەو ڕوانگەیەوەی کە زمانی خەون، وەك زمانی ئەفسانە زمانێکی چنراو بە ئاماژەو هێمایە، ئەم زمانە دەبێتە ڕایەڵێك و هەردووکیان بە نائاگایی دەگەیەنێت و لەوێوە بەهۆی نائاگاییەوە خەون و ئەفسانە ڕازمان پەیام دەکەن و پێدەگەیەنن.[53] لە خەونەکانی پەرتووکی خەوندا ئەم ڕازدارییە ئاوێتە دەبێت لە ئەفسانەو خەون و چیرۆك، دەیانگێڕێتەوە یاخود وەك بەختیار عەلی دەڵێت: ( لای عەتا محەمەد خەون و چیرۆك لەیەك جیانابنەوە، ستراکتۆری خەون و ستراکتۆری چیرۆك یەك شتن) لە خەونەکاندا بەهۆی ڕۆڵی دیارو بەرجەستەی ئەفسانەوە ئەم هاوشێوەیی خەون و چیرۆکە پێك دێت، چونکە ئەندێشە نووسەر بەرەو ئەفسانە ڕادەپێچێ و ئەفسانەکەش وەك کەرەسەیەك دەبێتە خولقێنەری چیرۆك و چیرۆکیش خەون باس دەکات و بەهۆی زمانی حیکایەتخوانییەوە چیرۆك و ئەفسانەو خەون، لە بۆتەی تێکستەکاندا دەتووێنێتەوە.

لەو ڕووەوەی کە نائاگایی زادگای خەون و ئەفسانەیە ئەوا پەیدەبەین بەوەی کە لەڕووی بونیادیشەوە هێندە لێك دوورنین و هەردووکیان لەو جۆرانەن کە نائاگایی لە خەون گێڕەرەوەو حیکایەتخواندا شاردراوەو پەنهانییەکانی بەکاردێنێت. گێڕەرەوەو خەونبین یەکێکن، تەنها شێوەکانی گۆڕاوە بە شێوەی ئُستۆرەو شێوەی خەون، ستۆرە خەونی هەمەکانێ و گشتییە و خەونێکی پایەدارە کە نەتەوەو خێڵەکان بە درێژایی ژیانیان دیتوویانە، بەڵام خەون ئُستۆرەیەکی تاکەکەسییە، ئەفسانەیەکی ناپایەدارە، کە کەسێك لە دونیای خەوندا دروستی کردووە کە هەردووکیان پێویستییان بەوەیە وەك یەك ڕازەکانیان بکەین.[54]

لەو نووسراوەی سەرەوە، دەگەینە ئەو خاڵەی کە خەونەکان ئەفسانەن، بەڵام لەجۆری خاوەندار کە دەگەڕێتەوە بۆ کەسیك، لەکاتێکدا ئەفسانە لە خەونێك دەچێت کە هەموان دیبێتیان.

پەرتووکی خەون بەهۆی کۆکردنەوەی ئەو ئەفسانە تاکەکەسییانەوە و گێڕانەوەیان لەشێوەی چیرۆکدا باس لە ئەفسانەی گشتی دەکات، پاشان کە ناوەڕۆکی خەونەکە دەگێڕێتەوە دەبێتە ئەفسانەی تاکەکەس و دواتر ئەفسانەی گشتی دەست پێدەکاتەوە، کە باسی ڕاڤەی خەونەکە دەکات، بۆ نموونە لە خەون و جادوودا[55] دەڵێت: (پێش ئەوە شێخی سەعدی سەرقاڵی نووسینی گوڵستان بێت خەونێك دەبینێت)، لێرەدا ئەفسانەی گشتییەو پاش کەرتکردنی، ئەفسانەی تاکەکەس دەست پێدەکات (لە خەونیدا جادووگەرێك دەبینێت خەریکی وەستاندنی سوڕانەوەی ئەستێرەکانە، کاتێك شێخی سەعدی لێی

نزیك دەبێتەوە، تا پرسیاری لێبکات بزانێت حیکمەت لەم کارەیدا چییە، ئەویش پێی دەڵێت: چێژی ئەم کارە وەك ئەو سیحرەوایە کە لە کتێبی گوڵستانی تۆدایە، بەڵام کە شێخی سەعدی تێناگات لە قسەی جادووگەرەکە پێیدەڵێت مەبەستت چییە؟ ئەویش بەبزەوە پێیدەڵێت، لە داهاتوودا دەزانیت چی دەڵێم) خەون لێرەدا تەواو دەبێت، پاشان ڕاڤەی دەست پێدەکات بەهۆی چنینی ڕستەی حیکایەتخوانانەوە تێهەڵکێشکراوە، دەڵێت: (هەروەك دەڵێن شێخی سەعدی خۆی گێڕاویەتیەوە، ساڵانێکی زۆر دوای ئەو خەونە دەست بە نووسینی کتێبەکەی دەکات).

بەم جۆرە بەهۆی ئەندێشەی نووسەرەوە لە پێناو پەیام گەیاندن لە شێوەی ڕەمزدا نووسەر ئەفسانەو خەون تێکەڵدەکات و سنوورەکانی گێڕانەوەی مێژوو تێك دەشکێنێت، تا خوێنەر بەدوای ڕاڤەکاندا ببات و لەو گەڕانانەدا چێژی دەستکەوێت، نووسەر ئەم دەستکەوتنە ناشارێتەوەو لە حاشییەکاندا بەناوی پەیامی دەستەکەوە باسی دەکات و خەون بە هۆیەك دەزانێت بۆ گەیشتن بە چێژێکی نامۆ، ئەویش بەهۆی گەڕان بە دوای تەفسیرو ڕاڤەکان و خوێندنەوەی ئەو ئاماژانەوە کە پێویستی بە زمانێکی غەیبانی دەبێت بۆ تێگەیشتن لە خەون.

لەلایەکی ترەوە نووسەر بەهۆی پەراوێزو حاشییەکانەوە باس لە زمانی ئاماژە لە خەوندا دەکات، ئەویش بەبینینی وێنەیە لە خەوندا و وێنەو وشە وەك دال و مەدلول باس دەکات، کە لە خەوندا خەوبین وێنەکان یاخود چیرۆکێکی وێنەیی دەبینێ، پاشان بۆ ئاگادارکرنەوەو هاوبەشکردنی خەڵکانی تر، لەو خەونەدا هەوڵی وەرگێڕانی دەدات بۆ وشە و خەون لە وێنەوە دەکاتە دەنگ. نووسەر پێی وایە لەسەرەتادا وشە هەبووە، پاشان بووە بە وێنەو دواتر دەبێتەوە بە وشە، خەون جیهانی سەفەرە بەناو بێدەنگیی وێنەدا و بڕینی هەموو وێنەکانە تا دەگاتە دوایەمین وێنە کە خودایە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

(Endnotes)

1. رویا حماسە اسطورە، میرجلال الدین کزازی، تهران1376، لا6.

2. غلامحسین دە بزورگی، تاریخ ادبیات جهان، از اغاز تاپایان سدە بیستم، انتشارات روز بهار، 1384، ص29.

3. بوکنە تراویك، وەرگێڕانی-حەمەکەریم عارف، ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کۆن، گۆڤاری هەنار، ژمارە13.

4. تاریخ ادبیات جهان لا29.

5. هەمان سەرچاوە، لا74.

6. یوگنی ادواردویچ برتلس، تصوف و ادبیا ت تصوف، ترجمە سرویس ایزیدی، انتشارات امیرکبیر، تهران 1382، لا586.

7. د. احمد تفزولی، وەرگێڕانی-میهرداد رامیدی نیا، مێژووی ئەدەبیاتی ماد، گۆڤاری هەنار ژمارە 14.

8. بەختیارعەلی، عەتا محەمەد، هەفتەنامەی ئاوێنە، ساڵی یەکەم، ژمارە 6.

9. پائولو کوئیلو برگردان. ارش حجازی، پدران فرزندان نوەها، چاپ پنجم 1383 تهران، نشر کاروان ص17.

10. پائیلو کوئیلو برگردان. ارش حیجازی، کیمیاگر، چاپ ششم 1383، نشر کاروان.

11. کلود لوی-استروس، تلرجمە بهار مختاریان، بررسی ساختار اسصورە، نقد ادبی نو ارغنون4، ص 138.

12. مولانا جلال الدین رومی، مپنوی معنوی، دفتر ششم، چاپ پنجم 1381، انتشارات پیمان، ص 941.

13. خورخە لیس بۆرخیس، هزارتووهای بۆرخیس، احمد میرعلائی، کتاب زمان تهران1381، ص 170.

14. عەتا محەمەد، دەستنووسی یەکەم و پەڕتووکی خەون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی 2003، لا28.

15. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( رازگشایی کیمیاگر) کلیدهای برای درك مفاهیم کمیاگر پائیلو کوئلو نووسینیو ایخلبرگر، و. شچاوینسکی ، ترجمە ایلیا حریری، چاپ اول 1383. نشر کاروان.

16. هرمان هسە، بازی مهرە شیشەای، لا511.

17. جبران خلیل جبران، ترجمە. مسحا برزگر، جاویدانەها، چاپ ششم1382، کتاب خورشید، لا36.

18. هزارتووهای بۆرخیس، لا157.

19. جۆرج ئۆرویل، وەرگێڕانی. شێرزاد حەسەن،

له ستایشی ئەدەبدا، دەزگای ئاراس، هەولێر 2001، لا132.

20. والتر بنیامین، ترجمه. مراد فرهادپور، قصەگو رمان نو ، فصلنامه ارغنون 9\ 10 ، ص 4.

21. بابەك ئەحمەدی، و. ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، چاپی دووەم 2006 کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی موکریانی، لا236.

22. ڕێبوار سیوەیلی، پێشەکیی لە ستایشی ئەدەبدا، لا10.

23. عەتا محەمەد، جیهانی ڕاڤەنەکراو سەردەمی ڕەخنە، ژمارە 2 ی زستانی2005، لا140.

24. عەتا محەمەد، زارەکانی خەون، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم 2002 ، لا3.

25. هەمان سەرچاوە، ل14.

26. هەمان سەرچاوە، لا 22.

27. عەتا محەمەد، پاشماوەی خێڵەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم 1999، لا114.

28. پاشماوەی خێڵەکان، لا142.

29. عەتا محەمەد، گێلاسی خوێن، کتێبی یانەی قەڵەم، چاپی یەکەم 2007، لا7.

30. عەتا محەمەد، ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك، دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم 2004 .

31.عەتا محەمەد، تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، چاپی یەکەم 2007، چاپخانەی ڕەنج.

32. عەتا محەمەد، فریو و خۆحەشاردان، چاپی یەکەم 2005، کتێبی یانەی قەڵەم، لا 54.

33. هەمان سەرچاوە، لا82.

34. عەتا محەمەد، گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنهاییدا، چاپی یەکەم 2006، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکراوەی سلێمانی.

35.عەتا محەمەد، تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، لا60.

36. فریو و خۆحەشاردان، لا86.

37. ژولیا کاسترین، لە ستایشی ئەدەبدا، ل22.

38. زارەکانی خەون، لا1.

39. ڕەخنەی سەردەم، ژمارە2 ، ل151.

40. بەختیار عەلی، ئاوێنە.

41. تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، ل52.

42. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنهاییدا، لا8.

43. تیناو چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان، لا79.

44. خورخه لویس بۆرخیس، ترجمه احمد اخوات، کار نویسنده (گلچینی از مصاحبەهای پاریس ریویو)، نشر فردا، اصفهان1371، لا81.

45. زارەکانی خەون، لا34.

46. هەمان سەرچاوە، لا39.

47. تینا، لا26.

48. عەتا محەمەد، دەستنووسی یەکەم و پەرتووکی خەون.

49. کار نویسندە، لا81.

50. کار نویسندە، لا95.

51. د. محمد حسن حائزی، متوون عرفانی فارسی، کتاب ماد، تهران 1374.

52.اسطورة، لا58.

53.هەمان سەرچاوە، لا 123.

54.هەمان سەرچاوە، لا 123.



# خوێنەرو..

# پرۆسەی خوێندنەوەو راڤەی دەق

**ئا. و. لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب**

رەنگە پرۆسەی خوێندنەوەی هەر دەقێک لە رواڵەتدا پرۆسەیەکی ئاسان بێ، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەیەکی زانستیو ئەکادیمیانەدا سەیری بکەین، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. دیارە کۆمەڵێ فاکتەری زانستیو کولتووریو سایکۆلۆژی... هتد هەن، کە رۆڵیان هەیە لە دەستنیشانکردنی رادەی ئاستی ئەکتیڤانەی ئەم پرۆسەیە، چونکە لە رێگای ئەم فاکتەرانەوەیە، کە خوێنەر کەم تا زۆر پەیوەندییەکی هەمەلایەنە لەگەڵ دەقەکە دادەمەزرێنێو لەئاکامدا پرۆسەی خوێندنەوەی لێ پەیدا دەبێ. لێرەدا من هەوڵ دەدەم بە پێی توانا، رۆڵی هەر یەک لە خوێنەرو دەق لە دروست بوونی پرۆسەیەکی ئەکتیڤانەی خوێندنەوە بخەمە روو، کە لە ئەنجامدا ببێتە جۆرێک لە تێگەیشتنی دەقەکە. دیارە گرینگترین هۆکاری ئەکتیڤکردنی پرۆسەی خوێندنەوە، شێوازی خوێندنەوەی خوێنەرە بۆ دەق، کە بەداخەوە ئەمڕۆ لە جیهانی ئەدەبو رۆشنبیریی کوردی وەکو پێویست بایەخی پێنەدراوە. لەم بوارەشدا ئاماژە بە رای هەندێ لە رەخنەگرانی جیهان دەکەم، کە جێ پەنجەیان لە شیکردنەوەی دەقدا دیارەو بایەخ بە پرۆسەی خوێندنەوەی دەق دەدەن وەکو پرۆسەیەکی کاریگەر لە دونیای ئەدەبدا.

ئەمرۆ لە جیهانی ئەدەبو رەخنەی ئەدەبییدا، نەک هەر ئەدەبیی کوردی، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیشدا، مرۆڤ هەست بەوە دەکا کە خوێنەر، بەتایبەتیش خوێنەری ئاسایی، لە هەموو ئەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییانەی کە کراوە دەربارەی ژانرە ئەدەبییەکان، بایەخێکی زۆر کەمی پێ دراوە، بۆیە پرۆسیسۆر دێڤید. س. میال[1] و دۆن کۆیکن[2] لە نووسینێکدا لە ژێر ناوی "شێوازی خوێندنەوە: لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی حاڵەتێکی ئەدەبیی" ئەم راستییە دەخەنە روو:

تا ئێستا، بایەخێکی ئەو تۆ بە خوێنەری ئاسایی نەدراوە کە تەنها بۆ ئەوە دەخوێنێتەوە چێژ لە تێگەیشتنی دەق وەربگرێ، نەک بۆ ئەوەی بینینێکی رووخێنەر یان مێژوویی پەرە پێ بدا. ئەو وردە نیگەرانیو بیرۆکانەی، کە رەنگە لەلای خوێنەری ئاسایی بەرامبەر بە دەقە ئەدەبییەکە گەڵاڵە بێت، بۆ نموونە: بەرامبەر بە شێوازی نووسینو بینای گێرانەوەو هەروەها پەیوەندیی نێوان خوێنەرو نووسەرەکەو پاشانیش کاریگەرێتیی دەق بە سەر هەستو شێوازی بیرکرنەوەو ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر، بایەخێکی کەمی پێ دەدرێت.

دەشێ کاردانەوەی هەر خوێنەرێک بەرامبەر بە هەر




ئەرستۆ

دەقێکی ئەدەبی جیاواز بێت لە خوێنەرانی تر، سەبارەت بە کۆمەڵێ هۆ، بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێ بەر لەوەی مەسەلەی خوێنەرو دەقو پرۆسەی خوێندنەوە بخرێتە روو ئەوەیە، کە چۆن ئارەزووی خوێندنەوە لەلای خوێنەر بە ئاڕاستەیەکی ئەدەبییانە بەهێز دەکرێ. دیارە ئەوروپییەکان بێجگە لە دابینکردنی هەموو جۆرە کتێبێک لە کتێبخانەکانیانو پەیرەوکردنی تازەترین شێوازی پۆلێنکردن لە بەکارهێنانی کتێبخانە، لە خوێندنگەکانیش خوێندنەوەی کتێبە ئەدەبییەکان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، بەتایبەتی رۆمان، بەڵام بە پێی قۆناغی خوێندن، هەروەها گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی کتێبەکە، بووەتە ئەرکێکی سەرەکیی خوێندکار. ئەمە بێجگە لە بینینی چەندەها فیلمی سینەمایی وەرگیراو لە رۆمانو شانۆنامە بەناوبانگەکان و نووسینی راپۆرتێک لەلایەن هەر خوێندکارێک دەربارەیان. دیارە لە ئاکامدا پرۆسەی خوێندنەوەکە ئاقارێکی باشتر وەردەگرێو ژمارەی خوێنەری باش، ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندا دەبێ. بێگومان خوێنەری زیرەکو تێگەیشتوو جیایە لە خوێنەری ئاسایی، چونکە پرۆسەی خوێندنەوە لەلای خوێنەری شارەزا بە مەبەستی چێژ وەرگرتنێکی سەرپێیی نییە، بەڵکو ئەو لە چوارچێوەی دەق بەدوای بینینێکی تازە دەگەڕێ، بۆیە هەوڵ دەدا لە رێگای قووڵبوونەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمانو شێوازی داڕشتنو وێنە ئەدەبییەکان لەلایەکو کرۆکی بابەتە ئەدەبییەکە لە لایەکی تر، شتێکی تازە هەڵێنجێ. هەڵبەت مەبەست لەمەدا ئەوە نییە، کە هەموو خوێنەرێک دەبێ بە مانای وشە ببێتە رەخنەگرێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی ئەدەبییانەی دەق ئەنجام بدات، چونکە کاری رەخنەگری لە ئەدەبدا لە روانگەی چەند تیۆرێکی ئەدەبییەوەو بە پاڵپشتی رۆشنبیرییەکی قووڵو لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی ئەدەبییانەی وشەکانی ناو دەقەکەوە دێ، کە رەنگە خوێنەری ئاسایی بە ئەرکی خۆی نەزانێ.

کارا کردنی پرۆسەی خوێندنەوە بەندە بە رادەو جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان خوێنەرو دەق دروست دەبێ. بۆیە کاریگەرێتیی دەق بەسەر خوێنەر، کە لە ئەنجامی جۆری ئەم پەیوەندییە جێبەجێ دەبێ لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ، کە ئەم کاریگەرێتییەی دەق هەر بە تەنها لە خودی بونیادی دەقەکە جێبەجێ نابێ، بەڵکو بەشێکی زۆر لەم کاریگەرێتییە خوێنەر خۆی جێبەجێی دەکا. بۆ ئەوەی مەسەلەی کاریگەرێتیی دەق بەسەر خوێنەر روونتر بخەینە بەر چاو، کە دواجار ئەکتیڤکردنی پرۆسەی خوێندنەوەی لێ دەکەوێتەوە، پێویستە پێناسەی تیکستی ئەدەبیی Literary text و " بابەتیبوونی دەق objectivity" بکەین. پرۆفیسۆری ئینگلیزی (تێری ئیگڵتۆن) پێی وایە، کە چەمکی "بە ئەدەبییبوونی دەق" وەکو لەلایەن فۆرمالیستە رووسییەکانی وەکو (ڤیکتۆر شلۆفسکی) و (رۆمان یاکۆبسن) و (ئۆسیپ بریک) و (یۆری تینیانۆڤ) و (بۆریس ئیشنباون) و (بۆریس تۆماشێڤسکی)یەوە گەشەی پێ کراوە، مانای بەکارهێنانی نائاسایی زمان دەگەیەنێ٣. ئەدەب وەکو ئاشکرایە، زمانی ئاسایی پێش دەخا، چونکە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئاسایی رۆژانە دەریدێنێو رەهەندێکی فراوانتری پێ دەدا. هەڵبەت ئەمەیش وا لە زمان دەکا لە پانتاییەکی فراوانتر جووڵە بکا. بە ئەدەبیبوونی زمان دەوەستێتە سەر ریتمو مۆسیقاو تۆنی وشەکانو پێکهاتەو بنچینەکانی زمانەکە. زمان سەبارەت بەم بەکارهێنانە نائاساییەو لە نەریت دەرچوونی بەکارهێنانی وشەیە، کە خەیاڵی بە پیت دەوروژێنێ. (ئیگڵتۆن) باس لەوەدەکا، کە زمانی ئەدەبی بە هۆی ئەو شێوازە جیاجیایانە لە زمانی قسەکردنی رۆژانە جودا دەکرێتەوە، کە بۆ "شێواندنی" زمانی ئاسایی بەکار دەهێنرێت. (ئیگڵتۆن) لە کتێبی "تیۆری ئەدەبی Literary Theory"دا دەڵێ:

لەژێر فشاری شێوازە ئەدەبییەکاندا زمانی ئاسایی بەهێز دەبێ، زیاتر قووڵ دەکرێتەوە، ئاقاری واتاکان دەگۆڕدرێن، وشەکان لە رەگەکانیانەوە دەترازێن.٤

وەڵف گەنگ ئایسەر (١٩٢٦–٢٠٠٧) کە نووسەرو رەخنەگرێکی ئەڵمانییە، پێی وایە تێکستی ئەدەبی دوو جەمسەری هەیە: یەکێکیان هونەرییەو ئەویتریان جەمسەری جوانییە، واتە ئیستاتیکییە. جەمسەرە هونەرییەکە تێکستی نووسەرەکەیەو جەمسەری ئیستاتیکیش خوێنەر جێبەجێی دەکا. کەواتە ناکرێ بڵێین بەرهەمی ئەدەبی بە واقیعکردنی تێکستە یاخود هاوجووتکردنی دەقە لەگەڵ واقیع، بەڵکو حاڵەتێکە لەنێوان هەردووکیان. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە دەقی ئەدەبی خەسڵەتێکی جووڵە ئامێزی هەیە. ئەم جوڵەیەش لە ئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە دروست دەبێ. (ولیەم فۆکنەر) ئەم حەقیقەتە بەم شێوەیە دەخاتە بەر چاو:

مەبەستی هەموو نووسەرێک بەربەستکردنی بزوانو جووڵانەوەیە، واتە بەربەستکردنی خودی ژیانە بە چەند هۆیەکی دەستکرد، بۆ ئەوەی دوای سەد ساڵ، کاتێ یەکێک سەیری دەکاو دەیخوێنێتەوە، جارێکی تر ئەم جوولانو بزوانە بکەوێتەوە گەڕ. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی نەمرە، تاکە نەمرییەک کە بۆ ئەو بشێ ئەوەیە شتێکی نەمر بەجێ بێڵێ، کە هەموو کاتێ لە جووڵانەوەدابێ.٥

بۆیە نە واقیعی ناو تێکستەکەو نە لێکدانەوەی خودئامێزی خوێنەر، ناتوانن سنوور بۆ وزەی پڕ جووڵەی دەق دابنێن. دەقی ئەدەبی بینینی جیاجیا لەلای خوێنەر دروست دەکا، خوێنەریش کار لەسەر بیرو بۆچوونو نموونە جیاجیاکان دەکا، تا لەئەنجامدا خوێنەرو دەق دەکەونە گەڕ.

بابەتی بوونی دەقی ئەدەبی هەر لە سەردەمی (ئەرەستۆ)وە قسەی لەسەر کراوە. (ئەرەستۆ) خۆی ئەو تیۆرە ئەدەبییەی دانا، کە جەخت لەسەر لایەنە بابەتییەکانی ناو دەق دەکاتەوە لەگەڵ ئامانجی نووسەرەکە، کە ئەم لایەنە بابەتییانە ئاشکرای دەکەن. (پیتەر باری Peter Barry) لە بەشی یەکەمی کتێبی "تیۆری سەرەتا: سەرەتایەک بۆ تیۆری ئەدەبیو کولتووری The beginning Theory: An introduction to Litrerary and Cultural Theory" بابەتیبوونی دەقی ئەدەبی بەم شێوەیە شیدەکاتەوە:٦

١. دەقی ئەدەبی، مانای خۆی لە هەناوی خۆیا هەڵگرتووە. باشترین رێگاش بۆ شیکردنەوەی دەق، شیکردنەوەی وشەکانی سەر کاغەزە، بێ ئەوەی خوێنەر پێشتر داینابێ بە دوای چیدا دەگەڕێ.

٢. دەق، ئەو راستییە نەگۆڕو گشتییانە دەخاتە روو، کە دەربارەی سرووشتی مرۆڤن، چونکە سرووشتی مرۆڤ خۆی لەخۆیدا نەگۆڕە. مرۆڤ لە هەموو شوێنو سەردەمو کولتوورێکا جوانە.

٣. دەق دەتوانێ لەگەڵ راستییەکانی ناخی هەریەک لە ئێمە بدوێ، چونکە تایبەتمەندێتیو ناخی هەریەک لە ئێمە شتێکی دەگمەنو تایبەتە بە هەریەکێک لە ئێمە. گرنگیی ناوەوەی خودی مرۆڤ لەوەدایە، کە دەتوانێ سنووری هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیوی دەرەوە بترازێنێو چالاکییەکانی لە پانتاییەکی فراوانتر ئەنجام بدا.

٤. ئەوەی رەخنەگر دەیکا شیکردنەوەی دەقە بە پشتبەستن بە وشەکانی ناو دەقەکە، بۆ ئەوەی زانیارییەکی زیاتر بداتە خوێنەر.

بەڵام پرسیار لەوەدایە: ئایا دەکرێ خوێنەران کە هەریەکە لەناو خودی خۆیەوە بیرو رایەکی تایبەتی بە خۆیەوە هەیە، کاردانەوەکانیان لەگەڵ رێسا گرنگەکانی سەرەوە هاوتەریب بن؟

بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە پشتبەستن بە "تیۆری کاردانەوەی خوێنەر" زیاتر بورووژێنین، باشتر وایە ئاماژە بە چەمکی دیاردەگەرایی (فینۆمینۆلۆژیا)٧ بکەین، کە تیۆریستی بەناوبانگی ئەمریکی (ستانلی فیش) باسی لێوە کردووە. ئەو لە هەموو کتێبەکانیا جەخت لەسەر شارەزایی خوێنەر دەکاتەوە لە خوێندنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان. بە گوێرەی (ستانلی فیش)، بەرهەمی ئەدەبی لە رێگای پرۆسەی خوێندنەوە، کە ئەو بە پرۆسەی "وەرگرتن یا تێگەیشتن reception " ناوی دەبا، بۆ رەخنەگر دەبێتە "حەقیقەت". لەبەر ئەوەی پرۆسەی خوێندنەوە بە درێژایی کات بەردەوامە، بۆیە شارەزایی پەیداکردن لە ئەدەب، پەیوەستە بە بەردەوام هاوتەریبکردنی بینینو بیرو بۆچوونو هەڵسەنگاندنەکان، لەگەڵ واتای ئەو دەقەی، کە لە ئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوە لەلای خوێنەر دروست دەبێ، چونکە ئەو دەقەی لە لای خوێنەر لە دوای خوێندنەوەدا دروست دەبێ، هەمان ئەو دەقەی پێش خوێندنەوە نییە. لێرەدا ئەدەب دەبێتە پرۆسەیەک تیایدا رەخنەگر دوای چەندەها جار بڕیاردانو پێداچوونەوەی هێمنانەو گەڕانەوە بۆ دەقەکەو تاووتوێکردنی بیرو بۆچوونو ئاماژەکان، لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکانی بەسەر رستەو دەستەواژەکان یەکلا دەکاتەوەو دەستەبەریان دەکا. ئەمە رێک لەگەڵ پێناسەی فینۆمینۆلۆژیا لە لایەن (ستانلی فیش) هاوتەریبە، کە لە کتێبی "surprised by sin"دا هاتووە:

واتا (مەبەستی واتای دەقە) ڕووداوێکە، یان شتێکە لەسەر لاپەڕە ڕوونادات. ئێمە ڕاهاتووین لەوێ بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکو واتا لە کارلێکی زنجیرە وشە چاپکراوەکانی سەر کاغەز لەگەڵ ڕامانو ڕوانینی چالاکانەی خوێنەر، یان لە کارلێکی دەنگی وشەکان لەگەڵ ڕامانو ڕوانینی بیسەردا دێتە کایەوە.[٨]

کەواتە هەرچەندە هەڵوێستی خوێنەریان کاردانەوەکەی بەرامبەر بە دەق خودئامێز بێت، لە ئەنجامدا ئەوەی ڕووداوەکان لە مێشکی خوێنەر ڕێک دەخاو دواجار دەیگەیەنێتە ئاستی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی دەقەکە، هەر ئەو شێوە بەردەوامەی ڕەوتی ڕووداوەکانە، کە لە ڕێگای خوێندنەوە لە هزری خوێنەردا ڕێچکە دەگرێ، بۆیە بەگوێرەی تیۆری فینۆمینۆلۆژیای (ستانلی فیش)، ئەوەی لە سەرەتادا لەلای خوێنەر پرۆسەیەکی خودئامێزە، دواجار بە جێبەجێکردنی حاڵەتی بابەتییانەی دەق کۆتایی پێ دێت. کەواتە بەپێی بۆچوونی (ستانلی فیش) ناکرێ دەق بەدەر لە کاریگەرێتیی خودی خوێنەر، کە لە ئەنجامی پرۆسەی خوێندنەوە دروست دەبێ، ببێتە دەقێکی بابەتییانە. ئەو پێی وایە واتاو فۆرم هاوکات لەگەڵ بەهرەو شارەزایی خوێنەر بە یەک ئاڕاستەدا دەڕۆن بەڕێوەو فینۆمینۆلۆژیای کات بڕیار لەسەر فۆرمو واتای کارە ئەدەبییەکە دەدا.

لەلایەکی تر (ستانلی فیش) ئەو شێوازە کۆنە دەشکێنێ کە پێی وایە دەق، یان کاری ئەدەبی لە نێو شارەزایی خوێنەردا ون دەبێ. ئەو پێی وایە دەق فاکتەرێکی کاریگەری بەهێزە لە پرۆسەی پێشخستنی ڕادەی هۆشیاریی خوێنەر، چونکە کاتێ پرۆسەی خوێندنەوە بەرەو پێش دەچێ، نووسەر واتای دەق لەلای خوێنەر دروست دەکا. هەڵبەت ئەو مەبەستی خوێنەری شارەزاو تێگەیشتووە، خوێنەرێک نەک هەر لە سەروبەندی زمان شارەزابێت، بەڵکو بتوانێ مامەڵە لەگەڵ دەستەواژە ئەدەبییەکان بکاو لە کاتی خوێندنەوە دا بتوانێ ئاماژەو دەلالەتو ماناکانی ئەو دیوی دەستەواژەو نەریتە ئەدەبییەکان بدۆزێتەوە[٩]. ئەمەیە وا لە دەق دەکا وەکو تێکستێکی بابەتی بەدرێژایی پرۆسەی خوێندنەوە لە هزرو بیری خوێنەر بمێنێتەوە، بەڵام (فیش Fish) سوورە لە سەر ئەوەی، کە لە سەردەمی ئێستا ئەو سیستەمەمان نییە، کە قسەکەرانی هەمان زمان پەیڕەوی دەکەن. ئەگەر ئەوانەی بە هەمان زمان قسە دەکەن پەیڕەوی هەمان ڕێساو سیستەمی زمان بکەن، ئەوا تێگەیشتن لە دەق لە ڕووی ئەو سیستەمە بەردەوام دەبێو تا ڕادەیەک پێشبینیی کاردانەوەکانیان دەکرێ، بەڵام خوێنەری ئێستا لە ڕووی زمانەوە بەو ڕادەیە دڵنیا نییە، کە پێویستە بۆ ئەوەی لە دەق بگا، زانیارییەکی تەواوی نییە لە ڕووی وشەسازیو ڕەگوریشەی وشەکانی زمان، کە بتوانێ بۆ تێگەیشتن لە دەق، پشتیان پێ ببەستێ. دیارە ئەمە پوختەی پێناسەی (ستانلی فیش)ە بۆ خوێنەری تێگەیشتوو، کە دواجار دەبێتە خوێنەرێکی ڕەخنەگر.[١٠]

بۆچوونەکەی (فیش) لە بۆچوونەکەی (هوسێرل Husserl) دەچێ دەربارەی فینۆمینۆلۆژیا، کە پێی وایە خوێنەری ڕەخنەگر بەر لە خوێندنەوەی دەق، دەبێ هەرچی لە هزرو مێشکیدا هەیە وەلای بنێو ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقەکە بکەوێتە کاردانەوە، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا بتوانێ شێوازی تایبەتیو ڕادەی هۆشیاریی نووسەر بدۆزێتەوە. لێرەدا حەزدەکەم لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی (فیش) ئاماژە بەوە بکەم، کە تا ئێستا لە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی (ئەگەر هەبێ) نەک هەر خوێنەر بگرە هەندێ لە نووسەرانیش، کاتێ بەرهەمێک هەڵدەسەنگێنن، لەگەڵ نووسەرەکە دەکەونە کاردانەوە نەک لەگەڵ دەقەکە. کاتێ هۆشیاریی خوێنەر ڕادەی هۆشیاریی نووسەر لەناو دەقەکەدا دەدۆزێتەوە، لێکدانەوەی دەق نابێتە شتێکی مەحاڵ. (جۆرج پۆولێت[١١] George Poulet) لە یەکێ لە کۆڕە ئەدەبییەکانیدا بەناوی (ڕەخنەو دیوی ناوەوەی دەق Interiority and Criticism)، ئەم حاڵەتە بەم شێوەیە وەسف دەکا:

کتێبێک بگرە، هەست دەکەی شتت پێ دەبەخشێ، خۆی بۆت دەکاتەوە. من ئەم خۆکردنەوەیەی کتێبەکە بە شتێکی گرنگ دەزانم، چونکە کتێب لە سنوورێکی تایبەتدا داناخرێ. شوورەی بەدەوریا نەکێشراوە، وەکو شوورەی قەڵاکان. داوای هیچ شتێکت لێ ناکا، باشتر بێ لەوەی کە لە هەناوی خۆیا هەڵیگرتووە، یان لەوەی کە تۆ بخاتە ناو هەناویەوە، بە کورتی ڕاستییە سەیرەکانی ناو کتێب، بەربەستەکانی نێوان تۆو کتێب لادەبا. کە بەربەستەکان نەمان، تۆ دەچیتە ناخی ئەو و ئەویش دێتە ناخی تۆ. ئەو کاتە دیوی دەرەوەو ژوورەوە نامێنێ.[١٢]

(پۆولێت Poulet) باسی ئەو بیرۆکەیە دەکا، کە لە ئەنجامی تێگەیشتنی دەق لە مێشکی خوێنەردا دروست دەبێ، کاتێ کتێبەکە لە "شتێکی بێگیان"ەوە دەبێتە شتێکی زیندوو. ئەوسا ئەو هۆشیارییە دەدۆزێتەوە، کە لە ناخی کتێبەکەدایە. هەڵبەت مەبەست لەم هۆشیارییە هۆشیاریی نووسەرەکەیە.

(هانس ڕۆبەرت جۆس Hans Robert Jauss)

که تیۆریستێکی ئەڵمانییەو هەواداری تیۆری تێگەیشتن یا وەرگرتنە، لە وەسفکردنی ئەو بنەماو ڕێسایانەی کە خوێنەر لە هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبی پشتیان پێ دەبەستێ، زاراوەی "ئاسۆی بینین horizon of expectation" بەکار دێنێ. هەڵبەت بە هۆی ئەو بنەماو ڕێسایانەیە، کە خوێنەر ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو شیعر، دراما، داستان و...هتد، هەڵدەسەنگێنێ. نموونەیەک بۆ ئەم حاڵەتە هەڵسەنگاندنی شیعرە بە پێی ئەو سەردەمەی، کە شیعرەکەی تیا نووسراوە. بۆ نموونە، ئاخۆ شیعرەکە شیعرێکی خۆشەویستی سبنسەریانەیە[١٣] یاخود هی ئەلەکسەندەر پۆپە (١٦٨٨–١٧٤٤) و لە سەردەمی کلاسیکی ئینگلیزی نووسراوە. بەڵام هەڵسەنگاندنەکە بەهای ڕاستەقینەی شیعرەکەمان پێ ناڵێ. لێرەدا ناوەڕۆکی بابەتییانەی قەسیدەکە جیایە لەگەڵ ئەو حاڵەتە زاتییەی، کە قەسیدەکە لەلای خوێنەر دروستی دەکا، چونکە جۆری تێگەیشتن لە دەق لە لایەن خوێنەرەوە، لە هەر سەردەم و زەمەنێکا جیایە لە زەمەن و سەردەمەکانی تر. با دیسان نموونەی شیعرەکانی ئەلەکساندەر پۆپ وەربگرین، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم نووسراون. ئەو کاتە لێکۆڵەرەکان پرسیاریان لەوە بوو، ئاخۆ پۆپ شاعیرە یان نا؟ ئەوان ئەویان بە پەخشاننووسێکی زیرەک دەزانی کە دەتوانێ پەخشانەکە بە دوو دێڕی ئیقاع و سەرواداری ڕێک بخا، بەڵام پێیان وابووە ئەو خەیاڵە بەهێزەی تیا نییە، کە بیکاتە شیعرێکی چاک. کەچی ئەمڕۆ ئێمە شیعرەکانی بەرز هەڵدەسەنگێنین، سەبارەت بەو هەستە جوانەو بینینە مۆڕاڵەی تیایاندایە بێجگە لەوەی کە تازەی لە نەریتە ئەدەبییەکاندا کردووە. ئەمەیش سەبارەت بە مەودای دووربینی و شارەزایی ئێمەیە کە ئەم هەڵسەنگاندنەو لێکدانەوەیە دەخەینە پاڵ بەرهەمەکە. هەڵبەت ئەمەیش دوا مانای شیعرەکە نییە.

(جۆس Jauss) پێی وایە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر پێمان وابێ بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمێکی گشتگر (جامع)ەو، واتاکەی بۆ هەتا هەتایە چەسپیوەوە بڕاوەتەوە، ئەم واتایەش بۆ هەموو خوێنەرێکو لە هەموو سەردەمێکدا ڕوونە. کەواتە ناکرێ تەنیا یەک تێگەیشتنمان هەبێ بۆ هەر تێکستێکی ئەدەبی و ئەم تێگەیشتنەش بڕابێتەوەو تیۆری ئەدەبیش قووڵی بکاتەوە. بە پێچەوانەوە، هەموو تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە کە خەسڵەتە تایبەتییەکانی دەقەکە دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوە، چ لە ڕابردوو بێت، چ لە سەردەمی ئێستادا پەسندە، بۆیە زانیارییە مێژووییەکان بۆ خوێنەر گرنگە. ئەم ڕێبازە پێچەوانەی بۆچوونی فینۆمینۆلۆژییەکانە دەربارەی گشتگریی دەق و ڕوونی و کراوەیی واتاکەی. (جۆس Jauss) پێی وایە کە بەرهەمی ئەدەبی شتێکی سەربەخۆ نییە، پێویستی بە پاڵپشتیکردن نەبێ، پەیکەرێکی یادگارییش نییە، بتوانێ یەکلایەنە ناوەڕۆکی هەمیشەیی و نەگۆڕی خۆی ئاشکرا بکا.

(وەڵف گەنگ ئایسەر Wolfgang Iser)، یەکێکی ترە لە لایەنگرانی تیۆری وەرگرتن، یا تێگەیشتنی ئەڵمانی، ئەمیش وەکو (جۆس Jauss) پشت بە ڕاڤەکردنی فینۆمینۆلۆژیانەی (ئینگاردن Ingarden)و (گادامەر Gadamer[١٤]) دەبەستێ و دەق و خوێنەر لە ناوەڕۆکو زەمەن دادەماڵێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە خوێنەر هەمیشە دەق بە گوێرەی زیاتر لە پێوەرو بەها ئەدەبییەکان و شارەزایی خۆیەوە دەخوێنێتەوە. هەڵبەت ئەمەیش چەمکی "کۆنکریت بوون concritization" لە دەق دێنێتە پێشەوە، کاتێ دەق بە خوێندنەوە کۆتایی پێ دێ بەو مانایەی، کە دەکرێ بۆشاییەکانی ناو دەقەکە لەلایەن خوێنەرەوەو لە ڕێگای پرۆسەی خوێندنەوە پڕ بکرێتەوە. بەمەیش خوێنەر بەرهەمێکی کاریگەر لە دەقەکەوە دێنێتە دی. لەکاتێکا (ئایسەر Iser) هیچ سنوورێک نە لە بەردەم بۆچوونەکانی ناو دەقەکەو نە لەبەردەم پڕکردنەوەی بۆشایی ناو دەقەکە لەلایەن خوێنەرەوە دانانێ، بەڵام لایەنی فینۆمینۆلۆژیانەی بەرهەمەکانی وا دەخوازێ کە شارەزایی خوێنەر ببێتە چەمکی سەرەکی. کاردانەوەی خودی خوێنەر لە لای (ئایسەر Iser) بە پێچەوانەی (جۆس Jauss) زۆر کەم لە حەقیقەتی بابەتیبوونی دەق جیادەکرێتەوە.

دیارە ئەم بۆچوونانە کۆمەڵێ پرسیار دەورووژێنن: ئێمە کامە بۆچوون قبووڵ بکەین؟ ئایا بۆچوونی خوێنەری یەکەمی دەقەکە جێی گومانە؟ (خۆ ئەگەر حاڵەتی ئەو نووسەرانە وەربگرین، کە لەلایەن هاوچەرخەکانیانەوە قەبووڵ نەکراون و دوای مردنیان بە کەڵەنووسەر ناوبراون، ئەوا ئەم پرسیارە وەڵام دراوەتەوە). ئایا ئێمە دەبێ گریمانەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندییەکی بەکۆمەڵ لەسەر دەقەکە بکەینە مەرجی کارکردن لەسەر دەقەکە؟ دەکرێ ئێمە لە ڕێگای لێکۆڵینەوە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بەدەست بێنین.

واتای دەق لەلای (هوسێرل Husserl) ئامانجێکە پێشتر نەخشەی بۆ دانراوە. مەبەستی ئەوەیە، کە ناکرێ واتای دەق لە چوارچێوەی ڕەفتارە سایکۆلۆژییەکانی قسەکەر یا گوێگر چڕکەیتەوە، هەروەک چۆن ناکرێ بەتەواوییش سەربەخۆ بێ، یا بەدەر بێ لە پرۆسەی هزری.

واتای دەق شتێکی ماددی نییە وەکو مێژو بەردوو...هتد، بەڵام بە تەنها شتێکی خودگەراش نییە. واتا ئامانجێکی ئایدیاڵە، کە دەکرێ بە زۆر ڕێگای جیاجیا دەرببڕدرێ، بەڵام رەنگو ناوەڕۆکی خۆی هەر دەپارێزێ. کەواتە واتای بەرهەمی ئەدەبی بە شتێکی نەگۆڕ دادەنرێو لە هەموو روویەکەوە وەکو ئەو ئامانجە فیکرییەیە، کە نووسەرەکە هەیبووە، یا لەکاتی نووسین بە مێشکیدا هاتووە.

لێکۆڵیاری ئەمەریکی (ئی.دی. هێرچ E.D. HirschJr ١٥) هەڵوێستێکی نەختێک جیاوازی هەیە. ئەو پێی وایە، ئەو واتایەی نووسەر مەبەستییەتی ئەو پرۆسە فیکرییە نییە، کە لەلای نووسەر بەڕێوە دەچێ لە کاتی نووسیندا، چونکە ئەمە هەمووهەوڵێک بۆ دیاریکردنی واتای بابەتییانەی دەق بەتاڵ دەکا. کاتێ ناگەیتە ناو بیرو هۆشو نەستی نووسەر، لێکدانەوەکانت بۆ بەرهەمەکە ناکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی هۆشیاریی نووسەرەکە. دەشێ مرۆڤ ئەم رایە بە رایەکی نەختێک جیاواز بزانێ لە فینۆمینۆلۆژیای (ستانلی فیش Stanely Fish)، چونکە مەبەستی نووسەر یان هۆشیاریی نووسەر لە فینۆمینۆلۆژیای (هوسێرل Husserl) شتێکی بێ بایەخەو کاری پێناکرێ. (هێرچ Hirsch) باسی "ژانری ناوەوەی دەق" دەکا، کە مانا گشتییەکەی دەق دەگرێتە خۆو بە هۆیەوە لێکۆڵیار لە واتای دەق دەگا. دیارە ئەمەیش پەیوەندییەکی زۆری بە چەمکی "مەودای دووربینیی" هەیە، کە سنوور بۆ دەق دادەنێ. لەگەڵ ئەمەشدا (هێرچ Hirsch) ئەو راستییەش دەخاتە روو، کە ژانری ناوەوەی دەق رێبەرێکی ناتەواو و نیوەچڵە بۆ واتای دەق، کە مرۆڤ تا رادەیەک بە پشتبەستن بە رۆشنبیرییەکی قووڵو باش بەدەستی دێنێ. کەواتە دەتوانین بڵێین، خودگەرایی خوێنەر یاخود تێڕوانین لە گۆشەی هەستو بیری خوێنەرەوە، شتێکی جیا نییە لە بابەتیبوونی دەق. ئەمەیش سەبارەت بە تیۆرەکەی (هێرچە Hirsch)، کە واتای دەق بە ویستی نووسەر دەزانێ، چونکە بە پێی ئەو تیۆرە ویستی نووسەر، چەقی قورسایی واتای دەق داگیر دەکا. هەڵبەت ئەمەیش رێگا بۆ چەندەها کاری بە ئەنقەست خۆش دەکا، کە دواجار هەمان ئەنجام یا واتای لێدەکەوێتەوە.

واتای تەواوی دەق لە لای (هێرچ Hirsch) جێبەجێکردنی ویستە. بۆیە بیرۆکەی واتا لە سەرەتا بیرۆکەیەکی کەسێنییەو دەق لە دەرەوەی لێکدانەوەو راڤەی خوێنەر هیچ بوونێکی نییە. لایەنێکی گرنگی تیۆرەکەی (هێرچ Hirsch) جیاکردنەوەی واتای دەقە لە ئاماژەکانی، یاخود لە واتا شاراوەکانی، چونکە بۆی دەرکەوتووە، کە زۆر جار ئەم دوو شتە بە هەڵە تێکەڵدەکرێن. یەکێکیان بە هەڵە بە ئەویتریان دادەنێن. ئەمەیش دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی نووسەر، وەکو دوا سەرچاوە بۆ واتای دەق. کاتێ هەوادارانی لێکدانەوەی نوێی دەق، ئاماژە بە گۆڕینی واتای دەق دەکەن، لەراستیدا ئاماژەکردنەکە بە گۆڕانی کاردانەوەی نووسەرەکەیە، زیاتر لەوەی ئاماژەکردن بێ بە گۆڕینو دەسکاریکردنی واتای دەق. ئەمەیش دیارە ئاماژەکردنە بە جیاکردنەوەی واتای دەق لە کاردانەوە بەرامبەر بە واتای دەق، کە دواجار بە کورتی واتای دەق (واتە، ئەوەی دەق لەسەر پەڕەی کاغەز دەریدەبڕێ) لە واتا شاراوەکەی (واتە، پەیوەندی واتا بە هەر شتێکی تر) جیا دەکاتەوە، بۆیە گۆڕینی ئاماژەکانی دەق، یان واتا شاراوەکەی نابێتە گۆڕینی واتاکەی.١٦

رەخنەگران بە گشتی دوو رەخنەیان لەم تیۆرە گرتووە. یەکەمیان ئەوەیە، کە نووسەرانی هەموو دەقە ئەدەبییەکان ناسراو نین. دووەمیشیان ئەوەیە، کە (پۆگمیلەر١٦ Pogemiller) لەسەر (هێرچ Hirsch) نوسیویەتی:

دوو ئەگەر لەبەر دەستایە، کە راستێتی شتێک



له رووی مێژووەوە دروست دەکەن: زەمەنو بینینی کەسێنی. ئەگەر زەمەن کلیلی ئەم هاوکێشەیە بێ، کەواتە دەبێ ئەوە بزانین کە لە هەر ساتێکی کە دادێ، بینینێکی تازە، زمانێکی تازە، دێتە پێش، کە پێویستە لە راڤەکردنی دەق لەبەر چاو بگیرێ. ئەگەر بۆچوونی هیستۆریستە رادیکاڵەکان (واتە ئەو مێژووناسانەی کە پێیان وایە مێژوو بە چەند یاسایەکی نەگۆڕەوە بەندە، کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی مرۆڤەو ئەم یاسایانە ئاڕاستەی رووداوەکان دەکێشن) لەبەر چاو بگرین، کە دەڵێن تەنها دەقی "ئێستا" بۆ شیکردنەوە دەشێ، ئەوا دەبێ فاکتەری زەمەن وەلابنێین. هیچ دەقێک نییە تایبەت بێ بە "ئێستا". ئەگەر ئەگەری دووەم واتە بینینی کەسێنی کلیلی هاوکێشەکە بێ، ئەوا پوختەی بیروباوەڕی هیستۆریستەکان دەکەوێتە چوارچێوەی سایکۆلۆژیەتو هیچی تر. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بە گشتی جیاوازن، بۆیە ناتوانن لە مەبەستو بیرکردنەوەی یەکتر بگەن.

(هایدگەر Heidegger[١٧])یش بێلایەنیی خوێنەر رەتدەکاتەوە، چونکە ئەو مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکا، کە تایبەتمەندێتی بوونی مرۆڤ لەوەدایە، جێگای پرسیار نییە. ئەوە هۆشیاریی ئێمەیە، کە شتەکانمان بە روونی دەخاتە پێش چاو، لە هەمان کاتیشدا شت لە دونیای دەرەوە وەردەگرێ. ئێمە هەرگیز ناتوانین لە بیرکردنەوەدا بێلایەن بین. ئەمەیش لایەنێکی ئەو تیۆرەیە، کە (گادەمەرGadamar) پەسندی دەکا. (گادەمەر) دەڵێ سرووشتی تایبەت بە زمانی هەموو راڤەکردنێک ئەگەری پەیوەندی لەگەڵ شتەکانی تریش دەگرێتە خۆ. هیچ وتەیەک نییە قسەکەر بەو کەسە ببەستێتەوە کە قسەی بۆ دەکا. بۆیە کاتێ دەمانەوێ لە یەکێک بگەین، دەبێ لەگەڵ ژیانی خۆمان بەراوردی بکەین. مەسەلەکە بکەینە بەشێک لە ژیانی خۆمان، بۆ ئەوەی هەتا بتوانین لەناو هێماو درووشمەکانی ئەودا بژین. هەر بۆیەش مەسەلەی نووسین لەلای نووسەر هەر ئەوە نییە لە ناوەوەی خودی خۆی وردبێتەوە، بەڵکو بە پێی ئەو شارەزاییەی کە دەربارەی خۆی هەیەتی، لە ناوەوەی خەڵکی تریش ورد دەبێتەوە. ئەو لە روانگەی هاوسۆزییەوە دەنووسێ، چونکە هەست دەکا خەڵکی تریش وەکو ئەون. لێرەدا مێژوو هیچ کێشەیەک لەبەردەم راڤەکردنی دەق دانانێ. راڤەکار کاری راڤەکردنەکەی هەر لە چوارچێوەی مێژوو جێبەجێ دەکا، جیاوازیی ماوەی دابڕانەکەیش بە بەردەوامبوونی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان پڕ دەکاتەوە، کە بڕیار لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو زمانی کولتووری سەردەم دەدەن. بەم شێوەیە پردێک لە نێوان مێژوو و راڤەکردنی دەق دروست دەبێ. (پۆگمیلەر Pogmiller) لەم بارەوە دەڵێ:

گادەمەرGadamer لە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەی ماوەی دابڕان لە مێژوو و شوێنو پایەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆکردنەوەو بەیەک بەستنەوەی راڤەکردنو تێگەیشتنو پەیوەندیی دەق بە راڤەکار لەناو یەک کایەدا بە پێویست دەزانێ، بۆ هەر راڤەکارێکی نوێ. گادەمەر دەڵێ: "ئێمە نابێ تەنها سەیری راڤەکردنو تێگەیشتنی دەق بکەین، بەڵکو دەبێ سەیری پەیوەندییەکەشی بکەین، وەک بەشێک لە هەمان پرۆسەی یەکگرتوودا"

کەواتە ئەگەر لێکدانەوەکەی (گادەمەر) قبووڵ بکەین، دەبێ بچینە ژێر باری ئەو رایەی کە دەڵێ، بابەتیبوونی دەق بەستراوەتەوە بە کاردانەوەی خوێنەر بەرامبەر بە دەقەکە.

(ئەلیزابێث رایت Elizabeth Wright)، لە پێشەکیی کتێبەکەی، باسی رەخنە دەکا لە رووی شیکردنەوەی دەروونییەوە. ئەم جۆرە رەخنەیە، بەر لە زمانو لە چوارچێوەی زمانیش، بە هۆیەکی گرنگ دەزانێ بۆ پرۆسەی داهێنان، واتا شاراوەکانیش یاخود ئاماژەکان بۆ ئیستاتیک بەجێدێڵێ. بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکەیە لە رووی شیکردنەوەی دەروونییەوە روون بکەینەوە، کە بابەتیبوونی دەق بۆ خودگەرایی خوێنەر بەجێدێڵێ، بەو پێیەی کە خوێندنەوە دووبارە نووسینەوەی دەق دەگەیەنێ لەلایەن خوێنەرەوە (کاتێ کە خوێنەر دەسەڵاتێکی کاریگەر بەسەر دەق پەیدا دەکا، لە رێگای تۆمارکردنو پاراستنی بینینو باری سەرنجی بۆ ماوەیەکی کاتی) با ئاماژە بە هەندێ لە تێبینییەکانی (رایت Wright) بکەین دەربارەی (فرۆید).

(فرۆید)، پێی وایە هەندێ حاڵەتی لەیەکچوون هەیە، لە نێوان کەرەسەکانی ئەم دووبارە نووسینەوەی ئاماژەمان پێکرد، لەگەڵ کەرەسەکانی بینین لەلای خوێنەر، چونکە دووبارە بەکارهێنانەوەی دەق مانای ئەوەیە، کە سیستەمی تایبەت بە هەستکردنو تێگەیشتن توانایەکی بێ سنووری هەیە لە کاردانەوە بەرامبەر بە بزوێنەرە هەستییەکان. لە لایەکی تر خۆ هەموو رووداوێک، یا هەستێک، مۆرکو جێ نیشانی لە نەستی مرۆڤ بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. دیارە کاتێ نەست لە ئاستە ئاڵۆزەکاندا پێشێل دەکرێ، چالاکە، لێرەدا مەبەست لە کارلێکی بەردەوامیی نێوان مۆرکو جێ نیشانە شاراوەکانی ناو نەستە، لەگەڵ ئەو نووسینەی کە لەبەر دەستی خوێنەر دایە. لەژێر ئەم نووسینە شاراوەیەی بەر دەستی خوێنەر زۆر شت

لادەبردرێو زۆریش دەشێوێندرێ. کەواتە هەر کاتێ و لە هەر بوارێکی شارەزاییەکانی مرۆڤ، نیشانەی هەر بارودۆخێکی پێشێلکەر دەرکەوێ، نەست کاردانەوەیەکی چالاکی دەبێ. ئەمەیش مانای دووبارە نووسینەوەی دەقو خوێندنەوەیەتی بە ئاسانی لە چوارچێوەی بیرو بڕواو شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوە.

لەبەر ئەوەی دەقی ئەدەبی، سەبارەت بە شێوازی داڕشتنییەوە شتێکی جوانو دانسقەیە، تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی دەبێ، بۆیە بەرە بەرە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێ. هەڵبەت خوێنەریش هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی دەقەکە لە وشە بە وشەی واتاکە بگا. (رایت Wright) تیۆری شیکردنەوەی دەروونیی لە رووی بونیادگەرییەوە جیا دەکاتەوە لە شیکردنەوەی دەروونی پاش بونیادگەری، چونکە ئەو حاڵەتی یەکەم بەسەر خوێنەر جێبەجێ دەکا. مەبەست لە خوێنەریش خوێنەری دەقە ئەدەبییەکانو خوێنەری بارودۆخەکانی ژیانە، بەو پێیەی هەر خوێنەرێک خوێندنەوەی تایبەتیی خۆی هەیە بۆ ژیان، کە رابوردووی خوێنەرەکە دیاریدەکا. دیارە ئەم خوێندنەوەیش بە پێی گۆڕانی بارودۆخی ژیان لە گۆڕاندایە، بۆیە خوێندنەوەیشی بۆ دەق دەگۆڕێ، بەڵام بابەتیبوونی دەقەکە جیایە لە خوێنەر، چونکە وەک خۆی دەمێنێتەوە.

ئەم شیکردنەوەیەی دوایی، خوێنەر دەکێشێتە ناو جموجۆڵێکی دەیالیکتیکی، کە بەرەو واتایەکی تازەی دەباو، هێزو پێزی پێشووی هەڵدەوەشێنێتەوە، وەکو حاڵەتێکی دژ بە خۆ دەیخاتە روو، بەڵام (رایت Wright) جیاوازییەکان کەمدەکاتەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێ:

جیاوازیی نێوان خوێنەرو نووسەر چیتر کاریگەر نییە، چونکە هەردووکیان دەکەونە ناو تۆڕی کۆمەڵێ ئیشارەو رووبەرووی زمان دەبنەوە. خوێندنەوەو نووسینو هەروەها رەخنەگرتن بەشێکن لە زنجیرەیەکی نەپچڕاوە، کە بە هۆیانەوە خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، دەقەکە دەنووسێتەوەو نووسەریش لە پرۆسەی نووسینەکەی دەبێتە خوێنەر.[١٨]

(ئایسەر Iser) دەربارەی کاریگەرێتیی تەکنیکە هونەرییەکانی نووسەر بەسەر هۆشیاریی خوێنەر، ئەو بۆچوونە دێنێتە پێشەوە، کە پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی نەگۆڕن، بەڵام ئەو رستانەی بەیەکیان دەبەستنەوە هەمیشە دەگۆڕێن. راستە نووسەر هەوڵ دەدا کاریگەرێتیی خۆی بەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خوێنەر بەجێ بێڵێ، بەڵام هیچ نووسەرێک نییە، کە رێز لە خامەکەی خۆی بگرێ، دەقەکە بۆ خوێنەر ئاشکرا بکاو بەبێ پەردە لەبەردەم خوێنەری دابنێ، چونکە نووسەر لە رێگای ئاکتیڤکردنی خەیاڵی خوێنەرە، ئومێدی ئەوەی دەبێ کە خوێنەر گیرۆدەی دەقەکە بکا.[١٩]

(داڤید بلیچ David Bliech) ئەو بۆچوونەی (هێرچ Hirsch) بە هەڵە دەزانێ، کە دەڵێ، بەشداریکردنی خوێنەر و نووسەر بەیەکەوە، لە دیاریکردنی واتای وشەکانی ناو دەق، وا لە وشەکان دەکا بابەتی بنو یەکلابکرێنەوە، هەروەها تێبینیی لەسەر ئەو بۆچوونەش هەیە، کە پێی وایە نەریتو شێوازە ئەدەبییەکانیش واتا دروست دەکەن. ئەم بۆچوونە بە شتێکی بێ بایەخو نابەجێ دەزانێ لە راڤەکردنی دەق، چونکە هیچ ناکۆکیی لێناکەوێتەوە. ئەو پێی وایە بەڵگەی (هێرچ Hirsch) بۆ ئەو شوێنانەی تەمومژاوین سەرکەوتوو نییە. (بلیچ Bliech) دەڵێ:

ئەگەر پێشەکی، بڕیار لەسەر مەبەستێکی هاوبەش بدەین و پاشانیش لە رێگای مشتومڕو تاووتوێکردنی روونکردنەوەکان بەدوای ئەو مەبەستە بگەڕێین، ئەوا ئێمە تەنها پەرە بە یەک جۆرە زانیاری دەدەین لەناو چەندەها خولیا، کە رەنگە هەر خوێنەرێک هەیبێ. ئەو شتە چاکو پەسندانەی، کە خوێنەر هەست دەکا لە ئەنجامی دیالێکتیکی نێوان شارەزایی لە خوێندنەوەو شارەزایی خۆی لە خودی ژیان لەلای گەڵاڵە دەبێ، نموونەی زانیاریی راستەقینەو گرنگو بە ئەنجامن لەبەرامبەر ئەو قسەو گوتارانەی کە رایدەگەیەنن، گوایە مەبەستی راستەقینەی نووسەرەکەیان دۆزیوەتەوە.[٢٠]

لێرەدا (بلیچ Bliech) بێ ئەوەی مەبەستی بێ، بە رێکەوت رایدەگەیەنێ، کە هیچ پێوەرێکی راست یا چەوت نییە، کاتێ خوێنەر بە پێی ئەو پێویستییانە دەق راڤە دەکا، کە لەگەڵ خۆی دەگونجێ. لەم حاڵەتەدا هیچ جیاوازییەکی روون لە نێوان بابەتیبوونی دەقو خودگەرایی خوێنەردا نییە. ئەی کەواتە دەق چییە؟ (ئایسەر Iser) پێی وایە دەق، ئەو کاتە رۆحی دێتەبەر، کە خوێنەر بە روونی لە ماناکەی گەیشتبێو دەلالەتەکانی شیکردبێتەوە. کەواتە ئەگەر دەق بابەتێک بێ خود دروستی بکا، ئەوا مرۆڤ ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک دەق لە خوێنەر جیا بکاتەوە. لێرەدا رووبەڕووی ئەو حاڵەتە ناکۆکە دەبینەوە، کە جێگای مشتومڕێکی زۆرە، ئەویش ئەوەیە، کە دەق بوونی نییە بەر لە بوونی خوێنەر.

(مایکڵ ریفاتێر[٢١] Michael Riffaterre) و (ستانلی فیش Stanley Fish) و (جۆناثان کولەر Jonathan Culler[٢٢])، سێ رێگایان خستە بەر دەست بۆ شیکردنەوەی دەق لە روانگەی بایەخدان



ئالان رۆب گری

بە رۆڵی خوێنەر. بە رای ئەوان کاری خوێنەر بەقەد کاری نووسەر گرنگە، چونکە پرۆسەی خوێندنەوە، لە چوارچێوە ئەکادیمیەکەی پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، زیاتر لەوەی حاڵەتێکی تێگەیشتنی ناکارا بێت. بە پێی بۆچوونی (ریفاتێر) شیکردنەوەی دەق نابێ بەتەنها بایەخ بە پەیام، واتە دەق بدات، بەڵکو دەبێ هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە پەیوەندیدارن بەم کارە. دیارە خوێنەریش پێکهاتەیەکی بنچینەیی پرۆسەی شیکردنەوەیە. بۆیە دەبێ کاردانەوەی خوێنەر بە هەند وەربگیرێ لەم شیکردنەوەیەدا. (ستانلی فیش Stanely Fish)، وەکو لە سەرەوە باسمان لێوە کرد، رۆڵی خوێنەر بە گرنگ دەزانێ لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ناو دەقو سەرنجی رەخنەگرانیش بۆ ئەمە رادەکێشێ. دیارە (فیشFish) رایەکەی (ریفاتێرRifaterre) وەکو یەکێک لەو رەخنەگرانەی پێش ئەم لەم بوارەدا جێ پەنجەیان دیارە، بە پەسند دەزانێ. خوێنەر لای (فیشFish) وەکو لەسەرەوە باسمان کرد دەبێ شارەزایی لە پرۆسەی خوێندنەوە پیشان بدا. بە واتایەکی تر دەبێ، واتا بۆ دەق بێنێتە بەرهەم، چونکە واتا هەر ئەو پەیامە نییە کە دەق رایدەگەیەنێ، بەڵکو ئەو واتایەش دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی خوێندنەوە لە لای خوێنەر گەڵاڵە دەبێ. (جۆناثان کولەر Jonathan Culler) لەبەر رۆشنایی رایەکەی (فیش Fish) تیۆرەکەی خۆیشی دەخاتە روو. رەخنەی ئەدەبی نابێ هەوڵی تێگەیشتنی دەق بداتو هیچی تر، بەڵکو دەبێ لێکۆڵینەوەبێ لە کاری راڤەکردنی دەق. شێوەو رێبازی خوێندنەوەی دەق دیاری بکا، بۆ ئەوەی فێرمان بکا چلۆن واتا بۆ دەق دروست بکەین. لێکۆڵینەوە دەربارەی کاری راڤەکردن، گورِوتینێکی تازە دەداتە بەر دیاریکردنی واتای دەق. دەبێ رەخنەی ئەدەبی، هەموو ئەو رێبازو بنەمایانە روون بکاتەوە، کە خوێنەر بە ئاڕاستەی کاردانەوە بەرامبەر بەدەق، یا راڤەکردنی دەق دەبا. ئەو کاتە ژانرە ئەدەبییەکان وەکو شێوەی پێشبینیکراوی کاردانەوەی خوێنەر دیاری دەکرێن. ئەمانەیش هەڵبەت بریتین لە کۆمەڵێ نموونەو شتی چاوەڕوانکراو کە یارمەتیی خوێنەر دەدەن، کاری توخمە جیاجیاکانی ناو دەق دیاری بکا. بەم شێوەیە ژانرە راستەقینەکان بریتین لە کۆمەڵێ نموونەو بابەت کە پێویستن بۆ روونکردنەوەی هۆکاری خوێندنەوە.

دیارە مشتومڕ لەسەر رۆڵی هەریەک لە خوێنەرو نووسەر لە شیکردنەوەی دەق لەسەدەی بیستەم زۆر گەرم بوو. (ئالان رۆب گرێ Alain robbe–Grillet) کە نووسەرێکی دیاری فەڕەنسییەو لە بواری رۆمان نووسینو فیلمسازیو رەخنەی ئەدەبی دەستێکی باڵای هەیە، لە زۆربەی نووسینو گوتارەکانیدا دەڵێ، ئەو خۆی خوێنەری خۆی دروست دەکاو هەوڵ دەدا جۆری ئەو کاردانەوەیە بۆ خوێنەر دیاری بکا، کە نووسەر پێشبینیی لێدەکا خوێنەرەکە هەیبێ بەرامبەر بە هەر دەقێکی ئەدەبی، بۆ ئەوەی خوێنەر لە هەر کاردانەوەیەکی هەڵە بە دوور بگرێ، کە رەنگە لە داهاتوودا هەیبێ. لەم روانگەوە رۆمانەکانی (ئالان رۆب گرێ) وەکو رۆمانی (سەرەتاتکێ و سڕینەوە

و ئێرەیی)، سەبارەت بەو فەزایە ئاڵۆزو تەمومژاوییەی کە تیایاندایە، بێجگە لەوەی کە شۆڕشێک بوون لەسەر ئەو شێوازە تەقلیدییەی، کە پێش ئەو لە رۆمان نووسیندا باو بووە، بەرپرسێتیی ئەوەش دەخاتە ئەستۆی خوێنەر، کە دووبارە بە شێوازی خوێندنەوەو بیرکردنەوە، هەروەها شێوازی بینینی جیهانی دەوروبەریدا بچێتەوە. (جان ریکاردۆ) کتێبەکەی خۆی، کە بە ناوی "رۆمانی نوێ Le Noueau Roman" بوو و لە ساڵی ١٩٧٣ چاپ کرا، بۆ خوێنەری نوێی تەرخان کرد، بۆ ئەوەی خوێنەر لە رێگای بەدواداچوونو وردبوونەوە لە مەبەستەکانی نووسەر، شارەزایی لە شێوازی خوێندنەوەی نوێ پەیدا بکا. نووسەری فەرەنسی (فرانس ڤان روسۆم گیۆن Franscoise van Rossum Guyon)، لە گوتارێکا بە ناوی "رۆمانی نوێ و رەخنە لە رۆمان" باس لە گواستنەوەی باری سەرنجی خوێنەر دەکا، لەو واتایەی کە لە دەقەکەوە هەڵیدێنجێ بۆ ئەو شێوازانەی، کە نووسەر بە مەبەستی هێنانەدیی واتای دەق بەکاری دێنێ. زۆر لە رەخنەگرو نووسەرو رۆماننووسەکانی تریش، هەمان مەسەلەیان وروژاندووە. دیارە هەموو ئەو بۆچوونانە لە رواڵەتەوە خوێنەر دەخەنە چەقی مەسەلەی شیکردنەوەی دەق، بەڵام لە راستیدا بۆچوونەکان ئاڕاستەی دەقو نووسەر دەکرێن، بۆیە هەرچەندە تیۆرەکانی (ریفاتێر) و (فیش) و (کولەر)، کە رۆڵی هەر یەک لە خوێنەرو نووسەر بە هەند هەڵدەگرن، لە ئەسڵدا بەسەر شیعردا جێبەجێ دەبن، بەڵام دەبێ وەکو کۆمەڵێ پرەنسیپو رێباز بۆ شیکردنەوەی رۆمانی نوێ بەکار بێن.

(ریفاتێر Rifattere) دیاردەی ئەدەبی بە پرۆسەیەکی گەیاندن وەسف دەکا. بە پێی بۆچوونی ئەو، تێکڕای ئەو پرۆسەیەی، کە خوێنەرو نووسەو دەق پێک دێنی، بریتییە لە پرۆسەی ناردنو وەرگرتن. نێرەر (واتە نووسەر) پەیامێک دەنێرێ (کە دەقەکەیە). وەرگری پەیامەکەش خوێنەرە. دەق پێویستی بە کۆمەڵێ کۆدو فاکتو بە توانای تێگەیشتن هەیە. دیاردەی ئەدەبی تەنها پەیام، واتە دەق نییە، بەڵکو هەموو پرۆسەی گەیاندنەکە دەگرێتەوە. تایبەتمەندێتیی ئەم پرۆسەیەش لەوەدایە، کە نێرەر واتە نووسەر، چیتر بوونی نییە. بۆیە کۆڵەکە گرنگو بنجینەییەکە، پەیامەکەو وەرگرەکەیە، واتە دەقو خوێنەرەکەیە. فاکتەرەکانی تری وەکو کۆدو تێگەیشتن لە وتەو رستە نووسراوەکان، هەر لە پەیامەکە، واتە دەقەکە وەردەگیرێ، کە کۆمەڵێ توخمی تیایە هاوتەریبن، لەگەڵ ئەم فاکتەرانە. دیارە هەر ئەم توخم و پێکهاتانەن، کە کاردانەوە لەلای خوێنەر دروست دەکەن. بۆ ئەوەی مەسەلەکە زیاتر بابەتی بێت، (ریفاتێر Rifattere) کاردانەوەی کۆمەڵێ خوێنەرو رەخنەگر، کە دەقەکەیان خوێندبێتەوە بە "خوێنەری سوپەر superreader" دادەنێ. لە ئاکامدا هەر یەک لەو توخمو پێکهاتانەی کە دەکەوێتە ژێر باری سەرنجی ئەم خوێنەرە سوپەرە، بۆ ماوەیەکی کاتی دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی دەقەکە. ئەو پێکهاتانە لەگەڵ ئەو سیستەمەی کە پێکیان دێنێ، دەبنە ئەو بنەمایانەی کە (ریفاتێر Rifattere)، بۆ شیکردنەوەی نوێ پێشنیازی دەکا.

ئەگەرچی تیۆرەکەی (ریفاتێر Rifattere) ئەگەری جێبەجێ کردنی بەسەر پێکهاتەکانی شیعر زۆرە، بەڵام رێنمایی تازەش دەگرێتەخۆ دەربارەی لێکۆڵینەوە لەسەر رۆمانی نوێ. (ریفاتێر Rifattere) مافەکانی خوێنەر دەگەڕێنێتەوە، چونکە پێی وایە خوێنەر داڕێژەرەوەی بەرهەمێکە، یا دەقێکە، کە ئێستا لەو کەسە جیابۆتەوە کە هێناویەتییە بەرهەم. ئەو رۆماننووسە نوێیەی، کە دەڵێ رۆمانەکەی کاردانەوەی هەڵەی هێناوەتە کایەوەو تێی نەگەیشتوون، لە راستیدا خۆی گوناهبار دەکا نەک خوێنەر. ئەسڵی مەسەلەکە لە وەدایە، کە خۆی هەندێ لەو پلانە ستراتیژیانەی لەدەست دەرچووە، کە نیازی بووە بەکاریان بێنێ، یاخود بەدەر لە ویستی خۆی، رێگای بە هەندێ بابەتو توخمی تر داوە بە دزییەوە بچنە ناو رۆمانەکەو خوێنەریش لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد ئەم توخمو پێکهاتانەی دۆزیوەتەوە. با رۆمانی "ئێرەیی La jalousie" کە لە نووسینی (ئالان رۆب گرێ)یە بە نموونە بێنینەوە، سەبارەت بەو هەموو کاردانەوە جیاجیایەی لێی کەوتەوە. دیارە ئەمەیش، داننانە بە مافی خوێنەر لە هەر کاردانەوەیەک بەرامبەر بە دەق. ئەم هەموو کاردانەوە زۆرەی، کە خوێنەران بەرامبەر بە رۆمانی "ئێرەیی" هەیانە، لە ئاکامی بینینی جۆرەها توخمو پێکهاتەی تایبەتیی ناو دەقەکەیە. ئەوەی بۆ خوێنەر هەڵەیە بیکا ئەوەیە، کە لەناو ئەو هەموو توخمو پێکهاتە گرنگانەدا، هەر ئەو زانیارییانە هەڵبژێرێ، کە لەگەڵ شیکردنەوەیەکی تایبەت بگونجێو ئەوانی تر وەلابنێ.

تێگەیشتن لەو دیاردە ئەدەبییەی کە بە رۆمانی "ئێرەیی" دەناسرێ، مانای ئەوەیە، دەبێ هەتا بکرێ لە زۆر لەو توخمو پێکهاتانە بگەی، کە ئەم رۆمانە پێک دێنن. بەڵام ئەم تێگەیشتنە شێوەی جیاجیا وەردەگرێ. بۆ نموونە (مۆریسێ Morrissette Bruc)ی نووسەر، پێی وایە رۆمانێکی هیومانیستە. دیارە خوێندنەوەی ئەو بۆ توخمو پێکهاتەکانی رۆمانەکە ئەم کاردانەوەیەی

لێدەکەوێتەوە. (رێناتۆ باریل Renato barilli)، بە ڕۆمانێکی فینۆمینۆلۆژیو (جاک لینهارت Jacques Leenhardt)، بە ڕۆمانێکی سیاسی دەزانن، لە کاتێکا (دیدێ ئەنزیێ Didier Anzieu)، پێی وایە ڕۆمانەکە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی بیرۆکەیەکی زاڵ بەسەر مرۆڤ. هەریەک لەمانە کاردانەوەی خۆی بەرامبەر بە توخمو پێکهاتەکانی ناو دەقەکە پیشاندا، بۆیە هەریەکەیان دەتوانێ بیرو بۆچوونی خۆی بسەلمێنێ. پێویستە مرۆڤ تێبینیی ئەوە بکا، کە جیاوازیی بیروڕا لە نێوان ڕەخنەگران، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنو ڕێکخستنی زانیاریەکانو چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە فۆرمەلەکردنو شیکردنەوەی دەق، نەک بە پشتبەستن بە زانیارییەکانو بەس. بۆ ئەوەی ڕەخنەگری سەردەم بەتەواوی لەم کارە بگا، دەبێ هەموو ئەو توخمو پێکهاتە بنچینەییانە لە بەرچاو بگرێ، کە ئەم خوێنەرانە لە ڕێگای کاردانەوەکانیان جەختیان لەسەر دەکەنەوە (واتە مۆریسێ و لینهارتو ئەنزیێو هەروەها ڕۆب گریێ خۆیشی بەڵام وەکو خوێنەرێکی ڕۆمانەکە)

(ستانلی فیش)، ئەو تێبینییە دەخاتەڕوو، کە هەرچەندە (ریفاتێر) مەسەلەی بابەتیبوونی دەقی لەلا گرنگە، بەڵام شێوازێکی خودگەرا دەخاتە ڕوو. مرۆڤ دەتوانێ دان بەوەدا بنێ، کە سوودی ئەم ڕێبازەی (ریفاتێر) لەوەدایە، کە ڕێگا بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەدا لە مەودایەکی فراوانتر، بەڵام ئەوەی دواجار ئەنجام دەدرێ، هەر ڕێکخستنی زانیارییەکانە بۆ ئەوەی لەگەڵ شیکردنەوەکە بگونجێ. سەرەڕای ئەمانەش (ریفاتێر)، وەکو (فیش) بۆی دەچێ، هێشتا پەیام "واتە دەق" لەگەڵ واتا لە هەردوو تای تەرازووەکە بەرامبەر یەک دەکا. ڕۆڵی خوێنەریش هەر لە چوارچێوەی دەستنیشانکردنی مەودای شیکردنەوەی دەق دەمێنێتەوە. واتا لە لای (فیش) زیاترە لەو پەیامە، کە دەق لە هەناوی خۆیا هەڵیگرتووە. پەیامی هەر وتەیەکی ناو دەق، ئەگەر هەموو واتاکەش پێک نەهێنێ، بەشێکی بنچینەییە لە واتای دەق. بۆیە شارەزایی لە دەربڕینی وتەکە، واتای وتەکە پێکدێنێ، چونکە خوێنەر بەشدار بوویەکی چالاکە لە دروستکردنی واتای دەق. (فیش Fish) ئەو گریمانەیە ڕەتدەکاتەوە، کە دەڵێ، دونیای ناو دەق هەروەها دونیای ڕاستەقینە پڕن لە ئاماژەو واتای گرنگو پێویستە خوێنەر دەریان بێنێ. خوێندنەوەی دەق ئەوە نییە تۆ واتا لە چەند بەشێکی پەرشوبڵاو، لێرەو لەوێ کۆکەیتەوەو بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی کامڵی لێ بخەملێ. خوێندنەوە چالاکییەکە، خوێنەر تیادا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە. (فیش) پێشنیازی ئەوە دەکا، لێکۆڵینەوە لەم چالاکییەی خوێنەر بکرێ. کاردانەوەکانی خوێنەر یەک یەک بەرامبەر بە وشەکان تۆمار بکرێ. خوێنەر لای (فیش) (نە خوێنەرێکی نادیارەو نە خوێنەرێکی زیندووی ڕاستەقینەیە، بەڵکو تێکەڵاوێکە لە هەردووکیان، خوێنەرێکە هەوڵ دەدا هەرچی لەدەستی بێ دەیکا، بۆ ئەوەی شتەکان بزانێ) بە واتایەکی تر خوێنەرێکە بە هۆشیارییەوە هەوڵ دەدا مێشکی خۆی بکاتە سەرچاوەی کاردانەوەی بەهێز، کە ڕەنگە لە دەقێک بکەوێتەوە. کاتێ خوێنەری شارەزاو تێگەیشتوو کاردانەوەکانی خۆی، تێبینییەکانی خۆی تۆمار دەکا، لە ئەسڵدا باسی هەنگاو بە هەنگاوی پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتای دەق دەکا. ئەگەر دوا هەنگاوی (ریفاتێر) فۆرمەڵەکردنو داڕشتنی ڕاڤەکردنی دەق بێت، ئەوا دوا هەنگاوی (فیش) باسکردنە لە خودی کاری ڕاڤەکردن. بێجگە لەمەش دەکرێ کاردانەوە تایبەتییەکانی خوێنەری زیرەک و تێگەیشتوو بەرامبەر بە دەق بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندێتییەکانی دەقەکە بەکار بێت، کە ئەو کاردانەوانەیان لێدەکەوێتەوە.

ڕەخنەگری نوێ، کە ڕەخنە لە ڕۆمانی "ئێرەیی Jealousy" دەگرێ، دەبێ کارەکە بە شێوازێکی زۆر جیاواز لەو شێوازە بگرێتە ئەستۆ کە پێشتر کراوە. پێشەکی بەر لەوەی ڕەخنەگر بێ، دەبێ خوێنەرێکی زیرەک بێ، بۆ ئەوەی ئاگای لەو کاردانەوانە هەبێ کە پێشتر ڕۆمانەکە دروستی کردووە. ئەو کاتە دەتوانێ دەست بە خوێندنەوەیەکی تازە بکات، کە جیاواز بێ لەوانی پێشتر. واتە دەتوانێ هەنگاو بەهەنگاو پێشکەوتنی کاردانەوەکان بەرامبەر بە وشەکانی ناو دەقەکە وەکو چۆن هەڵکەوتوون شیبکاتەوە. خوێنەر نابێ پێکهاتە دیاریکراوەکانی ڕۆمانی "ئێرەیی"، ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێی کات، کەموکوڕی لە کۆتایی پێ هێنانیان، گەشەکردنو ناکۆکی ڕەوتی گێڕانەوەی چیرۆک، دووبارەکردنەوەکان، پلانە داڕێژراوەکان، بەکارهێنانی هەر شتێکی هەستپێکراو وەکو پاڵپشتێک بۆ هۆشیاریی چیرۆکبێژ، بەکارهێنانی ڕاناوەکان، بەکارهێنانی هەندێ وشەی تایبەت وەکو وشەی " لەوێ" و وشەی "ئێستا"، بەکارهێنانی کاتو شوێن..هتد، هەموو ئەمانە وەربگرێو بەکاریان بێنێ، تەنها وەکو زانیاری بۆ پاڵپشتیکردنی ڕاڤەکردنی دەق. دەبێ چۆن لە دەقەکەدا هاتوونو لە کاتی بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەی خوێندنەوە چۆن بەبیری خوێنەردا دێن، خوێنەر ئاوایان وەربگرێ. هەموو ئەو کاردانەوەو ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژیانەی کە ئەم کاردانەوانە لە لای خوێنەر دروستی دەکەن، وەکو

هەڵچوونو داخورپانو حەپەسانو تاسانو شلەژانو... هتد، دەبێ لەبەر چاو بگیرێن.

رەخنەگری نوێ، هەموو گریمانەکانی خۆی، پێشبینییەکانی، ئەو رێچکەیەی دەیگرێتە بەر، هەستی خۆی بەرامبەر بە رووداوەکانی ناو دەق، ئەو دەرئەنجامانەی بە دەستیان دێنێ، رادەی پێشکەوتنو پێشنەکەوتنی رەوتی رووداوەکان لە کاتی خۆیا، واتە هەر لە کاتی دەرکەوتنیان تۆماریان دەکا. دیارە هەموو جموجۆڵی ناو مێشکی و هەموو کاردانەوەکانی بەرامبەر بە دەقەکەیە، کە پێکهاتەکانی دیاردە ئەدەبییەکە پێک دێنن. کاردانەوەکانی خوێنەریش ماهییەتی بەرهەمەکە رووندەکەنەوە، کە ئەو کاردانەوەیان لەلا دروست دەکا. بۆ نموونە: ئەو نەخشەو پلانانەی، کە لە رۆمانی "ئێرەیی"دا هەنو خێرا خێرا کار دەکەنە سەر گواستنەوەی باری سەرنجی خوێنەر، بەشێکن لە تایبەتمەندێتییە هەرە دیارەکانی ئەم رۆمانە. سەبارەت بە روونکردنەوەی هۆی هەنگاوە جیاوازەکان (چ هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە چوون بێ، چ هەنگاوەکانی بەرەو دواوە بێ) کە لە ئاکامی جۆرەها کاردانەوەی یەک لەدوای یەکی خوێنەری کارامە لە کاتی بەرێوەچوونی پرۆسەی خوێندنەوە لە مێشکی دەچەسپێن، ئەم رێبازە ماوەی ئەوە دەدا دینامیکی، واتا دروستکردن لە قۆناغی جیاجیا دەرکەوێ.

(جۆناثان کولەر Jonathan culler)، لایەنگری ئەوە دەکا کە رێبازو تەکنیکەکانی خوێندنەوە روونبکرێتەوە. پێشنیازی رێگایەکی گشتی دەکا بۆ گەڕان بە دوای واتا، لە جۆرەها دەقی جیاجیا. ئەمەیش لە رێگای دیاریکردنی پێکهاتەو توخمە هاوبەشەکانی ناو جۆرەها دەقی جیاجیا دێ، کە خوێنەر بە شێوازی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکا، هەروەها دیاریکردنی جۆری جیاوازییەکان لەو مامەڵەکردنەدا. هەندێ لەو توخمانەی، کە مشتومڕ هەڵدەگرن، راناون، وەکو راناوی "من"، "تۆ"، ئاوەڵکاری شوێن وەکو "لێرە"، هەروەها ئاوەڵکاری کات، وەکو "ئێستا"، "دوێنێ" یاخود پرسیاری وەکو: ئەو حاڵەتە ناکۆکانە چین کە پرۆسەی خوێندنەوەیەکی رەمزییان لێدەکەوێتەوە؟

رێگای ئاوا بۆ شیکردنەوەی دەق سەرنجراکێشە بۆ رۆمانی نوێ. ئەگەر وتەکانی (کولەر) وەربگرین، دەکرێ پرسیار لەوە بکەین، ئاخۆ تا چەند حاڵەتەکانی نەگونجانو لایەنە بێبایەخەکان لە گێڕانەوەی چیرۆک، لە دروستکردنی کارەکتەرەکان...هتد، رۆمانی نوێ بە روونی لە رۆمانی کۆن جیادەکەنەوە، بۆچی رۆمانی نوێ لە چوارچێوەی تەکنیکی کۆنی هونەر گەشە ناکا. سوودی ئەم رێبازە لەوەدایە کە یەکێک لە کێشە گەورەکانی رۆماننووسی نوێ، دەربارەی پێناسەی رۆمانی نوێ لادەبا. رۆماننووسی نوێ ئەو رایە رەتدەکاتەوە کە رۆمانی نوێ، هەر لە رۆمانی کۆن سەرچاوەی گرتبێ، بەو پێیەی کە رۆمانی کۆن نموونەو سەرچاوە بێ. هیچ کاتێ رێگا بەم جۆرە بەراوردکردنەی نێوان رۆمانی کۆنو نوێ نادات.

دیارە خەڵک تووشی جۆرێک لە شلەژانو سەرلێشێوان دێن، هەر کاتێ رووبەڕووی دیاردەیەک ببنەوە کە شارەزاییان لەبارەوە نەبێ. دەکرێ ئەم بەراوردکردنە بکرێ، بەڵام نەک لە سەر ئاستی دەقەکان، بەڵکو لەسەر ئاستی خوێنەر. جیاوازیی نێوان رۆمانی نوێو رۆمانی کۆن لەوەدایە، کە خوێنەر بە شێوازی جیاجیا مامەڵە لەگەڵ توخمو پێکهاتە هاوبەشەکانی هەردوو ژانرەکە دەکاو شێوازی خوێندنەوەی بۆ خوێندنەوەی ئەو پێکهاتانە جیاوازە. خوێنەر چیتر ئەو تاوانەی ناخرێتە پاڵ، کە ناتوانێ ئەو شارەزاییەی پێشترێ لە پرۆسەی خوێندنەوە هەیبووە وەلای بنێ، لە جیاتی ئەو زانیاری تازە، ئەزموونی تازە، بە دیدو روانینێکی تازە، بۆ ئەم پرۆسەیە دەستەبەر بکا. بە پێچەوانەوە پێشبینیی ئەوەی لێدەکرێ، ئاگای لە تەکنیکو شێوازی جیاوازی ئەم پرۆسەیە بێ. ئەرکی رەخنەگر یارمەتیدانی خوێنەرە، بۆ دۆزینەوەی ئەم شێوازانە.

ئەو سێ رێگایانەی لە سەرەوە باسکران، جەخت لەسەر گەڕانەوە بۆ خوێنەر دەکەن بە سێ رێگای جیاواز. بە پێی رێبازی رەخنەگرانەی (ریفاتێر) کاردانەوەکانی خوێنەری سوپەر، بەرامبەر بە دەق مەودایەکی فراوانتری هەیە بۆ راڤەکردنێکی خودگەرایی دەق. رێبازی (فیش) کاردانەوەکانی خوێنەر بۆ ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خوێنەر بەکاردێنێ. (کولەر Culler) خوێنەرو رەخنەگر بەکاردێنێ بۆ دەستەبەر کردنی شێوازی تایبەتی خوێندنەوەی هەر دەقێکی دیاریکراو. ئەم رێگایە دوو گروپی خوێنەر دەگرێتەخۆ: ئەو خوێنەرانەی، کە رەخنەگر خۆی (وەکو خوێنەرێک) شارەزایانە، هەروەها خوێنەرەکانی داهاتووش کە سوود لە ئەنجامی خوێندنەوەکانی رەخنەگرو خوێنەرانی پێشوو وەردەگرێ.

ئەو سێ رێگایە ئەگەر جێبەجێ بکرێن بەسەر رۆمانی نوێ، ئەگەری ئەوە دەدەنە دەست، کە خوێنەری رۆمانی نوێ، تا ئێستا بەشدارییەکی چالاکانەی کردووە لە هێنانەدیی رۆمانی نوێ، بێ ئەوەی دانی پێدا نرابێ. رۆمانی نوێ، نووسەری نوێ هەروەها خوێنەری نوێ، هەرسێکیان بەیەکەوە هەنگاویان بەرەو پێشەوە ناوە، هەرچەندە

بەشدارییکرنی خوێنەری نوێ، وەکو بەشدارییکردنێکی راستەقینە دانی پێدا نەنراوە. خوێنەری نوێ، کە بەردەوام بەوە تاوانبار دەکرێ وەکو پێویست ئامادەکاریی تێدا نییە، تا لەبەر رۆشنایی رێبازێکی تایبەتدا مامەڵە لەگەڵ رۆمانی نوێ بکا، لە راستیدا وەکو ئامێرێکی راستکردنەوە بەکاردێ لەلایەن نووسەری نوێ. ئەو نەخشەو پلانانەی کە پێویستە کاردانەوەی بەرامبەریان هەبێ، هەموو کاتێ روونو ئاشکرا نییە. بێتوانایی خوێنەر لە کاردانەوەی راستەقینە بەرامبەر بەو نەخشەو پلانانەی نووسەر، وای لە نووسەر کردووە نەخشەو پلانەکانی خۆی بژار بکاو کەموکورپییەکانی لێ لاببلو پەرەیان پێ بدا. لەلایەکی تر کاردانەوەکانی خوێنەری نوێ، هیچ کاتێ بە نەگەتیڤ وەرنەگیراوە، بەڵکو وایان لە نووسەر کردووە ئاگاداری ئامادەبوونی خۆی بێ لەناو دەق، هەروەها ئاگاداری ئەو توخمو پێکهاتانە بێ، کە لە بێئاگاییەوە لەناو دەق دایناون. هەندێ جار خوێنەری نوێ وەکو (جان ریکاردۆ)، بووەتە رۆماننووسی نوێ. رۆمانی نوێ، قۆناغی ئێستای گەڵاڵەکردنی ئەم ژانرەیە. رۆمانی "ئێرەیی" شێوەیەکی سەرەتایی ئەم گەڵاڵە بوونەیە. رێبازەکەی (ریفاتێر) بەسەر ئەم رۆمانە جێبەجێ دەبێو دان بەم تایبەتمەندێتییە دەنێو یارمەتیمان دەدا پێکهاتەکانی تری ناو رۆمانەکە بدۆزینەوە. رێبازەکەی (فیش)، لەبەر ئەوەی هەنگاوە جیاجیاکانی پرۆسەی راڤەکردن بە وردی تۆمار دەکا، دیاردە ئەدەبییەکە (واتە رۆمانی "ئێرەیی") لە مەودایەکی فراوانتر دەبینێ. رێگاکەی (کولەر) سەرکەوتووترە لە جێبەجێکردن بەسەر شێوەی پێشکەوتووی رۆمانی نوێ، چونکە پێناسەی ژانرەکە دەکا، بەڵام نەک بە پێی هەوڵەکانی نووسەر، بەڵکو بە گوێرەی ئەو رێگایەی کە خوێنەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکانا دەیگرێتە بەر.

مشتومڕ دەربارەی پرۆسەی خوێندنەوەو رۆڵی خوێنەر لە شیکردنەوەی دەق ئاڵۆزتر دەبێ، کاتێ بیرۆکەی خوێنەری شاراوە implied reader دێتە گۆڕێ. دیارە ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی کە سەدەی رابردوو بە خۆیەوەی دی، سەبارەت بە وروژاندنی جۆرێک لە حەزو ئارەزووی بەتین بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی ئەدەبی، دەرگایەکی تازەی بە ئاراستەی هەڵوەستەکردن لەسەر جۆرەها چەمکی تایبەت بە خوێنەر لە ناو دەق کردەوە. هەڵبەت لێکۆڵینەوە لەم خوێنەرە دەستکردانەی ناو دەق مەسەلەیەکی کێشەئامێزە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە باسکردنی رۆڵی خوێنەر، باسی خوێنەری ئایدیالو خوێنەری دروستکراو و خوێنەری نادیارو خوێنەری راستەقینەو خوێنەری شاراوەو چەندەها زاراوەی تری لەم جۆرە دەکەن. زۆر جاریش زاراوەکان یەکتر دووبارە دەکەنەوە. ئەڵمانییەکان لەم بوارەدا زاراوەی خوێنەری دروستکراویان بەکار هێناوە (fiktiver leser). ئەم خوێنەرە، خوێنەرێکە نووسەر خۆی لە ناو دەق دروستی دەکا. دەشێ وەکو هەریەک لە کارەکتەرەکان قسە بکا. بە واتایەکی تر بەرجەستەکردنی خوێنەرە لەناو دەق. ئەم جۆرە خوێنەرە لە زۆر لە بەرهەمەکانی سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەم دەردەکەوێ. نموونەیەکی زەق بۆ ئەم جۆرە خوێنەرە لە رۆمانی تریسترام شاندی Tritsram Shandy دەردەکەوێ، کە (لۆرانس ستێرن) نووسیویەتی. "تریسترام شاندی" باسی ژیانی خۆی دەکاو لە بەشێکی رۆمانەکە دوای ئەوەی کەمێک لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەوەستێ، سەرزەنشتی ئەو خوێنەرە کلۆڵە دەکا، کە وەکو کارەکتەرێکی ناو رۆمانەکە دەردەکەوێ:

ـ مادام، تۆ چۆن دەبێ ئاوا کەمتەرخەم بیت لە خوێندنەوەی دوایین بەش؟ من لەو بەشە پێم گووتی، دایکم کاسۆلیکی نەبوو.

ـ کاسۆلیکی! گەورەم، تۆ شتی ئاوات بە من نەگووتووە.

ـ مادام، رێگام پێ بدە با دووبارەی کەمەوە. وەکو چۆن ئەو قسانەت راستەوخۆ بە روونی پێ دەڵێم ئاوا پێم گوتی.

ـ کەواتە، گەورەم، دەشێ ئەو لاپەڕەم پەڕاندبێ.

(بەشی دەیەم لە کتێبی یەکەم لە رۆمانی تریسترام شاندی)

ئیتر چیرۆکبێژ، مادام ناچار دەکا بەشەکە هەمووی بخوێنێتەوە.

هەندێ لە رەخنەگرەکان زاراوەی خوێنەری نادیار abstract reader بەکار دێنن. ئەمەیش هەر هەمان ئەو خوێنەرە شاراوەیەیە کە (وەڵف گەنگ ئایسەر)، باسی لێوە دەکا. هەڵوێستو پاشخانی ئەم خوێنەرە نادیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەر لە ناو دەقەکە دەستنیشان دەکرێ. نووسەر وێنای ئەم خوێنەرە نموونەییە دەکا، جا چ لە ئاگاییەوە بێت، یان لە بێئاگایی، بەڵام ئەم خوێنەرە لە ناو هەموو بەرهەمێکا هەیە، چونکە هەموو دەقێک پەیامێکەو پێویستە وەرگرێک "واتە خوێنەرێک"ی هەبێت، کە تا رادەیەک بە شێوەیەکی نادیار دەستنیشانی دەکا. رەخنەگرە ئەنگلۆئەمریکییەکان پێیان وایە (ئایسەر) قەرزاری (واین بووث ـ Wayne Booth ـ) ە بە

تایبەتی لە چەمکی "نووسەری شاراوە ـ Implied author" کە واین لە کتێبی "هونەری چیرۆک ـ Rhetoric of fiction"ـ بەم شێوەیە پووختەکەی دەردەبڕێ:

چۆن نامە کەسێنییەکان، سەبارەت بەو کەسانەی کە نامەکانیان ئاڕاستە دەکرێتو هەروەها سەبارەت بە مەبەستی هەر یەک لە نامەکان، شێوەی جیا جیا دەربارەی نووسەرەکەی دەگرێتە خۆ، نووسەرییش ئاوا بە بیروڕای جیا جیا بە پێی پێویستییەکان دەست پێدەکا.٢٣

ئەو نووسەرە شاراوەیەی کە لە ناو دەق هەستی پێدەکەینو لە سەرووی چیرۆکبێژەکە یا لەودیوی چیرۆکبێژەوە، هەمان ئەو نووسەرە راستەقینەیە نییە، کە ئێمە لە رێگای بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتەکانی تر شارەزای هەموو قۆناغەکانی ژیانی بووینە. دیارە نووسەر بە مەبەستی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی ئەو جیهانە تایبەتییەی رۆی دەنێو ئەو پەیامەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێم، خۆی دەخاتە ناو دەق. بەم جۆرە نووسەر "خود ـ زات ـ "ی دووەم لەناو دەق دروست دەکا. ئەم "خود"ەش لە هەر بەرهەمێکا شێوەیەکی تازەی هەیە. (بووث Booth) پێی وایە چەمکی "نووسەری شاراوە" پەیوەندیي بە خوێنەرێکی هاوشێوە هەیە:

نووسەر لەناو دەق، وێنەیەکی خۆی دروست دەکا لەگەڵ وێنەیەکی خوێنەرەکەی: وێنەی خوێنەر لە پاڵ "خود"ی دووەمی خۆی دروست دەکا. سەرکەوتووترین خوێندنەوەی دەقیش ئەوەیە، کە "خود"ە دروستکراوەکان، واتە خوێنەرو نووسەر بە تەواوی لەگەڵ یەکتر رێک کەونو بگونجێن.٢٤

لە رووی پراکتیکییەوە، زۆر جار زاراوەی نووسەری شاراوە implied author شتێکی زیادەیە. (بووث Booth) بەرپەرچی هەموو ئەو هێرشانە دەداتەوە کە لە دڵسۆزیی نووسەر کەمدەکەنەوە. هەڵبەت ئەم هێرشانەش لە ئەنجامی بەراوردکردنێکی بە هەڵەی نێوان ئەو نووسەرە شاراوانە دێ، کە لە بەرهەمە جیاجیاکانی هەمان نووسەر دروست دەبێ. ئێمە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانمان یەک یەک باسی بەرهەمەکان دەکەین. نووسەری راستەقینەو نووسەری شاراوە، وەکو یەک سەیر ناکەین. ئەمە هەڵەیەکەو نابێ بیکەین. بۆیە هەر کاتێ گفتوگۆیەکی راشکاو و بێ پێچو پەنا لە سەر باری رووداوەکانی ناو دەقێکی تایبەت بکەین، دەتوانین ئاماژە بە نووسەرەکە بکەین، یا ناوی بێنین.

(هانیلۆر لینک Hannelor Link)، کە وێنەکە لە (ئایسەر) روونتر دەخاتە روو و خوێنەری شاراوەو نووسەری شاراوە، لە گەیاندنی زانیارییەکان وەکو دوو جەمسەری دژ بەیەک پیشان دەدا، خۆی هەردوو چەمکی نووسەری راستەقینەو نووسەری نادیار، واتە شاراوە ئاڵوگۆڕ پێدەکاو وای دەردەخا کە چەمکی نووسەری نادیار شتێکی زیادەیە. بەهەرحاڵ، بۆ ئێمە زۆر پێویستە خوێنەری شاراوە لەگەڵ خوێنەری راستەقینە تێکەڵ نەکەین، چونکە ئەمە هەڵەیەکەو بە ئاسانی دەکرێ.

(ئەروین وەڵف) زاراوەی intended reader واتە خوێنەری دەستنیشانکراو، یا ئامادەکراو، لەلایەن نووسەری هێنایە کایەوە، کە بە ئەڵمانی intendierter leserای پێ دەڵێن. ئەم خوێنەرەش، وەکو خۆی وەسفی دەکا، وێنەی ئەو خوێنەرەیە کە لە مێشکی نووسەر دروست دەبێ، یا ئەو وێنە ئایدیالەیە، کە شاعیر بۆ گوێگری خۆی لە مێشکی خۆیا دروستی دەکا. (ئاروین وەڵف)، پێی وایە ئەم خوێنەرە لە خوێنەری راستەقینە زیاتر بەرهەمەکەی نووسەر بەهێز دەکا. لەم رووەوە، بۆچوونی (ئایسەر) و (وەڵف) هەمان بنەمایان هەیە، بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە بزانین، کە (وەڵف)، پێی وایە وێنەی خوێنەر لە لای نووسەر بە سێ رێگا دەستنیشان دەکرێ:

یەکەم: بە باسکردنی هەر خوێنەرێک، کە دەشێ راستەوخۆ لە بەرهەمەکە بەرجەستە بێ، واتە لە رێگای بەکارەکتەر کردنی خوێنەر.

دووەم: لە رێگای ساغکردنەوەی ئەو خوێنەرەی، کە شێوازو داڕشتنی بەرهەمەکە تەواو دەکا. دیارە باشترین رێزلێنان لە تێگەیشتنی خوێنەر ئەوەیە، کە نووسەر مەسەلەکەی بێ ناخۆشی لەگەڵ دابەش بکا، واتە هەندێکی بۆ ئەو بە جێ بێڵێ.

سێیەم: لە رێگای هەڵسەنگاندنی سەرنجو بینینە تیۆریو پەیوەندیدارەکانی نووسەر خۆی. دیارە رێگای سێیەم هەمان ئەو کەموکوڕییانەی هەیە، کە لە شیکردنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبیدا هەیە. رەنگە هەر تێبینییەکی تری نووسەر لە پاڵ دەق سوودبەخش بێت، بەڵام دەبێ ئەو تێبینییانە لە هەر شیکردنەوەیەکدا بە پلەی دووەم بێن. نابێ لە شیکردنەوەی حاڵەتە دژبەیەکەکانی ناو دەق لە پێکهاتەکانی دەقەکە زیاتر جێگای متمانە بن. لە لایەکی تر، شێوازی گشتیی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تا رادەیەک سنوور بۆ خوێنەرە دەستکردەکانی ناو دەق دادەنێ. بە پێی بۆچوونی (ئاروین وەڵف) تێگەیشتن لە هەر داهێنانێکی تازە لە ناو هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە بواری هەر ژانرێک بێ، پێویستی بە توانایەکی تایبەت هەیە. بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە رۆمانی نامەیی

epistolary novels بگەیت، دەبێ شارەزاییەکی تایبەتت لەم بوارەدا هەبێت. دەشێ ئەم شارەزاییە گۆڕانیشی بەسەردا بێت. بۆیە ئەو نووسەرەی داهێنانی لەم جۆرە ئەنجام دەدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سنوور بۆ خوێنەرە دروستکراوەکەی خۆی دادەنێ.

(وۆڵف گەنگ ئایسەر) لە کتێبی "پرۆسەی خوێندنەوە ١٩٧٦" The Act of Reading هەروەها لە کتێبی "خوێنەری شاراوە The Implied Reader ١٩٧٢" مەبەستی خۆی لە چەمکی خوێنەری شاراوە روون دەکاتەوە، کاتێ باسی چەمکە هاوشێوەکان دەکا، کە (ئاروین وەڵف) بەکاری هێناون. ئەگەر لە ڕێگای یەکەمی (ئاروین وەڵف) وردبینەوە، کە باس لە هەر خوێنەرێکی ناو دەق دەکا، بەو خوێنەرەشەوە کە بە کارەکتەر دەکرێ، بۆمان دەردەکەوێ کە گفتوگۆکردن دەربارەی خوێنەری ناو دەق، کە (ئاروین وەڵف) بە خوێنەری دەستنیشانکراو، یا ئامادەکراو لەلایەن نووسەرەوە ناوی دەبا Intended Reader، پشێوییەکی زۆر دەنێتەوە لە نێوان چەمکی خوێنەری شاراوە، کە (ئایسەر) بەکاری دێنێ لە گەڵ intended reader واتە خوێنەری دەستنیشانکراو لەلایەن نووسەرەوە، کە (ئاروین وەڵف) باسی دەکا بەو خوێنەرەش، کە نووسەر وەکو کارەکتەرێک لە بەرهەمەکەی خۆیا بەکاری دێنێ. رەنگە نووسەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ خوێنەرێک وەکو یەکێک لە کارەکتەرەکانی خۆی لەناو دەق بەکار بێنێ، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەم جۆرە خوێنەرە بە گشتی لەوە بێهێزترە تا کاردانەوەی ئێمەی تیادا بەرجەستە بێ. بەکارهێنانی ئەو جۆرە خوێنەرانەش لە شیعردا، زیاتر لە هۆنراوە پڕ سۆزەکان دەردەکەوێ. (ئایسەر) بە ئاماژە بە ڕێگای یەکەمی ئاروین وەڵف لە دیاریکردنی خوێنەری دەستنیشانکراو لەلایەن نووسەرەوە Intebded Reader دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئاروین وەڵف بەڕاستی مەبەستی لەو خوێنەرەیە، کە لە ناو دەق بە کارەکتەر دەکرێ Characterizwd Reader. (دەبلیو. دانیاڵ ویڵسن W.Danial.Wilson)، پێی وایە (ئایسەر) بە هەڵە هەردوو چەمکەکەی تێکەڵکردووە، چونکە خوێنەری بە کارەکتەرکراوی ناو دەق Characterized Reader هەر، Intended Reader واتە ئەو خوێنەرە نییە، کە نووسەر بە ئەنقەست ئامادەی دەکاو بەرهەمەکەی پێ بەهێز دەکا. ئەم تێکەڵکردنەی (ئایسەر)، لەم پەرەگرافەی خوارەوە دەردەکەوێ، کە لە کتێبی "پرۆسەی خوێندنەوە" نووسیویەتی:

کەواتە، خوێنەری دەستنیشانکراوی ناو دەق هەندێ هەڵوێست پیشان دەدا، بەڵام ئەم هەڵوێستانە لەگەڵ رۆڵی خوێنەر هاوتەریب نین، چونکە زۆر لەو هەڵوێستانە وەکو هەڵوێستی تەوسئامێز دێنە بەرچاو، بۆ ئەوەی خوێنەر پێشبینیی ئەوەی لێ نەکرێ ئەو هەڵوێستانە قبووڵ بکا، کە پیشانی دەدرێ، بەڵکو لە بەرامبەریانا کاردانەوەی هەبێ.

(پرۆسەی خوێندنەوە، ل٣٣)

چۆن دەبێ ئەم هەڵوێستانە هەڵوێستی دروستکراو بن بۆ خوێنەرێک، کە پێشبینیی ئەوەی لێ نەکرێ لەگەڵیانا هاوسۆز بێ؟ (ئایسەر) لە جێبەجێکردنی چەمکی خوێنەری دەستنیشانکراو Intended Reader، بە سەر خوێنەری بەکارەکتەر کراو Characterized Reader زۆر ورد نەبووە، بۆیە خۆی لەو پرسیارە لادەدا کە دەڵێ، ئاخۆ خوێنەرە شاراوەکەی ئەو، یاخود رۆڵی خوێنەر، بە مانای وشە، لەگەڵ خوێنەرە دەستنیشانکراوەکەی ئەو هاوتان. ئەگەر ئێمە پێناسەکەی (ئاروین وەڵف) وەربگرین، دەربارەی خوێنەری دەستنیشانکراو Intended Reader، کە دەڵێ: "وێنەی ئەو خوێنەرەیە، کە لە هزری نووسەر دروست دەبێ" و "بەرهەمەکەی پێ بەهێز دەکا" ئەوا بۆچوونی خۆیو بۆچوونە چەوتەکەی (ئایسەر)یش رەتدەکاتەوە، دەربارەی هاوتا بوونی ئەم خوێنەرە لەگەڵ خوێنەری بە کارەکتەرکراو Characreized Reader . دیارە ئەو کاتەش هیچ جیاوازییەک لە نێوان خوێنەری شاراوەو خوێنەری دەستنیشانکراو نامێنێ. (ئایسەر) هەوڵدەدا لەیەکترییان جیا بکاتەوە. "وێنەی ئەو خوێنەرەی لە هزری نووسەر"ە لە "کاری واتا دروستکردن" کە بۆ "وەرگری دەق"ی داناوە جیابکاتەوە. لەلایەکی تر ئەگەر وێنەی خوێنەری لە هزری نووسەر بەرهەمەکەی نووسەر بەهێزتر بکا، ئەوا دەبێ لە ناو دەق رۆڵی هەبێ. دەبێ بە خوێنەر پیشان بدا چۆن لە دەق دەگا. بە واتایەکی تر دەبێ واتا بۆ دەق بێنێتە بەرهەم، یان با بە ڕێگایەکی تر بۆ مەسەلەکە بچیین، کێ دەتوانی بێجگە لە نووسەر، ڕێ بۆ خوێنەر دابنێ چی بکاو چی نەکا؟ (ئایسەر) مشتو مڕ لەسەر ئەوە دەکا، کە دەق خۆی ئەو کارە دەکا. بەو مانایە بێ (هانلۆر لینک Hannlor Link) پێی وایە خوێنەری شاراوەو خوێنەری دەستنیشانکراو ئەو کاتە هاوتان، کە نووسەر لە فۆرمەلەکردنی پەیامی خۆی بە پێی ئەو مەبەستەی کە هەیەتی (واتە مەبەست لە نووسین بۆ ئەو خوێنەرەی کە خۆی مەبەستییەتی بۆی بنووسێ) سەرکەوتوو بێ، بەڵام (لینک)، پێی وایە نووسەر لە

زۆربەی ئەو بەرهەمانەی بە بەرهەمی ئەدەبییان دەزانین، ئەو مەبەستە دەزانێ.

کێشەیەکی قووڵتر بۆ ئەم مەسەلەیە، سەرچاوەکەی لەو بنەما تیۆریانە وەردەگرێ کە (ئایسەر)، بۆ چەمکی خوێنەری شاراوە دایڕشتووە. (ئایسەر) پێی وایە نووسەر، وەکو بڕیاردەری واتای دەق، هێندە بچووک بووەتەوە تا گەیشتۆتە رادەی نەمان. لە جیاتی ئەو خوێنەر واتای دەق دروست دەکا. (ئایسەر)، پێی وایە خوێنەری شاراوە Implied Reader، پێکهاتەیەکی بابەتییانەی ناو دەقەو توانای یەکلاکردنەوەی واتای دەقی هەیەو لە هەمان کاتیشدا مامەڵەکردنێکی خودگەرای جیاجیای پێکهاتەکانیەتی لەلایەن خوێنەرە راستەقینەکان. هەندێ لە رەخنەگرەکان، وەکو (لینک Link)، بە هەندێ لە دەستەواژەکانی (ئایسەر) سەرسامن، وەکو دەستەواژەی "مەبەستی دەق" لە "هزرو خەیاڵی خوێنەر" دایە. هەندێ لە رەخنەگران پێیان وایە، کە (ئایسەر)، لە کتێبی "پرۆسەی خوێندنەوە The Act of Reading"، باس لەو بینینە دەکا، کە نووسەر مەبەستییەتی لەگەڵ ئەو بینینەی، کە خوێنەر مەبەستییەتی.

لە شیکردنەوەیەکی پراکتیکیشدا، لە کتێبی "نووسەری شاراوە Implied Reader"، (ئایسەر) زۆر جار ناچار دەبێ پشت بەو رۆڵە ببەستێ، کە بۆ خوێنەر دیاریدەکرێ. گومان لەوەدا نییە، کە (ئایسەر) دەیەوێ ئاماژە بۆ مەبەستی نووسەر بکا. ئەمەیش شتێکی تەواو جیاوازە لە مەسەلەی جەختکردن لەسەر ئەو لایەنە تیۆرییەی کە خوێنەر بە خوڵقێنەری واتای دەق دادەنێ. هەڵبەت ئێمە دەبێ چەمکی "مەبەست" لە چوارچێوەیەکی فراوان بەکار بێنین. نابێ ئەم چەمکە بۆ دەربڕینی مەبەستی نووسەر بێ لە دەرەوەی دەق. مەبەست، وەکو لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەردەکەوێ، دەبێ بەرەو دروستکردنی پێکهاتەیەکمان ببا، کە توانای گەیاندنی بەرهەمەکەی هەبێ. (ئایسەر)، پشت بە چەمکی "مەبەست" دەبەستێ لەم پانتاییە فراوانەدا، کە لە بەرهەمەکە دەردەکەوێ. بۆیە ئەگەر (ئاروین وەڵف)، ئەم چەمکە تەنها لە چوارچێوە تەسکەکەی بەکاربێنێ، ئەوا دەکرێ جیاوازیی کاریگەر لە نێوان، خوێنەری شاراوەو خوێنەری دەستنیشانکراو پەسند بکرێ، (هەڵبەت ئاروین وەڵف لە خاڵی سێیەم، ئەم چەمکە لە چوارچێوە تەسکەکەی بەکار دێنێ، ئەگەرچی جەخت کردنی لە سەر "بەهێزکردنی بەرهەمەکە" بە هۆی خوێنەری دەستنیشانکراو، ئەم چوارچێوە تەسکە لاواز دەکا). بە هەر حاڵ، ئێمە لێرەدا رووبەڕووی پرسیارێک دەبینەوە: ئایا نووسەر بە هۆشیارییەوە دەیەوێ ئەو پێکهاتە وردانە دروست بکا، کە رەخنەگرەکان لە بەرهەمەکەیاندا ئاشکرای دەکەن؟ دیارە ئەم پرسیارە بە گشتی، بۆ ئەم دیسیپلینەی ئێمە هەر بێ وەڵام ماوەتەوە، بەڵام لە راستیدا، ئەم مەسەلەیە بۆ شیکردنەوەی پێکهاتە گەیەنەرەکانی ناو دەق چ سوودێکی نییە، چونکە وەکو (ستانلی فیش) دەیخاتە روو، مرۆڤ دەتوانێ هەر هەڵوێستێک، یا هەر دەرئەنجامێکی ناو دەق راڤە بکا بێ ئەوەی خۆی بەوە سەخڵەت بکا، ئاخۆ بە ئەنقەست، یا بە رێکەوت هاتۆتە دی.

دیارە نووسەر بەرهەمەکەی خۆی بۆ خوێنەر دەنووسێ، بەڵام کاتێ دەینووسێ خوێنەر تەنها لە هزری نووسەرو لەناو دەقەکە بوونی هەیە. ئەم خوێنەرەش خوێنەرێکی ئەبستراکتە، خوێنەرێکی زیندوو نییە، جا ئەگەر خوێنەرێکی شاراوە بێت یا خوێنەرێکی دەستنیشانکراو بێت. بۆیە تەنها کاتێ بەرهەمەکە لە داهاتوو لەلایەن خوێنەری راستەقینە دەخوێندرێتەوە، واتە ئەو جۆرە خوێنەرەی، کە لە سەرەتای ئەم وتارە ئاماژەمان پێدا، ئەو کاتە خوێنەری ناو دەق کارا دەبێت. هەتا بەرهەمەکەش مابێ، ئەم خوێنەرەش هەر دەمێنێو ئەوەی رۆڵی ئەم خوێنەرەش جێبەجێ دەکا، خوێنەری داهاتووە، بەڵام بە رێگای جیاجیا بە گوێرەی هەلومەرجە مێژووییو تایبەتییەکان.

لە کۆتاییدا پەیوەندیی نێوان خوێنەرو دەق بە هۆی "خوێنەری شاراوە" ئاڵۆزدەبێ، چونکە خوێنەری شاراوە خوێنەرێکی تایبەتە، خوێنەرێکی تێگەیشتووە، کە دەتوانێ بۆشاییەکانی ناو دەق پڕ بکاتەوە، وەکو (ئایسەر) بۆی دەچێ، بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە بابەتیبوونی نووسەر (هەروەها دەق) چیتر بوونیان نییە؟ بە گوێرەی تیۆرەکانی کاردانەوەی خوێنەر، بوونییان نییە، تەنها لە دونیای خەیاڵ نەبێ، تا ئەو کاتەی بە پێی بۆچوونی (ئینگاردن)، حاڵەتێکی کۆنکرێتی جێبەجێ دەکەن. بەڵام هەندێ لەو تیۆریستانەی لەسەرەتا ویستیان هێڵێک لە نێوان خوێنەرو دەق بکێشن، هەڵوێستێکی دژ بەیەکیان نواند، کەچی دواجار گەیشتنە هەمان ئەو ئەنجامەی، کە خوێنەر لە دەق جیا ناکرێتەوە.. هەڵبەت دەشێ دەق تەنها وەکو گریمانەیەک بمێنێتەوەو هیچی تر. لەم حاڵەتەشدا پرسیارێک قووت دەبێتەوە: چۆن مرۆڤ دەقێکی سرووش ئامێزی وەکو قورئان، یان ئینجیل، هەڵدەسەنگێنێ؟ ئەم پرسیارە، لەلایەن ئەو تیۆریستانەی پەیڕەوی تیۆری کاردانەوەی خوێنەر دەکەن، هێشتا وەڵام نەدراوەتەوە.

# پەراوێزەکان:

Endnotes).1 پرۆفیسۆر دێڤید. س. میال، پرۆفیسۆرە لە بەشی ئینگلیزی، زانکۆی ئەلبێرتاو خاوەنی چەندەها لێکۆڵینەوەیە دەربارەی کاردانەوەی خوێنەر بۆ دەقو هەروەها ئەدەبی ڕۆمانسیی بەریتانیو ڕۆشنبیریی ئەدەبیو literary computing .

٢.دۆن کویکن، پرۆفیسۆرە لە بەشی سایکۆلۆژیا لە زانکۆی ئەلبێرتاو چەندەها لێکۆڵینەوەی هەیە لە بواری خەون بینینو فینۆمینۆلۆژیاو ئیستاتیک.

٣.سەیری لاپەڕە ٣ بکە لە:

Eagleton, Terry. Literary Theory, 2nd ed. Blackwell publishers, Oxford, 1996

٤.هەمان سەرچاوە.

٥.لاپەڕە ٣ لە:

William Faulkner, William, Dick Kay. (Ed) interviews from Paris Review. Penguin 1972

٦.سەیری:

Barry, Peter. Chapter One, “Theory Before Theory. Beginning Theory: An Introduction to Literary and Cultural Theory”. Manchester and New York: Manchester University Press. 1995 بکە.

٧.فینۆمینۆلۆژیا، ڕێبازێکی فەلسەفییەو لە ساڵی ١٩٠٥ (ئەدمۆند هوسێرل ١٨٥٩ Edmund Husserl– ١٩٣٨) پەیڕەوی کردووەو جەخت لەسەر دیاردەکا، نەک لایەنە بابەتییەکانی واقیع. ئەم فەلسەفەیە هەوڵدانێکی بەردەوامە بۆ وەسفکردنی بەسەرهاتەکانی مرۆڤ، دوور لە بیرکردنەوەی میتافیزیکی، یان تیۆریی. بە پێی (هوسێرل) تەنها لە ڕێگای هەڵواسینو bracketing away هەڵوێستە سرووشتییەکانی فەلسەفە دەتوانێ ببێتە زانستێکی بەهێز کە خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆی بێ. هوسێرل سوور بوو لەسەر ئەوەی کە فینۆمینۆلۆژیا زانستی هۆشیارییە، زیاتر لەوەی کە پشت بە تاقیکردنەوەو سەرنجی ژیان ببەستێت.

٨.سەیری لاپەڕە ٣٥-٣٦ بکە لە:

Readers and Reading. Ed. Bennet, Andrew. Longman publishing, New York, 1995

٩.لاپەڕە ٢٣٧ لە هەمان سەرچاوە.

١٠.سەیری لاپەڕە (3-4) بکە لە:

Modern language studies, Vol. 14, (No.3. (Summer, 1984

١١.جۆرج پۆولێت ١٩٠٢– George Poulet ١٩٩١ ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی بەلجیکی بوو. ڕێبازی فۆرمالیستی لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕەتکردەوە. تیۆرێکی ڕەخنەی هێنایەکایەوە، کە پێی وابوو خوێنەر دەبێ هزرو بیری خۆی بۆ هۆشیاریی نووسەر واڵا بکا، چونکە پێی وابوو کە دەق دەربڕی هۆشیاریی نووسەرە.

١٢.سەیری لاپەڕە ٥٧ بکە لە:

The Structuralist Controversy: the Language of Criticism and the Science of Man.Ed. Macsey, Richardb et. Al. .John Hopkins Press, Baltimore, 1970

١٣.ئاماژەیە بۆ شاعیری ئینگلیزی ئەدمۆند سبنسەر (١٥٥٢–١٥٩٩)

١٤.وەڵف گەنگ ئایسەر Wolfgang Iser، یەکێکە لە ڕەخنەگرە هەرە بەناوبانگەکان لە بواری تیۆری ئەدەب. لەگەڵ هانز ڕۆبەرت جۆس Hans Robrt Jauss، بە دامەزرێنەری تیۆری کاردانەوەی خوێنەر Reader–response theory دادەنرێن. ئەم تیۆرە، بایەخ بە ڕۆڵی خوێنەر دەدا لە دروست کردنی واتای دەق . گادەمەر Gadamar ١٩٠٠ – ٢٠٠٢ فەلەسووفێکی ئەڵمانی بوو. زۆربەی نوسینەکانی دەربارەی سرووشتی تێگەیشتنە لای مرۆڤ. (ئینگاردن –١٨٩٣ Roman Ingarden ١٩٧٠)، فەیلەسووفێکی پۆڵەندی بوو و دەستێکی باڵای لە بواری ڕەخنەدا هەبوو.

١٥.ئی.دی.هێرش E.D.Hirsch Jr، ڕەخنەگرێکی ئەمریکیی بەناوبانگەو لە ساڵی ١٩٢٨ لەدایک بووە. زۆربەی کتێبەکانی دەربارەی کولتوورو چۆنیەتی پێشخستنی سیستەمی پەروەردەو خوێندنە لە ئەمریکا، هەروەها دەربارەی چۆنیەتیی دابینکردنی مەعریفەیە بۆ منداڵو ڕۆڵی دایکو باوکو مامۆستا لەم بوارەدا.

١٦.سەیری لاپەڕە ١٠ بکە لە:

Pogemiller, Dwight. Hermenuetics and Epistemology: Hirsch’s Author centered meaning, Radical Historicism and Gadamer’s Truth and Metod premised. vol.2, no.8, Sept 27, 1995

١٦.دوایت.ر. پۆگمیلەر Dwight.R.Pogemiller (١٩٢٤–١٩٩٧)

١٧.مارتین هایدگەر Martin Heidgegger (١٨٨٩–١٩٧٦)، یەکێکە لە فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم. بیرو بۆچوونە فەلسەفییەکانی مشتومڕێکی زۆری نایەوە لە بوارە فەلسەفییە جیاجیاکانی وەکو فینۆمینۆلۆژیاو وجودیەتو تیۆری سیاسییو سایکۆلۆژیەتو لاهوتو پۆست مۆدێرنیزم. بابەتی سەرەکیی

له بواری فەلسەفەدا کێشەی "بوون"ە، کە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکەی بە ناوی "بوونو زەمەن Being and Time"، دەیورووژێنێ.

١٨.سەیری لاپەڕە (١٢٢–١٢٣) بکە لە:

Wright, Elizabeth. Psycholoanalytic Criticism: Theory in Practice. Methuem: London, 1986

١٩.سەیری لاپەڕە ٢٨٥ بکە لە:

Iser, Wolfgang. The Implied Reader, John Hopkins University Press: Baltimore, 1974

٢٠.سەیری لاپەڕە ٢٥٨ بکە لە:

Bleich, David. SubjEctive Criticism. John Hopkins University Press. 1978

٢١.مایکڵ ریفاتێر Michael Rifattere– (١٩٢٤–٢٠٠٦)، لە ئەسڵدا رەخنەگرێکی ئەمریکییە، بەڵام هەر لە فەرەنسا خوێندنی تەواو کردووە. لە راڤەکردنی دەق پشت بە کاردانەوەی خوێنەر دەبەستێ، نەک بە تایبەتمەندێتییەکانی ژیانی نووسەرو بۆچوونەکانی لە دەرەوەی دەق.

٢٢.جۆناثان کولەر Jonathan Culler، لە ساڵی ١٩٤٤ لە دایک بووە نووسەرو رەخنەگرێکی ئینگلیزییەو خاوەنی چەندەها کتێبو گوتارە دەربارەی ئەدەبو رەخنەو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی. یەکێکە لەو کەسانەی لە بواری بزووتنەوەی بونیادگەریدا زۆر چالاکە.

٢٣.لاپەڕە ٧١ لە:

Booth, The Rhetoric of Fiction Chicago: Univ. of Chicago .Press, 1961

٢٤.لاپەڕە ١٣٨ لە هەمان سەرچاوە.

## سەرچاوە

لە ئامادە کردنو وەرگێڕانی ئەم نووسینە کەمو زۆر سوودم لەم سەرچاوانە وەر گرتووە:


1. The Author, the Text, and the Reader
Clarissa Lee Ai Ling
London School of Journalism
htt// links: english-literature.org

2. The Return of the Reader
Francoise Ravaux
The French Review, Vol. 52, No. 5. (Apr., 1979), pp. 708-713.
StableURL: htt // links: jstor.org

3 W.D. Reader in the textsaniel Wilson
PMLA, Vol. 96. No. 5. (Oct., 1981), pp. 848-863
Stable URL: htt// links: jstor.org


## تێبینی:

بە پێی پێویست پەراوێزەکانی سەرچاوەکانم جارێکی تر لە گەڵ سەرچاوە بنەڕەتییەکان، کە لێیان وەرگیراون بەراورد کردووە.



# زەردەشت لە نێوان خەیاڵ و ڕاستی

مەهدی مەجید

## سەرهەڵدانی زەردەشت

جیاوازیی زۆر لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن و تا ئێستا بەتەواوی ئاشکرا نییە، (زەردەشت) کەی هاتۆتە دنیاوە؟ لە چ سەردەمێکدا ژیاوە؟ خەڵکی کوێ بووە؟ بە چ زمانێك دوواوە؟...هتد، هەر بۆ نموونە لە خوارەوە دەمەتەقێیەکی ژمارەیەك لەو سەرچاوانە دەخەینەروو:

-1لە سەرچاوە و رازە زەردەشتییەکاندا هاتووە، گوایا (300) ساڵ بەر لە ژیانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) ژیاوە، بەواتا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش عیسا، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش عیسا، لە ساڵەکانی (660-583 پێش عیسا) .

-2گزانتویس، کۆنترین نوسەری یۆنانییە کە ناوی زەردەشتی هێناوە و سەردەمی ژیانی ئەوی گێڕاوەتەوە، بۆ شەش هەزارساڵ بەر لە لە شکرکێشییەکەی (خشیارشا) بۆ سەر یۆنان.

-3ئیفلاتوون، لە کتێبی (Alkibiadas) ناوی زەردەشتی هێناوە و پاشان قوتابییەکانی وەك (ئەرەستۆ، هۆمیرۆس) مێژووی ژیانی ناوبراویان گێڕاوەتەوە بۆ شەش

هەزار ساڵ بەر لە مردنی ئیفلاتوون.

-4پلینی = پلینۆس، لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی سرووشتی)یەوە نووسیویەتی: زەردەشت شەش هەزار ساڵ بەر لە ئیفلاتوون ژیاوە.

-5هەریەك لە دانشمەندی فارسی (ئەردەشیر خەبەردار) و دانشمەندی ئەڵمانی (بارول بۆن سن) سەردەمی لەدایکبوونی (زەردەشت)یان گێڕاوەتەوە بۆ (شەش هەزار و پێنج سەد ساڵ) بەر لە زایین.

-6فەیلەسووفی فەڕەنسی (واڵتەر) لە نووسینەکانیدا زۆر بەگەورەیی ناوی زەردەشتی هێناوە و مێژووی ژیانی گێڕاوەتەوە بۆ (شەش هەزار ساڵ) بەر لە کۆرشی گەورە.

-7مستەر جاکسۆن، کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوانی بواری دیینی زەردەشتی و پسپۆڕێکی شارەزایە وتوویەتی: زەردەشت لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش عیسا لەدایکبووە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش عیسا کۆچی دوایی کردووە.

-8مستەر هۆڵ، لە کتێبی (مێژووی کۆنی خۆرهەڵاتی نزیك)دا نووسیویەتی: بەپێی سەرگوزەشتە کۆنەکان زەردەشت ساڵی (599 پێش عیسا) لەدایکبووە.

-9هەریەك لە (مەسعوودی، حەمزەی ئەسفەهانی، یاقووتی حەمەوی، حەدوڵای مستەوفی قەزوینی)، لەسەر ئەوە کۆکن، گوایا زەردەشت لە سەردەمی حوکمڕانیی (گوشتاسب) لە ناوچەی (ورمێ)دا ژیاوە.

-10(د. جەلیلی دۆستخوا)، لە بەرگی یەکەمی کتێبی ئاوێستادا نووسیویەتی: دەربارەی شوێنی هاتنەدنیای (زەردەشت) جیاوازیی بەرچاو لە سەرچاوەکاندا هەن، هەندێك بە (باختەر= بەڵخ) و هەندێك بە خۆرهەڵاتی ئێرانیان لەقەڵەمداوە، هەندێکیش دەڵێن ئەو شوێنە (ورمێ)یە، هەروەها بەپێی بۆچوونێکی تر لە کۆنەشاری (رگا=رغا)، بەواتا شاری (ری) ئەمڕۆدا لەدایکبووە.

-11د.موحەممەدی موعین، لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر مێژووی ژیانی زەردەشت نووسیویەتی: زەردەشت ساڵی (660 پێش عیسا) لەدایکبووە و لە تەمەنی بیست ساڵیدا گۆشەگیربووە، لە سی ساڵیدا (سرووش)ی بۆ هاتووە و بووە بە پێغەمبەر، لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا چووەتە (بەڵخ)، پاشای ئەوێ بەناوی (گوشتاسب) هاتووەتە سەر دیینەکەی، ساڵی (583 پێش عیسا) لە شەڕێکدا لەگەڵ سوپای تووران بەفەرماندەیی (ئەرجاسب)ی تووررانی لە (ئاتەشگەی بەڵخ)دا کوژراوە.

-12ئارپهر کریستنسن، لە کتێبی (ایران فی عهد الساسانین)دا نووسیویەتی: ساسانییەکان هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە، لەگەڵ پیاوە دیینییەکانی زەردەشتیدا یەکیانگرتووە و بەدرێژایی ساڵەکانی حوکمڕانیشیان پەیوەندیی پتەویان پێکەوە هەبووە. هەر لە درێژەی نووسینەکانیدا دەڵێت: بەپێی داستانە پارسییەکان (ئەردەشیری یەکەم) پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست فەرمانیداوە هەموو وێنە پەرشوبڵاوەکانی (ئاوێستا)ی سەردەمی ئەشکانییەکان کۆکراونەتەوە و کراون بەکتێبێکی گەورە و پیرۆز.

-13عەلائوددینی سەجادی، لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا نووسیویەتی: چ فارس چ کورد، ئایینیان هەر ئەو ئایینە کۆنە بووە، هیندییە کۆنەکان هەیانبووە، لە پاشان جیابوونەتەوە و کەوتوونەتە سەر بتپەرستی، هەتاکو زەردەشت بەخۆی و ئایینەکەیەوە پەیدا بووە، هەندێك لە مێژوونووسان دەڵێن، لە باکووری ئەفغانستان پەیدابووە و بەشێکیش لەسەر ئەو باوەڕەن لە بناری ورمێ و ئازربایجاندا سەریهەڵداوە، بۆ سەردەمی پەیدابوونیشی دەڵێن، لە نێوان سەدەی بیستەم هەتاکو سەدەی پێنجەمی پێش عیسا بووە، بەڵام قسە و بەڵگە و بنەوانی زەردەشتی دەڵێت، لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین پەیدابووەو لە دەوروبەری ساڵی (620) پێش زاییندا کوژراوە.

-14هادی بەهمەنی، لە کتێبی (پەیامی هەورامان- بەرگی یەکەم)دا نووسیویەتی: لە کوردستانی مەزندا کۆنترین دین بەئاگرپەرستی ناوی هاتووە، دووەم دیینیش (مەزدیسنا)یە رابەرەکەی لەلایەن ئەورووپاییەکانەوە ناوی بە(تزار ئەهوسترا) یان (زارا هوسترا) هاتووە، نەتەوە ئارییەکانیش بە (زەردەشت) ناویدەبەن، لە هەمان سەرچاوەدا ناوی چوارده پشتی زەردەشت بەم شێوەیە هاتووە:

زەردەشت – پوروشئەسپ – پایتیر ئەسپ – ئوروگە ئەسپ – چخش نووس – پیتەر ئەسپ – ئەرجەزەرشن – هەردار – سپیتاما – ڤیداشت – نیازیین – ئیرچ – دۆراسرۆپ – مەنوچەر[1].

-15موشیر ئەلدەولە حەسەن پیرنیا، لە کتێبی (تاریخ ئێران باستان جلد اول)دا نووسیویەتی: ئارییە ئێرانییەکان

لەڕووی باوەڕی دینییانەوە خۆریان بەچاوی ئاسمان زانیوەو هەورەبرووسکەشیان بە کوڕی ئەو داوەتە قەڵەم و چەندین قەناعەتی تری ئەفسانەییان هەبووە، بەڵام زەردەشت دژی ئەو قەناعەتە ئەفسانەیی و جادووگەرییانە ڕاپەڕیوە و ئەوانی بەرەو یەکتاپەرستی بردووە[2]، هەر لە درێژەی نووسینەکانیدا وتوویەتی: هەرگیز ناتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین دینی زەردەشتی لە سەردەمی حوکمرانیی ماددەکاندا بڵاوبۆتەوە و دینی دەوڵەتەکەیان بووە، یان نا، چونکە ئارییەکان لە سەردەمی کۆندا سەرچاوە سرووشتیەکان، بەتایبەت لە ناویاندا (خۆر)یان پەرستووە، بۆیە پێدەچێت میهرپەرستیش لەناویاندا پەیرەوکرابێت.

-16هەریەك لە مێژوونووسان (ڕۆدۆلف، دۆنکێر، ئێدوارد مایەر) هەزارساڵ پێش عیسایان بەسەردەمی دەرکەوتنی زەردەشت داناوە.

-17لە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت)دا نووسراوە، ئایینی زەردەشت یەکەم ئایینە کە لەم جیهانەدا دەربارەی ژیانی جیهانی دووەم و مەسەلەی (قیامەت) دەدوێت، لەم ئایینەدا چمکێکی گەورە هەیە کە نە لە ئایینی میسری کۆن و نە لە ئەندێشە زۆر قووڵەکانی هیندییەکاندا دەبینرێت، دەقەکەشی ئەمەیە: (جیهان مێژووی هەیە و پەیڕەوی یاسای گۆڕانکارییەکان دەکات و دۆخی ئێستای جیهان بۆ قۆناغی کۆتایی رابەریدەکات).

-18لە کتێبی (دینکەرد)دا، چیرۆکێك دەربارەی لە دایکبوونی (زەردەشت) خراوەتەڕوو، ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکییەتی: ڕۆحی زەردەشت لە سەرەتاوە لە جیهانی باڵادا ژیاوە، کاتێك لە دایکبوونی ئەو هاتۆتە پێش (بەهمەن و ئۆردیبهێشت) کە دوو (یەزد)ی پایە بەرزن، لاسکی گیایەکی پیرۆزیان هێناوە بەناوی (هوم=Hauma) و ڕۆحی زەردەشتیان تێدا جێگیرکردووە، کاتێك (پوروشەسپ)ی باوکی چۆتە دەشت، سەرنجی بۆ لای ئەو گیایە راکێشراوە و لێیبردۆتەوە بۆ ماڵەوە، بەم شێوەیە ڕۆحی (زەردەشت) لە ئاسمانەوە گوێزراوەتەوە بۆ سەرزەوی.

پاشان کاری خوڵقاندنی تەنی (زەردەشت) بە دوو (یەزد)ی تر سپێردراوە بەناوەکانی (ئەمرداد=یەزدی ئاو) و (خورداد=یەزدی گیاکان)، ئەم دوو یەزدە پاش ئەوەی کاری خۆیان لە ئاسماندا تەواوکردووە، باریونەتە سەرزەوی، (تەنی زەردەشت) یان لەناو رەگی گیادا چەقاندووە، پاش ئەوەی ئەو گیایە رووا‌وە، (پوروشەسپ)ی باوکی زەردەشت بەرێنمایی (ئەمرداد و خورداد) شەش مانگای خۆی بردۆتە دەشت، بەمەبەستی لەوەڕاندنیان، کاتێك مانگاکان لەو گیایەیان خواردووە، گوانەکانیان پڕبوون لە شیر، (دەغدۆ)ی هاوسەری (پوروشەسپ) مانگاکانی دۆشیون و هاوسەرەکەشی ئەو گیای (هوم=Hauma)ـــەی کە پێشتر بردوویەتییە ماڵەوە و ڕۆحی زەردەشتی تێدا جێگیرکراوە، وشکیکردۆتەوە، وەراندوویەتییە ناو شیرەکەوە و لەگەڵ (دەغدۆ) لێیانخواردۆتەوە، پاش ماوەیەك (زەردەشت) لە دایکبووە.

-19یۆنانییەکان بە(زەردەشت)یان وتووە (زوروئاسترس)، ڕۆمییەکان بە (زوروئاستر) و ئەوروپاییەکانیش هەر بە (زوروئاست) ناویانهێناوە..

-20(هەرتل) پێیوایە (زەردەشت) لە سەردەمی (گوشتاسپی هەخامەنشی)دا ژیاوە و دەربارەی ئەم زاتە نووسیویەتی: زەردەشت بەهیچ شێوەیەك کاهن و ڕۆحانی نەبووە، بەدڵنیاییەوە لە چینی جووتیارە و بەچینەکانی (ئەشراف، جەنگاوەر، ڕۆحانی)ییەوە پەیوەستنەبووە.

-21ئەندازیار ئەنداز حەوێزی، لە کتێبی (ئاوێستا-نامەی مەنەڤی ئایینی زەردەشت)دا نووسیویەتی: مێژوونووسی یۆنانی (کسانتۆس) ساڵی (450 پێش عیسا) وتوویەتی: زەردەشت (شەش سەد ساڵ) پێش جەنگی (خشیارشا)ی دژ بە یۆنانییەکان لەدایکبووە، بەوپێیەی ئەو شەڕە 480ساڵ بەر لە عیسا روویداوە، بەواتا زەردەشت (600 + 480 = 1080 ) ساڵ بەر لە عیسا ژیاوە. هەر لە درێژەی ئەم نووسینەدا هاتووە: باوکی زەردەشت ناوی (پوروش ئەسپ Pourshaspa) و دایکی ناوی (دوغدۆڤا Daghdova) بووەو لە گوندی (هەردشنە)ی نزیك بە (ورمێ) لەدایك بووە.

-22ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر نووسیویەتی: زەردەشت بە (وەخسوورسیماری) ناوی دەرکردو لە تێکستەکانی (ڕێوڕەچەی یارسان= کاکەیی)دا ناوی ((وەخسوورسیماری) هاتووە.

پاش دەرخستنی دەمەتەقێی ژمارەیەك لە سەرچاوەکان، دێینە سەر ئەوەی (زەردەشت) هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە ڕووی ژیری و سەلیقە و تێگەیشتنەوە لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا جیاوازبووە، لەم بوارەدا هەندێك

کرداری سەیروسەمەرەی نواندووە.

لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە هەتاوەکو پانزە ساڵان لەلای بیریارێکی گەورە و پیرۆزی ئەو سەردەمە فێری هەندێك (بنەمای ئایینی، کاروباری کشتیاری، هونەری دەرمانگەری) بووە، کاتێك توورانییەکان هێرشیان بردۆتە سەر ئێران، زەردەشت کە لە هەرەتی گەنجیدا بووە، چۆتە گۆرەپانی جەنگەوە و دژی سوپای توران قارەمانانە جەنگاوە[3]، لە تەمەنی بیست ساڵیدا دنیای گۆشەگیری هەڵبژاردووە و دەستیداوەتە تێرامان و تێفکرین، لە تەمەنی سی ساڵیدا نیشتمانەکەی خۆی بەجێهێشتووە و روویکردۆتە چۆڵایی و کێوەکان[4]، چۆتە کەناری رووباری (دائیتا) کە رووباری (ئاراکس)یشی پێدەڵێن، لەو شوێنەدا داوای لە خەڵك کردووە دەستبدەنە خواپەرستی و خواناسی.

بەرامبەر بە بانگهێشتەکەی زەردەشت، (موغ)ـەکان سەرسەختانە بەرپەرچیانداوەتەوە و دژی وەستاون، بۆیە ناچار بووە لەگەڵ ژمارەیەك لە دەستوپێوەندەکانیدا کۆچیکردووە و هاتۆتە (بەلخ)، لەوێ کولەباڵێکی سپیی لەبەرکردووە و بەدەستێکی برێك ئاگر و بەدەستەکەی تری (گالۆك = گۆچان)ێکی لەداری سەروو گرتووە بەدەستیەوە و چووە بۆ لای (گوشتاسپ)ی پاشای مەملەکەتی بەلخ و داوای لێکردووە بێتە سەر دینەکەی.

زەردەشت ماوەی دووساڵ هەوڵی بەردەوامیداوە، هەتاوەکو گوشتاسپ باوەڕی پێبهێنێت، بەڵام چونکە پاشا لەژێر کاریگەریی قسەی (موغەکان = رۆحانیەکان)دا بووە، ئەوانیش بەهەنگاوی ئەهریمەنانەی خۆیان دژایەتییانکردووە و دژی دینەکەی راپەڕیون، دواجار بوون بەهۆی ئەوەی بیگرێت و بیخاتە زیندانەوە، بەڵام پاش دووساڵ (پەرجوویەکی=موعجیزەیەکی لێدەرکەوتووە و ئیتر گوشتاسپ باوەڕیپێهێناوەو تەواوی هێزی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی دینەکەی بەکارهێناوە، پاش گوشتاسپ هەموو دەستوپێوەندەکان و فەرمانبەرەکانیشی چوونەتە سەر دینی زەردەشت، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دانایی (جاماسپ)ی وەزیر کاریگەریی زۆری هەبووە بۆ ئەوەی گوشتاسپ باوەڕ بەدینی زەردەشتی بهێنێت، زۆربەی سەرچاوەکانیش باسی ئەوە دەکەن گوایا (زەردەشت و جاماسپ) ژنبەژنیانکردووە.

هەر لەم بوارەدا دەوترێت، بەبۆنەی باوەڕهێنانی (گوشتاسپ و دەستوپێوەندەکانی)، زەردەشت دارێکی سەرووی ناشتووە، ئەو دارە هەتاکو ساڵی (861عیسایی) ماوە، بەڵام لەو ساڵەدا خەلیفەی عەباسی (المتوكل على الله) فەرمانیداوە، بڕیویانە و هێناویانەتە (سامەڕا) و لە دروستکردنی سەراکەیدا بەکاریانهێناوە.

بەپێی هەندێك سەرچاوە زەردەشت لە ماوەی بیست ساڵی پاشماوەی تەمەنیدا دوو نەبەردیی لەگەڵ دوژمنانی دینەکەیدا بەرپاکردووە، جەنگی دووەمیان، لە سەردەمێکدا بووە کە ناوبراو تەمەنی گەیشتۆتە حەفتاو حەوت ساڵ، هەرچەند دەوترێت لەو جەنگەدا سەرەتا سەرکەوتووە، بەڵام لەدواییدا کوژراوە و دەربارەی کوشتنەکەشی رازی جۆراوجۆر هەن، بەم شێوەیە:

1- محەممەد ئەمین زەکی بەگ، بەپشتبەست بە کتێبی (مێژووی کۆنی خۆرهەڵاتی نزيك) نووسیویەتی: زەردەشت لە جەنگێکدا بۆ بڵاوکردنەوەی دینەکەی کە لەگەڵ نەتەوەی (هیون)دا بەرپاکراوە کوژراوە، سەرداری لەشکری هیون لەو شەڕەدا ناوی (ئێرجاسپ) بووە.

2- ئەندازیار ئەنداز حەوێزی نووسیویەتی: زەردەشت لە شەڕی توورانییەکاندا بەسەرکردایەتیی (تۆربراتۆر) کوژراوە.

3- محەممەد ڕەسووڵ هاوار نووسیویەتی: (زرادەشت) لە تەمەنی پیری و لە شەڕێکدا لەگەڵ (شەعبی هیونی) کە سەرکردەکەیان (ئاجاسپ) بووە، کوژراوە.

4- نووسەرەکانی ئاوێستا، پاش نزیکەی هەزار ساڵێك لە کوژرانی زەردەشت وتوویانە توورانییەکان بەزۆر شاری (بەلخ)یان داگیرکردووە و توورانییەك لەناکاو پەلاماری ئەو پێغەمبەرەی خوای داوە، کاتێك کە خەریکی خواپەرستی بووە و لەبەردەم میحرابی ئاگردا کوشتوویەتی.

## بنەماکانی (ئایین) یان هزری زەردەشتی

**1- فەلسەفەی دروستبوونی دنیا:**

لەسەر رۆشنایی ئاوێستا، کە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکانە و هەندێك سەرچاوەی تری پەهلەوی، دنیا لە دوو هێز پەیدابووە، بەم شێوەیە:

ئـ- هێزی رووناکی:

ب- هێزی تاریکی:

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، جیهان بووە بە دوو بەشەوە




(لەشكری رووناكی) و (لەشكری تاریكی)، سەرداری لەشكری رووناكی پێیدەوترێت (ئاهورامەزدا = هرمز = سپنتامینۆ)، سەرداری لەشكری تاریكیش پێیدەوترێت (ئەهریمەن = ئەنگرمینۆ).

ئاهورامەزدا: ناوەكەی لە دوو بەش پێكهاتووە، كە بریتین لە (ئاهورا) و (مەزدا)، ئاهورا لە بڕوای دینی ئارییەكاندا قوڵایی و ریشەی دێرینی هەیە، چونكە ناوی (خوا)كەیان بووە و بەواتای (سەروەر) دێت. (مەزد)یش بەواتای (زانا، ژیر) دێت، هەردوو بەشەكە بەسەریەكەوە دەبن بە (سەروەری زانا، سەروەری ژیر). كە دەقاودەق بەرامبەر (العلی العلیم)ی عەرەبیە، زەردەشتییەكان پێیانوایە، (ئاهورامەزدا) لەسەر هەموو شتێكەوەیە و ئاگای لە هەموو شتێكە، هیچ شتێك وەك ئەو نییە.

ئەهریمەن = ئەنگریمنۆ: رەمزێكە بۆ (رۆحی تێكدەر، مردن، تاریكی، پیسی، خراپی، درۆ)، بەردەوام لەگەڵ ئاهورامەزدادا لە جەنگ و ململانێدایە.

(ئاهورامەزدا) كە خوای خێرە، شەش یاریدەدەری هەن، پێیاندەوترێت (ئەمشەسپنتان = ئامشاسپندانە = رۆحی نەمر و ئەزەلی) و ئەمانەش ناوەكانیانە:

1-زەند هومەن= وەهومەن= بەهمەن: بە واتای (فریشتەی رەوشتباش، فریشتەی خێر و چاكە)، هێمای ژیریی و زانایی و زانستیی خوداییە.

2-ئەشەڤەهێشتە=ئۆردیبەهێشت: بەواتای (فریشتەی راستی و دادوەری)، خاوەنی هەموو ئاگر و ئاگردانەكانی سەر رووی زەوییە.

3-هەورڤەتات= شەهریوەر: بەواتای (فریشتەی توانا) كە بژێوی هەموو بەندەكانی خوای بەدەستە.

4-ئەناهیتا= سپەندارمەز: بەواتای فریشتەی (بەرەكەت و خۆشەویستی)، كاری ئەم فریشتەیە ئاوەدانكردنەوە و سەوزكردنی زەوییە.

5-هوروتات= خورداد: بەواتای (فریشتەی سوودمەندی، كامەرانی، سەركەوتن) كە شادی و خۆشی دەبەخشێت بە رۆحی شادان.

6-ڤەرخشەیتە=مورداد: بە واتای فریشتەی نەمری و هەمیشەیی.

ئەمشەسپەنتان هەمیشە لە خزمەتی (ئاهورامەزدا) دان و چاوەڕوانی فەرمانەكانی دەكەن و لە رێگەی ئەمانەوە دنیا بەڕێوەدەبات، بەرامبەر بە (ئاهورامەزدا و ئەمشەسپەنتان)یش ئەهریمەن و شەش یاریدەدەری وەستاون، یاریدەدەرەكانی ئەهریمەن (دەئو= دێو)ن و ئەركیان تێكدانی كارەكانی (ئاهورامەزدا و ئەمشەسپەنتان)ـە.

بەپێی باوەڕی زەردەشتییەكان، وەك لە ئاوێستادا هاتووە، (ئاهورامەزدا) سەرەتا جیهانی رۆحەكانی دروستكردووە و ماوەی سی هەزار ساڵ حوكمی بەسەرداكردوون، ئینجا ئەهریمەن لە جیهانی تاریكییەوە هاتۆتە ناو جیهانی رووناكی، پاشان ئاهورامەزدا جیهانی مادی، بەشەش قۆناغ، لە ماوەی سێ هەزار ساڵدا درووستكردووە، ئەمانەش ناوی قۆناغەكانن:

1-میدیۆزرم = Maidyuzarm: لەم قۆناغەدا (ئاسمان، ئەستێرەكان، رێگەی كاكێشان)ی دروستكردوون.

2-میدیۆشم = Mdidushem: لەم قۆناغەدا ئاوەكانی دروستكردوون.

3-پیتی شهیم = Paityshahim: لەم قۆناغەدا زەویی دروستكردووە.

4-ئەیاترم Ayatherm: لەم قۆناغەدا (دار، گژوگیا، شینایی) درووستكردوون.

5-میدیارم Maidyarem: لەم قۆناغەدا، بێجگە لە مرۆڤ، هەموو گیانلەبەرەكانی درووستكردوون.

6-هەمسپەدمم Hamaspathmadm: لەم قۆناغەدا (مرۆڤ)ی درووستکردووە.

بەم پێیە، مرۆڤ لە قۆناغی شەشەمدا درووستکراوە، بەهاتنەدنیای (زەردەشت)یش ئەهریمەن بێهێزبووە، لەو ڕۆژەشەوە تا ئێستا سەرکەوتنی ئاهورامەزدا بەسەریدا بەردەوامە، هەتاوەکو جارێکی تر دەچێتەوە ناو دنیای تاریکییەوە.

هەر لەم بوارەدا (پرۆفیسۆر کریستنسن) نووسیویەتی: بەپێی یەشتە کۆنەکان، دەورەی ژیان دوانزە هەزار ساڵ بەردەوامدەبێت، لە سێهەزار ساڵی یەکەمیاندا، هەردوو جیهانی (ئاهوارمەزدا و ئەهریمەن) لە بێدەنگیدا بوون، پاش ئەوە ئەهریمەن لە جیهانی تاریکییەوە هاتۆتە دەرەوە ویستوویەتی جیهانی ڕووناکی لە ناوببات، ئاهورامەزدا، جەنگێکی نۆ هەزار ساڵی دژی ڕاگەیاندووە، لەبەر ئەوەی ئاهورامەزدا، ئاگاداری هەموو شتەکانە و زانیویەتی ئەو جەنگە بەشکستی جیهانی تاریکی کۆتاییدێت، ئەهریمەن لە ترساندا ماوەی سێ هەزار ساڵ بەئیفلیجی لە تاریکییدا ماوەتەوە، لەو ماوەیەدا ئاهورامەزدا دەستیکردووە، بەدرووستکردنی دنیا، پاش ئەوەی لە کارەکەی بووەتەوە، ئەو (گا)یەی دروستکردووە کە بە(گای یەکەم) ناسراوە و ئینجا مرۆڤی یەکەمی بەناوی (گیومرد = گیامەرەتەن)ی دروستکردووە.

لەوکاتەدا ئەهریمەن بەهەموو هێزێکییەوە کەوتۆتە دژایەتیی ئاهورامەزدا، ئەوەش بەپیسکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان و دروستکردنی زیندەوەر و مێرووی زیانبەخش، هەربۆیە ئاهورامەزدا خەندەقێکی لە بەردەم ئاسماندا درووستکردووە، بەڵام ئەهریمەن لە ئەنجامی هێرشە بەردەوامەکانیدا دواجار توانیویەتی (گای یەکەم و گیومەرد) بکوژێت، لەبەر ئەوەی تۆوی (گیومەرد) دارێکی لێڕواوە و دوو مرۆڤ لە نەوەی ئادەم بەناوی (مشیگ، شیانگ)ی لێدروستبوون. لەوکاتەوە ئیتر تێکەڵاوی لە نێوان چاکەو خراپەدا دەستپێکردووە[5]. ڕۆڵی مرۆڤەکانیش لەو شەڕەدا بەتەنیشت چاکە، یان خراپە بەپێی کردارەکانیان کاریگەربووە، پاش سێ هەزار ساڵی تر لە دروستبوونی جیهان، زەردەشت وەك ڕێپیشاندەرێك بۆ بانگهێشتکردنی خەڵك بۆ سەر دینی ڕاست سەریهەڵداوە، پاش ئەم ماوەیە تەمەنی دنیا تەنها سێ هەزار ساڵ دەمێنێت، پاش هەر هەزار ساڵێکیش (ڕوزگارکارێك = سۆشیانس) لە تۆوی زەردەشت لەدایکدەبێت، ئەو تۆوەش لە یەکێك لە دەریاچەکاندا شاردراوەتەوە.

لەو چرکەیەدا کە دوا (سۆشیانس) لەدایکدەبێت، دواجەنگ لە نێوان هێزی ڕووناکی و هێزی تاریکییدا دەسپێدەکات، دواجار هەموو مردووەکانیش زیندوو دەبنەوە و ئەستێرەی کلکداری (جوتچهر=جۆپیتەر) دەکەوێتەسەر زەوی و گڕدەگرێت، لە ئەنجامدا هەموو میتاڵەکان دەتوێنەوە و بەسەر زەویدا وەك لافاوێکی ئاگرین دەکەونەڕێ، هەموو خەڵکیش زیندووەکان و مردووە زیندووبووەکانیشەوە پێویستە بەناو ئەو لافاوەدا بڕۆن، لە درێژەی نووسینەکەدا هاتووە، ئەو لافاوە بۆ چاکەخوازان دەبێت بەشیرێکی گەرم و پاکیاندەکاتەوە و ئیتر دەچنە بەهەشت.

پاش ئەم دواجەنگە، بۆ یەکجارەکی هێزی تاریکی و خراپەکاری لە ناودەچن و دەچنەوە ناو تاریکییەوە، زەوی تەخت و پانوپۆڕ دەبێت، دنیا بۆ هەتاهەتایی بەپاکی و ئارامی دەمێنێتەوە.

**2-تێڕوانین بۆ ڕۆح:**

بەباوەڕی زەردەشتییەکان ڕۆح نەمرە، هەموو مرۆڤێك پاش مردنی بەسێ ڕۆژ ڕۆحەکەی دێتەوە ناو ژیان و تامی ژیان دەچێژێت، ئینجا (با) هەڵیدەگرێت و دەیبات بۆ (پردی جینوەت) لەوێ لە بەردەم سێ دادوەردا دادگاییدەکرێت و گەورەی دادوەرەکانیش (مهر)ە، لەو دادگاییکردنەدا هەموو کردەوەکانی لە چاکە و خراپە بەتەرازوو دەکێشرێن، ئینجا پێویستە لەو پردە بپەڕێتەوە کە هەر لە قولەی (ئەلبورز)ەوە هەتاوەکو ئاوی (دائیتیا) درێژدەبێتەوە، ئەگەر ئەو ڕۆحە چاکەکاربێت، پردەکە پاندەبێت و بەسەریدا دەپەڕێتەوە، ئەگەر خراپەکاریشبێت، پردەکە زۆر تیژو تەنك دەبێت و دەکەوێتە ناو تاریکستانێکی ئەنگوستەچاوەوە.

ڕۆح ئەگەر خاوەنی سێ سیفەت بێت کە لە ڕاستیدا کرۆکی دروشمە دینییەکانی زەردەشت پێکدەهێنن دەچێتە بەهەشت و ئەو دروشمانە بریتین لە:

1-هۆمیتە = نییەتی چاك = ئەندێشەی چاك.

2-هۆدارشتە = کرداری چاك.

3-هۆمواختە = گوفتاری چاك = قسەی چاك.

ئەم درووشمانە، لە هەندێك سەرچاوەدا بەم ناوانە هاتوون (هومنگا، هوختگا، هورشگا)[6].

بەهەشت، لای زەردەشتییەکان بە (ئەنهوەهیشت

= ئەنگوەهێشت =anguvahishta) ناویدەهێنرێت و بەواتای باشترین ژیان، یان چاکترین دنیا دێت.

رۆح ئەگەر خراپەکاربێت، ئەوە دەچێتە ناو دۆزەخەوە کە بە (دژانگهە) ناویدەهێنرێت.

ئەو رۆحانەی کرداری چاکە و خراپەیان بەرامبەرن، دەچنە شوێنێکەوە پێیدەوترێت (هەمشتگان = هەمەستەکان)، لەو شوێنەدا سزاو پاداشت نییە[7].(لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین ئەم شوێنە لە قورئانی پیرۆزدا پێیدەوترێت، الاعراف).

-3**بەپیرۆز زانینی ئاگر و ئاتەشگە:**

ئاگرپەرستی لە دوای داستانەکەی حەزرەتی ئیبراهیمەوە دەستیپێکردووە، لە ئاوێستادا باسی ئاگر بەپێنج جۆرکراوە، ناوەکانیشیان لە (یەسناکانی ژمارە 11 و ژمارە 17)دا بەم شێوەیە باسیان لێوەکراوە:

-1ئاگری وەهرام = ئاگری پەرستگە.

-2ئاگر لە نێو لەشی مرۆڤ و زیندەوەراندا.

-3ئاگری شاردراوەی ناو رووەك.

-4ئاگری نادیار کە لە ناو هەوروبروسکەدایە.

-5ئەو ئاگرەی کە لە بەهەشتدا لەبەردەم ئاهورامەزدادایە، ئەمجۆرەیان وەك لە کتێبی مێژووی ژیانی زەردەشتدا باسی لێوەکراوە، ناوی (خورنە)یە و پەیوەندیی بەبارەگای شکۆدار و گەورەی پاشاکانەوە هەیە، لە زمانی پەهلەویدا بە (خۆر) و لە زمانی فارسیشدا بە (خورشید) بەناوبانگە.

ئاگر لە ئاوێستادا پێیدەوترێت (ئاتر)، بەڵام لە زمانی فارسیدا هەر لە سەدەکانی ناوەراستەوە ناوەکە بووە بە (ئازەر) و بەکوری ئاهورامەزدا ناوبراوە، هەندێك لە عیساییەکان، ئاگری پیرۆزی زەردەشتییەکانیان بەکچی ئاهورامەزدا لە قەڵەمداوە، بەڵام ژمارەیەك لە کەشیشەکانیان دژایەتی ئەم بۆچوونەیان کردووە، هەروەك (هوئونام) کە یەکێکبووە لە کەشیشە عیساییەکان، لە رووی رقەوە ئاگری ئاتەشگەیەکی کوژاندووەتەوە و وتویەتی: (نە ئەم خانووە پەرستگەی خوایە، نە ئەم ئاگرەش کچی خوایە).

لە ئاوێستای سەردەمی ساسانییەکاندا، گەلێك شت دەربارەی (پیرۆزیی ئاگر، سوود و دەسکەوتەکانی) بۆ پێشەوا ئایینییەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی مرۆڤ، لە بەرانبەر ئاگردا قسەیان لە سەرکراوە.

(کریستنسن)، دەربارەی ئاگر و ئاتەشگە لای زەردەشتییەکان نووسیویەتی، (ئاتەشگە = ماڵی ئاگر) بەشێوەیەکی گشتی هەشت دەرگای هەبووە، نموونەی ئەم جۆرە ئاتەشگەیە، ئاتەشگەکەی (شاری یەزد)ە کە لە سەردەمی لەشکرکێشیی ئیسلامدا کراوە بە مزگەوتێکی گەورە.



(مەسعودی)ش، دەربارەی داروپەردووی ئاتەشگە کۆنەکەی (ئاسگخر) نووسیویەتی: ئەو شوێنە لە کۆندا جێگای بتەکان بووە، (کچی بەهمەنی[8] کوڕی ئەسفەندیار)، بتەکانی لابردوون و کردوویەتی بە ئاتەشگە، لەم ساڵەدا کە (934عیسایی)یە خەڵك بە مزگەوتی سلێمان کوڕی داود ناوی دەبەن، بیناکە بریتییە لە بینایەکی سەرسوڕهێنەر و چوارچێوەیەکی گەورەی هەیە، بەهەرچواردەورەکەیدا شوورایەکی بەردین کێشراوە، چەندین وێنە لەسەر بەردەکان دروستکراون و جوانترین شێوە دەنوێنن، ئەوەی بێتە ئەم شوێنە وای بۆ دەچێت کە وێنەکان هی پێغەمبەرانن.

هەندێك لە مێژوونووسان وتوویانە، ئەو ئاتەشگەیەی لەبەردەم گۆڕی شاکاندا لە باڵاخانەکەی (نەقشی ڕۆستەم)دا دروستکراوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی (هەخامەنشییەکان) دەگەڕێتەوە، نموونەیەکە لەو ئاتەشگەیانەی پارێزەری ئاگری سەرمەدی بوون، ئەو ئاتەشگەیە پێیدەوترێت (کەعبەی زەردەشت) .

ئەو ئاتەشگەیانەی ئاگری پیرۆزیان تێداکراوەتەوە، پێویستبووە ڕەچاوی ئەوەیان تێدا بکرێت بەهیچ شێوەیەك خۆر لە ئاگرەکە نەدات، بۆیە لە ناویاندا ژوورێکی تاریك درووستکراوە و ئاگری تێداکراوەتەوە، وێنەی ئەوجۆرە ئاتەشگەیانەش لە دراوی حوکمڕانیی فارسدا هەر لە پێش (سلوکی)یەکانەوە و هەتاکو دواتریش بەرچاو دەکەوێت.

دراوەکانی سەردەمی حوکمڕانی ئەردەشێر، کە لە مۆزەخانەی (کۆبنهاگن)دا پارێزراون، وێنەی ئاتەشگەیەکی زەردەشتی پیشاندەدەن.

وێنەی ئاتەشگە لەسەر دراوی هەموو شاکانی دەوڵەتی ساسانی دەبینرێت، لەدراوی شا کۆنەکاندا، هەتا سەردەمی (یەزدەگورد)ی دووەم، وشەی ئاگر بەدوای ناوی ئەو پاشاوە، کە فەرمانی لێدانی دراوەکەی داوە نووسراوە.

ئاگر لە ناو خێزانە ئێرانییەکاندا پلەی جۆراوجۆری هەبووە وەك:

-1وەجاخ = ئاگری ماڵ.

-2ئاگری عەشیرەت.

-3ئاگری گوند، کە پێیوتراوە (ئازران).

-4ئاگری ناوچە و هەرێم، کە پێیوتراوە (وەهرام)، یان (وەرهران).

ئاگری ماڵ ئەرکی نێرینەی خێزان بووە، بەڵام ئاگری گوند، لە لایەن دوو لە (هەربەد=هەربەرز[9])ەکانە وە سەرپەرشتیکراوە، لە کاتێکدا ئاگری (وەرهران=ئاگری ناوچە و هەرێم) پێویستبووە لە لایەن ئەنجومەنێکی هەڵبژاردە، لە (هەربەد= هەربەرز)ەکان و لە لایەن (مووبد)ێکەوە سەرپەرشتی بکرێت.

(کیریتر هێربد)ی گەورە مووبد، کە لە سەردەمی حوکمڕانیی (شاپووری یەکەم، هورمزی یەکەم، بەهرامی یەکەم، بەهرامی دووەم)دا، ماوەی سی ساڵ ڕابەرایەتیی زەردەشتە ڕۆحانییەکانی کردووە وتوویەتی: ئایینی مەزدایی بەدەستی من بەهێزبوو، زاناکان من پەروەردەم کردن، هەربەدەستی منیش بوو ئاتەشگەکان کرانەوە و (موغ)یان لەسەر دانرا، سووپای پادشا، بۆ هەر جێگایەك دەڕۆیشت لەو شوێنەدا ئاتەشگە دەکرایەوە، هەر بۆ نموونە لە (ئەنتاکیە)، چەندین ئاتەشگە کرانەوە.

ئاگر لای زەردەشتییەکان نیشانەی گیانی نوورانیی خوای گەورەیە و هەر ئاگردانێکیش جێگە و ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەوێشەوە ئاگری هەمیشەیی دەسووتێت و نابێت بەدەستلێدان و هەناسە هەڵکێشان لە بەرانبەریدا پیسبکرێت، مووبدەکان کە خزمەتی ئاگر دەکەن، پێویستە لەسەریان دەستکێش لە دەست بکەن و دەمیشیان هەڵبەستن.

هەروەك لە سەرچاوە مێژووییەکاندا باسکراوە، چەند ئاتەشگەیەکی گەورە و بەناوبانگ لە ئێراندا هەبوون، وەك:

-1ئاتەشگەی ئازەرگوشەسپ: ئەم ئاتەشگەیە، لە باکووری (شیز)دا بووە لە هەرێمی ئازەربایجان، تایبەتبووە بە پادشاکان و شوێنەکەشی وادیاریکراوە، گوایا دەکەوێتە ناو شوێنەوارەکانی (تەختی سلێمان)، لە ناوەڕاستی ڕێگەی نێوان (ورمێ = ئورمیە و هەمەدان)دا.

پادشاکانی دەوڵەتی ساسانی، بەردەوام (زێڕ، پارە، زەوی، کۆیلە) و شتی گرانبەهایان وەك دیاری پێشکەشکردووە بەم ئاتەشگەیە، لە کاتی دەستبەکاربوونیشیاندا لەسەر تەختی پادشایەتی بەپێ ڕۆیشتوون بۆ زیارەتی (ئازەرگوشەسپ) و قوربانیی گەورەیان بۆ کردووە، ئەم ئاتەشگەیە لە سەردەمی ساسانییەکاندا هێمای یەکگرتنی دین و دەوڵەت بووە.

-2ئاتەشگەی فریغ: بەپێی چەند گێڕانەوەیەك، ئەم ئاتەشگەیە لەسەر (کێوی ڕۆشن) بووە لە هەرێمی کابلستان و ئاتەشگەی (مووبد، پیشەوەر)ەکان بووە، هەندێکیش پێیانوایە لە (ئەصگخر)دا بووە، مەسعوودی بەناوی (ئازەر جۆی= ئاگری جۆی) ناویهێناوە.

-3ئاتەشگەی ئازەر بەرزین مهر: کەوتۆتە خۆرهەڵاتی ئێرانەوەو لە چیاکانی (ڕێوەند)دا بووە لە باکووری خۆرهەڵاتی (نەیساپوور)، ئاتەشگەی جووتیارەکان بووە.

بێجگە لەمانەی ناومانهێنان لە ئێراندا، چەند ئاتەشگەیەکی تر هەبوون، هەرچەند لە رووی گرنگییەوە بەپلەی دوو هاتوون، بەڵام شوێن بایەخپێدانی گەورە بوون، لەوانە: (ئاتەشگەی نەیساپور، ئاتەشگەی ئەرجان لە هەرێمی فارس، ئاتەشگەی کرکرا، ئاتەشگەی شیروان لە نزیك (رەی)، ئاتەشگەی قەزوێن، ئاتەشگەی قووش، ئاتەشگەی گوس).

ئاگری ئاتەشکە هەمیشە لە لایەن پیاوە دینییەکانەوە چاودێری و سەرپەرشتیکراوە و بەدارێکی تایبەت ئەمدیو و ئەودیوکراوە، ئەو دارە داری رووەکێکە پێیدەوترێت (بەرسم)، بەپێی نەریتێکی تایبەت براوەتەوە.

هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لەوە بکەین، بۆنی ئاتەشگەکان بەردەوام بە (بوخورد) و سووتەمەنییە بۆندارەکانی تر خۆشکراوە، رۆژانەش پێنج جار لە لایەن پیاوە دینییەکانەوە نزای تایبەت خوێندراوە، پاشان ئەرکی دینی و مەزهەبیی خۆیان ئەنجامداوە، لەسەر هەموو زەردەشتییەکیش پێویستە بروات بۆ ئاتەشگە و نزای (ستایشی ئاگر) بخوێنێ، کە پێیدەوترێت (ئاتەش نیایشین)، بە بڕوای زەردەشتییەکان، هەر کەسێك رۆژانە سێ جار بڕواتە ئاتەشگەو نزای (ئاتەش نیایشین) بخوێنێت، خۆشگوزەران و بەختەوەر دەبێت و لەڕووی رۆحییشەوە ئاسوودەیە.

لە کۆتایی ئەم خاڵەدا دەڵێین، زەردەشتییەکان ئاگر بە نووری خوا دەزانن و ئاگر پەرست نین، مەجووسییەت و ئاگرپەرستی تاوانێکی نارەوایە، دوژمنەکانیان داویانەتە پاڵیان.

**4-باوەڕبوون بە (یەزد=یەزت= ئێزد)ەکان :-**

بەپێی باوەڕی زەردەشتییەکان، ئەمانە بوونەوەری تایبەتمەند و جیان، (موجەرەدن) و ژمارەیان (30) یەزدە، دەبن بەدوو کۆمەڵەوە بەناوی (یەزدی ئاسمانی و یەزدی زەمینی)، هەر یەکێکیشان تایبەتە بە یەکێك لە رۆژەکانی مانگەوە، هەرە چاکترین یەزدی زەمینی (زەردەشت)ە کە خەڵك بانگدەکات بۆ خواپەرستی و دینی راستی، لە رۆژی دەرکەوتنیشیەوە، سەرکەوتنی هێزی چاکە و رووناکی بەسەر هێزی خراپە و تاریکیدا بەردەوامە.

**5-نوێژ**

هەموو زەردەشتییەك لەسەری پێویستە رۆژانە پێنج جار نوێژ بکات، لە کاتی نوێژکردندا روودەکەنە رووناکی وەك: (تیشکی خۆر، رووناکی مانگ، رووناکی چرا)، ناوی نوێژەکانیشیان و کاتەکانیان بەم شێوەی لای خوارەوە دیاریکراوە:

هاون گا=Havangah: لە هەڵهاتنی خۆرەوە هەتاکو نیوەڕۆ.

رپیت وین گا=Repithwingah: لە نیوەڕۆوە هەتاکو سێ، سەعات پاش نیوەڕۆ، لە سەردەمی کۆنیشدا کە سەعات نەبووە، ئەم نوێژە لە ماوەی نێوان نیوەڕۆ، بۆ کاتی گەیشتنی خۆر بە 3/4ئاسمان ئەنجامدراوە.

ئەزیرین گا=oziringah: لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆوە، هەتاکو دەرکەوتنی ئەستێرەکان.

ئەیویس رۆتریم گا=aiwisrathrimgah: لە سەرەتای شەوەوە هەتاکو نیوە شەو.

ئوشهین گا=ushahinvah: لە نیوە شەوەوە هەتاکو هەڵهاتنی خۆر.

مەرجەکانی نوێژکردنیش بریتین لە:

1-پاکیی لەش، لە هەموو پیسی و پۆخڵییەك.

2-پاکیی جلوبەرگ لە چەپەڵی: خوێن، موو، نینۆك و هەموو شتە هاوشێوەکانی تر.

3-شتنی دەمو چاو و دەست و قاچ.

4-داکەندنی چۆغە و کوشتی زەردەشتی لە کاتی نوێژکردندا.

5-شوێنی نوێژکردن نابێت بەپارەی دزیکردن کردرابێت، یاخود بەزۆر لە کەسێك داگیرکرابێت، ئەو شوێنە پێویستە دووربێت لە هەموو پیسوپۆخڵییەکەوە و بەلای کەمەوە، سێ هەنگاو بەدەورووبەریدا پاك و خاوێنبێت.

سەبارەت بە رۆژووش، لەبەر ئەوەی رۆژوو دەبێتە هۆی لاوازبوون و بێتوانایی جووتیارەکان، بۆیە (زەردەشت) رۆژووگرتنی لێ قەدەغەکردوون.

**6--بەپیرۆز زانیینی سەرچاوە سرووشتییەکان**

وەك: (ئاگر، ئاو، هەوا، خاك)، سەبارەت ئاگر لە خاڵی پێشووتردا لە بارەیەوە قسەمانکرد، کە هێمای دینی زەردەشتییە، بەڵام سەرچاوەکانی تری وەك: (ئاو، هەوا، خاك)یش بەلایانەوە پیرۆزن و هەرگیز نابێت پیسبکرێن، هەر لەم بوارەدا زەردەشتییە کۆنەکان، مردووەکانیان بردووەتە سەر لوتکەی چیایەکی بەرز و لەوێ دایاننناون، بۆ ئەوەی درندە و باڵندەی کێوی گۆشتەکەیان بخۆن، بڕوایان وابووە ناشتنی مردوو لە ناو زەویدا دەبێت بەهۆی پیسکردنی زەوییەکە و سووتاندنیشی ئاگر و هەوا پیسدەکەن، بەڵام پاشان ئەم بڕوایەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەم بوارەدا گەشتیارێکی بوودایی بەناوی (هیون تسانگ) وتوویەتی: ئێرانییەکان بەزۆری لاشەی مردووەکانیان لە چۆڵایدا فرێدەدا، بەڵام (سیاوەش) نەیویستووە لەسەر ئەو نەریتە بڕوات، بۆیە کاتێك هاوسەرەکەی مردووە، گۆڕی بۆ

هەڵکەندووە و شاردوویەتییەوە.

لە چوارچێوەی ئەو گۆانەی لە رووی تێروانینیانەوە بۆ لاشەی مردوو بەسەر بڕوایاندا هاتووە، زەردەشتییەکان بە تێپەڕبوونی رۆژگار لەم بوارەدا هەڵسوکەوتیان گۆڕیوە و (دخم ) یان دروستکردووە بۆ ئەوەی لاشەی مردووکانیانی تێدا بشارنەوە.

لە کتێبی (وەندیداد)دا، کە یەکێکە لە بەشەکانی کتێبی پیرۆزی ئاوێستا، هاتووە: زەردەشت پاش پاڕانەوە لە ئاهورامەزدا فەرموویەتی: ئەی خوای تاک و تەنها پێمناڵێی خۆشترین شوێنی زەوی لە کوێدایە؟ ئاهورامەزداش لە وەڵامدا فەرموویەتی: ئەی زەردەشتی ئەسپیتمان، خۆشترین شوێنی زەوی ئەو شوێنەیە ماڵێکی تێدا دروستبکرێت و ئاگردانێکی تێدابێت، (ژن و مندالَ، گا و مەر)ی زۆری تێدا بێت، خەڵك دانەوێڵە و داری میوە و ئالیکی زۆریان هەبێت، لەو شوێنەدا کشتوکاڵی زۆر بکەن و زەوی تێرئاوبکەن، چونکە زەوییەك، کە کشتوکاڵی تێدانەکرێت وەك ژنێکی نەزۆك وایە کە منداڵی نەبێت.

هەر لەم بوارەدا (زەردەشت) فەرمانیداوە بە شوێنکەوتووەکانی بۆ ئەوەی دانەوێڵە و میوە بهێنرێتە بەرهەم، پێویستە کشتوکاڵ بکرێت، شوێنە وشك و بەیارەکان پاراوبکرێن و زۆنگاو لە زەویدا نەمێنێت، وەك پێویست و ئەرکێکی دینی ئەبێ هەموو زەردەشتییەك دارێك بروێنێت.

**7-تێروانین بۆ تاوان:**

تاوان لای زەردەشتییەکان شتێکی خۆکردە و هەموو مرۆڤێك دەتوانێت بەویستی خۆی دوورەپەرێزبێت لە تاوان، یاخود بەپێچەوانەوە، دەتوانێت خۆی بەتاوانکاری بسپێرێت، بۆیە بەدبەختی، یان خۆشبەختیی مرۆڤ، تاوانکاری و بێتاوانی راستە و راست پەیوەستن بەئازادیی ئیرادەی خۆیەوە، هەر لێرەشەوە دەتوانێت ژیانی خۆی بکات بەئاهەنگێکی خۆش و دڵگیر، یاخود بە ئاوازێکی شووم و خەماوی، گەورەترین تاوانەکانیش لای زەردەشتییەکان ئەمانەن:

بتپەرستی، زینا، نێربازی، خەڵك کوشتن، خۆکوژی، داوێنپیسی، سۆزانییەتی، سوودخواردن، جادووگەری، باوەڕبوون بەئەفسانە، درۆ و دەلەسە، دزی، پەیمانشکێنی، بێئەمەکی، تەمەڵی و تەوەزەلی، کینەبازی، لووتبەرزی و لەخۆباییبوون، خۆپەرستی، ناهەقی، چاوچنۆکی، دەمەدەمی، بەخیلی، بوختانکردن، تووڕەیی، شیوەن و زاریکردن بۆ مردوو، خەڵك فریودان، بایەخنەدان بە ڕێنمایی تەندروستی، بەزەیی نەهاتنەوە بە ئاژەڵدا و چلەکێشی.

**8-ژن و مێردیی و هاوسەریی:**

لە زۆر شوێنی ئاوێستادا ناوی ژن لەگەڵ ناوی پیاودا هاتووە، بە پێی تێروانینی زەردەشتییەکان، ژن پێویستە ویژدان ئازادبێت، هەتا کاری ویستراوی لێ بوەشێتەوە، چونکە پەروەردە و پێگەیاندن و پارێزگاری وەچەی مرۆڤ لە باشترین شێوەدا لە لایەن ژنەوە بەرهەمدەهێنرێت، لەم بوارەدا (زەردەشت) فەرموویەتی:

ئەی کیژانی شووکردوو، ئەی ئەو لاوانەی تازە ژیانی هاوسەریتان پێکەوەناوە، لە ڕێگەی ویژدانی خۆتانەوە هەر یەکێکتان پێشبرکێی ئەوی ترتان بکەن بۆ ئەوەی نەفستان پاکبێت.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێك وردەکارین، لە بواری ژیانی (ژن و مێردیی) زەردەشتییەکاندا:

1-کچ، کە تەمەنی گەیشتە (9) ساڵ دەکرێت ناوی بەشوودانی لێبهێنرێت، بەڵام گواستنەوەی بۆ ماڵی مێرد دەبێت تەمەنی لە دوانزە ساڵ کەمتر نەبێت.

2-کچ، کە بۆ یەکەمجار سەروعوزری شت و هێشتا بەشوو نەدرابوو، ئەوە باوکی تاوانبارە و بەچەندبارەبوونەوەی ئەوەندە جار تاوانی باوکەکەی زیاددەکات، رادەی تاوانی هەر جارێکیشیان (1500) درهەمە و لەو دنیا لەسەر (پردی جینوەت) سزای باوکەکەی دەدرێت.

3-باشترین شت بۆ کچان پاش تەمەنی (15) ساڵی شووکردنە.

4-نیشانەکانی ژنی باش بریتین لە: (داوێنپاکی، ئازارنەدانی مێرد بە زمانی، پارێزگاریی ئابووریی ماڵ، ڕێکوپێکی لەگەڵ مێردا، پارێزگاریی کەلوپەلی ناوماڵ) .

5-کۆمەککردن بەو کەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی (باڵقبوون) و هێشتا ژن و ماڵیان پێکەوە نەناوە، لە کردارە زۆر چاکەکانە پاداشتی خاوەنەکەی دەدرێتەوە.

6-هەموو کەسێك لەسەری پێویستە هاوکاریی هاوتەمەنی خۆی بکات، لە پێکەوەنانی خێزان و دابینکردنی بژێویدا.

لێرەدا ئاماژە بۆ یەکێك لە فەرموودەکانی (ئاهورامەزدا) دەکەین، کە بە (زەردەشت) دەڵێت، ئەی زەردەشتی ئەسپیتمان، لای من پیاوی خاوەن ژن، لە پیاوی بێژن و پیاوی خاوەن خێزان لە پیاوی بێ خێزان لە پێشترن[10].

هەر لە درێژەی ئەم باسەدا، قسە لەسەر ئەوە دەکەین، لای زەردەشتییەکان فرەژنی کارێکی خراپ و نارەوایە، جۆری (ژن و مێرد)ی بە پێنج ناو بەم شێوەیە دیاریکراوە،

1-پاشاژن: بەو ژن و مێردییە دەوترێت، کە کچێکی

باڵق بەرەزامەندی دایك و باوكی بدرێت بەشوو، بە كوڕێك و بە بووكی بۆی ببرێت.

-2چاكزژن: بەو ژن و مێردییە دەوترێت كاتێك بێوەژنێك پاش مردنی مێردەكەی لە كەسێكی تر مارەبكرێت.

-3ئەیوك ژن=یەكانەژن: بریتییە لەو ژن و مێردییەی كە كەسێك كچێك بهێنێت، تەنها كچی ماڵبێت، كاتێك مێردەكەی یەكەم منداڵی دەبێت، دەكرێت بەكوڕی باوكی ژنەكە و ئیتر هەرچییەك لە باوكی ژنەكەوە بەمیرات بمێنێتەوە بۆ ئەو كوڕە دەبێت.

-4ستڕژن: ئەم جۆرەیان بریتییە لەوەی كاتێك كوڕێكی باڵق، یاخود پیاوێكی بێژن دەمرن كەسوكاری مردووەكە لەسەر خەرجی خۆیان كچێك لە لاوێك مارەدەكەن، بەڵام بەمەرجێك ژن و پیاوەكە پەیمان بدەن یەكێك لە كوڕەكانیان بە كوڕی كابرای مردوو بدەنە قەڵەم.

-5خودسەرژنی:=ژنی خاوەنرا: كاتێك كوڕ و كچێكی باڵق بە ویستی خۆیان بیانەوێ خێزان پێكەوەبنێن، بەڵام بەهەر هۆیەكەوە بێت كەسوكاری كچە نارازیبن، خۆیان دەتوانن ببن بەهاوسەری یەكتری و كەس ناتوانێت ڕێگە لەو كارەیان بگرێت، بەڵام كچەكە لە میراتی باوكی بێبەشدەبێت تەنها لە حاڵەتێكدا نەبێت، دایك و باوكەكەی بەشێوەی نووسین ئەو مافەی بۆ بسەلمێنن.

سەبارەت بە تەڵاقدانیش، ڕەویەی تایبەت بە خۆی هەیە، تەڵاق لای زەردەشتییەكان ئازادنییە تەنها لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا نەبێت:

-ئەگەر ژن لە سەرن وێنی نووستنی مێردەكەی ناشایستەییكرد.

-هەركاتێك بەبێ ڕەزامەندیی مێردەكەی دوژمنێك بشارێتەوە.

-ئەگەر فێری جادووگەری بوو، یاخود باوەڕی پێیبوو.

-لە كاتی نەزۆكی و منداڵنەبووندا، چ بۆژن، چ بۆ پیاو.

-لە كاتێكدا مێردەكەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ هیچ هەواڵێكی نەبێت.

-لە كاتی دەستدرێژیكردنی سێكسیدا چ بۆ ژن، چ بۆ پیاو.

-ئەگەر یەكێكیان ئەقڵیان لەدەستدا و شێتبوون.

لێرەدا پێویستە ئاماژەبدەین بەوەی، لە دینی زەردەشتیدا كچ وەكو كوڕ لە میراتی ماڵە باوانی دەبات.

-9پابەندبوون بەجەژنە زەردەشتییەكانەوە و گێڕانی ئاهەنگ بە بۆنەیانەوە.

## دەر ئەنجام

لە لاپەڕەكانی پیشووتر بۆمان دەركەوت كە زەردەشت كەینوونەیەكی ڕاستییەو هیچ كات و ساتێك خەیاڵ نەبووە، هەندێك بیروڕامان شەنوكەو كرد، تیایدا بۆمان دەركەوت كە ئەگەرچی زەردەشت پێغەمبەر نییە، بەڵام زاتێكی گەورە بووە و ڕیبازەكەی هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە كە ڕووناكی پیشانی خە ڵك بدات و لە تاریكی و ناڕەحەتی دووریان بخات، سەرەڕای ئەمانەش بۆمان دەركەوت، كە زەردەشت ئەفسانە نییە، چونكە بەڵگەی مێژوویی هەیە، كە دەیسەلمێنێ زەردەشت لەو ناوچانەی ئاماژەمان پێ دان، پێشتر گوزەری كردووەو ڕێبازەكەی بڵاو كردووەتەوە، ئینجا ئاماژەمان دا بە هەندێك بنەما كە ئایینی زەردەشتی لەسەر دادەمەزرێت، سەرەڕای باسكردنی فەلسەفەی دروست بوون و گەشەی دونیا و مرۆڤ لە ڕوانگەو دیدی زەردەشت.

هیوام ئەوەیە مەبەستم و ئاماژەم گەشتبێ‌و توێژینەوەكەش شتێكی نوێی گەڵاڵە كردبێ .

## سەرچاوەكان:


1.(پیشالیاری زەردەشتی) نووسینی محەممەد بەهائودین مەلا صاحیب (دانای هەورامی).

2.(مێژووی ئەدەبی كوردی) چاپی دووەم لاپەڕە (642) نووسینی (عەلائوددینی سەجادی).

3.(خوڵاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان)، نووسینی محەممەد ئەمین زەكی بەگ.

4.كوردو باكووری كوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی، نووسینی محەممەد ڕەسووڵ هاوار.

5.(مروج الذهب ومعادن الجواهر) (ابو الحسن علی بن حسین المسعودی).

6.بڕوانە كتێبی (ایران فی عهد الساسانیین) نووسینی كریستنسن، وەرگێرانی یحیی الخشاب،.

7.(خوڵاصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان، نووسینی (محەممەد ئەمین زەكی بەگ).

8.(مێژووی وێژەی كوردی، نووسینی، د.صدیقی بۆرەكەیی.

9.ئاوێستا، توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواە).

10.پەیامی هەورامان نووسینی (هادی بەهمەنی).

11.مێژووی ژیانی زەردەشت، نووسینی، عەبدوڵا موبلغی ئابادانی- وەرگێرانی وریا قانیع.

12.(هكذا تكلم زرادشت) تـألیف فریدریك نیتشه.

# گۆرانیو موزیکی کوردی
# و
# تەقەللای چەواشەو دزێو



**محەمەد حەمە باقی**

ناوەڕاستو کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، هەندێ هونەرمەندی لاوی کورد، کە خۆیان دڵبەستەو شیفتەی دەنگی هونەرمەندی ناسراوی عەرەب (فەرید ئەترەش) بوون، بەخولیایەکی زۆرەوە دەیانویست لاسایی دەنگی فەرید ئەترەش بکەنەوەو لەم پێناوەدا ئەوپەڕی تەقەلایان دا، تا ستێلو شێوازو ئۆکتافەکانی دەنگی خۆیان، وەك دەنگی (فەرید) بچوێننو بەو هۆیەشەوە کە هەندێ لەمانە، خۆیان لەگەڵ هەندێ ئامێری موزیکی وەك (عوود)دا شارەزابوون، چەند ئاوازێکیان بەهەمان ستێلی دەنگی (فەرید ئەترەش) دەرهێناو بۆ ماوەی نزیکەی (10) ساڵێك لە بەشی کوردی، ڕادیۆی بەغداوە، گۆرانییەکانیان بڵاودەکردەوە.

ئەو سەردەمەی ئەم چەند لاوە کوردە ئەوگۆرانییانەیان لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغداوە بڵاودەکرایەوە، هێشتا تەلەفزیۆنو سەتەلایتو ئەم هۆیانەی ئێستای ڕاگەیاندن دانەهاتبوون، لەبەر ئەوە ڕادیۆی ناوبراو، تاقانە سەرچاوەو هۆیەکی ڕاگەیاندن بوو، کە خەڵکی کوردستان بەتاسەوە گوێدێری خێرایی وێردی سەر زمانی لاوانی وەك خۆیانو هۆگرانی موزیکیشدا لایەنگرانی پەیدا کردو کەوتنە لاساییکردنەوەیان.

بەڵام ئەو کاتەی ئەم لاوانە ئەم گۆرانییانەیان بڵاودەکردەوە، گۆرانیبێژە گەورەو رەسەنەکانی کورد، وەك: عەلی مەردان، محەمەد عارف جەزراوی، تاهیر تۆفیق، حەسەن جەزراوی، رەسول گەردی، حەسەن زیرەك، محەمەد ماملێو.. پێکەوەو لە یەك سەردەمدا، لە هەرەتی گۆرانی چڕینو تەقینەوەی کانیاوی بەهرەو داهێنانو بەخشینی لەبن نەهاتوودا بوونو بەرهەمەکانی ئەوانیش هەر لەهەمان رادیۆی ناوبراو و دواتر لە رادیۆی کرماشانەوە پەخش دەکرانەوەو بەجەماوەر دەگەیشتن.. کە بەرهەمەکانی ئەم گۆرانیبێژە گەورانە، چ لە باری رەسەنایەتیو چ لە باری ژمارەوە، لەوانەی ئەم لاوانە زۆر زۆرتر بوون، لەبەر ئەوە تەمەنی هونەرو دەنگو ئاوازی ئەم لاوانە، لە چاو ئەو گۆرانیبێژە مەزنانەدا، وەك تەمەنی گوڵاڵەسوورەو رێواسو کەنگریان لێهاتو بوون بەژێر شەپۆلی بێ کۆتایی رەسەنایەتی دەنگییانەوەو ئێستا یادو شوێنی بەهرەی ئەو لاوانە، لە جوگرافیای گۆرانیو ئاوازی کوردیدا، هەر ئەوەندەی ئەستێرەیەکی کشاو، یان برووسکەیەك، لە بیرەوەریی گۆرانیی کوردیدا بەجێماوە. بۆیە کاتێکیش دەڵێین تەمەنی یادو ئاوازی ئەم لاوانە، ئەوەندەی برووسکەو ئەستێرەیەکی کشاوە، مەبەستم لە تەمەنی کورتو ساتەوەختینەی برووسکەو ئەستێرەیەکی کشاوە.. کەچی یادی ئەو گۆرانیبێژە مەزنانەی ناومان هێنان، ئەوەندەیان ژیانو زیندوویەتی لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، وەك ئەستێرەی هەمیشە دیارو گەشو درەوشاوەو پڕ جریوەو ترووسکە شیرینەکانی ئاسمانی کوردەوارین.

ئەمە لە کاتێکدا، ئەو رۆژگارەی ئەو گۆرانیبێژە لاوانەی تیایدا کەوتبوونە ژێر کاریگەریی گۆرانیی عەرەبییەوە، سەرلەبەری خۆرهەڵاتی ناوەراست بە(کوردستانیشەوە)، کەوتبووە ژێر زەبری تەوژمو راگەیاندنی پڕ لە هاتو هاوارو ژاوەژاوی هەمەجۆرەی عەرەبەوە، کە تیایدا ئاوازو سترانی عەرەبیش، تاقانە دەنگی بیستراوی سەردەمەکە بوو، چونکە ئەو رۆژگارە، کورد ئامرازو هۆیەکانی راگەیاندنی نەبوو، کە نەك بەهۆیەوە پڕوپاگەندە، بەڵکو تا بەرگری لە پاراستنی کەلەپوورو ئاوازو سترانی خۆیشی بکات! بۆیە سەیر نەبوو لە ناو ئەو هەموو ئامرازو هۆیانەی پڕ لە هەڵلاو هاواری راگەیاندنی عەرەبییدا، چەند لاوێکی کورد، بکەونە ژێر زەبرو جێپەنجەی هونەرمەندانێکی عەرەبی نموونەی وەك (فەرید ئەترەش)ەوە، کە هێشتا فەرید ئەترەش، لە چاو هونەرمەندانی تری وەك (ئوم کەلسوم، محەمەد عەبدولوەهابو عەبدولحەلیم حافز)و...هتد. زۆرتری بۆ نەدەکرا، کە راگەیاندنەکانی عەرەبی، بێ هەدادانو بەردەوام، پڕوپاگەندەی بریقەدارو هەمەجۆرەیان لە



رەسوڵ گەردی

رێگەی رادیۆ، رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە بۆ دەکردن.

سەیریش لەوەدابوو، لە کاتێکدا ئەم هونەرمەندە مەزنانەی کورد (کە ناومان هێنان)، زۆر کەم لە تەمەنی خۆیاندا بەخۆیانەوە دیبێ، تیپێکی موزیکی کوردی، هاوکاریی دەنگیانی کردبێو بەردەوامیش موزیکژەنانی بیانی (بەتایبەتی عەرەبو فارس)، موزیکی لە تەکیاندا ژەندووە، کەچی دەسەڵاتی دەنگی ئەم هونەرمەندە کوردانە، ئەوەندە زاڵو سواروو بەتواناوبووە، هەمیشە وایان کردووە، موزیکژەنانی بیانی، بەدوای دەنگی خۆیاندا جڵەوکێش بکەنو ناچاریان بکەن رێز لە کەشوهەوای دەنگیان بگرن، نەك بەپێچەوانەوە.

ئا لێرەدا، کەم بەدوای هۆیەکانی دروستکردنی ئەم دەسەڵاتی دەنگە زیندووانە بچین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین: ئەم دەنگانە، ئاوازو سترانی دێرینەی سەدانو هەزاران ساڵ لەمەوبەرتری مێژووی خۆیانن، کە نەوە دوای نەوە، سنگاوسنگ، ئەم کەلەپووره رەسەنو زیندووەیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووەو لەو تەمەنی هەزاران ساڵەشدا، توانیویانە لە بەرامبەر دەیان هێرشو پەلامارو داگیرکردنی درێژخایەنی لەشکرەکانی ئاشوورو ئەسکەندەری مەکدۆنیو ئیسلامو عەباسیو ئوغوزو تورکو سەلجوقیو هۆلاوکۆو تەیموور لەنگو ئاق قۆینلوو و قەرەقۆینلوو و سەفەویو عوسمانیو...هتد، خۆیان رابگرنو شەقڵو مۆرکی کوردەوارییانەیان بپارێزن، کە لەم تەمەنە پڕ چەڵەمەو دژوارەدا، ئەم شەقڵو مۆرکە،

بۆتە ناسنامەیەکی بەرچاوی دەرودراوسێو بیانیو کوردناسانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا.. بەمانایەکی تر، ئەم سامانە کولتوورییەی ئێستای ئاوازو سترانی کورد، بەری رەنجو ماندووبوونو قوربانیدانی گەلی کوردە، لەبەردەم ئەو هەموو هێرشو پەلامارو داگیرکردنو رەشەکوژییو کاولکارییەی، کە دواین نموونەکانیمان لە رژێمی (سەدام حسێن)دا بینی.. بۆیە دەرکەوتنی trووسکەی ئازادیی دوای راپەڕینی ساڵی 1991ی سەدەی رابردوو، ئومێدێکی تازەی هێنایە ئاراوە، کە تیایدا پێ بەپێی گۆڕانکاریو ئاوەدانیو پێشخستنەکانی تری بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو.. لەگەڵیاندا فەرهەنگو کەلەپووری کوردیش، گەردی رۆژگاری داگیرکردنو شێواندنو ناشرینکردن، لە خۆی بتەکێنێو خزمەتی بکرێو بگەشێتەوە، بەڵام مخابن! کە ئەم لایەنە، نەك هەر بەگوێرەی پێویستو شیاو لای لێنەکرایەوەو لە بیرکرا، بەڵکو جڵەوەکانی درانە دەست کەسانی نەشارەزاو هەلپەرستو نەخوێندەوارو نامۆ، کە زۆر ناشیانە کەوتنە بەلارێدا بردنو هەڵدێرانیو.. ئەوەی کە تۆزقاڵێك trووسکەی رزگارکردنی (گۆرانیو موزیکی کوردی) لەم پاشاگەردانییەی ئەم (15-10) ساڵەی دوایی لێدەکرێ، هەر هونەرمەندانی خەمخۆرو دڵسۆزی خودی مەیدانی گۆرانیو موزیکی کوردین، کە دیسانەوە مخابن! ئەمانیش لەلایەکەوە بەرادەی شیاو، راوێژیان پێناکرێ، لەلایەکی تریشەوە، لەبەردەم هەندێ دیاردەی شێواندنو لەکەدارکردنو دزێوکردنی ناسنامەی گۆرانیو موزیکی کوردیدا، هاودەنگو یەك هەڵوێست نین.

لەو دیاردە دزێوانەی لەم نزیکەی (15) ساڵەی دواییدا بەزەقی دەبینرێن، لاساییکردنەوەی ئاوازو گۆرانی تورکیو عەرەبییە، کە لاوانێکی نەشارەزاو بێئاگا لە پاشخانی مێژوویی بەشکۆی موزیكو گۆرانی کوردی، سەرباری ئەوەی بێ پەروا دەخزێنە ناو کەشو هەوای گۆرانیو موزیکی گەلانی ترەوە، کەچی دەمو دەستیش بەرهەمەکانیان لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنی حزبەکانی کوردستانەوە بڵاودەکرێتەوە! بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆرە فلتەرێك! کە سۆنگەی ئەم رێگەپێدانە، دیسان نەشارەزایی ئەو دەزگاو کەناڵانەی راگەیاندنە، لە جیهانی گۆرانیو موزیکی رەسەنی کوردی.. بەواتایەکی تر، ئەو کەسانەش کە لەو کەناڵانەدا، رێگە بۆ ئەم لە شەقامەرێ دەرچوونە خۆشدەکەن لەولاوە تازەپێگەیشتووانە شارەزاتر نین، کە خەریکی لاساییکردنەوەی گۆرانیو موزیکی بیانین، چونکە ئەگەر شارەزابوونایە، دەبوایە بزانن کە موزیکی کوردی، پاشخانێکی زۆر دێرینەترو دەوڵەمەندتری لە موزیکی تورکیو عەرەبی هەیە.. لەمەش دزێوتر، هاندانو


تایەر تۆفیق

رێنوێنیکردنی هەندێ لاوی بەناو هونەرمەندو گۆرانیبێژە، تا لەسەر ئاوازی موزیکی عەرەبی، گۆرانیی بچڕن!.. ئەم دیاردە دزێوە، سەیرەکەی لەوەدایە، کە گوایە ئەوانەی رێنوێنیو چاوساغی ئەم لاوانە دەکەن، خۆیان بەپسپۆڕی بواری موزیکی لە قەڵەم داوە! لە کاتێکدا ئێمەی شوێن پێ هەڵگری گۆرانیو موزیکژەنو موزیکزانی کورد، لە هیچ کەناڵو دەزگاو کۆڕو بۆنەیەکدا، نەماندیوە ئەمجۆرە پسپۆڕانە بەهرەیەکی موزیکیی خۆیان، لە بوارەکانی: ئاوازدانان، موزیکژەندن، رابەرایەتیی کۆنسێرتی موزیکیدا نیشان بدەن! وەك ئەو هەموو تاقیکردنەوانەی لەم بوارەدا، لەگەڵ نموونە بەهرەدارەکانی وەك مامۆستایان: موجتەبای میرزادە، ئەنوەر قەرەداغی، وریا ئەحمەد، دڵشاد محەمەد سەعید، خالید سەرکار، عەبدوڵڵا جەمال، زرار رەواندزیو ئەندامانی بنەماڵەی کامکارو عەندەلیبیو یوسف زەمانیو.. هتد، کە هەریەکەیان لەم (30) ساڵەی دواییدا، چەپکێ ئاوازو بەهرەی خۆیان پێشکەش، خەرمانی موزیكو گۆرانی کردووەو دەیان لاویشیان فێری جۆرەکانی ئامێری موزیك کردووە.. کەچی ئەم جۆرە بەناو هونەرمەندو پسپۆڕانەی پلاری قەدەر، دەیانکاتە راوێژکارو دەمراست، بێ ئەوەی جەماوەر، بەهرەیەکی راستەوخۆو رووبەڕوویان لێ ببینێ هەندێ دامودەزگاو سەرانی حزبو حکومەت، دەسەڵاتی باڵاتری لە ئەندازەی باڵای هونەرییان پێ رەوا دیونو پشتیوانی لە راوێژو بیروبۆچوونیان دەکەن! لە کاتێکدا راستتر وابوو دوای ئەزموونو تاقیکردنەوەو بەخشینێکی

زۆری هونەری، ئەوسا ئەم متمانەیەیان پێ بدرێ، بەڵام ئەم (بەناو پسپۆڕانە!)، بۆ ئەوەی چاوبەست لەو دامودەزگاو حزبو بەرپرسانەی دەوڵەت بکەن! کە ئەم متمانەیەیان داونەتێ، بانگەشەی ئەوەش دەکەن، کە (گوایە!) دەتوانن ئەلتەرناتیڤ بۆ سروودی ڕەسەنو نەمری وەك (ئەی ڕەقیب)یش پەیدا بکەن!. کە بەم کارە، هەر تەنیا مەبەستیان ئەوەیە هەڵڵایەكو ناوبانگێك بۆ خۆیان دروست بکەن!. ئەگینا کێ دەستی ئەم جۆرە بەناو هونەرمەندو تەنانەت هونەرمەندە بەهرەدارەکانی تریشی گرتووە، تا دەیانو دەیان (سروودی نەمر) ساز نەکەن؟. ئەی باشە کە ناتوانن کاری وا بکەن، بۆچی گەڕیان لە سروودێکی وەك (ئەی ڕەقیب) ئاڵاندووە؟.

من لە کاتێکدا ناوی سروودی (ئەی ڕەقیب) دێنم، هەروەك نامەوێت هیچ جۆرە داکۆکیو بەرگرییەك لە ڕووخسارو ناوەرۆکی (ئەی ڕەقیب) بکەم، هاوکات ناشمەوێ بڵێم پێویستیمان بەدەیان سروودی نوێو هاوچەرخانەی تر نییە، کە سیماو ناوەرۆکی بەرەوپێشەوەچوونی داخوازیو ئاواتو ئەزموونەکەی ئێستامان بنوێنێ، بەڵکو دەمەوێ ئەو چاوبەستەی ئەمانە، بۆ جەماوەری دڵسۆزو خەمخۆر، پووچەڵ بکەمەوە، کە لە کاتێکدا (وەك وتمان) ئەمانەی کە هێشتا لای جەماوەری خەڵكو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، هیچ جۆرە بەهرەیەکی هونەریی خۆیانیان نیشان نەداوە، چۆن چۆنی ئەم هەموو ئاوازە عەرەبییانە، بۆ لاوانی تازە گۆرانیبێژ ساز دەکەنو پەیتا پەیتاش لە شێوەی (C.D)یدا، بۆ بازاڕەکانیان دەنێرن؟.

بۆ بەدواچوونی ئەم پرسیارانە، هەر نزیکەکانی ئەم بەناو هونەرمەندانە، ئەو نهێنیانە ئاشکرا دەکەن، کە تەنانەت ئەم ئاوازە عەرەبییانەش هی خۆمان نین!، بەڵکو ئاوازی ئامادەکراوی موزیکژەنانی عەرەبی وەك (محەمەد موجی)و نموونەکانی تری وەك ئەو هونەرمەندانەیە، کە بەپارەی مۆڵ، لە سامانی نەتەوایەتیمان لێیان دەکڕنو پاشان وەك تریاكو ژەهر، دەرخواردی موزیکی ڕەسەنی کوردیو لاوانی بێئاگای دەدەن!.

ئا لێرەدا، کە وەڵامی ئەم پرسیارەمان پێدەگاتەوە، پێویست بەوە دەکات بۆ ئەوەی ڕووناکیی زیاتر بخەینە سەر لایەنێکی تری نەشارەزاییو بێئاگایی ئەم پسپۆڕانە!، لەنگەرێك لەسەر ئەم لایەنە بگرینو بپرسین: ئەگەر ئەم بەڕێزانە، بەم کارەیان دەیانەوێت خزمەتی موزیكو گۆرانیی کوردی بکەن، بۆچی لەباتی ئەوەی ئاوازی ئامادەکراوی عەرەبی دەکڕنو دەرخواردی موزیكو گۆرانیی کوردی دەدەن، تەقەللا نادەن ئاوازی ئامادەکراوی گەلانی (ئاری)، وەك: هیندی، ئازەری، فارسی، ئەفغانیو.. هتد، بکڕن؟. ئەرێ موزیکی گەلانی ئاری، لە کەشوهەواو کەلەپوورو مێژووی موزیكو گۆرانیی کوردی نزیکترە، یان موزیكو گۆرانیی عەرەبی؟، ئەرێ ئەمە بەڵگەو نیشانەی بێئاگایی ئەم خۆشەویستانە نییە، لە موزیكو گۆرانیی گەلانی دنیا؟!.

ئێمە لە کاتێکدا لە ڕوانگەی بەتەنگەوەهاتنو خەمخۆریمانەوە بۆ پاراستنو گەشەپێدانی گۆرانیو موزیکی کوردی، ئەم سەرنجانە بەرچاو دەخەین، هەرگیز قسەو دوودڵیو گومانێکمان لەسەر لایەنی هەڵوێستی نیشتمانیو ڕادەی دڵسۆزییو باری کەسایەتیی ئەمجۆرە بەناو ڕاوێژکارو هونەرمەندانە نییە، بەرامبەر بەگەلو نیشتمانو خەمو خۆزگەکانی، بەڵکو قسەمان لەسەر بێ بەهرەییو لێ نەهاتوویی هونەریو نەشارەزاییانە، لە جیهانو مێژووی موزیكو گۆرانیی کوردیدا، نەك ئیرەیی بردن بەپلەو دەسەڵاتو داهاتو نزیکایەتییان لە بەرپرسانی حزبیو حکوومیو حەزیش دەکەین سەرباری ئەو دەسەڵاتو ڕێزەی لێیان دەگیرێ، دەیانو سەدان ئەوەندەی تر، بەڕێزتر سەیریان بکرێو لەباتی ئەو پشتیوانیو هاوکارییە داراییەی ئێستا لێیان دەکرێ، با دەیان گەڕەکە ماڵیشیان لەسەر تاپۆ بکەنو بکرێنە وەزیرو ئەندام پەرلەمانو باڵاتریش، بەڵام داخوازمان لە دامودەزگای حکوومیو حزبیو بەرپرسانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو لاوانی هونەر پەروەرو گۆرانیبێژان ئەوەیە، ئەو چاوەنوارییو ئومێدو متمانە هونەرییەی بەمانەیان هەیە، لە جێی خۆیدا نییە، چونکە ئەمانە بێ بەهرەنو بۆ پڕکردنەوەو پاساودانی بێ بەهرەیی خۆیشیان، پەنا بۆ کاری نەشارەزایانە دەبەنو سەرئەنجام ئەم کارە نەشارەزایانەی ئەمانە، مەترسیو چەڵەمەو تەنگژە، بۆ گۆرانیو موزیکی کوردی دروست دەکەنو کارێکیش کە کەسانی نەشارەزا دەیکەن، لە دواییدا چارەسەری زۆر دژوارو ئەستەم دەبێ، چونکە وەك شاعیری گەورەی فارس (سەعدی شیرازی) دەڵێ: بەردێك، ئەگەر نەزان بیخاتە ناوچاڵو بیرێکەوە، بەسەد زاناو عاقڵ دەرنایەتەوە.

# ڕێساکانی وشەڕۆنان، لە بنجی کارەوە



**د. شێرکۆ بابان**
**پڕۆفیسۆری هاریکار**

1- **دەستپێك:**

لە ڕێزمانی کوردیدا، چاوگ، یان کار، یان ئەو وشانەی کە لە کارەوە ڕۆدەنرێن، دابەش کراون بەسەر سێ جۆردا، وەك:

یەکەم: جۆری سادە

دووەم: جۆری دارێژراو

سێیەم: جۆری لێکدراو

بێ گومان، ئەم دابەشکردنە زۆر جوان و کاریگەرە. بەڵام زۆر بەسفتی و بەخنجی ئەنجام نەدراوە، هەر لەبەر ئەوە گشت کاتێك مشت و مڕ هەیە، چونکە تێکەڵ و پێکەڵی لە نێو وشە پۆلێنکراوەکاندا دەردەکەوێت. تەنانەت، هەندێك لە ڕێزماننووسان، لایەنگیری ئەو بیرو بۆ چوونە دەکەن کە جۆری (سادە) لە ئارادا نەبێت. ئێمە لەو باوەڕەداین، ئەگەر پێکهاتەکانی هەر فۆرمێك کە لە (کار)ەوە دارێژرابێت، بە جوانی شی بکرێتەوە، بۆ (بگۆڕی دەرەکی) و (بگۆڕی ناوەکی)، ئەوا ئەو جۆرە بۆ چوونە پەیدا نەدەبوو. ئەوەش لە یادنەکەین، کە لە جۆرە هەلوێستی ئاوهادا، بزاڤی (خنج بڕین) پێویستە و دەبێت جۆرەکانی وشە (خنجبڕ) بکەین بە (تێۆری) و نەهێڵین پرت و پرووشی پۆلە وشەیەك ببێت بە خەوش لە پۆلێکی تردا.

## 2- گلێنەی وشەرۆنان:

لە ئاستی بزاڤی وشەرۆناندا، بنجی(چاوگی بنجی) بریتییە لە گلێنەی وشەرۆنەر. لە هەمان کاتدا، هەمان (بنج) بریتییە لە گلێنەی(کار) و (کار) یش بریتییە لە گلێنەی (رستە). کەواتە، بنجی کار بریتییە لە (گلێنە)، چی لە ئاستی هەر وشەیەکی رۆنراودا، چی لە ئاستی (کار)داو چی لە ئاستی (رستە)دا. هەر لەبەر ئەوە، هەر وشەیەکی رۆنراو چەند ئاکارێکی مۆرفۆسنتاکسی هەڵ دەگرێت. بۆ نموونە، لە کاری (سووتان)دا، بنجی کارەکە (سووت) بریتییە لە گلێنە بۆ کاری (سووتان) و بۆ ئەو رستەیەی کە لەسەر ئەو کارە دەکەوێتە گەڕ، یان لە ئەو وشانەدا، کە لەسەر هەمان کار رۆدەنرێن، وەك:

| شرۆڤە | وشە |
|---|---|
| (سووت) ان | سووتان |
| دە(سووت)ێت | دەسووتێت |
| (سووت)او | سووتاو |
| (سووت)ێنراو | سووتێنراو |
| (سووت)وو | سووتوو |

لە ئەم خشتەیەدا، ریزێك وشە بەکار هێنراون، بە رووخساری (کار، چاوگ، وشەی رۆنراو)، بەڵام لە هەر هەموویاندا بنجی (سووت) هەیە و لە هەمان کاتدا، لابردنی گلێنەی (سووت) دەبێت بە هۆی هەرەس هێنانی گشت وشەکانی نێو خشتەکە. لە نووسینەکانی ئێمەدا، خانەی (بنج) بە خانەی ژمارە (سفر) ناوبراوە و ئەمجا کۆلکەکانی تر بە هەر دوو لادا دابەش کراون، وەك:

000000(-5)(-4)(-3)(-2)(-1){سفر} (+1)(+2)(+3)(+4)(+5)00000

لە ئەم ریزبەندا، پلیکانەیەك چێ کراوە بۆ گشت ئەو کۆلکانەی بە لای راستدا و بەلای چەپدا رێچکە دەبەستن، سەرەرای ئەو راستیە، گلێنەی (سفر)، کە بریتییە لە بنجی کارەکە، دەبێت بە ئەو ژمارە سفرەی کەهەنگاوی ژمارە سفر دیاری دەکات و ئەمجار نرخ دەدات بە واتایی ژمارەکانی تر. بێ گومان، ئەو ریز بەندە بیرکارییەی سەرەوە، بریتییە لە ئەو فلتەرەی، کە دەتوانێت گشت وشەیەکی رۆنراوی زمانەکەمان لە (خشتبڕ) بدات.

## 3- نموونەیەك بۆ شرۆڤە:

بۆ ئەوەی گرنگی رۆڵی (بنج) بزانین، بنجی (سووت) لەکاری (سووتان) وەردەگرین و گشت کۆلکەکانی لێ بار دەکەین بۆ ئەوەی وشەی بەجێ رۆبنێت، وەك:

| بەرکار | ئامراز | واتاگۆڕ | نەرێ | بەردەوامی | بنجی کاری (گلێنە) | تێپەڕاندن (ێن) (ان) | بکەر نادیار (ر) | نیشانەی رابردوو | جۆری رابردوو | رستەی ناناشکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| +٥ | +٤ | +٣ | +٢ | +١ | سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - | ٥ - |
| | | | | | سووت | ----- | ------ | ---- | ---- | |
| | | | | | سووت | ------ | ------ | ا | و | |
| | | | | | سووت | ان | ------ | د | وو | |
| | | | | | سووت | ێن | ر | ا | و | |
| | | | | ب | سووت | ێن | ---- | ---- | ---- | |
| | | | | | سووت | ------- | ---- | ---- | ---- | |
| | | | | | سووت | ------- | ---- | ا | و | |
| | | دا | | | سووت | ێن | ر | ا | و | |
| | | دا | نە | | سووت | ێن | ---- | ---- | ---- | |
| | | دا | نە | | سووت | ێن | ر | ا | و | |
| دار | | | | | | | | | | |
| دار | | | | | سووت | ان | ---- | د | وو | |

لە ئەم خشتەیەدا، یارییەکی میکانۆیی بەرپا بووە و ریزێك وشە لەسەر بنجی (سووت) رۆنراون و هەر هەموویان واتایان هەیە و رێزمانین. ئەمەو لە ئاستی ئەم خشتەیەدا، چەند سەرنجێك هەن، وەك:

<u>یەکەم</u>: کۆلکە رێزمانیەکان خانەی ئەندازیارییان هەیە و ریزبەندی خۆیان دەپارێزن و ئەو ریزبەندەش هەمان ریزبەندی رستەسازییانە و گوێزراوەتەوە بۆ سەر وشە رۆنراوەکان.

دە: سووت: ێت

ب: سووت: ------

یان،

نە: دە: سووت: ا

نە:----: سووت: ----

یان،

نە: سووت: ێن: ر: ا: و: ە

نە: سووت: ێن: را: و: ----

یان،

دار: دە: سووت: ێن: م

دار: ---: سووت: ێن: -----

یان،

دار(م): سووت: ان: د: وو: ە

دار: سووت: ان: د: وو: -----

دووەم : لە خاڵی یەکەمدا، ریزیك وشە رۆنراو بەراورد کران بە ریزێك رستەی (هاوبنیاد) و دەرکەوتووە، کە هەر جۆرە رستەیەك لە (کەس و ژمارە)ی بکەری رستە پاك بکرێتەوە، ئەوا بنیادی وشەیەکی رۆنراو بەرانبەر بە هەمان رستە بەجێ دەهێڵێت بۆ کەسێك، یان بۆ چشتێك. کەواتە، لەسەرەوە، پێنج (رستە) هەیە و پێنج (وشەی رۆنراو) هەیە ئەو وشە و رستانە بە شێوەیەکی (خشتەکی)، واتە (match) بەرانبەر وەستاون و ناشێت و نابێت (تاق و فیق) یان بکەین، بە (mis-match).

سێیەم: لە سەروبەندی خاڵی دووەمدا، هەر شەش رستەی رێزمانی (سێتدار)، یەك وشەی رۆنراو دەبەخشن، وەك:

| رستە بە (سێت) | وشەی رۆنراو |
|---|---|
| من: دارەکە: دە: سووت: ێن: م<br>تۆ: دارەکە: دە: سووت: ێن: یت<br>ئەو: دارەکە: دە: سووت: ێن: ێت<br>ئێمە: دارەکە: دە: سووت: ێن: ین<br>ئێوە: دارەکە: دە: سووت: ێن: ن<br>ئەوان: دارەکە: دە: سووت: ێن: ن | --:(دار: سووت:) ێن: --<br><br>(دار سووتێن) |

دەبا بروانین لە ئەو سێتە رستەیە، کە هەندێك کۆلکەیان فرێ داوە، وەك:

1. جێناوە جوداکانی بکەر (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) و جێناوە لکاوەکانی بکەر (م، یت، ێت، ین، ن، ن) لابردراون، چونکە لە وشەی رۆنراودا جێیان نابێتەوە و لە ئەو جۆرە وشەیەدا ئەرکی (بکەر) پێویست نیە.
2. بەرکاری رستەکان (دارەکە) بووە بە (دار) و ئامرازی ناسراوی و دیاریکردنی لابراوە، چونکە جێی نابێتەوە لە وشەی رۆنراودا.
3. پێشکاری بەردەوامی (دە) لابراوە، چونکە ئەرکی نییە لەوشەی رۆنراودا.
4. لە ئەوانەی سەرەوە بترازێت، کۆلکەکانی (دار) و (سووت) و (ێن) ماونەتەوە، بە هەمان ریزبەندی سینتاکسی وشەی (دار سووتێن) پەیدا بووە.

چوارەم: لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، بەرانبەر بە ئەو سێتە رستەیە وشەیەکی رۆنراو هەیە لە چەشنی (چاوگ)، کە لەسەر رەگی رابردوو (قەد) رۆدەنرێت، وەك:

| رستە بە (سێت) | وشەی رۆنراو |
|---|---|
| من: سووت: ان: د: م<br>تۆ: سووت: ان: د: ت<br>ئەو: سووت: ان: د: ی<br>ئێمە: سووت: ان: د: مان<br>ئێوە: سووت: ان: د: تان<br>ئەوان: سووت: ان: د: یان | سووت: ان: د: ---: (ن) |

کەواتە، بەرانبەر بە هەر سێتە رستەیەك، یەك (وشەی رۆنراو) و یەك فۆرمی (چاوگ) هەن، وەك:

| بابەت | ریزبەندی سنتاکسی |
|---|---|
| رستە (بەسێت) | من: دارەکەم: سووت: ان: د |
| ناوی بکەر | ---: دار---: سووت: ێن: ----- |
| ناوی چاوگ | ---: دار-----: سووت: ان: د: (ن) |
| ناوی چاوگ بێ بەرکار | ---: ---: سووت: ان: دا: (ن) |

پێنجەم : زۆر جار کارەکە پێشگرێکی (واتا گۆر) هەڵ دەگرێت، وەك:

دارەکان: هەڵ: دە: گرین

بەرانبەر بە ئەم رستەیە وشەیەکی رۆنراو لە چەشنی (ناوی بکەر) هەیە، وەك:

دار: هەڵ: -------: گر: ---------

یان، چاوگێکی رۆنراو هەیە لە چەشنی:

دار---: هەڵ: -------: گر: ت: (ن)

شەشەم : ئەو خاڵانەی سەرەوە (چوستی) و (بلیمەتی) زمانەکە پیشان دەدەن، لە وشەرۆناندا. هەر لەبەر ئەوە، دەبێت لە ئەم میکانۆیە تێ بگەین و هەر هەموومان بکەوینە گەمە کردن لە گۆڕەپانی (وشەرۆنان)دا.

**4- خانەکانی بنجی کار**

لە دیوی بنجدا، ئێمە بارگەیەی خانەکان بە (کۆلکەی ناوەکی) ناو دەبەین، چونکە لە ناخی کارەکەدا کاریگەری دەنوێنین، نەك لە توێکڵی کارەکەدا. لە ئەم رووەوە، خانەکانی (1-، 2-، 3-، 4-) رۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە وشە رۆنان، وەك:

| سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - |
|---|---|---|---|---|
| بنج | ێن، ان | ر | د، ت، أ، ی، وو | وو، و |
| سفر | تۆپەرێنەر | بکەر نادیار | نیشانەی رابردوو | جۆری رابردوو |

لە ئەو خشتەیەدا، خانەکانی (1-، 2-، 3-، 4-) دەبن بە (هیچ) ئەگەر لەگەڵ خانەی گلێنەی (سفر)دا نەبن. هەر لەبەر ئەوە، دەتوانین بیاڤ و بڕشتی خانەکان لە یەکتری هاوێر بکەین، بە ئەم چەشنە:

یەکەم: ئەگەر خانەی (سفر)، واتە (بنج)ی کارەکە هەبێت بەتەنها، وەك بنجی (سووت) لەکاری (سووتاندن)دا، یان، بنجی تێپەڕی(نووس) لەکاری (نووسین)دا، وەك:

| +١ | سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - | رامانی واتایی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | سووت | ----- | ----- | ---- | ----- | دەشێت بسووتێت |
| ب | نووس | --- --- | ----- | ---- | ----- | دەشێت بنووسێت |

لە ئاستی ئەم دوو نموونەیەدا، بنجی (سووت) واتای ( ناوی بکەر) ڕۆدەنێت بە تەنها، بەڵام پێشکاری (ب) دەخوازێت، بۆ ئەوەی کە خۆی پتەوبکات. بێگومان، پێشکاری (ب) کاتیە و بەهاتنی هەر پارچەیەکی تر، چی لای راست و چی لایچەپ، لادەچێت و لە ریزەکەدا نامێنێت. بۆ نموونە، لە باری ( نەرێ)دا، پێشکاری (نە) دەهێتە کایەوە و پێشکاری (بـ) لادەبات، وەك:

(ب) (سووت) : (نە) (سووت)
(ب) (نووس) : (نە) (نووس)

لە رووی زمانی واتاییەوە، ئەم جۆرە ناوە واتای (شیان)ی ڕوودانی کارەکە، بە ئەرکی بکەر، دابین دەکەن، وەك:

--- بـ (سووت) : دەشێت بسووتێت ( شیاوە بۆ سووتان)
---بـ (نووس) : دەشێت بنووسێت ( شیاوە بۆ نووسین)

لە زمانی عەرەبیدا، دەستەواژەی (قابل لـ ...) بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پاشگری (able0000) بەکار دەهێنرێت، وەك:(burnable).

لە رووی بەکارهێنانەوە، جۆرە ناوی بکەر (بسووت) و (بنووس) یەکجارسستن لە بەکار هێناندا و کوردیزانە رەسەنەکانی کوردەواری نەبێت، کەس ناتوانێت فەرقیان بکات، بەڵام دیوە نەرێکە یان ( نەسووت، نەنووس) زۆر روون و خوویایە، کە چی زۆر سستە لە بەکار هێناندا. بەداخەوە، ئەم جۆرە وشەیە گرنگەی زمانەکە، هێشتا بایەخی پێ نەدراوە و نەکراوە بە خۆراکی رێزمانی بۆ بیری منداڵە چاوگەشەکان.

دووەم : ئەگەر خانەی (- 1)، کە رەگەزی تێپەڕاندن (ێن/ ان) هەڵ دەگرێت، بکەوێتەکار لەگەڵ خانەی (بنج)، کە بریتییە لە بنجی کارەکە، وەك:

| +١ | سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | سووت | ێن | ---- | ---- | ---- | دەشێت بسووتێنێت |
| ---- | ----- | ---- | ---- | ----- | ---- | |

لە ئەم ئاستەدا، کارە تێپەڕەکان بێ برشتن، چونکە پێشکاری تێپەڕاندن (ێن/ ان) وەرناگرن، بەڵام گشت کارە تێنەپەڕەکان چالاکی دەنوێنن. بۆ نموونە، ناوی بکەر (بسووتێن)، هەر چەند سست بێت لە بەکار هێناندا، بەڵام واتای

(شیانی سووتاندن) هەڵ دەگرێت. هەر بۆ نموونە، لە دیوی نەرێدا زۆر پتەوتر دەبێت، وەك:

(سووتێن) : (نەسووتێن)

یان، ئەگەر (بەرکار)ێك بخەینە پاڵی، وەك:

--- بە رستە:

دار: دە: سووت: ێن: م

-- بە ناوی بکەر:

دار: ----: سووت: ێن: -----: (دار سووتێن)

لەرووی رێزمانەوە، ئەم جۆرە ناوی بکەرە کۆلکەی (بەرکار) وەردەگرن، چونکە تێپەڕن. لە لایەکی ترەوە، جۆرە ناوی ئاوها (دار سووتێن) یەکسان دەبن بە رێزمان بە هەر کارێکی تێپەڕ، وەك (نووسین) کە دەشێت بەپێی خاڵی یەکەم لە پێشەوە، ناوی بکەری تێپەڕ (نامەنووس) چێ بکات.

سێیەم : ئەگەر خانەی (- 2) لەگەڵ خانەی (سفر)دا بەکار هێنرا، ئەوا بە ناچاری دەبێت هەر دوو خانەکەی پاشتر (- 3) و (- 4) پڕبکەینەوە لە وشەرۆناندا. لە سەرەتادا، بارگەی ئەو سێ خانەیە دەخەینە روو، وەك:

-- خانەی (- 2) : بارگەی بکەر نادیار، دەنگی (ر).

-- خانەی (- 3) : نیشانەی رابردوو، دەنگەکانی (د، ت، أ، وو، ی)

-- خانەی (- 4) : نیشانەی رابردووی تەواو (وو).

بێ گومان، کاتێك کە خانەی (- 2) پڕ دەکرێتەوە بە رەگەزی بکەرنادیار (ر)، ئەوا ناوێکی رۆنراو چێ دەبێت لە چەشنی (ناوی بەرکار) لە جیاتی (ناوی بکەر). ئێستاش دەتوانین خشتەیەك چێ بکەین بۆ ئەم جۆرە ناوە:

| سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - |
|---|---|---|---|---|
| سووت | ێن | ر | ا | و |
| نووس | ---- | ر | ا | و |

بە سەرنجێکی ورد، دەردەکەوێت کە تەنها هەر نموونە تێپەڕەکان دەتوانن ئەم جۆرە ناوە چێبکەن و هەر دوو نموونەکەش زۆر روونن بە (واتا).

چوارەم : ئەگەر خانەی (- 3) لەگەڵ خانەی (سفر)دا بەکار هێنرا، ئەوا خانەی (- 4) یش بە ناچاری بەکار دەهێنرێت لە وشەرۆناندا، وەك:

| | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - |
|---|---|---|---|---|
| سووت | --- | ---- | ا | و |
| سووت | ان | ---- | د | وو |
| نووس | ---- | ---- | ی | و |

لە ئاستی ئەو سێ نموونە شیاوەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

1.یەك نموونەی ( تێنەپەڕ) هەیە لە چەشنی (سووتاو) و دوو نموونەی (تێپەڕ) هەیە لە چەشنی (سووتاندوو) و (نووسیو).

2.دوو نموونە تێپەڕەکە زۆر ناسك و سست و دەبێت بە کۆلکەی بەرکار پتەو بکرێن، وەك:

سووتاندوو: (دار) سووتاندوو

نووسیو: (نامە) نووسیو

پێنجەم : بۆ یەك خستنی بابەتەکە، دەتوانین هەر چوار خشتەکەی نێو خاڵەکانی پێشوو کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەو هەشت قاڵبە دیاری بکەین، کە هەشت (ڕێسا) پێك دەهێنن بۆ وشەڕۆنان، وەك:

| ژمارە | پتەوکرد به (بەرکار) | سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - | هێزی تێپەڕین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | (دار) | سووت | ----- | ---- | ----- | ------ | تێنەپەڕ |
| ٢ | نامە | نووس | ----- | ----- | ----- | ----- | تێپەڕ |
| ٣ | دار | سووت | ێن | ---- | ------ | ------ | تێپەڕ |
| ٤ | (دار) | سووت | ێن | ر | ا | و | تێنەپەڕ |
| ٥ | (نامە) | نووس | ------ | ر | ا | و | تێنەپەڕ |
| ٦ | (دار) | سووت | ----- | ---- | ا | و | تێنەپەڕ |
| ٧ | دار | سووت | ان | ---- | د | وو | تێنەپەڕ |
| ٨ | نامە | نووس | ----- | ----- | یـ | و | تێپەڕ |

لە ئاستی ئەم خشتەیەدا، چەند سەرنجێك هەیە، وەك:

1.گشت نموونەکان پتەوکراون بە (بەرکار)، بەڵام هەندێکیان کەوانە ڕێژ کراون، وەك چینەکانی (1، 4، 5، 6).

2.ئەو نموونانەی کە وانەڕێژ کراون (1، 4، 5، 6) تێنەپەڕن و بەوەرچەرخاوی (بەرکار)یان بۆ دانراوە. بێ گومان هێمای کەوانە (0000) واتای ئەوە دەبەخشێت کە دەشێت کۆڵکەی (بەرکار) بەکار نەهێنرێت.

3.ئەو نموونانەی تێپەڕن بارگەی خانەی (- 2) هەڵ دەگرن، کە بریتییە لە دەنگی (ر)، وەك نموونەی (4، 5). نموونەی (1) ئەو خانەیە پڕ ناکاتەوە چونکە لە بنچەوە تێنەپەڕە.

4.ئەو نموونانەی کە تێپەڕن، خانەی (1) پڕ دەکەنەوە و پارچۆلکەی تێپەڕاندن (ێن) یان (ان) هەڵ دەگرن، وەك نموونەکانی (3، 4، 7). نموونەکانی (2، 8) ئەو ڕەگەزە هەڵ ناگرن، چونکە لە بنچەوە تێپەڕن.

5.ئەو نموونانەی کە خانەی نیشانە ڕابردوو هەڵ دەگرن لە خانەی (- 3)دا، وەك (4، 5، 6، 7، 8) بەرانبەر پێنج ڕستەی ڕابردووی تەواو دەوەستن، بەڵام لە پاش ئەوەی کە ڕستەکە سست دەکرێت لە تەرازووی وشە ڕۆناندا، وەك:

-- دار: سووت: ین: ر: ا: و

(من دارەکەم سووتێنراوە)

-- نامە: نووس: ر: ا: و

(من نامەکەم نووسراوە)

-- دار: سووت: ا: و

(من دارەکەم سووتاوە)

-- دار: سووت: ان: د: وو

( من دارەکەم سووتاندووە)

-- نامە: نووس: ی: و

( من نامەکەم نووسیوە)

1- ئەو نموونانەی کە نیشانەی رابردوو هەڵ ناگرن (- 3) و تێپەڕن، وەك (2، 3) بۆیان هەیە کە پاشگری ناوی بکەر وەربگرن بە پتەوی، وەك:

نامە نووس ← نووسـ(ـەر)
دار سووتێن ← سووتێنـ(ـەر)

کاتێك کە ئەم پاشگرە دەهێتە کایەوە، کۆلکەی بەرکار (نامە، دار) رۆڵی نامێنێت و لادەچێت.
2- ئەو نموونانەی کەبەرکارەکەیان کەوانە رێژکراوە، وەك نموونەکانی (1، 4، 5، 6) دەشێت لەگەڵ بەرکار بەکار بهێنرێن، وەك:

دارسووت: ئەو کەسەی کە داری دەشێت بسووتێت.
دارسووتێنراو: ئەو کەسەی کە داری سووتێنراوە.
نامەنووسراو: ئەو کەسەی کە نامەکەی نووسراوە
دارسووتاو: ئەو کەسەی کە داری سووتاوە.

یان، دەشێت (بێ بەرکار) بەکاربهێنرێن:

بسووت: ئەو چشتەی دەشێت بسووتێت.
سووتێنراو: ئەو چشتەی سووتێنراوە.
نووسراو: ئەو چشتەی نووسراوە
سووتاو: ئەو چشتەی سووتاوە.

ئەو نموونانەی پێشەوە، واتایان ئاشکرایە، بەڵام ئەوانەی پێشتر دەرگای رێچکەیەکی تر دەکەنەوە لەرستە سازی تێپەڕدا، وەك:

| سێتە رستە | ناوی بکەر |
|---|---|
| من دارم سووتاوە<br>تۆ دارت سووتاوە<br>ئەو داری سووتاوە<br>ئێمە دارمان سووتاوە<br>ئێوە دارتان سووتاوە<br>ئەوان داریان سووتاوە | دار سووتاو |

بۆ نموونە، ناوی بکەر (دار سووتاو) زۆر جودایە لە ( دار سووتاندوو)، لەبەر ئەوەی ناوی (دار سووتاو) لە ئاوەڵناوی تەرخانکراو دەچێت لە چەشنی (چاوجوان). واتە (دار سووتاو) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە (دار)ی سووتاوە، وەك چۆن (چاوجوان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە چاوی جوانە. بە واتایەکی تر، کاتێك کە کۆلکەی (بەرکار) دەخرێتەسەر بنیادێکی (تێنەپەڕ)، ئەوا وەرچەرخانێك پەیدا دەبێت، بەڵام بەرەو جۆرێکی تر لە (تێپەر).

5- ناوی بکەر و هێزی تێپەڕین
لە ئەو خشتەیەدا، کە لە خاڵی پێنجەم، لە کۆپلەی پێشوودا، خرایەروو، دەرکەوتووە کە دابەشبوونی (تێنەپەڕ: تێپەڕ) لە نێوان وشە ڕۆنراوەکاندا هەیە بە ئەم چەشنە:

| ناوی تێنەپەڕ | ناوی تێپەڕ |
|---|---|
| (دار) سووت | نامە نووس |
| (دار) سووتێنراو | دار سووتێن |
| (دار) سووتاو | دار سووتاندوو |
| (نامە) نووسراو | نامە نووسیو |

ئێستاش، دەتوانین ئەو دوو دەستە ناوە بەراورد بکەین:
یەکەم : لە نموونەی تێپەڕەکاندا، ناوی بکەر ڕۆڵێکی چالاك و وزە بەخشی هەیە، بەڵام لە نموونە تێنەپەڕەکاندا، بارەکە جیاوازە و ناوی بکەر هیچ چالاکییەکی وزەدار نانوێنێت.
دووەم : ئەو بەرکارەی کە ناوە تێپەڕەکان هەڵی دەگرن بریتین لە (بەرکاری ڕاستەوخۆ)ی ڕستە سازی، وەك:

نامە: دە: نووس: م ← نامە: --: نووس: --
دار: دە: سووت: ێن: م ← دار: --: سووت: ێن: --
دار: دە: سووت: ان:: وو: ە ← دار: سووت: ان: د: وو: ---
نامەم: نووس: ی: و: ە ← نامە: نووس: ی: و: ---

بەڵام نموونە تێنەپەڕەکان (بکەر)ی ڕستەی تێنەپەڕ، یان (جێگری بکەر) یان کردووە بە (بەرکار)، وەك:
داری تۆ دە سووتێت: تۆ (دار سووت)یت
داری تۆ سووتاوە : تۆ (دار سووتاو)یت
داری تۆ سووتێنراوە: تۆ (دار سووتێنراو)یت
نامەی تۆ نووسراوە: تۆ (نامە نووسراو)یت

سێیەم : بە پێی خاڵی پێشوو، دوو ڕێچکەی سنتاکسی لە ئارادایە، لە نموونە تێپەڕەکاندا سنتاکسی سادە و ساکاری کاری (تێپەڕ) چەسپاوە. بەڵام لە جۆری دووەمدا، درك بە حەشارگەیەك دەکرێت، چونکە ڕستەیەکی (تێنەپەڕ)، وەك (دارەکە سووتاوە ) وەچەرخاوە بە جۆرێك لە جۆرەکانی (تێپەڕاندن) بەسەر شەش کەسە ڕێزمانییەکەدا. لە پاشتردا، لە ئەو جۆرە سنتاکسەوە، ناوی بکەر
(دار سووتاو ) وەرگیراوە، وەك:

| ڕستەی تێنەپەڕ | ڕستەی وەرچەرخاو | ناوی بکەر ( وەرچەرخاو ) |
|---|---|---|
| دارەکە سووتاوە | من دارەکەم سووتاوە<br>تۆ دارەکەت سووتاوە<br>ئەو دارەکەی سووتاوە<br>ئێمە دارەکەمان سووتاوە<br>ئێوە دارەکەتان سووتاوە<br>ئەوان دارەکەیان سووتاوە | دار سووتاو<br>وەك<br>ئێمە(دار سووتاو)ین |

بێ گومان، ڕێچکە سنتاکسییە وەرچەرخاوەکە، بە هەمان میکانیزم لە ڕووبەری ڕانەبردوودا ڕوو دەدات، وەك

| ڕستەی تێنەپەڕ | ڕستەی وەرچەرخاو | ناوی بکەرِ وەرچەرخاو |
|---|---|---|
| دارەکە دەسووتێت | من دارەکەم دەسووتێت<br>تۆ دارەکەت دەسووتێت<br>ئەو دارەکەی دەسووتێت<br>ئێمە دارەکەمان دەسووتێت<br>ئێوە دارەکەتان دەسووتێت<br>ئەوان دارەکەیان دەسووتێت | دار سووت<br>وەك<br>ئێمە(دار سووت)ین |

چوارەم: ئەو ناوە تێپەڕانەی کە لە خاڵی سێیەمدا باس کران، دەشێت بەبێ بەرکار بەکار بهێنرێن و بە ڕستەسازییەکی تێنەپەڕی ئاسایی چێ ببن، وەك:

| ناوی بکەرِ وەرچەرخاو | ناوی بکەرِ تێنەپەڕ |
|---|---|
| (دار) سووت | (بـ) سووت |
| (دار) سووتێنراو | (--) سووتێنراو |
| (دار) سووتاو | (--) سووتاو |
| (نامە) نووسراو | (--) نووسراو |

بە سەرنجێکی ورد، دەردەکەوێت کە نموونەکانی دەستە چەپ وشەی ئاساین و پێویستیان بە (بەرکار) نییە، چونکە ڕستە کانیان (تێنەپەڕ) و ئاساییە، وەك:

دارەکە دەسووتێت: (بسووت)

دارەکە سووتێنراوە: (سووتێنراو)

دارەکە سووتاوە: (سووتاو)

نامەکە نووسراوە: (نووسراو)

لە ئەو نموونانەدا، تەنها نموونەی (بسووت) پێشگری (بـ)ی وەرگرتووە، چونکە ڕووخسارەکەی سرك و ناسکە و پتەوکردنی پێویستە، بۆ پاراستنی واتای (ناوی بکەر).

پێنجەم: بەپێی ئەوەی گوترا، (ناوی ڕۆنراوی تێپەڕ) یەك ڕێچکەی سنتاکسی هەیە و بە هەمان شێوە (ناوی ڕۆنراوی تێنەپەڕ) هەر یەك ڕێچکەی سنتاکسی ئاسایی هەیە، بەڵام (ناوی ڕۆنراوی تێنەپەڕ) ی (وەرچەرخاو) ڕێچکەیەکی سنتاکسی وەرچەرخاوی هەیە.

| هێزی تێپەڕین | | ناوی ڕۆنراو بە نموونە |
|---|---|---|
| تێنەپەڕی ئاسایی | تێنەپەڕ | (بـ) سووت<br>(--) سووتێنراو<br>(--) سووتاو<br>(--) نووسراو |
| تێنەپەڕی وەرچەرخاو (تێپەڕ) | تێپەڕ | (دار) سووت<br>(دار) سووتێنراو<br>(دار) سووتاو<br>(نامە) نووسراو |
| تێپەڕی ئاسایی | | (نامە) نووس<br>(دار) سووتێن<br>(دار) سووتاندوو<br>(نامە) نووسیو |

شەشەم: وەك درێژەیەك بۆ خاڵی پێشوو، لە نموونە تێپەڕەكاندا باركردنی بەركاری رستە (دار، نامە) بە ناچاری دەچەسپێت، چونكە دیاردەی (تەرخان كردن) لە ئارادایە و (دیاردەی بەركارگری) دەیچەسپێنێت. لە لایەكی ترەوە، كاتێك كە ناوی تێنەپەڕ تەرخان دەكرێت بە (بەركار)ێكی وەرچەرخاو، وەك (دار سووتاو)، جۆرە ئاوەڵناوێكی تەرخانكراو خۆی دەخاتەروو، وەك:

دار سووتاو: باڵابەرز

بە واتایەكی تر، هەمان میكانیزمی تەرخان كردن لە ئارادایە و جۆرە وەرچەرخانێك بەرپابووە بەسەر هەر دوو نموونەكەدا. كەواتە، (ئاوەڵناوی تەرخانكراو) بەرانبەر بە جۆرە وەرچەرخاوەكە دەوەستێت، نەك جۆرەكانی تر. بۆ نموونە، ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە ئەم ئاكارانە هەڵ دەگرن:

| | |
|---|---|
| دارسووتاو ← | دارەكەی سووتاوە |
| | دارەسووتاوەكە هی كەسێكە |

| | |
|---|---|
| باڵا بەرز ← | باڵاكەی بەرزە |
| | باڵا بەرزەكە هی كەسێكە |

بەڵام، ئەم دووفاقیە لە ئاستی ئەو نموونانەدا نی‌یە كە (وەرچەرخاو) نین، وەك:

| | |
|---|---|
| سووتاو ← | دارەكە سووتاوە |
| | ---------------------- |

| | |
|---|---|
| نامە نووسیو ← | نامەكەی نووسیوە |
| | ---------------------- |

6- **خانەكانی پێشكار:**

لە كۆپلەی پێشوودا، چوار بگۆڕی ناوەكی باسكرا، كە دەتوانین لەوشە رۆناندا بەشداری بكەن، وەك:

ێن/ ان: رەگەزی تێپەڕاندن، بۆ كاتی تێنەپەڕ، خانەی [1-]
(ر): رەگەزی بكەر نادیار، بۆ كاتی تێپەڕ، خانەی [2-]
(ت، د، ا، وو، ی): نیشانەی رابردوو، خانەی [3-]
وو/و: نیشانەی جۆری رابردوو(تەواو) ، خانەی [4-]

هەروەها، ئەوە دەرخرا كە ئەم چوار بگۆڕە ناوەكییە بۆ یان هەیە هەشت قاڵبی وشەرۆنان چێ بكەن و ئەو هەشت قاڵبە دەتوانن بە بگۆڕە دەرەكییەكان فراوانتر ببنەوە، وەك:

| بـــــگۆڕی دەرەکـــــی | | | | | بـــــگۆڕی ناوەکـــــی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرکاری رستە | ئامرازی پەیوەندی پەیوەندی | پێشگری واتاگۆڕ | پێشکاری نەرێ | پێشکاری بەردەوامی | بنجی کاری گلێنە | تێپەڕاندن(ێن) | بکەر نادیار (ر) | نیشانەی دەکات | جۆری رابردوو | ناتاشکرا |
| +٥ | +٤ | +٣ | +٢ | +١ | سفر | ١ - | ٢ - | ٣ - | ٤ - | ٥ - |
| | | | | | لە کۆپلەی پێشوودا لە هەشت قاڵبدا باسکراوە | | | | | |

بێ گومان، ئەو پێشکارانەی (+1، +2، +3، +4، +5) دەتوانن روو بکەن لە هەرهەشت قاڵبەکە و ئەمجار وشەی رۆنراو هەڵ برێژن، وەك:

یەکەم: پێشکاری بەردەوامی (بـ)، ئەم پێشکارە بە دوو رێگا دەتوانێت رووبکات لە هەشت قاڵبەکە، وەك:

رێگای یەکەم: پڕکردنەوەی ئەو کلۆرەییەی کە بنجی کار هەڵی دەگرێت، ئەگەر بە رووتی بەکار بهێنرێت بۆ (ناوی بکەر) بۆ نموونە، کاتێك کە بنجی (سووت) و بنجی (نووس) بە پێشکاری (بـ) پتەو دەکرێن وەك (بسووت) و (بنووس) واتاکە یان روون دەبێتەوە. بێ گومان، ئەم پێشکارە (بـ) بە هاتنی پاشگری (ـەر) لادەچێت، وەك:

بسووت: سووتێنەر

بنووس: نووسەر

رێگای دووەم: پتەو کردنی (ناوی بکەر) لە ئەو کارانەدا کە بنجەکەیان سرك و ناسکە، وەك (کردن، خستن، بردن، ....). لە ئەم بارەدا، پێشکاری (بـ) بەشداری دەکات لەگەڵ پاشگری (ـەر) بۆ پتەو کردنی ناوی بکەر، وەك (بکەر، بخەر، ببەر، ....).

دووەم: پێشکاری نەرێ (نە)، ئەم پێشکارە گشتییە و دەتوانێت بچێتە سەر سەرپاکی نموونەکان و ژمارەیان بکات بە دووجارە. هەر لەبەر ئەوە، پێویست ناکات پتر لەسەری برۆین، وەك:

| ئەرێ | نەرێ |
|---|---|
| بسووت | نامە (نە) نووسیو |
| سووتاو | دار (نە)سووتاندوو |
| دار سووتێن | دار (نە) سووتێن |
| دار سووتاندوو | (نە) سووتاو |
| نامە نووسیو | (نە) سووت |

ئەم پێشکارە بە هەمان روخساری (نە) و بە هەمان خانەی پلیکانەیی (2+) خۆی ریزدەکات.

سێیەم: پێشگری واتاگۆڕ (3+)، ئەم پێشکارە واتای کار بە تەواوی دەگۆڕێت و باری سادەیی وشەکە لادەبات. بۆ نموونە، کاری (گرتن) پێشگرە واتاگۆڕەکانی (هەڵ، دا، را،.......) وەردەگرێت، وەك:

پێشکاری (هەڵ) . هەڵ گر
. هەڵ گرتوو
. هەڵ گیراو
پێشکاری (دا) .دا گر
.دا گرتوو
.دا گیراو
پێشکاری (را) .را گر
. را گرتوو
. را گیراو

چوارەم: پێشکاری (ئامرازی پەیوەندی)، وەك:

پێ نووس، لێ نووس، تێ نووس، پێ نووسراو، پێ نووسیو

یان،

پێ سووت، پێ سووتێن، پێ سووتاو، پێ سووتێنراو، پێ سووتاندوو،....

پێنجەم: پێشکاری (بەرکار)، لە راستیدا ئەم کۆلکەیە گرنگترین کۆلکەیە، چونکە زمانەکە حەز لە دیاردەی (بەرکا گری) دەکات بۆ بەستنی واتای وشەکان، وەك:

(نامە) نووس
(نامە) نە نووس
(نامە) پێ نووس
(دار) سووتێنراو
(دار) سووتاندوو
(دار) سووتاو
(دەست) هەڵ گر
(دەست) گرتوو
(دەست) هەڵ گرتوو
(دەست) پێ هەڵ نەگر

7- **پوختەکاری:**

❖ لە میکانیزمی وشەڕۆناندا، گەمەیەکی میکانۆیی هەیە و لە ئەو گەمەیەدا، رەگی کاری (رانەبردوو)، واتە بنجی چاوگی بنجی بریتییە لە پێکهاتەی ژمارە (سفر) لە بنیادی وشەی رۆنراودا.

❖ بنجی کار بۆی هەیە چوار بگۆڕی ناوەکی بکات بە چوار پێکهاتە لە رۆنانی وشەدا. ئەو بگۆڕانە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە بە ریزبەندی ئەندازیارانە،

-پێکهاتەی یەکەم: رەگەزی تێپەڕاندن (ێن)، یان ئەلەفۆرمەکەی (ان)

-پێکهاتەی دووەم: رەگەزی بکەر نادیار (ر).

-پێکهاتەی سێیەم: نیشانەی دەمکاتی رابردوو، واتە یەکێك لە ئەم دەنگانە (د، ت، ا، وو، ی).

-پێکهاتەی چوارەم: نیشانەی جۆری رابردوو، واتە دەنگی نیمچە بزوێنی (و).

❖ ئەو چوار بگۆڕە، کاتێك جووت دەبن لەگەڵ (بنج)ی کار بۆیان هەیە بە (8) هەشت رێسا هەشت فۆرم ببەخشن بەرەگی کار لە بنیادی وشەی (رۆنراو)دا. ئەو هەشت قاڵبە چواریان لە سەر بنجی کاری (تێنەپەڕ) و چواریان لە سەر بنجی کاری (تێپەڕ) دەکەونە کار.

❖لە رێزمانی کوردیدا، بەرانبەر بە هەر (سێتە رستە) یەك کە بۆ هەر شەش کەسە رێزمانییەکە دانرابێت، وشەیەکی رۆنراو هەیە بەرانبەر بە (ناوی بکەر)، یان (ناوی بەرکار). لە هەمان کاتدا، چاوگێك هەیە بەرانبەر بە ئەو سێتە رستەیە.

❖لە بونیادی وشەی رۆنراودا، ریزی سنتاکسی بە تەواوی دەپارێزێت، بەڵام گشت رەگەزە رێزمانییەکانی رستە بۆیان نییە بپەڕێنەوە بۆ سەر (وشەی رۆنراو)، بۆ نموونە، پێشکاری (دە) و جێناوەکانی (من، م)، لە رستەی (من دەنووسم)دا، بۆیان نیە بپەڕێنەوە بۆ سەر وشەی رۆنراو.

❖کاتێك کە پاشگری ناوی بکەر (ـەر) بەکار دەهێنرێت کۆلکەی (بەرکار) پێویست نابێت لەگەڵ وشە رۆنراوەکەدا. بێ گومان، پاشگری (ـەر) هەر دەچێتە سەر کاری (تێپەڕ) و ناهێڵێت، رەگەزی بکەر نادیار (ر) و نیشانەی رابردوو ریز ببن لە بنیادی وشەکەدا.

❖لە ئەو وشە رۆنراوانەدا کە رەگەزی بکەر نادیاری (ر) بەکار دەهێنرێت، واتای (ناوی بەرکار) زاڵ دەبێت لە جیاتی (ناوی بکەر).

❖ئەو ناوە رۆنراوانەی کە (تێنەپەڕ)ن، بۆیان هەیە (بەرکار) وەر بگرن، بەڵام بە جۆرە تێپەڕێکی وەرچەرخاو وەك (سووتاو، دارسووتاو). ئەم جۆرە ناوە وەرچەرخاوە حەشارگەی جۆرە رێچکەیەکی رستەسازی دەدۆزێتەوە، وەك (من دارم سووتاوە).

❖لەبەر رووناکی خاڵی پێشوو، ئەو جۆرە تەرخانکردنەی کە بەسەر (ئاوەڵناو)دا دەچەسپێت، وەك (چاو جوان) تەریبە و یەکسانە بە ئەو جۆرە وەرچەرخانەی کە بەسەر ناوی رۆنراوی تێنەپەڕدا دەچەسپێت، وەك (دارسووتاو).

❖خانەکانی پێشکار (1+، 2+، 3+، 4+، 5+) بۆیان هەیە کە بنیادی وشەی رۆنراو درێژ بکەنەوە بەڵام هەر لە دیوی پێشەوە.

❖پێشکاری (بـ) لە خانەی (1+)دا، هێمایەك لەسەر بنجی کاری رابردوو بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی بڕشتی (ناوی بکەر) هەڵ بگرێت. ئەم پێشکارە بە هاتنی پێشکارەکانی تر لادەچێت لە ریزەکەدا.

❖پێشکاری نەرێ (نە) هەر چەند وشەرۆنەرە و دەچێتە نێو بنیادی وشەوە، بۆی هەیە (بێ بایەخ) بکرێت چونکە گشتییە بەرادەی سەد لە سەد.

❖پێشکاری واتا گۆڕ لەخانەی (3+)دا بزاڤی واتا گۆڕکێ راگوێز دەکات بۆ سەر وشەی رۆنراو.

❖پێشکاری (ئامرازی پەیوەندی) باری ناراستەوخۆیی رووداو راگوێز دەکات بۆ سەر وشەی رۆنراو.

❖پێشکاری (بەرکار) بریتییە لە گرنگترین کۆلکە لە ئاستی وشەی رۆنراودا، چونکە واتاکەی دەبەستێت و دیاردەی (بەرکارگری) دەچەسپێنێت.

❖وشەی رۆنراو بۆی هەیە کە چوار خانەی پێشکار (2+، 3+، 4+، 5+) پڕبکاتەوە، وەك: (نامە--بۆ-هەڵ--نە-گرتوو)

❖وەك خاڵێکی کۆتایی، وشەی رۆنراو ریزبەندێکی رستەسازییانەی هەیە و تەنانەت بۆی هەیە (هێزی تێپەڕین)یش راگوێز بکات بۆ سەر وشە رۆنراوەکە.

**سەرچاوە:**


❖محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلینکردن بەپێی رۆنان، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)

❖د. شێرکۆ بابان، رستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر 1996.

❖د. ئەورەحمان حاجی مارف، وشەی رۆنان، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1977.

# میتۆدی سایکۆلۆژی لە رەخنەی ئەدەبیدا



نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی رەخنەی ئەدەبیی نوێ، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەمەبەستی دەرخستنی بایەخی شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان بە پێی ئەو میتۆدە زانستییانە، ئەمە بۆ ئەوەی شیکردنەوە لە ئاستی رووکاردا نەمێنێ و بچێتە قووڵایی دەقی داهێنەر. دەشێت میتۆدی سایکۆلۆژی یەکێك بێت لەو میتۆدە گرنگانەی دەتوانێت لە قووڵایی خودێکی داهێنەردا کار بکات و ئەو شتانە کەشف بکات کە تێکستەکە لە رووکاردا ئاشکرایان ناکات.

خوێندنەوەی تێکستەکان بەپێی میتۆدی سایکۆلۆژی، چەندین دەرگای ترمان بۆ دەکاتەوە بۆ بینینی لایەنە نادیار و شاراوەکانی، هەروەها بۆ خستنە رووی دەرکەوتەکانی "نائاگایی" و "نائاگایی کۆ" لە ناواخنی تێکستدا، لێرەدا رەخنەی ئەدەبی دەچێتە نێو ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ستایلی سایکۆلۆژی و رەفتاری مرۆڤدا هەیە.

**فرۆیدو میتۆدی سایکۆلۆژی**

میتۆدی سایکۆلۆژی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ دامەزراندنی شیکردنەوەی دەروونیی لەلایەن فرۆیدەوە سەریهەڵداوە، بەتایبەتی لە پاش دەرچوونی کتێبە ناودارەکەی بەناوی "راڤەکردنی خەونەکان" لە ساڵی 1900دا. کەواتە زانای دەروونناسیی نەمساوی سیگمۆند فرۆید یەکەم کەس بوو لەبارەی بیرۆکەی ململانێی دەروونی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی گرنگی نووسی و


فرۆید

لەمەشدا پشتی بە تێکستە ئەدەبییەکان بەست، هەروەها یەکەم کەس بوو تێکستی ئەدەبی-بەتایبەتی رۆمان-ی لەژێر تیشکی سایکۆلۆژیادا شیکردەوە، چونکە وەك فرۆید خۆی دەڵێ: "مەبەستی رۆماننووس ئەوەیە، وامان لێبکات هەست بەوە بکەین قارەمانی رۆمانەکە لە ئێمەوە نزیکە و پەیوەندیی سۆزداریمان لەگەڵ قارەمانەکەدا بۆ ئاسان دەکات"(1).

فرۆید، لەدۆزینەوە سایکۆلۆژییەکانیداولەداهێنانەکانیدا لە بواری شیکردنەوەی دەروونیدا بە ئەندازەیەکی گەورە پەنای بۆ ئەدەب و تێکستە ئەدەبییەکان بردووە، پتر سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو تێکستانە بووە کە لایەنێك لە لایەنە سایکۆلۆژییەکانی کارەکتەرەکان دەخەنەروو، بەتایبەتی رۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی زیاد لە جارێك دانی بەوەدا ناوە کە قەرزاری ئەدیبەکانە و پێی وایە نووسەران دۆزەرەوەی راستەقینەی "نائاگایی"ی مرۆڤن، ئەمە لەبەر ئەوەی شاعیران و رۆماننووسان توانایەکی گەورەیان لە وەسفکردنی قووڵایی نائاگایی کەسایەتییەکانیاندا هەیە.

لێرەوە ئەدیبان -بێئەوەی پێبزانن- نائاگایی قووڵی خۆیان ئاشکرا دەکەن، لەمەشدا ئەدیبان بە تێکستەکانیان یارمەتییەکی زۆری زانایانی دەروونی دەدەن، تا لە رووی سایکۆلۆژییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، "فرۆید، لە وتارێکدا کە لە ئاهەنگی یادی حەفتا ساڵەی تەمەنیدا خوێندوویەتییەوە، نکوڵی لەوە دەکات کە خۆی دۆزەرەوەی نائاگایی و ئەقڵی ناوەکی بێت و دەڵێ: "لەراستیدا نووسەران خاوەنی ئەو دۆزینەوەیەن"(2). هەروەها دەڵێ:"شاعیران بەر لە من نائاگاییان کەشف کردووە"(3).

کەواتە، فرۆید هەر لەسەرەتاوە بۆ دۆزینەوە سایکۆلۆژییەکانی پشتی بە ئەدەب بەستووە، لە ساڵی 1897ەوە خوێندنەوەکانی بۆ "ئۆدیبی پاشا"ی سۆفۆکلیس و "هاملێت"ی شێکسپیر گرێداوە بەشیکردنەوەی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی نەخۆشەکانی، بەتایبەتی پاش ئەوەی یەکێك لە سەرەکیترین چەمکەکانی خۆی دارشت کە بە "گرێی ئۆدیب" ناونرا، لە ساڵی 1928یشدا رۆمانی "برایانی کارامازۆڤ"ی دۆستۆیڤسکی خوێندەوەو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نووسینەکانیدا جێهێشت، گەیشتە ئەو بروایەی کە ئەدیبان و هونەرمەندان و شاعیرانی داهێنەر شارەزاییان لە لایەنە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤدا هەیە، فرۆید دەڵێ:"ئەدیبان لە سایکۆلۆژیادا مامۆستای ئێمەن، چونکە لەسەرچاوەیەکی

گرنگی مرۆڤەوە بابەتەکانیان هەڵدەهێنجن"[4]، بگرە فرۆید دوورتریش دەڕواو دەڵێ:"هونەرمەند چییە، جگە لە زانایەکی شیکاریی دەروونی بەجۆرێکی تر"[5]. ئەمە لەبەر ئەوەی ئەدەب و سایکۆلۆژیا باس لە بابەتی هاوبەش و نزیك لەیەك دەکەن، وەك خەیاڵ و فیکر و خەون و هەستەکان و چوونە نێو هەرێمە تاریك و قووڵەکانی خودی مرۆڤ.

واتە فرۆید خوێنەرێکی زۆر چاکی کتێبە ئەدەبییەکان بوو، جارێکیان لێی دەپرسن، کێن ئەو مامۆستایانەی کاریان لە پێکهاتەی تۆدا کردووە؟ ئەویش ئاماژە بۆ کتێبخانەکەی دەکات، کە ژمارەیەکی زۆر لە شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکانی تیادا ریز کرابوون[6].

تێکستی ئەدەبی سەبارەت بە زانای دەروونی و رەخنەگری ئەدەبی، بریتییە لە گەنجینەیەکی گەورەی بابەت و هێماو رەمز، ئەمانە لە راستیدا چەند کلیلێکی گرنگن بۆ کردنەوەی نهێنی و کۆدەکانی تێکست سەبارەت بە رەخنەگر، هەروەها بۆ چوونە نێو قووڵایی سایکۆلۆژیای دەقەکە سەبارەت بە سایکۆلۆژیست، چونکە ئەدەب "گەنجینەیەکی دەوڵەمەندە لە مانا و دەلالەت کە ئاماژە بۆ ژیانی نائاگایی مرۆڤ دەکەن"[7]، کەواتە لێکۆلیاری ئەدەبی و توێژەری دەروونی دەتوانن سوود لە دەقە ئەدەبییەکان وەربگرن بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سایکۆلۆژیای نووسەر یان بۆ بیۆگرافیای ئەدیب. لەڕاستیدا فرۆید لە پاش خوێندنەوە بەردەوامەکانی بۆ ئەدەب، میتۆدی سایکۆلۆژیای لە رەخنەی ئەدەبیدا دامەزراند و برەوی پێدا، بۆچوونەکانی فرۆید کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئەدەبی هاوچەرخ بەگشتی و سەرانسەری ئەدەبی ئەورووپی جێهێشت، لەدواییدا ژمارەیەك چەمك و زاراوەی ئەدەبی و رەخنەیی نوێ سەریانهەڵدا، دەشێت دیارترینیان بریتی بێت لە فلاش باك و مۆنۆلۆژی ناوەکیی، کە لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بە ئەندازەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێن.

لێرەدا، رەخنەگرێکی سایکۆلۆژیی دیکە هەیە کە لەدوای فرۆید پەرەی بە میتۆدی سایکۆلۆژی لە رەخنەی ئەدەبیدا داوە، ئەویش رەخنەگری فەرەنسی "شارل مۆرۆن"ە، کە لە شیکردنەوە ئەدەبییەکانیدا پشتی بە تیۆرییەکانی فرۆید بەستووە، ئەو پێی وایە رەخنەی ئەدەبیی نوێ سوودێکی زۆری لە دۆزینەوەکانی فرۆید وەرگرتووە، بۆ زیاتر چوونە نێو قووڵایی کارە ئەدەبییەکان و رەگەز و پێکهاتەو هێما خودییەکانیان، ئیدی دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مالارمێ و بۆدلێر و راسین و ڤالێری و ڤیکتۆر هۆگۆ و لێکۆڵینەوەی دەروونیی لەسەر کردن.

## ئاگایی‌و نائاگایی

لە پرۆسەی داهێناندا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان فاکتەرە ناوەکی و فاکتەرە دەرەکییەکاندا هەیە، بەڵام داهێنەران بەئەندازەیەکی زیاتر کاریگەرن بە فاکتەرە ناوەکییەکان فاکتەری ناوەکیش بێگومان بۆ کاری ئەدەبی بەتەنها بەس نییە، چونکە خۆبەخۆ ژینگەی دەرەکیش کاریگەریی لەسەر تێکستەکە جێدەهێڵێت، واتە داهێنەران نووسینەکانیان تەنها لەپێناوی خۆیاندا بەکار ناهێنن. د.مستەفا سوەیف دەڵێ:"پەیوەندیی نێوان دەرەوەو ناوەوە (دەرەوەی کۆمەڵایەتی و ناوەوەی دەروونی) پەیوەندییەکە تا ئاستێکی زۆر ئاڵۆزو پێکەوە گرێ دراوە، دەرەوەو ناوەوە لێکدی دانابڕێن و هەریەکەیان مەرجدارە بەوی دیکە، بگرە ئەم پەیوەندییە ئەوە دەردەخات کە فاکتەری ناوەوە، بریتییە لەو قەوارە کۆمەڵایەتییەی گۆڕاوە بۆ کۆدێکی سایکۆلۆژی"[8].

لێرەدا ژمارەیەك چەمك و کەرەستەی مەعریفی هەن کە پێشتر تایبەت بوون بە بواری شیکردنەوەی دەروونی و زانایانی ئەو بوارە دایانهێناوە، بەڵام دواتر ئەو چەمك و زاراوانە گواستراونەتەوە بۆ نێو کایە مەعریفییەکانی تر، لەوانە کایەی رەخنەی ئەدەبی. ئەو چەمك و زاراوانەی کە رەخنەی ئەدەبی بایەخێکی گەورەیان پێدەدات و لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنرێن بریتین لە: ئاگایی و نائاگایی، نائاگایی شەخسی، نائاگایی کۆ، فاکتەری ناوەکی، خودی قووڵ یان قووڵایی خود، نوستالیژیا، من و بەرزەمن و ئەو.

بایەخی سایکۆلۆژیست پتر لە (من)ی نائاگایی قووڵدا قەتیس دەکرێت، کە ئەمە زۆر راستەقینەترە لە واقیعی رۆژانە، دەکرێ (منی نائاگایی) بەئاستێکی روون لە تێکستە ئەدەبییەکاندا کەشف بکرێت، بەتایبەتی ئەگەر رەخنەگری سایکۆلۆژیست هەڵگری کەرەستەو چەمکەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئیستاتیکاو تیۆرە فەلسەفییەکان بێت.

فرۆید، هەمیشە جیاوازی لەنێوان ئاگایی و نائاگایی لەسەرێك و ئاستەکانی ژیانی ناوەکیی لەسەرێکی تردا دەکات، ئەو پێی وابوو نائاگایی ئەو کۆگا ناوەکی و تایبەتییەیە کە لە دەرەوە دیار نییە و بەئاسانی کەشف ناکرێت و لەڕاستیدا ئەمە کارکردێکی چالاکە لە جوڵاندنی رەفتاری تاکەکەس و داهێنانی هونەری و چالاکیی مرۆڤدا، بەرهەمی شاعیران و ئەدیبانیش هەڵێنجراوی نائاگایی نووسەرە کە بەئەندازەیەکی زۆر زاڵە بەسەر بەرهەمی ئاگاییدا.

ئەریك فرۆم بەم شێوەیە پێناسەی ئاگایی و نائاگایی دەکات:"ئاگایی بریتییە لە چالاکی دەروونیمان، لەکاتێکدا



دۆستۆیڤسکی

بەشێوەیەکی عەمەلی سەرقاڵی جیهانی دەرەوەین، بەڵام نائاگایی بریتییە لە چالاکیی دەروونی، لەکاتێکدا کە هەموو پەیوەندییەکمان بە جیهانی دەرەوە پچڕیوە"[9]. بەو پێیە ژیانی دەروونی مرۆڤ تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە ئاگایی و نائاگایی، لەنێوانیشیاندا هێزێکی جیاکەرەوە پەنهانە، کە بریتییە لە هێزی چەپاندن "ئەگەر وشە بریتی بێت لە ئامرازی گوزارشتکردن لە چالاکیی ئاگایی، کە ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان ئاسەواری نائاگایی هەڵدەگرێت، ئەوا شیکردنەوەی گوتار دەبێتە شوێنی پەڕینەوەی رەخنەگر بەرەو ناوەرۆك، یاخود نائاگایی، لێرەوە پەیوەندیی پتەو و ئۆرگانیی نێوان ئەدەب و سایکۆلۆژیا دەردەکەوێت"[10].

فرۆید نائاگایی بە چەپاندنەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر چی جیاوازیشیان لەنێواندا هەیە، ئەو وایدەبینێ چەپاندن ناگاتە ئاستی ئاگایی، نائاگایی لەلای فرۆید چەمکێکی گشتیی هەیە، کەچی چەپاندن چەمکێکی تایبەتییە، ئەو دەڵێ:"هەموو چەپاندنێك نائاگاییە، بەڵام ناکرێت بڵێین هەموو نائاگاییەك چەپێنراوە. زاراوەی نائاگایی زاراوەیەکی وەسفیی رووتە و لە پتر لە گۆشەیەکەوە دیاریکراو نییە، ئەگەر بشێت بڵێین زاراوەیەکی ستاتیکی-سکونییە، بەڵام چەپێنراو زاراوەیەکی دینامیکییە و ململانێی هێزە دەروونییەکان دەردەخات، یەکێك لە سیماکانی چەپێنراو، سەرباری بەهێزییەکەی ئەوەیە کە بێتوانایە لە گەیشتن بە ئاگایی"[11].

فرۆید، لە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییەکانیدا گرنگییەکی بەرچاوی بە زاراوەی "نائاگایی" داوە، بەتایبەتی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیدا لەبارەی ئەدەب و رۆمان، بەرادەیەکی زۆر پشتی بەو زاراوەیە بەستووە، ئەمەیشی لەو لێکۆڵینەوانەدا پراکتیك کردووە کە لەسەر ئۆدیبی پاشای سۆفۆکلیس و هاملێتی شێکسپیری نووسیوە. بەم شێوەیە چەمکی -نائاگایی-ی لە شیکردنەوەی دەروونی و لە پرۆسە رەخنەییەکانیدا دەرخستووە، بەو پێیەی ئەم چەمکە روویەکی نێگەتیڤانەی ئاگایی نییە، بگرە ئاگایی و نائاگایی وەك دوو دیوی دراوێك وان و پێکەوە پێکهاتە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن، چونکە نائاگایی لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا بە ئاگاییەوە، ئارەزوو و چەپاندنەکانی ناخ و هێما سایکۆلۆژییەکان دەهێننە ئاستی سەرەوە. تەنانەت رەخنەگرێکی مارکسیستی وەکو لوسیان گۆڵدمان گرنگی بەو زاراوە دەروونییانەی فرۆید دەدات و دەڵێ:"بۆ تێگەیشتن لە هەر کارێکی ئەدەبی، نابێ بایەخێکی تایبەتی بە مەبەستە رووکەش و ئاگاییەکانی تاکەکەس و ئاگایی نووسەر بدەین، چونکە ئاگایی لەراستیدا رەگەزێکی جوزئییە لە رەگەزەکانی رەفتاری مرۆڤ، کە زۆرجار ناوەرۆکی ئەم نائاگاییە جووت و گونجاو نییە لەگەڵ سرووشتی راستەقینەی رەفتاردا"[12].

### کارل یۆنگ و نائاگایی کۆ

لە نێو رەوت و رێبازەکانی شیکردنەوەی دەروونیدا، جگە لە رێبازی فرۆید ژمارەیەك رەوت و قوتابخانەی تر سەریانهەڵداوە و ئەمانیش کاریگەرییان لەسەر رەخنەی ئەدەبی جێهێشتووە، بۆ نموونە: کارل یۆنگ و ئالفرێد ئیدلەر و جاك لاکان، لەوانەیە گرنگترینیان رێبازی (کارل یۆنگ) بێت کە لەم بوارەدا خاوەنی چەمکێکی داهێنراوی تری ئەو زانستەیە کە بە "سایکۆلۆژیای کۆ" ناودەبرێت، لەراستیدا یۆنگ داهێنەری زاراوەی "نائاگایی کۆ"یە، کە رەخنەگری ناوداری رووسی ڤلادیمێر پرۆپ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیدا لەسەر ئەفسانە پراکتیزەی کردووە.

کارل یۆنگ قوتابیی فرۆید بووەو لەسەرەتادا لەژێر کاریگەریی تیۆرییەکانی مامۆستاکەیدا دەینووسی، بەڵام دواتر رێچکەیەکی تری دۆزییەوە، کە مرۆڤی لە تاکێکی خودیی داخراو و سەربەخۆوە دەرهێناو بەستیەوە بەسایکۆلۆژیای سەرجەمی مرۆڤەکانی ترەوە، بێ ئەوەی بایەخی گەورەی نائاگایی تاکە کەس رەت بکاتەوە، یان لە بەهاکەی کەم بکاتەوە.

یۆنگ پێی وایە ئاگایی تاکەکەس یان کەسایەتیی مرۆڤ لە سنووری ئەزموونێکی فەردیدا قەتیس نابێت، بەڵکو

درێژدەبێتەوە و دەگاتە ئەزموونی سەرجەم مرۆڤایەتی و گرووپە مرۆییە هەرە کۆنەکانیش لەخۆ دەگرێت، ئەم ئەزموونە لەلای یۆنگ و لایەنگرەکانیدا، دەگاتە گرنگیدان بە ئەفسانە هەرە دێرینەکانی بەشەرییەت[13].

بە بۆچوونی زانایانی دەروونی کانگەی داهێنان بریتییە لە نائاگایی، بەڵام ئەم نائاگاییە لەلای فرۆید بریتییە لە نائاگایی تاکەکەس و لەلای یۆنگیش بریتییە لە نائاگایی کۆ. بەرهەمی ئەدەبی و هونەری، لە دیدی یۆنگ تێکەڵەیەکە لە ئاگایی فەردیی داهێنەر و ئەو نائاگاییە جەماعییەی لە کولتوور و کەلەپووری کۆدا خەزن کراوە، لەمەشدا ژمارەیەکی بێشومار کۆدو هێمای زیندوو هەیە کە شاعیر و نووسەر بۆ ورووژاندنی هەستەکان و بۆ گوزارشتکردن لە ئاگایی کۆمەڵگە بەکاری دەهێنن.

لێرەوە یۆنگ وایدەبینێت (نائاگایی کۆ) قووڵاییەکی زیاتری هەیە وەك لە نائاگایی شەخسی. کەواتە هونەرمەندی داهێنەر دەتوانێت ئاسەوارە شاراوەکانی نائاگایی کۆ دەربخات، بە سیفەتی ئەوەی "هونەرمەند مرۆڤێکی جەماعییە و هەڵگری رۆحی ئاکتیڤ و نائاگایی مرۆڤەکانی تریشە، هەروەها دەتوانێت بچێتە نێو قووڵاییەکانی رابردووی بەشەرییەت و بەقسەیان بهێنێت و دیوە پەنهانەکانیان ئاشکرا بکات، لێرەوە ئاساییە شاعیران لە کانیاوی سەرچاوە ئەفسانەییەکان بخۆنەوە، تا هێزی داهێنانێك بهێننە ئاراوە، کە خود و نائاگایی بزوێنەری سەرەکیی ئەو داهێنانەن"[14].

بە گشتی دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری ئەو کارکردە سایکۆلۆژییانەی وا لە هونەرمەند و ئەدیب دەکەن کاری داهێنەرانە بەرهەم بهێنن، دەگەڕێتەوە بۆ مەیلە ناوەکییە چەپێنراوەکان و بۆ ئەو ئارەزووانەی لە نائاگاییدا حەشاردراون.

لە راستیدا سایکۆلۆژیای نوێ چەندین زاراوە و چەمك و راڤەکردنی نوێی خستۆتە بەردەمی رەخنەگری ئەدەبی، ئەمڕۆ کەرەستەو زاراوەو چەمکە سایکۆلۆژییەکان لە پەیوەستیاندا بە رەهەندە سۆسیۆلۆژییەکەی بەئاستێکی زۆر لە رەخنەی ئەدەبیدا بەکار دەهێنرێن، لە ئەمڕۆدا میتۆدێکی سەربەخۆ لە کایەی رەخنەدا کار دەکات، کە بە میتۆدی سایکۆلۆژی ناودەبرێت، بێ ئەوەی لە ژینگە سۆسیۆلۆژییەکەی جیا بکەنەوە، بە جۆرێك کە دەشێت بۆ خوێندنەوەی تێکستێکی ئەدەبی، میتۆدی سایکۆ- سۆسیۆلۆژی بەکار بهێنرێت.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:


1.فروید، الهذیان والاحلام في الفن، ترجمة: جورج طرابیشي، ص51.

2.ستانلي هایمن، النقد الادبي ومدارسه الحدیثة، ج1، ترجمة: د.احسان عباس و د.محمد یوسف نجم، ص262.

3.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د.عزالدین اسماعیل، التفسیر النفسي للادب، ص7.

4.مارسیل ماریني، النقد والتحلیل النفسي، لە کتێبی: (مدخل الی مناهج النقد الادبي)، تألیف مجموعة من الکتاب، ترجمة: د.رضوان ظاظا، ص 59.

5.ستانلي هایمن، النقد الادبي ومدارسه الحدیثة، ص264.

6.بڕوانە: د.خریستو نجم، في النقد الادبي والتحلیل النفسي، ص29.

7.رینیه ویلیك، مفاهیم نقدیة، ترجمة: د.محمد عصفور، ص470.

8.مصطفی سویف، دراسات نفسیة في الابداع والتلقي، ص110.

9.اریك فروم، الحکایات والاساطیر والاحلام، ترجمة: د.صلاح حاتم، ص30.

10.د.خریستو نجم، في النقد الادبي والتحلیل النفسي، ص29.

11.فروید، الهذیان والاحلام في الفن، ص54.

12.لوسیان غولدمان، المنهجیة في علم الاجتماع الادبي، ترجمة: مصطفی المسناوي، ص12.

13.بۆ زیاتر شارەزابوون لەم تیۆرییەی یۆنگ بڕوانە کتێبە ناودارەکەی بەناوی: مرۆڤ و هێماکانی، هەروەها بڕوانە ئەم دوو کتێبە: (د.صلاح فضل، مناهج النقد المعاصر). (دیفید دیتش، مناهج النقد الادبي بین النظریة والتطبیق). شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە هەردوو کتێبی: (لێکدانەوەی خەونەکان)ی فرۆید و (مرۆڤ و هێماکانی)ی کارل یۆنگ لەلایەن ئاوات ئەحمەدەوە کراون بە کوردی و لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ کراون.

14د.عبدالقادر فیدوح، الاتجاه النفسي في نقد الشعر العربي، ص71.

# خوێندنەوەی هونەری
# دەقێکی لیریکیی (مەولەوی)



**عادل محەمەدپوور**

لە دەروونشیکاری وێنە زەینییەکان و پرۆسەی داهێنان و پراکتیکی شاعیرانەدا سەلمێندراوە، کە شاعیر سەرەتا لە رۆگەی زەینییەتی شاعیرانەوە کەرەسە خاو و دەرەکییەکانی شیعر وەرگرتە لە هەلو مەرجە داسەپاوەکانی گلێرگە و دنیای ئۆبژێکت وەردەگرێ و ئەنجا دەیانخاتە ئەستۆی مکانیزمی خەلاق (زەنینی ناخۆئاگا)وە. ئەم رەوتە زەینییە و میکانیزمە خەلاقە بێ ئەوەی دەستکاریی ئەو کەرەسە خاوانە بکات، لە مەودا زەمەنییەکی دیاری نەکراو و کتووپڕیدا، پێوەندییە برۆز و پەنهانەکانی نێوانیان لەگەڵ دۆخ و ئەتمۆسفێری چەندی –چۆنی رەوتەکەدا، چەمك- پێکهاتەی دەقەکە، دێتە رۆگەی هەبوون و دیسان دەدرێتەوە بە شاعیر، بە واتا دەق (شیعر) لەدایکدەبێ.

لەم پڕۆسە زەنییەدا، ناوەڕۆك و هەوێنی بەرهەمی هەر شاعیرێك، بریتی دەبێت لەو مەوادە خاوو فیزیایی و دەرەکیانەی کە شاعیر ئەیانداتە میکانیزمی خەلاق و دەبێتە هەڵوێست و پەیلوای شاعیر و هەر ئەمەیشە شاعیران لە پەیلوا و بۆچووندا لە یەکتر جیا دەکاتەوە و هەر یەك دەبنە خاوەن سیاق و شێواز و دیدگای تایبەتی.

دەرەوەستی شیعریش لە ناواخنی خودی دەقەکەدایە، نەك پەیوەست بە کەسێتیی تاکی دانەر. ئەگەر دەرەوەستێك

بۆ شاعیر و دانەر قایل بین، تا ئەوکاتەیە کە شیعر مەوادە خاوەکان دەخاتە ئەستۆی میکانیزمی خەلاق. پاش مشتوماڵی زەینیو بەرسف و بەرپرسیارێتیی ناخۆئاگاو لەدایکبوونی دەق، ئەنجار خوێنەر (بەردەنگ) دەبێتە دەرەوەست (متعهد) لە هەمبەر وەرگرتنی پەیامی دەق و توخمە زمانی و راگەیاندراوەکان. ئەمە خوێنەر یان سوپەر خوێنەرە کە بەرپرسیارێتی دەکات و هەست بە دەرەوەستی هونەری - ئەدەبی - واتایی دەکات. لە کۆتایی ئەم پرۆسە زەینییەدایە کە شاعیریش دەبێتە یەکێکتر لە بەردەنگەکانی دەقەکە. بۆچوون و پەیلوا جیاوازەکان لە هەمبەر راڤەکاری دەقەکانی مەولەوی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەم ئەدگارە هونەرییە.

ئەوەی شارەزای ئەدگار و شێوازی شیعرەکانی مەولەوی بێ، دەزانێ کە زۆربەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەسەر ئەزموونی ئەم پرۆسە زەینی و ناخۆئاگایە (سوور ریالیزم)و سەفەرە زەینیەکان بونیات نراون. بە ختوکە بزوێنەری خورپە و چرکەساتی زەین و بزاڤی ئەفراندنی شاعیرانە بە شێوەی (مۆنۆلۆگ) پەیوەست لەسەر رێچکە و رۆگەی چڕی توخمی نەغمە (تایبەتمەندی زوانی شیعری هۆرامی)، ئەوپەڕی دەقی لیریکای لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا خولقاندووە. بۆ ئەوەی ئاشنای شێوازی تاکی و تەجروبەی هونەری ئەم شاعیرە بین و کەسایەتیی باڵای شیعری ئەم شاعیرە لە ناواخنی دەقەکەیدا پێناسە بکەین، گەشتێك ئەکەین بەنێو باخچەی خەیاڵی ئەم شاعیرەدا و غەزەلێك لە دیوانەکەی بێ ئەوەی دەست چنی بکەین بە زمانی هونەری و شێوازی نوێگەری دەیخوێنینەوە، لە دوو بواری ئاسۆیی (افقی) و ئەستوونی (عمودی)یەوە، پرنسیپە هونەرییەکانی دەقەکە دەردەخەین، سەرەتا خوێندنەوەی ئاسایی شیعرەکە:

قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردە بێ
بورج ئاگاییم وێران کەردە بێ
کێشکچی خەیاڵ خەم فام سەندە بێ
دووکانچەی بەدەن بێکەس مەندە بێ
فرسەت زانابێ تەریدەی قاتڵ
یەك سەر بەردەبێ کاڵای گیان و دڵ
خەبەر بیم هۆشم ئاما وە بەردا
ئەم لا گیان، ئەو لا دڵ، دام وەسەردا
لادێ ئێش سەخت ساتێ وەی رۆ وەی
واتم چار نیەن مەر بشوون وەپەی
دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جە هوون
شەقڵش ها نە رووی گەرد رای دەروون
تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو
دەوان تەر جە هەرس وەسەد قەترە و دەو
لاڵام و ناڵام حاشات موشکۆڵەن
گیان فیدای تۆ بۆ یە بەڵگەی دڵەن
سیوای تۆ ئازیز نەی زەمانەدا
کێن گۆزەر کەرۆ بەی وێرانەدا
نە نیم نگایێ، نەکەرد تەماشا


مەولەوی

چێدیش وێنەی ماڵ یاران کەرد حاشا

خورپەی شاعیر لەم ساتە زەینییەدا تەجروبەیەکی سایکۆلۆژیانەی رۆحانییە لە دنیای ناخۆئاگایی و ژانی شاعیرانەدا، وەك رێرەوێك رێی دەکەوێ و سەفەرێکی

ناوەکی و هەناوی ئەنجام دەدات.

لەم سەفەرە هونەرییەدا:

(لافاو و زریانی دڵ و هەڵپەی شاعیرانە دێ و قەڵای ویرو خەیاڵی شاعیر وێران دەکا و شاڵاوی خەمی عەشق و ناوشیاری، ئەقڵ و فام و ئاوەز (دنیای خۆئاکا) لە ئێشکچی لەشی دەستێنێ دووکانچەی بەدەن بێکەس دەمێنێ – جووڵەی زەین بەرەو بەشی ناخۆئاگایی و وورووژاندنی هەرێمی خەیاڵی شاعیرانە – و پانتایی دنیای ئوبژێکت وشیاری دەرووخێنێ.

هەڵمەتی بێ دەستوبردی ئەوین و ئیلهام و خورپە، کاڵای گیان و دڵ کە سەرمایەی هەستیەتی، بە تاڵانی دەبا.

شاعیر بە لەدەست دانی گیان و دڵ گەیشتن بە ئەوپەڕی ناخۆئاگایی دێتە دونیای وشیاری و دنیای خۆئاگاو هەست بە تاڵانکاری دەکا و بە هەردوودەست دەماڵێ بە سەریداو هاوار دەکا، بەڵام سوودی نییە. بریار دەدات کە دوایان بکەوێ و بزانێ کاڵای گیان و دڵ بۆ کوێ براون. ورد دەبێتەوە، هێما و شەقەڵ و جێپێی سوارەی شاڵاوگەر لە پانتایی دەروونیدا دیارە. شوێنەواری پێگەی تا مەکۆگەی تاقە سواری هەڵمەتبەر دەردەکات. دەبینێ دەرکەی ئاسانەی ئازیزەکەیەتی. بە زمانی هەنسک و گریانەوە زار و خۆدڕاو دەپارێتەوە و دەڵێ دەزانم کاڵای گیان و دڵ لای تۆیە. جگە لە تۆ لەم زەمانەدا، کەسی تر بوێری ناکات و بەخۆیا ناپەرمێ کە گۆزەر بکاتە گۆرەپانی هەناوی من و ئاوا سەرمایەێك بەتاڵان ببا، بەڵام خۆشەویستەکەی بەنیو نیگایەکیش ئاورێ لێ ناداتەوە، بەڵکو نکولی لەم تاڵانکارییە دەکات و خۆی لێی قوتار دەکات، هەروەها لە ماڵ و سەرمایەی دیتران حاشای کردووە).

ئەمە بیرۆکەی سەرەکیی دەقەکەی مەولەوییە. هەروەك دەزانین دەقی هەر شیعرێك لە دوو پاژ و بابەت پێك دێ، یەکەم شکڵی رواڵەتی و سەرخانی دەقەکە، وەك: کێش و سەرواو و مۆسیقای لەفزی و تەبایی نێوان وشە و مورفێم و دەنگە زوانییەکان، لە نێو زنجیرەی دێرەکان و تۆری واژە و دەستەواژە و چرپی نەغمەکان، واتە هارمونیای واچەکان.

دووهەم: شکڵی زەینی واتە ژێرخانی دەقەکە، جووڵەو حەرەکەت و بزواندن چلۆنایەتیی وێنە خەیاڵییەکان و یەکگرتنەوەی واتا و پەیام لە ئەفراندنی شیعردا، کورپەی شیعر لەم دانووستاندنەدا لە نێوان زەین و ئەزموونە سروشتیەکان و تاکییەکاندا، لەدایکدەبێ. ئەم بەشە ئەگەرچی تەنیا مەدلولێکی شیعرەکەیە، بەڵام چەندایەتیی بزاڤی شیعر و شێوازی شاعیر بۆ ئێمە دیاری دەکات و دەینرخێنێ. هەروەك دەزانین بزواندنی خەیاڵورووژاندنی زەین لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی یەکگرتنەوەی وێنەکان، ئەنجا شاعیر دەگاتە لووتکەی ژانگرتن و شیعرەکە دێتەبوون. ئەبێ بڵێم هەوێن و کاکڵەی ئەو بزاڤە خەیاڵییە، ئەندێشەی شاعیرانەیە کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە ناوەرۆکی راستەقینەی شیعر.

خاڵێکی گرنگ کە ئەبێ لە تەجروبەی شاعیرانەدا ئاماژەی پێ بکەین، تەجروبەی تاکی شاعیرە بەرامبەر بە سرووشت و ئەوین و ئەزموونەکانی ژیان و... کە زمانی تایبەتی و شێوازی تاکی و دۆخی هونەری خۆی دەری دەبرێ و دەیخوڵقێنێ. تەجروبەی شاعیری راستەقینە، لە نەفسی خۆیدا دەبێتە نوێنەری تەجروبە گشتییەکانی ئینسانی بێ دەسەپاندن و لاساییکردنەوە لە دەقی هونەرەکەیدا، وێنە هاوبەش و هاومەبەستەکانی مرۆڤایەتی و جیهانی دەخوڵقێنێ و هاودەردی خۆی رادەگەێنێ.

مەولەوی لە بارگەی دەلالی ئەم شیعرەدا، باس لە چەمکی ئەوین و تەجروبەی تاکی خۆی وەرگرتە لە دوخ و فەزای دەرەکی دەکات، کە بێ شك ئەنجامەکەی تەجروبەیەکی هەمەکی و گشتیانەیە. کەس نییە لە گۆڕەپانی ژیاندا بە جۆرێك عاشق نەبێت، واتە مەولەوی لەم تەجروبە تاکییەداو دانووستاندن لەگەڵ دنیای دەورووبەر کە بێگومان مەولەویش بەر لە هەموو شتێك مرۆڤە و عەشقیش دیاردەکی ئینسانییە، گوێزراوەتەوە بۆ تەجروبەیەکی گشتی و توانیویەتی وێنەیەکی گشتی کە مەبەستێکی گشتییە، بخوڵقێنێ و خۆی بهاوێتە نێو ئامێزی تەجروبەیەکی ئینسانییەوە. جێپەنجەی خۆی لەم ئەفراندنەدا بنەخشێنێ، ئەم رووکردە رەنگە فاکتێك بێ بۆ جیاکردنەوەی لە شاعیر و ناشاعیر.

لە پێکهاتەو ئێستراکچێری شیعرەکەدا بە پێچەوانەی شیعری فارسی و عەرەبی (بە تایبەت لە فورمی قەسیدەدا)،

که تەنیا بایەخ بە تەوەرەی ئاسۆیی (محور افقی) دراوە و وزەی هونەری شاعیر تەنیا سەرفی ئەم تەوەرە کراوە. لەم چەشنە شیعرانەدا تەوەری ئەستوونی (محور عمودی) واتە پێوەندی چمکی و ناوەڕۆکی و پرۆژەی گشتی شیعرەکە لە سەرەتاوە تا دوایی ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو بە کەسایەتی بەخشین بە دێر (مصرع) و پاراستنی ناوەڕۆکی سەربەخۆ بۆ ئەم بەشەی لە شیعر، ناوەڕۆك و چەمکی شیعرەکە پچڕ پچڕ دەبێ. ئەمە نەریتێکی تاکی شاعیرانە نییە، بەڵکو شێوازێکی گشتییە کە لە شیعری کلاسیکی فارسی و عەرەبیدا ڕەچاو دەکرێ. ئەڵبەت بەدەگمەن پێچەوانەی ئەم حاڵەتیش لەم دوو زمانەدا بەر چاو دەکەوێ.

بەڵام مەولەوی وێڕای پشتبەستن بە توانای شاعیرانەو پیشاندانی پلەی بەرزی هونەری لە خولقاندنی وێنە خەیاڵییەکان لە زنجیرەی دێرەکاندا (تەوەری ئاسۆیی)، تانوپۆو فۆرماسیۆنی شیعرەکەی لە سەرەتاوە تا دوایی بە وردی داچنیوە، خوێنەر هەست بە دابڕان لە زنجیرەی ناوەڕۆك ناکات. بەڵکو هەست بە پلانی چیرۆکێکی زەینی شکڵ دەکات و بە دڵێکی ڕازییەوە چێژ و لەزەتی لێ دەبینێ.

وێنە گەلێك کە لە زنجیرەی ئاسۆیی (افقی) شیعرەکەدا بەرچاو دەکەون، ئەمانەن: قەڵای ویر، وێنەی وێچواندن، ویر بە قەڵا بە هۆی بەرزییەوە شوبهاوە، یان سەیل هووناو، بورج ئاگایی، کێشك چی خەیاڵ دووکانچەی بەدەن، تەریدەی قاتڵ، کاڵای گیان دڵ، ناڵچەکەی داخ و... سفەتێکی تایبەت بە شێوازی تاکی مەولەوی، وێنە خەیاڵییەکانی لەم شیعرەدا بەرچاو دەکەوێ، کەڵك وەرگرتن لە وێنەی وێچواندنە وێچواندن تابلۆیەکی خەیاڵییە کە بە مایەکانی سروشت و نورمی زمانەوە زۆر نزیکە. ئەم ئەدگارە جیاوازە هۆی جیاکەرەوەی مەولەوی لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کە لە وێنەگەلی پێچراوە کەڵکوەردەگرن. هەر چەند شاعیر بتوانێ لە بنەما جەوهەرییەکانی سروشت بۆ خولقاندنی وێنە و تابلۆی شیعری کەڵکوەربگرێ، ئەوا دەقی شیعرەکەی لە ڕەوت و جووڵە و بزاوتن لە تانوپۆی دەقی شیعرەکەیدا تەژی دەبێ، هەروەها کە بزاوتن و جووڵە لە شیعرەکەی مەولەویدا شەپۆل دەدا. بێگومان یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی نەمریی هونەری مەولەوی لە ڕەورەوەی مێژوودا ئەم سفەتەیە کە خستمانە بەرچاو، ئیتر ئەو پێوەندییە نەبڕاوە کە مەولەوی لەگەڵ سروشتی ڕازاوەی هەورامانادا بوویەتی.

**سەرچاوەکان:**

1.دیوانی مەولەوی.

2.صور خیال در شعر فارسی – دکتر شفیعی کدکنی.

3.دگرگونی نگاه، زبان و ساختار در شعر امروز، کازم کەریمیان.

4.مەبەست لە بەکارهێنانی (سوریالیزم) لەم دەقەدا، واتای قاموسیی وشەکەیە نەك ڕەوتە فیکری و ئەدەبی و مەکتەبییەکەی (ئاندرێ بریتۆن) لە ئورووپا.

# ئیستێك لەسەر چەمك و مێژووی وەرگێڕان

**تاهیر عەبدولواحید**

tahercen@yahoo.com

ئایا دەکرێت باس لە دیالۆگی نێوان کولتوور و شارستانییەتەکان بکەین، بەبێ ئەوەی کاری (وەرگێڕان) لە ریزی پێشەوەی گرنگی پێدانەکانمان نەبێت؟ بەڵگەنەویستە ووەك دەبینین قۆناغ دوای قۆناغ و رۆژ لەدوای رۆژ گرنگیدان بە کاری وەرگێڕان لە تەواوی ناوەندە کولتوورییەکانی دنیادا جێگەی خۆی دەستنیشان دەکات. مانای چی کاتێك تێکستێك وەردەگێڕین؟ ئایا پرۆسێسی وەرگێڕان لەسەر گواستنەوەی وشەیی بەندە، یان گەیاندنی مانا؟ هەر جۆرێك لەم پرسیارانە وروژاندنی بابەتێکە سەبارەت بە وەرگێڕان و ماهییەتەکانی، لە کاری وەرگێڕاندا تەنها ئەوەندە بەس نییە کە کەسایەتیی وەرگێڕ بزانێت چی وەردەگێڕێت، بەڵکو پێویستە وەرگێڕانەکەی لەلای خوێنەر ڕوون و ئاشکرابێت، بەم پێیەش پرۆسێسی وەرگێڕان بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت، یەکەم: قۆناغی درککردن بەمانا، قۆناغی دووهەمیش بریتییە لە گوزارشتکردن لەو مانایە. لەم قۆناغەی دووهەمیاندا کەسایەتیی وەرگێڕ هەڵدەسێت بە گوزارشتکردن لە تێکست و مانای دەق بە (زمانی دایك)ی خۆی، یان لە (زمانی دایك)ەوە بۆ زمانێکی تر، هەروەك چۆن نووسەری یەکەمی تێکستەکە وەهای کردووە، بەڵام گوزارشتکردن و دیالۆگ هەموو کات واتای ئەوە نییە کە ئەوانی تر درك دەکەن بەوەی کە گوزارشتی لێ کراوە، (وەرگێڕانی دەستپاکانە)ش وەرگێڕ تیایدا هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە وەرگێڕانەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت و ئەوەش پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ئامرازگەلێکی گونجاو بۆ گوزارشتکردن، مانای مەبەست و دیاریش لەمەدا بریتییە لە گێڕانەوەی ژیان بۆ ئەو دەقەی کە دەمانەوێت وەریبگێڕینە سەر زمانێکی تر، یان کردنەوەی ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ ئاشنابوون بەبیرۆکەیەك یان چەمکێکی دیاریکراو، بەڵام لە راستیدا ئەم رەهەندە ئەبستمییە لە زۆرێك لەو دەقانەی کە وەردەگێڕدرێن بوونی نییە، ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ سەختیی بارگەی فیکری و رۆشنبیریی ئەو دەقانە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ قورساییە ئایدیۆلۆژی و ئەنتۆلۆژییەکانیان، کەواتە چۆن دەتوانین لەو پەرژینە تێبگەین کە گەردوونی زمان دەیکێشێت؟ تا جیهانێك لە مانا دەستنیشان بکات کە زۆر جار یان هەموو کات ئەستەم دەبێت بەلامانەوە بەهەمان شێوەی دروست و بە وردی بیگۆڕین بۆ گەردوونی زمانێکی تر، پێدەچێت ئەم پرسیارە چەمکێکی نموونەیی و ئەندێشەگەرایی لەخۆی بگرێت بۆ چۆنێتیی بەراوردکاریی ساختمانی زمان لەگەڵ ماناکانیدا، چونکە توێژینەوە کۆن و نوێکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (وەرگێڕان) بەتەنها لە نێوان زمان و کولتوورە جیاجیاکاندا ناکرێت، بەڵکو زۆرجار لە نێو خودی کولتوورێك یان تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی زماندا ئەنجام دەدرێت، بە واتایەکی تر هەموو سیستمێکی



مۆلێر

زمانەوانی هەڵگری فرەییەکی بەرچاوە، ئەی کەواتە چۆن دەکرێت بەشێوەیەکی تاکرەوانە لە پەیوەندیی زمانێك لەگەڵ زمانەکانی تردا بڕوانین سەبارەت بەپرۆسیسی وەرگێڕان؟

سەدەکانی پێشوو زۆرێك توێژینەوەی ڕەخنەیی سەبارەت بەرێچکە باوەڕپێکراوەکانی وەرگێڕان بەخۆوە بینی، بەڵام ئەو توێژینەوانە زیاتر جۆرە هەڵسەنگاندێکی ئینتیباعیی تایبەت بە چۆنێتیی وەگێڕانێکی باش باڵی بەسەریاندا کێشابوو، توێژینەوەکان لەو کاتەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، لەو جۆرە بارودۆخەدا مانەوە، دواجار سەرەتاکانی توێژینەوەی زمانەوانی دەرکەوت و تیایدا گرنگی درا بە کاری وەرگێڕان، ئەمانە کۆمەڵێك توێژینەوەبوون نووسەرەکانیان چیتر چەمکی کاری وەرگێڕانیان تەنها وەك هونەرێك پێناسە نەکرد، بەڵکو ئەوان پێیان وابوو کە وەرگێڕان زانستێکە لە زانستەکان و دواتر هەوڵیان بۆ ئەوەدا کە میتۆد بۆ پرۆسیسی زانستی وەرگێڕان دەستنیشان بکەن.

**بنچینەی دەربڕینی (وەرگێڕان):**

دەربڕینی Traduire پێش سەدەی شانزەهەم لە زمانی فەرەنسیدا لە شێوەی (دارێژراوی کردار)دا بوونی نەبوو، بنچینەی ئەو دەربڕینە دەگەڕێتەوە بۆ کردارێکی زۆر کۆنی لاتینی کە لە شێوەو ڕووخساریدا دارێژراوی سەرچاوەی (ڕانەبردوو- **مضارع** Transferre) بوو، هەروەها دارێژراوی ناوی (بەرکار - مفعول) Translatus بوو، لە زمانی لاتینیدا وەرگێڕ ئەوکات بەناوی (Interpres ) دەناسرا، لە زمانی فەرەنسیشدا وەرگێڕ بە (Interpète) دەناسرا، هەروەها لەزمانی ئینگلیزیشدا بەInterpreterناودەبرا، بەو کەسەش دەگوترا کە کاری کردنەوەی وشەو تێکستو زاراوەو چەمكو گوتارەکانی ناو دەق کە داخراوبوون و لە توانای ئەوانی تردا نەبووە پەیی پێبەرن، هەروەها بەو کەسەش وتراوە کە یاوەریی ئەو کەسانەی کردووە، کە چوونەتە وڵاتە بێگانەکان، ئەم کەسەش لە ڕابردوودا و لە وڵاتی میسر بە (دراگۆمان) ناوبراوە، واتە دەربڕینی (Drogmanno)ی زمانی ئیتالی، کە ئەمەش ناوێکی جیابۆوەیە لە وشەی (ترجمان)ی زمانی عەرەبی کە بنچینەی ئەم زاراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئاشوری کە بە Ragamo ناوبراوەو مانای زاراوەکەش واتە (ئاخافتن) ، (سەیری کاری1963:5) بکە.. دواتر مۆلێر ئەم وشەیەی بەم شێوەیە نووسیوە: Truchement یان Traucheman، سیلیسکوفیتش، 3:1968، هەروەها کاری1963، بەشی: 36 زانیاریی زیاترمان دەداتێ و دەڵێت: ناوی (دروگمان) لە قوستەنتینیە و هەموو وڵاتانی تری خۆرهەڵاتدا بەو کەسە ناوبراوە کە هەڵدەستێت بە وەرگێڕانی فەرمی بۆ نێردراو و نوێنەرێك، یان کونسوڵگەریەگ لە کونسوڵخانەکان، هەروەها بەو کەسایەتییە (وەرگێڕ)انەش دەوترا کە ئەرکی فەرمیی هاوەڵیکردنی دیپلۆمات و کونسوڵە باوەڕپێکراوەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتیان لە ئەستۆ دەگرت، بە تایبەت وڵاتەموسوڵمانەکان، ساڵی 1902 بەتەواوی دەستهەڵگیرا لە نازناوی (درۆگمان) و لەبری ناوی (ترجمان زمانزان وەرگێڕ) دانراو ئەو ناوەش کورتکرایەوە لەو کەسانەی کە یاران و خاوەن پیشە بوون لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی دوور.

(ستاینەر 1978 :237) پێی وایە کە دەربڕینی Truchement لە کتێبی (Les provinciales)ی (باسکال)دا ڕەنگدانەوەیەکی بەکەمزانینی تیا بەدیدەکرێت، چونکە ئەو زاراوەیە نازناوێك پێکدەهێنێت کە ڕێکخەر و

نێوەندێکە هەرچییەك دەبیستێت و بەر گوێی دەکەوێت، بە سەرڕاستی و دەستپاکییەوە هەمووی ناگەیەنێت، بە پلەی یەکەم ئەو دەربڕین و وشانە لەوکاتەدا ئاماژەبوون بۆ پرۆسەیەکی زیهنی، چونکە زۆرینەی خەڵك ئەودەمە نەخوێندەوار بوون یان لەوانەیە ئاڵوگۆڕکردنی زمان بە شێوەی دەماودەم زیاتر بنچینەیی و جێگەی بایەخپێدان بووبێت لەلایان وەك لە نووسین، بەڵام شانازیی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆبێر ئیتیانچونکە لە ساڵی 1539دا کرداری Traduireی خستە نێو زمانی فەرەنسییەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ جێگەی کرداری Translaterی گرتەوە، دواتریش (ئیتیان دولی) لە ساڵی (1540) دا وشەی تری بۆزیادکرد، ئەوانیش Traducteur و traduction بوو..

## سەرنج و چاوپیاخشاندنێکی مێژوویی کورت

بەدرێژایی مێژوو ڕێچکەکانی وەرگێران لە دوو جەمسەری دژ بە یەکدا لە کێبەرکێدان و کەمەندکێشی دەکەن، جەمسەری یەکەمی وەرگێڕان دەمارگیری دەکەن لەوەی کە وەرگێران پێویستە بە مانای وشەبێت، یان دەستپاکانە کاری وەرگێران ئەنجام بدرێت و وەرگێرانی ئازادانە ڕەت دەکەنەوە و بەوەرگێڕانێکی قەشەنگ، بەڵام ناپاك ناوزەدی دەکەن، هەرچی جەمسەری دووهەمیشە گرنگی و پلەی یەکەم دەدەن بەناوەڕۆك لە بری فۆرم، ئەم دوو هاوکێشەیە وەك یەك نین، سەرباری ئەوەی کە هەندێ لێکچوون هەیە لە نێوانیاندا، ئەمە لە کاتێکدا کە دەستپاکی و ناپاکی لەناوەڕۆك و فۆرمیشدا بەرووونی دەردەکەوێت، بەدرێژایی مێژووش ئەم کەمەندکێشیانە لەنێو دوو جۆری سەرەکیی وەرگێراندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوانیش وەرگێڕانی (ئاینی) و وەرگێڕانی (ئەدەبی) بوون، جۆری یەکەمیان لە وەرگێڕانی وشەییدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەش لەپێناو پاراستن و پارێزگاریکردن لە گەیاندنی ئەو تێکستانەی کە بەوتەکانی خودا ناسراون و پڕاوپڕ بوون لە نهێنی و پەنهانی و پێویست بووە بەشێوەیەکی دەستپاکانە بگەیەنرێت، لە (تەلموود)دا هاتووە: لابردنی وشەیەك یان زیادکردنی یەکێکی تر پێدەچێت ڕۆچوونی جیهانی لێبکەوێتەوە. (کاری ـ1963: 33 لەم بارەیەوە دەڵێت: کەسایەتیی وەرگێڕ پێویستە ئەوە لەلای خۆی بەهەند وەربگرێت کە لەنێو خەڵکیدا و بەدرێژایی مێژوو کەسانێك هەبوون باوەڕیان وابووە لەکاتی دەربڕینی وشەیەکدا، مانای ئەوەیەکە شتێك لەشتەکانت هێناوەتە بوون، لەتوانای تێکستێکیشدا هەیە کە بگوترێت و گەورەترین پەشۆکان لە سستەمی گەردووندا بەرپابکات، زانیاری سەبارەت بە ناوی یەکێك لە زیندەوەرەکان لەلای مرۆڤ، کاریگەریی دروستکردووە لەسەر ئەو زیندەوەرە و مرۆڤ هەر ئەوەندەشی بەسبووە تەنها ناوەکەی دەربڕێت و لەشێوەی (جنۆکە)دا بەدەستی بهێنێت و فەراهەمی بکات، دواتریش ئەو کارەی کە پێی ڕادەسپێرێت بۆی جێبەجێ بکات، بەڵام نەدەکرا لەگەڵ ئەوەدا کە ناوی جنۆکە دەبرێت ناوی خوداش بهێنرێت.

وەرگێڕانی ئاینی لە چاخەکانی دواتریشدا هەر بە هەمان شێوە مایەوە، لە وەرگێڕانی تێکستە پیرۆزەکاندا تەنها شێوە وەرگێڕانی وشەیی پەسەندبوو، هەرکەسێکیش کە لەم پرەنسیپە بچوایەتە دەرەوە ئەوا تاوانبار دەکرا بە (گومرا و بیدعەکار) و (داهێنانکاری سەربەخۆ و نا پەسەند)، ئەمە سەرباری ئەوەی کە (قەشەپۆڵس) لە وەسێتنامەکەیدا بۆ (کۆرنیسین)، (پەیامی یەکەم، 14: 2) جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە «هەر کەسێك لەکاتێکدا کە بەزمانێکی بیانی قسەدەکات، ئەوە لەگەڵ خەڵکیدا نادوێت، بەڵکو لەگەڵ خواوەنددا دەدوێت» ئەم بۆچوونانەی پێشتر سەبارەت بە وەرگێڕانی دەقە ئاینییەکان بۆ لای موسوڵمانەکانیش درێژ دەبێتەوە، ئەمانیش بە هەمان شێوە باوەڕی نەگۆڕیان بەوە هەیە کە دەقی قورئان ناتوانرێت وەربگێردرێتە سەر زمانێکی تر، بەم هۆیەوە و تا ئەم سەردەمەش، لە زۆرینەی وڵاتانی دنیادا موسوڵمانەکان بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کاتێ نوێژ یان قورئان دەخوێنن، تەنها بەزمانی عەرەبی دەیخوێننەوە، ئەمەش جیاوازە لەگەڵ بۆچوون و تێڕوانینی شوێنکەوتووانی ئاینی (بوزی) ، ئەوان پێیان وایە هەرکەس بە (زمانی دایك )ی خۆی ئەتوانێت، کە ڕێنومایییەکانی (ئاینی بوزا) لەبەربکەن و بیخوێنن، بەڵام وەرگێڕانی ئەدەبی بەردەوام نۆرەی کردووە لەنێوان ڕەفتارکردنێکی ئازادانە، کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بە وەرگێڕانی

(قەشەنگی ناپاك) ناوزەدكراوەو لەنێوان بەراوردكاریی وشەیی لەبەرامبەر دەقی بنچینەییدا، بۆ نموونەش لەو بارودۆخەدا كە لە سەدەی نۆزدەهەمدا كاری وەرگێڕانی تیا بەرجەستە دەكرا، ئەمەش رەنگدانەوەی بۆچوونی سەرجەم وەرگێڕەكان بووە بۆ تێڕوانین لە (هەردوو ڕووی ئاوێنەكە) ئەم جەمسەرگیرییەش ناتوانێت بەتەنها قۆرخی هەموو شێوەكانی وەرگێڕان بكات.

(ستاینەر، 1989: 348) دژە نموونەیەكمان پێدەدات لەسەر (دانەری مۆزیكی) و ئەو بوارەی كە تیایدا ژیان بەسەر دەبات، ستاینەر دەڵێت: «شێوەی ئەو ئامرازانەی كە دەچێتە نێو كارو بەكارهێنانی دانەری موزیكییەوە كە پێكدێت لە كلیل، پەیژە، نۆتە، ریتم، مەقامی ئاوازەكان، نموونەی ئەو هەڵبژاردن و شێوازانەن كە دەكەونە بەردەستی وەرگێڕی دەق، نموونەی ئەو زێدو پێگە سەختانەی موزیك، بەهەمان شێوەشە لە كاری وەرگێڕاندا، ئێمە ناكۆكی دەبینین لەنێوان ئەوانەی كە داوای وەرگێڕانی وشەیی دەكەن و ئەوانەی كە دەیانەوێت ئازادانە و سەربەخۆ رەفتار لەگەڵ دەقدا بكەن و جارێكی تر بیهێننەوە بوون، ئەم حاڵەتەش لەسەدەكانی رابووردودا و لە كاری وەرگێڕاندا باڵی كێشابوو، دووبارە و بەدرێژایی سەدەی نۆدەهەم بەتەواوی وردەكارییەكانیشیەوە باڵدەكێشێتەوە بەسەر بواری موزیكدا، ئەم حاڵەتەش لەنێوان ئەو كەسانەدایە كە داواكارن ئازادانە رەفتار لەگەڵ (دەفتەری نۆتە و نەخشە موزیكەكان و ئۆپێراكان) بكرێت، و لەنێوان كەسانێكی تر كە داوا دەكەن وا بەستە بوونێكی توندوتۆڵ و بەمانای وشە بونی هەبێت».

(ستاینەر) یەكەم كەس نەبوو كە ئەو بەراوردكارییەی لە نێوان وەرگێڕان و رەفتار لەلایەك و موزیك و چۆنێتیی پیادەكردنی لەلایەكی ترەوە ئەنجام دابێت، بەڵكو پێشتریش (ڤۆڵتێر و قەشە دولیل) و دواتریش (لاربۆ كاری و سواهیم) تێبینییان لەسەر ئەم دوو بوارە لەشێوازی لێكترچوونیان لەكاردا خستۆتەڕوو، (سان سیمۆن و درایدن) كاری وەرگێڕان بەگێڕانەوەی تابلۆیەكی هونەری دەشوبهێنن، (ئیتیان دوسیلویت)یش سەبارەت بەكاری وەرگێڕان پێی وایە كە وەرگێڕان شێوەی تەختی مافورێكە، وەرگێڕان بابەتی زۆرێك لە نیگارە تەشقەڵە ئامێزەكان بووە كە تیایدا پاڵتۆكان، ناپاكەكان، ئاوێنەكان، پارچەدراوەكان، شووشەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕوون، ئافرەتە ناپاكەكان و شێتی، تیاكۆبوونەتەوە. (ستاینەر) نموونەی ئەو شوبهاندنەی فیتجنشتاین وەردەگرێت كە كاری وەرگێڕان بەراورد دەكات بە ماتماتیك و دەستكەوتنی دەرئەنجامەكان، ئەمە لەكاتێكدا گەیشتن بە دەرەنجامەكان بەپێی ڕێبازێكی تایبەتی میتۆدێك دەستمان ناكەوێت و پێی ناگەین.

زۆر جار كەسانێك وایان باس لێوەكردووە و پێیان وایە كە (پرۆسەی وەرگێڕان) كۆنترین كارێكە كە مرۆڤ پێی ئاشنابووبێت، بێگومان ئەم بۆچوونەش دوورنییە لە ڕاستییەوە، وەك دەستپێك (شامبۆلیۆن) لە ساڵی (1822)دا نەخش و نیگارەگانی (یافانتین) و ئەو بەردە رەسەنەی سەردەمی بابلییەكانی پشكنی و پشتی پێبەستن بۆ كردنەوەو شیتەڵكردنی ئاماژە داخراوەكانی نووسینە هیرۆگلۆفییەكان، دواجار ئەو وەرگێڕانانەی كە بە ئامێرە ئەلەكترۆنییەكان لەم سەردەمەماندا جێبەجێیان دەكەین، ڕێچكە و ڕێبازەكانی وەرگێڕان تیایاندا بەهەمان شێوەیەو لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەكانیشدا وەك خۆیەتی، ئەمەش وایكرد (كاری1963: 11) لەم بارەیەوە بڵێت: «ئەو (وەرگێڕان)ەی كە لە زەمەنێك لە زەمەنەكانماندا وا خۆیمان پیشان بدات كە وەرگێڕانێكی دەقاودەقە، دواتر و دوای پەنجا ساڵ لە وەرگێڕاندنی، بە تۆمەتی ناپاكیكردن لەگەڵ دەقە بنچینەییەكەدا دەخرێتە پەراوێزەوە».

لە جێگەیەكی تریشدا كاری دەڵێت: (ئەو وەرگێڕان)ەی كە واخۆیمان پیشان بدات لە ترۆپكی وردبینی و دەستپاكیدایە، بۆ ئەوانەی سەدەیەك دوای ئێمە دێن دەبێتە گومرایی و كارێكی بیدعەكارانە، كە لەهەموو ڕووەكانەوە ناگونجێت»، ئەی كەواتە سەبارەت بە وەرگێڕانە كۆنەكان دەكرێت چییان لەبارەوە بڵێین؟.

دواتر لاتیمۆر ئاماژەی زیاتر دەكات و دەڵێت: «لە توانای هیچ وەرگێڕێكدا نییە نكوڵی لەوە بكات كە كاری وەرگێڕان پێویستە هەڵگری ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمەی خۆیبێت، هەر وەرگێڕێكیش گەر بیەوێ پاساو بدۆزێتەوە بۆ لابردنی ئەو كاریگەرییە لەسەر خۆی ئەوا هەڵەیەكی گەورە دەكات، چونكە وەرگێر ناتوانێت لە بۆشاییدا كاری وەرگێڕان بكات، ئەم باسەش پێویستی بەبەڵگە نییە،

هەر بەم پێیە و بۆ نموونە کاریگەرییەکانی (ئەلیازە) و (ئۆدیسە)، یان (بەتیاری سێهەم) کاریگەریی زیندوون، هەر یەکێك لە وەرگێڕانەکانیان بەدوای یەکدا، یەکتری تێدەپەڕێنن، ئەم وەرگێڕانانە هەریەکەیان لە سەردەمێکدا ئەنجامدراون و رەنگی ئەو سەردەمەیان هەڵگرتووە، دواتریش بەو هۆیەوە بوونەتەوە بە داروپەردوو و یەکتریان تێپەڕاندۆتەوە لەڕووی جدییەت و بەرەوپێشچوونیانەوە، باسەکەش لە بنچینەدا وانییە، چونکە لە جێگەی خۆیاندا دەمێننەوە، هیچ گۆڕانگاریو بەرەوپێشچوونێکیش بەخۆیانەوە نابینن»

(رۆبین ۱۰۰ براور)یش لە ئاکامی راڤەکردنی حەوت جۆر لە وەرگێڕان، بۆدەقی شانۆیی

ئیشیل Agamemnon لە کتێبێکیدا بە ناوی (on translation)و لەبەشێکیدا لەژێر ناونیشانی (agamemnon) بەوە گەیشتووە کە رێچکەکانی وەرگێڕان رەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤە بۆ ئەو سەردەمەی کە تیایدا دەژی، ئەو بیروباوەڕانەی کە باڵدەکێشێت بەسەر یەکێك لەسەردەمەکاندا، هەر ئەوەشە کە بەهای وەرگێڕانێك لە وەرگێڕانەکان دەستنیشان دەکات، لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا کاری وەرگێڕان زۆر نزیکبوو لە شێوەیەك لەشێوەکانی ژانری ئەدەبی راڤەکاری و زانستی پەروەردەیی و ئاراستەی جەماوەرێك دەکرا کە دەربارەی زمانی (لاتینی) زانیارییان نەبوو، هەر ئەوەش وای لە کۆمەڵێك وەرگێر کردبوو کە زمانێکی لۆکاڵی و پاڵنەرانە بەکاربهێنێت، (کانتیلیان) و (شیشرۆن) پێیان وابوو کە وەرگێڕان، هۆکارێکە لە هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ڕەوانبێژی، (شیشرۆن) داوای ئەوەی دەکرد کە- نرخاندن بۆ (وشەکان) بەپێی (کێش)ەکانیان بێت، نەك بەپێی (چەندایەتی) یان لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا زمانی فەرەنسی بەردەوام لە هەوڵدانێکی قورسدابوو، لەپێناو ئەوەدا تا لەو گرێی خۆبەکەمزانینە دەربازی ببێت، کە ماوەیەکی دورودرێژ باڵی بەسەر ئەو زمانەدا کێشابوو، ئەمەش بەروونی و بەئاشکرا لە فەرەنسادا لە سەدەی رابووندا لە (قوتابخانەی مارۆتی)دا دەرکەوت، ئەم قوتابخانەیەش تایبەت بوو بەشاعیری ناسراوی فەرەنسی (کلیمۆن مارۆ). ئەم قوتابخانەیە لە گرنگترینی




کارەکانی خۆیدا، پلەی یەکەمی دادەنا بۆ چاولێکردن لە دێرین و پێشینەکان، دواتر (کۆمەڵی لاپێلاد) دژیان وەستانەوە. بەڵام وەرگێڕانی ئایینی بەدرێژایی سەدەی شانزەهەم (مارتان لۆسەر) لە دیارترینی پێشەنگەکانیان بوو، (ئێتیان دولی)یش یەکەم کەس بوو کە تیۆرێکی بۆ کاری وەرگێڕان پێکهێنا، (دولی) هاوچەرخی (ئیرازمۆس) بوو و کۆمەڵێك جەدەلی لاهوتی ئەم دوو کەسەی بەیەکەوە کۆکردبۆوە، (ئیزامۆس) ئاماژەی بۆ سەرکەوتوویی وەرگێڕانە یۆنانییەکەی کتێبی (العهد الجدید ئینجیل) دەکرد، ئەمەش مانای ڕەتکردنەوەی وەرگێڕانە لاتینی (یەکەی Vulgate)، کتێبی تەوراتە کە قەشە جیرۆم لە بیت لحم لە ساڵی390 -405دا وەریگێڕابوو، ئەوەش ئەو وەرگێڕانە باوەڕپێکراوە بوو، کە کەنیسەی ڕۆما بەکاری دەهێنا، شانازیی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ (مارتان لۆسەر)، چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، پێویستە دەقە ئاینییەکان بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا وەربگێڕدرێن، ئەمەش گرنگییەکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ تەواوی خەڵك. (باسنێتماك کوایر، 1980: 49 لەم بارەیەوە ئاماژە دەدات بەوەی کە: مارتان لۆسەر لە کتێبەکەیدا la traduction circulaire 1530 sur Lettre گرنگیی زیاتر دەدات بەشێوازێکی گشتیی




وەرگێڕاندن، کە لەبەردەستی هەمواندا بێت، لە ڕووی ستاتیکیشەوە پێویستە جێگەی ڕەزامەندی بێت، ئەوەشمان لە (مارتان لۆسەر )وە پێدەگات، کاتێ هەردوو کرداری، überstzen ـ وەرگێڕاندن و verdeutschen بەئەڵمانیکردن)ی بەکارهێناوە، بەو پێیەی کە هەردووکیان دوو کرداری هاوتای یەکترین، یان دەچنە ناو خانەی کرداری هاوماناوە. کاری دەڵێت: مارتان لۆسەر ڕێبازی خۆی بۆ کاری وەرگێڕان لە کتێبی (Dolmetsche vom Sendbrief)دا بە تەواوی جێگیر دەکات، لەویاشدا لۆسەر دەڵێت: «ئێمە پێویستە راپرسی لەگەڵ کەسانی خاوەن زانیاری نەکەین، بەڵکو باشتر وایە راپرسی لەگەڵ ژنانی ماڵەوە و منداڵانی سەر شەقامەکان و پیاوی سادەو ئاسایی نێو بازاڕەکان بکەین، تا لەدەمی خۆیانەوە گوێبیستیان ببین و بزانین چۆن قسەدەکەن، ئەوکات کاری وەرگێڕان ئەنجام بدەین (dolmetschen) لە هەر بابەتێکدا کە دەمانەوێت، ئەم خاڵانەش وەک سەرەتایەک لەبەرچاو بگرین کە بریتین لە: 1-گۆڕانکاری لە ڕێکخستنەوەی وشەکان. 2-بەکارهێنانی هاوکاریی فاکتەرە دەستەواژەیی و داڕێژراوەکان. 3-بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی لەکاتی پێویستیدا. 4-سڕینەوەی دەربڕین و گوزارشتەکانی زمانی یۆنانی و عیبری، کە هاوتاو هاومانای گونجاوی نییە لە زمانی ئەڵمانیدا. 5-پەنابردنی کاری وەرگێڕان بۆ کۆمەڵە ڕستەیەک لەپێناو گەیاندنی واتای کۆمەڵە وشەیەکی سادە لەبنچیەندا لەکاتی پێویستیدا. 6-گواستنەوە لە (خوازراو) بۆ (نەخوازراو) و بەپێچەوانەشەوە. 7-لەبەرچاوگرتنی وردبینی لە راڤەکردن و هێنانی ئەڵتەرناتیڤەکانی دەق.

(نایدا، 1964: 15)ش پێیوایە کە: یەکێک لە گرنگترین کارەکانی (مارتان لۆسەر) وەرگێڕانی کتێبی (العهد الجدید ئینجیل) بوو لە زمانی یۆنانییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی، ئەم وەرگێڕانەش ماوەی (10) مانگی خایاند، هەروەها وەرگێڕانی کتێبی (العهد القدیم – تەورات) کە لەساڵی (1534)دا بڵاوی کردەوە. مارتان لۆسەر لەم وەرگێڕانەیدا پەنای بردە بەر زۆرێك لە پیاوانی ئاینی و زانا ئاینییە عیبرییەکان، ئەمە لە کاتێکدا بە ئاشکرا بیروبۆچوونی (السامیه سامییەت)ی ڕەتدەکردەوە. وەرگێڕانی (تەورات) پێش وەرگێڕانەکەی (مارتان لۆسەر) تێکەڵەیەك بوو لە شێوە دەربڕینە جیاوازەکان، بەڵام دوای وەرگێڕانەکەی ئەو، تەواوی (پرۆتستانتییەکان) لە ئەڵمانیادا و تا ئەمڕۆش پشتیان بەو وەرگێڕانەی لۆسەر بەستووەو وەك وەرگێڕانێکی فەرمی سەیری دەکەن، هەر ئەمەش وای لە هێردەر کرد کە بڵێت: «مارتان لۆسەر زمانی ئەڵمانی لە قۆزاخەکەی دەرکرد و ئازادیی پێبەخشی». هەروەها زۆرێك لە توێژەرەوەکان پێیان وایە کە (مارتان لۆسەر) لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی ئەڵمانی، پێدەچێت گرنگتر و باڵاتر بنوێنێت بەبەراورد لەگەڵ (ویلیەم شیکسپیر) لە ڕۆشنبیری و زمانی ئینگلیزیدا.

(هۆرگۆرلان 1981: 94) پێی وایە کە سەدەی حەڤدەهەم قۆناغی ئەو وەرگێڕانانە بوو کە ناویان لێنا شێوە وەرگێڕانی قەشەنگی ناپاك چونکە لەو سەردەمەدا شێوە وەرگێڕانی ئازادانە باڵی کێشابوو، ئەوکات ئەدەبی خۆبەزاناناس و پاراو و خۆهەڵکێش دەستی بەسەر چێژ وەرگرتنەکاندا گرتبوو، ئەکادیمیاش (بەکارهێنانی تەندروست)ی فێردەکردن، لەسەروو هەموو ئەو کەسانەشەوە کە کاری لەسەر ئەو ڕێنومایی و شێوە وەرگێڕانە دەکرد (بیرۆ دابلانکۆر) بوو، کە ئەکادیمیا لە ساڵی (1637)دا ئەندامێتیی پێبەخشی، (دابلانکۆر) لە

پێشەکیەکیدا لەژێر ناوی Epistre à M.Conrart و پێشەکیی کاری وەرگێرانێك بوو بەناوی Oeuvres de Lucien 1654 دەڵێت: «حاڵەتی باو وا پێویستی کردووە کە قەشەنگی و گرنگی باڵوێزەکان لەوەدا خۆی ببینێتەوە بەشێوەیەك یەکانگیر ببێتەوە لەگەڵ خەڵکانی ئەو وڵاتانەی کە بۆیان دەنێردرێن، ئەمەش لە ترسی ئەوە بووە نەبادا کەشخەیی لۆکاڵی ئەم باڵوێزە لە ئاستی ئەو شوێنە نەبێت کە نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی خۆی لێدەکات، لەوانەیە کەسێکیش هەبێت بڵێت ئەم کێشەیە بەهەر شێوەیەك لەشێوەکانی تەنها لەوەرگێڕاندا خۆی نابینێتەوە، بەڵام بەلای ئێمەوە، گرنگیی گەورە بۆ وەرگێڕانە، پێشینەکانیش وابەستەبوون لە وەرگێڕانەکانیاندا و لێی نەدەچوونە دەرەوە»٠ (دابلانکۆر) پێی وایە کە (زمانی پەتی و پاراو ڕوونی) دوو باسی زۆر وردو گرنگن، چونکە پێدەچێت زۆر جار زیادکرن یان کەمکردنەوەی بەشێك لە دەربڕینێك لەکاتی وەرگێڕاندا، بەسبێت بۆ تێکدان و خراپکردنی ئەو دوو تایبەتمەندییە، بۆیە بەردەوام کاریگەریی زیاتری تێڕوانینەکەی (لۆسەر)ی لەسەر بوو لەبەرامبەر تێڕوانین و ئەو بەکاربردنەی کە کۆمەڵە ئاینییەکان سەپاندبوویان، ئەمەش بەڕوونترین شێوە لە شانۆیی (savantes Femmes)ی مۆلێردا ڕەنگ دەداتەوە، بەم پێیە و زۆر بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێت کە شێوە وەرگێڕانی (ئازادانە) یان وەرگێرانە (قەشەنگە ناپاکەکان) لەلای زۆرێك لە هاوچەرخەکانی (دابلانکۆر) بە وەرگێڕانێکی (دەستپاکانە) دەژمێردرا، ئەوانەی کە پیادەی شێوە وەرگێڕانی (قەشەنگی ناپاکییان) دەکرد، ئارەزوویان وابوو زمانی فەرەنسی بەجوانترین شێوە لەشێوەکانی (ئەدەبی پێشین) دەوڵەمەند بکەن، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕێزدانان بۆ (بنچینەیی) زمانی فەرەنسی، بە شێوەیەك پلەی یەکەم و گرنگی و زۆریان دەدا بەڕوونی و ئاشکرایی گوزارشت و بەتەنگەوەهاتنی شوناسە ئەدەبییەکان و ئەو نەریتانەی کە لەو سەردەمەدا کاری پێدەکرا، لەلای هەندێکیشیان کار بەوە گەیشتبوو و مۆڵەتیان بەخۆیان دابوو کە دەستکاری و چاککاری بۆ وەرگێڕانی هەندێ لە بەرهەمی شاعیر و فەیلەسوفەکان بکەن، هەموو سەرقاڵییەکانی ئەوانیش بۆ (بەفەرەنسیکردن ـ الفرنسە)ی



جۆن درایدن

وەرگێڕانەکان بوو، مەبستەکەش لەوەدایە کە ئەوان سەختی و دڵرەقییان نەنواند لە چۆنێتیی بیرکردنەوەو ئاخاوتنیاندا بەرامبەر بەشوناسی سەردەمەکەی خۆیان، ئەم شێوەیەش زۆرجار دەیگەیاندن بەوەی کە بڕیار بدەن لەسەر (لەجێگەدانان و دەستاریکردن)، بۆ نموونەش (پۆشاك و تایبەتمەندیی سوارچاکێکی فەرەنسیان دادەبەزاندە سەر پاڵەوانێکی گریکی)، هەروەك چۆن لەسەدەی هەژدەهەمدا و بەئاشکرا لە وەرگێڕانەکانی (مادام زاسییێ)دا بۆ کارەکانی (هۆمیرۆس) دەیبینینەوە، ئەمەش بووە جێگەی مشتومڕێك لە نێوان خۆی و (ئەنتوان هۆدار دۆلامۆت) کە بە (ناکۆکیی دووەم لە نێوان کۆنخواز و تازەگەر)دا پێناسە کرا، دۆلامۆت باسی لەوە دەکرد کە داوای لێکراوە، کاری وەرگێڕان بۆ کتێبی (ئەلیازە) بکات، بەڵام ئەو وەرگێڕانە بەشێوەیەك بێت هەروەك چۆن بوترێت کە (هۆمیرۆس) خۆی و لەم سەردەمەدا نووسیبێتی.

ئەوکات (بوالۆ) وەرگێڕانەکانی (مادام زاسییێ )ی بەرز دەنرخاند، سەرباری ئەوەی کە تێبینی زۆریش لەسەر ئەو وەرگێڕانانە هەبوون، بۆ نمونە لە یەکێك لە وەرگێڕانەکانیدا لە بەرامبەر گوزارشتی (شێتۆکەیەکی کەساس) کە لە دەقەبنچینەییەکەدا نووسرابووزاسییێ) گوزارشتی (شازادەیەکی زۆر خانەدان)ی بەکارهێنابوو، ئێستاو لەم سەردەمەماندا وەرگێڕانەکانی زاسییێ زۆر گوێی پێنادرێ و ناخوێندرێتەوە.. بەڵام لەمرۆماندا خوێنەر بەڕاستی هیچ جیاوازییەك بەدیدەکات لەنێوان وەرگێڕانە (نییەت پاك)ەکانی.

مادام زاسییێو وەرگێڕانە (قەشەنگ و ناپاك)ەکاندا؟..

لە سەدەی حەڤدەهەمدا شەپۆلی وەرگێڕانی قەشەنگی ناپاك بەهەمان شێوە باڵی بەسەر ئینگلتەردا کێشابوو، جۆن درایدن لەنێو ئەو توێژە ئینگلیزیانەدا بوو کە بەرپەرچی باسوخواستی وەرگێڕانی دەدایەوە، درایدن لە نێوانێ ڕێچکەی سەرەکی) لە کاری وەرگێڕاندا جیاکاریی دروستکرد، کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

1.وەرگێڕانی گوفتاری یان وشەیی، نموونەی ئەمەش وەرگێڕانەکەی (بین جونسون) بوو بۆ کتێبی (Arts poetica)ی هۆراس.

2.وەرگێڕانی ڕاڤەکاریی.. بەپێی سەرەتا دەستنیشانکراوەکانی شیشرۆن بۆ بارتەقایی مانا.. لەم ڕێچکەیەی شیشرۆندا بەپێویست دەزانرێت لەکاتی وەرگێڕاندا گوفتار و وشەکان تێبپەڕێنرێن و لەبریان گرنگیی زیاتر بدرێت بەواتاکانیان.

sensum exprimere sed verbo, de) .(verbum non de sensu

3.وەرگێڕانی ئازادانەی لاساییکاریانە، لەم شێوازەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە بابەتی وەرگێڕدراو و دەقی بنچینەیی لەهیچ شتێکیاندا نابێت بچنەوە سەر یەك، درایدن پێی وایە کە ڕێچکەی دووهەمیان لە هەردوو ڕێچکەکەی تریان باشترەو شیاوترە بۆ بەکارهێنان، (نایدا: 1964: 18)ش لەم بارەیەوە وتویوتی» لابەلای منەوە کەسایەتیی وەرگێڕ وا باشترە خۆی بپارێزێت لە سنووری هەردوو شێوە وەرگێڕانی وشەیی و وەرگێڕانی ئازادانەی لاساییکاریانە.

هەروەها (ئامۆس، 1973: 171) دەڵێت: (ئەلەسکندەر بۆب)یش لە سەدەی هەژدەهەمدا هەمان هەڵوێستی سەبارەت بەکاری وەرگێڕان وەرگرت و لەم بارەیەشەوە وتویەتی «کەسایەتیی وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی دەقەکانی هۆمیرۆس بۆ زمانەکەی خۆی، پێویستە لە ڕێگەی توانای خۆیەوە هەوڵبدات کە تەواوی هەمەجۆرییەکانی شێوازی ئەو کارانەو سەرجەم لێدانەکانی ریتم لە بەر چاو بگرێت و لەنێو وەرگێڕانەکەیدا ڕەنگبداتەوە، هەروەها پێویستە گەرمی و شکۆی پێگەکانی نوێگەرایی و وەسفیی تیایاندا پارێزراوبێت، فرەیی و مەزنیی زۆرینەی پێگەکانی وەستان و سرەوتن و گێڕانەوە تیایاندا بوونی هەبێت، گوتارەکانی نێوی قوڵایی و ڕوونی خۆیان لەدەست نەدەن، ڕستەکانی تۆکمەو دەوڵەمەندبن، لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە وەرگێڕانێکی وردی وێنە و کورتکراوەکان و وردترین داڕێژراوی ڕستەیی و گەمەکانی دەربڕین بەدیبکرێت تیایاندا، یان لەهەندێ کاتدا بواری ئەوەی تیا فەراهەم کرابێت، کە فۆرم و سیمای جیاوازی سەدە کۆنەکان تیایاندا وەربگێردرێت».

یەکەم توێژینەوەی تیۆریی تایبەت بە وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم، ئەویش 1791principles of translation on the)

Essay )ی (ئەلەکسەندەر فریز تیتلر) بوو، ئەم نووسەرە لە توێژینەوەکەیدا سێ بنەمای سەرەکیی داناوە بۆ کاری وەرگێڕان، کە ئەوانیش بریتین لە:

1.پێوستە کەسایەتیی وەرگێڕ بەتەواوی پارێزگاری لەبیرۆکەکانی نێو دەقی سەرەکی و بنچینەیی بکات و ڕێگەنەدات هیچ کەموکورتییەکی تیدابێت و لەنێو وەرگێڕانەکەیدا سەرلەنوێ دایانبڕێژێتەوە.

2.پێویستە لە وەرگێڕانەکەیدا شێوازێکی نزیک لەشێوازی دەقە بنچینەییەکە بەرجەستەبکات.

3.پێویستە دەقی وەرگێڕانەکەی شێوەی دەقە سەرەکی وبنچینەییەکە ئاسان وڕەوان بێت)، لە فەرەنساش لەسەدەی هەژدەهەمدا شەپۆلی شێوە وەرگێڕانی (قەشەنگی ناپاک) بەتەواوی باڵی کێشابوو، ئەوەش ئەو سەردەمە بوو کە فەرەنسییەکان شەیدای ئەدەب و فیکری ئینگلیزی بووبوون‌و ڕوویان لە وەرگێڕانەکانی ئەو دوو بوارە کردبوو بۆ سەر زمانەکەی خۆیان، هەروەك چۆن وەرگێڕە فەرەنسییەکانی سەدەی حەڤدەهەم دەقە سەرەکی و بنچینەییەکانی پێش خۆیان ئامادە دەکردەوە و دەیانگونجاندن، تا یەکانگیر ببێتەوە لەگەڵ زمانی ئەدەبی فەرەنسیدا، بە هەمان شێوە وەرگێڕەکانیان لە سەدەی هەژدەهەمیشدا لە وەرگێڕانەکانیاندا کە لە ئەدەب و فیکری ئینگلیزییەوە وەریاندەگرتن، هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی کورتکردنەوەو چڕکردنەوە و پوختکردنەوەیانەوە بیانگونجێنن لەگەڵ ژینگەکەی خۆیاندا، چونکە ئەوان بڕوایان وابوو کە دەقی وەرگێڕدراو کاتێك دەخوێندرێتەوە پێویستە وا هەستبکرێت کە دەقێکی سەربەخۆ و بنچینەیی دەخوێندرێتەوە.

دوای ئەوەی کە چەمکی (دەستپاکی و سەرڕاستی) لەکاری وەرگێڕاندا لە هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا بووە چەمکێکی مامناوەندی و بەهەند وەرنەدەگیرا، دواترو لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەم چەمکە شێوەی بنەماو بیروباوەڕێکی چەسپاوی وەرگرت، بەوپێیەش باوەڕ بەوە هێنرا کە هەر دەقێك شایستەی وەرگێڕان نەبێت، ناکرێت کاری وەرگێڕانی تێدابکرێت، شێوە وەرگێڕانی (گوفتاری و وشەیی)یش یەکێکە لە پاکترین شێوە وەرگێڕانەکان، باشترین نموونەیەکیش بۆ ئەم تێڕوانینەی شێوە وەرگێڕانی (دەقاودەق)، وەرگێڕانەکەی (نێرڤال) بوو بۆ ڕۆمانی (Faust)ی (گۆتە)و وەرگێڕانەکەی (شاتۆ بریان) بوو بۆ دیوانی (perdu paradis le )ی (میڵتۆن)، کە تیایاندا وەرگێڕ دەستپاکانەو سەرڕاستانە ئەو دەقانەی وەرگێڕابوو، ئەمانەو جگە لە وەرگێڕانی هەردوو داستانی (ئەلیازە)و (ئۆدێسە)ی (هۆمیرۆس)، کە (لۆکۆنت دولیل) وەریگێڕابوون و تیایاندا (دولیل)، بە بەکاربردنی شێوە وەرگێڕانی وشەیی ڕەها بۆ ئەو دوو داستانە پەنای بۆ (سەرلەنوێ پێهێنانەوەی مێژوو) بردبوو.

دواتر سەدەی بیستەم سنووری جیاکردنەوە دەبێت، لەنێوان ئەو دوو تێڕوانینەی کە (مۆنان) هەیەتی بۆ وەرگێڕانی وشەیی کە ناوی دەبات بە (شووشەی ڕەنگاو ڕەنگ) وتێڕوانینی بۆ وەرگێڕانێکی ئازادانە کە بە (شووشەی ڕوون) شوناسی دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە (ڤۆڵتێر) وتەیەك دەڵێت و دەبێتە نموونەیەکی باڵا، ڤۆڵتێر دەڵێت: (باسوخواستەکان گرنگ تیایاندا مەبەستگەراییەکانیانە نەك شێوەدەربڕینەکانیان).

La lettre tue et l>esprit vivifie ، لە هەمان کاتدا و لە سەدەی بیستەمدا شکۆی شێوە وەرگێڕانی فیکری، سەرکەوتن و باڵابوون بەدەستدەهێنێت بەسەر شێوە وەرگێڕانی (گوفتاری وشەیی)دا کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا باوبوو و لەبری ئەوەی گرنگی و پلەی یەکەم بدات بە وەرگێڕانی تۆکمەو دەقاودەق و کۆپیکردنەوە، کە بەجۆرێك لە جۆرەکان پێشتر شێوە بیروباوەڕێکی پتەوی وەرگرتبوو، کەچی دەکەوێتە نێو کێشمەکێشی جۆرێکی تر لە پێشنیار و بەدووزانین (جگە لە هاوبیرەکانی ئەزرا پاوەند)، لەم قۆناغەدا داوا دەکرێت کە پشت ببەسترێ بە کۆمەڵە پێوانەیەکی تر لەدەسنیشانکردنی کواڵتیی و چۆنێتیی کاری وەرگێڕان، لە نێوان ئەو پێوانانەشدا، جەختکردنەوە لەسەر کاریگەریی پەیوەندیی کۆمۆنیکەیشن‌و ڕێزگرتن لە دەقی بنچینەیی، سەدەکانی پێشوو زۆرێك لە توێژینەوەی ڕەخنەیی سەبارەت بەڕێچکە باوەڕپێکراوەکانی وەرگێڕان بەخۆوەبینی، بەڵام ئەو توێژینەوانە زیاتر جۆرە هەڵسەنگاندێکی ئینتیباعیی، تایبەت بە چۆنێتیی وەگێڕانێکی باش باڵی بەسەریاندا کێشابوو، توێژینەوەکان لەو کاتەوە تا ناوەڕاستی سەدەی

بیست، لەو جۆرە بارودۆخەدا مانەوە، دواجار سەرەتاکانی توێژینەوەی زمانەوانی دەرکەوت و تیایدا گرنگی درا بەکاری وەرگێران، ئەمانە کۆمەڵێك توێژینەوەبوون نووسەرەکانیان چیتر چەمکی کاری (وەرگێران) یان تەنها وەك هونەرێك پێناسەنەکرد، بەڵکو ئەوان پێیان وابوو کە وەرگێران زانستێکە لە زانستەکان و دواتر هەوڵیان بۆ ئەوەدا کە میتۆد بۆ پرۆسیزی زانستی وەرگێران دەستنیشان بکەن.

**پەراوێزەکان :**

- کاریإ (1962) :Pour une théorie de la traduction "، گۆڤاری Journal des traducteurs، بەرگی حەوتەم، ژمارە 4
- (أ 1963) : Les grands traducteurs Français، ژینێف، بڵاوکردنەوەی Georg.
- (ج1963 : «Pour une théorie de la traduction II"، گۆڤاری Journal des traducteurs، بەرگی هەشتەم ، ژمارە 1
- سیلیسکوڤیتش . د (1968) : L"interprète dans les conférences internationals، پارێز، بڵاوکردنەوەی Minard.
- ستاینەر ج (1978) : Après Babel. Une poétique du dire et de la traduction، پارێز، بڵاوکردنەوەی Albin Michel.
- لاتیمۆر . ر (1969) : «Practice Notes on Translating Greek Poetry"، لەکتێبی On translation، نیویۆرك، بڵاوکردنەوەی Oxford University Press، 1966.
- باسنێت م.ك (1980) : Translation Studies، لەندەن، بڵاوکردنەوەی Methuen
- نایدا . أ (1964) : Toward a Science of translation، بڵاوکردنەوەی E.J.Brill Leyde,
- هۆرگۆلان . ب (1981) : Anthologie de la manière de traduire. Domaine Français، مۆنریال، بڵاوکردنەوەی Linguatech.
- ئامۆس . ف (1973) : Early Theories of Translation، نیویۆرك، بڵاوکردنەوەی Octagon،چاپی یەکەم ، 1920.
- برالدی. ف (1976) : «Pour traduire un coude dés...»، گۆڤاری Meta، بەرگی 23، ژمارە 1

**سەرچاوە :**

(فی مفهوم الترجمە وتاریخها ) - روبیر لاروز- ترجمە / عبدالرحیم حزل

ROBERT LAROSE
Théories contemporaines de la traduction. Deuxième edition,
Presses del"Université du Québec, 1989.




**ئا: ئیدریس عەلی**

تا ئێستا وەرگێڕەکارانی کورد زیاتر پشتیان بە وەرگێڕانی دەقی بیانی بەستووە بۆ سەر زمانی کوردی.. ئایا بۆچی کەمتر دەست بۆ ئەوە براوە دەقی کوردی وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی تر.. ئایا کورد خاوەنی دەقێک نییە کە شایستەی وەرگێڕان بێت بۆ زمانەکانی تر؟ تائێستا خوێنەری ئێمە بەر ئەو بەرهەمانە کەوتوون کە لە زمانی سێیەم و دووەمەوە وەرگێڕدراون.. ئایا باشتر نییە راستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە کاریان لەسەر بکرێت؟ بوونی تایبەتمەندی لە وەرگێڕاندا تا چەند بە گرنگ وەردەگیرێت.. بۆ نموونە وەرگێڕمان هەیە لەچەندین بواری جیاجیادا وەرگێڕان دەکەن؟ لەم نێوەندەدا وەرگێڕ چ بکات بۆ ئەوەی متمانەی خوێنەر بەدەست بێنێت، چونکە زۆر جار بیستومانە یان بینیومانە بەهۆی کەم شارەزایی زمانەوانییەوە دەقێک یان بەرهەمێک شێوێنراوە و متمانەی خوێنەری لەدەستداوە؟ بەکورتی پێمان بڵێک دەبێ ئەو سیفەتانە چیبن کە دەبێت لە وەرگێڕی سەرکەوتوودا هەبێت؟



## حەمە کەریم عارف:

### وەرگێڕان، لە زمانی دووەم‌و سێیەمەوە، ئەنجامی ئەوپەڕی ناچارییە. .

ئەگەر سەرنجی مێژووی پرۆسەی رۆشنبیریی تیرەی بەشەر بدەین، دەبینین لە بەرەبەیانی مێژووەوە، تا رۆژگاری ئەمرۆ، کاری وەرگێڕان لە چوارچێوەی ئەو پرۆسە رۆشنبیرییەدا هەر هەبووەو هەیە. ئەم کارەش قۆناغ و رەوتی خۆی هەبووە. هەڵکشان و داکشانی هەبووە. لە زۆر شوێن و قۆناغدا بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە، دامودەزگای تایبەتی بۆ دانراوە، زاناو داناو هزرڤان و تیورکارانی گەورە خۆیان لێکردووە بە خاوەن و رێکیان خستووەو ئاراستەیان کردووەو بنەماو پێوانەو پێوەری زانستییان بۆ داناوە، بەرادەیەك زۆر کەس وەرگێڕ لە خانەی دانەردا دادەنێت، دیارە وەرگێڕی باش. . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کاری وەرگێڕان زەرورەتێکی حەیاتیی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە و تا تیرەی بەشەر بە زمانانی جیاواز قسە بکەن و گوزارشت لە خۆو ئەو ژینگەو گەردوونە بکەن کە تێیدا دەژین، تا بەزمانانی جیاواز هزرو بیرو رۆشنبیری و هونەرو ئەدەبیات و ئاین و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەمبێنن، وەرگێڕانیش هەر دەمێنێ و تێکەڵ بە ژیانی تیرەی بەشەر دەبێت. جا وێڕای ئەوەی قسەیەکی باو لەسەر خیانەتکاریی وەرگێڕ هەیە، کە پێموایە ئەمە خیانەتێکی حەڵاڵەو شەرعییەتی خۆی لە زەرورەت و پێداویستییەکانی ژیانەوە وەردەگرێت، چونکە چار نییەو تا فاکتەرەکانی بەردەوامیی کاری وەرگێڕان بمێنێ، ئەو خیانەتە هەر دەبێ بکرێت، لێ پێویستە تا دەکرێت رێژەکەی کەم بکرێتەوە. . کەواتە وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ ناسینی ناسنامەی کارکردن لە هەموو زمانەکانا، واتە وەرگێڕان دەکاتە بەزاندنی جیاوازییە دەرەکی و فۆرمییەکان، دەکاتە نوێبوونەوە لە میانی کارێکەوە کە بە زمانێکی دیکە بەرهەم هاتووەو لە زمانێکی دیکەدا بەرجەستە بووە. . کەواتە وەرگێڕان دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانە، دووبارەکردنەوەی داهێنانە، ئەمەش توانایەکی زمانەوانیی یەکجار گەورەی گەرەکە. واتە وەرگێڕ لەسەرێتی نەك تەنیا زمانزان بێت، بەڵکو دەبێت لە بونیادو وشەی ئەو زمانە شارەزابێت، پەی بە پەیوەندییەکانی نێوان بونیادو وشە لە ناو کولتوورو شارستانییەتی ئەو زمانەدا ببات. هەڵبەتە ئەگەر وەرگێڕێك ئەو مەرجە قورسەشی تێدا بێ، هێشتا هەر زەحمەتە بتوانێ بەتەواوەتی ئەو هەژانە عاتیفییەی کە لە زمانە ئەسڵەکەی دەقێکدا هەیە، بەتایبەتی دەقی ئەدەبیی، بگوازێتەوە، رەنگە هەر ماناکەی و ئاراستە فیکرییە گشتییەکەی بگوازێتەوە. چونکە هەندێ کەس پێیان وایە دەقی ئەدەبی دەبێ هەر بە زمانە ئەسڵەکەی خۆی بخوێنرێتەوە، ناشێت بە زمانی دووەم بخوێنرێتەوە. . هەرچەند ئەم بۆچوونە دەچێتە خانەی مەحاڵەوە، بەڵام ئەوە دەگەیەنێ کە وەرگێڕان تەنیا دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنان نییە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی داهێنانیشە. . ئەمە مانای وایە کە وەرگێڕ دەبێت لە ئاستی نووسەرەکەدا بێت و لە هەموو کەسێك پتر شارەزای هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی ناو پرۆسەی وەرگێڕان بێ. ئەمە چەند لە وەرگێڕەکانی ئێمەدا هەیە ؟! وەختێ تەماشای کتێبی قوتابخانە دەکەی، من لێرەدا هەردوو کتێبی ئابووری و فەلسەفەی پۆلی پێنجەمی ئەدەبی دەکەم بە نموونە، کە زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە لە سەرانسەری ئەو جووتە کتێبەدا مەگەر بە رێکەوت تووشی رستەیەکی رەوان و مەفهومی کوردی ببی. . دڵنیام هیچ مامۆستایەکی ئەو دوو وانەیە وەکو پێویست لە زمانی ئەو دوو کتێبە تێناگەن، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو قسەیەیان پێ نەوترێ خۆیان لە گێلی داوە، دەنا دەبوایە زۆر زوو یەخەی وەزارەتی پەروەردەیان بگرتایە و لەوە پتر ئازاری مێشك و دەروونی قوتابیی داماویان نەدایە بەو

زمانە نامەفهوم و ئاڵۆزو سواو پواوە، کە ئەو دوو کتێبەیان پێ تەرجەمەکراوە کە بەڕاستی تاوانێکی گەورەیە دەرهەق بە هەزاران قوتابیی کورد. ئەگەر ئەم جۆرە کتێبانە سەرچاوەی زمانی منداڵەکانمان بن، کە پێموایە هاوتای لاڵییە، دەبێ سبەی ڕۆژێ چۆن بە لاڵی و بەبێ زمانی بەناو ژیان بکەون، ژیان بەرهەمبێنن، لە کاتێکا هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە!!. . کەواتە هەقی خۆمانە بە گومانەوە بڕوانینە کاری وەرگێڕەکانمان. .

هیچ میللەتێك لەم ڕۆژگاو سەردەمە جەنجاڵەی ئەمڕۆدا، ناتوانێ بە تەنیا هەموو بوارەکانی ژیان بەرهەم بێنێ، بۆیە پەنابردنە بەر وەرگێڕانی وردو دروست، یەکێکە لەو کەناڵانەی دەبێ پەنای بۆ ببرێ و لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ڕێگەکان قەدبڕ دەکرێن و کارلێکێکی ڕۆشنبیریی ئیجابی چێدەبێت، واتە وەرگێڕان دەبێ بە بەرنامە بکرێ و وەڵامدانەوەی ئەو پێداویستییە فەلسەفی و هزری و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و زانستییانە بێ کە زمانی دووەم نەیتوانیوە بەرهەمی بێنێ. . جا بەم پێیە وەرگێڕان بەجۆرێ ئاوێتەی ژیانی تیرەی بەشەر بووە، کە هەندێ فەیلەسوف و دەروونناس و ڕەخنەگر پێیان وایە هەر وتوویژ و گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو لە نێوان تیرەی بەشەردا، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتە خانەی وەرگێڕانەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو وتوویژە لە ناو یەك زمانیشدا بێ، هەڵبەتە پرۆسەی وەرگێڕان بەم چەمکە فراوانە ڕووبەرێکی گەورەی زانستی دەلالات و دەروونناسی و فەلسەفەش دەگرێتەوە. .

جیاوازیی نێوان زمانان کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم حاڵیبوونی زمانەوانیدا، واتە جیاوازی زمانان دەکاتە کۆسپ لە نێوان لێکدی حاڵیبوونی ئەو خەڵکانەی بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. بۆیە وەرگێڕان هەوڵێکە بۆ بەزاندنی ئەو کۆسپ و لەمپەرانە. . وەرگێڕان هەوڵدەدات بە زمانی دووەم گوزارشت لەو بیرو هزرانە بکات کە بەزمانێکی دیاریکراو تایبەتی داڕێژراون، جا وەکو چۆن لەم سەرزەمینەدا دوو کەسی تەواو چوونیەك نییە، دوو زمانی چوونیەکیش نییە، بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ سەرکەوتووترین وەرگێڕان جۆرە ناکامییەك لە خۆ دەگرێ. . بەڵام وێڕای ئەمەش لە سایەی فرەزمانیدا زاراوەی زمان و وەرگێڕان تەواوکەرو تەواوکراوی یەکترن. . کەواتە تا جیاوازیی زمان هەبێ وەرگێڕانیش دەمێنێ، مەگەر زۆر چاوەڕوان بکەین تا ڕۆژێ بێ هەموو تیرەی بەشەر بەیەك زمان بخوێننەوەو بنووسن. . هەنگینێ پرۆسەی وەرگێڕان خۆ بەخۆو بەشێوەیەکی سرووشتی دەوەستێ و نامێنێ و پرۆسەی لێکدی حاڵیبوون و کارلێکی شارستانی زۆر لە ئێستا ئاسانتر دەبێت.

ڕەنگە ئەمە زۆر هۆی بابەتی و خودی و تەنانەت دەروونیشی هەبێت. هەموو دەزانین مەیدانە ئەبستمۆلۆجییەکەی کوردەواری چۆڵ و هۆڵە، پڕە لە بۆشایی. . وەرگێڕی کورد هەست بەمە دەکات و کار بۆ پڕکردنەوەی دەکات و زۆربەی هەرە زۆری زمانە زیندووەکانی جیهان، لەڕووی بەرهەمهێنانی ئەبستمۆلۆجییەوە لە زمانە بێخاوەنەکەی ئێمە دەوڵەمەندترن و هەر هەژاریش چاوی لە دەستی دەوڵەمەندە. ئەمە جگە لەوەی نیشانەیەکی خەمخۆریی وەرگێڕی کوردە بۆ موتوربەکردنی بەرهەمی خۆماڵی و نەتەوەیی، بەبەرهەمی بێگانەو کردنەوەی دەرگاو پەنجەرە کولتوورییەکان بەسەر زمانی کوردیدا. وەرگێڕ دەزانێت کاری وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی زانیاری و ئەزموونان نییە، بەڵکو خزمەتێکی گەلەك گەورەی ڕەوت و ڕێبازە هزری و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و زەمینە بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندن و گەشەکردنیان خۆشدەکات. .

وەرگێڕی کورد گوایە کەمتر خۆی لە قەرەی وەرگێڕانی دەقی کوردی بۆ سەر زمانانی تر داوە. . پێموایە لەم بوارەشدا کار کراوەو چەندین دەقی کوردی بۆ زمانانی دیکە وەرگێڕدراون، ئەمەش هەوڵێکی پەسندو بەجێیە بۆ ڕزگارکردنی دەقی کوردی لە بازنەی خوێندنەوە بەیەك زمان، هەوڵێکە بۆ زۆرکردن و هەمەجۆرکردنی خوێنەرانی دەقی کوردی. کردنەوەی پەنجەرەی دەقی کوردییە بەسەر دنیادا، ئیدی چەند پێشوازی لەو دەقانەمان کراوە یان نا؟! ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەمینیی کاری وەرگێڕانەکەو شایستەیی خودی دەقەکەی لەخۆدا هەڵگرتبێ. ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی کارە ئەبستمۆلۆجییەکانی ئێمە لە چاو هی زمانانی دیکەدا یەجگار کەمە، بۆیە ڕێژەی وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە لە چاو وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی کەم دەنوێنێ، دەنا بەندە پێموایە لەو بوارەدا کار کراوەو ڕەنگە جۆرە سەنگەلاییەك لە هەڵبژاردنی دەقەکاندا هەبێ و ئەم کارە وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی بەهەند وەرنەگیرابێ و کەمتر ئەو دەقانە هەڵبژێردرابن کە دەشێت ناسنامەبن و بەزمانی خۆماڵی گوزارشتیان لە مرۆڤایەتی کردبێ. ئەمە سەبارەت بە ئەدەبیات، خۆ لە بوارە فیکری و فەلسەفی

و زانستییەکاندا، پێموایە زمانەکەمان زمانی بەخششێکی ئەوتۆ نییە کە خەڵکی دەرگامان لێبکەنەوەو لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە تەجاوزی جیاوازی زمانان بکەین. .

وەرگێڕان، لە زمانی دووەم و سێیەمەوە، ئەنجامی ئەوپەڕی ناچارییە، نیشانەی ئەوەیە کە وەرگێڕ زمانە یەکەمەکە نازانێ. خەڵکێکیش هەن زمانی یەکەم دەزانن، بەڵام ئەهلی قەڵەم نین تا بچنە ژێر ئەوبارە. . چونکە وەرگێڕ هاوتای نووسەرەو لە خانەی دانەردا دادەنرێ. جا وەرگێڕ چەند بە تواناش بێ هێشتا هەر زەحمەتە بتوانێت بە تەواوەتی ئەو سۆزو گودازو هەژانە سۆزدارییەی کە لە زمانی یەکەمی دەقێکا هەیە بەتایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا، بگوازێتەوە. . ڕەنگە هەر ماناکەی و ئاراستە فیکرییە گشتییەکەی بگوازێتەوە. بۆیە هەندێ کەس پێیان وایە دەقی ئەدەبی دەبێ بە زمانە ئەسڵەکەی خۆی بخوێنرێتەوەو ناکرێت بە زمانی دووەم بخوێنرێتەوە. . جا ئەگەر ئەمە بۆ خوێندنەوە وابێ، ئەوا بۆ وەرگێڕان گەلەك واترە، چونکە لەو حاڵەتەدا بەرهەمەکە وەکو کاڵای دەستی دووەم و سێیەمی لێدێت و لە هەر دەستکردنێکدا بەشێك لە ڕەونەق و بایەخ و کاریگەریی هونەری و مێژوویی و ڕۆشنبیریی خۆی لە دەست دەدات. جا ئەم بۆچوونە ڕەنگە بەر لە زۆر کەس ریشی بەندە بگرێتەوەو بیانووش ئەوەبێ کە ناچاری حەرام حەڵاڵ دەکات، بۆیە هەق وایە زمانزانانی ئەهلی قەڵەم، هیممەت بکەن و ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن و لە کۆڵ ئێمەمانانی بکەنەوە. .

تەخەسووس، زادەی پێداویستییەکانی ژیانە، ژیانی ئەمڕۆ لەوە فرەلایەنترو ئاڵۆزترو جەنجاڵترو لەزترە، لە یەك چارچێوەی گشتیدا جێگەی ببێتەوەو مامەڵەی لەتەکدا بکرێ و بەرهەم بهێنرێت. واتە ژیان نەك هەر تەخەسووس دەخوازێ، بەڵکو دەشیسەپێنێت. تەخەسووس خەسڵەتێکی ژیانی ئەمڕۆیە. . وەرگێڕانیش لایەنێکە لە لایەنەکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیان، لە دوا ئەنجاما بەشێکە لە ژیان و بیەوێ و نەیەوێ، خەسڵەتی ژیان وەردەگرێت. . ئێمە لە وەرگێڕانیشدا هەر قرەی ژیانین، کامانەن ئەو بوارە جیاجیایانەی وەرگێڕی ئێمە کاریان تێدا دەکەن؟ هەر هەمووی یەك دوو بوار پتر نین. زیاتر ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانە کە هەم کارێکی کەمی تێدا کراوەو هەم خاڵی یەکانگیری و لێکچوونی زۆریان لە نێواندا هەیەو بۆ ئەم قۆناغی دەستپێکی وەرگێڕانە پڕ لە بۆشاییەی لای ئێمە ئاساییە، وەرگێڕ خۆی تیا تاقیبکاتەوە. . . دەنا من پێم شك نایەت وەرگێڕێکمان هەبێ هەم لە بواری ئەتۆمدا کاری وەرگێڕانی کردبێ و هەم لە بواری سێکسۆلۆجیدا. . ئیدی هەر کارێك هەوێنی گۆڕان و وەرچەرخانی تێدا بێ، لەگەڵ دەستپێکدا جۆرە ئەنارشیزمێکی بەگەڵ دەکەوێت و ئەزموون و ڕۆژگار لە مەحەکی دەدات و کۆنترۆڵی دەکات. .

وەرگێڕ دەبێت بەر لە هەر شتێك ئەوە بخاتە بەرچاوی خۆی کە وەرگێڕان بریتییە لە بەزاندنی جیاوازییە رواڵەتی و فۆرمییەکان، بریتییە لە نوێبوونەوە لە میانی کارێکەوە کە بەزمانێکی دیکە بەرهەمهاتووەو لە زمانێکی دیکەدا بەرجەستە بووە. واتە وەرگێڕان هەم دووبارەکردنەوەی بەرهەمهێنانەو هەم دووبارەکردنەوەی داهێنانە، ئاوێتەیەکە لە هەردوو حاڵەتەکە، ئەم کارەش تەنیا لە توانای کەسێکدایە کە توانایەکی زمانەوانی گەورەی هەبێ، واتە تەنیا زمانزانی بۆ وەرگێڕ بەس نییە، بەڵکو دەبێ بەتەواوەتی شارەزای بونیادو وشەی ئەو زمانە بێت، پەیوەندییەکانی نێوان بونیادو وشە لە ناوجەرگەی کولتوورو شارستانییەتی ئەو زمانەدا بناسێت و وەکو قورەخۆشە بەکاری بێنێ. . کەی ئەمانەی کرد متمانەی خوێنەر بەدەست دێنێ. ئەوجاش خوێنەری جدی و چاك کە لە خوێندنەوەی وەرگێڕانێکی نایاب دەبێتەوە، خۆزیایەك دەخوازێ ئەی کاشکێ زمانی یەکەمی ئەو بەرهەمەی زانی بووایە و جارێکی بەو زمانەش خوێندباوە. واتە کاری وەرگێڕان چەند سەرکەوتووش بێت، جۆرە گومانێك، گومانی حەقیقەتخوازیو حەقیقەتزانی هەر هەڵدەگرێ. .

خوێنەر دکارێت لە بندێری وەڵامەکانی پێشوودا هەندێ لە سیفەتەکانی وەرگێڕی سەرکەتوو بدۆزێتەوە. . بەڵام بەکورتی و کوردی، وەرگێڕی سەرکەوتوو پێویستە کۆمەڵێك خەسڵەتی تێدا بێت، کە ڕەنگە بەشێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا چڕبکرێنەوە. وەرگێڕ دەبێ هێندە بەهرەدار بێ کە بەهرەو تواناکانی لە ئاستی تواناو بەهرەکانی نووسەردا بێت. واتە وەرگێڕ دەبێ بە خۆیشی نووسەرێکی چاك بێت و بتوانێ نووسەرانە بەرهەمێکی چاك وەربگێڕێت و ژیان و جووڵە وەبەر ئەو بەرهەمەدا بکات کە وەریدەگێڕێت، واتە لە زمانی دووەمدا دووبارە بیافەرێنێتەوەو بەرهەمی بێنێتەوە. تواناو بەهرەی وەرگێڕی سەرکەوتوو پتر لە وەرگێڕانی بەرهەمی گەورەدا دەردەکەوێت، بەرهەمی گەورەش هیممەتی گەورەی دەوێ. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ زمانزان بێ، تایبەتمەندی و نهێنییەکانی زمان هەڵبێنێ،

کولتوور دۆست بێ، وردو سەرنج تیژ بێ، زیرەك و بەزەوق و خۆش سەلیقە بێ. ویژدانی کاری هەبێ. پشوودرێژو پرسا بێ، هەمیشە فەرهەنگی لەبەردەستدا بێ و لە بچووکترین دوودڵی و گوماندا بگەڕێتەوە سەری. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ بزانێ کە وەرگێڕان مەسئولییەتێکی گەورەیە، جۆرە کەشفێکی داهێنەرانەیە، کارێکی یەجگار قورسەو وەرگێڕ نە لەبەر بێتاقەتی پەنای وەبەر دەبات و نە لەبەر ئەوەیە کە خۆی نەتوانێ بنووسێت، وەرگێڕ بەگوێرەی زۆر پێوەران لە خانەی دانەراندا دانراوە. وەرگێڕی سەرکەوتوو نابێ دەست بداتە کارێك کە دەرەقەتی نەیەت، چونکە لە حاڵەتی وەهادا زۆر گەورە نووسەر دەبنە قوربانیی وەرگێڕو متمانەی خوێنەر لەدەست دەچێت. وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ خوێنەرێکی جددی بێت و جیهانبینییەکی رەخنەیی هەبێت و بەتەواوەتی چەمك و رۆحی نووسینە ئەسڵییەکە بگوازێتەوە، ریتم و ئاهەنگی کارەکەی نووسەر بپارێزێ، تایبەتمەندییەکانی زمانی دەقەکە کەشف بکات و رەمزو رازەکان بپارێزێ. . زەمەن و کات و دیاریی و نادیاری ئەو فرمانانەی بەکارهاتوون سەدی سەد بپارێزێ، چونکە کە زەمەنەکە شێوا، ئیدی دەقەکە تەواو دەشێوێ و لە سکەی زەمەنی خۆی دەردەچێت.

وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێ بونیادی رستەکانی نووسەر، بەتایبەتی رستە لێکدراوو ئاڵۆزەکان بپارێزێ. خاڵبەندی بەشێکە لە پێکهاتەی بونیادی دەق و شێوازی هەر نووسەرێك، واتە بەشێکە لە قوڵایی دەق، بۆیە وەرگێڕی سەرکەوتوو، دەبێ زۆر بە جددی رەچاوی بکات، دەنا ئاهەنگ و چەمك و مانای دەقە ئەسڵییەکە دەشێوێ. . وەرگێڕی سەرکەوتوو نابێت بەرگێکی خۆماڵیی ئەوتۆ بەبەر دەقە وەرگێڕاوەکەدا بکات کە خوێنەر بڵێ لە تۆ وایە لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسراوە، واتە کورداندن نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕان نییە، بەڵکو پاراستنی دابونەریت و خەسڵەت و رەنگ و بۆی ئەو ژینگەیەی کە کارە وەرگێڕدراوەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، نیشانەی ئەمانەتداریی وەرگێڕە، کە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو. .



# دلاوەر قەرەداغی:

## بوونی تایبەتمەندیی لە وەرگێڕاندا، مەسەلەیەکی خودییە و پێوەندیی بە دەسەڵات و توانا و حەوسەڵەی وەرگێڕەکە خۆیەوە هەیە. .

وەک بزانم، جۆرە هەوڵێک بۆ وەرگێڕانی دەقی کوردی بۆ زمانەکانی تر هەیە، گەرچی ئەو بزاوتە سست و بەرتەسکیشە، بەڵام دواجار هەوڵی تاکەکەسین و چ دەزگا و دامەزراوێکی کولتووریی کوردییان لە پشتەوە نییە، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆریان لەلایەن زانکۆ و دەزگا کولتوورییەکانی خودی ئەو وڵاتانەوە پشتگیری دەکرێن و هان دەدرێن. ڕاستە مەسەلەی وەرگێڕانی دەق و کتێبی کوردی بۆ زمانەکانی تر (مەبەست لە زمانە ئەورووپاییەکانە)، پێوەندییەکی زۆری بە ئەتمۆسفێری بازاڕ و لایەنی ئابووردی کتێبەوە لەو وڵاتانەدا هەیە، بەڵام کورد

بۆ خۆیشی لەم بارەیەوە تا بڵێی بێباکە و چ هەوڵێکی ئەوتۆی نەداوە تا ڕایەڵێکی کولتووری لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی خۆیدا دروستبکا، ڕاستە ئەم ئەورووپایە پڕە لە کۆمەڵە و ڕێکخراوی کولتووریی کوردی، بەڵام ئیشی زۆربەی هەرە زۆریان لە چا خواردنەوە و سازدانی یادی حیزبەکان و هەڵپەڕیندا کورت بۆتەوە، بە مەرجێک ئەو وڵاتانە (لە پارەی زەریبەی سەر خەڵکی خۆیان) ساڵانە یارمەتیی ئەو کۆمەڵانە دەدەن تا چالاکیی کولتووری ڕێکخەن و هەوڵی خۆنزیک خستنەوەی کولتووری لە میللەتانی تر بدەن. حیزب و حکومەتی کوردی ئامادەیە خەڵکی بێ ئیش لە ئەورووپا بژێنێ و مەسرەفی بکا، بەڵام نایەوێ دەزگایەکی تایبەت بە وەرگێڕانی دەق و کتێبی هەڵبژاردەی کوردی دامەزرێنێ و خەڵکانی شایستە و پسپۆڕ و زمانزانی تێدا وەگەڕ بخا. خۆ دەکرێ ئەو دەزگایە لە کوردستانیش بێت، بەڵام هەبوونی لە ئەورووپا لەو ڕووەوە باشترە کە لێرەوە ساناتر پێوەندی لەگەڵ چاپخانەی گرنگ و خەڵکانی تایبەتمەندو دامەزراوە کولتوورییەکانی دەرەوەدا دادەمەزرێنرێت.

بە دڵنیاییەوە زۆر باشترە کە هەموو کتێبێک لە زمانی یەکەمییەوە وەربگێڕدرێت، بەڵام وەرگێڕێکی کورد چ بکات کە بۆ نموونە جگە لە زمانی فارسی، زمانی تر نازانێ و بە کتێبێکی جوانی بۆ فارسی وەرگێڕدراو سەرسام دەبێ و وەریدەگێڕێت! خۆ ئاساییە گەر لە داهاتوودا وەرگێڕێکی تر پەیدا بێ و هەمان کتێب لە زمانی یەکەمییەوە وەربگێڕێت و جیاوازیی زۆر لەنێوان هەردوو وەرگێڕانەکەدا بەرچاو بکەوێت. دیارە لەم حاڵەتەدا ناکرێ وەرگێڕی یەکەم سەرزەنشت بکرێ، چونکە ئەو دوای مەزاجی زمانەوانیی وەرگێڕێکی فارس کەوتووە و هەموو وەرگێڕانەکەی ئەوی بە ڕیتم و بە سانسۆرکردن و بە هەڵەکانی ئەوەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. لەڕاستیدا دەزگاکانی چاپ لە کوردستان گەر بیانەوێ دەتوانن بەشێکی زۆر لەو کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەویش بە ڕوولێنان و خستنەگەڕی خەڵکانێک کە یەکێک لە زمانە ئەورووپاییەکان، بۆ نموونە ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی یان سویدی. . . . . . بزانن و کتێبە لە فارسی و عەرەبییەوە وەرگێڕدراوەکان، بەر لە چاپدانیان لەگەڵ زمانەکانی یەکەمیاندا بەراورد بکەن. حەز دەکەم لەم بارەیەوە ئەزموونێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە: من تا ئێستا دوو جار (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ)م چاپکردووە، جارێک لە فارسییەوە و جاری دووەمیش ئەو وەرگێڕانە فارسییەم لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا بەراورد کردووە. هەردوو وەرگێڕە فارس و عەرەبەکەش کە (د. صالح حسەینی و مەمدوح عەدوان)ن، لە وەرگێڕە باشەکانن و کتێبەکەیان لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە. پاییزی ساڵی ڕابردوو کە گەڕامەوە سوێد، بینیم (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ) بۆ یەکەمجار بە سویدی و بە چاپێکی جوان دەرچووە و دوو وەرگێڕی بە نەژاد گرێکلاندی، ڕاستەوخۆ لە گریکییەوە وەریانگێڕاوە. کاتێ ئەو وەرگێڕانەم خوێندەوە و لەگەڵ وەرگێڕانە کوردییەکەیدا بەراوردم کرد، هەستم کرد کە وەرگێڕانە کوردییەکەی من هێشتا هەر گەرەکی بە بەراوردکردنەوە لەگەڵ ئەو وەرگێڕانە سویدییەدا هەیە. ئەوەی زیاتر لەو وەرگێڕانە سویدییەدا سەرسامم دەکا لەڕاستیدا ئەو سیحرەیە کە لە زمانەکەیدا هەیە، ئەو ڕەوانی و ڕۆشنی و نەغمەیەیە کە لە دێڕ بەدێڕییەوە دەڕژێتە گوێم بەجۆرێک کە دەڵێی یەکەم جارە ئەو کتێبە دەخوێنمەوە. وێڕای ئەوەش چەند دێڕ و پەرەگرافێک لە وەرگێڕانە سویدییەکەدا هەن و کەچی لە عەرەبی و فارسییەکەدا سانسۆر کراون.

بوونی تایبەتمەندی لە وەرگێڕاندا پێموایە مەسەلەیەکی خودییە و پێوەندی بە دەسەڵات و توانا و حەوسەڵەی وەرگێڕەکە خۆیەوە هەیە. چ باشتر گەر وەرگێڕێک هێند لە وەرگێڕاندا بەدەسەڵات بێت کە بتوانێ لە وەرگێڕانی هەموو بوارە جۆر بەجۆرەکانی ئەدەبي و فەلسەفي و زانستییدا هەڵسووڕێ، بە تایبەتی کتێبخانەکەی ئێمە هێند هەژارە کە بە ڕای من بەردیش وەربگێڕدرێت جێگە دەگرێ و بۆشاییەکی بچکۆلە پڕ دەکاتەوە.

سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەکەتان، لە ڕاستیدا من خۆم لەو ئاستەدا نابینم و بە خۆمدا ڕاناپەڕمووم کە بزانم مەرجەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو چین. ئەوەی پێم گرنگە کە لە وەرگێڕ و نووسەر و هەموو کەسێکدا هەبێت، خۆ بە شت نەزانین و سادەییە. ئێمە زۆربەی زۆرمان لە سەرەتادایین و شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە

کە جێگەی باس بێ و بمانەوێ لافی پێوە لێدەین. هەموومان لەمیانەی پرۆسەی کارکردنماندا (چ وەرگێڕان بێت یان نووسین) وەک هەر کەسێکی تر هەڵە دەکەین و دەکەوین و هەڵدەسینەوە. گرنگ ئەوەیە گوڕێکی ناوەکیمان هەیە بۆ کارکردن. گرنگ ئەوەیە هێشتا دەتوانین شەونخونی بەدیار خوڵقاندنی کاری جوانەوە بکێشین و (ستریندباری) گوتەنیش نەختێک جوانیی هیچی تێناچێت. گەر دەزانرێ هەڵە و شێواندن لە وەرگێڕانی کتێبێکدا هەیە، ئەوا با کەسێکی تر بێت و لە خۆی ببورێ و هەمان کتێب وەربگێڕێتەوە (لە کتێبخانەی وڵاتانی تردا هەندێ جار دوو سێ وەرگێڕانی کتێبێک هەن)، با کەسێک بێت، بە ویژدان و بەبێ بریندارکردن و بەر پێ لەقەدان، هەڵە و شێواندنەکان دەستنیشان بکات. من لەم بارەیەوە زۆر جاران لەگەڵ دۆزینەوەی ناوی گوڵێک یان مێرووییەکدا بە کوردی، درووود بۆ ڕۆحی مامۆستا (کەمال جەلال غەریب) دەنێرم کە ئەو پیاوە گەورەیە، بە بێدەنگییە جوانەکەی خۆی، فەرهەنگی کەمالنامەی بۆ ئێمە نووسی، کە کارێکە پشتاوپشت وەرگێڕ و نووسەر و خوێنەر و قوتابیی کورد دەگەڕێنەوە سەری و کەڵکی لێوەردەگرن، یاخود کەسێکی وەک مامۆستا (جەلال تەقی) کە لە سەرەتای هەشتاکاندا خانم و سەگەکەی و سێ خوشکەکەی ئەنتوان چێخەفی لە ڕووسییەوە بۆ کردینە کوردی، لە کاتێکدا خەڵکانێک لە نەوەکەی ئەو، کە زمانیشیان وەک ئەو دەزانی و لە ڕووسیا خوێندبوویان، تاقەتی وەرگێڕانی یەک دێڕیان نەبوو. دەکرێ لە دونیای ئێمەدا دەیان کەسی تری وەک ئەو دوو زاتە، بکرێنە سەرمەشق و نموونەی باڵا بۆ کارکردن بە بێ غەڵبەغەڵب و سینگ دەرپەڕاندن.



## ئیسماعیل ئیسماعیل زادە:

**وەرگێڕانی بریندار لەسەر دەستی سەلەفییەتی مۆدێرن.** .

لەم سەردەمەی ئێستادا کە مرۆڤی تێدا دەژی، واتە سەردەمی خێرایی و تێکنۆلۆژی و سەردەمی شارستانییەت و زانست، گۆڕانەکان بەپەلە روو دەدەن و دەسکەوتی نوێ دەخەنە بەردەست. ئەم گەشەکردنانەش لە ئەنجامی کارلێك و دانوستانی کولتوور و ئەندێشەی کارای نێو کۆمەڵگاکانە کە پلەکانی زانست دەپێورێ و پشکنین پەرەپێدەدرێ و دۆزینەوە روودەدات. لە سەر دەستی ئەم جووڵە و هەوڵ و تێکۆشانەدا، واتە گەریانی بەرەو پێشەڤچوونی زانست و بە گشتی سەرجەم پێکهاتەکانی شارستانیەت کە مرۆڤایەتیی شاهیدی سەرسام و سەرسوورماوی خێراییەکەیەتی و

به سەعات و دەقە دەستنیشان دەکرێ، تێگەیشتن لە دەسکەوتەکان و وەرگرتن و وەگەڕخستنی بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکان دەبێتە ئەمرێکی حاشاهەڵنەگر و حەیاتی.

لێرەدا ئێمە ئەوە دەزانین کە گشت کۆمەڵگا وشیارەکانی ئەم گۆی زەوییە وانین کە راستەوخۆ دەسکەوت و داهێنانەکان بە هەموو روویەکیەوە وەربگرن و هەست بە شوێنەوارەکانی بکەن و لە رووی خەسارنەگەیاندنەوە وەگەڕی بخەن، بەڵکو بە وردبوونەوە لەو نەتەوانەی لە سەرەتادا پاشەخۆری زانست و ئەندێشە و دەسکەوتی زاڵ بوون و بە قووڵبوونەوەش لە کولتوور و نەریت و سوننەتەکان کە پاش ئاشنابوون لەگەڵ ئافراندنی کۆمەڵگاکانی تر بە شێوەیەکی زۆر جیدی و کارا و بە شێلگیرییەکی درێژخایەنەوە هاتن دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و زانستی و تێکنیکی و هەروەها کولتووری و مافی و ئەخلاقی پێشکەوتوویان لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی خۆیاندا گونجاند. ئەمەش رووبەڕووبوونەوەی مرۆڤی زیندووی شوێنگەلێکی بۆ نموونە وەك سوید و ژاپۆن و کۆریا و هتد بوو لەگەڵ دەق و بابەتی هەڵگری هزر و کولتوور و زانستی گەشەکردوو، کە بووە هۆی رۆحوەبەرنانی خۆماڵیانەی وشە، دواتر روودانی تێگەیشتن و کارلێکردن و لقوپۆپەکانی دیکەی لێکەوتۆتەوە. ئەم چەشنە رووبەڕووبوونەوە و دواتر وەگەڕخستنەوەیە تەنیا واباشترە پێی بڵێم لە کولتووری وشیار و زیندوو و راستگۆ دەوەشێتەوە، کە پاشەخۆرییان کردە خەرجیی گەشەکردن.

ئەمەی تا ئێرە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە هیچ کۆمەڵگایەك و هیچ شارستانییەتێك نییە داهێنەری رەها بێت و واش نییە خۆی، پێویستی و نیاز و بەگشتی سەرجەم گەشەکردنەکانی تەنیا زادەی جووڵە و کارابوونی خۆی بووبێ، لەو راستییەدا وەڵام دەدۆزینەوە کە لە سەر دەستی پەیوەندی و دانوستانە بەردەوامەکانن لووتکەکانی زانست و داهێنان و دەسکەوت خۆ رێك دەخەن و دەبنە هەڵسوڕێنەری ئەندێشە و ژیانی بەرەو گەشەی مرۆڤایەتی. بۆ ئەم بانگەشەیەش نموونەی زۆرمان هەن کە دەتوانین ئاماژە بکەین بە شارستانییەتی یۆنانی کەونارا و چین و میسر و چەندین شارستانییەتی مەزنی کۆنی دیکە کە دواتر دەگوازرێنەوە بۆ باقی شوێنە مرۆڤییەکانی جیهان و پەرەدەستێنێ و تەنانەت هەندێ لە کولتوورەکانیش بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لە ئاستی زمانیشدا بورجی بابل کۆنترین بەڵگەیە لە جیهاندا کە ئاواتەخوازیی مرۆڤی بۆ هاتنەدیی زمانێکی گشتگیر و نێونەتەوەیی دەرخستووە.

..

لە پشت ئەم لێك نزیکبوونەوەیە و ئاوێتەبوونی کولتوور و شارستانییەتەکان لەگەڵ یەکتری هۆکارێك یان پردێك رۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، دیارە کە ئەمە بەرسڤی هەمان پرسیاری چۆن دانوستانە کە دەتوانێ ئەم وردە دنیایانە بە یەکترەوە بلکێنێ، ئەویش زانستی وەرگێڕانە. وەرگێڕان لەبەر فرەبوونی زمان و کولتوورەکان ئەرکێکی گرینگی خستۆتە سەر شانی خۆی کە لە زۆر شوێندا شوناس و چییەتیی ئەویتر دەگوازێتەوە، لەم پرۆسەیەشدا جاری وایە لە نێو کولتووری خانەخوێدا دەتوێتەوە، ئاشنابوونێکی پەسیڤی لێدەبێتەوە، یان لە سەردەمای پێشتر واتە سەردەمی داگیرکارییدا وەکو ئامرازێك لە دەستی زلهێزدا یان باشترە بڵێین وەکو ئامانجێك کاری کرد و بووە رێخۆشکەر بۆ ئاسانتر داگیرکردن و کۆیلەکردنی نەتەوە لاوازەکان. واتە لە رێی وەرگێڕانی سیاسەت و بۆچوونە داگیرکارییەکان لەلایەن زلهێزەوە، توانییان تا رادەی فێرکردن و بارهێنانی ژێردەستان کە بە پێی ویستی بکەرە بچنە پێش و مەبەستەکانیان بپێکن. ئەمانە هەر لە کۆنەوە، لە شارستانییەتە کەونارییەکانەوە تا بە ئێستا گرینگ بوونی وەرگێڕان نیشان دەدەن، کە هەروەك گوتمان جاری وایە چەندین کولتوور لێك نزیك دەکاتەوە و تەنانەت بە یەکیانەوە گرێ دەدا و لە پێکهاتەیەکی لێکدراودا شوناسێکی هەنووکەییان بە باڵادا دەدوورێ. ئەمەش هەمان یەکێتیی مرۆڤایەتی و بەیەکەوە بەستنەوەی مەودا و سازدانی پەیوەندیی نێوان فرەیی کۆمەڵگاکانە. تۆ ئەگەر بۆ نموونە سەرنجت بە تەورات دابێ کە کتێبێکی ئایینیە و تایبەت بە شوێن و جەماوەرێکە، دەبینین کە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی پەیامەکانی نێو کتێبی ناوبراو، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگاکانی دیکە راستەوخۆ لەو زمانە نەدەگەیشتن کە پێی نووسراوە، دەست کرا بە وەرگێڕانی تەورات لە زمانی عیبرییەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە و یەکێك لە یەکەم وەرگێڕانەکانیشی دەتوانین قامك بخەینە سەر وەرگێڕانی تەورات بۆ سەر زمانی یۆنانی کە سپانت کۆنترین نوسخەی وەرگێردراوی تەوراتە بۆ سەر زمانی یۆنانی. دواتریش لە زمانی یۆنانییەوە گواستراوەتەوە بۆ سەر زمانی لاتینی و لەوێشرا بۆ سەر باقی زمانە زیندووەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر. یان ئەو دەقە کۆنانەی بە زمانی سانسکریت نووسراون و

پاشان وەرگێردرانە سەر زمانی چینی و کۆری و ژاپۆنی و بە گشتی لە کۆمەڵگای بودابیدا ڕەنگی دایەوە.

ئەم دەورەی کە وەرگێران دەیبینێ ئاماژە بەو پێویستییە حاشاهەڵنەگرە دەکا کە دیسان لێرەدا جەختی لەسەر دەکەمەوە و بە کورتی دەڵێم کە وەرگێران پەیوەندییەکی فرەڕەهەندییە بۆ دانوستانی گشت لایەن و نەتەنیا ئەم فرە جۆرییەی گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دێنێتە ئاراوە، بەڵکو لە هزرێکەوە بۆ هزرێکی دیکەشە، کە لەواندا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە هۆی ئاشناکردن و زۆرجاران ڕێکخستنی هزرەکانی دیکە و تەنانەت دەرگایەك بە رووی ئارمانجی لەمێژینەی بیر و فکر دەکاتەوە، کە خزمەت بە مرۆڤایەتی بێ و دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانی ئاراستەی ئایدیالۆژیی نەتەوەکانیش.

من لێرەدا ئەم بۆچوونەی ریکۆر کە نازانم لە کوێ خوێندوومەتەوە دێتەوە بیرم، کە وەرگێران بە پردی ئاشتی دەشوبهێنێ لە نێوان کولتوورەکاندا، لەبەر ئەوەی پێی وایە وەرگێران لە هەمان کاتی پاراستنی شوناسی کولتووریی دەقی نووسراو بە زمانی سەرەکی، دێت سنوورە سیاسی و جوگرافییەکان دەسڕێتەوە.

لێرەدا ئەو ڕاستییەشمان نابێ لە بیر بچێ کە ئەگەر وەرگێران لە وڵاتانی پێشکەوتوو و شارستانییەتە لەمێژینەکان گرینگیی شایانی خۆی ئاراستە کردووین تەمەن و ئەزموونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووسەد ساڵ بەر لە زایین، ئەویش وەرگێڕانی «ئۆدیسە»ی هومێر کۆنترین ئەزموونی بەردەستە کە لیویوس ئاندریکوس شاعیری رۆمی کردی.

بەم سووکە ئاماژەیەی بە گرینگبوون و پێویستیی وەرگێرانمان کرد و بۆ ئەوەی لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئەم کورتە لێدوانەی سەرەوە بە تەوەری سەرەکیی بابەتی بەرباسمانەوە گرێ دەدەین.

ئەگەر بمانەوێ ئاورێك لە زمان بە واتاکەی و زمانی تۆمارکراوی کوردی بە تایبەتی بدەینەوە تەمەنێکی کورت و پاشخانێکی هەژاری نقیساریی نەبێ چیتر شك نابەین. ئەمەش خەسارێکی جیدییە کە رووبەرووی زمان و بەگشتی کولتووری ئێمە بە هەموو واتاکانی بۆتەوە. دیارە کە لێکۆڵینەوە لە بنەما و هۆکارەکانی ئەم گرفتە ئەستەمە، تووشی خەمساردییەکی کولتووری و هەلومەرجی پرتەوژمی لەمێژینەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ، کە ئەگەر خۆمانی لێنەشارینەوە لێوانلێوە لە شەڕ و ئاڵۆزی و داشکان و خەیانەت. ئەم ئاریشەیە فەزا و بارودۆخێکی وەها دەخوڵقێنێ کە بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی شوێنەواری قورس لەسەر تەواوی پێکهاتەکانی جەماوەرێك، گروپێك یان کۆمەڵگایەکدا بەجێدێڵێ. ئەم کاریگەرییە جاری وابووە بە قیمەتی خەسانی یەك یەکی ئەقڵی تاکەکان و لەسەر دەستی ئەمەش کارابوونی ئەندێشەی خەسێنەری کۆمەڵگای لێکەوتۆتەوە. دەزانین کە ئەمە باسی ئەو کۆمەڵگایەیە کە بێبەری بووە لە وشیاری بە گشت ماناکانییەوە. بەمجۆرە پرسی لاوازی و دەستکورتیی کتێبخانەی کوردی بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووەی بارگاوی کراوە بە زەینییەتێکی نەگۆڕ و ئەقڵێکی دەستەوەستان. دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە فەزایەکی ئاوا مەییودا دیارە کە سەرقاڵییەکان بە خەساربردنی ئەویتر بووە، کەڵکەڵەکان بە فیرۆچوواندنی توانستی قووڵبوونەوە بووە لە دنیا و لەو گرێ و گۆڵانەی کە دەروونی بێدەرەتانی تەنیوەتەوە، داماڵینی هێز و وزەی پشکنین و دۆزینەوە و داهێنان بووە. ئەو مرۆڤەی کە پێناسەکەی دەشێت بە گشتی بکوژی ئاوەزی داهێنەرانە بووبێ، نەیویستووە خۆی لەو فەزایە دابڕێ کە کەشف ناکا، نەیویستووە لە جیهانی مردووی دەروونی خۆی دەرباز بێت و دیارە کە سەیری دنیایەکی جیا لە هی خۆی نەکردووە یان نەیدۆزیوەتەوە کە گەشەی سەندووە یان خۆی لە هەمبەر خۆی و دەرەوەی خۆی بە بەرپرس نەزانیوە..

ئەم پرسە کولتوورێکی گێژ و مەنگی راهێناوە کە نەیتوانی بە هەناوی وجوودی مرۆڤ، خەمەکانی مرۆڤ و کەڵکەڵەکانی مرۆڤدا شۆڕ بێتەوە. ئەم پرسە ئەگەر لە درێژماوەدا راستەوخۆ نەبووبێ بێگومان ناڕاستەوخۆ لە سەر جووڵە و ئەقڵی داهێنەرانەدا کاریگەریی هەبووە. هەر بۆیە نووسراوی کوردی بە داهێنان و دانەهێنانییەوە بەشی زۆری تەمەنی بەخەسار چووە.

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لەم کێشەیە و هەروەها کە باسەکەمان بە ئەدەبیاتەوە ببەستینەوە، تەنیا ڕێژەیەکی کەم و چەند ناوێك دەردەکەون کە ئەمانیش بە پێی پێویست نین و لە خەزێنەی ئەدەبی کوردیدا تەنیا و تەنیا نالی و مەحوی و خانی و جزیری و چەند ناوێکی تر شك دەبەین کە بتوانین بارتەقای مێژووی ئەدەبی نووسراوەی کوردیی پێ بەراورد بکەین. ئەمە سەرنجم بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو وتەیەی ماتیۆ ئارنۆلد نووسەر و ڕەخنەگری بریتانی لە سەدەی نۆزدەدا رادەکێشێ کە پێی وایە ئاستی نووسین و

داهێنانی هەر نەتەوەیەك بە پێی بەرهەمەکانی بەر لە خۆی دیاری دەکرێ. باسی هەڵسەنگاندی ئەو دەقانە دەکا کە لە خەزێنەی نڤیساریدا شك دەبردرێن، لەو بەراوردکردنانە دەدوێ کە لە نێوان بەرهەم و بەناو ئافراندنەکانی حازر و داهێنانە کلاسیکییەکانی پێشووماندا دێتە ئاراوە. بەم پێیە بەڕاستی پاش سەیرکردنی ئەو خەسڵەتە نەزۆکەی رابوردووی ئەدەبی کوردی، چۆن بتوانین دەوڵەمەندیی یان هەبوونی ئەدەبی هەنووکە بنرخێنین؟ تا چ ئاستێك هزری قاڵبووی ناو ئەو دەقانە توانیویەتی ململانێکانی لانیکەم دنیای زەینی و عەینی ئێستای کۆمەڵگای شرۆڤە کردبێ و یان هەر نەبێ لێیان قووڵ بووبێتەوە؟ تا چەندە داهێنانەکانمان توانیویانە گێڕانەوە و خوڵقێنەری فۆڕم و شێواز و ڕێبازە نوێییەکان بن؟

به ئاماژەکردن بەو داکەوتن و داشکانانەی رابوردوو، یەکێك لە ئێلێمنتەکانی ژیانی مرۆڤ کە ئەدەبەکەی بێ تووشی ناکۆکی و نەزۆکییەکی جەرگبڕ هاتووە. گۆشکراوە بە دووپاتکردنەوە و دەرەنجامەکەشی دووپاتبوونەوە. بە پشت بەستن بەو سوننەتە لاوازەی ئەدەبی کوردی کە بێجگەلە چەند ئەزموونێکی تاڕادەیەك دڵخۆشکەری هەنووکەیی، دەبینین بەگشتی دەق لە غیاب دایە یان کەوتۆتە پەڕاوێزەوە، واتە دەقی پڕ بە واتای خۆی کە بتوانێ بەدەر یان داماڵدراو لە ئەرکە پێ سپێردراوەکان بێ یان بەتاڵ بێ لە گێڕانەوەی رووت و سادە و بە خەسڵەتی نڤیساربوونی خۆی و ئەدەبیی خۆی گەیشتبێ، لە ئارادا نییە. بەو ئاماژانەی کە لە بەشی یەکی ئەم باسەدا گوتمان لەبەر پێویست بوونی دنیایەکی تر جیا لە دنیای تەنگەبەری خۆمان، ماوەیەکە بەشێکی هەرە زۆری چاپ و بڵاوبوونەوە لە کتێبەوە بگرە هەتا دەگاتە گۆڤار و ماڵپەڕەکان رۆڵێکی گرینگ و کارابوویان وەخۆگرتووە، واتە بە بابەتی وەرگێڕان ئاخنراوە و کەڵەکە دەکرێ کە لە چەند سۆنگەوە دەیخەینە بەرباس و بە تایبەتی دەرفەت بە لایەنی خەسارناسییەکەی بە پێی ویستی بابەتەکە دەدەین.

لەم چەند ساڵەی دواییدا گۆڕەپانی زمان و ئەدەبی کوردی شاهیدی جموجۆڵێکی دەتوانم بڵێم گەرموگوڕ بووە لەچاو نووسین و بەرهەمی خۆکردیدا کە بەشێکی زۆری لەلایەن وەرگێڕکارانەوە یان کەسانێك بەوناوە ئەنجام دەدرێ، بەشێکیشی وەك ستراتژی چەند دامودەزگایەك رادەسپێردرێ. بەم پێیە ئێمە دەبێ بەوە گەیشتبێتین کە لە کاتی وەرگێڕان و هەست بە وەرگێڕانکردن دەست بۆ میراتێکی گرینگ و خەزێنەیەکی دەوڵەمەند دەبەین کە لەسەر دەستی ئەو پاشخانە بەرفرەیەی فکر و شارستانییەت و شوناسی گەشەکردوودا هاتۆتە ئاراوە. دەست بۆ ئەو داهێنانە مەزنە درێژ دەکەین کە هەڵگری فەلسەفە بە کۆن و نوێوە و ئەدەبیاتی نوێ و بە گشتی کولتووری نوێیە، کە نەتەنیا دەتوانێ شوناسێکی نوێ بە گشت چییەتیەکانییەوە بەرووماندا واڵا بکا، بەڵکو لەوانەش گرینگتر دەتوانێ زمانێك بەدی بێنێ کە پێشتر پێی نەنووسراوە، رابوردوو بیری پێنەکردۆتەوە. دەزانین کە ئەو زمانەی پێشتر پێی نووسراوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ زمانی ئاسۆیی بووە، نەیتوانیوە لە ئاخافتنی ئاسایی رۆژانە لابدا، زمانێك بووە کە تەنیا لە کەشوهەوای کولتووری بریندار و کۆمەڵایەتیی هەڵوەشاوەدا جووڵەی کردووە. بێ ئەوەی هەوڵی دابێ گێڕانەوەیەکی نوێی پێ بخوڵقێنێ، بە شێوازی پەخشان ئامێز مەزنترین کارەسات یان سەرکەوتنەکانی خستۆتە بەر دەست واتە وەسفکردنی شکستەکان یان خەون و خولیاکان. زمانێك بووە کە زۆر بە دەگمەن خۆی لە قەرەی وردبوونەوە و قوڵبوونەوە داوە. ئەوەی لێی دەدوێین توانستی ئەوەی هەیە رۆمانی بە واتا ئەمرۆژینەکەی پێ بخوڵقێنین، رەخنەی پێ بنووسین. لە سەر دەستی ئەم زمانەی بە وەرگێڕانی پوختی دەقی سەرکەوتوو و جیدیی دێتە ئاراوە و داهێنان و شاکارە جیهانییەکانی پێ ئافرێندراوە دەکرێ بۆ ئەدەبی کوردیی زمانی شانۆ، کورتە چیرۆك و شیعر بە واتا ئەمرۆیینەکەی تێدا بەدی بێنێ. هەڵوێنجان و دۆزینەوەی پێوەرەکانی ئەم زمانە ئەدەبییەی لە رێگەی وەرگێڕانەوە بڕیارە روویدات دەتوانێ زمانی باقی زانستە لە غیابدابووەکانی خانەی فەرهەنگ و تۆرەی کوردیی تێدا کەشف بکرێ. گەیشتن بەمە دەبێتە دەسکەوتێکی گرینگ کە دەتوانین بەتایبەتی لە رێگەی وەرگێڕانەوە بەدەستی بێنین. کاتێ دەڵێین خەزێنەیەکی دەوڵەمەند دیارە کە ئاماژە بەو دنیایە دەکەین کە چارەنووسی خۆیان و سەرلەبەری ژیانی مرۆڤایەتی دەگێڕن و پێکدادان و لێکەوتەی نوێی هێناوەتە ئاراوە. باسی ئەو زمانە جیهانی و کولتوورییە تۆکمەیە دەکەین کە ئیلیاد و ئۆدیسە، بابل، دوبلینییەکان و دادگایی و هتدی پێ ئافرێندراوە. بە هۆی کەڵە نووسەرانێکەوە وەگەڕ کەوت کە ئاراستەی ژیان و ئایدیالۆژی و ئایین و بە گشتی چارەنووسی مرۆڤیان گۆڕیوە. باسی ئەو دنیا زمانی و

کولتوورییەیە کە ناوی جیهانی یەکەمی ئاوێتەی هورۆژمی پێشەکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هتد کردووە. کە ئاماژە بە مارکێز و کافکا و جیمز جۆیس و نیچە و مارکس بکەین لێدوانە لەو شاکارانەی ڕێباز و شێوازی تری بۆ بەرهەمهێنان و داهێنان و داهاتووی مرۆڤ خستۆتە ڕۆژەڤی دۆزینەوە. بە هەستکردن و بڕواهێنان بەوەی کە بتوانرێ بەشێك لە بۆشایی یان نەبوونەکانی مرۆڤی ئێستای کورد پڕ بکرێتەوە، بە وەرگێڕانی بەرهەمی دیاری کلاسیکی و شاکاری هاوچەرخی ئەدەبیی جیهانی دەکرێ، کە پێداویستیی زمان و ئەدەبی کوردییە و پێویستییەکی هەرە خێرا و گرینگە کە نکۆڵیی لێناکرێ. لێرەدا کە ئێمە دەپەرژێینە سەر کتێب و داهێنانە نڤیسارییەکانی زمان و کولتوورەکانی دیکە کە ئەدەب بە گشتی مەبەستی ئێستای ئێمەیە باسەکە تەنیا گوێستنەوەیەك کە من پێ بڵێم سادە، نییە واتە وانییە کە تەنیا چیرۆك یان شیعر یان هەر دەقێکی ئەدەبیی هەتا ئاستی سادەیی و ساکاریی زمان دابەزێنێ و وەریگێڕدرێتەوە سەر زمانی کوردی. باس لەو بەرهەم و داهێنراوە ئەدەبییەیە کە تێیدا گشت چرکەوەستان و تێرامانێك و هەموو ئەو شتانەی پێمانوایە ورد و بچوك و پەراوێزین، کە لە لای منی خوێنەری تا سەر ئێسکان دەستەوەستان، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بە پێچەوانەوە نیشانەن، ئامانجێکی تایبەت، نەگووتراو، نەنووسراو دەپێکن. باس لەو شاراوەییەیە کە ناخی بەرهەمەکە هەڵگرییەتی. باس لەو ڕەنج و تەقەللا و تاقەتپڕوکێنیانەیە نرخی زەمان و بوون و ژیانی داهێنەری بۆ بەختکراوە. نموونەی ئەو ڕەنج و ئازارانەی شاهیدی نووسەرە ناودارەکانی ڕابوردوو و ئێستان، دەتوانین ئولیس-ی جۆیس بکەین بە شاهید کە لە پێناوی ئەم بەرهەمەدا چیها برسێتی و ژان چێژراوە. جۆیس و بنەماڵەکەی چۆن بە هەژاری و دەستکورتی، خەرج و تاوانی ئافرێنەریی ئولیس-یاندا کە چیها ساڵ سانسۆڕ کرا و ئەمڕۆکە زمانێکی تایبەت و نایابی پێشکەش بە خانەی زمان و ئەدەب و ژیانی مرۆڤایەتی کردووە و ئەم گشتە واتایەی بە باشترین و گونجاوترین شێوە لە خۆیدا تواندۆتەوە.



# عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**لە وەرگێڕاندا پەلەکردنمان پێوە دیارە..**

بە بۆچوونی من یەکێك لە هۆکارەکانی پشت بەستنی وەرگێرکارانی کورد بە دەقی بیانی و دەست نەبردن بۆ وەرگێـڕانی دەقی کوردی بۆ زمانەکانی تر، دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی وەرگێر بۆ مانا و پرۆسەی وەرگێڕان. چونکە چەمکی وەرگێـڕانیش لە دیدی جیا جیاوە تێگەیشتن و پێناسەی جیاجیای بۆ دەکرێت، کە لە بنچینەدا "دانانەوەی کۆد و گۆڕانە لە ڕوپەری دەرەوەی بونیادی دەقدا" ((Translation Studies—Mary Snell Hornby Page 41. تێگەیشتنیش لە دانانەوەی کۆد پاراستنی تەواوی ڕەگەز و چەمکەکانی جوانناسی – ئەدەبی دەقە لە زمانە بە ئامانج کراوەکەدا. بۆیە بینینی وەرگێڕان تەنها وەکو گواستنەوەی زمان و گۆڕانی وشە و پیت نەك هەر کردارێکی ڕووکەشی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو تراژیدیاشی بەشوێنەوەیە. ڕووخسار و گەمە ستاتیکییەکانی دەق دەبنە قوربانی و ئیتر پرۆسەکە نەك پرۆسەی گواستنەوەی مەعریفە نییە، بەڵکو زیانگەیاندنە بە کارێك کە هەر لە سەرەتاوە دەستنەبردن بۆی چاکترە. لەم دیدەوە پرۆسەی وەرگێڕان (وەك پرۆسەیەکی ئەکادیمی

و پرۆفێشناڵی) وەك بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتی خۆی لەبەردەم لێپرسراوەتییەکی مێژوویی گەورەدا دەبینێتەوە و وەرگێڕیش بەرپرسیاری یەکەمە لەم پرۆسەیە. ئەگەر درکێك سەبارەت بەم دیدە لەئارادا بێت ئەوا وەرگێڕ ناوێرێت بەئاسانی دەست بۆ ئەو کارە ببات و بە ناچار خۆی بە دوور دەگرێت.

هۆکارێکی تر توانایی زمانە. من هەست ئەکەم ئێمە جۆرەپە لە کردنێکمان پێوە دیارە لە وەرگێڕاندا، بە جۆرێك کە هێشتا زمانە بیانییەکە بە جوانی فێری نەبووین، یەکسەر دەست دەکەین بە وەرگێڕانی بابەتێك تا بیسەلمێنین کە ئێمە لە کاروانی ڕۆشبیری دانەبڕاوین (لێرەدا ڕێزم هەیە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن و ماندوو دەبن). ئەم هەستە گەرچی پەیوەندیی قووڵی هەیە بە سایکۆلۆژییەتی ئێمەی وەرگێڕ وەك تاك، کە بەشێکی دانەبڕاوە لە سایکۆلۆژییەتی کورد وەك گشتییەك، لەگەڵ ئەوەشدا زیان بە بزووتنەوەی وەرگێڕان دەگەیەنێت و قورسایی ئەم هۆکارە بە بڕوای من سێبەری خستۆتە سەر تەواوی لاوازییەکانی بزووتنەوەی وەرگێڕانی دەقی کوردی و پرۆسەی وەرگێڕانیش لە ئاستێکی پرۆفیشناڵەوە دادەگرێتە ئاستێکی لاوازو سادە. لێرەوەیە بونیادی دەق دووچاری شێواندن دەبێت، چونکە وەرگێڕکاران وەکو حەزو خولیا بەدوایدا نەچوونە و قاڵنەبوونەتەوە تیایدا، بەڵکە زیاتر وەرگێڕانیان وەك ئیلتزامێکی ئەخلاقی-ئەدەبی پیادەکراوە. . دۆگلس ڕۆبنسن دەڵێت"وەرگێڕە پرۆفێشیناڵەکان کاری وەرگێڕان دەکەن لەبەر ئەوەی حەزیان لەو کارەیە و چێژی لێدەبینن و شانازیشی پێوە دەکەن"(Becoming A Translation Page 7). خودی وەرگێڕانی دەقێك بە وجودی تەواوی پێداویستییەکانی وەرگێڕان (وەرگێڕ، مەعریفە، قودرەتی زمان، هەلومەرج، خولیاو ئارەزوو) لە پرۆسەیەکی زمانەوانیدا ئەنجام دەدرێت.

ئەم پرۆسەیە ئەگەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ورد لێك نەدرێتەوەو تاکلایەنانە بۆی بڕوانی، ئەوا بۆشاییەك دەکەوێتە سەر تێگەیشتنەکە و لە ئەنجامیشدا بەرهەمی کاڵوکرچی لێدەکەوێتەوە. بە تێگەیشتنی من وەرگێڕکارانی کورد لە دەستبردن بۆ دەقی کوردی ترسێك ناخیانی تەنیوە، کە خۆی لەلایەکەوە ترسێکی پیرۆزە لە میانی لێپرسینەوەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژووییداو لەلایەکی تریشەوە متمانە بەخۆ نەبوونە بۆیە کەمتر دەست بۆ دەقی کوردی براوە. لە ڕاستیدا کێشەکە لەوەدا نییە کورد خاوەنی دەقی چاك و شایان بە وەرگێڕان نییە. من لە جێگای تریشدا ئاماژەم بەوە داوە کە ئەدەبی کوردی دەقی زۆر جوان و چاکی هەیە. ئێمە تێکستی زۆر بە پێز و بەرزمان هەیە کە شایانی وەرگێڕانن. ئەدەبی کوردی لە قەیرانی بێ دەقیدا ناژێت. ئەدەبی کوردی سەرباری ئەوەی بارێکی قورسی لە بەرهەمی دوور لە داهێنان و بەردەوام لە خۆجوینەوەی لەسەر شانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خوێنەرێکی وردبین دۆزینەوە و بینینی دەقە بەهێزەکان کارێکی سەخت نییە. ئێمە تا لە نزیکەوە ئاگاداری بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەکانی ڕۆژئاوا بین زیاتر لە بزووتنەوەی ئەدەبی وهونەری کوردیش دەگەین. من ئێستا بڕوام وایە ئەدیبی کوردمان هەیە کە توانای داهێنانی ئەگەر زیاتر نەبێت هیچی کەمتر نییە لەو ئەدیبە بیانیانەی کە چەندین خەڵاتی جیهانیان بەدەست هێناوە. کەواتە گرفتەکە دەق نییە، بەڵکو توانایی زمان و زاڵدەستییە بەسەر زمانی بیانیدا.

لایەنێکی تری پرسیارەکەت سەبارەت بە وەرگێڕان لە زمانی دووەم و سێهەمەوە کە هەندێك جار بۆتە هۆی زیان پێگەیاندنی خوێنەری کوردو لێسەندنەوەی متمانە لە وەرگێڕ. ئێمە نەتەوەیەکین قەدەرمان وابووە لە بواری وەرگێڕانیشدا پلەیەك لە خوار نەتەوەکانی تری ناوچەکەوە بین. بە پێی هەلومەرجی سیاسی لە چەند دەیەی ڕابردوو، لە کاتێکدا پرۆسەی بە کۆیلەکردنی کورد لە کوردستانی باشوور بە توندو تۆڵی ئەنجامدەدرا ئێمە بێبەش بووین لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن ودەستڕاگەیشتن بە داهێنانی تازە و شتی نوێ. کورد لە گشتییەتی خۆیدا تەلەفونی نەبوو، مۆبایلی نەبوو، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و فاکس و سەتەلایتی نەبوو. بەعس کۆمەڵگای لێکردبووینە زیندانێکی گەورە. بۆمان نەبوو سەفەر بکەین و تەنانەت نامەی تایب ەتیشمان{شەخسیمان}بەکراوەیی سنوورەکانی دەبڕی. ئیتر دیوارێکی ئەستووری دروستکراو ئێمەی کوردی لە تەکنەلۆژیا و دەستکەوتە زانستییەکان دابڕیبوو و تەنانەت زۆر کەم ئاگادار بووین لە بزووتنەوە ئەدەبی و ڕێبازە هونەرییەکانی ڕۆژئاوا، ئەوەی دەشمان زانی لە ئەدەبی عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕدرابوون. ئەم وەرگێڕانانە بە چەند قۆناغێك لە دەستتێوەردان و دەستکاری کردن

تێپەڕبووە و دواجاریش شتێك پێشكەش بە خوێنەری كورد دەكرا، كە نازانرێت لە دەقە ئەسڵییەكەوە تا دوا دەق چی گۆزەرووە؟

ئێستا گۆڕانێك لە دەقە كوردییەكە روویداوەو بە ئەندازەیەك جیاواز، لە دەقی ئەسڵی. لێرەدا وەرگێڕی كورد هەرچەند بە سەلیقە و بە تواناش بێت ناتوانێت گرەوی سەركەوتنی وەرگێڕانەكە بباتەوە، چونكە نازانرێت وەرگێڕە فارسەكە یان عەرەبەكە چۆن بەرخوردی لەگەڵ دەقە ئۆریجیناڵەكە كردووە. هەرچی وەرگێڕانی دەقە لە زمانە ئەسڵییەكەوە بۆ كوردی، دووچاری ئەم شێواندنە نابێت، یان لانی كەم دووچاری كەمترین شێواندن دەبێت. ماری مەسعود دەڵێت"هیچ وەرگێڕانێك توانای گواستنەوەی هەموو وشە و ماناكانی دەقە ئۆریجیناڵەكەی نییە، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی هەردوو زمانەكە وەكو یەك نین"""(Translate To Communicate page 21)

ئەمڕۆ لە كوردستانی باشوور بزووتنەوەیەكی وەرگێڕانی چالاك بەدی دەكرێت بەبەراورد بە دوو دەیەی ڕابردوو. بەشێك لە وەرگێڕكارانی كورد ئەوەندەی "وەرگێڕان"یان وەك سەرچاوەیەك بۆ بژێویی ژیان چاولێكردووە، ئەوەندە وەكو هونەر مامەڵەیان لەتەكدا نەكردووە. دیارە ئەمەش خاڵێكی نێگەتیڤی تری ئەو بزووتنەوەیەیە!

سەبارەت بە تەخەسووسیش لە وەرگێڕاندا، پێم وایە ئیتر ناسین و بینینی ڕێگایەكە كە دواجار ناهێڵێت تواناكان بەهەدەر بچن. كۆمەڵگای ڕۆژئاوا كۆمەڵگای تەخەسووسییە. تەواوی كولتوور، دابونەریت، مێژوو و ڕابردوویان بەئەرشیف كراوەو سیستماتیكانە بەڕێوە دەچێت. تەواوی دەزگا هونەری و ئەدەبییەكان كارەكانیان بەپێی تواناییەكان ئەنجام دەدەن. ئێمەی كورد لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ناژین. دەشێ كەسێك ئەو تواناییەی هەبێت لە بوارە جیاجیاكاندا چالاكی بنوێنێت و وەرگێڕان لە بوارەكانی ئەدەب و هونەر، فیكری و فەلسەفی، ڕامیاری، زانستی، ئابووری ئەنجام بدات، بەڵام قووڵبوونەوە و قاڵبوونەوە لە بوارێكی تایبەتدا گرەوی سەركەوتنی وەرگێڕە. سەركەوتنی وەرگێڕ بەوە پێوانە ناكرێت كە چەند كتێبی وەرگێڕاوە، بەڵكو سەركەوتنەكەی لەوەدایە كە تا چ ئەندازەیەك توانیویەتی ئەو دەقە بەئەمانەتەوە وەربگێڕێ و غەدر لە نووسەری دەقەكەو لە خۆی و لە خوێنەریش نەكات. پرۆسەی وەرگێڕانیش وەك ماری مەسعود ئاماژەی پێدەكات هەمیشە لەگەڵ دوو كێشەی سەرەكی بەرەوروو دەبێتەوە، یەكەمیان ئەو كێشانەی كە تایبەتن بە وەرگێڕ لەچەشنی: كەم شارەزایی لە زمان و كولتوور، لاوازی نووسین، نەبوونی مەعریفەی مێژوویی پێویست سەبارەت بە گۆڕانی مانای وشەكان، زیادەڕۆیی لە بابەت، زیادەڕۆیی لە گرفتە زمانەوانییەكان، ڕێزلێنانی كەم لە خوێنەر، جەخت كردنە سەر بە هەڵە، ڕێزلێنانی كەم لە سەرچاوەی دەق، كەم شارەزایی سەبارەت بەوشەی ناسراوو لێكچوو كە مانای جیاوازیان هەیە.

دووهەمیشیان ئەو كێشانەی كە تایبەتن بە دەقەكەوە وەكو: یەك: كێشە زمانەوانییەكان

دوو: كێشەی دووبارە بونیادنانەوە.

وەرگێڕانی چاك بەئاسانی تێی دەگەین، ڕەوان و پاراوە، ئیدیۆماتیكە، ناوەڕۆكەكەی و تاموچێژەكەی پارێزراوە، جیاوازی لە نێوان میتافۆریی و وشە بە وشە دادەنێت، دووبارە بونیادی كولتووری-مێژوویی دەقە ئۆریجیناڵەكە دادەڕێژێتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوەو بەوپەڕی تواناوە مانای دەقەكە دەپارێزێت.

وەرگێڕی سەركەوتوو بۆ ئەوەی متمانەی خوێنەر لەدەست نەدات، پێویستە هەڵگری تەواوی پێداویستییەكانی پرۆسەی وەرگێڕان بێت "مەعریفەی پێویست، كولتوور، مێژوو و باكگراوندی نووسەرو دەق، ئامرازەكانی زمان، كردنەوەو ناسینی كۆدەكان و دووبارە بونیادناوەیان، چێژ" و هەروەها پێش دەستبردنیش بۆ وەرگێڕانی هەر دەقێك پێویستە لە مانای وەرگێڕان و پرۆسەی گواستنەوەی دەق بە جوانی تێبگات، چونكە ئەم تێگەیشتنە بواری زێدەڕۆیی و هەڵەشەیی دەگرێ و پتر وەرگێڕ بەرەو ئاراستەیەكی ئەكادیمیكی بەرزو جوان دەبات و سەركەوتنیش لە بواری وەرگێڕاندا مسۆگەر دەكات.



## مەریوان هەڵەبجەیی:

**پێویستە وەرگێڕ ئەماندارێکی زۆر بەوەفاو بەویژدان بێت..**

بێگومان ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە هەردوو لایەنەکە هەیە، هەم وەرگێران لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی، هەم بەپێچەوانەوە، چونکە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارەو لەم رووەوە لە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییدایە، بەڵام هۆکارەکانی ئەوەی کە بۆچی کەمتر دەست براوە بۆ ئەوەی دەقی کوردی وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی تر، پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. هۆکارێکی ئەوەیە کە ئێمە زمانزانمان زۆر کەمەو ئەو برە زمانزانەش کە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات هەمانە دابەش دەبن بەسەر چەند گروپێکدا، هەندێکیان یا باشترە بڵێین، بەشی هەرە زۆریان زمانزانینەکەیان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن دەقی ئەدەبیی لە کوردییەوە پێ وەربگێڕن بۆ سەر زمانەکانی تر، ژمارەیەکی کەمیشیان خەریکی خوێندنی ئەکادیمینو بەداخەوە ئەو کارە بەوەزیفەی خۆیان نازانن، بەشێکی تریش خەریکی نان پەیداکردنو پێیانوایە هیچ کێشەیەکی کولتوورییان نییە. بیریشمان نەچێت، وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکانو بەتایبەت لە بواری ئەدەبدا پێویستی بەتوانایەکی زۆر هەیە بەسەر هەردوو زمانەکەو شارەزایی باش لە مێژوو و کولتووری ئەو دوو زمانەی کە ئیشی تێدا دەکات، ئەبێت ئەدەب بووبێتە بەشێکی گەورەی ژیانی، ناکرێت ئەدەب تاقانە خەونو عەشقی ژیانی نەبێتو دەستبداتە وەرگێڕانی ئەدەبیات. پێموایە ئەو وەرگێڕەی کە لە کوردییەوە بۆ زمانێکی تر کار دەکات دەبێت، لە ناو ئەو کولتوورەی دووەمدا ژیابێتو ئاشنابێت بەمێژوو و وردەکارییەکانی زمانو خوازەو مەسەلو مەتەڵەکانیان. ئەمانە لە رێگای قامووسەوە چارەسەر ناکرێت، تەنها ئەبێت لەناو ئەو کۆمەڵگەیەو لە رێگای ئەزموونی ژیان لەگەڵیان فێری بیت. دەبێت ئەوەش بڵێین وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بیانی پێویستی بەهاوکاریی گەورەی حکومەت هەیەو بەبێ بوونی ناوەندو دامەزراوەی تایبەتو ئیمکانیاتی باش تارادەیەك دەکرێت بڵێین تووشی کێشە دەبێت. کارکردن لەم بوارەدا پێویستی زەمانەتکردنی کاریو مادییە، دەبێت ژیانت تەئمین بکرێ، ئەبێ بەرهەمەکەت بۆ بڵاوبکرێتەوەو پاداشتێکت بدرێتێ کە تۆ بتوانی ژیانی خۆت تەرخان بکەیت بۆ ئەو کارە. وەرگێڕانی پێچەوانە لە ناو کورددا بەشێوەیەکی بەردەوامو پرۆفیشناڵ کارێکی ریسکەو پێموایە بە هەر کەسێك ناکرێت. ئەدەبیاتی ئێمە دەقی زۆر باشی تێدایە کە دەتوانێت وەربگێردرێتە سەر باشترین زمانەکانی دنیا. من پێموانییە هۆکاری کارنەکردنو سستی لەم بوارەدا بگەڕێتەوە بۆ لاوازیی دەقە کوردییەکان، بەڵکو رام وایە چ لە شیعرو لە چیرۆكو رۆماندا، نموونەی باشمان هەیە کە بتوانین وەریبگێڕینە سەر زمانەکانی تر، بەڵام هۆکارەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵانەی کە پێشتر ئاماژەم پێکردن. حکومەت بەرپرسی یەکەمە لەم رووەوەو تا ئێستا نەیتوانیوە هیچ بەرنامەیەکی جیدی بۆ ئەم کارە دابنێت، هەوڵی تاکەکەسیش لە ئاستی سفردایە. من دە ساڵ لە تەمەنی خۆم بەهەدەر دا بۆ ئەم کارەو ئێستاش سانسۆر ناهێڵێت ژمارەیەك لە بەرهەمەکانم بڵاوبێتەوەو رەنج بەخەسارچووموو هیچ دەزگایەکی حکومیو

وەزارەتیش هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەکی لە بەرامبەر ئەم کارەدا نییە. خاڵێکی تر زۆر گرنگە باسیبکەین ئەویش ئەوەیە، جگە لەوەی کە وەرگێڕان بۆ کوردی ئاسانترە، لە کوردستاندا هیچ دەزگایەکی چاودێریمان نییەو خراپترین وەرگێڕان بڵاودەکرێتەوەو شتێکمان بەناوی رەخنەوە نییەو هەر رۆژە ژمارەی ئەو کەسانەی کە کاری وەرگێڕان دەکەن لە زیادبووندایە، وایلێهاتووە وەك سەرچاوەیەکی ماددی بۆ ژیان سەیری دەکەن، لە کاتێکدا کە تۆ دێیتو دەقێك لە زمانی کوردییەوە وەردەگێڕیتە سەر زمانێکی بیانی (بۆ نموونە زمانی فارسی) چەندین پسپۆڕی خانەکانی چاپو بڵاوکردنەوە دەیبینن‌و هەڵیدەسەنگێنن، پاشان بڕیاردەدەن لەسەر بڵاوبوونەوەو بڵاونەبوونەوەی، لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا فلتەری جۆراوجۆر هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی کتێبێك، تەنیا لای کورد ئەم بێسەروبەرییە هەیە، کە چەندین کەس بەبێ ئەوەی زمانێ بزانێت تەرجەمەی پێئەکاتو بۆشی بڵاودەکرێتەوە.

بێگومان ئەگەر وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بکرێت زۆر باشترو کاریگەرتر دەبێت، بەڵام لە کاتێکدا کە وەرگێڕمان نییەو هێشتا بەرهەمە کلاسیکییەکانی سەدەی 18و 19 وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ناکرێت ئێمە دانیشین‌و لە زمانی دووەم‌و سێیەمەوە وەریاننەگێڕین، بەهیوای ئەوەی فریادرەسێك بێتو هەموو شاکارەکانی دنیامان لە زمانی یەکەمەوە بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

بوونی پسپۆڕی لە وەرگێڕاندا شتێکی زۆر باشەو ئەو وەرگێڕانەی کە هەموو هەوڵی خۆیان تەرخان دەکەن، بۆ نموونە تەنیا بۆ بواری ئەدەب یا فەلسەفە، بەدڵنیاییەوە زۆر سەرکەوتوودەبن، بەڵام ئەگەر وەرگێڕێکیش لە چەند بوارێکدا کار بکات نابێتە شتێکی عەیبەو زۆر ئاساییە، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە لە هەموو بوارەکاندا کەموکوڕیمان هەیەو بەناچاری وەرگێڕ پەل بۆ زۆر بواری جیاواز دەکێشێت، بەهیوای پڕکردنەوەی بەشێکی کەمیش بێت لەو مەجالە زۆرانەی کە کاریان تیا نەکراوە.

وەرگێڕ بۆ ئەوەی متمانەی خوێنەر بەدەستبهێنێت بۆ خۆی پێش هەموو شتێك ئەبێت لەگەڵ خۆیدا راستگۆبێت، کە لەگەڵ خۆیدا راستگۆ نەبوو زۆر بەئاسانی درۆ لەگەڵ خوێنەرانیشدا دەکات. وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ بەڕادەیەکی زۆر لە کوردستاندا دەیبینین، ژمارەیەك لەو کەسانە هێندە بێویژدان‌و چاوقایمن چەند جارێك دەقەکانیان رەفزدەکرێت، کەچی کۆڵنادەن‌و بەبێ پێداچوونەوە لە جێگایەکی تر لە چاپی دەدەن، ژمارەیەکی زۆریان بەدەردی دۆنکیشۆتو سەفەرەکانی لەگەڵ رۆزینانت چوون، مەسەلەکە حسابکردن‌و بوون‌و پێوەری ئەخلاقییە، تا چەند لەبەرچاو دەگیرێت یان نا؟ رێز لە خۆت دەگریت یا نەخێر؟ پێموایە گەر نەتوانیت رێز لە زمان‌و ئەدەب بەگشتی بگریت، ناتوانیت رێزیش لە خۆت بگریتو بەپێچەوانەشەوە. لەم قۆناغەشدا رەخنەمان نییەو بەداخەوە ئەم رەوتە خراپە هەر بەم شێوەیە درێژەی دەبێت.

وەرگێڕی سەرکەوتوو دەبێت هەردوو زمانەکە زۆر بەباشی بزانێتو ئاگاداری مێژوو و کولتووری هەردوو زمانەکە بێتو بەردەوام بەهەردوو زمانەکە بخوێنێتەوەو ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی ناو ئەو دوو زمانە بێت. ئەبێت هاوشێوەبوون‌و جیاوازییەکانی نێوان هەردوو زمانەکە بەباشی بزانێت، ئەبێت شارەزایی لە بواری زمانناسیو ئەدەبیاتدا هەبێتو تارادەیەکیش زانیارییەکی گشتیی لە بارەی جوگرافیاو مێژوو و کولتووری گشتی هەردوو زمانەکەوە بزانێت. ئاگاداری قۆناغەکانی ئەدەبیاتو ئەو زمانەو بزووتنەوە ئەدەبییەکانی بێت، ناکرێت بەبێ تێکەڵبوونێکی باش لەگەڵ ئەو کولتووردا بەگشتیو بەتەنها بەهۆی شارەزاییەکی کەم لەسەر زمانەکە دەست بۆ کاری وەرگێڕان بەریت.

وەرگێڕ ئەبێت ئەمانەتدارێکی زۆر بەوەفاو بەویژدانبێت، چونکە هێڵی پێکەوەبەستنی دوو کولتووری جیاوازو نائاشنایە بەیەك.



# ئاوات حەسەن ئەمین:

**وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە چێژی زیاترە..**

کورد کەم تا زۆر خاوەنی دەقی زیندووی وایە گەر وەربگێڕدرێتە سەر زمانی تر، بەدڵنیاییەوە خوێنەری خۆی دەبێت، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە چۆن بازاڕی بۆ پەیدا دەکەیت؟ واتە: چۆن دەیگەیەنیتە دەست خوێنەری غەیرە کورد؟ لێرەدا نموونەی گۆڤارە عەرەبییەکانی لای خۆمان دەهێنمەوە. . دەردەچن، بەڵام کەمتر خوێنەری غەیرە کورد ئەیانبینن، چونکە ناگەنە دەستیان. لێرەوە ئەگەڕێمەوە بۆ بەشی یەکەمی پرسیارەکەت: وەرگێڕانی دەقی بیانی بۆ ئێمەی کورد، ئەو پەنجەرە کراوەیەیە کە لێوەی بەئەدەبی گەلان ئاشنابووین، هەرچەندە ئەوەی کراوە تا ئێستا بەماندووبوونی وەرگێڕ، دڵۆپێک بووە لە دەریایەک.

بۆ پرسیارەکەی ترت: بەڵێ راستە، گەر لە زمانی یەکەمەوە وەربگێڕدرێن چێژی زیاترە، وەکو (چارەنووسی ئادەمیزاد)ی شۆلۆخۆف، کە کۆچکردوو (د. ئەورەحمان حاجی مارف لە رووسییەوە کردبووی بەکوردی، بەڵام سەلیقەی وەرگێڕ. . ئەو کەموکورتییە پڕ ئەکاتەوە، واتا: زۆرینەیەک لە بەرهەمی بەئێمە گەیشتوو لە زمانی دووەمو سێیەمەوە بووە، بەڵام وەستای وەرگێڕ ئەو خەوشەی (ئەگەر خەوش بێت) پڕکردۆتەوە، بۆ نموونە رۆمانی (زۆربا) لە فارسییەوە لە لایەن (رەئووف بێگەرد)ەوە کراوە بەکوردی، بەڵام هەست ئەکەیت کە لەزمانی یەکەمەوەیە، ئەویش بۆ سەلیقەی وەرگێڕ ئەگەڕێتەوە.

لە هەموو جیهاندا وەرگێڕان بەدەزگاو دامەزراوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە بۆتە ئەتەکێت کە بوارەکە پسپۆڕیی بەخۆیەوە ئەگرێت، بەڵام لەلای ئێمە چونکە وەرگێڕان کەسێکی دیاریکراو ئەیکات زۆرجار ئەدیبە، دەست بۆ وەرگێڕانی شیعر ئەبات، چیرۆک ئەبات، رۆمان ئەبات. . . هتد، ئەوەشمان لەبیر نەچێت، پرۆسێسی وەرگێڕان لەلای ئێمە هەتا ئێستا لە ٪90ی لە بواری ئەدەبدایەو کەمتر بابەتی زانستیو ژیاریی تر وەرگێڕدراون کە دیارە دەگەڕێتەوە بۆ میزاجی هەڵبژاردنی وەرگێڕەکەو بوونی رەواجی کاری ئەدەبیی (تائێستا) و کەمتر خۆهیلاک کردنی وەرگێڕو نەبوونی دەزگایەک کە گرنگی بدات بەوەرگێڕانی کاری زانستی.

لە هەموو جیهاندا دوو جۆر کاری وەرگێڕان هەیە:

یەکەم: وەرگێڕانی دەقاودەقو ماناییو گیانی بەرهەمەکە.

دووەم: کورتکردنەوەی بەرهەمەکەو وەرگێڕانی بۆ نموونە (رۆمانی) دوو بەرگە بە ئەسڵی، بەڵام زۆرجار لە (100) لاپەڕەدا کورت کراوەتەوە.

متمانەی خوێنەر لە میانەی کاری وەرگێڕانەکەوە بەدەست دێت، یان لە دەست دەدرێت.

لێرەدا قسەی (ساڵح عوسمان)ی گەورە وەرگێڕ بەنموونە دەهێنمەوە کە ئەڵێ:

دەبێت وەرگێڕ، هەردوو زمانەکە بەنووسینو رێزمان بزانێو رۆشنبیریی گشتیی باشی هەبێت، ئەبێت وەرگێڕ، بابەتێک هەڵبژێرێت کە لە دەستەڵاتی ئەودابێت، ئەبێت هەوڵ بدات مانای نووسەر بپێکێو وەرگێڕانەکە بێ گیان نەبێ، بەڵکو زیندووبێت، چونکە دەقی دووەمی نووسەرەکەیەو وەرگێڕ نووسەری دووەمی دەقە.

# ئەو کاتانەی دەنووسم، دەمەوێ تەنهابم

## چاوپێکەوتن لەگەڵ وینۆنا بەیکەر، ژنە شاعیری کەنەدی



**سازدانی: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

(وینۆنا بەیکەری) عاشق بە (هایکۆ) زایەڵەی دەنگی لە دوورگەکانی ڤانکۆڤەرەوە تێکەڵ بە سروشت و خەمەکانی ژیان دەکات. ئەو لە ڕێگەی شیعرەوە بەڵام بە ستایلی جیاوازەوە لە بوون (بوون بە مانا فراوانەکەی) دەدوێت. ئەو شیعر تێکەڵ بە باران دەکات تا بتوانێت سروشتێکی قەشەنگتر بخەملێنێت. (هایکۆ) بۆ (وینۆنا) هەر شیعر نییە، بەڵکو ئاوێتەبوونی دوو کولتووری ئینگلیزی و یابانییە.

وینۆنا بەیکەر، لە ساسکاچوان لە وڵاتی کەنەدا لە دایکبووە. شەشەمین منداڵی ناو خێزانەکەیانە لە کۆی 8 منداڵ. لە تەمەنی 6 ساڵیدا دەگوێزنەوە بۆ بریتش کۆلۆمبیای ڕۆژئاوای کەنەدا. وینۆنا لەگەڵ (ئارسەر)ی هاوسەریدا، چوار منداڵ پێدەگەیێنن. وینۆنا دەڵێت (شەش کتێبی شیعرم بڵاو کردۆتەوە، کە شیعرەکانم زیاتر لە 80 ئەنسۆلۆژی لە باکووری ئەمریکا، نیوزیلەند، یابان و ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە، لەوانە: جیهانی هایکۆ (بەریتانیا)، ئەنسۆلۆژی هایکۆ (ئەمریکا)، جیهانی هایکۆ (یابان)، گەڵاکان گەڕانەوە سەر دارەکان (یۆنان)، ڕابەری شاعیران (ئەمریکا) لە دوا شێوەدا (کەنەدا)، بەرهەمەکانم بۆ گەلێ زمان وەرگێردراون وەکو یابانی، فەرەنسی، یۆنانی، ئەڵمانی، کرواتی، یوگۆسلافی و ڕۆمانی).

وێنۆنا بەیکەر، ئەندامی یەکێتیی شاعیرانی کەنەدایە، ئەندامی فیدراسیۆنی نووسەرانی برتش کەلۆمبیایە، ئەندامی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی (هایکۆ)، ئەندامی ژمارەیەک ڕێکخراو و ئەنجوومەنی ئەدەبی و شیعرییە، ئەندامی کۆمەڵەی ئەمریکی (تانکا)یە، ئەندامی گروپی شاعیرانی ئاشتییە.

وینۆنا بەیکەری شاعیر، ئێستا لە شاری «نەنایمۆ» لە پارێزگای برتش کۆلۆمبیا لەگەڵ «ئارسەر»ی هاوسەریدا دەژێت.

***لە دونیای شیعردا، شیعر پردێکە لە نێوان شاعیر و خوێنەر. پەیوەندیی تۆ بە خوێنەرانتەوە چییە؟**

—خوێنەر گرنگە پاش نووسینی شیعر، بەڵام من بیر لە هیچ کەسێکی تر ناکەمەوە کاتێک کە دەنووسم. من دڵخۆش دەبم کاتێک کەسێک بۆ نموونە دەڵێت کتێبی هایکۆی تۆم لەسەر مێزی تەنیشت قەرەوێڵەی نووستنم داناوە و چەند دانەی لێدەخوێنمەوە پێش ئەوەی بنووم، یان وەختێک کەسێک دەڵێت من هاوڕام لەگەڵ سۆزی نێو شیعرەکەی ئەودیوی نێو گڵۆپی حەوشە و...تاد.

***هۆکارەکانی بایەخدانت چین، وەختێک شیعر دەنووسیت؟ بۆ نموونە زمان، کۆمەڵگە، شوێنکات، دەنگ، . . هتد؟**

—لەو بڕوایەدام یەکەمجار شیعر خۆی کۆدەکاتەوە و پاشان تۆ دایدەگری و دەیخەیتە سەر کاغەزو چەند جار دایدەڕێژیتەوە. سەبارەت بە زمان، هۆکارەکان، شوێنکات...تاد بە دڵنیاییەوە پاش لەبەرچاوگرتنیان، ئینجا بیخوێنەرەوە بۆ کەسێکی دی بۆ دۆزینەوەی وشەی چاکتر و میتافۆر و...تاد.

***مێژوو بەشێکە لە ڕابردوو، چۆن ڕابردوو لە نووسینەکانتا ڕەنگدەداتەوە؟**

—من ئێستا لەسەر ئەوە کار دەکەم و شیعرم هەیە کە چۆن مێژوو کاریگەریی بەسەر ژیانمەوە هەبووە؟ من لە باشووری ساسکاچوان لەدایکبووم و دوو ساڵی یەکەمی ژیانم لەوێدا بەسەر برد، پاشان باوکم لە باکووری «ڕیجاینا» چارەکە بەشێکی کڕی و تا شەش ساڵی لەوێدا ژیام.

کتێبی (ڕۆنگاو -مێرگی منداڵیم) دەربارەی ئەو ساڵانەیە. باوکی پارتیارشالم بەڕێوەبەر بوو. ژیانی ئەوکات وەکو ژیانی ژن و مێردێکی ئاسایی ئەمڕۆکە نەبوو. باوکم کاپتنی پاپۆڕ بوو، دواتر پەیوەندیی کرد بە هێزی دەریایی کەنەداوە لە جەنگی جیهانیی دووەم، کە ئەوسا بنکەیان لە «هالیفاکس» بوو. لەکاتی ئەنجامدانی کارێک بۆ «غەواسە»یەکی ئەڵمانی لە ئۆقیانووسی ئەتلەسی تووشی هەژانێکی گەورە بوو، ئەگەرچی خۆی سەلامەت بوو، بەڵام زیانێکی گەورەی لە ئەزموون و شارەزاییەکەی دا.

لەو بڕوایەدام دایک و باوکم خێزانێکی ئاسوودە نەبوون، کەچی 8 منداڵیان بوو. تەنگەژەیەکی ئابووریی سەرتاپاگیر و وشکەساڵی و خۆڵبارین ناوچەکەی گرتبووەوە، بۆیە بیری لەوە کردەوە کە بە بارکردن بۆ «بریتیش کۆلۆمبیا» واتە چوون بۆ (آر× المیعاد)ێکی



بەرگی دیوانە شیعرێکی وینۆنا بەیکەر

گەرموگوڕی وەکو کالیفۆرنیا. ساڵی 1926 بە ماشێنێکی «فۆرد» بارمان کرد کەلوپەلەکانمان و 6 منداڵ و دایک و باوک سوار بووین. ئەوکات خەتی پاس نەبوو و چووین بۆ ناو ئەمریکا و دواتر لەگەڵ تێهەڵچوونەوەی ڕێگاکان گەڕاینەوە بۆ کەنەدا و پاشان بۆ بریتش کۆڵۆمبیا کە تەنگەژەی ئابووری چەند جێگایەکی کەنەدای گرتبووەوە و خراپ بەرکەوتبوون.

منداڵێکی ترمان بۆ ژیانی برسێتی لەدایکبوو. دەشێ گەنجێک ئەوەی بەبیردابێت کە بۆچی هەژار بووین، چونکە ئەوسا سیستمی سۆشیال وەکو ئێستا نەبوو. جا ئەوەی ئێستا من کاری لەسەر دەکەم مێژووی خانەوادەکەمە لە خۆرئاوای بریتش کۆڵۆمبیا تاوەکو ئێستا (ئەوەی کە بەچاوی خۆم بینیومن).

***چ کەشوهەوایەک هەڵدەبژێریت، کاتێک کە دەنووسیت؟**

—من دواجار دوای ئەوەی 4 منداڵی زۆر چاکم هەیە و گەورە بوون و ڕۆیشتن وەک «ڤیرجینیا وۆڵف دەڵێ : هەموو ژنێک پێویستە ژوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. لەوێدا لە ئۆفیسە تێکەڵ و پێکەڵەکەم دەنووسم. هەندێک جار دەچمە (مەتبەخ) بۆ نووسین. من مرۆڤێکم میزاژم سبەینانە و حەزدەکەم سبەینان بنووسم. هاوسەرەکەم حەزی لە یاریی گۆڵفە و دەچێتە دەرەوەو دەزانێت ئەو کاتانەی کە دەنووسم ئەمەوێت بەتەنها بم، دوانیوەڕوانیش دەتوانم ڕێکیان بخەم و بخوێنمەوە و وەرزش بکەم، بەڵام سبەینان هی منە. بەلزاک ئەڵێت تۆ تەنها ژوورێکی بەتاڵ و قەڵەم و کاغەزت پێویستە، بەڵام من کۆمپیوتەرەکەم دەوێت.

***تانکا و هایکۆ لە بنەڕەتدا یابانین. ئەم ستایڵانەی شیعرنووسین هێشتا بواری ئەوەت پێدەبەخشن کە ببیە بەشێک لە شێوازی نووسینی تازە و مۆدێرن؟**

—ڕۆلاند بارسی دەڵێت: هایکۆ زامێکی قووڵ و کزە بەسەر زەمەنەوە. جارێکیان چەند ساڵ بەر لە ئێستا مشتومڕێک لەسەر هایکۆی ئینگلیزی هاتە گۆڕێ، سەبارەت بەوەی چۆن زمانی ئینگلیزی ناتوانێت هەندێک وشەی یابانی بگرێتەخۆ و ئەو شێوازە تەنها بۆ زمانی یابانی بێهاوتایە. تا ئێستا 6 کتێبی چاپکراوم هەیە.

هەورەکان خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە، دارەکانی مترۆمس هەنگ، تەنانەت بەردەکانیش هەناسە دەدەن «سەنریو»هایکۆن و کتێبەکانی لەودیوی لایت هاوسەوە، ژنێکی ڕەنگ قورمزیی کاڵ، زۆنگاوەکە - مێرگەکانی منداڵی، شیعری ئازاد و گاڵتەئامێزن.

***پەیوەندییەک هەیە لە نێوان شیعر و کۆمەڵگە. ئایا شیعرەکانت بەشێکن لە کۆمەڵگەی کەنەدی، یان تۆ تەنها شیعر بۆ خۆت دەنووسیت؟**

—سەرەتا خودی خۆم حەز بە خوێنەرێک دەکەم کە شەیدای «ئەو شوێنە پێدەزانم»ی ئەلیزابێس بێت. من چ خوشک و برا، یا دایک و باوک، ئەگەر نووسیویانە و تەنانەت ئەوانەی لە ژیاندان دەشێ جیاواز بنووسن. لەو بڕوایەدام شیعر باش نییە لە چەکمەجەدا، یان لە جێگای تردا هەڵبگیرێت تەنها کارەکانی «ئیمیلی دیکینسۆن» نەبێت کە تەنها یەک جار نیگەران بوو پێی.

***زەمەن (کات) کلیلی شیکردنەوەی شیعرە. تۆ چۆن لەگەڵ ئەم ڕەگەزەدا کاردەکەیت؟**

—کات زەفەرم پێدەبات. هەروەک لویس بۆگان دەڵێت: ناگونجێت شاعیرێک کە بەهەر زمانێک دەنووسێت خۆی لە تراژیدیای ڕەگەزەکانی ژیانی مرۆڤ بپارێزێت... وەک نەخۆشی و پیری و مردن.

***زمانی ئینگلیزی هەموو ڕۆژێک لە خۆتازەکردنەوەدایە. چۆن بەرخورد لەگەڵ دەستەواژە و وشە تەکنەلۆژییە تازەکان دەکەیت؟**

—هەندێکیان زۆر سەرنجڕاکێشن، کە لە زمانەکانی ترەوە هاتوون، سیاسی، وەرزش، فاشن. . . تاد. هەندێک جار دەفتەرێکی تێبینیی بچووکم لیستی ئەو وشە نوێیانەی تێدایە کە جێگاو شوێنێکیان هەیە لە فەرهەنگی زمانەوانیی یۆنانی یان لاتینی، کە دواجار هەندێکیان گومان لا دەبەن. بەڵام زمانی ئینگلیزی زمانێکی زۆر

گەورە و سەخت و لەهەمانکاتیشدا هەوارگەیە.

***چی دەڵێی سەبارەت بەو شاعیرانەی خۆیان بە مۆدێرنیست و پۆست مۆدێرنیست دادەنێن؟ مۆدێرنە بە لای تۆوە چییە؟**

–ئەوان ئازادن لەوەی چ ناوێک لەخۆیان دەنێن با بینێن. بیشۆپ و ئەو کاریگەرییەی کە بۆی ئاواتەخوازین (من شوێن بە ڕەسمی دەناسم، ئەزانم بەڵام ئەو شوێنانە بەڕەسمی ناناسم کە دەربارەی ئەنووسن).

## چەند نموونەیەک لە شیعری وینۆنا بەیکەر

### چاوەڕوانی

جووتێک لەمێژبوو چووبوونە نێو کەژاوەی هاوسەرییەوە
لە چاوەڕوانییەکی گرانی ئاگربەستدا دەژیان
کەسیان بایەخیان بە ماڵەکەیان نەدەدا
گەر پیاوەکە بڕۆیشتایە
ژنە شتەکانی دەفرۆشت و دارەکانی دەسووتاند
گەر ژنەکەش یەکەمجار بچوایە
پیاوەکەی وێنە و کتێبەکانی فڕێدەدا
پرسیاری خانەوادەکەیان نەدەکرد
ئاخۆ ئەمانیان دەوێت یان نا
نیگەرانیش دەپرسێت
ئەمڕۆ هەست بە چی دەکەن؟

### وێنەگرتن

وێنەی دەگرم
ئەویش لە نێو کامیرەکەدایە
ئەوەی وێنەگرەکە دەیبینێ
هەر ئەوەش لە وێنەکە دەردەچێت وەختێ دەشۆرێتەوە
نامەوێ دڵی ببینم
چونکە ئەشێ هەر چوار پەلی ببڕم
گەر ئەو وێنەی من بگرێ
لەوانەیە سەرم ببرێ
واش پێدەچێت
کە هەرگیز بەکارم نەهێنابێ

## ئەو خەڵاتانەی وینۆنا بەیکەر وەریگرتوون:

*خەڵاتی شیکیشی 1986.

*خەڵاتی کتێبی 1986ی یابان لەلایەن هێڵی ئاسمانیی یابانەوە.

*خەڵاتی وەزیری دەرەوەی یابان بۆ هایکۆ لە 1989دا.

*خەڵاتی باشو ترۆفی بۆ هایکۆ بە ئینگلیزی لە 1989دا.

*خەڵاتی پرۆگرامی تاکێشی ساکورای لە 1990دا.

*خەڵاتی کیۆکای لە 1990دا.

*خەڵاتی چاکترین هایکۆ لە بوخارست لە ڕۆمانیا لە 1997دا.

*خەڵاتی کۆمەڵەی هایکۆی کرواتی لە 1997دا.

*بڕوانامەی مەریت لە فێستیڤاڵی هایکۆ و تانکا لە ساڵی 2000دا.

*خەڵاتی سێهەمین هۆشی-تۆ-مۆری نێودەوڵەتی لە 2001دا.

## کتێبە بڵاوکراوەکانی:

1.ژنێکی نا قورمزی 1987
2.هەورەکان خۆیان بەتاڵ دەکەنەوە 1991
3.دارەکانی مۆس-هەنگ 1992
4.لەودیوی لایت هاوس 1992
5.تەنانەت بەردەکانیش هەناسە دەدەن 2000
6.زۆنگاوەکە-مێرگەکانی منداڵی 2006

## جەلالی میرزا کەریم تەوەری ژمارەی داهاتووی گۆڤاری ئاییندەیە..

لە ژمارەی (79)ی گۆڤاری ئاییندەدا تەوەرێکی تایبەت بە شاعیر جەلالی میرزا کەریم دەکەینەوە..

داواکارین لە نووسەران و هاوکارانی گۆڤاری ئایندە بەنووسین و وتاری تایبەت بە لایەنە جیاوازەکانی شاعیر تەوەرەکە دەوڵەمەندتر بکەن، بابەتەکانتان لە ڕێگەی ئۆفیس و ئیمێلەکانی گۆڤاری ئاییندەوە دەگاتە دەستمان.

-------------------------------












## بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە..



# ئەو سکانیایە دەدوێ

دیدار مەسیفی

ئەفسووس!

نۆرە هاتە سەر من، گەردێک لەم نەهامەتییە مەزنەتان بۆ بگێڕمەوە.

ئای، چەندە قەلْس دەبم کاتێک ئەو ڕۆژەم بیر دێتەوە، چەندە دڵتەنگ دەبم هەر کە بیری لێ دەکەمەوە. بەڵام چیبکەم، گەر من تەنێکی وا بێدەسەڵات بم. ببینە ئێستاکە چۆن لە کار کەوتووم و لە پاڵ دیوارێکی رووخاوی میزپێداکراودا فڕێ دراوم. سەرم بووە بە بێژنگی گوللە، بەڵام هێشتا ئەوەی لە هەموو شتێکی تر پتر ئازارم دەدات، بیرهاتنەوە و بیرکردنەوەیە لەم ڕۆژەی کە من و تۆ بە زۆرەملێ بۆ ئەو کارە ڕەوانە کراین. لە بیرمە کاتێک پێیەکانت خستبووە سەر ملم و بە هەوراز و تووله رێیەکدا منت سەر دەخست، کە هەردووکمان یەکەم جارمان بوو پێیدا بچین! ئەوێ ناوچەیەکی چەپەک و شاخاوی بوو، بەڵام لە گشت ئەو شوێنانە جوانتر و دەلال تر بوو کە پێشتر بینیبوومن. کە سەر دەکەوتین تۆ پێیەکانت لەسەر ملم لە یەکتر دەئاڵان و دەتگوت، لە جیاتی ئەو دیمەنە جوانانەی دەور و پشت، تۆ لە تاریکایی دا شتێکی دیکەت دەبینی. بەڵێ، شتێکی دیکە کە گەلێک کرێت و ناشیرین تر بێت، لە چارەی ئەو زابتە سمێل خوارەی کە تۆی بە زۆر و ستەم هێنابوو، و بەر لەچەند ڕۆژێکیش زۆر زاڵمانە دارکاری کردبوویت کە گوتبووت: ناچم!

بیرت دەڕۆیشت و پێیەکانت لەسەر گەردن و ملم لە یەکتر دەئالآن و زۆر نەدەما کە من و خۆت بخەیتە ئەو هەڵدێر و دۆڵە قووڵانە و، هەردووکمان پێکەوە هەپروون بە هەپروون ببین. خۆزگە لە جیاتی ئەوەت کردبایە و خۆت و منت بەم شێوەیە نەجات بدابایە!

خۆزگە!

دەزانی تۆ تەنها و یەکەمین شوفێر نەبوویت کە منت لێخوڕیبێت، بەر لە تۆ زۆرانی دیکە هەبوون. بەڵام من تەنها تۆم لە پێش چاوە و بەس. بەڵێ، تەنها تۆ! من تەنها بۆ تۆ لە شەوانی تەنیایم روندک دەبارێنم، کەچی چارەی یەکێک لە شوفێرەکانی دیکە لە خەیاڵم دا نەماون. ئەوانەی پێشوو نازانم لە تۆ چاکتر بوون یان قەدەریان وابوو، کە هیچ کارێکم پێ نەکەن لەو بابەتەی کە تۆ ئەو رۆژە بە منت کرد! ئەوان لە جیاتی مرۆڤ رۆژێک کاریان ئەوە بوو کە مێگەڵی مەڕ و بزن بە شان و باڵی من لە گوندەکانەوە بگوازنەوە بۆ شار، رۆژێکی تر مانگا و چێڵانم لێ باربکەن، دارم لێ هەڵدەن، بەردم پی هەڵبگرن، یان رۆژێک پڕم بکەن لە خۆڵ!

بۆیە من کاتێک لەگەڵ تۆ ئەو هەموو کۆمەڵە مرۆڤە جل و بەرگ رەنگاوڕەنگانەم بەسەر شانی خۆمەوە بینی، دڵم خورپەیەکی گەورەی کرد و هەستم کرد کە قەدەرێکی رەش چاوەڕێی ئەوانیشە. چونکە دەمزانی ئەوەی لە پشتی من بار کرابێت چارەیەکی باشی نەبووە.

بۆ نموونە،

مەڕە، کەوڵ کراوە!

مانگایە، لە خوێن گەوزێندراوە!

دارە، لەت و پەت کراوە!

بەردە، ورد و خاش کراوە!

بەڵی، دەترسام ئەو مرۆڤە جل وبەرگ رەنگاوڕەنگانەش بۆ هەمان مەبەست لە پشتی من هەڵدرابن، تاوەکو کەوڵ بکرێن، لە خوێن بگەوزێنرێن، لەت و پەت بکرێن، و ورد و خاش بکرێن. بەڵام ئەوەندەی دەمهێنا و دەمبرد نەمدەتوانی بەم خەیالآنەم باوەڕبکەم و شتێکی ترسناکی لەم جۆرە بخەمە مێشکمەوە. بۆیە سەیری تۆم دەکرد و لە چاوەڕوانی و بێ ئارامییەکی شێتانەدا دەمەویست شتێک لە نێو چەوانی تۆوە بخوێنمەوە. بەڵام تۆ هیچت پێ نەدەگوتم و فرمێسک لە قولینچکی هەردوو چاوەکانت قەتیس مابوو و هەر نەدەکەوت. تۆ تەنها بە دڵێکی پڕەوە لایەکی قاچت هەڵدەکرد و نیشانی منت دەدا، کە چۆن پەنما و بریندار ببوو بە دار و قامچی زابتە سمێڵ خوارەکە. بەڵام وا تۆ خۆت ڕۆیشتیت و تەنها منت لەگەڵ ئەو ئازارانە دا جێهێشت. دەزانی من لە سەرەتاوە بۆ ئەوە نەهێنرابوومە ئێرە. ئەوان کە منیان هێنایە ئێرە بە ئێمەیان گوتبوو، خەم مەخۆن دەتانبەین بۆ وڵاتێکی گەرمی پڕ لە خورما و لە سەرما و سۆڵی ئەم سوێدە ڕزگارتان دەکەین. ئێمە بەم قسانە کەمێک ئارامی کەوتبووە دڵمانەوە، پاش ئەوەی خەریک بوو وڵاتی خۆمان بەیەکجاری بەجێدەهێشت.

بۆ زانیاریت، باپیرە گەورەی من لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەمەوە لە شاری ماڵمۆ هاتبووە دونیاوە، لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا وەچە و نەوەکانی بە هەموو قوژبنێکی دونیا دا پەرش و بڵاو ببوونەوە. بەڵام باوەڕ ناکەم هیچیان وەک منیان بەسەر هاتبێت.

من وادەزانم دوێنێکەیە، کە کۆمەڵە بازرگانێکی سمێڵ پان و بۆینباخ پان و شان و مل پان، بەدیارمەوە وەستا بوون و پاشان لەگەڵ سی چل دانەی دیکەی وەک خۆم سواری گەمیێکی گەورەیان کردین و بەرەو ئەو وڵاتەی خۆیانیان بردین کە گوایە گەرمە و پڕە لە خورمای شیرین.

ئەو کات، وامدەزانی قەدەری من و ئەوانەی لەگەڵم بوون، گەلێک لە هی ئەوانە خۆشتر دەبێت کە لە ماڵمۆ مابوونەوە، یان فرۆشرابوون بە وڵاتانی دیکە. لە ژێر لێوەکانمەوە خەنی دەبووم و بە خۆمم دەگوت : خۆش بەخت

خۆت، هەم سەفەر دەکەیت، هەم تێر گەرما وخورمای شیرین دەبیت. ئای کە دەبەنگ و خۆش خەیاڵ بووم ئەو کات! نەمدەزانی ئەو سەفەرەی من بە سارد و سڕترین رووداو و تاڵترین بە سەرهات کۆتایی پێ دێت.

من هەرگیز دیمەنی ئەو سەربازە زاڵمانەم لە خەیاڵ دەرناچێت، کە تۆیان بە برینداری زیندە بەچاڵ کرد. بیست ساڵ بەسەر ئەو رووداوە تێپەڕیوە، کەچی من هێشتا لەگەڵ تارمایی ئەوان دا دەژیم. دەزانی ئێستاکەش من تارمایی ئەوان دەبینم، کاتێک دێن لە پەنای من میز بە دیواردا دەکەن، گوو دەکەن و دەرشێنەوە، یان بە زۆر مێرد منداڵێک پەلکێش دەکەن و دەیانەوێت دەرپێکەی پێ داکەنن. من ئەو کات لە ئەوپەڕی هێزو توانامەوە هیچ شتێکم لە دەست نەهات، ئێستاکە بە ئەکسلی شکاوو دوو تایەی پەنچەرو لەشی ژەنگ گرتوو و چاوی پڕ لە گریانەوە چیم پێ دەکرێت؟

من ئێستاکە لە پەنای ئەو دیوارە میز پیاداکراوەدا، لە هەر جووڵەیەکی دەورو پشتم بە گوومانم، بە گوومانم لە هەموو ئەو مرۆڤانەی لەم خاکە وێرانەیەدا دێن و دەچن.

باش لەبیرمە، ئەو نیوە شەوەی دانیشتییتە سەر ملم و قاچی دارکاری کراوی خۆتت نیشاندام و ئارەقەت کردبوو، کاتێک دەتەویست وەگڕم بخەیت. تۆ کەسێکی شێواو دیار بوویت و دەتزانی و نەتدەزانی کە من و تۆ بەرەو کوێ دەبەن. بەڵام هەر دەتەویست دیسان بە روویان دا بڵێیت : ناچم و ناچم و ناچم!

بۆیە، کە بە نێو ئەو شاخانەدا منت سەر دەخست، من گوێم لە ئاخ و ئۆفت بوو، لە دەست ئەم قەدەرەی تووشی هاتبوویت. خۆت لە من مەزلوومتر دەزانی و دەتگووت: منیش وەک تۆ بێ دەسەڵاتم، بەڵام بەڵێن بێت ئەوەیان هەرگیز بۆ نەکەم. من و تۆ لەم تووڵە رێیەدا خرابووینە نێوان جێبێکی وازی رووسی و ئیڤایێکی رەنگ بۆزی پڕ لە سەربازو جاشی شەرواڵ لە پێی بێشەرم. من یەکەم جار، وامدەزانی ئەوە تەنها من و تۆین کە وەک دوو بەندی بێچارە بە تووڵە رێیەک دا دەمانبەن کە بۆنی مەترسییەکی گەورەی لێ دەهات، وەک لە پستە پستی نێوان سەربازەکان و چاو شۆڕی و مل شۆڕی جاشەکانەوە دیار بوو. بەڵام کە دواتر بینیم کاروان کاروان، لۆری وەک من لەسەر رێگا قیرتاوەکان بە دوای یەکتردا وەستاون، ئینجا زانیم کە کارەسات سەد بارو هەزار بارو ملیۆن بار لەم رووداوە گەورە ترە کە لە گوندەکەدا من و شوفێرەکەم هەترەش چوو، بە چاوی خۆمان بینیمان.

من تەنیا، لە چاوی خۆمەوە ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە، سەیرکە ئێستا چۆن لە پەنا ئەو دیوارە بە میزەوە بێکەس بێکەس فڕێ دراوم. چۆن لە جیاتی شوفێرەکەم دەمم لێ ڕوواوە و گەردێک لەم نەهامەتییە گەورەیەتان بۆ دەگێڕمەوە.

شوفێرە بەستەزمانەکەم، وەک من یەکەم جاری بوو هاتبێتە ئەم ناوچە شاخاوییە، بەڵام ئەو هەرگیز وەک من بە سەرسامی تەماشای ئەملاو ئەولای نەدەکردو نەیدەتوانی لە پشت تاریکایی شەوەزەنگدا، شتێکی دیکە ببینێت. هەستم دەکرد کە ئەو دڵی لە ئەوە زۆر پڕترە، کە شتێکی دیکەی بەدەر لە رووی گرژو مۆنی ئەو زابتە سمێڵ خوارە ببینێت، کە ئەوی زۆر زاڵمانە دارکاری کرد بوو کاتێک گوتبووی: ناچم!

گەیشتینە گوندێکی قەد پاڵی چیا و وەستاین، خانووەکان لە بەرد دروست کرابوون و ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرا. ئێمە کە گەیشتین، گوندەکە و خەڵکەکەی لە شیرینی خەودا بوون. زابتە سمێڵ خوارەکە، سەربازو جاشەکانی دابەزاندن و بە توورەیی هاواری لەسەر کردن و گوندەکەی بە ئاگا هێنا.

"ئەو حەیوانانە لەبەر دەرگای مزگەوت کۆ بکەنەوە!" پێی گووتن.

من لە رووی شوفێرەکەم، ئازار و ئاهێکی سەیرم بەدی کرد، بەڵام هیچ پرسیارێکم نەکرد کاتێک خۆم بینیم سەرباز و جاشەکان وەک گورگی هار بەر بوونە گیانی ئەم چەند خانووەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران. من لە شوێنی خۆم دەلەرزیم و پێشبینی کارەساتێکم دەکرد، کە زووتر هات، کاتێک بینیم، ئەو دڕندانە حەیوان لەبەر دەرگای مزگەوت کۆ ناکەنەوە. بەڵکو ئەوانەی دەیانهێنان بریتی بوون لە :

مەلۆتکەی گرینۆکی ناو بێشکە.

منداڵی ساوای هەترەش چوو.

مێرد منداڵی زراو ڕژاو.

کچ و کوڕی هەرزەکاری چاو بە خەون.

کیژی پاکیزەی بەژن زراف.

کوڕی برۆ ڕەش و تووڕە.

ژنی ماندووی جل و بەرگ ڕەنگاوڕەنگ.

پیاوی دەرپێ سپی دڵ پڕ.

شوفێرەکەم، لە زمانی جاشەکان و ئەو خەڵکە دەگەیشت کە لە بەر دەرگای مزگەوتی گوند بە زۆر کۆکرابوونەوە، هەروەها ئەو زمانی سەربازەکانیشی دەزانی.

سەربازەکان، لەسەر فەرمانی زابتە سمێڵ خوارەکە لە دەورو پشتی خەڵکەکە ببوون بە بازنەیەکی گەورە. جاشەکانیش وەک سەگی هار، بۆ تاڵان کردنی خانووەکان ڕەوانە کرابوون، بەر لەوەی تەخت بکرێن. من بە بیستنی گریەی زارۆکان، بە بینینی فرمێسکی سەر گۆنای ئەو کیژە جوانانەی کە چاوانیان لە ژێر شەوقی چاوەکانی من دەبریسکانەوە، بە بۆنکردنی ئارەقەی سەر سنگی ئەو پیاوە دەرپێ سپییانەی کە بۆنی دوکەڵی ماڵ و ڕەز و باخە سووتاوەکانیان کاسی کردبوون، لە نێو شەوەزەنگی ئەو زوڵمە گەورەیەدا، دڵی ئاسنم کەمێکی مابوو ببێت بە ئاو. من تا ئێستاکەش هەر بیر دەکەمەوەو، بیر دەکەمەوە، هەرگیز ناتوانم باوەڕ بکەم کە چۆن سەربازو جاشەکان بە فەرمانی زابتە سمێڵ خوارەکە ئەو تاوانەیان ئەنجام دا. چۆن ئەو خەڵکە ڕەنگاوڕەنگەیان بە حەیوان ناوبرد و لە پشتە ملی منیان هەڵدان. دەزانی ئەم کردەوەیە، لە چاو تروکانێکدا ئەنجام درا. بە بڕوای من کەمتر بوو لە سەعاتێک. من بە دڵی ئاسنمەوە، کاتێک پشتمان لە گوندە سووتاوەکە کرد، هەر بیرم لە دڵڕەقیی سەرباز و جاشەکان دەکردەوە، دەمگووت ئەگەر ئەوانە یەک زەڕڕە سۆزیان هەبووایە، دەبوو بە هەزاران ساڵ دابنیشن و بیر بکەنەوە، بەر لەوەی تاوانێکی وا ئەنجام بدەن بەرامبەر ئەو خەڵکەی کە پێیەکانیان لەسەر پشتی من نەرم نەرم بوو، بەدەنیان گەلێک گەرمتر و بە سۆزتر لە هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر لە شانی من بار کرابوون. من ئەو ڕۆژە، نەمدەزانی بە سوارکردنی ئەو ئادەمییانە لە شانی ئاسنینی من، ئایا شەرەفێکی گەورەم پێدراوە، یان سەرشۆڕییەکی گەورە؟، بەڵام پاش ئەوەندە ساڵەو بیرکردنەوە لەم ڕۆژەی کە ناولەشی من کرابوو بە گۆمی خوێن و مەلۆتکە و ساواو منداڵ و گەنج و پیر تێیدا نوزە وناڵەیان دەهات، لە پڕ ڕۆژێکیان بە قسە هاتم، تەنها بۆ ئەوەی گەردێک لەو کارەساتە گەورەیەتان بۆ بگێڕمەوە. دەزانی من پاش ئەو هەموو قسەیە، هێشتا باوەڕ ناکەم کە چۆن ئەو مرۆڤەی کەوا خالقی منیشە، دەتوانێت بەم جۆرە دڕندەش بێت و تاوانی وا گەورە ئەنجام بدات.

بەر لەوەی بۆ یەکەم جار، ئەم هەموو خوێنە بەسەر پشتمەوە ببینم، بە هەمان ڕێگاوە لەگەڵ شوفێرەکەم دەگەڕاینەوە. من ئەمجارە هەستم دەکرد کەوا بارێکم لێ بارکراوە، کە لە هەموو ئەوانەی پێشووترم گەرمترو سەرسامترە. بۆیە منیش ئەوەندەی شوفێرەکەم پەست و نیگەران بووم. دوو سەعات بەسەر چوو، تا لە نێو شاخەکاندا دابەزین و کەوتینە سەر ئەو ڕێگا قیرتاوەی کە کاروان کاروان، لۆری وەک من پڕاو پڕ لە خەڵکی جل و بەرگ ڕەنگاوڕەنگ، بە دوای یەکتر ریز کرابوون، دەتگوت بۆ گەشتێک ئامادەکراوین کە دوورترین و ترسناکترینیانە.

من تەنیا دەمتوانی ناو دڵی شوفێرەکەی خۆم بخوێنمەوە، کە چەندە پەرێشان و دڵ سووتاو بوو بۆ ئەو هەموو خەڵکە، بەڵام نەمدەزانی لە نێو شوفێری هەموو لۆرییەکان، ئەوەی من لە هەموویان دڵ ناسکترو بە جەرگترە. بە تایبەتی کاتێک هەر شوفێرێک لۆرییەکەی خۆی لە پاڵ شۆفەلێک ڕادەگرت و بارەکەی خۆی بە تاڵ دەکرد و دەڕۆیشت، من لە چاوە ماندووەکانی شوفێرەکەی خۆم شتێکی دیکەم دەخوێندەوە، کە گەلێک جەسوورترو سەرفرازتر

بوو لە مل شۆڕی و بێ شەهامەتی ئەوان.

لە بیرمە، ئەو کاتەی گەیشتینە ئەو شوێنە، تازە خۆر بە ڕووی سوورەوە دەیەویست گەزییە خەنەییەکانی خۆی نیشان بدات. من لە ژێر ئەو گەزییە سوورانەی خۆرو لایتەکانی چاوم یەک دوو لە دەستە خوشکەکانی خۆمم ناسینەوە، ئەوانەی کە لە نێو گەمییەکەدا لەگەڵم دابوون، کە ئێمەیان هێنایە ئەو وڵاتە مەرگەساتە. من نەمتوانی قسە لەگەڵ هیچیان بکەم، چونکە شوفێرەکانی لەسەر ملی ئەوان دانیشتبوون زۆر موچ و مۆڕ دیاربوون و لە گەڕانەوەیان، زۆر بە خێرایی بە تەنیشت ئێمەوە ڕەت بوون. چاوم لێ بوو شوفێرەکەم بە دوای هەریەکەیان تفێکی ڕەوانە دەکردو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: هەی بێ شەرەفینە!

ئێمە دوا لۆری کاروانەکە بووین، بەڵام کە نۆرەمان هات دڵی من و شوفێرەکەم وەک ئاشێکی شکاو دەنگی دەهات. شوفێرەکەم هەزار جار لە خۆم پەرۆشتر دەبینی، کەچی تروسکاییەکم لە چاوانی دەبینی کە منی سەرسام دەکرد. ئێستاکەش پاش تێپەڕ بوونی بیست ساڵ بەسەر ئەو ساتە، من هەر کاتێک ئەو تروسکاییەی ناو چاوانی شوفێرەکەم بیر دەکەوێتەوە، حەز بە جووڵە دەکەم و دەمەوێت لە پاڵ ئەم دیوارە میز پێداکراوەدا هەڵبستمە سەرپێ و بڕۆم.

ئەو کاتەی ئەو تروسکاییەم لە ناو چاوانی شوفێرەکەم دەبینی، زابتە سمێڵ خوارەکە خۆی ئامادە دەکرد و بەرامبەر ئێمە دەهات، تا وەکو تاڵترین فەرمانمان پێ بدات. شوفێرەکەم زۆر بە وردی سەیری نزیک بوونەوەی زابتە سمێڵ خوارەکەی دەکرد. هەر کە نزیک بووەوە بەردەممان، شوفێرەکەم لە ناکاو منی ڕاتەکاند و بە خێرایی بەرەو پێشەوە چوو. من زابتە سمێڵ خوارەکەم لە ژێر پێیەکانی خۆم دیت و ئەوەندەی هێزم تێدا بوو سەری کەوتم و فلیقاندمەوە. من یەکەم جارم بوو کاری وا خوێناوی بکەم، بە درێژایی تەمەنم بنیادەمێکم ئازار نەدابوو، کەسێکم لە ژێر پێیەکانم پان نەکردبووەوە. کەچی بە فلیقاندنەوەی زابتە سمێڵ خوارەکە، هەستم بەسەر بەرزییەک دەکرد لە چاو دەستە خوشکەکانم. شوفێرەکەم هەر کە ئەو کارە مەردانەیەی بە من ئەنجام دا، یەکسەر بە خێرایی منی بەرەو پاش گەڕاندەوە و ڕێگا قیرتاوەکەی خستە بەردەمم بۆ هەڵاتن. هەردووکمان پێکەوە ئەوەندەی هێزمان تێدابوو ڕاماندەکرد و لە شوێنەکە دوور دەکەوتینەوە. بەڵام لە چوار دەورمان دەستڕێژ و گوللە باران بوو. لەگەڵ ئەوەشدا شوفێرەکەم دەستی لە سەر ملم بوو و هەر منی تەکان دەدا تا خێرا تر بڕۆم.

ئەفسووس، لەشی هەردووکمان ببوو بە بێژنگ و نەمانتوانی بستێک زیاتر ڕێ بکەین. کە هاتن یەکەم شت شوفێرەکەیان لە سەر ملم دابەزاند و برینەکانی ئەویان دایە بەر زەبری شەق و تفەنگەکانی دەستیان. پاشان چاوم لێ بوو کە چۆن وەک شتێکی هیچ خستیانە بەر نووکی شۆفەلێک تا بەرەو گۆڕە گەورەکە ڕایبماڵێت.

من لە پاڵ ئەو دیوارە میز پێداکراوەدا بە دڵی ئاسنمەوە، وا چاوەکانم پڕن لە روندک و ئەسرین، تکاتان لێ دەکەم بمبوورن، ئەگەر چیتر نەتوانم دیمەنەکانی تری ئەو گەشتە شوومەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە!

تکاتان لێ دەکەم بمبورن!



# کۆشك

**یاسین عومەر**

باوکم، بەر لەوەی لە ڕووداوێکی سەیرو ئاڵۆزدا بە دەستی نزیکترین هاوڕێی خۆی بکوژرێت، لە گۆشەیەکی چەپەکی باخە گەورەکەی ئەم کۆشکەدا ژوورێکی تایبەتی بۆ خۆی دروست کردبوو، ژوورەکە نە پەنجەرەی تیا بوو نە کلاوڕۆژنە، کەس بۆی نەبوو بەلای ئەو ژوورەدا بچێت، تەنانەت پاسەوانە تایبەتییەکەی خۆشی، من خۆشم دوای چەند ڕۆژێ لە کوشتنەکەی ئینجا پێم تێخست. باسی کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکە ناکەم، چونکە شتێکی ئەوتۆ لە کەلوپەلەکانی دیکەی ناو خودی کۆشك جیاواز نەبوون، تەنیا هێندە نەبێت کە بە دیوی ناوەوەی دەرگاکەیدا ڕۆژژمێرێکی هەڵواسیبوو و تەنها یەك بەرواری بە ڕەنگێکی سوور دیاری کرد بوو، هەروەها لە گۆشەی لای ڕاستی بەشی سەرەوەی ڕۆژژمێرەکەش هەر بە هەمان قەڵەمە سوورەکە بەروارێکی دیکەی بەساڵژمێری کۆچی نووسیبوو، کە بریتی بوو لە 27ی ڕەجەبی 1408ی کۆچی کە لەبەردەمیدا ڕۆژی چوارشەممەیشی تۆمار کردبوو. من هەر ئەو کاتە تێگەیشتم کە باوکم ئەو دوو بەروارەی هەر وا بە ڕەمەکی دیاری نەکردبوو. نهێنیی بەرواری یەکەم هەر زوو ئاشکرا بوو، کە ڕۆژی کوشتنەکەی باوکم خۆی بوو، هەر ئەمەش بوو وایکرد ترسو نیگەرانییەکی سەیر لە نهێنیی بەرواری دووەم ئارامم لەبەر هەڵبگرێتو هەمیشە وا هەست بکەم کارەساتێك بەڕێوەیە، کە هەڕەشە لە خۆشم و لە کۆشکیش دەکات.

نایەتە بیرم بۆ تەنیا جارێکیش باوکم بینیبێت بەرەو ژوورەکە چووبێت، تەنیا بەیانیان دەمبینی کاتێك کە لێی دەهاتە دەرێ، بۆیە گومانی ئەوە دەبەم کە باوکم شەوان کاتێك کە ئێمە دەنووستین کۆشکی بەجێدەهێشتو دەچوو لەوێ دەمایەوە، بەیانیانیش دەرگای ژوورەکەی پێوەدەداو پاشان دەهاتە باخەکەو بەدەم خەیاڵەوە تۆزێك بەناو درەختەکاندا پیاسەی دەکردو ئینجا کۆشکی بەجێدەهێشتو دەچوو بەلای کارەکانیەوە.

شەوێکیان، ئەو شەوەی بۆ بەیانییەکەی تیای کوژرا، دوای ئەوەی نوێژی خەوتنانی کردو پێش ئەوەی بچێت بنوێت، بە ئاسپایی لە دەرگای ژوورەکەمی دا، کە بینیی خەریکی کتێب خوێندنەوەم، زەردەخەنەیەکی پڕ لە سۆزی بۆ کردم و بەدەم سەر ڕاوەشاندنەوە دەرگاکەی داخستەوەو ڕۆشت. ئەوە دوایین دیمەنی باوکمە کە لە بیرەوەریمدا جێگیر بووەو تا دەشمرم لەبەر چاوما لاناچێت.

پاش کارەساتی کوشتنەکەی، زۆر کەس، بەتایبەتی شاگردو کرێکارو ئەو هەژارانەی کە هۆکاری زیندوومانەوەی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ بەزەیی و بەخشندەیی باوکم، کە نانی هەموویانی دەدا، کەوتنە گێڕانەوە و دروستکردنی چەندان ئەفسانەو حیکایەت و ڕووداوی سەیرو سەمەرەی وا، کە من خۆم هیچ کامیانم لە باوکم نەدیبوو. یەکێ لە کارگوزارەکانی باوکم کە شەو نا شەوێك تا دەمەوبەیان نوێژی دەکرد، بۆی گێڕامەوە، کە لە خەودا بە چاوی خۆی مەنزڵی باوکمی لە بەهەشتدا دیوەو باوکیشم بۆی پێکەنیوە. یەکێکی تریان شتی لەمە سەیرتریشی دەگێڕایەوەو دەیوت کە گوایە باوکم لەم دنیاش ئەوەندە زاهیدو خواپەرست بووە هەمیشەو بە بەردەوامی بەڕۆژوو بووە و نانی هەژارانی داوەو تۆڵەی کەسانی هەژارو بێدەرەتانی لەوانە سەندۆتەوە کە نالەبار بوونو کاری خراپەیان ئەنجامداوە.

ئەم کۆشکە دوو دەرگای هەیە، یەکێك بۆ هاتنەژوورەوە، ئەوی تر بۆ چوونەدەرەوە، ئەوەی ئەم کۆشکە لە کۆشکەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەو ڕەسمەیە کە تیایدا پەیڕەو دەکرێت، جگە لە خۆمانو کارگوزاری تایبەت بە کرینی پێداویستییەکانی ناو کۆشك، هەر کەسێك دێتە ناوی بەتایبەتی ئەگەر یەکەمجاری بێت، دەبێت بەباشی بپشکنرێتو هەرچییەکی پێبێت لێی دەسەنرێت، لەبەردەم دەرگای چوونەدەرەوەشدا پاسەوانێکی دیکەی لێیە، هێندە لە پاسەوانەکەی دیکە دەچێت، پێدەچێت ئاوەڵدوانەی بێت، ئەمیش هەر کەسێك بڕوات هەرچییەکی پێبێت لێی دەسەنێت، ئینجا ڕێگەی چوونەدەرەوەی دەدات. ئەم ڕەسمە هێشتا ماوەو ئێستاش وەك ئەوسا لە ناو کۆشکدا پەیڕەو دەکرێت.

بەیانییەکیان زوو کە هێشتا هیچ کەسێکی ناو کۆشك بەخەبەر نەهاتبوون، ئەو پیاوەی کە لە هەمووان زیاتر عاجباتییەکانی باوکمی دەگێڕایەوەو جارجارێکیش بەدەم قسەکردنەوە جەزبە دەیگرتو لەخۆیەوە پێدەکەنی و دیسان بە قووڵایی بیرکردنەوەدا ڕۆدەچوو، لەبەردەم دەرگای چوونەدەرەوەدا بە کۆمەڵێك شتی سەیرو سەمەرەوە گیرا، کە ویستبووی بەدزییەوە بیانباتە دەرەوەی کۆشك، بۆیە پاسەوانە تایبەتییەکەم بە ئاسپایی خەبەری کردمەوەو بە دوو سێ وشە هەواڵی ئەو ڕووداوە لەناکاوەی پێ ڕاگەیاندم. من کە ئەوە یەکەمجارم بوو داوەریکردنی کەسێکی یاساشکێنم درابووە دەست، سەرپشك کرابووم لە پەڕاندنی ملی پیاوێك، کە بەپێی عورفە کۆمەڵایەتییەکە ناپاکیی لە کۆشك کردبوو، دۆشدامابووم نەمدەزانی چی بکەم، لێی ببوورمو جارێکی تر هەلی ژیانێکی ئابرووومەندانەی پێ بدەمەوە، یاخود بە ئاماژەیەك بە پاسەوانەکەم بڵێم بیبات توندترین سزای بدات؟. کابرا، کە دەبوایە لە ترسا گلێنەی چاوەکانی دووبەرابەر گەورە ببووایەو هەڵلەرزیایە ڕاستەوخۆ چاوی بڕیبووە چاومو متەقی لەخۆی بڕیبوو، هەستم کرد کە دەیەوێت بە تەماشاکردنەکەی پێم بڵێت نهێنییەك لە پشت ئەم ڕووداوەوەیە، کە دەهێنێت پیاو گیانی خۆشی لەپێناودا بکاتە قوربانی، یان دەیویست پێم بڵێت تۆ زۆر لەوە کاڵفامتریت کە لە نهێنیی ئەم ڕووداوە تێبگەیت.

فەرمانم بە پاسەوانەکەم دا تورەکەکە هەڵڕێژێت، ئا لەو کاتەدا کابرا دەمی هەڵهێناو بەدەم پاڕانەوەوە وتی: تکایە هەڵیان مەڕێژن، من خۆم بە دەستی خۆم یەك یەك هەموویان دەردەهێنم. یەکەم شت کە لە تورەکەکە دەریهێنا بەلورەیەکی خڕ بوو، کە دەستبەجێ ژوورەکەی کردە چراخان، پاشان ئەنگوستیلەیەکی گەورەی زیو بوو، تەلیسمێکی لەسەر نووسرابوو کە ئیمام سەید ئەحمەدی بوننی لە کتێبی ((شمس المعارف و اللطائف العوارف)) باسی کاریگەریو گەورەییەکەی کردووە، دوای ئەویش پێستی خۆشکراوی ئاسکێکی دەرهێنا، کە بە تێکەڵەی مسكو زەعفەران ئایەتی (وکشفنا عنك غطائك فبصرك یوم الحدید)ی لەسەر نووسرابوو، ئینجا خەنجەرێکی دەبان کە دەمەکەی ئەوەندە تیژ و بە بریسکە بوو، ئاوی چاوی دەبرد. دوایین شتیش کتێبێکی گەورە بوو. دانەویمەوەو دەستم برد کتێبەکەم هەڵگرت، پێدەچوو ناوەکەشی هەر (کتێب) بێت. ناوی نووسەری لەسەر نەبوو، لە لاپەڕەی یەکەمیداو لەژێر ناونیشانی وتەی نووسەردا بە خەتێکی نوسخی جوان ڕستەیەك بە عەرەبی نووسرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پیتەکان خاڵو سەرو

بۆریان بۆ نەکرابوو، هیچی لێ تێنەگەیشتم، لە بنی ئەم ڕستەیەشدا (حاجب)ێك نووسرابوو، کە نە ناو نە لەقەبی لەسەر نەنووسرابوو، بەڵام مێژوویەك کە بە ساڵژمێری کۆچیو زایینییش نووسرابوو، کاتی نووسینی ڕستەکەی دیاری کردبوو. هەندێك کتێبەکەم ئەمدیو و ئەودیو کردو پاشان دامنایەوە، ئینجا بەلورەکەم هەڵگرتو هەندێك سەیری ناوەوەیم کردو ئەویشم لەسەر کتێبەکە دانا، پاشان پێستە ئاسکەکەم لە لوتم نزیککردەوە، بۆنێکی خۆشی لێدەهات، دواین شت کە گرتمە دەستمەوە، خەنجەرو ئەنگوستیلەکە بوو. ویستم ئەنگوستیلەکە بکەمە پەنجەم، هێشتا تەواو نەمکردبووە پەنجەم کابرا هاوارێکی لێ بەرزبۆوەو بەدەم وێردخوێندنەوە فویەکی لە چواردەوری خۆی کردو سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. ئەوەندە سەری بەرزڕاگرتبوو دەتگوت فرمێسك زۆری بۆ هێناوەو دەیەوێت لەبەردەمی مندا نەڕژێنە خوارێ، شتەکانم دانایە سەر زەوی‌و ویستم هێمنی بکەمەوە تا بەڵکو نهێنیی هەر یەك لەو شتە عاجباتیانەم پێ بڵێت، بۆ ئەمەش پێموت خاترجەم بێت نایکوژم، بەڵام ئەو وەك ئەوەی گوێی لە قسەکەم نەبووبێت، سەیرێکی ناو لەپی دەستی خۆی کردو هیچی نەوت. ویستم بە زەردەخەنەیەك ئارامی بکەمەوەو سەرنجی بۆ لای خۆم ڕابکێشم، بۆیە پاسەوانەکەم ئیزن داو بڕیارەکەمم بۆ دووبارەکردەوە دیسان بێسود بوو. یەخەی سەڵتەکەی بەریم گرتو بە مۆڕێکەوە سەیری ناوی چاویم کرد، بەڵام ئەو دەتوت هەر لەم دنیایەشدا نییە، هەستم کرد باکی بە مردن نییە، بۆیە بە ناچاری کەوتمە تکاو پاڕانەوە تا نهێنیی بەکارهێنانی عاجباتیەکانم پێ بڵێت، زۆر تیای پاڕامەوە، تا من نەرمتر دەبووم ئەو سوورتر دەبوو لەسەر کەللەڕەقییەکەی خۆی. کە ئیتر تەواو لێی بێ هیوا بووم، بانگی پاسەوانە تایبەتییەکەی خۆمم کردەوە تا بێت هەر لەبەردەمی خۆمدا بیکوژێت، ئەویش دەنگی نەبوو، چوومە ڕاڕەوەکەو بە دەنگی بەرز بانگم لێکرد، دیسان وەڵام نەبوو. بە هەنگاوی گەورە گەورە هەموو ئەو ژوورانە گەڕام کە دەکەوتنە سەر ڕاڕەوەکە، بەڵام چۆڵو هۆڵ کەسیان لێ نەبوو، گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم تا هەوڵێکی تر لەگەڵ کابرا بدەمەوە، هێشتا لە ناو ڕاڕەوەکەدا بووم کە ختوورەیەك بە دڵمدا هات، بۆیە بە پەلە خۆم کردەوە بە ژوورەکەی خۆمدا، بەڵام نە کابراو نە شتە عاجباتییەکانیش هیچیان لەوێ نەمابوون، بیرم بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە لە پەنجەرەکەوە بەخۆی و شتە عاجباتییەکانەوە هەڵاتبێت، بۆیە بەرەو پەنجەرەکە چووم، بەڵام کە بینیم پەنجەرەکە لە دیوی ناوەوە داخراوە، ئیتر هیچ ئومێدێکم نەما. هەستم بە تەنهاییەکی کوشندە کرد، لەترسا دەلەرزیم، نەمدەزانی چی بکەم، گەڕامەوە بۆ سەر پێخەفەکەم و ویستم بە داپۆشینی سەرم ترسەکەم بڕەوێنمەوەو هەندێك ئارام ببمەوە، بەڵام من ئیتر تەواو خۆم دابووە دەستی ترسەکەمەوەو هیچ شتێك هێمنی نەدەکردمەوە. ماوەیەك بەم حاڵەو بێ ئەوەی خەوم لێ بکەوێت لە ناو جێگاکەمدا مامەوە. بەرلەوەی بە تەواوی دنیا ڕووناك ببێتەوە شتێك بە مێشکمدا هات، بەدەم لەبەرکردنی قۆڵی کراسەکەمەوە بەرەو ئەو ژوورە چووم کە باوکم لە دواین ڕۆژەکانی تەمەنیدا دروستی کرد بوو، ترسێك هەواڵی شتێکی چاوەڕوان نەکراوی پێ ڕادەگەیاندم. بە ناو حەوشەکەدا ڕەتبووم‌و کێلونی دەرگاکەم سوڕاندو درزێکم کردە دەرگاکەوە، هێشتا بە تەواوی دەرگاکەم نەخستبووە سەر گازی پشت، کە دیمەنی سەیری ناوەوەی ژوورەکە کە دواین جار بوو دەمبینی حەپەساندمی، دیمەن‌و کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکە هەموو گۆڕابوون، تەنها شتێك کە وەك خۆی مابووەوە ڕۆژژمێرەکە بوو کە بە پشتی ناوەوەی دەرگاکەدا هەڵواسرابوو، ئەو کارەساتەی کە دەمێك بوو دەترسام ڕووبدات ڕوویدا... بەڵێ دووەمین بەروار کە باوکم لەسەر ڕۆژژمێرەکە دەستنیشانی کردبوو، هەمان ئەو بەروارە بوو کە لە ژێر ڕستەی بەرایی کتێبە سەیرەکەدا نووسرابوو.



**پاتریك زۆسكیند**

# ململانێ

**پاتریك زۆسكیند**

**و: شیرین. ك**

ئێوارەی یەكێك لە ڕۆژەكانی ئاب، دوای ئەوەی زۆربەی خەڵك باخچەكەیان جێهێشت، دوو پیاو لەسەر تەختە شەترەنجێك لە چادرەكانی گۆشەی باكووری ڕۆژئاوای باخچەی لۆكسمبۆرگدا ڕووبەڕووی یەكتر دەبنەوەو جەماوەرێكیش كە لە دە كەس زیاتر دەبن، زۆر بەبایەخەوە چاودێرییان دەكەن، بەجۆرێك نایەت بەخەیاڵی هیچ كامێكیاندا دیمەنەكە جێبهێڵن، پێش ئەوەی ئەنجامی ململانێكە دەرنەكەوێت، هەرچەندە كاتی خواردنی موقەبیلات نزیك بووبۆوە.

هەموو بایەخێكی ئەو جەماوەرە كەمە، لەسەر ئەو ڕكابەرە چڕبۆتەوە، كە لاوێكی قژ ڕەشی ڕەنگ پەڕیوەو جووتێ چاوی تۆخ و هەڵاوساوی هەیە، ئەدگارەكانی بێجووڵەن، ورتەی لەدەم نایەتە دەرێ، لەوە زیاتر كە جاربەجار جگەرەیەك لەنێوان پەنجەكانیدا دەخوولێنێتەوە، ئەو لاوە بەرجەستەكاری هەڕەتی لاوێتی و خەمساردییە، كەس نایناسێت، كەسیش پێشتر نەیدیووە یاری بكات، بەڵام سەرنجراكێشییە بەهێزەكەی، لە یەكەم چركەوە دەركەوت، كە لەبەردەم تەختەی شەترەنجەكەدا دانیشت تا پارچەكان ڕێكبخات، بەجۆرێك هەركەسێك بیبینییایە، دڵنیا دەبوو لەوەی كەسێتییەكی ناوازە دەبینێ، كە بەهرەیەكی باڵاو بلیمەتی هەیە، ڕەنگە دیمەنە سەرنجراكێش و لەهەمان كاتدا خۆبەشتزانی لاوەكە، وایكردبێ، یان بەرگە كەشخەو لەشولارە ڕێكەكەی یان لەبەر ئەو هێمنی و باوەڕ بەخۆبوونەی كە بەئەدگارەكانیەوە دیارە، خۆ ڕەنگیشە ئەو خەرمانەی نامۆیی و تایبەتمەندییە بێت، كە لێی ئەدرەوشایەوە، بەهەرحاڵ، جەماوەرەكە بەتەواوی متمانەی پێكرد، تەنانەت پێش ئەوەی یەكەم سەرباز بجووڵێنێ، لاوەكە یاریزانێكی پلە یەكی شەترەنجە، پەرجوویەك ئەنجامدەدا كە هەموویان بەدزییەوە خوازیاری ڕوودانی بوون، واتە زاڵبوون بەسەر پاڵەوانی ناوچەیی شەترەنجدا، ئەو پیاوە گرگنە ناشرینە كە تەمەنی نزیكەی حەفتا ساڵ دەبێت و بەتەواوی لە هەموو لایەنێكەوە پێچەوانەی ڕكابەرەكەیەتی، دەستێك جلی خانەنشینە فەڕەنسییەكانی لەبەردایە، ئەوەی پانتۆڵەكەی شینەو هێلەگەكەی

خورییەو بەپاشماوەی خواردن پیس بووە، لەسەر دەستە لەرزۆکەکانی نیشانەی پیریّتی دیارە، مووی کەمە، لووتی سوور هەڵگەڕاوەو دەمارەکانی دەموچاوی مۆرن، هیچ خەرمانەیەکی لەدەور نییەو سەرەڕای ئەوەش ریشی هێشتۆتەوە، بەعەسەبیەتەوە قنگە جگەرەکەی تف دەکاتەوە، لەسەر کورسیی باخچەکە خۆی ناگرێ، بێووچان سەری دەلەقێنێ و تێدەفکرێ، ئەوانەی بەپێوە وەستاون باش دەیناسن، هەموویان لە دژی یارییان کردووەو دۆڕاویشن، هەرچەندە یاریزانی بلیمەتی شەترەنج نییە، بەڵام سیفەتێکی هەیە کە ئەعسابی دوژمنەکانی شەکەت دەکات، ڕقیان هەڵدەستێنێ، قینیان دادەهێنێ، هەرگیز هەڵە ناکات، بەهیچ جۆرێکیش لە بچووکترین هەڵەی ئەوانیدی خۆش نابێت، بۆ ئەوەی یەکێك بەسەریا زاڵ بێت، دەبێت لەو باشتر یاری بکات، ئەمڕۆ ئەمە بەتەواوی ڕوودەدا، جەماوەرەکە وا هەستدەکات، چونکە ئەمڕۆ پاڵەوانێکیان بینی کە تەرزێکی نوێیە، ئەو پیرە پاڵەوانە لەخاچدەدا، کێ وتی لەخاچی دەدا؟ شایەد لەتوپەتی دەکات، هەنگاو دوای هەنگاو لەناوی دەبات، تۆزی بەبا دەکات، دواجار تاڵاوی شکسی پێ تامدەکات، تۆڵەی شکستی گەلێك کەسی لێدەکاتەوە.

لەگەڵ یەکەم گوێزانەوەکاندا هاواریاندەکرد (جان وریا بە وریا، مەرگ هات ئەی نوێژ نەکەر، لێی نابەیتەوە جان، ئاگادار بە ئەمڕۆ واترلۆیەکی نوێ ڕوودەدا) پیرەمێردەکەش وەڵامیدەدانەوە (ئێ، ئێ، باشە)، سەری دەلەقاندو سەربازە سپییەکەی بەدەستێکی لەرزۆکەوە دەجولاند.. بێدەنگییەك ئەو ناوە دەتەنێ، کە نۆبەی کورە نامۆکە دێ تا پارچە ڕەشەکان بجوولێنێ، کەس ناوێرێ قسەیەکی ئاراستە بکات، هەموو بەوریاییەکی پڕ شکۆوە چاودێریی دەکەن، ئەویش بەبێدەنگی بەلای تەختەی شەترەنجەکەوە دانیشتووە، نیگا تێڕاماوەکانی لەسەر پارچەکان لانادا، جگەرە دانەگیرساوەکەی لەنێو پەنجەکانیدا دەخولێنێتەوەو کە نۆبەی دێ بەجووڵەی پڕ متمانەو خێراوە یاری دەکات.

جووڵەکانی سەرەتا ڕێوشوێنی ئاسایی خۆی گرتەبەر، ئینجا دووجار پارچە شەترەنجەکان ئاڵوگۆڕ کران، جاری دووەمیان بەوە کۆتاییهات کە دوو سەربازی ڕەش لەسەر یەك هێڵ وەستێنران، کە ئەمەش بەهەنگاوێکی سەرکەوتوو دانانرێت، بەڵام لاوە نامۆکە بەوشیاریی تەواوەوە، ئەو هەنگاوەی ناو سووریش بوو لەسەری بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ مەلیك خۆش بکات، هەر بۆ هەمان مەبەست دەبێت قوربانیی دواتر سەربازەکە بێت، کە ئەمەش جۆرێك لەجۆرەکانی قوربانیدانی تاکتیکییەو سپیەکەش بەدوودڵی و ترسەوە ئەمەی وەرگرت، بینەران نیگای پڕ مانا دەگۆڕنەوە، بە سەرسوڕماوی ئاماژە دەکەن، بەواق وڕماوی تەماشای نامۆکە دەکەن، ئەویش بۆ چرکەیەك لە خولاندنەوەی جگەرەکەی دەکەوێ لەنێوان پەنجەکانیدا، دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ پێشەوە درێژی دەکات، خۆ هەر بەڕاستی مەلیکە دەجولێنێ! بۆ دوور دەیبانت بەرەو لای هێڵەکانی دوژمن، بەیەکجار گۆڕەپانی جەنگ دەکات بەدوو بەشەوە، جەماوەر بەکۆکە کۆك ڕەزامەندیی خۆیان نیشان دەدەن، ئای لەو جووڵە بێخەوشە، ئای لەو دەرچوونە جوانە، بێگومان هەموویان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە مەلیکە بجوولێنێ، بەڵام بیباتە ناوجەرگەی دوژمن؟! هیچ یەکێك لە بینەران زاتی ئەوەی نەدەکرد جووڵەی وا بکات، هەرچەندە ئەوان کەسانێکی شارەزاش بوون، بەڵام مامۆستا ڕاستەقینەکان وان، مامۆستای ڕاستەقینە بنەماکانی یاری دەزانێ، سەرکێشی دەکات، بەتووندی بڕیار دەدات بەچەند پلەیەك لەسەروو یاریزانی ئاساییەوە دەبێت، لەبەر ئەوە مەرج نییە یاریزانی ئاسایی لە هەموو جووڵەیەك لەجووڵەکانی مامۆستا تێبگات، هەرواش بوو، هیچ کەسێك لەوە نەگەیشت مەلیکە لەوێدا چی دەکات، لەوێدا هەڕەشە لە هیچ پارچەیەکی چالاك ناکات، بەڵکو ئەوانە چەند سەربازێکن کە ئەوانیش پارێزراون، بەڵام مەبەست و مانای ڕاستەقینەی ئەو جووڵەیە هەر ئێستا ئاشکرا دەبێت، بێگومان مامۆستا پلانێکی هەیە، ئەمەش لە ئەدگارە ڕەق و تەقەکانی ڕووخساری و لە دەستە هێمن و تووندو تۆڵەکەیدا دەردەکەوێ، بۆ دوا بینەر ئاشکرا بوو کەوا ئەوەی لەبەردەم پارچە تەختەی شەترەنجەکەدا دانیشتووە بلیمەتێکە وێنەی نییە، جان-ی پیرە پاڵەوانیش هیچ چارەیەکی بۆ نەماوەتەوە ئەوە نەبێت پێی خۆش بن و بەزەییشیان پیا بێتەوە، هیچیشی بەدەستەوە نییە بەرگریی لەخۆی پێبکات، لەئاست ئەم جووڵە تێکشکێنەرەدا هەمووش دەیناسن، دەزانن ئێستا گەمەی هەنگاو بەهەنگاوی وەرسکەر دەکات، هەوڵدەدا لەم ڕیسواییە هەڵبێت، بەگەمەی هەنگاو بەهەنگاوی وریاو درێژکراوەو دوای دوودڵی و هاوسەنگیکردنێکی دوورو درێژ، جان گورزی خۆی دەوەشێنێ و هێرش دەکاتە سەر سەربازێکی خوێری لەسەر $H4$ کە پشتوپەنای خۆی لەدەستداوە بەهۆی جووڵەی مەلیکەوە، لەبری ئەوەی بەوەڵامێکی فراوان وەڵامی جووڵە فراوانەکە بداتەوە.

بەڵام لاوەکە، گوێ بەلەدەستدانی سەربازەکە نادات، یەك چرکە دوودڵ نابێت، مەلیکە دەگوێزێتەوە بۆ لای ڕاست و هێرش دەکاتەوە سەر ناوجەرگەی دوژمن و دەیخاتە خانەکەیەوە کە لەیەك کاتدا هەڕەشە لە دوو ئەفسەر و ئەسپێك و قەڵایەك دەکات، لەوەش زیاتر دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر هێڵی مەلیك، سەرسامبوون لە چاوی بینەراندا دەدرەوشێتەوە،

دەست بەورتە ورت دەكەن، چ جنۆكەیەكە ئەو رەشە! چ ئازایەكە (پسپۆرە، مامۆستایەكی گەورەیە، ساراسات-ی شەترەنجە) بەبێئارامییەوە چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی جان دەكەن، دەیانەوێ بزانن هەنگاوی دواتری رەشەكە چییە؟

جان دوودڵە، بیردەكاتەوە، دەتلێتەوە، خۆی لەسەر كورسییەكە ناگرێ، سەری دەلەرزێنێ، دیمەنی بەزەییهێنە، دەی جان، دەی یاری بكە، رێرەوی ئەو رووداوانە دوامەخە كە ناتوانی لێی راكەی. دواجار جان یاری دەكات، دواجار بەدەستێكی لەرزۆكەوە ئەسپەكە دەخاتە خانەیەكەوە كە نەك هەر لەدەست هەرەشەی مەلیكە رزگاری دەبێ، بەڵكو لەیەك كاتدا هەرەشەشی لێدەكات و قەڵاكەش دەپارێزێ، ئاخۆ لەو بارودۆخە سەختەدا هیچی تری لەدەستدێ بیكات؟

بەڵام ئێمە هەموومان، ئێمەی كە بەپێوە وەستاوین، هەمان جووڵەمان كردو دەمانچرپاند (بەڵام ئەم جووڵەیە رزگاری ناكات، بێگومان رەشەكە حیسابی خۆی كردووە) هەر ئەوەندەی جان ئەسپەكەی دادەنێ، دەستی لاوەكە بەسەر تەختەكەدا وەكو هەڵۆ درێژ دەبێ و مەلیكە هەڵدەگرێ و دەیگوازێتەوە...نا، ئەو لەترساندا پاشەكشە ناكات، وەكو ئەوەی ئێمە دەمانكرد، بەڵكو یەك خانە بەرەو راست دەیگوازێتەوە ، مەحاڵە! پیاوەكان لەتاو سەرسامبوون دەبن بەبەرد، هیچ كەسێك لە سوودی ئەم گواستنەوەیە تێنەگەیشت كە بەهۆیەوە مەلیكە كەوتە سەر كەناری گۆرەپانەكە، بەجۆرێك نە هەرەشە لە هیچ دەكات و نە هیچیش دەپارێزێ، بەتەنیاو بێسوود وەستاوە، بەڵام لەو شوێنەیدا جوانە، جوانییەكەی دڵرفێنە، پێشتر هیچ مەلیكەیەك پێگەیەكی وا جوانی نەگرتووە، تەنیایە، لە ناوەندی هێڵەكانی دوژمندا شانازی بەخۆیەوە دەكات، هەروەها جانیش لەمەبەستی ئەم جووڵەیەی دوژمنە ترسناكەكەی تێناگات و نازانێ دەیەوێ بەرەو چ تەڵەیەك رایكێشێ، دوای تێرامانێكی دوورودرێژو بەئازاری ویژدانەوە بڕیار دەدات سەربازێكی نەپارێزراو بخوا، بەمەش بەسەر رەشەكەدا سەركەوتوو دەبێت، هەروەها جەماوەر سێ سەربازی تری ژمارد، بەڵام سێ سەرباز نرخی چییە؟ سەركەوتن بەپێی خاڵ، چ سوودێكی هەیە لەگەڵ دوژمنێكدا كە ستراتیژیانە بیر بكاتەوە، دوژمنێك گوێ بەپارچە نادات، بەڵكو بایەخ بەپێگە دەدات، بەبەرەوپێشەوەچوونی یارییەكەو بەگورزی كتوپڕی كەمەرشكێن، گورزی خێرا بەقەد خێرایی هەورە بروسكە؟ جان خوا رەحمت پێبكات، لە جووڵەی داهاتوودا كە مەلیكەكەت دەكەوێ بۆ خۆت سەربازەكانت كۆبكەرەوە.

نۆبەی رەشەكە هات، ئەو نامۆیە، بەهێمنی دانیشتووە جگەرەكەی لەنێوان پەنجەكانیدا دەخولێنێتەوە، ئێستا دوورودرێژتر بیر دەكاتەوە وەك لەوسا، رەنگە دەقیقە یان دوو دەقیقەیەك، بێدەنگیی رەها باڵی كێشاوە بەسەر كەشەكەدا، هیچ یەكێك لە وەستاوەكان ناوێرن بشچرپێنن، بەحاڵ یەكێك سەیرێكی تەختە شەترەنجەكە دەكات، هەمووان بەنائارامییەوە چاویان بڕیوەتە لاوەكە، لە دەستەكانی و رووخسارە رەنگپەڕیوەكەی دەڕوانن، ئاخۆ سێبەری زەردەخەنەیەك لەسەر گۆشەیەكی لێوی دەرناكەوێ؟ ئاخۆ بەحاڵ پەرەی لووتی فش ناكات، وەكو عادەتەن لەكاتی وەرگرتنی بڕیاری مەزندا روودەدا؟ ئاخۆ جووڵەی دواتری چی بێت؟ ئەو گورزە كەمەرشكێنە چییە كەوا مامۆستا خۆی بۆ ئامادە دەكات؟ جگەرەكە لە خولانەوە دەكەوێ، نامۆكە خۆی ئەنوشتێنێتەوە، دەیان چاو بەدوای دەستیەوەن، جووڵەكەی چییە، جووڵەی دوای ئەمەی چی دەبێت؟ سەربازێك لە G7 هەڵدەگرێ، كێ شتی وا دەهات بەخەیاڵیدا سەربازێك لەG7، لە G7 بۆ G6..

چركەیەك لە بێدەنگی رەها بەدوای جووڵەكەدا دێ، تەنانەت پیرە جان-یش بۆ چركەیەك لە لەرزین و خۆراژەندن دەكەوێ. ئینجا خەریكە جەماوەر بكەونە چەپڵەلێدان، تەماشاكەران هەناسەی بەندكراویان دەدەنەوە، هەریەكەیان سیخورمە لەوەی تەنیشتی دەدا، ئەوەتان بینی؟ كوری شارە بەراستی! ئا ئەوەیە یاریی راستەقینە! مەلیكە لە شوێنی شاهانەی خۆیدا دەهێڵێتەوەو سەربازەكە دەباتە G6! بەم هەنگاوە G7 لەبەردەم فیلەكەیدا دەكاتەوە، بێگومان وا دەكات لەجووڵەی داهاتوودا كش مەلیك بكات، ئینجا.. ئینجا.. چی؟ بەدڵنیاییەوەو بێگومان لە نزیكترین فرسەتدا جان لەناودەبات.. لەسەداسەد وادەبێت، سەیری كەن چۆن لە ئێستاوە بەگرژی بیر دەكاتەوە.

بەراستی جان بیر دەكاتەوە، زۆر بیر دەكاتەوە، پیاوەكە بەرەو بێئومێدی دەبیات، هەندێجار دەستە لەرزۆكەكەی درێژ دەكات ئینجا رایدەكێشێتەوە، بەسە جان، داشەكەو بگوێزەرەوە بەسە! ئەمانەوێ مامۆستا ببینین.

دواجار، دوای پێنج دەقیقەی دوورودرێژ، دوای ئەوەی پێیەكان دران بەزەویدا وەكو نارەزایی دەربڕینێك، جان زاتی جووڵەیەك دەكات، هێرش بۆ مەلیكە دەبات، بەسەربازێك هێرش دەكاتە سەر مەلیكە رەشەكە، دەیەوێ بەم هەنگاوە لەدەست چارەنووسی براوەی هەڵبێت، ئەو هەنگاوەی كۆتاییەكەی دوور دەخاتەوە. یاریی منداڵانە! پێویستە لەسەر رەشەكە مەلیكەكەی دوو هەنگاو بباتە دواوەو گرفتەكە چارەسەر دەبێت، كۆتاییت هات جان، چیتر توانای بیركردنەوەت نەماوە، ئەمە كۆتاییتە.

ڕەشەکە دەست درێژ دەکات، ئەها جان خۆ بینیت ڕەشەکە پێویستی بەبیرکردنەوەی زۆر نییە، ئێستا کۆتایی یەکلاکەرەوە هات، ڕەشەکە دەست درێژ دەکات بۆ.. لێرەدا دڵی هەمووان بۆ چرکەیەك لەلێدان دەکەوێت، ڕەشەکە بەپێچەوانەی هەموو عەقڵێکی ئاشکراوە، دەست نابات مەلیکە بفڕێنێ و لە هەڕەشەی سەربازەکە ڕزگاری بکات، بەڵکو پلانەکەی پێشووی جێبەجێ دەکات و فیلەکە دەخاتە سەر G7.

بەحەپەساوی تەماشای دەکەن، نیو هەنگاو دەچنە دواوە هەروەکو ئەوەی لەترسا بڕۆنە دواوەو بەحەپەساوی تەماشای دەکەن، خۆ مەلیکەکەی دەکات قوربانی و فیلەکە دەخاتە سەر G7، بەهەموو هۆشیارییەکیشەوە ئەمە دەکات بەبێ ئەوەی ماسولکەیەك لە ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ بێت. بەهێمنی وەکو سەرکەوتوو دانیشتووە، ڕەنگ پەڕیو چاو ئاوساوو جوان. لێرەدا فرمێسك دەزێتە چاویان و دڵیان ناسکدەبێتەوە، ئەو وەکو ئەوەی ئەمان حەز دەکەن و قەت ناوێرن یاری دەکات، ئەوان تێناگەن بۆچی ئاوا یاری دەکات، کەچی گوێش بەهۆکارەکەی نادەن، ڕەنگە وا هەستبکەن کە ڕەشەکە خۆکوژییانە یاری دەکات، سەرەڕای ئەوە حەز دەکەن وەکو ئەو یاری بکەن، مەزن، دڵنیا لەسەرکەوتن، هەروەکو ناپلیۆن نەك وەکو جان، کە لە یارییە ترسنۆکە ڕاراکەی تێدەگەن لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەپێچەوانەی ئەوەوە یاری ناکەن، بەڵام وەکو جان باش یاری ناکەن، یاری جان عاقڵانەیە، یارییەکەی بەپێی سیستەم و بنەماکانەو تاقەت پڕوکێنە، بەڵام ڕەشەکە بەپێچەوانەی ئەوەوە لەهەر گوێزانەوەیەکدا پەرجوویەك دەنوێنێ، قوربانی بەمەلیکە دەدا بۆ ئەوەی فیلێك لەسەر G7 دابنێ، کێ پێش ئەمڕۆ شتی وای دیوە؟ ئەوان وەستاون و ئەو سەروەرییە کاری لێکردوون، با لە ئێستاوە چۆنی دەوێ وا یاری بکات، ئەوان چاودێریی یارییەکە دەکەن، هەنگاو هەنگاو تا کۆتایی، با پرشنگدار یا تاڵاو بێ با وابێت، ئەو ئێستا پاڵەوانی ئەوانەو خۆشیان دەوێ.

تەنانەت جان-ی دوژمن، یاریزانی عەقڵانی، دوودڵە کاتێ بەدەستێکی لەرزۆکەوە بەسەربازێك لە مەلیکەی دا، هەروەکو ئەوەی لەو پاڵەوانە هەڵکەوتووە بترسێ و بەدەنگێکی نزم داوای لێبوردن بکات و تکا بکات کەوا ناچار نەکرێت ئەو تاوانە بکات (ئەگەر ڕێم پێبدەن.. مسیۆ.. دەبینم من ناچارم.. ناچارم..) بەتکاوە سەیری ڕکابەرەکەی دەکات، کە وەکو پەیکەر دانیشتووەو هیچ ناڵێت، پیرەمێردەکە بەکەساسی و تێکشکاوی گورزی خۆی دەوەشێنێ.

لە چرکەی دوای ئەوە فیلە ڕەشەکە کش مەلیك دەکات، کش مەلیك لە مەلیکی سپی دەکات، جەماوەرەکە زیاتر دەوروژێن و شەیدا دەبن. هەمووان لەدەستدانی مەلیکەیان لەبیر دەچێتەوەو هەموو وەکو یەك پیاو لەپشت ڕکابەرە لاوەکەو فیلەکەیەوە دەوەستن. کش مەلیك، ئەگەر ئەوان بوونایە وا یارییان دەکرد، بەتەواوی ئاواو بەهیچ جۆرێکی تر نا، کش مەلیك، بێگومان ڕاڤەکردنێکی مەنتیقی ساردوسڕ بۆیان ئاشکرا دەکات، کە سپییەکە هێشتا گەلێك هەنگاوی لەبەردەمدا ماوە بۆ بەرگریکردن لە مەلیکەکەی، بەڵام کەس ئەمەی بەلاوە گرنگ نەبوو، چیتر حەزیان لە ڕاڤەکردنی سارد نییە، بەتەنیا دەیانەوێ کاری پرشنگدار ببینن، هێرشی بلیمەتانەو گواستنەوەی بەهێز کە دوژمن لەناودەبات، ئەم یارییە یەك مەبەست و مانای هەیە، ئەویش بینینی لاوە نامۆکەیە بەسەرکەوتوویی پاڵەوانە پیرەکەش لەناو خۆڵدا گەوزاو.

جان دوودڵە، ڕادەمێنێ، ئەو دەزانێ کەس بەیەك قرش گرەوی لەسەر ناکات، بەڵام نازانێ بۆ؟ بەلاشیەوە سەیرە خۆ ئەوانی دی لە شەترەنجدا شارەزان، تووندوتۆڵی و ئارامی شوێنەکانی نابینن، جگە لەوەی لەسەرو ڕکابەرەکەیەوەیەتی بەمەلیکەیەك و سێ سەرباز، چۆن لەو باوەڕەدان کە ئەم -جان- دەدۆڕێ؟ ناشێ بدۆڕێ، یان تۆ بڵێیت هەر بەڕاستی بدۆڕێ؟ لە هەڵسەنگاندنیدا بەهەڵەدا چووە؟ یان تەرکیزی لاواز بووە؟ ئاخوا ئەوانی دی لەو زیاتر دەبینن؟ جان بڕوای بەخۆی نامێنێ. ڕەنگە داوێکی کوشندەی بۆ نابێتەوە لە هەنگاوی دواتردا تێبکەوێ، بەڵام کوا ئەو داوە؟ دەبێ خۆی لێ لادا. دەبێ لێی دەرچێت.. نابێ سەری خۆی هەرزانفرۆش بکات.

جان خاوتر، وریاتر یاریدەکات و زیاتر بەیاساکانی پیشەکەوە پابەند دەبێت، ئەمەش بەهۆی ترسەوە، شتەکە هاوکێشە دەکات، دەپێوێ و ئینجا بڕیار دەدا ئەسپێك بگوازێتەوەو بیخاتە نێوان مەلیکەو فیلەوە، بەجۆرێك فیلە ڕەشەکە بکەوێتە بەر هەڕەشەی مەلیکە سپییەکە.

وەڵامی ڕەشەکە بێ دوودڵی دێت، ڕەشەکە لە هێرشکردن ناوەستێت، بەڵکو یارمەتیی زیاتر دەنێرێ و بەمەش ئەسپەکەی فیلە هەڕەشەلێکراوەکە دەپارێزێ، جەماوەرەکە دەیکەنە هەڵا، ئێستا گورزەکان یەك بەدوای یەکدا دێن، سپییەکە فیل دەهێنێ بۆ قایمکردنی شوێنەکەی، ڕەشەکە قەڵایەك بەرەو پێشەوە دەبات، سپییەکە دووەم ئەسپی خۆی دێنێ، ڕەشەکەش دووەم قەڵای خۆی، هەردوولا هێزەکانی خۆیان تاقیدەکەنەوە لە دەوری ئەو خانەیەی فیلە ڕەشەکەی تیا وەستاوە، ئەو خانەیەی فیلە ڕەشەکەی تێدایە هیچ دەورێکی نەماوەو بووە بە ناوجەرگەی شەڕەکە، بۆچی؟ کەس

نازانێ، ڕەشەکە دەیەوێ حاڵەتەکە وابێت، ئێستا کە ڕەشەکە لەگەڵ هەر جووڵەیەکدا ئاگری شەڕەکە گەرمتر دەکات‌و ئەفسەرەکانی پێشکەش دەکات، بەئاشکرا هەڵا بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ هەر جووڵەیەکیشدا کە سپییەکە، کە بەناچاری دەیکات بۆ بەرگریکردن لەخۆی، نارەزایی بەرز دەبێتەوە، ئینجا ڕەشەکە بەپێچەوانەی هەموو بنەماکانی پیشەکەوە ئاڵوگۆڕێکی کوشندە دەکات، کوشتارگەیەکی وا تووندوتیژ ناکرێ لە قازانجی یاریزانێکی کەمتوانا بێت، مەگەر بەزەحمەت، لە کتێبی فێربوونی شەترەنجدا وا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشەکە ئاڵوگۆڕەکەی دەکات و جەماوەرەکەش دەیکاتە هەڵا، پێشتر کوشتارگەی وایان نەدیووە، ڕەشەکە شەلم کوێرم چی بەردەست دەکەوێ دایئەپاچێ، بێ گوێدان بەوەی لەدەستیدەدات، سەربازەکان یەك بەدوای یەکدا دەکەون، لەگەڵ چەپڵەڕێزانی زریان ئاسای جەماوەرە شارەزاکەدا، ئەسپ و قەڵاو فیل دەکەوێ.

دوای حەوت هەشت هێرش و دژە هێرش تەختەی شەترەنجەکە بەتاڵ دەبێتەوەو لەوە دەچێت ئەنجامی شەڕەکە بۆ ڕەشەکە زیانبەخش بێت، لە سێ پارچە زیاتری بۆ نەماوەتەوە، مەلیك، قەڵاو یەك سەرباز، سپییەکە بەپێچەوانەوە کە لەو ڕۆژی قیامەتە سەرەڕای ئەوەی مەلیك و هەردوو قەڵاکەی ڕزگارکرد، چوار سەربازیشی ماوە، هەر چاودێرێکیش کە شتێك لە شەترەنج تێبگات دەزانێ چ لایەنێك دەیباتەوە، هەر بەڕاستییش کەس گومانی نەبوو، جەماوەر دوای ئەو کارەساتەش هەر لەو باوەڕەدا بوو کە پاڵەوانەکەی دەیباتەوە، ئەمەش بەرووخسارە گەشاوەکەیاندا دیار بوو. دوای ئەو خرۆشاندنەیان ئامادەبوون بەهەموو سامانێکیان گرەوی لەسەر بکەن و ئەوەیان بەتەواوی ڕەتدەکردەوە تەنانەت ئاماژە بەشکستی بدەن.

وەکو دەردەکەوێ ئەو بارە کارەساتبارە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر لاوەکە جێنەهێشتووە، نۆبەی ئەو هات، بەهێمنییەکی ڕەهاوە قەڵاکەی هەڵدەگرێ و یەك هەنگاو بەرەو لای ڕاست دەیجووڵێنێ، جارێکی تر ئارامی باڵ بەسەر جەماوەردا دەکێشێ، فرمێسك دەرژێتە چاوانی پیاوە بەتەمەنەکان لەئاست بلیمەتیی ئەو یاریزانە لاوەدا، هەروەکو ئەوەی شەڕی واترلۆ ببینن ئەوکاتەی قەیسەر پاسەوانە تایبەتیەکانی خۆی ناردە جەنگێکەوە، کە پێشتر دۆڕا بوو، ئەو ڕەشە هێرش بەدوا ئەفسەرەکانی خۆی دەکات.

مەلیکی سپی بەسەر هێڵی یەکەمەوە G1 لەبەردەمیاو لەسەر هێڵی دوو سێ سەرباز ڕیز بوون، بەجۆرێك کە ڕێگەکەی بەردەمی گیراوەو بێگومان دەکوژرێ ئەگەر ڕەشەکە وەکو بەتەمایە قەڵاکەی لە جووڵەی دواتردا بباتە هێڵی یەکەم.

گریمانەی (کش مەلیك) کردن کە بەناوبانگترین و هیچترین گریمانەیە، دوورترین گریمانەشە مەگەر لە یاریی منالاندا، سەرکەوتنیشی وەستاوە لەسەر ئەوەی ڕکابەرەکە پێشبینیی ترسە ئاشکراکە نەکات و ڕێوشوێنی بەرگریی گونجاو بگرێتەبەر، بەهێزترین کاریگەرییشی ئەوەیە سەربازێك بەرێتە پێشەوەو بوار بۆ مەلیك بکەیتەوە تا ڕابکات، کوشتنی مەلیك ئا بەمجۆرە لەلایەن یاریزانێکی شارەزاوە بەڵکو لەلایەن یاریزانێکی تازەشەوە بەهۆی ئەم فێڵە هیچەوە لە گاڵتە پێهاتنیش زیاترە، بەڵام گوێزانەوەکەی پاڵەوانەکە دەستخۆشیی جەماوەرە واقوڕماوەکەی لێکەوتەوە، هەروەکو ئەوەی ئەمە یەکەمجارە گوێزانەوەی وای بینیبێت، بەشکۆوە سەریان لەقاند، بێگومان دەزانن کە دەبێ سپییەکە هەڵەیەکی گەورە بکات بۆ ئەوەی ڕەشەکە بگاتە ئامانج، کەچی باوەڕیان بەڕەشەکە هەبوو، باوەڕیشیان وایە کە جان، پاڵەوانی ناوچەیی، کە لەهەموویانی بردۆتەوە، کە ڕێ بەهیچ لاوازییەك نادات دەکەوێتە هەڵەی تازە یاریزانەکانەوە، بەڵکو وایاندەخواست و بەپەرۆش بوون بۆ ئەوە، لە دڵی خۆیاندا دوعایان دەکرد، گەرمترین دوعا کە جان ئەو هەڵەیە بکات.

جان ڕادەمێنێ، بیردەکاتەوەو سەر دەلەقێنێ، هەڵیدەسەنگێنێت، وەکو ڕاهاتبوو هەموو ئەگەرەکان لێکدەداتەوە، دیسانەوە دوودڵ دەبێ، ئینجا دەستە لەرزۆکەکەی کە بەنیشانەکانی پیریتی چێنراوە دەباتە پێشێ، سەربازەکە لەسەر G2 هەڵدەگرێت و دەیخاتە سەر G3.

سەعاتی تاوەری (سانت سۆلیس) هەشت لێدەدا، دەمێکە یاریزانەکانی تری شەترەنج لە باخچەی لوکسمبۆرگ ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی موقەبیلات بخۆن، خاوەنی کۆشکی بەکرێدانی تەختە شەترەنج، دەمێکە دووکانەکەی داخستووە، تەنیا لە ناوەڕاستی چادرەکاندا جەماوەرێك لە بینەران لە دەوری هەردوو پاڵەوانەکە وەستاون، بەجووتێ چاوی ئەبڵەقەوە لە تەختە شەترەنجەکە دەڕوانن، سەربازێکی بچووکی سپی کۆتایی بەدوایین شکستی مەلیکە ڕەشەکە دێنێ و باوەڕ ناکەن، چاوە ئەبڵەقەکانیان لە تەختە شەترەنجەکەوە دەگوێزنەوە بۆ سەرکردەی جەنگەکە، کە ڕەنگپەڕیوو و چاو ئاوساوو جوان و بێدەنگ لەسەر کورسیی باخچەکە دانیشتووەو نیگاکانیان پێی دەڵێ (تۆ نەدۆڕاویت، هەر ئێستا پەرجوویەك دەنوێنی، تۆ هەر لەسەرەتاوە پێشبینیی ئەم حاڵەت کردبوو، بەڵێ، بەڵکو تۆ ئەمەت دەویست، ئێستا ڕکابەرەکەت لەناودەبەی، چۆن؟ نازانین، بەهیچ جۆرێك هیچ نازانین، ئێمە یاریزانانی ئاساین، بەڵام تۆ خاوەن

پەرجوویت، دەتوانی پەرجووەکەت تەواو بکەی، تەواوی دەکەی، رووزەردمان مەکە، ئێمە باوەڕمان پێتە، پەرجووەکەت بنوێنە، دەی خاوەن پەرجوو پەرجووەکەت بنوێنەو بیبەرەوە)٠

لاوەکە دانیشتووەو بێدەنگە، جگەرەکەی بەکەڵەموستی دەخولێنێتەوە بەرەو سەری پەنجەی شایەتمان و پەنجە گەورەی ناوەڕاستی دەیبات، ئینجا دەیخاتە دەمی دایدەگیرسێنێ، نەفەسێکی لێدەدا، دووکەڵەکە دەکات بەسەر تەختەی شەترەنجەکەدا، لەنێو دووکەڵەکەوە دەست دەبات، نەختێ دەستی رادەگرێ لە دەوری مەلیکە رەشەکەوە پەلەپیتکەیەکی لێدەداو دەیخات٠

لێدانی مەلیك بۆ ئەوەی بکەوێ ئاماژەیە بۆ دۆڕاندن، بەڵکو خراپترین و سووکترین ئاماژەیە، هەروەکو ئەوەی یەکێك هەموو یارییەکە تێکبدات دوای کۆتایی هاتنی و کە مەلیکە کەوتووەکە بەر تەختەکە دەکەوێ دەنگێکی ناخۆش دەردەکات، ئەو جوولەیە دڵی یاریزانی شەترەنج تەواو ئازاردەدا٠

لاوەکە دوای ئەوەی بەسووکایەتییەکەوە، پەلەپیتکەیەك لەسەری مەلیکەکە دەدا، هەڵدەستێ، بێزی نایە نە سەیری رکابەرەکەی و نە تەماشای جەماوەرەکەی بکات و نە سڵاو دەکات و دەڕوا٠٠

جەماوەرەکە بەوڕو کاسی و شەرمەزارییەوە دەوەستێ، بەسەرسوڕماوی لە تەختە شەترەنجەکە دەڕوانێ، دوای تۆزێ یەك دوانێك کۆکە کۆکێك دەکەن و یەکێك قاچێك بەزەویدا دەداو جگەرەیەك پێدەکاو سەعات چەندە ئێستا؟ مەعقولە! هەشت و چارەك؟ زۆر دواکەوتم، بەهیوای دیدار، سڵاو جان، بەورتە ورتەوە داوای لێبوردن دەکەن و بەپەلە دیارنامێنن٠

پاڵەوانە ناوچەییەکە بەتەنیا دەمێنێتەوە، مەلیکە کەوتووەکە دەخاتەوە جێی خۆی، پارچەکان دەکاتەوە قوتووە بچووکەکە، بەپارچە خوراوەکان دەست پێدەکات و بەوانەی سەر تەختەکە کۆتایی پێدێنێ، لەکاتێکدا ئەمە دەکات وەکو هەموو جار هەنگاوەکانی یارییەکە و شوێنەکانی دەهێنێتەوە یادی خۆی، هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، بێگومان هەڵە ناکات، کەچی وا دێتە بەرچاوی کە خراپترین یاریی کردووە لەژیانیدا٠ بەپێی بەڕێوەچوونی یارییەکە دەبوو هەر لە یەکەم گوێزانەوەکانەوە کش مات-ی بکردایە، ئەوەی گوێزانەوەیەکی وا کلۆڵانە دەکات لە بابەتی قوربانیدانە تەکتیکییەکەی بەمەلیکە یاریزانێکی دەبەنگی شەترەنج نەبێت چییە؟ جان وا راهاتبوو هەر زوو ئەو جۆرە ساویلکانەی لەکۆڵ خۆی دەکردەوە بێ ئەوەی گومان لەخۆی بکات ئیتر جاری وا هەبوو بە بەزەییەوە ئەمەی دەکرد، جاری واش هەبوو بێبەزەییانە بەپێی میزاج، بەڵام ئەمجارە زوو هەستی بەلاوازیی راستەقینەی رکابەرەکەی نەکرد، یان ترسنۆك بوو؟ نەیوێرا خێرا حوکم بەسەر ئەو فێڵبازە گێلەدا بدات، بەڵکو حاڵی لەوەش خراپتر بوو، جان نەیدەویست باوەڕ بەوە بکات کە رکابەرەکەی تا ئەو رادەیە داماوە، لەوەش خراپتر تا کۆتایی بڕوای بەوە هەبوو کە رکابەرەکەی نەناسراوێك نییە، چونکە وا دەهاتە بەرچاوی کە زۆر متمانەی بەخۆی و بلیمەتی و پیرۆزیی خۆی بێت، بەڕادەیەك کە نابەزێنرێ، لەبەر ئەوە بوو زیاتر بەسڵکردنەوە یارییکرد، هەموو ئەمەش بەس نییە ئەگەر راستی دەوێ، دەبێ وەکو ئەوانی تر دان بەوەدا بنێت کە بەو نامۆیە سەرسامبووە، بەڵکو دەیخواست ئەو نامۆیە بەسەریدا زاڵبێت و شکستی پێبهێنێت بەجوانترین و بلیمەتترین رێگە ئەو شکستەی ساڵەهایە لە چاوەڕوانیکردنی بێزار بووەو دەیەوێ دواجار ئەو بارەی لەکۆڵ ببێتەوە، کە دەبێت بەهێزترینیان بێت و بەسەریاندا زاڵ بێت، تا دواجار ئەو جەماوەرە دووڕووە، ئەو تاقمە بەخیلە، دڵیان ئیسراحەت بکات و هێور ببنەوە، بەڵام دیسان بردیەوە، لە هەموو شت زیاتر لە ژیانیدا، بێزی لەم سەرکەوتنە دەبووەوە، بۆ ئەوەی خۆی لەم سەرکەوتنە بدزێتەوە بەدرێژایی شەترەنجەکە خۆی لێ دەدزییەوەو ئیهانەی یارییەکەی دەکردو لەگشت چەکەکانی دایدەماڵی لەئاست کلۆڵترین قیرسچمەدا٠

جان-ی پاڵەوانی ناوچەیی پیاوێك بوو گوێی بەپەندی ئەخلاقی نەدەدا، بەڵام کە بەرەوماڵەوە خۆی کێشدەکردو تەختە شەترەنجەکەی خستبووە ژێر باڵی و قوتووی پارچە شەترەنجەکانی بەدەستەوە بوو، بۆی دەرکەوت کە ئەمڕۆ شکستێکی سەرتاسەری و بلیمەتانەی تووشهات، لەبەر ئەوەی یاری ئابڕوو گەڕاندنەوەی بەدوادا نایەت و بەهیچ سەرکەوتنێکی ئایندە قەرەبوو ناکرێتەوە، چەند ئەو سەرکەوتنە پڕشنگداریش بێت، لەبەر ئەوە بڕیاری دا هەرچەندە ئەو قەت خاوەن بڕیاری گرنگ نەبووە، کە لەمەولا یاریی شەترەنج نەکات، هەروەکو هەموو خانەنشینکراوەکانی تر یاری بکات، یاری ( ) کە یارییەکی پاك و خۆش و ئێسك سووکەو داواکارییە ئەخلاقییەکانیشی زۆر کەمە٠

**سەرچاوە:**

ثلاث حكايات و ملاحظة تأملية (پاتريك زۆسكيند)

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: کامیران حوج



# بۆقەکە، تۆکیۆ رزگاردەکات

**هارۆکی مۆراکامی**
**و: محەمەد عەبدوڵڵا**

کاتێك کاتاجیری گەڕایەوە شووقەکەی، بۆقێکی زەبەلاحی بینی چاوەڕێیەتی، بۆقەکە لەسەر هەردوو قاچی دواوەی و بەباڵایەکی زیاتر لە دوو مەتری و جەستەیەکی بەهێزەوە بەپێوە وەستابوو، کاتاجیری بەجەستە لاوازەکەی و درێژییەکەی، کە مەترێك و شەست سانتیمی تێنەدەپەڕاند، لە چاو بۆقەکەوە زۆر بچووك دەردەکەوت.

بەدەنگێکی ئاشکرا بۆقەکە پێیوت: (بەیارمەتی، دەتوانیت بەبۆق بانگم بکەیت، وشەکان دادی کاتاجیرییان نەدا، کە هێشتا لە ناو دەرگاکەدا بەواقیوڕماوەوە وەستاوە.

(بەیارمەتیی خۆت، پێویست بەم هەموو سەرسوورمانە ناکات، ئازارت نادەم، بەئەرك نەبێت وەرە ژوورەوەو دەرگاکە داخە) بۆقەکە وتی: بەڵام کاتاجیری هەر لە شوێنی خۆی مایەوەو جانتاکە بەدەستی راستییەوەو بەدەستی چەپیشی زەرفێکی کاغەزی هەڵگرتبوو، کە سەوزەو ماسیی قوتووی تێدابوو، کە لە سۆپەر مارکێت کڕیبوونی.

(دەی بەڕێز کاتاجیری، خێرا دەرگاکە داخەو پێڵاوەکانت دابکەنە). کە گوێی لە ناوی خۆی بوو، کاتاجیری هاتەوە هۆش خۆی، وەك پێی وترا دەرگاکەی داخست، زەرفە کاغەزەکەی لەسەر زەوییەکە داناو جانتاکەی خستە ژێر باڵی و پێڵاوەکانی داکەند، پاشان هەروەك بۆقەکە لێی داواکرد، لەسەر کورسیی مێزی چێشتخانەکە دانیشت.

بۆقەکە وتی: (بەڕێز کاتاجیری، من زۆر داوای لێبووردن دەکەم، کە خۆت لێرە نەبوویت و هاتمە ژوورەوە، رەنگە ئەمە سەیربێت، وانییە؟ بەڵام هیچ رێگەیەکی دیکە نەبوو. دەڵێیت چی هەندێك چا بخۆینەوە، زانیم کاتی هاتنەوەت نزیکبووەتەوە، بۆیە هەندێك ئاوم گەرمکرد). کاتاجیری، هێشتا بەتووندی جانتاکەی لە بن باڵی نابوو.

ئەم شتە سەیرە چییە رووددات، ئایا کەسێکە بەبەرگی ئاژەڵێك خۆی گۆڕیوە، تا بمخاتە گۆبەندێکەوە؟ بەڵام ئەمەی دەنگی دێت و ئاوی گەرم لە کترییەکەوە تێدەکات، جەستەی، جەستەی بۆقە، جووڵەی هی بۆقە، هەرچۆنێك لێی دەروانم بۆقێکی راستەقینەیە.

بۆقە کوپێك چای لە بەردەم کاتاجیری و یەکێکیشی لە بەردەم خۆی دانا.

(کەمێك پشووت دا؟)، بۆقەکە لێی پرسی لە کاتی چا هەڵقوراندا. کاتاجیری هێشتا توانای قسەکردنی نەبوو.

بۆقەکە وتی: (بۆ جارێکی دیکە، پێش هاتنم، پێویستە مەوعیدت لێ وەربگرم).

(من ئەمە باش تێدەگەم، بەڕێز کاتاجیری دەگەڕێیتە ماڵەوەو بەبینینی بۆقێکی زەبەلاح، کە چاوەڕێتە سەرسامدەبیت، هەر کەسێك بێت بەمە سەرسامدەبێت، بەڵام کارەکە گرنگ و بەپەلە یە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەم.)

(کار؟)، هەرچۆنێك بێت کاتاجیری توانیی دەمهەڵبێنێتەوە.

(بەڵێ بەڕێز کاتاجیری، مەسەلە کە هەرچۆنێك بێت، ئەگەر کارێك نەبوایە بەبێ رەزامەندی نەدەچوومە ماڵی کەسانی دیکەوە، ئەوە من نیم کاری وا نەشیاو بکەم.)

(ئایا ئەو کارە پەیوەندیی بەئیشەکەی منەوە هەیە؟)

بۆقەکە سەری لە قاندو وەڵامییدایەوە: (وەڵامەکە بەڵێ و نەخێرە، نەخێرو بەڵێ.)

(پێویستە خۆم کۆنترۆڵ بکەم)، کاتاجیری هەندێك بیریکردەوەو وتی: ( دەتوانم جگەرەیەك بکێشم؟)

(بەڵێ، بەڵێ)، بەخەندەوە بۆقەکە وەڵامییدایەوە.

(ئەی تۆ لە ماڵی خۆتدا نیت؟ پێویست ناکات داوای رەزامەندیی من بکەیت بۆ هەر شتێك بتەوێت بیکەیت، دەتەوێت جگەرە بکێشیت، یان مەی بخۆیتەوە، حەزت لە چییە وابکە، من خۆم جگەرە ناکێشم، بەڵام رقی خۆم لە جگەرە، بەسەر کەسدا ناسەپێنم لە ماڵی خۆیدا.)

کاتاجیری جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێناو دەنکێك شقارتەی داگیرساند، لە کاتی پێکردنی جگەرەکەدا هەستیکرد دەستەکانی دەلە رزن، بۆقەکەش لە کورسیی بەرامبەری دانیشتووەو بەگرنگییەکی زۆرەوە چاودێریی دەکات.

کاتاجیری، هەندێك ئازایەتی لە خۆیدا بینییەوەو پرسی: (کەواتە تۆ پەیوەندیت بەهیچ باندێکەوە نییە، وایە؟)

(هاهاهاها)، بۆقەکە قاقایەکی گەورەی لێداو دەستی توond کێشا بەڕانیداو وتی: (حەزت لە گاڵتەیە کاتاجیری، وانییە؟ لە م جیهانەدا هەرچەند قەیرانی کرێکارییش بێت، بەڵام کام لە و باندانە ئامادەیە بۆقێك دابمەزرێنێت؟ ئەگەر داشیانمەزراند، دەبنە شوێنی گاڵتەجاریی هەمووان.)

بەدوایدا کاتاجیری وتی: (ئەگەر بۆ قسەکردن لەسەر دانەوەی قستی قەرز هاتوویت، ئەوا کاتت بەفیڕۆ دەدەیت)

(ئەو مەسەلە یە تەنیا کەسێك بڕیاری لێنادات، سەرۆکەکانم بڕیار دەدەن، من تەنیا جێبەجێکردنی فەرمانەکانم لەسەرە، ئینجا بەچ شێوازێك کار دەکەم، ئەوە لە دەست خۆمدانییە)

بۆقەکە پەنجەی بەرزکردەوەو وتی: (کاتاجیری من بۆ کارێکی وا پووچ نەهاتووم، دەزانم تۆ لە لقی شینجۆکۆی بانکی تۆکیۆی متمانەیی، وەك فەرمانبەر لە بەشی قەرزەکان کاردەکەیت، بەڵام ئەم کارەی من پەیوەندی بەدانەوەی قەرزەوە نییە. ئەوەی من لە پێناویدا هاتووم رزگارکردنی تۆکیۆیە لە وێرانبوون).

کاتاجیری بەدەوری خۆیدا سورایەوە، بزانێت کامێرای شاراوەی لێ نییە، یان هەر شتێکی دیکەی هاوشێوە لە و گاڵتە بێتامانە، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا کامێرای لێ نەبوو، شووقەکە بچووکەو شوێنی ئەوەی نییە کەس خۆی لێ بشارێتەوە.

(بەڕێز کاتاجیری، جگە لە من کەسی دیکەی لێ نییە. ڕەنگە پێتوابێت من بۆقێکی شێتم؟ یان وابزانیت لە خەونی بەئاگاییدایت؟ بەڵام نە من شێتم و نە خەونیشە، کارەکە جدییەو کاتیش نییە بۆ بەفیڕۆدان).

(بەڵام کاک بۆق.)

(تەنیا بەبۆق بانگم بکە)، بۆقەکە بۆی ڕاستکردەوەو هەمدیسان پەنجەی بەرزکردەوە.

کاتاجیری قسەکانی ڕاستکردەوەو وتی: (ئەی بۆق، دەکرێت باوەڕت پێبکەم، بەڵام تائێستا بەباشی حاڵەتەکەم هەزم نەکردووە، ئێستاو لە م شوێنەدا چی ڕوودەدات، لە مە تێناگەم، هەروەها حەزدەکەم هەندێك پرسیارت لێ بکەم، ئایا دەتوانم؟)

(بێگومان، بێگومان)، بۆقەکە وتی. (تێگەیشتن زۆر گرنگە، تێگەیشتن، وەك هەندێك دەڵێت، خراپ تێگەیشتن ڕادەماڵێت، منیش ئەم ڕایەم زۆر لا گرنگە، بەڵام بەداخەوە کاتی زۆرمان نییە بۆ باسکردنی ئەم شتە لاوەکییانە. ئەگەر بتوانین بەکورتترین شێوە بگەینە تێگەیشتنێکی هاوبەش، ئەوە باشترین شتە، بۆیە چیت دەوێت بپرسە.)

(تۆ بۆقێکی ڕاستەقینەیت، وانییە؟)

(بێگومان، وەك دەبینیت من بۆقێکی ڕاستیم، نە وێنەیەکی زادەڕۆم، نە وەهمم، نە پارچەی لێکدراوم، هیچ کام لە و کردارە ئاڵۆزانە نیم، بەڵکو بۆقێکی ڕاستەقینەم، دەتەوێت گوێت لە دەنگم بێت؟)

بۆقەکە خۆی بۆ سەقفەکە بەرزکردەوەو چالاکانە قورگی جووڵاند: (قییق، قییق، قیییییییییق)، دەنگەکەی بەئەندازەیەك گەورەبوو، وێنە هەڵواسراوەکانی سەر دیوارەکەی لە رزاند.

(تێگەیشتم، تێگەیشتم)، کاتاجیری بەپەلە وای وت، لە ترسی دیوارە لاوازەکانی شووقە هەرزانبەهاکەی، (زۆرچاکە، بەدڵنیاییەوە تۆ بۆقێکی ڕاستەقینەیت.)

(ڕەنگە بمتوانیبایە بڵێم من کۆکراوەی هەموو بۆقەکانم، ئەو کاتەش هەر بۆق دەبم، هیچ گومانی تێدانییە، بەڵام ئەگەر پێم بوترێت بۆق نیت، ئەوە درۆیەکی هەرزانەو ئەوەی واش بڵێت تێکیدەشکێنم.)

کاتاجیری بەسەر لە قاندن ڕازیبوونی خۆی بۆ دەربڕی، بۆ ئەوەی کەشی گشتیی قسەکان بگۆڕێت، کووپەکەی هەڵگرت و قومێك چای خواردەوە.

(پێم وتیت دەربارەی ڕێگرتن لە وێرانبوونی تۆکیۆ، وانییە؟)

(پێتوتم، بەڵام ئەوە چ وێرانبوونێکە؟)

بۆقەکە بەدەنگێکی جدییەوە وتی: (بوومەلە رزە).

کاتاجیری بەدەمی داپچڕاوەوە سەیری بۆقەکەی دەکرد، بەڵام بۆقەکە هیچی دیکەی نەوت، تەنیا سەیری ڕووخساری کاتاجیری دەکرد، بۆ ساتێك بەبێدەنگی هەردووکیان سەیری یەکدییاندەکرد، پاشان بۆقەکە لە قسەکانی بەردەوام بوو وتی: (بوومەلە رزەیەکی هێجگار گەورەیەو سەعات هەشت و نیوی بەیانی ڕۆژی 18ی شوبات لە تۆکیۆ دەدات، واتە دوای سێ ڕۆژی دیکە، زۆر بەهێزتر دەبێت لە و بوومەلە رزە گەورەیەی مانگی ڕابردوو لە شاری کوبەی دا. وا پێشبینی دەکرێت ژمارەی قوربانییەکانی بگاتە نزیکەی 150 هەزار کەس، زۆربەیان لە ڕووداوی هاتووچۆدا تیادەچن، کە بەهۆی دەرچوونی فارگۆنی شەمەندۆفێرەکان لە سکەکانیانەوە ڕوودەدەن. ڕێگە تیژڕەوەکان دادەرمێن، میترۆکان تێکدەشکێن، تانکەرەکان دەتەقنەوە، بیناکان دەبنە شاخی داروپەردوو، مرۆڤەکان دەهاڕدرێن و گڕی ئاگر لە هەموو شوێنێکەوە بەئاسماندا دەچێت. ڕێگاکان تەواو وێراندەبن و ئەمبولانس و ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوەکان بێسوود دەبن، خەڵکانیش بێپەروا دەمرنو 150 هەزار کوژراو دەبێت، جەهەننەمێك دەبێت بۆخۆی، ئیتر خەڵك تێدەگەن چەند فشەڵە ئەوەی بەشار ناودەبرێت)، بۆقە سەری لە قاندو بەردەوامبوو، وتی: (سەنتەری بوومەلە رزەکە نزیك ئەنجوومەنی شاری شینجۆکۆ دەبێت، واتە بوومەلە رزە لە ژێر زەویدا).

(نزیك ئەنجوومەنی شاری شینجۆکۆ؟)

(تەواو ئەو شوێنەی دەیڵێیت، ڕاستەوخۆ لە ژێر لقی شینجۆکۆی بانکی تۆکیۆ).

کاتاجیری وتی: (واتە تۆ دەتەوێت بەر بەو بوومەلە رزەیە بگریت؟)

بۆقەکە سەری لە قاندو وەڵامی دایەوە: (بەڵێ بەتەواوی، کاتاجیری، من و تۆ پێکەوە لە ژێر زەوی لقی شینجۆکۆی بانکی تۆکیۆوە دەڕۆین بۆ ئەوەی بەگژ کرمەکەدا بچینەوە.)

وەك فەرمانبەرێك لە بەشی قەرزەکانی بانکی تۆکیۆ، کاتاجیری بەناو چەندین شەڕدا ڕێگای خۆی بری. لە ساتی دەرچوونی لە زانکۆوە، 16 ساڵە لە و بانکە سەرپەرشتیی قەرزەکان دەکات، بەکورتی بەرپرسی بەدەستهێنانی قەرزبوو،



بێگومان ئەم کارە کارێکی باشنەبوو، هەمووکەسێک دەیتوانی قەرز بدات، بەتایبەتیش لە ماوەی گەشەسەندنی ئابووریدا، چونکە ئەو ڕۆژانە پارە زۆربوو، بارمتەی قەرزەکانیش پارچەیەك زەوی یان پشکی کۆمپانیاکان بوو، ئەو کاتە بەرپرسی قەرزەکان دوودڵ نەبوو لە پێدانی قەرز، چەندیان لێ داوا بکردایە، ئەمەشیان بەدەستکەوت بۆ ئەژماردەکرا، بەڵام هەندێك لە قەرزەکان نەدەگەڕێندرانەوە بۆ بانکەکە، لە م حاڵەتەشدا ڕۆڵی کارەکەی کاتاجیری دەهاتە کایەوە.

دوای تەقینەوەی ئابووری ئەم کارە برەوی سەند، چونکە نرخی پشکەکان دابەزی و بەدوایدا نرخی زەوییش دابەزی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بارمتەی قەرزەکان گرنگییان نەمێنێت. (بڕی پارەکە چەند کەمیش بێت بڕۆ ئەوەندە بگێڕەوە کە دەتوانیت) ئەمە فرمانی ئیدارەبوو بۆ کاتاجیری...

ناوچەی کابوکی چۆ-ی نزیك شینجۆکۆ، کانگایەکی توندوتیژی بوو، هەر لە کۆنەوە ئەو شوێنە مۆڵگەی باندەکانی یاکۆزابوو، پاشان باندە کۆرییەکانیشی بۆ زیادبوو، دواتریش مافیای چینیی. لافاوێك لە چەك و مادەی بێهۆشکەر، پارەی تاوان بەئاشکرا دەرنەدەکەوت، بەڵکو بەتاریکی دەگواسترایەوە. ونبوونی هەندێك کەس وەك دووکەڵ کارێکی ناوازە نەبوو، کاتاجیریش کاتێك بۆ وەرگرتنی پارەی قەرز دەچووە ئەو شوێنە، چەند جارێك لە لایەن باندەکانی یاکۆزاوە دەورە دەدراو بەکوشتن تەهدیدیان دەکرد، بەڵام ئەو هەرگیز هەستی بەترس نەدەکرد، چونکە ئەگەر بشیانکوشتایە کەسی دیکە هەبوو بەکاری بانکەکە هەڵبستێت، ئیتر چ سوودێکی دەبێت چەقۆی لێدەدەن یان تێیهەڵدەدەن؟

ئەو بۆ ئەو کارە زۆر گونجاو بوو، نە ژن و نە منداڵی نەبوو، دایك و باوکی هەردووکیان مردبوون، خوشك و براکەشی، کە ئەو خوێندنی بۆ دەستەبەرکردن خوێندنیان تەواوکردو ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا، لە و حاڵەتەشدا ئەگەر بشکوژرێت کەس زەرەر ناکات، تەنانەت خۆشی زەرەرمەند نابێت!

لەو حاڵەتانەدا کاتاجیری لە ترساندا عەرەقی دەرنەدەدا، بەڵکو بەهێمنی کاری خۆی دەکرد، کە ببووە هۆی پەستکردنی باندەکانی چواردەوری، بۆیە لە و جیهانەدا کاتاجیری وەك پیاوێکی توند ناوی دەرکردبوو.

بەڵام ئێستا کاتاجیری تەواو سەری لێشێواوە، دەبێت چی بکات؟ پێشبینیی بۆ نەدەکرا، پاشان ئەم قسەیە چییە؟ کرم!!

بەدوودڵییەوە کاتاجیری وتی: ئەم کرمە کێیە؟

(کرمەکە لە ژێر زەویدا دەژی، کرمێکی زەبەلاحە، کاتێك تووڕە دەبێت بوومەلە رزە ڕوودەدات.) بۆقەکە وای وت.

(ئێستاش کرمەکە هێجگار تووڕەیە.)

(لە چی تووڕەبووە؟)

بۆقەکە وەڵامیدایەوە: (نازانم، ئەوەی لە مێشکی کرمەکەدایە، تاریکەو کەس نایزانێت، کێش بینیوویەتی؟، ڕاستییەکەی کەس).

ئەو بەزۆریی لە خەوێکی قووڵدایە، لە گەرمی و تاریکیی قووڵاییەکاندا، بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەنوێت، بگرە بۆ دەیان ساڵیش، بۆیە ئاساییە کە چاوەکانی بەسەر یەکدا تلیساونەتەوەو بەو خەوە مێشکیشی گۆڕاوە بۆ مادەیەکی دیکە، لە ڕاستیدا وای بۆ دەچم، کە بیر لە هیچ نەکاتەوە، بەڵام لە جێی خۆیەوە هەموو جووڵەو لە ڕینەوەکانی کە لە دوورەوە دێن وەردەگرێت، یەکە یەکە بەجەستەی وەریاندەگرێت، پێموایە کۆیاندەکاتەوە، پاشان لە گۆڕانکارییەکی

کیمیایی دیاریکراودا بڕێکی زۆری ئەو جووڵەو لە ڕینەوانە بەیەکجارو بەتووندی دەردەداتەوە بۆچی ئەمە ڕوودەدات، شتێکە من نایزانم و بۆشم ڕاڤە ناکرێت). بۆقەکە بەبێدەنگی لە ڕووخساری کاتاجیری دەڕوانی، چاوەڕێبوو وشەکانی وردە وردە بچنە ناو مێشکی کاتاجیرییەوە.

درێژەی بەقسەکاندا: (تکام وایە بەهەڵە لێم تێنەگەیت، چونکە من هیچ ڕقێك یان دژایەتییەکم لەگەڵ کرمەکەدا نییەو بەبەرجەستەی خراپەکاریشی نازانم، هەرچەندە ناگەمە ئەوەی بەهاوڕێی بزانم، بەڵام بوونی بوونەوەری وەك ئەو کرمە لە جیهاندا کارێکە ڕێگریی لێناکرێت. جیهان وەك پاڵتۆیەکی گەورە وایە، پێویستی بەگیرفانی هەمەجۆرو جیاوازە. ئێستاش کرمەکە بووەتە بوونەوەرێکی ترسناك و ناکرێت بەتەنیا جێبهێڵرێت، چونکە دڵ و جەستەی کرمەکە لەو ماوە درێژەدا ڕقی زۆریان کۆکردووەتەوە، پێش ئێستاش هەرگیز نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەی تووڕەبوونە، لە وەش زیاتر بوومەلە ڕزەکەی مانگی پێشوو لە شاری کوبە، نەیهێشت لە خەوە درێژەکەی بەردەوام بێت و لێی تێکدا، تووڕەبوونی زۆری لەوە گەیاندییە ئەوەی کە ئەمیش بوومەلە ڕزەیەکی گەورە لە شەقامەکانی تۆکیۆدا دروست بکات، هەر بەڕاستیش ئەو بڕیارەی داوە، من ئەو پیلانەی و کاتەکەیم زانیوە لە ڕێی هەندێك مێرووەوە، کە پەیوەندیی باشمان پێکەوە هەیە).

بۆقەکە دەمی داخست و وەك ئەوەی ماندوو بووبێت چاویشی داخست.

کاتاجیری وتی: (کەواتە من و تۆ هەردووکمان دادەبەزین بۆ ژێر زەوی و بەگژ کرمەکەدا دەچینەوەو بوومەلە ڕزەکە دەوەستێنین؟)

(زۆر تەواوە)

(بەڵام یەك شت ماوە تائێستا تێی نەگەیشتووم بۆچی منت هەڵبژارد بەشەریکی خۆت لە م کارەدا؟)

بۆقەکە ڕاستەوخۆ چاوی لە چاوی کاتاجیری بڕیبوو، وتی: (بەڕێز کاتاجیری، دەمێکە وەك کەسێتییەك ڕێزت لێدەگرم، تۆ ماوەی 16 ساڵە کارێك دەکەیت کەس پێی ڕازی نابێت، کارێکی ئاسان و ترسناك، بەبێدەنگی پێیهەڵدەستیت، ئەمە بۆ تۆ سەخت بووە، منیش ئەوە باش دەزانم، بەڵام بەداخەوە بەرپرس و هاوڕێکانت بەوە نازانن، هیچیان باش نابینن، وانییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، لەگەڵ پێنەزانین و بەرزنەکردنەوەت، بەڵام تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان سکاڵات نەکردووە، ئەمە هەر لە ئیشەکەشت بەتەنیا وانییە، چونکە دوای مردنی دایك و باوکت تۆ بەپەروەردەکردنی خوشك و برا هەرزەکارەکەت هەستایت، تا زانکۆیان تەواوکرد، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لە هاوسەرگیریشدا یارمەتیت دان، ئەمە قوربانییەکی گەورە بوو بەکات و داهاتت دا، لە ئەنجامیشدا نەتتوانی ژن بهێنیت، سەرباقی خوشك و براکەت بۆ تەنیا جارێکیش سوپاسی ئەو هەموو قوربانییەیان نەکردیت، بەپێچەوانەوە پشتگوێیان خستی و سپڵەبوون، بەڕای من ئەوە کارێکی هێندە نامۆیە، کە حەزدەکەم لە جیاتی تۆ تێیانهەڵبدەم، هەموو ئەمانەو تۆ هەر تووڕە نەبوویت. بۆ ئەوەی زیاتر ئاشکرا قسەت بۆ بکەم، تۆ تەنانەت سەرنجڕاکێشیش نیت و لە قسەکردنیشدا لێزان نیت، بۆیە دەورووبەرت وەك خۆت هەڵتناسەنگێنن، بەڵام من دەزانم ئەوەی بەو ڕێیەی تۆدا بڕوات پڕە لە ئازایەتی، ئەگەر هەموو تۆکیۆش بگەڕێم بەدوای شەریکێکدا بۆ شەڕەکە، دڵنیام کەسێك نابینمەوە وەك تۆ متمانەی پێبکەم).

کاتاجیری وتی: (کاك بۆق)

(بۆق)، سەرلە نوێ بۆقەکە پەنجەی هەڵبڕی و بۆی ڕاستکردەوە.

(ئەی بۆق ، ئەم هەموو شتانە، دەربارەی من چۆن دەزانیت)!

(ئەم هەموو ساڵ بەخۆڕایی بۆق نەبووم، من بەردەوام چاوم لەسەر شتە گرنگەکانە لە ژیاندا)

کاتاجیری وتی: (بەڵام ئەی بۆق من بۆ شەڕ بەهێز نیم و هیچ دەربارەی ژیانی ژێر زەوی نازانم، توانای زۆرانبازی کرمێکی زەبەلاحیشم نییە لە قووڵایی تاریکیدا. ڕەنگە باشتربێت کەسێکی لە من بەهێزتر هەڵبژێریت، کەسێك یاریزانی کاراتێ بێت یان لە هێزی کۆماندۆس بێت.)

بۆقەکە چاوە گەورەکانی گێڕاو: (لە ڕاستیدا کاتاجیری من بەشەڕەکە هەڵدەستم، بەڵام بەتەنیا ناتوانم ئەو شەڕەب کەم، ئەوەیە ڕاستییەکە، پێویستم بەئازایەتی و ڕاستگۆیی تۆیە، پێویستم بەتۆیە لە پشتمەوە بوەستیت و بڵێیت: (دەستخۆش ئەی بۆق، کارەکە وەك خۆیەتی، سەردەکەوین و تۆ لەسەر حەقیت) بۆقەکە هەردوو باڵی کردەوەو ئەمجارەش دایەوە بەئەژنۆکانیدا.

(ڕاستییەکەی شەڕ لەگەڵ کرمێك لە قووڵایی تاریکیدا کارێکی ترسناکە، من ماوەیەکی دوورودرێژە لە باوەشی سرووشتدا ئاشتیخوازانە دەژیم، حەزم لە هونەرەکانە، بەڵام هەرگیز حەزم بەشەڕ نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئەم کارە هەر دەبێت بکرێت، بۆیە من دەیکەم، بێگومانیش ئەم شەڕە سەخت دەبێت و ڕەنگە بەزیندوویی نەگەڕێمەوە لێی یان

ئەندامێکی جەستەم لە دەستدەدەم، بەڵام هەرگیز راناکەم، هەروەك نیچە-ش دەڵێت: بەرزترین ئاستی دانایی ئەوەیە لە هیچ نەترسیت، ئەوەی منیش لە تۆم دەوێت کاتاجیری، ئەوەیە هەندێك لە ئازایەتی خۆتم پێ ببەخشیت، بەهاورێم دابنێیت و لە دڵتەوە هانمبدەیت، تێگەیشتیت ئێستا دەمەوێت چیت پێبڵێم؟)

هەموو ئەمانە نەیانتوانی ئەوە بگۆڕن کە کاتاجیری ناتوانێت هیچ تێبگات، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆشی هۆکارەکەی بزانێت و هەرچەندە قسەکانی بۆقەکە خەیاڵی دەردەکەوتن، هەستیکرد دەتوانێت متمانەی پێبکات. رووخساری بۆقەکەو شێوازی قسەکردنی راستەوخۆو بەبێ مۆڵەت دەچوونە دڵەوە، کاتاجیریش دوای چەندین ساڵ لە کارکردن لە قورسترین بەشی بانکی متمانە، توانای هەستکردنی بەشتەکان هەبوو، کە بووبووە سرووشتێکی دیکەی.

(بەڕێز کاتاجیری، لە پڕێکدا بۆقێکی زەبەلاحی وەك من دێتە لات و ئەم شتانەت پێدەڵێت و داواشت لێدەکات وەك خۆی باوەڕی پێبکەیت، بەدڵنیاییەوە هەست بەدوودڵی دەکەیت، ئەوە کاردانەوەیەکی سرووشتییە، لەبەر ئەوە بەڵگەیەکت لەسەر بوونی خۆم دەدەمێ. کاتاجیری تۆ ئێستا کێشەی چۆنییەتی مامەڵەکردنت لەگەڵ کۆمپانیای تودای کۆما بۆ بازرگانی هەیە لە وەرگرتنەوەی قەرزدا، وانییە؟)

کاتاجیری وەڵامی دایەوە: (راستە).

(لە پشت پەردەوە پەیوەندییان بەباندەکانەوە هەیەو دەیانەوێت کۆمپانیاکە ئیفلاس بکات، تا لە قەرزەکانیان رزگار بن، بەرپرسی قەرزدانی بانکەکەی ئێوەش بەبێ پشکنینی پێویست پارەیەکی زۆری بەقەرز پێداون، وەك هەموو جارێکیش ئەوەی دەبێت ئەمە راستبکاتەوە تۆی کاتاجیری، بەڵام ئەمجارەیان ئەوان بەهێزن و لە توانای تۆدا نییە بەربەرەکانێیان بکەیت، لە پشتیشیانەوە بەرپرسی دەسەڵاتدار هەیە کە پاڵپشتیانە. کۆی قەرزەکەش 700 ملیۆن یەنە، حاڵەتەکەم بەراستی وەسفکردووە؟)

(تەواو راستە)

بۆقەکە قۆڵەکانی بەتەواوی کردەوە، بەشێوەیەك پەردەی ژێر باڵەکانی بەچرچولۆچی دەرکەوتن، (بەڕێز کاتاجیری هیچ خەمی ئەو مەسەلە یەت نەبێت و بۆ منی جێبهێڵە، سبەینێ بەیانییەکەی ئەو کێشەیە بەتەواوی چارەسەربووە، بۆ خۆت پشووبدەو باش بنوو).

بۆقەکە بەزەردەخەنەیەکی درێژەوە وەستاو جەستەی تەنککردەوە تا هێندەی کرمێکی وشکی لێمایەوە، خۆی بەبۆشایی نێوان دەرگا داخراوەکەو دیوارەکەدا خزاندە دەرەوە.

کاتاجیریش بەتەنیا لە ناوەراستی ژوورەکەدا مایەوە.

لەسەر مێزەکە دوو کوپی چاخواردنەوەی لێبوو، جگە لە وە هیچ شوێنەوارێکی بوونی بۆقەکە لە ژوورەکەدا نەمابوو.

***

رۆژی دوایی هەر کە کاتاجیری گەیشتە شوێن کارەکەی و لە سەعات 9دا زەنگی تەلە فۆنی سەر مێزەکەی دەستی بەلێدانکرد.

(بەڕێز کاتاجیری)، دەنگی پیاوێك بوو بەشێوەیەکی ساردو جدییەوە وتی: (من شیرۆکا-ی پارێزەری بەرپرسم لە مەسەلەی کۆمپانیای تودای کۆمای بازرگانی، ئەم بەیانییە پەیوەندییەکەم لە موەکیلە کەمەوە پێگەیشت، سەبارەت بەقەرزە هەڵپەستێردراوەکان، ئەو دەیەوێت بزانیت کە ئەو رازییە لەسەر گێڕانەوەی قەرزەکان لە ماوەیەکی دیاریکراوداو بۆ ئەو مەبەستەش دەستنووسێکت بۆ دەنێرێت، بۆیە داواکارە جارێکی دیکە بۆقەکە مەنێرە بۆ ماڵەکەی، قسەکەم دووبارەدەکەمەوە: ئەو دەیەوێت جارێکی دیکە بۆقەکە نەچێتەوە بۆ ماڵەکەی، من وەك خۆم لە و وردەکارییە تێناگەم، ئایا بەڕێز کاتاجیری تۆ تێدەگەیت؟)

(زۆر باش تێدەگەم) کاتاجیری وتی.

(ئایا دەکرێت داوات لێبکەم ئەمە بەبۆقەکە بڵێیت، ئەگەر بەئەرك نەبێت؟)

(بێگومان ئەوە بەبۆقەکە دەڵێم و جارێکی دیکەش ناچێتەوە بۆ ئەوێ)

لە پشووی نانخواردنی ئەو رۆژەدا بۆقەکە هاتە ژوورەکەی کاتاجیری لە بانکەکە.

(کارەکە چۆن بەڕێوەچوو؟ مەسەلە کەی کۆمپانیای تودای کۆما بەباشی بەڕێوەچوو، وانییە؟)

کاتاجیری بەدوودڵییەوە بۆ چواردەوری خۆی رووانی.

(مەترسە تۆ نەبێت کەس نامبینێت) بۆقەکە وای وت، (بەڵام ئێستا دڵنیابوویت کە من راستەقینەم، بەرجەستەی

خەياڵدانت نيم، ئەوەتا من دەتوانم كاربكەم و ئەنجاميشم دەستبكەوێت، من بوونەوەرێكی زيندوو و راستەقينەم).

(كاك بۆق)

(بۆق) ئەمجارەش بۆقەكە پەنجەی بەرزكردەوەو بۆی راستكردەوە.

كاتاجيری وتی: (بۆق، بەڵام پێم بڵێ چيت لێكردن؟)

(شتێكی وانەبوو شايەنی وتن بێت، ئەوەی كردوومەوە، لە كوڵاندنی هەندێك سەوزە ئاسانتربوو، تەنيا كەمێك ترساندمن، ئەوەی كردوومە تەنيا هەندێك تۆقاندنی دەروونی بوو، هەروەك جۆزێف كۆنراد نووسيويەتی: تۆقاندنی راستەقينە ئەوەيە، كە خەڵك لە بەرامبەر خەياڵی خۆيدا هەستی پێدەكات. بەهەر حاڵێك بێت كاتاجيری كارەكە بەباشی بەڕێوەچوو، وايە؟)

لەگەڵ پێكردنی جگەرەيەكدا، كاتاجيری سەری رەزامەنديی بۆ لە قاند: (وا پێدەچێت).

(كەواتە دەتوانم متمانەت بەدەستبێنم، سەبارەت بەوەی شەوی رابردوو باسمانكرد، دێی لەگەڵم بۆ شەڕی كرمەكە؟)

كاتاجيری هەناسەيەكی هەڵكێشاو عەينەكەكەی داكەندو دەستی بەسڕينی كرد.

(لە ڕاستيدا حەماسەتم بۆ ئەو كارەنييە، بەڵام ئەمە هۆكارنييە بۆ ئەوەی پاشەكشە بكەم، وانييە؟)

بۆقەكە سەری لە قاند.

(ئەمە مەسەلە ی بەرپرسيارێتی و ئەمانەتە. رەنگە حەماسەتت بۆ مەسەلە كە نەبێت، بەڵام پێكەوە دەچينە ژێر زەوی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كرمەكە، ئەگەر شەڕەكەمان دۆڕاندو گيانمان لە دەست دا، كەس هەست بەدڵگرانی ناكات بۆمان، تەنانەت ئەگەر كرمەكەشمان بەزاند، كەس پيرۆزباييمان لێناكات، كەس بەو شەڕە نازانێت كە لە ژێر پێياندا روويداوە، كاتاجيری  تەنيا من و تۆ پێی دەزانين، ئەنجامەكەشی هەرچۆنێك بێت تەنيا شەڕی خۆمانەو بەس).

كاتاجيری سەيری دەستی خۆی دەكردو لە دووكەڵی جگەرەكەی رادەما، پاشان وتی: (دەزانيت كاك بۆق من پياوێكی ئاساييم).

(بۆق)، بۆقەكە بۆی راستكردەوە.

بەڵام كاتاجيری گوێی پێنەدا، (من پياوێكی زۆر ئاساييم، بەڵكو لە ئاسايش كەمتر، سەرم دەستی بەڕووتانەوە كردووە، ورگيشم خەريكە دەردەكەوێت، مانگی رابردوو تەمەنم بوو بەچل ساڵ، پێكانم تەختە، لە پشكنينی پزيشكيدا پێيانوتم ئەگەری تووشبوونت بەنەخۆشيی شەكرە زۆرە، سێ مانگە لەگەڵ ژندا نەنووستووم، پێش ئەوەش لەشفرۆش بوو. هەندێك دانپێدانان لە بەشەكەماندا هەيە بەتواناكانم لە قەرزوەرگرتنەوەدا، بەڵام كەس رێزم لێناگرێت، لە كارەكەم بێت يان لە ژيانی خۆمدا، تەنيا يەك كەسيش نييە بەڕاستی خۆشيبوێم، بەهۆی شەرمنييەكەشمەوە توانای هاورێيەت دروستكردنم نييە، هێزی ماسوولكەكانم نزيكە لە نەبوون، گوێم گرانە، كورتەباڵام، بينينم كزە، چاوەكانم تووشی ئيستكماتيزم بوون، ژيانم بێهودەيە، جگە لە خواردن و خەو هيچ ناكەم، بۆچی دەژيم؟ هۆكەی نازانم! بۆچی لەسەر كەسێكی وەك منە، تۆكيۆ رزگاربكات؟)

(بەرێز كاتاجيری)، بۆقەكە بەدەنگێكی جديیانەوە وتی: (تەنيا كەسێكی وەك تۆ دەتوانێت تۆكيۆ رزگاربكات، منيش لەبەر خاتری كەسانی وەك تۆ هەوڵدەدەم تۆكيۆ رزگاربكەم).

كاتاجيری بەقووڵی هەناسەيەكی هەڵكێشا، (زۆر باشە، كەواتە چی لەسەر منە تا بيكەم؟)

بۆقەكە پلانەكەی بەكاتاجيری وت، رۆژی 17ی شوبات (رۆژی پێش وادەی بوومەلە رزەكە) و لە نيوەشەودا دەڕۆنە ژێر زەوی، رێگەكەشيان لە لقی شينجۆكۆی بانكی تۆكيۆوە دەبێت، لە ژووری گەرمكەری ژمارە يەكەوە، لە پشت هەندێك ديوارەوە دەلاقەيەك هەيە، لە وێوە بەهۆی پەيژەيەكی لە حەبل دروستكراو 50 مەتر دەڕۆنە خوارەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی كرمەكە، لە نيوەشەودا لە ژووری گەرمكەری ژمارە يەك پێكدەگەن، كە كاتاجيری بەبيانووی ئەنجامدانی هەندێك كارەوە ماوەتەوە كە دەبێت تەواويان بكات.

(ئايا پيلانێكی دياريكراو بۆ شەڕ هەيە)، كاتاجيری پرسيی

(بەڵێ پيلان هەيە، چونكە بەبێ پيلان هيچ هيوايەك بەسەركەوتن نييە، ئەو بوونەوەرێكی لينجە، ناتوانرێت سەری لە خواری جيا بكرێتەوە، قەبارەشی هێندەی فارگۆنی شەمەندۆفێرێكە).

(كەواتە پيلانەكە چييە؟)

بۆقەكە كەمێك بۆ بيركردنەوە بێدەنگبوو، پاشان وتی: (بێدەنگی لە ئاڵتوونە، وانييە).

(ئەمە م0انای ئەوەیە باشترە پرسیار نەکەم)
(بەبۆچوونی من وتنی ئەوە باشترە).
(ئەی ئەگەر لە دووا ساتدا ترسام و رامکرد، کاك بۆق تۆ چی دەکەیت؟)
(بۆق) بۆی راستکردەوە.
(چی دەکەیت، ئەگەر ئەوە رووبدات؟)
پاش کەمێك بیرکردنەوە بۆقەکە وەڵامی دایەوە: (بەتەنیا شەڕدەکەم، بەڵام هەلی سەرکەوتنم لە و حاڵەتەدا لە هەلی سەرکەوتنی ئانا کارنینا لەسەر فارگۆنی شەمەندۆفێرە تیژڕەوەکە زۆر کەمترە، کاتاجیری تۆ (ئانا کارنینا)ت خوێندووەتەوە؟)
(نا، نەمخوێندووەتەوە) کاتاجیری وتی.
نیشانەی ناخۆشی بەڕووخساری بۆقەکەوە دەرکەوت، رەنگە بەئانا کارنینا سەرسامبێت.
(بەڵام بەرای من کاتاجیری پاشەکشێ ناکەیت و بەتەنیا جێمناهێڵیت، من زۆر باوەڕم بەوەیە. بەواتایەکی دیکە، چیرۆکەکە پێویستی بەئازایەتیی یەکێکە، جووتە گوونی هەبێت، منیش بەداخەوە گوونم نییە، هاهاهاها.) بۆقەکە پێکەنی بەجۆرێك تەواو دەمی کردبووەوە، بۆقەکە تەنیا هەر جووتە گوونی کەمنەبوو، بەڵکو بێ دانیش بوو.

هەموو کاتێك شتەکان وەك چاوەڕواندەکرێت بەڕێوەناچێت.
ئێوارەی رۆژی 17ی شوبات، فیشەکێك نرا بەکاتاجیری-یەوە. بەشەقامی شینجۆکۆدا دەگەڕایەوە بۆ بانکەکە، پاش ئەوەی گەڕانی ئەو رۆژەی کۆتایی پێهێنابوو، کاتێك گەنجێکی کەمتەمەن لە بەردەمیدا قوتبووەوە، چاکەتێکی چەرمی لە بەردابوو. رووخساری گەنجەکە هیچ ئاماژەیەکی تێدانەبوو، لەوەش دەچوو دەمانچەیەکی رەشی بەدەستەوە بێت.
دەمانچەکە رەشێکی قەترانی و زۆر بچووك بوو، بۆیە وادەرنەدەکەوت کە دەمانچەی راستەقینەیە. کاتاجیری چاوی لەسەر ئەو شتە رەشەی دەستی گەنجەکە چەقاندبوو، نەیدەزانی لوولە کەی جاسووسی لە و پێگیراوەو پەلە پیتکەکەشی لە چرکاندن دایە. هەموو شتەکان بێواتاو لە ناکاوە، بەڵام فیشەکەکە تەقێنراو کاتاجیریش دووکەڵی لوولە ی دەمانچەکەی بینی، لە هەمانکاتیشدا وای هەستکرد چەکوشێکی گەورە دابێتی بەشانی راستیدا، بەڵام هەستی بەئازار نەکرد.
لێدانەکە کاتاجیری دا بەشەقامەکەدا، جانتا چەرمەکەی کە بەدەستی راستی هەڵیگرتبوو پەڕییە ئەوبەری شەقامەکە، گەنجەکە هەمدیسان رووی لوولە ی دەمانچەکەی کردەوە کاتاجیری و گوللە ی دووەمی تەقاند، بەبەرچاوی کاتاجیرییەوە جامخانەی چێشتخانە بچووکەکە پارچە پارچە بوو، توانیی گوێی لە هاواری خەڵکەکە بێت، عەینەکەکەشی پەڕییە شوێنێکەوە، ئیتر هەموو شتێك لە پێش چاوی شێوا، بەڵام ئەوەی بۆ جیاکرایەوە کە گەنجەکە بەرەو رووی هات و هەمدیسان رووی دەمانچەکەی تێکرد.
(دەمرم)، کاتاجیری بیریکردەوە. (تۆقاندنی راستەقینە ئەوەیە مرۆڤ بەرامبەر خەیاڵی خۆی هەستی پێدەکات)، کاتاجیری دوگمەی خەیاڵی کوژاندنەوەو لە قووڵایی بێکێشیدا نوقمبوو.
***
کاتێك چاوەکانی کردەوە کاتاجیری لەسەر قەرەوێڵەیەك راکشابوو. چاوێکیانی کردەوەو دەورووبەری خۆی پشکنی، پاشان چاوەکەی دیکەی کردەوە، یەکەم شت بینی ستاندێکی ئاسن بوو، کە کیسێك ئاوی موغەزیی پێدا هەڵواسرابوو، لە جەستەشی بەسترابوو، هەروەها شێوەی پەرستیارێکی بەبەرگی سپییەوە بینی.
لەسەر قەرەوێڵەیەکی رەق، بەجلێکی نامۆوە راکشابوو، زانیی هێشتا زیندووە.
لە ژێر جلە کەوە تەواو رووتبوو.
(تێگەیشتم، بەسەر شۆستەکەدا دەرۆیشتم، کاتێك یەکێك تەقەی لێکردم، لەوە دەچێت شانم برینداربێت، شانی راست.)، کاتێکیش تەواوی رووداوەکەی لە ئەندێشەی خۆیەوە گێڕایەوە، بەبیرکەوتنەوەی دەمانچە رەشەکەی دەستی گەنجەکە، دڵی دەنگێکی سەیری لێوەدەرچوو.
(بەراستی هەوڵی کوشتنمیان دا)، کاتاجیری بیریکردەوە، (بەڵام وادیارە بەهەر جۆرێك نەمردووم و لە ژیاندا ماوم، بیرەوەریشم سەلامەتە، هەست بەهیچ ئازارێك ناکەم، نەك هەر ئازار، بەڵکو هیچ ئیحساسێکم نەماوە، تەنانەت ناتوانم دەستم بەرزبکەمەوە.)

ژووری نەخۆشخانەکە پەنجەرەی تێدانەبوو، بۆیە کاتاجیری نەیتوانی بزانێت شەوە یان ڕۆژ.

هێرشەکە لە دەوروبەری سەعات پێنجی عەسردابوو، لە و ساتەوە دەبێت کات چەند تێپەڕبووبێت؟ ئایا کاتی وادەی لەگەڵ بۆقەکە، کە نیوەشەوە بەسەرچووە؟

کاتاجیری لە ژوورەکەدا بۆ کاتژمێر گەڕا، بەڵام عەینەکەکەی پێنەبوو، بۆیە هیچ شتێکی دووری نەدەبینی.

(ببوورە) کاتاجیری بەپەرستیارەکەی وت.

(ئۆو، ئەوە هۆشتهاتەوە زۆر باشە) پەرستیارەکە ئەوەی وت.

(ئێستا سەعات چەندە؟)

سەیری کاتژمێرەکەی مەچەکی کردو وتی: (نۆو چارەك)

( ئێوارە)

(نا، بێگومان بەیانی)

(نۆو نیوی سبەینێ بەیانی) کاتاجیری سەری لەسەر سەرینەکە بەرزکردەوەو بەدەنگێکی زبر کە لە دەنگی خۆی نەدەچوو وتی: (نۆو نیوی بەیانیی ڕۆژی 18ی شوبات؟)

(بەتەواوی)، پەرستیارەکە وتی و ئەمجارەش بۆ دڵنیایی سەیری کاتژمێرە ئەلە کترۆنییەکی مەچەکی کرد، (18ی شوباتی 1995).

(ئەم بەیانییە بوومەلە رزەیەکی گەورە لە تۆکیۆ ڕوویدا؟)

(پرسیاری تۆکیۆ دەکەیت؟)

(بەڵێ تۆکیۆ)

پەرستیارەکە سەری راوەشاند (بەپێی زانیارییەکانی من، هیچ بوومەلە رزەیەك ڕوووینەداوە)

کاتاجیری هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵکێشا. ئەوی ڕوویدا هەرچییەك بێت گرنگ ئەوەیە لانیکەم بومەلە رزرەکە تێپەڕێندرا.

(ئەی دەربارەی پێکانەکەی من؟)

(پێکان؟) پەرستیارەکە وتی (پێکانی چی؟)

(ئەو پێکانەی گوللە کە دروستیکرد)

(ئایا گوللە ت پێوەنراوە؟)

(گوللە ی دەمانچە لە نزیك دەرگای بانکی متمانە، گەنجێك بوو، وابزانم ناویەتی بەشانی راستمەوە).

پەرستیارەکە بەدوودڵییەوە زەردەخەنەیەکی کرد: (سەیرە، بەڵام تۆ هیچ گوللە یەکت بەرنەکەوتووە، بەڕێز کاتاجیری)!

(بەڕاست گوللە م بەرنەکەوتووە؟)

(هەرگیز بەرتنەکەوتووە، دڵناشم لە وە هێندەی دڵنییایم لە وەی ئەم بەیانییە هیچ بوومەلە رزەیەکی گەورە ڕووینەداوە).

کاتاجیری تەواو واقیوڕما (کەواتە بۆچی من لە نەخۆشخانەم؟)

(دوێنێ ئێوارە لە شەقامی کابوکی چۆ دۆزراویتەوە، کە لە هۆش چووبوویت، هیچ برینێك بەجەستەتەوە نەبوو، تەنیا ئەوەبوو بورابوویتەوە، سەبارەت بەهۆکارەکەشی، ئەوە تائەمساتەش نازانین. کەمێکی دیکە پزیشك دێت بۆ پشکنینت و دەتوانیت قسەی لەگەڵدا بکەیت).

(بورانەوە؟) کاتاجیری دڵنیابوو بەچاوی خۆی گوللە کەی بینی کە ڕوویتێکرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو دەستی بەڕێکخستنەوەی یادەوەرییەکانی کردەوە، تا شتەکانی یەك یەك بۆ ڕوونبێتەوە، پرسیی: (واتە بەدرێژایی شەوی رابردوو لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بەبێهۆشی نووستبووم؟)

(بەڵێ، بیگومان) پەرستیارەکە وتی (پێدەچوو شەوی رابردوو زۆر سەخت بووبێت بۆت، خەونی ناخۆشیشت زۆر بینیبێت، چەند جارێك گوێم لێتبوو بانگت دەکرد (ئەی بۆق، ئەی بۆق). ئایا هاوڕێیەکت هەیە بەبۆق بانگی بکەیت؟)

کاتاجیری چاوەکانی داخست و گوێی بۆ لێدانەکانی دڵی شلکرد. لەسەرخۆو بەڕێکی ئیقاعی ژیانی تۆماردەکرد.

چەند لە و شتانەی بیریدێتەوە حەقیقەتەو لە کوێوە ساتەکانی وەهم دەستیپێکردووە؟

ئایا بۆقەکە حەقیقەتە، ئایا بەڕاستی شەڕی کرمەکەی کردووەو بوومەلە رزەکەی وەستاندووە؟

یان هەموو شتەکان بەشێکن لە خەونێکی ئاگایی دوورودرێژو هیچیتر.
کاتاجیری، بەهیچ شێوەیەك توانای تێگەیشتنی نەبوو.

لە نیوەی ئەو شەوەدا، بۆقەکە هاتە ژووری نەخۆشخانەکەوە.

کاتێك کاتاجیری چاوی کردەوە بۆقەکە لە ناو قووڵایی تیشکێکی متدابوو، لەسەر کورسییەکی میتاڵ دانیشتبوو پشتی دابوو بەدیوارەکەوە، تەواو ماندووبوونی پێوەدیاربوو، دوو چاوە سەوزە دەرپەڕیوەکانی جگە لە درزێکی بچووك هیچیان لێ نەمابووەوە.

کاتاجیری بانگیکرد، (ئەی بۆق)

بۆقەکە چاوە قوورسەکانی کردەوە، سکە سپییە گەورەکەی لەگەڵ هەناسەداندا گرژ دەبوو و دەکشا.

کاتاجیری وتی: (دەمویست وەك مەوعیدەکەمان بێم بۆ بینینت لە ژووری گەرمکەرەکە، بەڵام رووداوێکی چاوەڕواننەکراو روویداو هێنایانم بۆ نەخۆشخانە).

بۆقەکە بەلاوازی سەری لە قاند، (ئەوە باش دەزانم، کێشەیەك نییە، بێخەم بە لە شەڕەکەدا، کاتاجیری زۆر باش یارمەتیت دام).

(من یارمەتیم دایت؟)

(بەڵێ بەڕێز کاتاجیری، لە خەوەکەتدا زۆر بەباشی یارمەتیت دەدام، هەر بەو هۆیەشەوە بوو توانیم تاکۆتایی بەردەوامبم لە شەڕی کرمەکەدا)

(تێناگەم، من بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بێهۆشبووم، لە موغەزییەوە خواردنم وەرگرتووە، ئەوەشی لە خەوندا کردوومە ئەوە هیچم لە بیرنەماوە).

(ئەوە زۆر باشە، باشترە هیچت بیرنەمابێت، بەهەرحاڵ هەموو ئەو شەڕە لە ناوچەی خەیاڵداندا روویداوە، ئەوەش گۆڕەپانی راستەقینەی شەڕەکەی ئێمەیە، کە تیایدا سەردەکەوین یان دەدۆڕێین، بێگومانیش هەر یەکێك لە ئێمە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بوونمان هەیەو لە کۆتاییشدا نامێنین، بەڵام وەك ئەرنست هەمەنگوای دەڵێت: ئەوە بڕیاری بەهای کۆتایی ژیانمان دەدات، چۆنییەتیی سەرکەوتن نییە، بەڵکو چۆنییەتیی دۆڕاندنە. بەڕێز کاتاجیری، من و تۆ توانیمان وێرانبوونی تۆکیۆ بوەستێنین و 150 هەزار کەس لە چنگی مردن رزگاربکەین، کەسیش ئەمە نازانێت، بەڵام توانیمان ئەنجامی بدەین)!

(چۆن توانیت کرمەکە ببەزێنیت؟ ئەی دەبێت من چیمکردبێت؟)

(ئێمە بەگژ مەرگدا چووینەوە...) بۆقەکە بێدەنگبوو و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

(کاتاجیری من و تۆ هەموو ئازایەتییەك و هەر چەکێك بەردەستمان کەوتبێت بەکارمانهێنا، تاریکی هاوڕێی کرمەکە بوو، بەڵام باشبوو تۆ موەلیدەیەکی دەستیی کارەبات هێناو بەهەموو هێزتەوە ئەو ناوەت رۆشنکردەوە. کرمەکە خێوی تاریکیی بەکارهێنا تا وات لێبکات رابکەیت، بەڵام تۆ سووربوویت لەسەر هەڵوێستت، رۆشنایی بەگژ تاریکیدا دەچووەوە، لە و رووناکییەدا من پەلاماری کرمەکەم داو ئەویش خۆی لە جەستەم ئاڵاند، لە شلە ی لینجی ترسدا غەرقیکردم، منیش پارچە پارچەمکرد، بەڵام کرمەکە بەوەش مردار نەبووەوە، ئەوەی روویدا تەنیا بووبووە چەند پارچەیەکی بڵاوەوە، پاشان...) لێرەدا بۆقەکە بێدەنگبوو.

پاشان وەك بڵێیت هێزی کۆبکاتەوە، سەر لە نوێ دەمی کردەوە: (فیودۆر دیستۆیفسکی زۆر بەناسکی وێنای ئەوانەی کردووە کە خوا جێیاندێڵێت، ئەوە جیاوازیگەلێکی ترسناکە، خوا کەسانێك خەڵق بکات و پاشان لە بیریان بکات، بەڵام دیستۆیفسکی بەهای مرۆڤی لە خۆیدا بینییەوە. لە کاتێکدا کە بەگژ کرمەکەدا هەڵدەپژام، بیرم لە چیرۆکی (شەوە سپییەکانی) دیستۆیفسکی دەکردەوە، من ...) بۆقەکە بەدوودڵییەوە وتی.

(بەڕێز کاتاجیری، دەکرێت کەمێك بنووم، هەست بەماندوویی دەکەم)

(فەرموو بەباشی بنوو)

(نەمتوانی بەسەر کرمەکەدا سەرکەوم) بۆقەکە بەچاوی نووقاوەوە وای وت. (توانیمان بوومەلە رزەکە بوەستێنین، بەڵام شەڕەکەم لەگەڵ کرمەکەدا بەبراوەو دۆڕاوە کۆتایی نەهات، توانیم زامداری بکەم، ئەویش منی زامدارکرد... بەڵام بەڕێز کاتاجیری)...

(چی؟)

(لە ڕاستیدا من بۆقێکی ڕاستەقینەم، لە هەمانکاتیشدا بەڵگەم لەسەر بوونی جیهانی نا-بۆق)
(ئەوە تێناگەم)
(منیش تێیناگەم) بۆقەکە کە هێشتا چاوی نووقابوو ئەوەی وت. (بەڵام ئەم هەستە زۆرجار تووشم دێت. ئەوەی چاو دەیبینێت مەرج نییە حەقیقەت بێت. پەتایەکە تەنانەت لە ناوەوەی منیشدا هەیە، ناوەوەی من، «نا-من». سەرم شێواوە. شەمەندۆفێرەکە لە گەیشتندایە، بەڵام کاتاجیری دەمەوێت لە و مەسەلە یە تێبگەیت)
(بۆق، تۆ زۆر ماندوویت، کەمێك بنوو باهێز بەبەرتدا بێتەوە)
(بەڕێز کاتاجیری، من وردەوردە دەگەڕێمەوە بۆ نەبوون، بەڵام.. من...)
وشەکان خیانەتیان لێکردوو لە خەودا نووقومبوو، دەستە درێژەکانی بۆ زەوییەکە درێژبوونەوە، دەمە گەورەکەشی بەواڵایی مایەوە.
کە سەیرت دەکرد شوێنەواری برین هەموو جەستەی داپۆشیبوو، لێرەو لە وێ خاڵی خوێنتێزاو بەجەستەیەوە بوو، بەشێکی سەریشی کونبووبوو.
بۆ ماوەیەکی زۆر کاتاجیری لە بۆقەکە راما، کە لە خەوێکی قووڵدا نووقومبوو.
(هەر لە نەخۆشخانە دەرچووم، ئانا کارنیناو شەوە سپییەکان دەکڕم و دەیانخوێنمەوە، پاشان بەدرێژی و قووڵی دەربارەی ئەو کارە ئەدەبییانە لەگەڵ بۆقەکە گفتوگۆ دەکەین)
پاش کەمێك جەستەی بۆقەکە بەملاولادا کەوتە جووڵەیەکی سەیر. لەسەرەتادا کاتاجیری وایزانی بۆقەکە بەدەم خەوەوە جەستەی دەجووڵێنێت، بەڵام وادەرنەچوو!
شێوازی جووڵەکانی زۆر سەیربوو، وەك ئەوەی زەبەلاحێك لە پشتییەوە بێت و بەتووندی بیجووڵێنێت.
کاتاجیری هەناسەکانی بەندکردو چاودێریی حاڵەتەکەی دەکرد.
دەیویست هەستێت و بەرەورووی بۆقەکە بچێت، بەڵام جەستەی نەجووڵاو نەشیدەتوانی قسەبکات.
پاش کەمێك وەرەمێکی گەورە لە ناوچاوانی بۆقەکە دەرکەوت و دەستی بەهەڵئاوسانکرد، هەمان وەرەمی پیس لەسەر شانی و لە ڕێکی کۆڵنجی دەرکەوت، پاشان هەموو لە شی بەو جۆرە وەرەمە تەنرایەوە.
ئەوە چییە ڕوودەدات، کاتاجیری بۆی ڕاڤە نەدەکرا، هەناسەکانی بەندکردو لە حاڵەتەکە ڕادەما.
لە پڕێکدا یەکێك لە وەرەمەکان تەقییەوە، بڵقەی لێوەهات و پێستەکەی بۆ دوور هەڵدا، شلە یەکی وەك هەویری لێوە دەرچوو و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش. وەرەمەکانی دیکەش بەهەمان شێواز یەك لە دوای یەك دەستیان بەتەقینکرد، بەهەمووی نزیکەی بیست بۆ سی وەرم تەقین و پێست و شلە کە بەسەر دیوارەکەدا بڵاوبووەوە، بۆنی ناخۆشیش ژوورە بچووکەکەی نەخۆشخانەی پڕکرد، بەشێوەیەك بەرگە نەدەگیرا.
دوای تەقینی وەرەمەکان لە شوێنیان کونی ڕەش دەکرایەوە، بەژمارەی هێجگار زۆر شتێکی لێوە دەهاتە دەرەوە، بەقۆزاخەی مێروو دەچوو، جیاوازو بەقەبارەی جۆراوجۆرو هەندێکیان سپیی تووکداربوون، دوای قۆزاخەکان شتی بچووك هاتنە دەرەوە، کە بەمێرووی هەزارپێ دەچوون، قاچەکانیان ئەوەندە زۆر بوو نەدەژمێردراو کە دەجووڵان خشەخشێکی سەیریان دروستدەکرد. لە و کونانەوە بێکۆتایی مێروو دەهاتنە دەرەوە.
جەستەی بۆقەکە یان ئەوەی ئەوسا جەستەی بۆقەکەبوو بەتەواوی و بەچەندین جۆر مێرووی تاریکی لە ژماردن نەهاتوو داپۆشرا، دوو چاوە گەورە خڕەکەی لە شوێنەکانی خۆیان بەربوونەوە سەر زەوییەکە، مێرووی ڕەش، کە کەڵبەی گەورەیان هەبوو، تێیئاڵان و دەستیان بەماشینەوەی کرد.
وەك ئەوەی پێشکەوتن بکەن، کاروانی مێرووەکان بەدیوارەکانی ژوورەکەداو ڕووەو سەقفەکە هەڵدەزنان، گڵۆپە نیۆنەکەیان داپۆشی و چوونە ناو ئامێری ئاگادارکردنەوەی ئاگرکەوتنەوەوە، زەوییەکەش بەتەواوی بەمێروو داپۆشرا، بۆ گڵۆپەکان سەرکەوتن و بەریان بەڕووناکییەکە گرت، بێگومان بەرەو قەرەوێڵەکەش کشان.
ریزی پێشەوەیان گەیشتنە سەرچەفی قەرەوێڵەکەی کاتاجیری و بەقاچەکانیدا سەرکەوتن، چوونە ژێر جلی نووستنەکەیەوە، بەنێوانی ڕانەکانیدا سەرکەوتن، کرم و مێرووی بچووك لە کونەکانی گوێ و لووت و تەنانەت کۆمیشییەوە چوونە ناو جەستەیەوە، مێرووە هەزارپێکانیش دەمیان کردەوەو یەکە یەکە چوونە ناوەوە، بەتووندییەکی بەهێزەوە کاتاجیری هاواریکرد.
یەکێك گڵۆپەکەی داگیرساندو ڕۆشنایی ژوورەکەی پڕکرد.
(بەڕێز کاتاجیری) پەرستیارەکە وتی.

کاتاجیری چاوی بۆ ڕووناکییەکە کردەوە.

جەستەی شەلاڵی عەرەقبوو، وەك ئەوەی لە و ساتەدا خۆیشتبێت، هیچ مێروویەکی لێ نەمابوو، هیچ نەمابوو تەنیا هەستکردن بەدەستلێدانە لینجە قێزەونەکەیان نەبێت.

(ئەوە مۆتەکەیەکی دیکەت بینی؟ ئای داماو) پەرستیارەکە وای وت و چالاکانە دەرزییەکی هێناو کردی بەقۆڵیدا.

کاتاجیری هەناسەیەکی توندو درێژی هەڵکێشاو پاشان هەناسەکەی دایەوە، دڵی بەتووندی لێیدەدا.

(خەوی چیت بینی؟)

کاتاجیری نەیدەتوانی خەون و حەقیقەت لێك جیابکاتەوە (ئەوەی چاو دەیبینێت، مەرج نییە حەقیقەت بێت) بەدەنگێکی بەرز بەخۆی وت.

(بێگومان) پەرستیارەکە بەخەندەوە وای وت (بەتایبەت کە خەون دەبینین)

(بۆق) کاتاجیری بۆڵەی لێهات.

(بۆق چییەتی؟)

(بۆق تۆکیۆی لە وێرانبوون بەبوومەلە رزە رزگارکرد.)

(ئەوە شتێکی باشە) پەرستیارەکە ئەمەی وت و کیسی موغەزییەکەی گۆڕی.

(ئەوە شتێکی باشە، شتی دیکەی خراپمان ناوێت لە تۆکیۆدا، ئەوەندەی هەمانە بەسە)!

(بەڵام لە بەرامبەردا بۆقەکەش زەرەرمەندبوو، لە دەستمانچوو، واتە گەڕایەوە بۆ نەبوون و ئیتر نایەتەوە.)

هێشتا کەهەر پێدەکەنی، پەرستیارەکە بەخاولی عەرەقی دەموچاوی کاتاجیری سڕی.

(بەڕێز کاتاجیری بۆقەکەت زۆر خۆشدەویست، وانییە؟)

(شەمەندۆفێر) کاتاجیری بەورتە وتی. (لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر)

پاشان چاوەکانی لە خەوێکی ئارام و بێخەوبینیندا نووقاندو.

لە کانوونی دووەمی ساڵی 1995دا بوومەلە رزەیەکی وێرانکەر لە شاری کوبەی یابانی دا، لە مانگی ئازاری هەمان ساڵیشدا هێرشێکی تیرۆرستیی بەگازی ئەعساب کرایە سەر میترۆیەکی شاری تۆکیۆ، ئەو کاتانە نووسەری یابانی هارۆکی مۆراکامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژیا، دوای ئەو ڕووداوانە بڕیاری گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی دا، کە دە ساڵ بوو لێی دووربوو.

مۆراکامی لە دوای گەڕانەوەی کتێبی (لە ژێر زەویدا)ی نووسی، تیایدا دیداری لەگەڵ 60 لە قوربانییانی هێرشەکەی میترۆی تۆکیۆ کردبوو، پاشان دیداری لەگەڵ هەشت کەس لە ئەندامانی گرووپی (ئوم)ی ئاینیی ئەنجامدەری هێرشەکە سازداو ئەم دیدارانەی لە بەشی دووەمی (لە ژێر زەویدا) بڵاوکردەوە.

پاشان و لە ساڵی 1999دا، کۆمەڵە چیرۆکێکی بڵاوکردەوە، کە ڕووداوەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ مانگی شوباتی 1995، واتە ماوەی نێوان ئەو دوو ڕووداوە دڵتەزێنە، پاشان لە دوو تویێی کتێبێکدا بەناوی (هەموو نەوەکانی خوا سەمادەکەن) لە ساڵی 2002دا بڵاویکردنەوە، کە چیرۆکی (بۆقەکە، تۆکیۆ رزگاردەکات) یەکێکیانە.

# ورچی ئاخرزەمان



محەمەد کەریم

**ئەو بەیانییە لە ماڵی چێشتلێنەرەکەی پاشا بوو بەشیوەن و زاری، ژنەکەی و هەر شەش کچەکەی وەها بەکوڵ دەگریان بەردیان دەتوانەوە...**

هێی پاشای ئاخرزەمان! هێی دڵبەرد! کەڵەشێری تاقانەی وڵات! بەم پایزی تەمەنەوە چۆن نانت بڕیین! چۆن دەستتنایە بینەقاقای ڕەشە خێزانێ! ئێ ئاخر خوات بێ، کە دڵنیام نیتە، بەم کۆتایی تەمەنەوە چ خاکێ بەسەر خۆمدا بکەم؟ ئاخر هەشت سەرخێزان بەچی بەخێوکەم، کە خۆم تاکە نێرینەیان بم؟ بەڵام پاشا تۆ چ باکتە؟ چ خەمتە؟ قەراری قەراڵانەی خۆت دەردەکەیت و هەرگیز بیر لە قوربانییەکەت ناکەیتەوە، چیی بەسەردێت؟ تا سەردەنێتەوە بەدەم چ ئازارێکەوە دەتلێتەوە؟ چۆن سووک و ریسوا دەبێت؟ بڕیاری خۆت دەردەکەیت و هەرگیز لێی پاشگەز نابیتەوە، خۆت و خوای خۆت، کوڕە خوای چی؟ هەرخۆت و خۆت و خۆت و...، تۆ کەی گوو بەکێوی خوا دەپێوێ؟ وەکو خوا تاك و تەنیای، هەموو شتێك هەر خۆتی، وردو درشت بەدەست خۆتە، لە خشەی مارمێلکەوە هەتا هاژەی تاڤگە خۆت لێی بەرپرسی، ئا.. ئا، بەڵێ.. بەڵێ، پاشا، تۆ لە خوا خواتری، بتەوێ هاژەی تاڤگە رادەگری! بتەوێ وادەکەی ئاوی تاڤگە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ملبنێ. ئای پاشای...! ئێستا لە لوتکەی دەسەڵاتدای هەرچی مەیل بکەی بەببە، دەبێ بەدیبێت،

دەبێ بخولقێ! بەڵام ناتوانی نەمریی بۆ خۆت زامن بکەی! بەڵێ پاشای...! دواجار تۆش دەمری، بۆیە حەقە بەقەد نووکە دەرزییەک، ئا، هەر تەنیا بەقەد نووکە دەرزییەک بەزەیی لەدڵتدابێت، تۆ خوای و خواش نیت، چونکە خوا نەمرەو تۆ دەمری، خوا دلۆڤانەو تۆ دڵت وەک بەرد، وەک پۆڵا، وەک ئەڵماس، وەک کەللەی خۆت ڕەقە. بۆیە هەر کە بڕیارە یەک دێڕییە نە نووسراوەکەتم بەرگوێ کەوت، تەواو دەستم لە خۆم و لە ژیان شۆرد، ئا، جەنابت هیچت نەوتبوو، تەنیا فەرمووبووت ( نامەوێ هەرگیز سەروسەکوتی ببینم، بۆشی نییە لە هیچ شوێنێ ئەو ئیشە بکات). هێندەی تاڵە دەزوویەک ئومێدم بە شاژن هەبوو، ئێ چیبکەم جەنابی جانەوەر، خنکاو هانا بۆ چڵە پووشێ دەبات، وتم بەڵکو تکایەکم بۆ بکات و نانم نەبڕێت، وەلێ ئەو بەیانییە شوومەی کە بڕیارەکەی جەنابتیان دا بەگوێمدا لەناو ماشێنە دوا مۆدیلەکەیدا، ئا.. ئا، بەڵێ.. بەڵێ، لەنێوانی ئۆردوویەک گاردی کاسەلێسی تایبەتیدا بۆ هەناسەیەک رووخسارە چرچ و لۆچەکەیم بینی، یەکسەر ئەو دەزوولەی هیوایەشم پسا، ئۆی خودایە! کە ڕووخساری ترش و تاڵ و ترسناک بوو! چارەی لە هی پیرێژنە جادووگەرەکانی سەردەمی دەقیانووس دەچوو، هەر چرچ و لۆچێکی رووخسارە پیرو درۆزنەکەی باسی دنیایەک درۆو ساختەو شانۆگێڕانی دەکرد، هەی لەوە! ئەمە چۆن شاژنێکە؟ وەک شاژنی زەردەواڵە چزووی هەیە! ئای شاژنی...! لە دەرەوە چۆن وەکو فریشتە خۆت دەنوێنی، بەڵام لە ناوەوە چۆن مامۆستای شەیتانی! سەرەتا بڕیارم وابوو ئەگەر شاژن هات خۆم فڕێ بدەمە بەر تایەی ئۆتومبیلەکەی و پێی بڵێم (خانمی گەورە عەرەب دەڵێت -سەربڕین نەک نانبڕین- دەستم دامێنت بەپاشا بڵێ با نانم نەبڕێت، بیکە بەخاتری ئەو شەش کچە داماوەم، کە وەک زەرنەقووتە وان، هەر دەمیان کردۆتەوە، گەورەکەیان تەمەنی بیست و پێنج ساڵە..)، بەڵام خانمی خانمان! وەکو گوللە دای بەلامدا، ئەگەر بچوومایەتە بەر تایەکەی، وەک ئەوەی گاپێیەک زیکزاک لەسەر قالۆنچەیەک بکات پانی دەکردمەوە، جیق و فیقی دەردەهێنام، ئەگەر هێواشیش بوایە دڵنیام وەکو ماری ئەنتیوانێت پێیدەوتم (برۆن کێک بخۆن).

ئای پاشا! ئەوا مەلای بەیانیش بانگی دا، من لە ئێوارەوە وەکو گورچیلە رزیوێک تلدەدەم و لە تاو ژانی نانبڕین وەکو مار پەپکە دەخۆم، هێشتا خەو نەچۆتە چاوم، ژنەکەم لە تەنیشتمەوەو کچەکانیشم لەودیو لە شیرین خەودان، نازانن چ چارەنووسێکی شووم چاوەڕێیانە؟ بێخەم لێی خەوتوون، هەرچەندم کرد نەموێرا بڕیارەکەی تۆیان پێ بڵێم، دەمزانی ئەگەر هەواڵەکە بزانن کۆڕی شیوەن دادەبەستن، بۆیە هەرچەندم کرد دڵم نەهات لە زەوقیان بدەم، بۆ نەگبەتی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێ دڵخۆشتربوون، ئا، قریوەیان لێوە دەهات، هەر ئەوەندە دەمم سووتا بەژنەکەمم وت یەک ڕۆژیتر مۆڵەتم وەرگرتووە، ئەو سەرشینە زیاد لە هەموو شەوێ ئەمشەو مەیلی هەبوو، هەرچەندی کردو کۆشای نەیتوانی سەری کابرام بەرزبکاتەوە، ئەو سەرەی دایژەندبوو بەئامان و زامان بەرزی نەدەکردەوە، ئا، کتومت شیعرەکەی شێخ ڕەزا هاتبووە دی، ملت داژەندووە بەبانی... ژنەکەم وەک ئەوەی بۆنی شتێکی کردبێ، هەر بەزمانی شێخ ڕەزا لێی پرسیم (چ خێرتە کابرا؟ خۆتۆ ڕۆژان ساجت دەسمی...) بۆ ئەوەی خانەگومانییەکەی نەهێڵم، وتم کەمێک ناساغم، ناچار بەدەست بۆم تەواوکرد. ئای پاشا! تۆ چەند پاشایەکی بەزەبرو بەدەسەڵاتی! لە نێوان خۆم و ژنەکەشمدا بوون و زەبرو دەسەڵاتت هەیە، لە ترسی تۆ کابراشم ملکەچدەکات!. وەختە هەر بۆ ساتێ خەو کوێراییم دایە، بەڵام داڵغەی بڕیارەکەی جەنابت ئۆقرەی لێ بڕیوم، ئاخر توخودا ناهەقمە؟ من بیست و پێنج ساڵە چێشتلێنەری تۆم، ئێستا بەبێ هیچ هۆیەک ترۆم دەکەی، بەبێ ئەوەی بۆم هەبێت بپرسم بۆ قورببببان؟ ئەگەر بمزانیایە هۆی دەرکردنەکەم چییە، ڕەنگە هێندە بەلامەوە گران نەبووایە. نەک هەر بۆم نییە لە هۆی دەرکردنەکەم بپرسم، بۆشم نییە لای کەس باسی بکەم، ئەگەر زمانیشم سووتاو لای ژنەکەم باسمکرد، دەبێ سوێندی بدەم بە گۆڕی برا شەهیدەکەی لای کەس باسی نەکات، دەنا ببیستێتەوە گاڵدەدەی لە پەنایەکەوە سلم سارد بکەنەوەو بمکەن بە سەربازی ون! ئەوەی لە هەمووی سەختترە ئەوەیە کە بۆم نییە لە هیچ شوێنێ چێشتلێنەری بکەم، تەنانەت لەماڵی خۆشماندا! ئەگەر جاران جار بەجارێ یارمەتیی ژنە کڵۆڵەکەمم دەدا، ئیدی بۆم نییە بە هیچ جۆرێ پەنجە لە مەنجەڵ و کەوگیرو دۆشاوەوە بدەم! ئای پاشا! بیست و پێنج دانە ساڵ چێشتلێنەری تۆ بووم. نەمتوانی شتێ پاشەکەوت بکەم، لەڕاستیدا دەمتوانی، بەڵام هەتا ئێستاش باوەڕم بە فرتوفێڵ و کەڵەک نییە، دەنا ئەگەر وابوومایە هەنووکە حسابی خۆم نەدەزانی، بڕیارەکەی تۆش کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەدەبوو لەسەر ژیانم، دەیان کەس دوای منیش هاتن و لە پەنای تۆدا پێگەیشتن، بوون بە خاوەنی هەموو شتێک، بەڵام بەندە هەمیشە کەرامەتی خۆم دەپاراست، دەمەویست ئەوە بسەلمێنم کە ئەوەی خاوەنی کەرامەت بێت مەرج نییە هەر خانەدان و وەجاخزادە بێت، دەکرێ مرۆڤ وەچەی هەژارو بەلەنگازیش بێت و ملیش کەچ نەکات. ملکەچەکان بەدەگمەن کەسانی دڵسۆزن پاشا، ئەی پاشای... من لە باوکمەوە فێربووم ملکەچنەکەم، ئەمەم بەمیراتی لە باوکمەوە بۆ ماوەتەوە، باوکی خەڵکی سەروەت و سامانی بێشومار بەمیرات بۆ مناڵەکانی بەجێدەهێڵێت، بەڵام باوکی من کۆمەڵێ هەڵوێستی

جوامێرانەی بۆ بەجێهێشتم، بۆیە هەتا مردن لە چاکەی دەرناچم، هەرگیز دیمەنی مردنی باوکم لە یاد ناچێتەوە، پیاوێکی رەقەڵەی سەرسەختی سیرمە، ئا.. ئا، لوویەکی رەش لەسەر روومەتی چەپی بوو، هەموو جارێ کە ریشی دەتاشی زۆر بەوردی ئاگای لەو لووە بوو بۆ ئەوەی نەیبرێت، چوار تاڵ مووی رەش لەناو لووەکەوە سەریان دەرهێنابوو، تا مردیش نەیهێشت گوێزانیان بەرکەوێ، ئەو کاتەی هێندەی پەنجەیەك درێژ دەبوون بەمقەست لە بنا دەیقرتاندن. "باوکە بۆ گوێزانی لێنادەی؟..". "باوکە گیان نابێ" باوکم وشەی نابێی زۆر بەکاردەهێنا. هەرچی باوەری پێی نەبووایە دەیوت نابێ. ئیدی سەری لەسەر ئەو قسەیە دابنایە لێی پاشگەز نەدەبۆوە، ئاخری هەر لەسەر ئەو وشەیە سەری دانا. باوکم لەگەڵ ئێمەو دایکمدا هەتا بڵێی نەرمونیان و ئارام بوو، کەچی لەگەڵ ئاغاو پیاوەکانیدا هەتا بڵێی دڵرەق و بێبەزەیی، باوکم لەساڵی گرانیەکەدا بەرلەوەی تەمەنی ببێت بەپەنجا ساڵ، لەسەر نابێ لەبرسا مرد. ئێمە دواژەمی نانمان لە ماڵدا مابوو، ئەگەر باوکم بچوایەتە پێش دەرگای ئاغاو داوای گەنمی بکردایە، بەشی ساڵێکی دەداینێ، کەچی ئێمە چەند بەسەریدا گریاین و کروزاینەوەو خەڵکی تکای خوێنێکیان لێکرد، باوکم هەر یەکجار وتی نابێ و ئەو نابێیە دوا وشەی زاری بوو، پاش ئەوە لەبرسا مرد، دوایی دایکم کە دەیلاوانەوە باسی ئەوەی دەکرد بۆ ئەوەی ئێمە برسیمان نەبێت پێنج رۆژ بوو تامی زادی نەکردبوو، پاشا، منیش هەرچەند ژنەکەم تکای لێدەکردم بۆ ئەوەی داوای یارمەتیت لێبکەم، بۆ ئەوەی شتێ پاشەکەوتمان هەبێ بۆ رۆژێکی رەشی وەك ئەمرۆ، هەر دەمووت نابێ، چونکە هەستم دەکرد ئەگەر داوای یارمەتیت لێبکەم هێندە سووك دەبم ئەگەر بەسەر تۆری لۆکزیشدا برۆم نایوەرێنم، پاشا ئێستاش باوەرم وایە هەرچی بە رەنجی شانی خۆم وەرینەگرم وەکو چڵکی سەگ پێم حەرامە، بیست و پێنج ساڵ هەرگیز داوای یەك فلسم لێ نەکردووی، جگە لە مووچەکەم، هەرچی جەژنانەیەکت دابێتمێ یان یارمەتییەکت دابێتم بەزۆری خۆت بووە، هەر ئاگاشم لێ نەبوو وەستاو کرێکارت ناردو ئەم خانووە بچووکەیان بۆ نوێکردمەوە، ئەگەرچی ژنەکەم و منداڵەکانیشم پێیان خۆشبوو،بەڵام خۆم لەناخەوە لام گران بوو، چونکە دەمزانی رۆژێ دەیکەی بە منەت بەسەرمەوەو دەیدەیتەوە بەچاومدا، ئەگەرچی سوور دەزانم ئەو سامانەی لەبن دەستی تۆو شاژندایەو بەکەیفی خۆتان تەخشان و پەخشانی دەکەن، نە میراتی دایکتانەو نە بەرەنجی شانتان پەیداتان کردووە، بەڵکو ماڵی ئەم میللەتە نەگبەتەیە، بەڵام دەزانم هەرچی داوای یارمەتیتان لێبکات ئێوە وەك سواڵکەر لێیدەروانن، منیش قەت نەمویستووە سواڵ بکەم، ئەگەر بیشیکەم نامەوێ لە تۆو شاژنی بکەم، ئەی پاشای... من هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەبوو بەوپەری دڵسۆزییەوە کارەکەی خۆم بکەم و منەتم بەکەس نەبێت، بەڵام نەمزانی ئەمانە لای تۆ یەك پوولی قەڵب ناژین، لای تۆ تەنها میزاج کاری خۆی دەکات، قەت بروام نەدەکرد رۆژێ لەرۆژان ئاوا ترۆم بکەی و یەك دەنك حساب بۆ بیست و پێنج ساڵی خزمەتم نەکەی، بە یەك پوولیش خانەنشینم نەکەی، باشە ئاخر من بەم ئاخری عومرەوە چیی بکەم؟ بەچی بژیم؟ تازە ناشتوانم حەماڵی بکەم، تازە بەتازە ببم بە شاگردی دارتاش و ئاسنگەر؟ خۆ منداڵۆچکە نیم تازە بچم ببم بەشاگردی دەلاك. ئەوە هەرچی پەیوەندیی بە چێشتلێنانەوە هەبێ نابێ توخنی بکەوم. هەرچەند سەردێنم و دەبەم ناتوانم لەم زەلکاوە بێمەدەرێ، مێشکم بۆتە ناوجەرگەی بازارێکی جەنجاڵ، هیچ شتێك تیایدا مانای نییە.

سەرم تەواو قورسبووە، دەکەومە سەر لا... هەی لەوە! ئەوە خۆ من بوومەتە مێشولەیەکی مەلاریاو پاشاش بۆتە ورچێکی بۆری چڵکن، چ دنیایەکی سەیرە! هەموو شتێ لنگەوقوچ بۆتەوە! پاشا وەکو گەلێ لە شەوانی تر دوای ئیشوکارێکی زۆر دەیەوێ بەم بەرەبەیانە بخەوێ، چاوی سوور بووە، زۆری خەودێت، چاو لێکدەنێت، ئا، سبەی لەو رۆژانەیە کە هەتا نیوەرۆ هیچ ئیشوکارێکی نییە، کەس نابینێت، دەیەوێت بەئیسراحەت هەتا چێشتەنگاوێکی درەنگ بخەوێ، بەڵام خەیاڵی خاوە، بەسەری باوکی نایەڵم بخەوێ، چونکە ئیتر ئەو هیچ نییە جگە لە ورچێکی تەمەڵ و تەوەزەل، منیش مێشولەیەکی سووکەڵەو چوستوچالاك، دەبێ حەقی بەرودوای لێ بکەمەوە، نەك هەر خەو، خۆراکیشی لێ حەرام بکەم، ئیتر رۆژی منە، دەزانم ناتوانم بیکوژم، دەنا سێ و دووم لێ نەدەکردو تۆڵەی خۆمم لێ دەکردەوە، بەڵام دەتوانم نەیەڵم بخەوێ، دەتوانم بە گیزەگیز مێشکی تێکبدەم و دەهریی بکەم، ئەویش هەرچی بکات ناتوانێت من بکوژێت، با هەتا ئێوارە لەقەفرتێ بکات، ناتوانێ زەرەیەك زیانم پێ بگەیەنێ، تەنانەت ئەگەر قووتیشم بدات دەتوانم بدەم بەناو گەرووییەوەو وای لێبکەم لە حەیبەتا دەم بکاتەوە، ئەوسا بەئاسانی بێمەوە دەرەوە، دەچم رێك دەدەم بە پێلووی چاویەوە، چزە لە دڵی هەڵدەسێنم، لەتاوا چەپۆکێ دەکێشێ بە ناوچاوی خۆیدا، زرمە لە ناوچەوانی خۆی هەڵدەسێنی، بەڵام من هیچ باکم نییە، بەبای خەیاڵمدا نایەت، هیچ ئازارێکم پێناگات، خۆم مت دەکەم و لە شوێنی خۆشم جووڵە ناکەم. بەخوا یارییەکی خۆشە، گەمەی نێوان ورچ و مێشولەی مەلاریایە، گەمەی نێوان فیل و مێرووله‌یە، ململانێی نێوان کێویێك و مشکێکە. خۆشی بکوژێت ناتوانێت لەناوم بەرێت. لێدەگەرێم چاوی بچێتە خەو، ئەمجارە هەڵدەفرم دەچم

ڕێك دەدەم بە هێلكەی گونی ڕاستییەوە، دیسان ڕادەپەڕێت و بۆڕەیەكی لێوە دێت، دەكەوێتە لەقەفرتە، توند خۆم دەنووسێنم بە گونیەوە. لەدڵی خۆمدا دەڵێم: وەحە وەحە ئەوە بۆ وا بەلەسە بووی!! لێی دەگەڕێم ئارامبێتەوە. خۆی شلدەكات وەختە چاوی دەچێتەوە خەو. لێی دەگەڕێم پرخەی بێت، دڵی خۆشە منی پلیشاندۆتەوەو بە ئیسراحەت دەخەوێت، لەپڕ بەهێلكەی گونی چەپیدا دەنووسێم، هەوڵدەدەم بەخورزەم خوێنەكەی هەڵمژم. بۆڵەیەكی لێوە دێت و دەكەوێتەوە لەقەفرتێ، وەك ئەوەی لە ئاسمانەوە فڕێیان دابێتە دەریاوە بەچوارپەل سەما دەكات، هەڵدەفڕم و دوو بستێ لەوێ دوور دەكەومەوە. بەزمان دەستدەكات بە لستنەوەی گەڵوگونی خۆی، هەمووی تەڕو بڕ دەكات و شین و مۆری دەكاتەوە. ئەوەندە گێل و دەبەنگە وادەزانێت من لەوێدام. بەزلی و هێزی خۆی دەنازێت، ئەوە نازانێت ورچێك هەرچەندە زل و زەبەلاح و بەهێز بێت قەت ناتوانێت مێشوولەیەك لەناوبەرێت، بەڵام مێشوولەیەك دەتوانێت خەو و خۆراك لە ورچێك حەرام بكات، من هیچ ماندوونیم، زۆر حەزدەكەم هەتا هەتایە درێژە بەم یارییە بدەم، ئەمجارە دەدەم بە پزووی قنگییەوە، هەڵدەسێت و ڕادەكات، وەكو گای بنە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. پێكەنین دەمگرێ، قاقام دەگاتە ئاسمان، هە هە هە هە ها ها ها ها، لە پێكەنینا هەردوو چاوم پڕ دەبێت لە ئاو، ڕەنگە بڵێ ئەم بەڵای خوایە چییە بووە بەكوڵكمەوە؟ لە هەمووی خراپتر هەتیوبازیشە! بستێك لەوێ دوور دەكەومەوە، ماوەیەك خۆم مت دەكەم، نق و وس لەخۆم دەبڕم، وای لێدەكەم وا هەستبكات ڕۆیشتووم، ئەرەوەڵێ وا ئەزانێ ڕۆیشتووم، وا پاڵدەكەوێتەوە، ئەرەوەڵێ وا قاچی لێ درێژكرد، دەیەوێ زۆر بەئیسراحەت لێی بخەوێت، جارێ جووڵە ناكەم، لێی دەگەڕێم فریوی گێلیی خۆی بخوات، وا بزانێ ئەو هەر پاشایەو منیش كۆیلەیەك زیاتر هیچ نیم، دەمەوێ ئەمجارە شێتی بكەم، وای لێبكەم بداتە ئەو كەژوكێوانە، ئا، بچمە ناو مێشكییەوە وەكو داركونكەرە كنە لە مێشكی بكەم و مێشكی كون بكەم، هەڵدەفڕم دەچمە لای كەللە زلەكەیەوە، پێوەی نادەم، تەنیا بەسەر سەریدا دەخولێمەوەو دەیكەم بەگیزەگیز، گیزەگیزێكی دەنگ زل و هەراسانكەر، وەك دەنگی ئاژیری ئاگاداركەرەوەی هاتنی فڕۆكە بۆ سەر ئاسمانی مەیدانی جەنگ، هاوكێشەكە دەگۆڕێ ئەمجارە من گەورە دەبم و ئەو بچووك دەبێتەوە، من دەبمە ئەو فڕۆكەیەی لە هیچ جێگایەكەوە دیار نییە و تەنیا ئاژێرەكە دەڵێ بەئاسمانەوەیە، ئەویش دەبێتە ئەو ئەفسەرەی خۆی مەڵاس داوەو دەیەوێ بزانێ فڕۆكەكە زرمە لەكوێ هەڵدەسێنێ، بەڵام فڕۆكەكە دەنگی هەیەو ڕەنگی نییە، ئەمەش مێشكی ئەفسەرەكەی تێكداوەو دەهریی كردووە، ئا، ترسی خستۆتە ناو دڵ و دەروونییەوە، جەنگێكی دەروونیی لەگەڵ دەكات. ئا، دەڵێن ئەفسەرێك وتوێتی ئەوەی مێشكی تێكداوم و ترسی خستۆتە دڵمەوەو زراوی تۆقاندووم، ئەو مووشەك و شتانە نییە كە فڕۆكە بەریدەداتەوەو دنیا دەكات بەدۆزەخ، بەڵكو دەنگی تۆقێنەری ئەو ئاژێرە نەفرەتییەیە كە چۆتە ناو مێشكمەوە. هەست دەكەم چوومەتە ناو مێشكییەوە، لە ترسدا ناوێرێ بخەوێ، وەك پشیلەیەك خۆی لە مشك ماتدابێ چاوی بچووك كردۆتەوە، بەڵام زاتی ئەوە ناكات چاولێكبنێ، ترسی ئەوەی هەیە لەپڕ وەك مار پێوەی بدەم و زیرەی لێ هەڵسێنم، بەردەوام بەگیزەگیزێكی وەرسكەرو تۆقێنەرەوە بەسەر سەریدا دەخولێمەوە، كردوومە بەرۆژی خۆم، زۆر خۆشحاڵم كە ئێستا ئەو لەبەر ڕەحمەتی مندایە، وەك سەگێكی دز كاتێ دەكەوێتە ژێر ڕەحمەتی گاڵۆكی شوانێكەوە، هەر بۆ خۆشی جارێكی تر چزە لە پزووی قنگی هەڵدەسێنم، وەك لووسكەیەكی سرك كە دەست بۆ پاشەڵی برابێ، یەكەمجار چاوی زەق دەكاتەوە، دووەمجار هەڵدەسێتە سەرپێ و بەلەسە دەبێتەوە، خەریكە شاگەشكە دەبم، دەنگی پێكەنینم دەگاتە ئاسمان، هە هە هە هە ها ها ها ها، دەیكات بەنەرمە لۆقە، نایەڵەم ئاواش بسرەوێ، دەیكەمەوە بەگیزەگیزو بەدەوری هەردوو گوێیدا دەخولێمەوە، ئەو جێگا بەخۆی ناگرێ و منیش هەر پێدەكەنم، هە هە هە هە هە ها ها ها ها ها...

ئەو بەیانییە لەماڵی چێشتلێنەرەكەی پاشا بوو بە شیوەن و زاری، ژنەكەی و هەر شەش كچەكەی وەها بەكوڵ دەگریان بەردیان دەتوانەوە. ڕەشەباكە دەنگی شین و شەپۆڕەكەی دەدا بەگوێی خەڵكەكەدا، وەكو مۆسیقایەكی غەمین دڵی خەڵكەكەی دادەخورپاندو وردە وردە بەرەو شوێنی گریان و زارییەكە دەكشان... دوای نیوەڕۆ پاش ئەوەی كفنودفنیان كرد، ژنەكەی كە هێندە گریابوو فرمێسكی چاوانی وشك بووبوو، بەدەنگێكی نووساوەوە وتی: هەر لە ئێوارەوە هەستم كرد شتێكی هەیە، لێم پرسی، وتی: كەمێك ناساغم، بەڵام بەرەبەیان وەك ئەوەی بەدەم فریشتەوە پێبكەنێ، هەر پێدەكەنی و قاقای لێدەدا، دڵم نەهات خەبەری بكەمەوە، لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە لە خەونێكی خۆشدا بێت، با لێی تێكنەدەم...

# دەرگاو پاسەوان



**مامۆستا جەعفەر**

دەرگایەکی بچووکی ئاسنین، لە دوورەوە زۆر گەورەو مەزنو بڵند دیارە. لە نزیکەوە، شیشی ژەنگاودی تێکقوپاوە، کە بەبۆیاخی ڕەنگاو ڕەنگ، ژەنگو دزێودی شاراوەتەوە. دەرگایەك، لە بنی ئەرزەوە بۆ سەر ئەرز بەرزکراوەتەوە. نە دیوار، نە شوورە، نە پەرژین ڕایگرتووە. کەس ڕێگە نادرێت، لە کونی کلیلی دەرگا داخراوەکەوە بڕوانێت. ڕوانین لە کونی دەرگا بچوکە ئاسنینە داخراوەکەوە قەدەغەیە. دەرگا بچوکە ئاسنینە ژەنگاوییە داخراوەکە، نە لوورە لووری ڕەشەباو گەلە گورگ، نە شاڵاوی زریانو تۆفانو کڕێوەو باوبۆران شەرمی لێ دەکەن.

پاسەوانێکی بەساڵاچووی سەردەمی کەرکامێلا. شەڕکەرێکی بەجیماو، لە شەڕوشۆڕو پێکدادانی کەرکامێلای نێوان داراو ئەلیکسەندەری گەورە، بەهەمان جلوبەرگو ڕمو شیرو تیرەوە. جەنگاوەرێکی نەبەزیوی سەرکردەیەکی سەربازیی ئەفسانەیی. جەنگاوەرێکی نووستووی بەئاگای لاپەڕە سووتاوەکانی مێژوویەکی نەنووسراو. شۆڕەسوارێك ئەرکی پارێزگاریی دەرگایەکی بینراوی نەبینراوی پێسپێردراوە.

پاسەوانەکە، هەر زۆر بەشڵەژاویو هەناسەسواریو حەپەسانەوە، هاتوچۆی دەکرد. بەپەلە پەلو شپرزەیی مژی لە جگەرەکەی دەداو چنگی بەڕیشە کوڵکنەکەیدا دەکات. ئەمسەرو ئەوسەری کێشە چارەسەرنەکراوەکەی بوونو نەبوون لێکدەداتەوە. سەرەداوەکان پێش بەیەکەوە گرێدان لێکدەترازێن. لێکترازان پێش پێکەوەگرێدان. ئەو لە دوورەوە لە یەکێك دەچوو، لە چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکان، هەر زۆر نزیك کەوتبێتەوە. ماسییەکی سوورە لەناو لەپییەتی لەپڕ دەردەفرتێ.

کابرایەکی کۆچەر بەکڕنو،شو سەرکزیدەوە هات. دەرگاو قوفڵو کلیلو پاسەوان. جەنگاوەرێکی ڕیش کوڵکنی سەردەمی جەنگی کەرکامێلا. سوپایەکی بچوك، سوپایەکی گەورە دەبەزێنێتو خاکی دەوڵەتێکی مەزن داگیر دەکات. ئەمە سەربازی دارایەدە، یان ئەلیکسەندەری مەکدۆنی؟

کۆچەری حەپاساوی داماو، نەتوانیی هەنگاوێك بەرەو پێشەوە نە هەنگاوێك بەرەو دواوە بچێت. قوفڵو کلیلو دەرگاو پاسەوانی سەردەمی کەرکامێلا؟ پاسەوانەکە هەر سمێڵی بادەداو دەستی بەڕیشە کوڵکنەکەی خۆیدا دەهێنا. کۆچەرەکە ویستی داوای ئیجازەی چوونەژوورەوە بکات! پاسەوانەکە دەموچاوی بەیەکدا دا! ویستی هەر تۆزێك نزیك ببێتەوە. ئەم نەیهێشت! هەردوولا سەیری دەموچاوی یەکتریان دەکرد! هەر یەکە دەیەویست دەموچاوی ئەویتر بەوردی بخوێنێتەوە. پاش خوێندنەوەو تێگەیشتن، بەگوێرەی دڵی ئەو قسە بکات. کۆچەرەکە سەرەتا ویستی بەکڕنووش ئاگری بەزەیی، بارانی فرمێسكو پاڕانەوە، دڵە بەردینەکان نەرم بکاتەوە. پاسەوانەکە دژی کڕنووشو پاڕانەوەو فرمێسك بارانە! کەسیان نەیدەتوانی بێتە زمان، قسەی ناو دڵ، لەسەر لێواری زمانە سوتاوەکان هەڵچەقێنێت. زمانی چاو نەیدەتوانی پەیامە شاراوەکان بەڕوونی ڕابگەیەنێت.

کۆچەرە داماوە چەپەساوە دڵشکاوەکە پێی وابوو: تەنیا خڕەی قوفڵو کلیل دەرگا خستنە سەرپشت، هەموو شتێکە. لە کوێرەڕێی نەمانەوە، بۆ بەهەشتی هەرمان. لە ئەشکەوتی کوێرەوەریی تاریکو نوتەکەوە بۆ بەرەو رووناکدی ژیانی ڕاستەقینە. ئەمدیوی دەرگاو ئەودیوی دەرگا. تەنیا پاسەوانەکە دەتوانێت دوا بڕیار بدات. ئەودیوی دەرگاکە، گوڵو گوڵزار، بەهار، کانی، ڕووبار. میوەی ئاودارو بۆنخۆش، بەدارەکاندا شۆڕ بۆتەوە. پەردی ناسك ناسك، شۆخو شەنگ، قژ زەردو چاو شین، سەوزەی قژ ڕەشی گۆشتن، شاد، بەختەوەر، دەم بەپێکەنین، شەرابی فەرەنسدی سوور، شەرابی ئیتالدی سپیو رۆزێو شەمپێنیان کردۆتە جامی بلووریو لەسەر سینی کریستاڵ دەیگێڕن. مۆسیقای چایکۆفسکیو بیتهۆڤنو باخ لەبن درەختەکاندا لێ نادرێت. خورەی قەڵبەزەو کەفچڕینی چەم جوانترین ئاوازی سر،وشتە.

ئەی ئەوانەی پێش من وەکو کۆتر ڕۆحتان لەناو ئەو باخو چیمەنو گوڵزاردا شادە. بۆم بپاڕێنەوە، منیش بگەمە لاتان. من مێروولەشم ئازار نەداوەو هیچ کەسێك دڵی لێم نەڕەنجاوە. نازانم ئەم پاسەوانە بۆ دەستم بەسینگەوە بۆ ناگرێتو هەر یەکسەر دەرگاکەم بۆ ناخاتە سەر پشت؟

پاسەوانەکە دەستی کردەوە بەهاتوچۆ، ئەمسەرو ئەوسەر. حەزی دەکرد بیر بکاتەوە، بەڵام بیری نەدەکردەوە. دەیزانی ئەو کۆچەرە کێیە دەیەوێت بەهەر نرخێك بێت تێپەڕێت، تێپەڕێتو کەس دەست نەخاتە ڕێگەی. ئاوابوون لەودیوی دەرگاکەوە بەهەر نرخێك بێت. ئامادەبوو بەرتیل بداتو تێپەڕێت. من بەرتیلیش وەربگرم، هەر لەبەر ئەوە وەریدەگرم، ئەو پێی وانەبێت ئەگەر ڕێگەی بەرتیلدانو دەم چەورکردنی بگیرتایەتە بەر، ئەوە دەرگای بۆ دەکرایەوەو فەرشی سووری پێشوازدی بۆ ڕادەخراو دەیتوانی تا ئەوبەری چەمو ڕووبارو گوڵو گوڵزار بفرێت.

**٭ئیلهامی ئەم کورتە چیرۆکە لە کورتە چیرۆکێکی کافکا (لەبەردەم قانووندا ـ Vor dem Gesetz) وەرگیراوە. من تەنیا سوودم لە تەکنیکی داڕشتنی سترکتووری دەرەکدی ئەم چیرۆکە وەرگرتووە، لەرووی مۆتیفو ئامانجو جیهانبینیدەوە، ئەوپەڕی جیاوازی هەیە، ئەگەر نەڵێم: هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە.**



# پەیکەرە سەرابییەکانی خودا

فەیسەڵ هەمەوەندی

**تەنها پیاوێکی ریش ماش‌و برنجی.. پرچ درێژی.. سەروسیما خەیاڵ، دانەوییەوەو توورەکەیەکی لە لمەکە پڕ کرد. خەڵکەکە پێیان سەیر نەبوو: (ئەویش لە رووفاتی کەسێکی خۆی دەگەڕێ..!)**

ئەو رۆژە کە پۆستەچییەکە پێچراوێکی دایەدەست، پێیگووت:
(هەڵبەت دەسودیارییەکی نایاب‌و بەهادارە، کە لە وڵاتێکی دوورەوە بۆیان ناردووی...!!)
مەزەنەی پۆستەچییەکە.. بە گوێرەی سی ساڵ خزمەتکردن لەو بوارە، بەقسەی خۆی هیچ مەزەنەیەکی فت نەبووە، هەر ئەوەندە دەستی گەیشت بەشتەکە، لەوە نزیکدەبێتەوە کە تا چەند بەهاکەیەتی، بەوتەیەکی سەرنج راکێش ئەو دوای مەبەستی مزگێنییەکەی بۆ بەرانبەرەکەی بەجێدەهێشت. ئەو مزگێنییەکەی خۆی بردەوەو ئەمیش پەلەی هەڵپچڕانی پێچراوەکەی نەبوو، کات ئەوەندەی نەماوە بۆ هاتنی ئەو، زۆریش دەترسا پێچراوەکە هەواڵێکی لە قیس بەرەی ئەمشەوی بێ، بەوە دڵی خۆی دایەوە، کە کەسێکی وای لێ بەجێنەماوە خەمی بۆ داهێنێ.

ئێوارەیەکی درەنگبوو، چراکان تەنها چراخانی مۆمەکانبوون، کە هونەرمەندانە بەهەموو ژوورەکەدا دابەشیکردبوون، سەر مێزەکەیش بەدوو قاپی شەمپانیاو شەرابێکی چل ساڵە، لە دوو بۆتەی بەفراودا ئاونگیان گرتبوو. لە شانشینەکەوە روانییە شار، دەتگووت ئەستێرەکانی ئاسمان هەمووی داوەریونەتە سەر زەوی، ئەوەندە بەجوانی چەخشببوون، بێ ئەوەی لە یەك بکەون. لێرە کەس سەرقاڵی خەیاڵنابێ، مەگەر بۆ ئیلهامی شیعر لە ئاسۆگەکانەوە بڕوانن، بڕوانن بۆ ئەو قسانەی خەریکە لە بیر دەچنەوە. خەیاڵ دۆشدامان نییە بۆ بیرۆکەیەکی نەزۆك.. هونەر ئەوە نییە ستاتیکا لە هەموو شوێنێك بۆ چاوەزار شین دەی. بەرەبەیان.. سەر گوزشتەی شەوی رابردوو وەك موویەکی ناو ماست دەردەهێنرێتو توور دەدرێتە نێو کەلتوورێکی تازەتر، بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەردەمەو هەوارێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم لەوەوە فێربووبوو ئەم کاتانە بۆ تایبەتمەندێتی خۆی گلداتەوە، باشترین کاتە بۆ داماڵینی ئازارەکانی رابردووی. ئەو هەر جارەو پەیامێکی تازەتری بۆ راڤە دەکرد. فێری کردبوو خودا چلۆن هونەرمەندانە پەیکەری مرۆڤی لە قوڕ دروستکردووە، هەر مرۆڤی نەفامە دەستکردی مەزنترین هونەرمەند دەشێوێنێ، کاتێ گەمە بەهەستو نەستی کەسانی دی دەکەن، هەستو نەست لە پاینی مێشکدا نابێ بشاردرێتەوە، مرۆڤ کە ناساغ دەبێ خۆی بەدەستی خۆی.. خۆی دەکات بەحەشارگەی ئەو ناساغییە، کە ناخی خۆی ناوەڕێنێتە ناخێکی کامڵ لە چارەسەریی. خودا هەموو خەسڵەتەکانی کردووەتە بەر پەیکەرەکانی خۆی، تا بەدرووستیی لە یەك بڕوانن. هەر ئەو فێری کردبوو.. بۆ ئەوە خەیاڵنابن تا شیعر بهۆننەوە. مرۆڤ لە خەسڵەتی دڵپیسییەوە دەرگای داهێناو.. کلۆمی بۆ کردن. کەی مرۆڤی سەرەتاکان ئەشکەوتەکانی کلۆمدەدا. هەر ئەو فێریکردبوو نەوەکانی دوای خۆیان، لە خەجاڵتییەکانی ئەمێستای ئەوان فێری دەستووری سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەبن، ژیار دەبنەوە لە ئاستێکی بەرزتر لە ئیمرۆی ئێمە. ئەو ئافرەتە بۆ خۆی قوتابخانەیەکەو ئەمیش تیا سەعی دەکات. ئەو کاتەی وانەکانیان بەسەر دەکردەوە، دەبوو لە کەشو هەوایەکی سیحراویدا رووتبنەوە، ئۆگری هەموو داهێنانێکبوون، هەر ساتەو بەرەنگێك دادەهاتنەوە، کاڵتر لە رەنگەکانی سرووشت، جوانتر لە حیکایەتە خورافییەکانی رابردوو، بەعیشوەی ژیان لێوان لێو دەبوون لە باران. کەسیان وانەکانیان ئەزبەر نەدەکرد، چونکە پرسیار نەبوو، لەوەی چۆن هەڵبفڕن، کە ئاسمان تا هزر بڕکا بۆ فڕین دەشێ، تەنها لەو دەرفەتانەی لوویەك دادەهات شێوازی پرسیارێکی وەردەگرت، وەلێ بەحەرفێك گرێکوێرەی ئەو لووە دەکرایەوە. وانەکان کۆتاییان بۆ نەبوو، بۆیە بیزار نەدەبوون لەو وانانە، هەروەك ئاواز لە شایستەترین هۆنینەوەی نۆتەکان دەگەڕان، دەگەڕان لە ناویەکداو گوناهەکانی خۆیان هەڵدەوەراند، بێئەوەی پەیکەری یەکتر بشێوێنن. بەڕاست تا ئێستا باسیان لە پەیکەرسازی نەکردووە، ئەم دەیان پەیکەری لە ماڵەکەیدا هەیە. دەیزانێ ئەو ئازارەکان ناخوێنێتەوە، خەیاڵ ناگرێ. زیاتر حەزی بەشانۆیە، شانۆ ئەو ململانێیانەی لە وانەکانیدا چەشنێك لە سەمای فێر دەکات، زۆرتر عومری پێببەخشێ. خولیای پەیکەرتاشییەکەی ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ دەمی ئەو رۆژگارەی مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بوو لە سلێمانی. دڵنیابوو سەرگوزشتەی ئەوسای هیچ ناگەیەنێ، بۆیە نەیدەگێڕایەوە، چەند جارێ ویستبووی لەو بارەیەوە قسەی بۆ بکات، وەلێ دەبوو شەوێکی بۆ بکات بەقوربانی، چ گەلحۆیەکە کوێرەوەرییەك دەئاخنێتە پەیکەرێکی روونی بێگەردو هەموو جوانیەك دەشێوێنێ. شەو عیشوەبازە، تا رووت نەبیەوە.. ئاونگ ناگری. لەو سەفەرانەدا سۆز نابێتە کردەی کردنەوەی گرێکوێرەی پرسیارێکی تازەتر لەمەڕ خوێندنەوەو راڤەکردنی تەوەرەکانی رسکانی ئەو پەیکەرانەی خودا. ئەم لە تێڕوانینەکانی ئەو تێگەیشتووە، ئەو ناخێکی روونە، لە پەیکەرێك دەکات لە شووشە دروستکرابێت. بیریکەوتەوە.. کە یەکەمین پەیکەری تاشی، لە مرۆڤی نیاندەرتاڵی دەکرد. سەرەتای هەموو وێنە کێشانێکی مرۆڤ دەگەڕێتەوە رووی لێکچوونی لەگەڵ نیاندەرتاڵییەکان. تۆ بڵێی خوداش یەکەم مومارەسەی بگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان. پرسیارێکی لەلا ماتەڵببوو، کە چۆن (....) نەوەی نیاندەرتاڵەکانەو سیحرێکە لە جوانی. مامۆستا مەلا شێخ ساڵح فەتوای ئەوەی دابوو کە کاری پەیکەرتاشین کوفرە، وەلێ کە زانی برازاکەی خۆیشی دەگرێتەوەو لە مەقامی کەم دەکات، شتێکی لە فەتواکەی گۆڕیبوو، بەوەی ئەگەر سەری پەیکەرەکە کون بکرێت، خوا لەو دونیا داوای لێناکا رۆحی بەبەردا بکات. بەمانا کوفر نییە. داڵغەیەك بردیە بەردەم ئەو پرسیارەی کە دەڵێ: (خۆ ئێمە پەیکەری ئەوان نەبووین کە بەفیشەك کەللەیان کون کردین..!).

ئەوان بۆ ئەوە کەللەیان کون کردین تا فیشەکی بەزەییمان پێوەنێن، ئەوان دەیانوویست لەو دونیاش رۆحمان بەبەردا نەکرێتەوە. ئەوان خەجاڵەتی کردەوەکانی خۆیان نین، لە مەملەکەتێك پەروەردەبوون.. شەیتان سەرکردەیان بوو. پەیکەریان بۆ دروستکرد، ئەو پەیکەرانەی لە مەزنی دەدوان، تا لە بیریان نەچێتەوە، تا لەبیرمان نەچێتەوە. پەیامەکانیان بەپەیامی ئاسمانی لە قەڵەم دەدا، سەرکردەکانیان دەیانزانی قورئان قسەی خودایەو کەس ناتوانێ

لاری لێ بکا، بۆیە بەئەنفالەوە ڕاپێچیان کردینە ناو بیابانەکانەوە، گوایە قورئانیش لە بیابانەکانەوە هاتووەتە خوار، پیرۆزترین خاکی سەر زەمینە.

(نازانم.. چی وایلێکردووم بیر لەو بیرەوەرییانە بکەمەوە، هەڵبەت..)

ئەو دوای بیرکردنەوەکەیم پێ قاچی‌و مەزەنەیم بردە لای پێچراوەکە. هەڵبەت ئەوەی بیری خستووەتەوە ئەو دەس‌و دیارییەیە کە لە کوردستانەوە بۆیان ناردووە. خاکێك تەنها ئەوێ دۆزەخبوو، تەنها ئەوێ جێی متمانەی شاردنەوەی مرۆڤ نەبوو، نەبادا زیندووببنەوە، بۆیە لە بیاباندا نەترسن نەترسن بە کۆمەڵ لە چاڵیان نان. هێشتا کاتی گەیشتنی مابوو، هەوەسی چووە سەر گۆرانی (خاك)ەکەی دلاوەر قەرەداخی، سیدییەکەی لێخستە کار. چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك.

بەیانیانێك.. بە بەرچاویەوە گەنجێکیان لە بەردەم پەیمانگەکە گرت‌و بەشەق‌و زللەو تفباران، هاویشتیانە دوای لاندکرۆزێکەوەو بردیان. ئەوەی لەوێبوو خەمێکی زۆری تیانیشت. خەڵکەکە بێجگە لە بیرکردنەوەی مەرگی سەختی گەنجەکە، بیریان بۆ هیچی تر نەدەچوو. ئەوەی ئەوان دەیانگرت.. هاتنەوەی بۆ نەبوو. ڕۆژێکیتر کچێکیان لە ماڵی باوکی، بە بەرچاوی براو باوك‌و دایك‌و خەڵکی گەڕەکەکەوە ڕاپێچ کرد. بیری خەڵکی بەمەرگی ئەو کچەوە نەوەستا، بەڵکو دەیانزانی چی لە پەیکەری خودا دەکەن.

(ئەی بۆ قسە ناکا.. قسە لەگەڵ کێ، هەر ئەوان نەبوون کچەکانی خۆیان زیندەبەچاڵ دەکرد.. ئەوە سەردەمی جەهالەتبوو، ئەمڕۆ.. بەس بەس، تەواوی مەکە هەزارو نۆسەد ساڵ‌و قوسوورە لە شمشێر ناکەون، لە پای قورئانەوە دەوری خۆیان گێڕاوە. ئەوە نییە (الله اکبر)ێکی ئاڵاکەیان بۆ لا نابرێ.. ئەوە ناوی خودایە.. ئەنفالیش قسەی خوابوو.. سەبری خودا چل ساڵە.. ئێمە دوو سەبری خودامان بری.. کفر مەکە.. نا تۆ کفر قبوڵمەکە..!!).

دڵمان کەلێنێکی تێکەوتووەو پڕ نابێتەوە، ئەمە ئەو قسەیەیە کە چەندین ساڵە لە ملی نابێتەوە. لەپڕ وەك ئەوەی ڕۆمانێکی نیوەچڵی خوێندبێتەوە، دۆش دامابوو بەدەست دەرئەنجامەکەیەوە، لەو لاپەڕانەی کە ونبوونە، دەرئەنجامی هەموو ئەو وانانەی ئەو فێری کردبوو، کەلێنەکەیان بۆ پڕ نەدەکرایەوە بەهەزار وانەی تر.

شەوێ.. زۆری لە دەرگا دابوو، کەس دەرگای لێ نەکردبووەوە، وەك ئەوەی کەس لە ماڵەوە نەبێ، تا دەرگاکەی لێ بکاتەوە. زەنگی مۆبایلەکەیش.. تا درەنگێ هەر لێی دابوو. ئەو بە گومان بوو لە ماڵەوە نەبێ، بەتایبەت ئەو شەوە کە بڕیار وابوو خۆیان بۆ ساڵێکی نوێ خاڵیکەنەوە، شەوێیێ لە ڕاڤەکردنی یەکەمین لێکئاڵۆسکانی باوە ئادەم‌و دایە حەوا. هەر ئەو شەوە خەونێکی ناوەخت تووری دابووە کەنار ئاوێك، ئاوێك لە بۆن‌و بەرامەی دەڤەرێك دەکات، بەهەڵەدا نەچووبێ لە دەڤەری گەرمیانە حەیاتەکەی جارانی دەکات. تاریك‌و ڕوون بەرچاوی لەلێڵبوون دەکەوت. سەرسامبوو بەوەی بەبەریا کراوە.. کەرکوکەو ئەمەیش خڕی (خاسە)یە. سامەکەی لێبوو بەترس، بەرەبەیان‌و لە خڕی خاسە، وا چاکە فریای خۆی کەوێ، دەنا چی سەگی چەمەکەیە تێی دەئاڵێن. ئەو کەلاك خۆرانە قەد تێر نابن، هەر بۆ هەوەسیش بێ لووشە لووشیانە گیانلەبەرێك جەمەی بێ. کە خۆی گورج کردەوە، توورەکەیەکی بەبن باڵیەوە بینی. لەوەدابوو بیر لە توورەکەکە بکاتەوە، سەگوەرێکی لە دوورەوە بیست، تەنانەت فریای ئەوە نەکەوت ڕووەو کوێ هەڵبێت، قەڵەمبازێکیدا.. خۆی لە حەشاماتێکدا بینییەوە، هەموو ڕەشپۆش، وەك ئەوەی بۆ دۆزەخیان بەرن. سەروسیمایان پێوە نەمابوو، هەموویان لە یەکیان دەکرد. نە پیاو لە پیاوی دەکرد، نە ژن لە ئافرەت، تەنها وردەکان وەك تووتکەی مرۆڤ قەتارەیەکی ناڕێکیان داهێنابوو، لەوە دەچوون یارییەکانیان جێنەهێشتبێ. لەگەڵ خۆیان کێوە چن گریدەن. بەین نا بەینێ دادەنەوینەوەو بڕێکی تریان لە لمەکە دەردەهێناو دەکەوتنەوە ڕێ. ئەمیش کەوتە سیلەیان، پێی چاکتربوو لەوەی لە کاروان جێبمێنێ‌و ببێتە خۆراکی ئەو سەگە بەڕەڵانەی هاربیبوون. حەفتا ساڵ بەڕێوەبوون، سایەی دارێك نەبوو، چوقەرەی تەلێ گیا نەدەبینرا، شتێك نەبوو لە ژیانەوە بدوێ، باڵندەیەك نەبوو بجریوێنێ. ئەم درکیکردبوو ئێرە بەهەشت نییە. ڕووی تێکردن‌و هاواری کرد: (چیمانکردبوو.. چیمانبینیبوو.. کێوەمان دەبەن.. بۆ قسە ناکەن.. دەزانن بۆ کوێتان دەبەن.. بۆ دۆزەخ..!!)، لەم قسانەدا بوو ڕوانیە نێو چەوانیانەوە، هەریەکەو کونێك بەکەللەیەوەبوو، درکیکرد لە کوێ دەگەڕێ. دانەویەوەو توورەکەکەی لە لمەکە پڕکرد.

بەرەبەیان.. بەر لەوەی چاو بکاتەوە، گوێی لە سەڵای مەلابوو، کە چاوی کردەوە، چۆلەکەکانی بینی بەسەر دارتووەکەی ماڵیانەوە بەشەڕدەهاتن، بیری لای ئەو میوانە بوو کە دوای شەڕە چۆلەکە دێ، بە لەز هاتە حەوشەکە، دایکی‌و دوو ئافرەتی تر بەدیار مەیتێکەوە دانیشتبوون، تەگبیریان دەکرد.

(دایکە ئەمە کێیەو..)

(پێشمەرگەیەو ئیمشەو لە کۆڵانەکەی پشتەوە شەهید کرا..!)

وەك دەرئەنجامێکی نابەڵەد بۆ رۆمانە نیوەچڵەکە، یادەوەری ئەو ساڵەی بەگومراوی جێهێشت، وەك ئەوەی کەس درکی پێنەکا، بەیانیانێکی درەنگ.. کە چاوی کردەوە، ژوورەکەی پڕبوو لە بووکە شووشەی کریستاڵ.. روون هەروەکو ئاو، لە شکڵی جیاوازو لە قەبارە جیاواز، لە کەلوپەلی ماڵەکەیدا دەگەڕان، سەرو سیمایان پێوە نەبوو، لە ملوانکەیەکیان دەکرد درشت بۆ ورد، بە بەرچاویەوە زیادیان دەکرد، بینی لە توورەکەکەیەوە بڕ بڕ دەردەچوون، لەو لمەی لە بیابانەوە هێنابووی. هەوڵیدا بیانگێڕێتەوە توورەکەکە، بوتڵی شەمپانیاکەی لە دەست بەرەوەبوو. گوێی لە زەنگی دەرگاکە بوو، چاوی لە بووکەشووشە کریستاڵەکان گێڕدا، دیارنەبوون، پەنجەرەی شانشینەکە لە سەر پشتبوو، نەیزانی خۆی کردبوویەوە یا ئەوان کردوویانەتەوەو چوونەتە نێو شارەوە، چاوی لە توورەکەکە گێڕدا، توورەکەی نەبینی، هەڵبەت زۆر زۆری خواردبووەوە. دەرگاکەی کردەوە.(....) گووتی:

-ئەوە چیە.. دوو رۆژە دێم لە ماڵ نیت..!

تەماشایەکی سەر مێزەکەی کرد، پێچراوەکەی بینی، دەستی بردو هەڵیپچڕی. کە بینی کۆمەڵێك پۆستەری ئەنفال بوون دوای ئازادی وەك سەرکەوتنێك ئەو قسانەم بیرخستەوە، کە سەرکردەکان بۆ داوەرینی ئێش و خەم و پەژارەکانمان دەیلێنەوە: خوێنی شەهیدان بەفیڕۆ نەچووە.

بەیانی رۆژی دواتر، هەموو لاشەکان بەئارامی لەسەر شۆستەو سایەی کۆگاکان و دار تەلی ڕێگاکە راکشابوون، پیاوێکی ریش چەرمووی پرچ درێژی سەروسیما خەیاڵ دادەچەمیەوەو لاشەکانی لە ئامێز دەگرت، خەڵکی زۆر بە خەمبارییەوە تەماشایان دەکرد، ئەوەی کە کاریگەری خەمی خەڵکەکەی سەرسام کردبوو، لە پای چی ئەم خۆی کوشتبوو، وەلێ نەیاندەزانی شەوێ ژوورەکەی چ حەشاماتێکبوو لە گەڕانەوەی ئەوانەی وەك پێشەنگەیەك ئەو بەیانیەیان بۆ راڤەکردنی مەرگ لە شوێنێکی خەفەکراوی دونیادا بۆ هەزاران پرسیار داهێنا.





# چییە؟ بۆ کوێ؟

سامۆیل بیکێت
و: مەحمود زامدار

کەسەکان (بام- بیم- بوم، دەنگێك لە (بام) س) شانۆ (چوارگۆشەیەکی لاکێش 2×3 مەتر. رووناکییەکی کز، کە بەتاریکی دەورەدراوە، بەشی هەرە زۆری لە راستی شانۆدایە. لەبەردەم شانۆو بەدەستی چەپ، رووناکییەکی کز کە بەتاریکی تەنراوەو شوێنی (س).

(تاریکی)

س: (رۆشنایی دائەگیرسێنێ)

ئێمە هێشتا هەر پێنج کەسین‌و بەس، وەك بڵێی ئێمە هەر ئێمە بین.

وەرز بەهار

کاتیش دەڕوا

هەر لە سەرەتاوە خامۆشییە
وا من رووناکییەکە دادەگیرسێنم
(بام) لای ژمارە (3) دایەو سەریشی بەرزە. (بوم) لای ژمارە (1)دایەو ملکەچە. (هێمنییەك)
س: ئەمەیان باش نییە
رووناکییەکە دەکوژێنمەوە
(شوێنەکە تاریك دادێ)
س: سەرلەنوێ دەست پێدەکەمەوە
ئێمە هێشتا هەر پێنج کەسین‌و بەس
وەرز بەهارە
کاتیش دەڕوا
هەر لە سەرەتاوە خامۆشییە
(بوم) دەردەکەوێ)
(بوم) لە (N) وە دێتە ناو، لای ژمارە (1) بەملکەچی ئەوەستێ. (هێمنییەك).
(بیم) لە (O) دێتە ناو، بەسەربەرزی لای ژمارە (2) ئەوەستێ. (هێمنییەك).
(بیم) لە (O) دەردەچێ (بوم)ی بەدواوەیە. (هێمنییەك).
(بیم) لە (N) وە دێتە ناو، لای ژمارە (1) بەسەربەرزی دەوەستێ. (هێمنییەك).
(بوم) لە (N) وە دەردەچێ‌و (بیم)ی بەدواوەیە. (هێمنییەك).
(بوم) لە (N) وە دێتە ناو، لای ژمارە (1) بەملکەچی دەوەستێ. (هێمنییەك).
(بام) لە (W) دێتە ناو، لای ژمارە (3) بەملکەچی دەوەستێ. (هێمنییەك).
س: ئا ئەمەیان باشە
رووناکییەکە دەکوژێنمەوە
شوێنەکەش تاریکی دایدەپۆشێ
جارێکی ترو سەرلەنوێ دەسپێدەکەمەوە
ئێمە هێشتا هەر پێنج کەسین‌و بەس
وەرز بەهارە
کاتیش دەڕوا
ئەمجارەیان گفتووگۆیە
رووناکییەکە دادەگیرسێنم
شوێنەکەش رۆشن دەبێتەوە
(بام) بەسەربەرزی لای ژمارە (3) دایە. (هێمنییەك).
س: ئا ئەمەیان باشە
من تەنیام
وەرز بەهارە
کاتیش دەڕوا
ئەمجارەیان گفتووگۆیە
لە ئەنجاما (بوم) دەردەکەوێ
هەمدیس دەردەکەوێ
(بوم) لە (N) دێتە ناو، لای ژمارە (1) بەملکەچی دەوەستێ.
بام: ئەی دوای ئەمە؟
بوم: (هەر ملکەچە) هیچ
بام: ئەی هیچی نەگوت؟
بوم: نەخێر.. هیچ

بام: باش تێت هەڵدا؟
بوم: بەڵێ
بام: ئەی هیچی نەگوت؟
بوم: نەخێر.. هیچ
بام: ئەی گریا؟
بوم: ئا، بەڵێ
بام: ئەی هاواری لێهەڵسا؟
بوم: ئا، بەڵێ
بام: ئەی داوای بەزەیی‌و لێبووردنی کرد؟
بوم: بەڵێ، ئا
بام: بەڵام هەر هیچیشی نەگوت؟
بوم: نەخێر، نا
س: ئەمەیان باش نییە
جارێکی ترو سەرلەنوێ دەسپێدەکەمەوە
بام: چیتر؟
بوم: هیچ
بام: ئەی هیچی نەگوت؟
بوم: نا نەخێر
س: ئەمەیان باش نییە
بام: هەر هیچ
بوم: نا نەخێر.. هیچ
س: ئائەمەیان باشە
بام: ئەی باش تێت هەڵدا؟
بوم: بەڵێ ئا
بام: هەرهیچی نەووت؟
بوم: نەخێر.. هەر هیچ
بام: ئەی گریا؟
بوم: ئا، بەڵێ
بام: ئەی هاتوو هاوار؟
بوم: ئا، بەڵێ کردی
بام: ئەی داوای بەزەیی؟
بوم: ئا، بەڵێ کردی
بام: بەڵام نەیووت؟
بوم: نەخێر هیچی نەووت
بام: بۆ نەیووت؟
بوم: چونکە لە هۆش خۆی چووبوو
بام: ئەی هەوڵت نەدا هۆشی بێتەوەبەر؟
بوم: هەوڵم دا
بام: چیتر؟
بوم: چیم پێ نەکراو نەمتوانی. (هێمنییەك)
بام: تۆ درۆ دەکەی، ئەی داوای پشوویەکی لێکردی؟ راستییەکەی بڵێ.. ئەو داوای پشووی لێکردی، دەبێ تێت هەڵبدرێ، تا راستییەکە بدرکێنی.

س: ئا ئەمەیان باشە
لە ئەنجا (بیم) هەر دەردەكەوێ
(بیم) لە (W) دێتە ناو، بەسەر بەرزی لای ژمارە (2) دەوەستێ.
بام: ئەرێ دەستت بەتاڵە؟
بیم: بەڵێ
بام: لە تەك خۆتی ببەو باش تێیهەڵدە، تا راستییەكە دەدركێنێ.
بیم: چی بدركێنێ؟
بام: كە پێی گوتووە
بیم: بۆ ئەمە هەموو شتەكەیە؟
بام: چیتر؟
س: ئەمەیان چاكترە
بیم: ئەرێ ئەمەیان هەمووشتێ بوو؟
بام: ئا، بەڵێ
بیم: لە پاشا وازی لە لێدانی هێنا؟
بام: بەڵێ، ئا
بیم: دەی دەباشە، وەرە
(بیم) لە (W) دەردەچێو (بوم)ی بەدواوەیە
س: ئا ئەمەیان باشە
من تەنیام
وەرز هاوینە
كاتیش دەروا
(هەمدیس (بیم) دەردەكەوێ
(بیم) بەملكەچی لە (W) دێتە ناو، لای ژمارە (2) دەوەستێ.
بام: چیتر؟
بیم: هەر هیچ
بام: ئەی قسەی..؟
بیم: نەخێر نەیكرد
س: ئەمەیان باشە
جارێكی تر دەسپێدەكەمەوە
بام: چیتر؟
بیم: هەر هیچ
بام: نەیووت لە كوێ..؟
س: ئا ئەمەیان باشترە
بیم: لە كوێ؟
س: هەی های..!
بام: لە كوێ؟
بیم: نەخێر
بام: باش تێتهەڵدا؟
بیم: بەڵێ
بام: هەر نەیووت لە كوێ..؟
بیم: نەخێر
بام: ئەی گریا؟


دیمەنێك لە پرۆڤەی (چییە؟ بۆ كوێ؟)

بیم: بەڵێ، ئا
بام: ئەی هاواری لێهەڵسا؟
بیم: بەڵێ، ئا
بام: ئەی داوای بەزەیی..؟
بیم: بەڵێ کردی
بام: بەڵام نەیووت لە کوێ؟
بیم: نەخێر
بام: ئەی بۆ وەستا؟
بیم: لە هۆش خۆی چووبوو
بام: هەوڵت نەدا؟ هۆشت نەهێنایەوە بەر؟
بیم: هەوڵم دا
بام: ئەی..؟
بیم: پێم نەکرا. (هێمنییەك)
بام: درۆدەکەی (هێمنییەك) پێیووتی لە کوێ؟
(هێمنییەك) راستییەکەی بڵێ کە: گوتی کوێیە.
(هێمنییەك) تا راستییەکە دەڵێی تێت هەڵدەدرێ.
س: ئا ئەمە باشە
لە ئەنجاما (بیم) وەدەرکەوت
(بیم) لە (N)و بەسەربەرزی لای ژمارە (1) ئەوەستێ.
بام: دەستت بەتاڵە؟
بیم: بەڵێ
بام: پێی گوتووە لە کوێ؟
بیم: ئەمە هەر هەموو شتێکە؟
بام: بەڵێ، ئا
س: ئەمەیان باش نییە
هەمدیس دەسپێدەکەمەوە
بام: بیبەو تێیهەڵدە، تا راستییەکەی بڵێ
بیم: چی بڵێ؟
بام: کە پێی گوتووە لە کوێ
س: ئا ئەمەیان باشترە
بیم: ئەمە هەموو شتێك بوو؟
بام: بەڵێ، ئا
بیم: لە پاشا وازی لێهێنا؟
بام: بەڵێ ئا
بیم: دەباشە.. دەی دەوەرە
(بام) لە (N) دەردەچێو (بیم) بەدواوەیەتی
س: ئەمەیان باشە
من تەنیام
وەرز پایزە
کاتیش دەروا
(سەرلەنوێ (بیم) دەردەکەوێو بەملکەچی لای ژمارە (1) دەوەستێ)
بام: چیتر

بیم: هیچ
بام: نەیگوت لە کوێ؟
بیم: نەخێر
س: ئا بەمجۆرە
بام: درۆدەکەی (هێمنییەك) نەخێر پێی گوتی
(هێمنییەك) درۆمەکە، تا نەدرکێنی تێت هەڵدەدرێ
بیم: چی بدرکێنم؟
بام: کە پێی گوتی لە کوێیە
بیم: ئایا ئەمە هەر هەموو شتێکە؟
بام: لە کوێ؟
بیم: ئایا ئەمە هەر هەموو شتێکە؟
بام: بەڵێ
بیم: پاشان وازت لە لێدانی هێنا
بام: بەڵێ. دەی دەوەرە
(بام) لە (W) دەردەچێو (بیم) بەدواوەی
س: ئا ئەمەیان باشە
من تەنیام
وەرز زستانە
کاتیش دەڕوا
لە ئەنجاما هەمدیس وەدەرکەوتم
((بام) لە (W) بەملکەچی دەردەچێو لای ژمارە (3) دەوەستێ.
ئاوا باشترە
من لە ئێستادا تەنیام، وەك بڵێی من من بم
وەرز زستانە
گەشتیش نییە
کاتیش دەڕوا
ئەمە هەموو شتێکە
با تێبگا ئەوەی کە دەکرێ لەمە تێبگا
ڕۆشنایی دەکوژێنمەوە
(ڕووناکی لەسەر شانۆو لای (س) دەکوژێتەوە)
***
سەرەنج: هەرچۆنێك بێت دەبێ کەسەکان هاوشێوەبن لە:
*پۆشاك: درێژو خۆڵەمێشی بێ
*قژ: درێژو ماشوبرنجی بێ
*(س): لە باڵای پیاوێكو لە شێوەی ئەمپریفایر
***
سەرچاوە: ژ(2)ی ساڵی (2007)ی گۆڤاری (افاق سپیرین).

# بکوژی ناو جەنگەکان کێ بوو؟



**غەمگین کۆساری**

... پێشکەشە بە(ڕۆمان)ی کچم، کاتێ لەسەر بەرزترین لووتکە، هەنگاوێك بەر لە خۆکوشتنم فرێیدامەوە نێو ئاپۆڕای ژیانەوە.

خووم پێوە گرتووە، کە هەموو بەروارە تراژیدیو کۆمیدیەکانم لەبیر بچێتەوەو نەتوانم لەبەریان بکەم
بەڵام تەنها یەك بەروار لە زاکیرەما خۆی داکوتاوەو...
ڕەنگە حیکمەتی بیرنەچوونەوەی
گەورەتربێ لە هەموو مانەوەکانم
پاشنیوەڕۆی بەهارێکی سەوزی تێر
یەکەم گریانت
هەزار فرمێسکی قووڵی لە شاشەی دووچاوی سەر سیمای
پیرۆزی دایکێتیمەوە هێنایەوە بوون
بەرلەوەی بێی..
گڕی فیرقەت، خەریك بوو ئەم قەسیدەیەمان بسووتێنێ

چاوی حەسوود، خەریك بوو ئەم ماڵە رۆحیانیەی (وتن)مان بشێوێنێ
خەریکبوو، بەفیتنەی دەنگی پیاوێکی دۆڕاو
لە نێوان سوپاکەی پێغەمبەرو لەشکرەکەی دەجالدا
پیاوێك نیوەی لە ئاشووبو
نیوەکەی تری نەزانی
پیاوێك گومڕا لە خواردنەوەی دووایین شەربەتی ژنداو
بێئەزموونتر لە تەفسیری فەرموودەیەکی حەڵاڵداو
ناشی لە تێهەڵچوونی یارییەکی پیاوانەدا
بەرلەوەی بێ..
خۆمو خۆت سەرەتاو کۆتایی دوو مانگ
تەنیاییمان بەفلوتی رەنگێکی قەرەباڵغ ئەژەنی
چونکە خوا لە نێوان دوو مێینەی مەغدورا
قسەیەکی تر ئەخوڵقێنێ
کە پڕە لە ئێوارەی گەورەییو
لە شەقامی یاخیبوونو
لە چنینەوەی طموحی عیرفانی
کچەکەم.. هەبوونی منو تۆ پێکەوە
بە پاسەوانی بەر دەرگا ئەڵێ:
ئیتر لێرە رامەوەستن
ئەم ماڵە لەوە ئارامترە کە کۆترە مێینەکەی سەر بانیژەکەمان
بێخەم لە کۆکردنەوەی پارەی سبەینێدا
خەوی لێکەوێ..
منو تۆ لە ئاوی جۆگەوە فێربووین
رۆیشتن بێ ئاوڕدانەوە،
یانی نووسینەوەی تەمەنێك لە گەورەیی
کچەکەم.. پێکەوە بوونمان
دوورە لە ژاوە ژاوی کۆڵانو
لە بۆگەنی ستارە لا رووخاوەکەی دراوسێمان
بەدرێژایی چوار وەرز
دەنگی قیژەی ژنی حامیلەو
مناڵی گێژو وڕو
قیرەی پیاوێکی دۆڕاو،
پاش گەڕانەوەی لە بازاڕی بێنەو بەردەی شەڕێکی ئەزەلیدا
بۆ کۆکردنەوەی کاتژمێری مەرگو
هەڵڕشتنی دوایین تاڵە مووی رەشدا
کە ئاخر جار، هەر ئەکاتەوە سادەییەکەی خۆمان



کچەکەم..
تا ئەو شوێنەی مەرگی خۆم
بەسەر لقی درەختەکانو
شوێنی ڕەجمم لە ماڵە باوانو
تاکە نەعلی بەجێماوم لە کۆڵانو
دوایین یادگاریم لە زیندان ئەبینرێ
ناهێڵم.. هەرگیز ناهێڵم
لە پاش گەڕانەوەت لە ئێوارەی درەنگی مەعریفەدا
هیچ کەسێ زللە لە شعورت با
یان.. لە چێشتخانەی سجنی ماڵەکەتا
قامچی بە شۆربای ساردو سڕەوە بخۆی
یان لەسەر ڕێگەو شەقاما
هاوسەرەکەت.. پێشتکەوێو سووکایەتی بەباڵات کا
من ناهێڵم..
من لە دوای مەرگم ئەترسم
ئیتر نەزانم چیت لێ دێ
ئەترسم..
زوڵفی پەشۆکاوت بەکێلونی دەرگاوە جێمێنێ
شەوانە لە ژێر پێخەفەکەتەوە بگریتو
هەر زووش
لەگەڵ دەنگی ئۆتۆمبێلی سەر شەقامدا
سۆباکە پێکەیتو
چایەکی تر بۆ فەلاقەی ئێوارەیەکی بێ ڕەحم تر
دەمکێش بکەی
کچەکەم.. زۆر ئەترسم
خنکاندنی ئەم قەسیدەیەم بەدەستی تۆ بێو
لە دواجارا بەرگە نەگریت..
چوون، شەڕکردن لەگەڵ ئایندەی (کارمامزەکان)دا
هەروا سانا نییەو
یاخیبوونیش لە ژێر (حەسار)دا
هەروا گاڵتەبازی نییە.. کچەکەم
بەڕێدا ڕۆیشتن بۆ تۆ
پاش ئەمە ئەزانی چەند گرانە
ئەرکی تۆ قورسترە لە ئەرکی پەیامبەرێك
لە تێگەیاندنی حاڵی مەرگ بۆ قەومێك
کە هەرگیز کەسیان تیا نەمردبێ

ئەركی تۆ تا ئەو جێیە قورسە، كە ئەبینی
لە ناو گەرمەی جەنگەكاندا
بۆ سەركەوتنی سوڵتان
ژن.. ساقییەو ئاو ئەگێڕێ
لە پاش جەنگیش كورسییەكەی سوڵتان
ئەتەكێننو تاجەكەی فوو لێ ئەكەن
من گومانم نییە لەوەی
منیش بەقەبارەی سوڵتان
دەستم هەیە لە درێژكردنەوەی مەینەتییەكانی تۆ
لە مەرگی سیحراوی ئێوارەكانی تۆ
تف لە من كە ناتوانم
ئەم كراسە دێرینە بدڕێنم
ماڵێ دروستكەم بۆت
بۆنی تەنیایی لێبێ
باخێك بەقەد پانتایی (زوڵم)
درەختی نەزۆكی تیابێ
نەزانێ چەكەرە یانی چی
بەكورتییەكەی وەچە نەناسێ
یەك ئەدرەس لەسەر دیواری ماڵەكەمان بێ
(بێ ئەوانیش ئەم ماڵەمان لە جەننەت ئەچێ)
هەر ئەترسم.. تۆ ئەم گەمەیە نەتوانی بگەیەنیتە كۆتاو
ئاخرین جار دیواری ماڵەكەم بڕوخێنی
حەز بەزۆرترین ئەدرەس بكەی
بنەماڵە بەشانازی بزانی
هەر ئەترسم.. تۆش یەكێك بی
لە توخمی كچە نەستەلەییەكانی زانكۆ
تەنیا لە (خانە)یا دنیاببینی
یان لە ڕەوتی حزبێكی ناشی بیت
كڵاو بۆ (فەرموودە) ئەدوورنو
لە ریزی پێشەوەی جەماعەتیشا نوێژ ئەكەن
بە قەولی خۆیان سورەتی ئیلاهیت بۆ تەفسیر ئەكەنو
شەڕێكی مەزهەبی ناتەبا
لەسەر عەبایەكی عەجەمی را ئەخەن
كچەكەم.. ژیان پڕە لە ونبوونی ئاشكرا
دوای ڕاكشانێكی قووڵ
لە ژێر كەپری نەگەیشتن بەنهێنییەكانی خواو

خەیاڵ بردنەوە بۆ راکردن لە (بوون) کە ناکرێ
ژیان چا خواردنەوەیەکی خێرایە لە عەسرێکی درەنگداو
بازهەڵدانە بەسەر حەقیقەتاو
سەلام کردنە لە رابردوویەکی پڕوپووچ
ژیان نە رەنگی لە گریانێکی تازەو
نە لە پێکەنینێکی هەڵرژاو ئەچێ
هەر بەهەویری بەسەر ساجەکەی نەسرینەوە ئەسووتێو
دارا پێی راناگا
بە (دۆ)کەی دادەوە بیخوا
کچەکەم.. ژیان لە سەرەتای فەشەلی خۆتەکاندنی دوای
قومارچییەکی دۆڕاو ئەچێ
لە پرسەی ئەو پیاوە گەندەڵە ئەچێ
لە پێش لاشەیدا
رۆحی لەسەر تەناف بەر هەیوانی
ژنە ئەنفالێکی رەشپۆشا
ئەنێژرێ..
یا سەربوردەی گۆرانییەکی تەزیوە
بە لێوی منالێکی سەرەرۆوە خەوی لێئەکەوێ
ژیان بەیانیان بەسەر خۆڵرێژی
کارگوزارەکانی شارەوانییەوە ئەبینرێو
ئێواران لە زەرفی رەشا ئەبرێتەوە ماڵێ
سەیرە مەرگ قاتڵی ناو جەنگەکانەو
کراسەکەی ژیان خوێنی لێ ئەچۆڕێ
ئەم چاوشارکێیە لە حەوشەی کێیا ناکرێ
فەلاقەکردنی ئەم بیرکردنەوەیە
لە پێخەفی کام سۆفییا تەواو ئەکرێ
کچەکەم.. بێدەنگی باشتر نابێ لە نانەوەی هەرایەك
لەسەر دۆزینەوەی جەمسەری جیا
تا ئەم سالبی دۆڕاندنو
موجەبی بردنەوەیە
حەقیقەت بهێنێتە سەر مێزی دادگا
مەرگ سەرانەی چی وەرئەگرێ؟
کە سێو خۆی بەربۆتەوەو
بەقودرەتی جۆگەیا هاتۆتە بەر دەرگا
ئەم هێڵە هەر خۆی هاوتەریبە
بیردۆزەکەی مامۆستا چی بکا؟

ئەبینی رۆڵەکەم..
پرسیار چەند شەیتانیانە
نوێژی ئەم بەیانییەم بەتاڵ ئەکاتەوەو
تۆش لەم هەموو فڕینانە سەر دەرناکەی
باشترە خۆت ئەم کتێبە بۆ نەوەکانت تەفسیر بکەی
کچەکەم.. ئەڵێن: گەڕیدەیی لە جزیرەیەکی چۆڵا
یانی بەدبەخت بوون
لە پاڵ ستارەکەی زەمەنا
یانی خۆکوشتن لە ناوەڕاستی مەئیوسبوونێکی بزرکاوا
یانی باوەشکردن بە(با)یەکی خێڵەکیی تۆزاویا
گەڕیدە بوون..
یانی سەرژمێری کردنی گوناه
لە سەرەمەرگی عومرێکی خەجاڵەتا
یانی عاشق بوون، لە دالانی شێتخانەیەکی داخراوا
یانی ماچکردنی مەرقەدی شێخێکی هەڵاتوو
(لە توخمی مەجووس)
دایکم ئەڵێ: ئەم گەڕیدەبوونە
دواجار سەری براکەت تیائەچێنێ
جامانەکەی سەری باوکت بەپەتی قەنارە ئەکا
بۆ ناخەوی کچم، با کۆڵان بەم ئاژاوەیەمان نەزانێ
ژنە دراوسێکەی هاوڕێم ئەڵێ:
سەرقاڵییش ئەوەندە باش نییە
خۆو رابێنە عەسرانی درەنگ
فێری چا خواردنەوەو کرتاندنی گوڵەبەڕۆژەو
کۆکردنەوەی هەواڵی گەڕەك بی
ژیان بێ کۆبوونەوەی ژنانی بەر دەرگا تامی نییە کچێ
ئاخر.. من ئەم تیاچوونەم قبووڵە
دایکە، لێمگەڕێ
من ئەم راکە راکەم پێخۆشە.. ژنەکە
من بەپێخاوسی پیاسەو
بەپێوە نانخواردنو
بەدانیشتنەوە خەوم پێخۆشە، دایکە
گەر لێمگەڕێن عەیبم نییە هەر خۆم بم، تەنیا
کچەکەم.. وای کچەکەم..
گەڕیدەیی چەند خۆشە کەس نەتناسێ
ژیان بەو هەموو ژوورە تاریکانەوە

چەند شیرینە کەس نەناسی
تا پێت بڵێ (قاتڵی جەنگەکان ئەو بوو)
خۆیی‌و سێوێکی رزیو
کەس نازانێ بیخواو
کەسیش ناتوانێ تفی کاتەوە
کچەکەم.. ئەترسم
هەر لە دەمی کچە هاوڕێکانتەوە ببیستم
لە پێناسەیەکا بڵێن:
(خۆشەویستی ئەو سەرەتایانەیە کە پێی ئەوترێ فەشەل)و
خۆت هیچ نەڵێی..
منیش بۆتان راستکەمەوەو بڵێم:
خۆشەویستی کاتێك ئەکرێتە یاریی خلیسکێنە
کە (زەوی بووە گۆڕستانی شێتەکان‌و ژیان‌و مرۆڤە ئاساییەکان بوونە هاوڕێ)
کچەکەم.. وای کچەکەم..
گەڕیدەیی چەند خۆشە کەس نەتناسێ
ژیان بەو هەموو ژوووره تاریکانەوە
چەند شیرینە کەس نەناسی
تا پێت بڵێ (قاتڵی جەنگەکان ئەو بوو)
خۆیی‌و سێوێکی رزیو
کەس نازانێ بیخواو کەسیش ناتوانێ تفی کاتەوە.

**پاییزی** 2007



# یۆتۆبیا

**هیوا قادر**
نەوروزی 2008

منالّیم بەنەوە
منالّیی بەنەوە دەستی خۆم

کتێب و دەفتەرەکانم بخەنەوە ناو جانتاکەم،
قژم شانەکەن و قۆپچەکانی کراسەکەم داخەن،
بە پەرۆیەکی تەڕ پێڵاوە تۆزاوییەکانم بسڕن،
من دەڕۆم، کەس پێم نەڵێت بۆ کوێ،
کەس دوام نەکەوێت، کەس لێم توڕەنەبێ،
من دەچم بۆ هەموو شوێنە جوانەکانی دنیا قوتابخانە نەبێت،
من هەموو پیاوەکان دەکەم بەباوکی خۆم مامۆستاکانم نەبێت.

منداڵیم بەنەوە،
تا ئاسمانی شینی شار بەپەڕەی کتێبەکانم پڕکەم لەکۆلارە،
تاگێژەلوولکەی ئاسمانی تەنهایی ئێواران پڕکەم لەپەڕەی دەفتەری دڕاو،
تاچی حەرفی خەمبار هەیە بیخەمە
سەر پشتی ئەو کەرەی
کە منداڵێک بۆ یەکەمجار بەخەتێکی خواروخێچ لەسەر دیواری کۆڵان دەینووسێت.
با منالان بێن، با منالانی کۆلانە خەمبارەکان بێن
هەرچی حەرفی دەفتەر و کتێبەکانیانە هەڵیرێژنە بەر دەرگا،
تا چاو پڕبێت لە ڕەشکەوبێشکەی ئەو حەرفانەی کە پڕن لە خەیاڵ،
پڕن لە یاقووتی نەبینراو.
بۆ ئەوەی بوێرم
نیوەڕوانی کۆڵان پڕکەم لە جیکەی پەڕەسێلکە،
تا بەحەرفێکی شین
ڕووبار ڕاکێشم بۆ ئەو شارانەی کە پردیان هەیە و ئاویان نییە.
تا ڕووناکی بخەمە ناو ئەو ژوورانەی
کە دەرگایان هەیە و پەنجەرەیان نییە.
تا بەحەرفێکی سوور بنووسم خونچە و
بیخەمە باخەڵی پیرەمێردێکی کوێر.
بەدەم کەروێشکە خەوەوە بە حەرفێکی سەوز
ڕێحانە بە ئەگریجەی پیرێژنەوە هەڵواسم.
تا دایکم خەنی کەم بەکڕینی کولێرەیەکی پڕ لە کونجی،
کەدەیەوێت قرچەی نیوەڕۆیەک بە کاسەیەک ماستاو فێنک بکاتەوە.

بە پارەی ڕۆژانەکەم هەموو ئەو شتانەی دنیا دەکرم کە بۆ فرۆشتن نین،
پێش هەرشت خودا دەکرم و ئەیخەمە ژێر مریشکێکی کڕ کەوتوەوە و
پێێ دەڵێم گەر بێدەنگ نەبیت؛
بەو مریشکە دەڵێم تۆ دەنکێک گەنمیت تا بتخوات.
ئاگردانێک پرئەکەم لە پشکۆی ڕەنگاوڕەنگ لەبەردەم ئەو فریشتە باڵ تەڕانەی
کە کلوی بەفر لە ئاسمانەوە خستونیەتە خوارەوە.
شوشەی بەتاڵی سەرخۆشەکان پڕدەکەمەوە لە مەی،
گرفانی بەتاڵی سۆزانیەکان لە ئابڕوو،
سەرسامی منداڵێک لەیەکەم بەفر بارین، ئەبەخشم بەبێزاری،
حەوزێک خەنە کە خەیاڵی بەجۆش تیا قوڵپەقوڵپ بکات، بۆ ژنانی گەڕەک دەکرم،
بۆ ئاورشێنی بەردارگا
سەتڵی کچان پڕدەکەم لە زەنگیانە و شەراب،
تاکوڕان سەرخۆشبن بە خەیاڵێک کە ژیان تێیدا جوانە.

گەر ئێوە منداڵیم بەنەوە هەموو خشڵە جوانەکان لەچەتەکانی دنیا دەسەنمەوە،
هەموو تفەنگەکان دەکەمەوە بە قوڕ و دەیدەمەوە دەستی منداڵان،

به لاستیکەکەی پۆلی یەکی سەرەتاییم
فڕۆکە و تانک و تفەنگی ناو وێنەکان دەکوژێنمەوە،
ناهێڵم فڕۆکە بفڕێت بۆ ئەوەی حاجی لەقلەقەکان بتوانن بەرز بفڕن،
ناهێڵم تانک بتەقێت بۆ ئەوەی باپیرەم لەژێر سێبەری دارگویزەکاندا هەر بپرخێنێت،
ناهێڵم تفەنگ دەنگی بێت بۆ ئەوەی هەرگیز من میز نەکەم بە خۆما.
منداڵێم بەنەوە،
تا بەلاستیکەکەی پۆلی یەکی سەرەتایم
وێنەی هەموو سەرۆکەکان بکوژێنمەوە،
تورەبوونی سەر ڕوخسارەکان لابەم،
داری دەستی پۆلیس بکوژێنمەوە،
کەلەپچە لەدەستی زیندانیدا بپچڕێنم،
قەفەزەکان هێندە قایم بکوژێنمەوە، تا ئاسمان پڕ دەبێت لە باڵدار.
بەلاستیکەکەی دەستم سەرسنگی هەمووان هێندە تەنک دەکەمەوە
تا دڵ دیار بێت گەر درۆ بکات.
تاڕووخسار هێندە ڕوون بێت، زمان بچێت بۆ سەیران.

مناڵیم بەنەوە تا بە لاستیکەکەی دەستم دوکەڵی جەنگەکان بکوژێنمەوە
جێ فیشەکی شەهیدەکان بکوژێنمەوە
مردن بکوژێنمەوە و لەجێگاکەیدا بنووسم ژیان.
مناڵیم بەنەوە
منداڵی بەنەوە دەستی خۆم.



# ئاشتبوونەوە لەگەڵ چەک

پشکۆ نەجمەدین

سەرمایێتی بەفر!
کزۆڵ کزۆڵ دەخزێتە ژێر شڕە پاڵتۆی پێشمەرگەیەک
پەنجە ڕچیوەکانی لە سنگی ئاگراویی کیژێکی قەندیل دەنێ
بەفر ئاهێکی پێدا دێتەوە
بەفر سوورهەڵدەگەڕێ!

لە بەرزەفڕیی خۆی ناڕازییە تەوار
ئەزموونی بەرزەفڕی لە کیژەکانی قەندیل
فێردەبێ
تەوار لە تەهی ئاسماندا چاو هەتەری ناکا و
سێڕەی چ ڕاوچییەک نایبینێ!

قەندیل لە بڵندیی باڵای دوودڵە
دڵکرمێیە لە ڕژدیی کەپکەکانی
قەندیل لە سەرشانی کیژێکی خۆی دادەنیشێ و
هەزار لوتکەی لێ سەوز دەبن
دارستانێ کەپک و زنار لێک دەئاڵێن!
* * *
لەنێو دۆزەخی دووکەڵدا کوێرە هەتاو
هۆن هۆن دەگری
هەتاو هانا بۆ کیژێکی قەندیل دەبا
کیژی ئاشق
سەری زمانی لە چاوی هەتاو دەخشێنێ
هەتاو قاقا پێدەکەنێ
چیا دەبێتە چلچرا!
* * *
من لەمێژە "ئاشوماش"م لەگەڵ تفەنگدا کردووە
من دەزانم سبەی لەگەڵ کازیوەدا
لە دەرەیەکی قەندیلدا بزر دەبم
گورگێک پەلامارم دەدا
کیژێک دەبێتە فریادڕەس
چەکێکم بە دیاری دەداتێ
من بە ئەشقی دێرینمەوە
نێوچاوی کیژەکە و
ڕووخساری چەکەکەش ماچ دەکەم.



# بزربوون لە ڕێ-زماندا

بورهان ئەحمەد

زمان گیرۆدەی لەنگی بوو
لارە لار شەقامەکانی قوڕگ دەبڕێ
بۆ قومێك تەبایی
بەزەحمەت لە کانی گەروو ئاو دەخواتەوە
بەر هەڵمەتو هێرشی خەزان کەوتووە
چینێك بەڵغ گەمارۆی داوە
گووردانێك لێڵی دەستڕێژی لێدەکا
زمان دەستخرۆ کرا
میهرەبانیان لێشاردۆتەوە
کاژێك تەم لەسەر لێوی قەتماغەی بەستووە
غوبار دەستەکانی دەگرێ
قەوزە ئابلۆقەی خستۆتە سەری.
زمان ناشادە..
وەك تینی خۆرنشینی ئێوارانی پایز
دڵتەنگە وەکو کۆتری
هەرێمی خەیاڵدانی راوچی
پەرێشان وەك رۆحی شاعیرێکی سەرمەست
مەلوول وەکو قەیرە کچێکی جێماوی گەرمیان
پەشۆکاو بەسیمای مامۆستایەکی ماندوو
پەشێو بەنیگای دەروێشێکی سەدەی نۆزدەهەم
زمان دارماڵە لە هەنگوینی کەمووکووڕی
بەڵام دڵ بووەتە سەیرانگا

منداڵان لە کەناریا خەریکی گەمەو یارین
چوار دەوری بووەتە چراخانی گوڵزار
لە ناوەڕاستیا پەیداخێك لە نوور دەشەکێتەوە
چرایەك لە ئیدراك هەڵبووە
زمان گیرۆدەی تەڵخی بوو
لە سێبەرەکەیدا درك دەحەوێتەوە
بەنامورادی خەڵتانە
بەزریکە دەدوێ
بەسەر لقو چڵەکانیەوە
قەفەس هێلانەی کردووە
مەمکی ناچاری دەمژێ
بێوەری خەریکی جەنگە لەگەڵیا
وەلێ دڵ
ئالوودەی بنیاتنانی مۆزەخانەیە
بۆ ماچو ئاڵووگۆڕکردنی خەندە
هەر ڕۆژەی نەخشەی باخچەیەك
بۆ زەوی پێشنیار دەکا
درەختێك لە بناریا دەڕوێ
هەر ساتەی چرۆیەك لە هەناویا لێودەبزوێنێ
کاسەی سەر بووەتە پەتووی زمان
بەڵام دڵ گۆڕاوەتە هاوینەهەواری ئاوەدانی
فێنکایی بەسەر منداڵە تازە لەدایکبووەکاندا
دابەش دەکا
هەندێ جار دڵم دەخوازێ
پاڵی لێبداتەوە
هەندێجار بەنیازە
ببێتە سەرینو بالیفی خۆی
بەڵام سەرئەنجام هەستدەکا
بەرگەی ئەو ڕاکشانە ناگرێ
تاقەتی تەمەڵیو پشووی نەماوە
دەترسێ لە پەلاماری ژەنگو کەڕوو
پیتەکان لە خوولی سربوونی وتندا کۆبوونەتەوە
بۆیە عیشق بێئاگا لە بەخشندەیی هەور، لە دڵنەرمی باران
لە کەشو ئاووهەوای دڵنیایی، لە سکاڵانامەی نێرگز، لە ئەدگاری مانگ، لە موناجاتی ئەستێرە، لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای فرمێسك، لە دابەزینی پەیوەندی تارادەی بەستن، لە ڕاپۆرتەکانی تریفە، لە شیوەنی ڕێحانە، لە ناڵەی بولبول، لە فیزاحی گیا.
لە واوەیلای ئاوونگ
وشەکان هەڵدێران، کەوتنە چاڵەوە
پەیڤین لە دووریانێکدا بەجێما

هەر بۆیە ئەڤین
بەردەوام لە سەفەردایە بۆ نادیار
بەدووای یەك
رستە بە رستە شەهید بوون
هەر بۆیە توورەیی جومگەكان
هەڵچوونی ماسوولكە
سەردەكەونە سەر شانۆكانی ژیان
بەهار بەگۆچانەكەی دەستێوە
ئاخاوتن بەو هەموو لەنگی خۆیەوە
گەیشتە ئێرە
زقووم دیالۆگی تووشی كەمخوێنی كرد
شەختە گۆنای وشەكانی هەڵپرووكان
لە تاو ئەو گەرما بەتینە
دەستو پەنجەی رستەكان تەزین
میوەكان بەكاڵی
بەر لە سەردانی وەرزی چنینەوەو رنین
كەوتنە ژێر دەستی دەنووكو قاچی هەڵوەرینەوە
باڵندەو گیانلەبەر بەنیازی كۆچ
بەرەو ئەو شوێنەی سفرەو گۆشت ناتەبان
چەقۆو مل ناكۆكن
شمشێرو دەست ناحەزن، خرۆشان
مەزەندەم وابوو چیتر نەتوانم حەرفێك بدوێنم
وشەیەك بخەمە رستەوە
دێرێك بەپەرەگرافێك بناسێنم
لاپەڕەیەك بەكتێبێك ئاشتبكەمەوە
دەترسام لە رێ-زماندا بزربم
ئەوەندە دەترسام
تارادەی ئەوەی پێشبینی ئەوەم كرد
شیعریش وەك زمان
گیرۆدەی مەنگی بێ
كەواتە زمان
لە هەموو جێگایەك چاوەرێماندەكا
لە زەماوەندی پەپوولەكان سەرچۆپی دەگرێ
لە هەموو شوێنێك بەتەمای وەڵامدانەوەی سڵاوی ئەوین
وەختێك بەسەر گژوگیاكاندا دەرۆین
كاتێك ملی پوونگە لار دەبێتەوە
وەختێك هەنگەكان سەرگەرمی ئاهەنگگێڕانن
لەو چركە ساتانەی
دەست بۆ گەردن گوڵێك دەبەین

قۆڵمان دەخەینە قۆڵی خونچەیەکەوە
دەست بەناو قەدی مایکرۆفۆنەکانەوە گیر دەکەین
باسکمان لە کەمەری نەونەمامێك ئاڵاوە
لە کۆرەکاندا بەر لە خوێندنەوەی شیعرێکی غەزەل
چەپکێك شەوبۆ دەخاتە سەر مێزەکەی بەردەممان
دەموچاومان بەعەتری رووناکی دەشواتەوە
کاتێك بەشداری مەراسیمی دوو هاوڕێی کوڕوکچ دەبین
لە ئۆتۆبیسەکاندا بەپێرمانەوە دێ
کە بمانەوێ سەردانی دراوسێیەکی نەخۆش بکەین
بۆ تەوقەکردن
لە جیاتی لەپو دەست
زمان لەبەردەم باخچەی ساوایان وەستاوە
بەر لە ئێمە پەنجەرەکان دەخاتە سەرپشت
پەردەکان هەڵدەداتەوە
کووپەکەی قوتابخانە پڕ دەکات لە ئاو
بەهاوشانمانەوە تا ژووری تاقیکردنەوە دێ
هەر کاتێك زانی پرسیارەکان قورسن
لە لێوی بەرداخی تینوێتیمان دەشکێنێ
زمان لەگەڵ جووتیارەکاندا زەوی دەکێڵێ
دانەویڵەی ناسکی دروێنە دەکا
بێوەیی لە تەختە رەشەکە دەنووسێ
لەگەڵ کرێکارەکاندا چەکوش هەڵدەگرێ
هاوکاری پینە دۆزەکان دەکا لە بزمار داکوتینا
پیتەکان دەگۆڕێتە ئەسکڵو پشکۆ
کە درکی کرد شەختە بووەتە میوانمان
کە زانی تاریکی خەریکە زەفەرمان پێدەبا
زمان لە هەموو زەمەنێکدا
چاوەڕێی ئێمەیە
لە گشت سەردەمێکدا چاوەڕێی ئەوین
زمان لە پێش ئێمەوە لە باخچەی گشتی شار
لە خوێندنگاکان
لە گۆڕەپانو یاریگاکاندا ئامادەیە
چاو ببڕینە هەر گۆشەیەك
هەر بستە زەوییەك بکەینە داڵدە
زمان لەوێیە
دەروازەی شارەکان بەقفڵی مەچەکو بازوو داخران
من بەکلیلی زمان دەیانکەمەوە

کەرکوك 2008

# نوێبوونەوە

**فوئاد کەلهوڕی**



واژۆم بۆ سووتانێك کردووە
تا ماوم بۆی بەرۆژوو بم
لە بری ئەوە
ئەو (ئازادی بەرۆحم بدا)
رۆحێك کە نەیدەتوانی
قورسایی جەستەم لەگەڵ خۆی ببا
هەست دەکەم بۆنی بەهارێکم کردووە
لە دەرەوەی حەلقەی زیکری خەونو خەیاڵ
بێ سنوور، بێ شوومار
هەست دەکەم لە دەرەوەی خۆم، (من هەم)
من پێش بوون بووم
دوای بوونیش هەم
سەرەتای مێژووی ئەم دەستنوێژەم بەبیر نایێ
کە منی گەیاندە ئێرەو بۆ ئەوەی لەوێ تەلقینم بدایە:.
(شارستانییەتی پیاوچاکان بەهەشتەو
شارستانییەتی داماوان دونیا)
دەرۆم، گورج دەرۆم
بۆ خەڵەتاندنی پاشگەزبوونەوە
بۆ تەمێکردنی ترس
دەرۆم (لە گومانەوە بۆ ئیمان)
بەسەرپشتی ئەسپی خەونەوە

لە چاخی بەردینی گومانەوە بەرەو چاخی زێرینی ئیمان بەڕێ دەکەوم
هەموو ئەو شوێنانە دەمەوێ ببینم
کە دەبێ بیانبینم
هەر دەڕۆم
تا دەگەمەوە بەو شوێنەی کە لێی هاتبووم
(ئەی نالێن زەوی خڕە، لە هەر شوێنێکەوە
دەست پێ بکەی، هەر دەگەیتەوە بەو شوێنە؟)
دەڕۆم.. ڕەگی هەنگاونانەکانم لە خەونەکانمدایە
دەڕۆمو چەتری سێبەری خۆمم بەسەرەوەیە
دەڕۆمو ئاهی سەردی ئێوەم لە سینەدایە
دەڕۆمو شکۆی ئێوەم لەبەردایە
دەڕۆمو پەیامی عەشقی ئێوەم لە هەگبەدایە
ئەی جیهان
تۆ هیچ دەبیستی تا گوێم لێ بگری؟
تۆ لە زمانی ئازار تێدەگەی تا وەڵامم بدەیەوە؟
تۆ ماڵەکەی من پێ دەزانی تا بەلایدا پێچ بکەیەوە؟
بۆیە دەڕۆم
چونکە من چاکەیەکم کرد، بەگوناە تەفسیرکرا
دەمەوێ بەگوناە قەرەبووی بکەمەوە
من هەنگاوێکم نا، بەناپاکی وەسف کرا
دەمەوێ بەناپاکی تۆڵەی بکەمەوە
چیدیکە هەڵناکەم لەگەڵ
نووستن لە لێواری مەرگ
خەوبینین لە پێخەڤ سەراب
یاریکردن لە گۆڕەپانی جەنگ
عەشقبازی لە جێژوانی خیانەت
ڕاستگۆیی لە ژێر پەردەی درۆ
لێرە هەموو شتێك ئازادە، تەنها مرۆڤ نەبێ
مرۆڤ ئازادە تەنها ئەقڵ نەبێ
ئەقڵ ئازادە تەنها بیرکردنەوە نەبێ
بیرکردنەوە ئازادە تەنها سەلماندن نەبێ
سەلماندن ئازادە تەنها جێبەجێکردن نەبێ
جێبەجێکردن زیندانە تەنها ڕۆحی
ڕۆحی زیندانە تەنها هەناسەی
هەناسەی زیندانە تەنها بوونی
بوونی زیندانە تەنها ناوی

ناوی ماوەتەوە بۆ دروشم
دروشمی ماوەتەوە بۆ دڵنەوایی
دڵنەوایی ماوەتەوە بۆ گوێگرتن
گوێگرتن ماوەتەوە بۆ هەواڵ
هەواڵ ماوەتەوە بۆ ئەنجام
ئەنجام ماوەتەوە بۆ ئامانج
ئامانج ماوەتەوە بۆ.. (هیچ)
دەڕۆم
دەڕۆمو هەر دەڕۆم
هەموو عومرم کردە باڵندەیەکی سپیی کپی سەرەڕۆی نامۆی
بەرزەفڕی نەسرەوتووی نەخەوتووی بێ جێگەی تەنیای بێ لانەیی
بێ لانەیی کردە لانە
عەشقم کردە زەمەنی سەوزایی بەهاری دڵی گرفتاری جەوهەرباری
ئەویندار‌ی پڕ یادگاریی رۆژگاری رێبواری هەرزەکاری
جەستەم کردە داری بەرداری کەناری رووباری ورشەداری بەختیاری
دەستم بەڕۆحمەوە گرت
بۆ ئەوەی چیدیکە رۆژەکانی تەمەنم بەخەسار نەدا
پێم گوت بەسیەتی
گێژبووم بەدەست راژەنینی تۆ
چیدیکە خۆت نەدزیەوە بۆ ناو ئەو جەنگەڵەی کە لێی هاتمەدەر
چیدیکە شەوانە لێم مەبە بەئەستێرەناسو فاڵ بۆ وەحی مەگرەوە
چیدیکە مەبە ئیلهامبەخشی ئاخرزەمانی بەیانی
چیدیکە شانازی بەجەستەوە مەکەو چاوت لەم وڵاتە نەبێ کە هی تۆ نییە.

9-6-2007

# جاری جاران



هیلال ئیبراهیم

ئێوارەیەك بۆنێکی غەریب بردمی
چوومەوە ئەو جێگەی منی لێهاتە بوون
چوومەوە شوێنێ کە کەس ناتوانێ بمبا
هەروەك جاری جاران غەریبیی ئێواران بۆنەکەی تا ئەو شوێنەژیان هەیە دەمبا
غەریبی گەڵاکە هەروەك غەریبیی من کەوتم ئەو کەوتبوو
جاران بۆنی غەریبیم تا دوا سنوور هەست پێدەکرد
دەچوومە ئەو شوێنەوە تەنیا بۆن تێی دەچێ
دەچوومە ئەو شوێنەوە تەنها دەستی با دەیگاتێ
هەروەك جاری جاران چاوی سەوزی لەسەر زەوی وەك گەڵاکان کەوتبوو
نەدەمتوانی دەستی بۆ ببەم، نەدەمتوانی لە خودا بپارێمەوە لەوە زیاتر نەیخاتە عەزابەوە
هەروەك جاری جاران
رەنگی ئێوارەیەك کە هەموو ئێوارەکانی لەخۆیا هەڵگرتبوو
هەموو عەزابەکانی غەریبیی لە خۆیا لە کۆڵ نابوو
هەموو بۆنەکانی دنیای لە خۆی دابوو
ئێوارەیەك بوو لە هەموو ئێوارەیەك دەچوو لە هیچیشیان
هەروەك جاری جاران
چوومە نێو ئەو شوێنەی کەس تێی ناچێ
بۆنی ئەو ئێوارە بردمیەوە لای ئەو کەسەی کە لە کەسی تر ناچێ
(کەس حەدی نییە بگا بە ئەو)*
لەناو ئێوارەوە چوومەوەلای
کەچی تا من گەیشتم ئەو لەناو ئێوارەیەکی تردا لەچاو ونبوو
هەروەك جاری جاران

چەقۆی لە جەرگمدەدا تا ئاوی ئەو گوڵانە بدا بە خوێنی من گەورەبوون
وەك جاران شتێك نەما بۆی بژیم
جگەرەی بۆ بكێشم و كۆڵانە و كۆڵان بۆی بگەڕێم
ئەو ئیتر وەك جاران لە گیرفانەكانمان بۆی نەدەگەڕام
لە خەیاڵمان بۆی نەگەڕام
چاوەڕێی ئەوەشم نەكردەوە بەیانییەكی زوو بمخاتەوە ناو دنیا
ئەو جار جار لەناو ئێوارەدا دەردەكەوت هەندێ جار بە بۆنی بەیانیانی بەهاراندا هەستم بە بوونی دەكرد و شەوانی درەنگیش دەمزانی هێشتا زیندووە.
ئەو ئێوارە و بۆن و شەوانە نەما بۆیان بژیم ئێستا بۆچی بژیم
بەچی بچمە ئەو جێگە ئەو دەیبرد م
بەچی بگەمەوە ئەو خەیاڵەی ئەو دەیبردم
بەچی دنیا بگەڕێم و لەشوێن خۆشما نەجوڵابم
هەروەك جاری جاران ناچمەوە بەردەم بۆنی بەیانیان و ناشتوانم وەرزەكان بە بۆن بناسمەوە
كە بەهار هات بۆنی ئەو بدا
كە پایز هات بۆنی غەریبی و
بە زستانیش هەست بكەم ئیتر رووم لە تەنهاییە
ئەو دەیبردمە نێو بۆنی وەرزەكان و بە بێ بینین وەرزەكانم وەك خۆیان دەدی

وەك جاران كەسێ نەما بمباتە ناو ئاگر و لاشەم نەسوتێ
هێندەی هەموو دونیا عەزابم بدا و ئازار نەخۆم
دنیام لێبكاتە جەهەنەم و لێی بێزار نەبم
هەروەك جاری جاران ناتوانم
دنیا بخەمە لایەك و ئەو لەلایەك
ئاسمان بخەمە لایەك و ئەو لەلایەك
خودا بخەمە لایەك و ئەو لەلایەك
هەروەك جاری جاران
ئەو دەستم ناگرێ بۆ مردن خۆم دەرۆم
ئیتر چێژ لەوە ناكەم با ئەمكوژێ یا مێژوو
ناگەمە ناو شوێن، رەنگەكانم بۆ جیاناكرێنەوە و خۆشم بۆ ئامادەناكرێ بۆ مردن
هەروەك جاری جاران شتێكم تیا نەما بۆی بژیم
وزەیەك نەما بگەمە لای خۆر
هێزی ئەوەم لێبرا بگەمە لای ئەو
تاقەتم برا بەو شوێنەدا برۆم كە جاران بە ئاسانی دەستم لێدەدا
هەروەك جاری جاران چۆن بژیم و بۆ كێ بژیم

**٭دێرە شیعرێكی شاری-ی شاعیرە.**



# خەونی پەپوولەیەک

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

1

ڕەنگە بێ کارەساتو ڕاپەڕین
خەم نەبێتە
چەپکێ وەنەوشەی شیعر
ڕەنگە بەبێ تۆڵەی ناحەز
مرۆڤ نەبێتە پاڵەوانی ڕۆمان
مرۆڤ هیوا و ئەوین
ئەدا بەمەرگ
مەرگ لەپێناو جوانیی خۆیدا

2

من لەناو باخی رەنگاورەنگی پڕ میوەدا
دەستەکانم بەخواستی خۆی
گوڵاڵە سوورەی بەهارم بۆ دەگرێ
پریشکی گەرمی دڵیشم
کردۆتە مەنزڵی دارستان.

3

ئێستا ژیان
تیشکێکە لەنێو چاوانمداو
هەناسەی خەمی لێ دەتکێ و
باوەش بەشەپۆلی مەرگدا دەکا
رووخساریشم ژاکاو وەکو
تاڤگەی رووبار
وەکو کزەی ساردی بەرەبەیان
دێتو دەچێت
من نازانم شەو دێ یا رۆژ
گۆڕستانی خونچەی دڵم
وەکو پشکۆ گەش دەبنەوە
بەفراوی سەر روومەتیشم
وەکو دەریا شین دەچنەوە.

3

پەنجەکانم ئاوێزانی شیعر دەبنو
بەبەرچنەیەك دارەوە
شکۆفەی شیعر دەچنمەوەو
منی ماندوو
دوای سەدەیەك چاوەڕوانی
لەژێر چنگی رەشەبا
چۆڕ چۆڕ
دەرژێمە ناخی خۆمەوە
چەند دەمەوێ رزگارم بێ
گلێنەی چاوم ببینێ
کەچی هێشتا رێگە نادا
بروسکەی سوور بەرم بۆ خۆم.

4

ئێستاکە من هەر بەتەنیا هاوڕێی
کێڵگەو بەفرو گوڵم
ئێستاکە من
ڕێژنەی باران وەکو گەڵا
بەسەرسەرما دادەبارن
من نەمتوانی بەخواستی خۆم
وشەکانم بنووسمەوە
کە بەدەفتەری بیرەوەریی
برینەکانمدا دەچمەوە
ئێستاکە منیش تێدەگەم؟
گەر کۆترێ باڵی نەبێ
هەرگیز باڵێکی تری لێ ناڕوێ.

5

دەبوو چاوەکانم
خەون بە پەپوولەی دڵمەوە ببینن
کاتێ تاڵەکانی قژم
بۆنی عەتریان لێدەهات
بۆنی ژەنگ بوو
کاتێ پاکیی دەستەکانم
بەئاوی روون شۆرانەوە
ئاوی قوڕ بوو.

6

نەمدەزانی مانای ژیان لەکوێدایە
جیاوازیی مرۆڤ لەچیدایە
کاتێ بەئاگا هاتمەوەو
دەفتەری بیرەوەرییەکانم هەڵدایەوە
برسیەتیی رۆژگاری رابردووم بیرکەوتەوە
کە لەژێر سێبەری درەختێکدا، ئاوم دەدا.

7

لێرە ژیان
هیچ پەنجەرەیەکی نییە بۆ ڕێزگرتن
ئاخر ژیان زۆر شیرینە

ئەگەر سێبەری نەگات بەتۆ
ئازادی چۆن بەدی دێنین
ئەگەر مرۆڤ بەخشندەیی
نەدا بەتۆ
ئێمەی مرۆڤ
شەپۆلی خۆر هەموو رۆژێك
دەرگای دڵمان رادەژێنێ
خەونی دوورو ئەندێشەمان
کاسەی هەژارانمان بۆ دێنێ.

8

ئێستا خۆشەویستی ئەگا بەمن
بۆنی عەتر لە جەستەم دێ
شەوگار دەخەمە ئامێزم
من تێناگەم، بۆچی تەنها ئەستێرەی شەو
ئێشکگرەو قەت ناخەوێ
مانگ بۆچی لە سنگی ئاسمان نابێتەوە
شەو بۆ رەشەو رۆژیش بۆ هەمیشە رووناك.

9

ئەوکاتانەی چەپکێ تیشکی زێڕینی خۆر
خۆی دەخاتە باوەشی پەنجەرەکەمەوە
چ تابلۆیەك هێندە جوانە؟.

10

مێژوو پڕی کردووم لە خوێن
جەستەی پڕ کردووم لە برین
چناری باڵام دەبڕێ
ئەو دەیەوێ هەرەس بێنم
نووکی پێنووسو قەڵەمەکەم
وەکو جاران بۆنی خۆشەویستی نەکەن
من ئێستاکە تێدەگەم
لەدوای هەرەسو دارمان
لەنێو دڵما
دڵۆپە شیعر ئەدا لە شەقەی باڵو
سەوز دەچنەوە.

# غوربەتنامەی پیاوێکی تەنیا

دائیم لە حەزەردا سەفەری بە، لە وەتەندا
غوربەت کەش و عاجز بە ئەگەر ئەهلی تەریقی
**نالی**

ژوان پێنجوێنی

لە بێوەژنێکی دڵشکاو بە تەنیایی دڵپڕترم بۆ سەفەر
لە پیرەمێردێکی ئەغیار بە بیرەوەری بێباکترم لە مەرگ
لە کچێکی بەرپەنجەرەی سرکی تامەزرۆیش تەڕترم بۆ عەشق
من ڕووسووری سەدەیەک تێرامانم
بە سێبەرەکەی خۆم بەخشیوە،
ئەڵێم گەر لە کاتی ڕۆشتنیشما سەرم لێبەجێما
ئەو لە سەبەتەیەک عیرفانا بۆم هەڵئەگرێت ...
چون زایەڵەی سەرم لە خەلقی سێبەردا
دەچێتەوە سەر نەسەبی ڕشتنی یەکەمین پێکە شەراب
لەژێر ساباتی ترێدا و
دەگەڕێتەوە بۆ وەجاخی دوایەمین هەڵدانی قوومە عارەق
لە زاکیرەی ڕەقی دەنکێک خورما!
بمبوورە... بۆ چوونە نێو قسە و باسی سەفەر
نووسینەوەی ئەم سەرەتاگە پەژموردانەی غوربەت
وڕێنەی پیاوگەلێکن، تەزیوترن لەوەی بتوانن
لە نیوەڕۆیەکی داگیرساوی جێهێشتنا
بەدەم خەیاڵی خۆرەوە چەپڵە بۆ بەرائەتی بەفر لێدەن
من ئێستاکە لە سەرەتای ئاخیرەتی حیکایەتێکدام
لەسەر ترۆپکی چاوەڕوانی و دوا چڵی پرسیاردا،
پەلی گومانم ئاڵاندۆتە ملی بێئۆقرەیی و
وام لەژێر پەلەپیتکەی خۆکوشتنی تەنیاییدا

ماتڵم بە قریشکەی یەکەمین راموسان و دواین بڕیاری تۆ
تۆش ئەی ئەوەی ساتی هەڵچوون دەبەخشیتە دەریا و
هەڵکردنی ڕەشەبات لە دەستدایە و بارینی بارانت
گرتۆتە ئەستۆی چاوە گوناهبارەکانی هەور...
ئەگەر ئەمنێریت، فرسەتم بدە با خۆم کۆبکەمەوە
ئەزانیت حیکمەتی خۆکۆکردنەوە سیحرێکە لە عیشق دەکرێ
ڕەنگە پێت سەیر بێت!
ئەم پرسە و ئەم وەسیەت و خۆئامادەکردنە
کە نازانی بە درێژایی عومر چەند لەتم لێکەوتۆتە خوارێ و
چەند جار لەسەر مێزەکانی دڵگوشران خۆمم لەبیرچووە
من...
پیاوێکم، گەر بە ڕێکەوتیش چووبێتمە کۆڵانێکەوە
گەمەیەکی بەزیوم لە ئاستانەکەی منالیدا جێهێشتووە
گەر بە ڕێکەوتیش ئایەتی باخچەیەکم ئەزبەر کردبێت
بەشێکی سەرم لە سوژدەی گوڵا هەڵنەگرتۆتەوە
من...
موسافیرێکم، بەهەر ڕێگایەکدا چووبێتم و
لە هەر دەرگایەکم دابێت بێشک پەنجەکانم
لە یەکەمین (کێیە)ی ئەودیو گومان نەسەندۆتەوە
گەریدەیەکم، بەهەر شەقامێکدا گوزەرم کردبێت
قاچێکم بە پیاسەی سێبەرەکەی خۆم بەخشیوە...
ئەگەر ئەمنێریت
ڕێگەم بدە با خواحافیزی بکەم
ئەزانیت بوێری خواحافیزی جەسوورییەکە
لە هەوڵی خۆکوژی (با) ئەچێت
ڕەنگە پێت سەیر بێت!
ئەم مروەت و ئەم حەسەنا و ئەم یەقینە
کە تێناگەی بە درێژایی عەشق چەند گریان چاومیان جێهێشتووە و
چەند جار شیعر بەسەر لەدایکبوونمەوە مردووە
من...
ژیاندۆستێکم، هەر جارێك دەفتەری گوناهەکانم کردبێتەوە
ناوێکی ترم لە لیستی خواکاندا نووسیوە
هەر جارێك لە قودرەتی چاکەکانم پاڕابێتمەوە
بێبروابیم لە لەپی دەستەکانما ناشتووە
منالێکم، هەر جارێك لە چاوی سووری مامۆستاکەم ترسابم
ماڵئاویم لە بووکەشووشەکانم کردووە



هەر جارێك قەهری باوكم دیبێت،
بە عاتیفەی دایكم گووتوە خواحافیز
من... عاشقێكم هەر جارێك دڵم شكابێت
كتێبە شیعرێكانم نەخستۆتە سەر گازەرەی پشت
هەر جارێك بێمروەتی یارم دیبێت
پێشتر بە هاورێكانم گووتوە دەڕۆم!
بێ ماڵئاوایی گۆرانییە ڕەنگ زەردەكان سەفەری هیچ
پایزێكم نەكردووە و نەچووم بەڵێن بدەم
ئیتر لەگەڵ مەراقی هیچ مەقامێك نەگریم...
بێ ماڵئاوایی ئاوێنە گومانبەرەكان نەچوومەتە
غەفڵەتی هیچ مەستییەكەوە و هەوڵم نەداوە خۆمم بیرچێتەوە
نامەم بۆ هەموو دۆستەكانم جێهێشتووە
ئینجا وێراومە دەست بگرم بە پەلی درێژی كۆچەوە
من بێ خواحافیزی
نەمتوانیوە باخچەیەك جێبێڵم و بەرەو شكۆفەی گوڵێكی دوورتر بچم
نەمتوانیوە كتێبێك داخەم و لە فەلسەفەی تەنیاییەكی ترا بنووم
من بێ خواحافیزی
نەمهێشتووە ڕۆحم لە بێدەنگیی گۆرانییەكەوە هەڵفرێ و
لە بەستەیەكی ترا سكونەت بگرێت
نەمهێشتووە دڵم بەر پەنجەرەیەك جێبێڵێ و
لە كلاوڕۆژنەیەكی ترەوە ترپەی بێت...
ئەگەر ئەمنێریت
بهێڵە تێبگەم كوێ جێدێڵم و بەرەو كوێ دەچم
من بەم دەمامكانەوە نازانم، دیسان بەرەو سەراب بچم
یان بۆ ئەو مەلەكوتانەی پڕن لە نهێنی و عەشق؟
بهێڵە بزانم
تا ئێرە مەكانی نوێژە ئەبەدییەكانی تەنیایی بوو
یان ماوە ئومێد لەسەر هەڵمی بێهوودەیی هەڵچنم؟
تا ئێرە وەختی شەهیدبوونی ئەزەلی عەشق بوو
یان ماوە مردنێكی تر بۆ عەشقێكی تر بدۆزمەوە؟
بهێڵە بەم زیكری عیرفانەوە
بە پەیژە خوساوەكانی ئەزموونا هەڵگەڕێم
من زۆر جاری تریش بە دوو باڵی پڕ لە سیحرەوە
لەم ڕێگایانەم داوە و یەخسیر بووم بە ئاخیرەتی فڕین
تۆ دەزانیت؟
دەزانیت كورتترین سەفەری من گەیاندنی نامەیەكی كانێكەی

بەرماڵی خۆمانە بۆ دەریا...
بردنی سەتڵێك ئاوە بۆ کەشفکردنی دیوە نادیارەکەی سەراب
ڕۆشتنمە لەگەڵ ئەو سێبەرەی عومرێکە دەڵێت:
پێك دەگەین و ناشگەین!
دەزانی کەمترین ڕێگە کە بڕیومە
هەر هێندەی بەیانی باشێکی زەردەپەڕە لە ئێوارە
هەر هێندەی سڵاوی تریفەیەکە لە جۆگەیەکی نەنووستوو
من بۆ ئەم چوونەی نەچوون !
پێویستیم بە زیاتر لە ڕۆحێك هەیە بۆ تەحەموول کردنی
بێمتمانەیی سەفەر و غرووریی مەرگ
پێویستیم بە زیاتر لە دڵێك هەیە بۆ هەڵگرتنی
سادەگیی خۆشویستن و پەمەییبوونەوەی ژیان
دەزانیت پێویستیم بە زیاتر لە چاوانێك هەیە بۆ دیتنی
ئەو ڕەنگانەی ساتێك دێن و جارێکی تر نایەنەوە بینابیم
دەزانیت پێویستیم بە زیاتر لە دەستانێك هەیە
بۆ باوەشگرتنەوە لە کاوی نائارامی
یەکەم هەنگاوی سەفەر و
بۆ دەست هەڵبڕین لەو دۆستانەی جارێکی تر
غوربەت ناهێڵێت بێنەوە نێو زەینم
ئەگەر ئەمنێریت...
پێم بڵێ با هەر لە ئێستاوە دەست بە گریان بکەم
کێ ئەڵێت دوای گەیشتن
فرمێسك ڕشتن بێهوودەیی نییە ئەزیزم؟
ئاخر هەر سەفەرێك ئەگەر کۆچی ناوەختی بارانیش بێت
وێستگەیەکی تەڕی تێدایە بۆ چاوەڕوانی...
من ئەمەوێت کۆچی چاوەڕوانیم سەختتر بێت
لە یەئسی ئەو مەنزڵەی دوای سەفەر پڕە لە دڵنیایی نایلۆنی
سەیرە تێنەگیت، هەناسە درێژی من لەگەڵ بێدەنگیی بەرد
وەفای منە لە بەرامبەر دڵڕەقیدا
مانەوەی من بەدیار نەبارینی بارانەوە
تەڕێتیی لێبووردەییمە لەژێر چەتری غەریبیدا
بمبوورە،
من تەجرەبەی یەکەمین هەڵکردنی ڕەشەبا لە ژوورەکەمدا و
دواین ڕەهێڵەی ئەسرین لە شیعرێکما فێریان کردم
لە دوای هەر سەفەرێکەوە غوربەت بە ڕووتی ببینم!
ئێستاش نەچووە بچێ...

ئەگەر ئەمنێریت، گۆرانییەکی خوساوی «داریوش» و
چەترێك و کتێبێکی دڵتەڕی «لۆرانس» بهێنە...
ئەچینە پێچی ئێوارەیەکەوە و بەدەم داگیرسانی جگەرەیەکەوە
مژ لە عومری یەکتر دەدەین و قسە لەبارەی غوربەتەوە دەکەین
ڕەنگە بپرسیت لە کۆڵانی غەریبیدا کام بێدەنگی
دەبێتە زیکری خەڵوەت و ئەم ڕاموسانە لە تەنیایی لەپای چی؟
من براکەم کە لە تاراوگە لە هەوڵی درێژکردنەوەی
ئەم حیکایەتی تەنیاییەی مندایە
بە پەلە و لە نامەیەکی شپرزەدا بۆی نووسیبووم:
غوربەت تەنها کوژانەوەی خەریتەی نیشتمان نییە
لە زەینی جوگرافیای دووریدا
هەندێك جار مرۆڤ لە ئاژاوەکانی خۆیدا بێگوناه و
لە ماڵەکەی خۆشیدا غەریبە...
بۆ ناسینەوەی ڕووخسارە خومارەکەی غەریبی
دەبێت ئاوێنە لە دیوار بکریت و
پەنجەرەکەت بۆ هەمیشە بە ڕووی قەرەباڵغیدا
نەکەیتەوە...
غوربەت زۆرجار حوزنی قاوەخانەیەکی لاڕێی
«لینکۆلینشر» بەجێدێڵێ و دەچێتەوە سەر عارەبانەی
قاورمە فرۆشێکی بەردەم قوتابخانەکەی
ئەوسای مناڵی...
غوربەت زۆر جار لە کڵێسایەکدا تەلاق دەدرێ و
دەگەڕێتەوە سەر منارەی ئەو مزگەوتانەی
ئایەت ئایەت باوکمیان دایە دەست تەنیاییەکی کوشندە
مەرج نییە ئەوەی بە زمانی کەناری نەیتوانی قەفەز
بەڕێتەوە ناو خەیاڵدانی درەخت
ئیتر لە بەرامبەر شکۆفە و گەڵادا غەریبە...
هەندێك جار کە بە زمانی ئاو تاڤگەیەك
وەسێتنامە دەنووسێ و ئینتیحار لە هاژە دەکات
تۆ ناتوانیت بە ڕەشەبا بڵێیت: غەریبیت باش!
من دوای خوێندنەوەی سەدان نامە و
دەرخی دەیان ئەدرەسی ئاوها، وێرام بڵێم:
وەرە غەریبم،
با سڵاوێکی غوربەتییانە لە سەحەر بکەین و
بەرلەوەی نیوەڕۆ بۆ دواین سەفەری سێبەر
نەفەرێك غەریبیمان لێ قەرز بکات...

بچینە پێشی ماشێنێکەوە و شتێ لەبارەی کۆچەوە بڵێین
من دڵنیام غوربەت بەوە تەواو نابێت
ئێوارەیەك بەو شەقامەدا پیاسە بکەم کە جگە باران
بۆنی پێی هیچ کەسی نەگرتووە...
سیگارێك پێکەم و بەدەم بیرکردنەوە لە برینی
یادەوەریی ئەو کچانەی لە خەیاڵما،
بوون بە شیعر و بوون بە ڕەنگ و بە گۆرانی...
سەرم شۆڕ بکەمەوە و نەهێڵم چاوم بچێتە سەر
دیمەنی پیاوێکی زبر کە خەریکە لەوبەر شەقامەکەوە
نیگەرانیی سادەی ناو لەپی دەستی کچێکی سواڵکەر دەدزێت
یان ببینم گوڵەبەڕۆژەفرۆشێك
بەدەم تەماشای خۆرەوە سینییەکەی دەستی دەڕژێ و
خۆم بدزمەوە لە بینینی چۆلەکەیەك،
کە دێت دارلاستیکی دەستی منداڵێك بڕفێنێت!
من دەزانم بە ناشتنی دەستە شەرمنەکانی منداڵی و
قرتانی باڵە تەڕەکانی چۆلەکە و
نزای بێهوودەی کچێك لە ئێوارەیەکی دڵشکاو...
غوربەت ڕەحمی ناجوڵێ و
هەرگیز ئەم قومارە لیخنە ناگەیەنێتە کۆتا...
من دڵنیام تازە غوربەت بەرهەیوانی ئێوارانم جێناهێڵێ
دێتە حەوشەکەمانەوە و لەبری من ئینجانەکان ئاو دەدا
لە ژووری نووستنەکەمدا خەو بە ئاگاییمەوە دەبینێت
دێتە سەر مێزەکەم و
بە واژۆی منەوە نامە بۆ دۆستەکانم دەنووسێت
غوربەت زۆر جار
لە دوکانەکاندا بەناوی منەوە جگەرە بە قەرز ئەبات
شەوانە درەنگ بە تەلەفۆن خوشکەکانم خەبەر ئەکاتەوە
ورك لە نائومێدیی باوکم ئەگرێ و
دەبێت بە دوومەڵی سەر پەنجەی براکانم
لەوێش غوربەت وەك ئەسیرێکی پەشۆکاو
چاوەڕێیە من بازیبەندەکانی بکەمەوە و
لەگەڵ خۆمدا وەك دۆستێکی دێرین شارە و شار بیگێڕم
تا ئاشنا بێتەوە بە سەفەرەکانی من،
بە خواحافیزییەکانی من و بە هیجری فیرقەتەکانی من !
ئەگەر ئەمنێریت...
بە دڵم مەڵێ... با هەر خۆم لەم خورپەیە بەئاگا بم

با هەر خۆم بزانم
غوربەت جێهێشتنی تەنیایی بێوەژنێك و
بیرەوەریی پیرەمێردێك و تامەزرۆیی كچێكە
لە كۆڵانی سەفەر و مەگ و عەشقدا...
با هەر خۆم بزانم لە نێوان عەشق و مەرگ و سەفەردا
دەبمەوە گیرۆدەی ئەو نەغمەیەی كە تەنها خۆم دەزانم بیڵێمەوە
دەبمەوە زەلیلی ئەو نهێنییەی كە هەر خۆم ئەتوانم بیدركێنم
ئاخر من عومرێكە لە سەفەردام
ئەگەر هەر بڕیارە بڕۆم.. ڕێگەم بدە چاویلكە و كتێب و
گۆچان و جانتاكەشم هەڵگرم...
بەڵكو ئەوێ، جێگەی تەواوكردنی ئەو حیكایەتە بێت
كە لە منەوە دەستی پێكرد و شیانە هەرگیز لە منیشدا
تەواو نەبێت...
ببوورە، من لە یادم نییە بێ جانتا سەفەرم كردبێت
دەشزانم ئەوەی لە هەگبەكەمدایە...
چەند كتێبێك لەسەر دووری و هەنارێك و
پاپیێك كە لە دڵنیایی بەرپەنجەرەكاندا پێ ئەكرێ و
چەند قەڵەمێك كە وا بزانم تەنیا یەكێكیان دەنووسێت
لەگەڵ وێنەیەكی خۆم،
كە لە ئاوێنەی ژوورەكەمەوە خۆم گرتوومە و
چەند دوعایەكی باوكم و عەشقێك....
كە دڵنیام ئەگەر منیش جێیانبێڵم
ئەوان هەرگیز جێمناهێڵن.

*لینكۆلینشر: ناوی یەكێك لە گەڕەكەكانی شارێكی ئینگلیزییە، كە براكەمی تێدا دەژی.

# سەفەری ماچو تریفە

عێزەدین زەکی زادە



که مەغریب دێ،
رێبوار دەبن بە تارماییو
عەشق دەبێتە تریفە
کە شەو دادێ
رێبوارەکان
بە هەنگاوی خۆشەویستی
سەفەری ژووان دەنووسنەوە
مانگیش ژووانیان بەتریفە رووکەش دەکات
ئەوسا قەدەر ژوانێك لە زەمەنی شەو دەچنێت
دوو تارمایی لە ژووانێکی سپی سپی
بەسەر کۆڵی نیوە شەوێکی تاریکا
بە خوناوی ماچی عەشق
چێژی ژووان دەهۆننەوە
دوو تارمایی دەبن بەیەك
بارانی ماچ،
بەسەر کێڵگەی هەردوو جەستەی یەك تارمایی
دادەبارێت.
شەو دەکەوێتە کەروێشکە
ئاسمانی ماچ سامالٚ دادێ
دوو تریفە لە تارماییێك هەڵدەبن
مانگ بێ گەردی دەنووسێتەوەو
عەشق دەبێتە نیشتمان.

# لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی




سەبور عەبدولکەریم (شکار)

یەکێك لەو کتێبە بەنرخو دانسقانەی، کە چاپی سێهەمی کوردستانی کەوتووەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی)یە، لە نووسینی د. ئەنوەر قادر محەمەدو لەچاپدانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم لە سلێمانی.

سەرەتا چاپکردنەوەی ئەم کتێبە نایابە لە کوردستان گرنگە، چونکە چاپەکانی تری لە دەرەوەی وڵات بووەو بەر دیدەی زۆرینەی رۆرشنبیرانو خوێنەرانی کورد نەکەوتووە. ئەم کتێبە کە لە بناغەدا نامەی دکتۆرای نووسەرەو پێشکەش بە زانستگەی رۆژهەڵاتناسیی لینینگراد کراوە، دەکرێ بە دەوڵەمەندترین کتێب لە هەردوو ناوەندی ئەکادیمیو رۆشنبیریی کوردیدا دابنرێت، کە سەبارەت بە مەولەوی نووسراوەو هاوکات هەر بەوەش نووسەرەکەی دەکرێت بە یەکێك لە مەولەوی ناسە دیارەکان دابنرێت.

بایەخی ئەم کتێبە تەنها لەوەدا نییە، کە نووسەر لە پێشەکییەکەیدا بە پەیڕەوی لە رێبازی زانستیی باوی سۆڤیەتی، ئاوڕێکی رەخنەیی کورتی لە نووسینی ئەو نووسەرە کوردانە داوەتەوە، کە بەپلەبەندی مێژوویی لەسەر مەولەوییان نووسیوە- کە خۆزگە لەم چاپە نوێیەدا ئاوڕی لە کۆمەڵە نووسینێکی تری هاوکاتو دواتر لەگەڵ نووسینی نامەکەدا بدایەتەوە، بەڵکو ئاوڕێکی پڕ بایەخی لە مێژووی نووسینو ئەدەبیاتی کوردیی دیالێکتی گۆران (هەورامی) لە پێش مەولەوی داوەتەوەو کە تێیدا ئاماژەی بە ڕای کۆمەڵێك رۆژهەڵاتناسو توێژەری بێگانە بەتایبەتی ڕووسەکان لەو بارەوە کردووە، کە پێشتر باس نەکراون.

لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باس لە ژیانی مەولەوی

کراوە، کە لەگەڵیدا بەشێوەیەکی زانستیانە گفتوگۆ لەسەر ئەو رایانە کراوە، کە لەو بوارەدا خراونەتە روو و ئەم ژیاننامەیە دەوڵەمەندترین نووسینە لە بارەی ژیانی مەولەوییەوە نووسرا بێت.

لە بەشی سێیەمدا باس لە ناوەرۆکی دیوانی مەولەوی، بە پشتبەستن بە دیوانی مەولەوی کۆکراوەی زانای گەورە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس کراوەو نووسەر دابەشی کردووە بەسەر سێ ژانردا، کە ئەوانیش یەك بەیت (31 یەك بەیت)، دوو بەیت (39 دانە) غەزەل (213 دانە)و دواتر بە تێروتەسەلی باس لەو سێ ژانرە کراوەو لە باسی یەك بەیت (فەرد)دا نووسەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرانەی کورد ژانری فەردی هێناوەتەوە نێو شیعری کوردییەوەو پێش ئەو لای شاعیرانی کرمانجی ژوورو لای شاعیرانی گۆران (هەورامی) فەرد نەبووە.

لە باسی دوو بەیتەکانی مەولەویدا نووسەر پێی وایە لە دوای بابا تاهیری هەمەدانییەوە لای شاعیرانی کرمانجی ژووروو و شاعیرانی قوتابخانەی بابان دوو بەیت کەمەو لە ئەدەبی دیالێکتی گۆراندا زۆر لاوازەو لە دوو بەیتو سێ بەیت لای شاعیران تێپەڕناکات، بەڵکو شاعیرێکی گەورەی وەك بێسارانی دوو بەیتی نییە، بەڵام مەولەوی لەم رووەوە لوتکەیەو (39) دوو بەیتی هەیە. لە باسی غەزەلی مەولەویدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات ژانری غەزەل لە هەرسێ دیالێکتی ژووروو و خواروو و گۆراندا هەبووە، یەکەمین شاعیری کورد کە غەزەلی نووسیوە مەلای جزیری بووە، بەڵام لە کرمانجی ژووروو و خواردوودا لەسەر بنەوانی غەزەلو قەسیدەی فارسی-عەرەبی بووە، بەڵام غەزەلی دیالێکتی گۆرانی (هەورامی) ناچێتەوە سەر شیعری فارسی-عەرەبی، بەڵکو سەرچاوەکەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییەو لە بری عەروز بە کێشی پەنجە بەتایبەتی دە پەنجەیی نووسراوە، کە خاسیەتێکی گۆرانیی فۆلکلۆرییەو کراون. هەروەها قافیەی شیعری گۆرانی، بەپێچەوانەی یەك قافیەیی غەزەلی عەرەبییەوە مەسنەوییە. ژانری غەزەل راستە لە دیالێکتی گۆرانیی پێش مەولەویدا وەك لای بێسارانیو سەیدیو ئەحمەد بەگی کۆماسیو میرزا شەفیعی جامەرێزی هەبووە، بەڵام مەولەوی دەوری باڵای لە پەرەپێدانی غەزەلی کوردیدا بینیوە، چونکە لە بەرهەمەکانی مەولەویدا غەزەل چوارچێوەی بابەتەکانی فراوانو هەمەجۆر بووەو شەقڵێکی فەلسەفیو گەلێ لایەنی هونەریو ئێستاتیکیی تازەی گرتۆتەخۆو لەمەشدا پێش شاعیرانی قوتابخانەی بابانو وەك نالی -کە هاوزەمانی مەولەوییە- و سالم و کوردیو حاجی قادرو مەحویو شێخ رەزا کەوتووە، کە غەزەل لایان رەسیو و کامڵ بوو. لەم رووەوە لە دیوانەکەی مەولەویدا (213) غەزەل هەیەو ئەم غەزەلانە زۆربەیان لە پێنجەوە تا یانزە بەیتن، غەزەلی سێ بەیتو هی (30) بەیتیو زیاتریشیان تێدایەو بەشی زۆری غەزەلەکانی مەولەوی نامەی شیعرینو بابەتی غەزەلەکانی تری پێکدێت لە (وەسپی لیریکی 24- غەزەل، لاواندنەوەو شین 28- غەزەل، لیریکای شەخسی- 36 غەزەل، شیعری بۆنە (موناسەبەت)- 31 غەزەل، شیعری ئایینی-ە غەزەل، هی مەی 1- غەزەل)و نووسەر لە باسی وەسپی لیریکیدا کە بۆ سروشتەو زۆرینەی شیعرەکانی مەولەوی پێکدەهێنێت، پێی وایە یەکێك لە شێوازە هونەرییە تایبەتەکانی شیعری مەولەوی لە هەبوونی دوالیزمێکی تایبەتیو دەگمەندایە، کە خاسیەتێکی لیریکای سۆفیانەیە، واتە (وێنەیەکی پۆزێتیڤ هەمیشە لەگەڵ یەکێکی نێگێتیڤی دژ بەخۆیدا دەبێ). هەر لێرەدا نووسەر پێی وایە مۆتیڤە بنەرەتییەکانی وەسپی سروشت لای مەولەوی بریتین لە (باسی جوانیی دڵدار، باسی ئەندێشەو هەستی پاڵەوانیی لیریکی، باسی دووریی ئازیزو یاران، وەسپی دەوروبەر، باسی جوانیی سروشتو تێروانینی پاڵەوانو سەرەنجدانیەتی لە سروشت، بابەتی مەیو ساقی، دەربڕینی چەمکی فەلسەفیو گۆشەنیگای کۆمەڵایەتیی شاعیر.

لە باسی لاواندنەوەو شین لای مەولەویدا نووسەر پێی وایە ئەم بابەتە لای شاعیر دەچێتە چوارچێوەی لیریکای فەلسەفییەوەو شاعیر دەیەوێ پەی بە تەلیسمی ژیانو مردن بباتو سنوری نێوانیان بکێشێو هەندێ چەمکی تەقلیدیی وەکو گۆشەنیگای (یەزدانیەتی گەردوون) کە تیایدا ئازیز لە سروشتدا دەتوێتەوەو رەنگیداوەتەوە. لەم رووەوە مەولەوی (28) غەزەلی لاواندنەوەی هەیە.

لە بابەتی لیریکای شەخسیدا نووسەر پێی وایە مەولەوی (36) غەزەلی هەیە، کە بابەتی لیریکای شەخسین، لەوانە (14) غەزەلیان باسی دووریی یارن، (10) غەزەلیان باسی پیرین، لەم شیعرانەدا نزاو تکا لە خودا دەکا، کە لە گوناهەکانی خۆشبێو (12) غەزەلیان ساکاڵان لە دەست چەرخی رۆژگار.

لە بارەی شیعری بۆنەو موناسەبەتەوە لای مەولەوی نووسەر پێی وایە شاعیر (31) شیعری هەیە، کە بۆ رووداوەکانی ژیانو بۆنەو موناسەبەتە شەخسیو کۆمەڵایەتییەکان وتوونی. شیعری موناسەبەت لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەیە، بەڵام تا ئەو سەردەمەی مەولەوی لە ئەدەبی کوردیدا ئەوەندە باو نەبووەو لە رووی هونەریو ئێستاتیکەوە بە ئەدەبێکی بەرز دانەنراوە، بەڵام خامەی رەنگینی مەولەوی گیانێکی نەمریو ئێستاتیکیی بەبەر

ئەم بابەتەدا کراوە.

لە باسی شیعری ئایینی مەولەویدا نووسەر پێی وایە سەرجەم لیریکای مەولەوی بەشێوەیەکی ئۆرگانیی توندوتۆڵ تێك ئاڵاوەو یەکبەیتەکی تەواوی هەیە. شاعیر لە روانگەی ئایینیو سۆفیی خۆیەوە، سەیری دیاردەو رووداوی کەسانی دەربەدەر دەکات. هەرچەندە تەنیا (5) غەزەلی سەربەخۆی ئایینی هەیە، بەڵام فەلسەفەو بیری ئایینی لە سەرلەبەری شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە.

لە بابەتی شیعری مەی لای مەولەویدا نووسەر رای وایە، ئەگەرچی شیعری مەی لە شیعری رۆژهەڵاتیدا بەتایبەتی لای سۆفییەکان باوبووەو لای شاعیرانی کوردی وەك مەلای جزیریو خانی بە مانا سۆفییەکەی هەبووە، بەڵام مەولەوی بابەتی مەیی زۆر بەرفراوان کردووەو پەرەی پێداوەو لە (56) غەزەلی مەولەویدا باسی مەیو وێنەی شیعریی هەیە. زیاتریش هەر لە کۆتایی غەزەلەکانیدا پەننا بۆ مەی دەبات، هەندێ جاریش لە ناوەراستی شیعرەکانیدا هانا بۆ ساقی دەباتو ساقی زیاتر بە مانای فریشتەی مەرگو هێزی یەزدانی هاتووە.

هەروەها لە بارەی نامەی شیعرییەوە، نووسەر رای وایە بە شیعر نامەنووسین لە ئەدەبی کوردیدا زۆر باو نەبووە، کەچی ئەم بابەتە لە شیعری مەولەویدا زۆر بەرفراوان گەشەی سەندووە (88) غەزەلی لەم جۆرەی هەیە.

لە کۆتایی ئەو بەشەشدا (بەشی سێیەم) نووسەر باس لە هەندێ خاسیەتە هونەرییە تایبەتییەکانی لیریکای مەولەوی دەکات، وەك هەبوونی ستروکتوری تایبەتی جیاواز لە نموونەی غەزەلی کلاسیکی کوردی، کە هەر بەیتەی زۆربەیان مانای سەربەخۆی هەیە، بەڵام لە شیعری مەولەویدا بەیتەکان بە یەك ستروکتور بەیەکەوە بەستراونو سەرەتاو ناوەندو کۆتاییان هەیە. هەروەها شاعیر لە سەرەتای غەزەلەکاندا روو لە خوێنەر دەکاتو سەرنجی رادەکێشێو زۆرجار بە کات وەك (ئیمشەو، ئیمساڵ..) دەست پێدەکاتو بەپێچەوانەی شاعیرانی دیالێکتی گۆرانییەوە، مەولەوی تەعبیری یەکەمی نیوبەیتی یەکەم زۆر دووبارە ناکاتەوە. هەروەها مەولەوی یەکەمی لە دوابەیتی شیعرەکانیدا نازناوی شیعری خۆی (مەعدوم) دێنێو جاروباریش لە شوێنی تری غەزەلەکانیدا دێ. هەروەها شاعیر بەشێوەیەکی بنەرەتی کێشی دەپەنجەیی فۆلکلۆری کوردیی بەکارهێناوەو هەبوونی هارمۆنیا لە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانیدا کە لە یاری بە پیتو وشەکردنەوە دروست دەبێ، خاسیەتێکی هونەریی زۆر بەرزی شیعری مەولەوییە.

لە بەشی چوارەمو کۆتاییشدا نووسەر باس لە سەرچاوەکانی شیعری مەولەویو کارتێکردنی لیریکای لە شیعری کوردیدا دەکاتو تێیدا ئاماژە بە کاریگەربوونی مەولەوی بە شاعیرانی ئەدەبیاتی گۆران (هەورامی) دەکات، ئەوەش دەکاتە بەڵگە کە مەولەوی خۆی ناوی شاعیرانی وەك بێسارانیو ئەحمەد بەگی کۆماسیو مەحرومی شاعیرو بولبولو مەلا نیزامی هێناوە، گەرچی شیعری بێسارانی لە هەموویان زیاتر پێی کاریگەر بووەو ئەمەشی بە نموونەی شیعری سەلماندووە. دواتر نووسەر باس لە کاریگەربوونی مەولەوی بە شیعری کلاسیکی فارسی دەکاتو لەو رووەوە چەند بەراوردێك لە نێوان شیعری شاعیر لەگەڵ حافزی شیرازیو مەولانا جەلالەدینی رۆمی دەکات.

دواتر نووسەر لە بابەتی مەولەویو سۆفیزمدا باس لەوە دەکات، کە مەولەوی سۆفیو موردی شێخەکانی هەورامان بووەو پیاهەڵدانی بۆ شێخو دەوری لە ژیانی شاعیرو خەڵکی تردا بە شیعر دەربڕیوەو لێرەوە نووسەر لە ژێر رۆشنایی سۆفیگەریدا بە گشتیو بەتایبەتی تەریقەتی نەقشبەندی، کە تەریقەتی شاعیر بووە نموونەی شیعری سۆفیگەری دەهێنێتەوەو راڤەیان دەکات، دواتر باس لە بیری یەکێتی بوون (وحدە الوجود) دەکاتو نموونەی هەبوونی ئەو دنیابینییە لای مەولەوی دەخاتە روو. لە دواجاری دوابەشیشدا نووسەر باس لە کاریگەریی مەولەوی لەسەر شاعیرانی دیالێکتی کرمانجی خواروو و رۆڵی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەتایبەتی لە بواری گەرانەوە بۆ کێشی شیعری فۆلکلۆری دەکاتو لێرەشەوە بە نموونە باس لە پیرەمێردو کاریگەربوونی بە مەولەوی دەکات، دواتر باس لەو کاریگەرییە لەسەر شیعری گۆران دەکاتو نموونەش بە (گەشتی قەرەداغ)ەکەی گۆران دەهێنێتەوەو پێی وایە بەگشتی گۆران لە وەسپی سروشتو لاواندنەوە - لاواندنەوەی هیواو گولاڵە-و بەکارهێنانی وشەی خۆماڵییدا کاریگەربووە بە مەولەوی.

دواجار دەڵێین لیریکای شاعیری گەورەی کورد (مەولەوی) کتێبێکە بە هەموو واتاکان شایستەی خوێندنەوەیە.

# نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن
# گەشتێك بە قووڵایی ئۆقیانووسدا




**عەزیز ڕەئووف**

چی لەوە جوانترە کە مرۆڤ، لە گەشتێکی بەردەوامدا بێت بەناو قووڵایی ئۆقیانووسەکاندا و بە ڕەگەزیش سەر بە وشکانی نەبێت. وشکانی لێوانلێو لە جەنگ و ململانێ و خوێن. وشکانی پاشماوەی جەنگە مەزنەکان و کوشتارە بە کۆمەڵەکان. چی لەوە جوانترە پیاوێك لێوانلێو لە مۆسیقا و سادە وەك شەپۆلەکانی ئۆقیانووس، لە کەشتییەکدا سەرگەرمی ژەنینی پیانۆ بێت و هەر لەسەرەتاوە بزانێت کە بە ژیانی پڕ لە ژاوەژاوی کۆمەڵگە ڕانایەت. بۆیە ژیانی بەردەوام لەگەڵ شەپۆلی ئۆقیانووسەکان و ژێی مۆسیقای پیانۆکەیدا دەبێت.

مەخلوقەکانی دەریا سادە و ساکارن وەك ئاو. ناسکن وەك ڕێرەوی شەپۆلەکان. نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن، هەر لەسەرەتاکانی ژیانیەوە خۆی لەگەڵ ئاودا ڕادەهێنێت، بەڵام ئەوێك پڕ لە داهێنان و مۆسیقا، ئیلهامی لە شەپۆلی ئۆقیانووسەکانەوە وەردەگرت. نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن، نایەوێت ئەو ژیانە فەرامۆش بکات کە هیچ نییە جگە لە کەشتییەك کە وەك تۆپی بلیارد غلۆر دەبێتەوە، ئەو هەر لەسەرەتای سەرەتاکانەوە لەگەڵ ژیانی ناو کەشتییەکەیدا ڕاهاتووە.

مادام نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن سەر بە جنسی ئاوە،

بۆیە ئەو لەگەڵ ژەنیارەکانی تردا دەردەکەوێت، شتێکی تر دەژەنێت کە لە مۆسیقای سادە ناچێت، مۆسیقایەك کە لە هیچ شوێنێك نەبوو. کە لەسەر پیانۆکەش هەڵدەستێت دیار نامێنێت. کەواتە ئەلێساندرۆ باریکۆی نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت کە مەخلوقەکانی دەریا هەرگیز لە رەگەزەکانی سەر وشکانی ناچن. چ وەك بوونێکی فیزیکی و چ وەك ژێیەکانی دەنگ.

نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن کە لە هەموومان گەورەترە، هەر لەسەرەتاوە لەناو کەشتییەکدا لەدایك دەبێت و نەناسنامەی هەیە و نە ناوی لە هیچ شوێنێك تۆمار دەکرێت. بەڵام ئەوەی ئەم پیاوە مەسیح ئاسایە دەیزانێت تەنها زمانی مۆسیقایە. مۆسیقاژەنێك کە لە ژەنیارەکانی تر ناچێت وەك ئەوەی پێمان بڵێت من مەخلوقی وشکانی نیم و سەر بە جنسی ماسی و شەپۆل و ئۆقیانووسەکانم.

ئەلێساندرۆ باریکۆی نووسەر، کە خۆی پسپۆرە لە بواری مۆسیقادا، بۆیە ڕەنگدانەوەی مۆسیقا تەواو بەسەر ئەم بەرهەمەیدا دیارە. ئەو لە پووچی ژیان و مردن تێدەگات، بۆیە نە ئامادەیە نەوەی تیا بنێتەوە، نە ئامادەشە لە شارە قەرەباڵغەکاندا ژیان بگوزەرێنێت و دووبارە بێتەوە. ئەو کچەی کە بە ڕێکەوت دەیبینێت و هەموو ژیانی لەو خانمەدا دەبینێت، دواجار دەڕوات و سەرجەم هیوا و ئومێدەکانی نۆڤێچێنتۆش لەگەڵیدا دەڕوات. ئەوێك مادام بە ژیانی کۆمەڵگە ڕانەهاتووە هەر عەشقێکیشی هەبێت بۆ ژن دواجار دەبێت لە چوارچێوەی خەیاڵ قوتاری نەبێت، ئەگەر نا لەگەڵ بەیەکگەیشتنی لەگەڵ ژندا ئیدی ژیان هەمان دووبارەبوونەوە بەخۆوە دەبینێت کە لەسەر وشکانیدا بوونی هەیە. بۆ ئەوەی ژیان بە جوانی ببینێت و بێ قەرەباڵغی و ژاوەژاو، دەبێت نۆڤێچێنتۆ ژیان لە تەنهاییدا بگوزەرێنێت. دواجار کە کەشتییەکە بۆ شەڕ بەکار دەهێنن و هێندە بێکەڵکە کە شوێنێکی داگیر کردووە، بڕیاردەدەن بیتەقێننەوە، بەڵام نۆڤێچێنتۆ دنیایەك یادەوەریی لەگەڵ ئەو کەشتییەدا هەیە، کەشتییەك کە لەسەرتاسەری ژیانیدا ماڵەکەی بێت، دواجاریش بڕیاردەدات ببێتە گۆڕەکەی.

نۆڤێچێنتۆ پیاوێکە لە مۆسیقا. بیست و حەوت ساڵ لە کەشتییەکدا ژیان دەگوزەرێنێت. ئەو حیکمەت و جوانییەکانی مرۆڤ و مۆسیقا لە کتێب و ئامێری مۆسیقییەکانەوە فێر نەبووە، بەڵکو لە خودی سرووشتەوە فێر بووە. ئەو بەبێ ئەوەی کتێب بخوێنێتەوە دەتوانێت مرۆڤ بخوێنێتەوە. ئۆقیانووس نۆڤێچێنتۆی کردووە بە کارەکتەرێکی پاك و بێگەرد، بێگەرد وەك ڕەوانی ئاو.

ئەم مۆنۆلۆگە دراماییەی ئەلیساندرۆ باریکۆ لێوانلێوە لە دیالۆگ و چرکەساتی جوان کە نووسەر بە زمانێکی ئەدەبی و جوان دەربڕیون، کە زیاتر لە زمانی مۆسیقا و دەریا و کەنارییەکان دەچێت.

لەوەش سەرکەوتووتر، زمانی پاراوی وەرگێڕە کە زۆر بە سەرکەوتوویی کۆتەیشن و دیالۆگەکانی وەرگێڕاوە، کە مایەی دەستخۆشی و پێزانینە.

ئازادبەرزنجی، یەکێکە لە وەرگێڕە جدییەکانی دنیای ڕووناکبیریمان. ئەم پیاوە زۆر سەرکەوتووە لە هەڵبژاردنی دەقی جواندا بۆ وەرگێڕان، بەجۆرێك کەم لە کتێبەکانی ئازاد هەیە دوای خوێندنەوەی لە زاکیرەمدا یادەوەرییەکی جێنەهێشتبێت. لەم کتێبەدا گەر ئازاد هیچی نەکردبێت بە دنیای پڕ سیحر و جاویدانی باریکۆ ئاشنامان دەکات.

مۆنۆلۆگی درامایی (نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن)، لەپاڵ هەردوو ڕۆمانی (ئاوریشم) و (بەبێ خوێن)، چەندە بە دنیای پڕ سیحری باریکۆ سەرسامان دەکات، هێندەش بە هەوڵە جوانەکانی ئازاد بەرزنجی بۆ کارە وەرگێڕانە جوانەکانی ئاشنامان دەکات.

.....................

نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن. مۆنۆلۆگی درامایی، نووسینی ئەلێساندرۆ باریکۆ، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی. لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر. 2008.



# نووسەرانی بە هەڵوێستی سەدەی نۆزدەهەم

هاشم ساڵح
و: هەورامان وریا قانع

نووسەری ئەم کتێبە، مێژوونووسی ناسراوی فەڕەنسا "میشێل وینۆك"ە، کە لە پەیمانگەی زانستی سیاسەت لە پاریس، مامۆستای مێژووی هاوچەرخە. هەروەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارە مانگانەییە بەناوبانگەکەی فەڕەنسایە، گۆڤاری (مێژووو). پێشتر چەند کتێبێکی بڵوکردۆتەوە کە بوونەتە سەرچاوەی گرنگ. لەو کتێبانە ناوی ئەمانەی خوارەوە دێنین: (سەدەی ڕۆشنبیران، 1997) ئەم کتێبە خەڵاتی (میدیسیس)ی بەدەستهێناوە. (فەرەنسای سیاسیی لە هەردوو سەدەی نۆزدەو بیست، 2000). هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەردا بەشداری لە نووسینی چەند کتێبێکی گرنگو بایەخداردا کردووە، وەك کتێبی (مێژوووی ڕاستڕەوی توندڕەو لە فەڕەنسا، 1994). (فەرهەنگی ڕۆشنبیرانی فەڕەنسا، بەهاوکاری لەگەڵ جاك جۆلیار، 1996)....هتد.

دانەر لەم کتێبە گەورەیەی لەبەردەستماندایە، باسی هەڵوێستی ڕۆشنبیرە گەورەکانی فەڕەنسا دەکات سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە سەدەکەیاندا روویداوە، واتە سەدەی نۆزدەهەم. سەدەی نۆزدەهەم ئەو سەدەیەیە دەکەوێتە دووای هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەڕەنسیو چەندین هەژانی شۆڕشگێرانەی توندو کۆمەڵێ ململانێی گەرمی نێوان هەردوو بەرە سەرەکییەکەی فەڕەنسای بەخۆیەوە بینیوە، بەرەی پاشایەتی کاسۆلیك لەلایەکو بەرەی کۆماری عەلمانی لەلایەکی دیکەوە. یاخوود لەنێوان بەرەی کۆنزەرڤاتیفو بەرەی لیبرال کە پەیوەستبوون بە لیبرالییەتەوە، واتە ئەو بەرەیەی لە بووارەکانی ئایینو سیاسەتو ئابووریدا پەیوەستبوون بە فەلسەفەی ئازادییەوە.

دانەر پێیوایە لە فەڕەنساداو لەنێوان ساڵانی 1815

مێژووی کەوتنی "ناپلیۆن"و 1885 مێژووی ڕاگەیاندنی کۆماری سێیەم، چەندین ڕژێمی سیاسیی یەك بەدووای یەکداهاتوون. ئەو ماوەیە ماوەیەکی پڕ پەشێویو پڕ ڕووداو بووە، چوونکە کۆن هێشتا لەناونەچووبوو، تازەش هێشتا بە درووستی لەدایك نەبووبوو. ئەو ماوەیە ماوەیەکی ناجێگیر بووە، تاکو ئەو کاتەی بۆ دوواجار سیستمی کۆماریی سەردەکەوێ بەسەر سیستمی پاشایەتیداو کۆماری پێنجەم لەسەر دەستی جەنەڕاڵ "دیگۆل" لە ساڵی 1958 شوێن پێی خۆی قایمدەکات، کە تاکو ئێستاش فەرەنسییەکان لەژێر سایەیدا دەژین. گەرچی هەندێ لە فەرەنسییەکان بانگەشەی درووستکردنی سیستمێکی تازە (کۆماری شەشەم) دەکەن، واتە کۆماری دووای "دیگۆل". بەڵام با لەلای سەدەی نۆزدەهەم ڕاوەستین، ئەو سەدەیەی فەرەنسای مۆدێرنی پێکهێنا. لەو سەردەمەدا چەندین جەنگی فیکریی‌و سیاسیی تووندو بێئامان دەربارەی مەسەلە بنچینەییەکان ڕوویداوە، بۆ نموونە دەربارەی پەیوەندی نێوان ئایین‌و دەوڵەت، ئازادی ڕۆژنامەگەری، فرەیی سیاسیی‌و حیزبیی، مافی دەنگدانی گشتیی‌و...هتد. ئەمە بەبێ ئەوەی کۆمۆنەی پاریس‌و سەرەتای بزووتنەوەی سۆشیالیزمی فەرەنسی لە ساڵی 1871 لەیادبکەین کە بووە هۆی بەرپابوونی ململانێیەکی دوورودرێژو توووند لەنێوان هێزەکانی کرێکاران‌و پرۆلیتاریا لەلایەك، لەگەڵ هێزەکانی بۆرجوازیەتی سەرمایەدار لەلایەکی دیکەوە.

پرۆفیسۆر "میشێل وینۆك" پێیوایە ئەدیبان‌و بیرمەندانی ئەوساتەوەختە، لە هەموو ئەو جەنگانەدا بەشداربوون کە بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم فەرەنسای تووشی هەژان کردبوو. ئەوان لە قولله بەرزەکانی خۆیاندا بە تاقی تەنها دانەنیشتبوون، بەڵکو بەشداری کۆبوونەوە سیاسییەکانی ئەم ڕەوت، یاخوود ئەو ڕەوتی دیکەیان دەکرد. بە مەبەستی بەرگریکردن لە بیروڕاکانیان ڕۆژنامەو گۆڤاریان دادەمەزراند. ئەو کاتەی ڕۆشنبیران لەناوخۆیاندا دابەشبوون بۆ دوو بەرەی ڕاستڕەو، چەپڕەو، جەنگی ڕۆشنبیرییان دژ بەیەك بەرپاکرد. ڕۆشنبیران پێشتر بۆ دوو بەرە دابەشببوون، بەرەی پاشایەتی‌و بەرەی کۆماریخووازەکان، واتە بەرەی کاسۆلیکەکان‌و بەرەی عەلمانییەکان. ڕۆشنبیران لەڕێگەی وتارە ئاگراویەکانییانەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاویاندەکردەوە، ڕۆچووبوونە ناو کاری سیاسییەوە. زۆرجار نووسینی تەنها یەك وتار بەس بوو بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بەتووندی زیندان بکرێ، یاخوود ناچاربکرێ وڵات بەجێبێڵێ‌و برووات بۆ تاراوگە. لەوسەردەمەدا هێشتا ئازادی ڕۆشنبیریی جێگیرنەببوو. بەناوبانگترین ئەوانەی دوورخرانەوە "فیکتۆر هیگۆ"بوو کە بەهۆی دژایەتیکردنی بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆر "ناپلیۆنی سێیەم"، زیاد لە 15 ساڵ لە پاریس دوورخرایەوە. ئاشکرایە "فیکتۆر هیگۆ" لە کتێبێکیدا کە ناوی نابوو (ناپلیۆنی بچووك)، تێیدا زۆر بەتووندی هەجوی "ناپلیۆنی سێیەمی" کردووە. ئەو ناونیشانەش بۆ ئەوە بووە "ناپلیۆنی سێیەم" لە مامی "ناپلیۆنی گەورە" جیابکاتەوە، واتە لە "ناپلیۆن"ی ڕاستەقینەی خاوەن نەمریی‌و جەنگە بەناوبانگەکان جیابکاتەوە. کتێبەکە لە بەلجیکا بڵاوکرایەوە، پاشان بەهۆی فشاری حکومەتی فەرەنسا لەسەر برۆکسل، کتێبەکە کۆکرایەوە، ئیتر "فیکتۆر هیگۆ" نەیوێرا پێبخاتەوە فەرەنسا تەنها دووای ڕووخاندنی "ناپلیۆنی سێیەم" نەبێت. ئەودەم سەربەرزانەو بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە پاریس‌و فەرەنسییەکان وەك ڕەمزێك بۆ نەمریی‌و شکۆمەندی فیکرو ئەدەبەکەیان پێشوازییان لێکرد.

هەندێجار نووسەران دەهاتنە ناو کایەی سیاسییەوەو دەبوونە ئەندام پەرلەمان یاخوود وەزیر، وەك ئەوەی بەسەر شاعیری گەورەی ڕۆمانسییەت "لامارتین"و خوودی "فیکتۆر هیگۆ" دا هات. "لامارتین" هاوڕێی "فیکتۆر هیگۆ"بوو، سەر بە یەك نەوەبوون، ئەو کەمەکێك لە"فیکتۆر هیگۆ" گەورەتربوو. یەکێك لە ناودارترین نووسەر کە دانەری ئەم کتێبە هەڵوەستەی لەسەر دەکات "ستاندال"ە، "ستاندال" دوواتر دەبێتە باڵیۆزی فەرەنسا لە ئیتالیا، ئەو بەناوبانگترین ڕۆماننووسی فەرەنسایە لە سەدەی نۆزدەهەم. ڕۆمانەکەی (سوورو ڕەش) بە یەکێك لە شاکارە جوانەکانی ئەدەبی جیهانی دادەنرێت. هەرووەها دانەر لای عیملاقی ڕۆمانی فەرەنسی "بەلزاك"یش رادەوەستێت، "بەلزاك" لەڕێگەی دامەزراندنی (گۆڤاری پاریس)ەوە چووەتە ناو ڕووداوەکانی سەردەمەکەیەوە، بەڵام ئەم گۆڤارە زۆر بەردەوامنابێت. هەرووەها دانەر باس لەو نووسەرە گەورانەی ئەڵمانیا دەکات کە بۆ ماوەیەك لە پاریسدا جێگیربوون، لە نموونەی "کارل "مارکس"و"شاعیری ئەڵمانی مەزن "هنریش هاینە". هەرووەها دانەر باس لە هەڵوێستی حکومەتە کۆنەپەرستەکەی فەرەنسا دەربارەی دیوانەکەی "بۆدلێر" گوڵە بەدەکان‌و ڕۆمانەکەی "فلۆبێر" مەدام بۆڤاری، دەکات. ئاشکرایە ئەو دوو نووسەرە هەردووکیان بە تۆمەتی ئەوەی لەو دوو کتێبەیاندا، (ئەم دوو کتێبە دوواتر دەبنە شوێنی شانازی ئەدەبی فەرەنسا)، بە خراپە باس لە ئایین دەکەن‌و لە خوورەوشت‌و ئەخلاقی بەرزو بڵند لایانداوە، دادگایی کران. "بۆدلێر" ناچاربوو برێ

پارە بداتو هەندێ لە شیعرەکانی ناو دیوانەکەی لاببات، بەتایبەتی ئەو شیعرەیان کە تێیدا سووکایەتی بە قەدیس "بترۆس"و هەندێ لە بیروباوەڕە میللییەکانی مەسیحی دەکات. هەرچی "فلۆبێرە" ئەوا "ماتیلد"ی خووشکی ئیمپراتۆر بەهانایەوە هاتو یارمەتیداو لە سزا ڕزگاریکرد. بەختی ئەو لە بەختی "بۆدلێر" باشتربوو، بەڵام ئەویش ناچاربوو هەندێ بەش لە ڕۆمانەکەی بسڕێتەوە، پاشان ڕۆمانەکەیان بۆ گەڕاندەوە، درووست وەك ئەوەی لەگەڵ دیوانی گوڵە بەدەکانی "بۆدلێر"دا ڕوویدا.

دانەر لە سێ، یاخوود چوار بەشی کتێبەکەیدا قسە لەبارەی "فیکتۆر هیگۆ"وە دەکات. ئاشکرایە خاوەنی ڕۆمانی (بێنەوایان) هەموو سەدەی نۆزدەهەمی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. وەك چۆن "ڤۆڵتێر" سەدەی هەژدەهەمی سەرقاڵ کردبوو. وەك چۆن دوواتر "سارتەر" سەدەی بیست بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. بەدرێژایی سێ سەدەی ڕابردوو ئەوانە ناودارترین ئەدیبەکانی فەرەنسا بوون. ئێمە ئەمە دەڵێین، گەرچی فەرەنسا چەندین بلیمەتی زۆری لەبواری ئەدەبو فەلسەفەدا بەرهەمهێناوە. دوواتر پرۆفیسۆر "میشێل وینۆك" لەلای فەیلەسووف "ئۆگست کۆنت" دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیفیزم ڕادەوەستێت، ئەم فەلسەفەیە لە فەرەنساو لە هەموو ئەورووپادا بڵاوبووەوەو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کۆنترۆڵی زانکۆکانی کردبوو. هەرووەها لای "ئارنست ڕێنان"و ئەو هەرایەی لەدەوری کتێبەکەی (یەسوعی مەسیح) بەرپاکرا، ڕادەوەستێت. "ئارنست ڕێنان" لە تێڕوانینێکی مێژووییانەی ڕووتەوە باس لە مەسیح دەکات. دووای بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە، ئیماندارە کۆنزەرڤاتیفەکان تووشی سەدمەیەکی گەورە بوون، ئیدی "ئارنست ڕێنان" ناچاربوو وانە وتنەوەکانی لە (کۆلێج دوو فرانس) هەڵپەسێرێت، بگرە دووای ئەوەی لەلایەن کاسۆلیکە توندرەوەکانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد، ناچاربوو بۆ ماوەیەك خۆی بشارێتەوە.

دانەر ئاوڕ لە چەندین ئەدیبی گەورەی دیکەی فەرەنسا دەداتەوە، لەوانە لەلای نووسەری ناودار "شاتووبریان" ڕادەوەستێ کە بەلای "فیکتۆر هیگۆ"وە نموونەی باڵای بووە. ئاشکرایە "شاتووبریان" نەوەیەك پێش "فیکتۆر هیگۆ" بوو. "فیکتۆر هیگۆ" لە سەرەتای گەنجیدا زۆر سەرسام بووە بە "شاتووبریان"و لەوکاتەدا ڕستە بەناوبانگەکەی وتووە: (یان دەبم بە شاتووبریان یاخوود نابم بە هیچ!). ئەوەی ویستی بەدەستیهێنا. "شاتووبریان" ساڵی 1768 لەدایك بووەو "فیکتۆر هیگۆ" ساڵی 1802 لەدایك بووە.

وەڵێ با هەنووکە لەسەر پێشەکییە گشتییەکەی کتێبەکە ڕاوەستین، دانەر لەو پێشەکییە گشتییەدا پرۆژە گەورەکەی خۆی گەڵاڵەدەکاتو دەڵێ: ئاشکرایە شۆڕشی فەرەنسی وایکرد ئازادی ببێتە یەکەم ماف لە مافەکانی مرۆڤ. درووشمی شۆڕشەکە کە تاکو ئێستاش لەسەر باڵەخانە ڕەسمییەکانی فەرەنسادا نەخشێنراوە دەڵێ: ئازادی، یەکسانی، برایەتی. بەڵام شۆڕش لەوەدا شکستی هێنا ئەو ئازادییە بەشێوەیەکی دەزگایی بەرجەستەبکات، یاخوود لە دابونەریتی فەرەنسیدا جێگیری بکات. پێدەچێ گەر شمشێرەکەی "ناپلیۆن پۆناپارت" نەبووایە، ئەوا لەوانەبوو شۆڕش بەتەواوی لەناوبچووایە. وەلێ "ناپلیۆن" کاتێ شۆڕشی لە کودەتای لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتی پێشوو ڕزگارکرد، دەستی بەسەر شۆڕشدا گرتو ڕژێمێکی دیکتاتۆری پێکهێناو یەکەم پرنسیپ لە پرنسیپەکانی ئەم شۆڕشەی پێشێلکرد کە بریتییە لە پرنسیپی ئازادی.

وەك دەڵێین دووای کەوتنی (داڵەکە)و گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی بۆ وڵات، ئەوەش لەڕێگەی یارمەتیو کۆمەکی سەرجەم پاشاکانی ئەورووپاوە بوو، ئەوانە ڕقێکی زۆریان لە "ناپلیۆن"و شۆڕشی فەرەنسی دەبووەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا فیکرەی ئازادی نەمرد. ڕاستە ئەم فیکرەیە سەرکردەیەکی نەبوو بەناوییەوە قسەبکات، بەڵام وەك بزووتنەوەیەکی نهێنی وابوو، لەناوەندە میللییەکانو بەتایبەتی لە ناوەندی ڕۆشنبیراندا بڵاوبووەوە. ئەم فیکرەیە دووای ئەوەی تۆوەکەی لەسەر خاکی فەرەنساو لەساڵی 1789 چێنرابوو، ئیدی هیچ کەسێك نەیدەتوانی لەڕەگوریشەوە هەڵیکێشێ. پارتی ئازادی وەك پارتە تەقلیدییەکان ڕێکخراونەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە تێکەڵەیەك لە خەڵكو کەسایەتییەکان، ئەوانەی ئەم پارتەیان پێکهێنابوو، خەڵکی سیاسیی نەبوون، بەڵکو ئەدیبو شاعیرو فەیلەسووفو ڕۆژنامەنووسە داهێنەرەکان بوون.واتە باشترین عەقڵەکانی ئەو سەردەمەی فەرەنسا. هەر ئەوانیش پێویستییەکی زۆریان بە ئازادی قسەکردن هەبوو، بۆیە بەرگرییان لە ئازادی دەکردو لەپێناویدا هەندێجار ژیانی خۆیانیان دەخستە مەترسییەوە. ئەوەش لەبەر ئەوەی ئازادی مەرجێکی پێویستە بۆ کرانەوەی داهێنانو بەهرەکان. نووسین بە بێ ئازادی چ مانایەکی هەیە؟ ڕۆژنامەگەری مانای چی گەر شمشێری چاودێری لەسەر سەرت ڕاوەستابێت؟ ئایا دەکرێ بەبێ ئازادی داهێنان پێشکەش بکەیت؟ بەڵام هەندێ لە نووسەرە کۆنزەرڤاتیفەکان، ئەمە گەر نەڵێین کۆنەپەرستەکان، لە واقیعدا پێویستییان بە ئازادی نەبوو، ئەوان بەرگرییان لە ڕژێمی پاشایەتی کۆن دەکرد کە لەسەر هەیبەتو ملکەچکردن ڕاوەستابوو، نەك لەسەر یاخیبوونو ئازادی.

ئەو نووسەرانە قەڵەمەکانییان بۆ خزمەتو پیاهەڵدانی ڕژێمی پاشایەتی خستبووەکار، هەرووەها قەڵەمەکانیان بۆ پیاهەڵدانو ستایشکردنی بیرووباوەڕە تەقلیدییەکانی مەسیحی تەرخانکردبوو کە پەیوەست بوو بە ڕژێمی پاشایەتییەوە.

ململانێی نێوان ئەم دوو ئاقارە، شا دەماری کتێبەکە پێکدەهێنێ. "ناپلیۆن پۆناپارت" کاتێ ساڵی 1800 دەسەڵات ئەگرێتەدەست، هەوڵدەدا ڕۆشنبیرە گەورەکان بۆلای خۆی رابکێشێ، چوونکە دەیزانی گرنگی قەڵەمەکانیان هیچی لە شمشێری جەنەراڵو سەرکردەی سووپاکانی کەمترنییە. وشە گەر لە نووسەرێکی بلیمەتەوە دەرچێت کە دەزانێ چۆن چۆنی دەنووسێ، لە فیشەك مەترسیدارترە. "ناپلیۆن" دەیزانی گەر ڕۆشنبیران لەدژی بنووسن، ئەوا دەتووانن پرۆژەکەی شکست پێبێنن لە ناوەندە ڕاقییەکاندا، بگرە تەنانەت لەناوەندە میللییەکانیشدا سوومعەی لەکەداربکەن. "ناپلیۆن" زانی بە چ شێوەیەك (نانو شەق) لەگەڵ ڕۆشنبیراندا بەکاربێنێت، تاکو لەژێر سایەیدا بمێننەوەو گوێڕایەڵبن. وەلێ هەندێ لەو ڕۆشنبیرو بیرمەندانە دووای ئەوەی لە "ناپلیۆن" نزیکبوونەوە، لێی یاخیبوون. بۆ نموونە "شاتووبریان"، "مەدام دۆستال"، "بنیامێن کۆنستان"و ئەوانی دیکە. ئالێرەدا کێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە دێتەئارەوە، ئەوەش کێشەیەکی ئاڵۆزەو ئاسان نییە. دوواتر ئەو ڕۆشنبیرانە بەشێوەیەکی زۆرتر لە ڕژێمی کۆنەپەرست یاخیبوون، ئەو ڕژێمە کۆنەپەرستەی تووانی لە ساڵی 1815 لە جەنگی بەناوبانگی (واترلۆ)دا "ناپلیۆن" لابداتو خۆی بچێتە شوێنەکەی. "ناپلیۆن" لەو جەنگەدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل دەگیرێو دەینێرن بۆ دوورگەی قەدیس "هێلانە". ئەوکات پاشا "لویسی هەژدەهەم" گەڕایەوە بۆ حوکمڕانیکردنی فەرەنساو چی نووسەری کۆنەپەرستو فێندەمێنتالیستی مەسیحی هەبوو کە نەیارو دووژمنی شۆڕشی فەرەنسیو پرنسیپەکانی بوون، لەدەورەی کۆبوونەوە. بەڵام ئەو پاشایە نەیتووانی فەرەنسا بە تەواوی بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی کۆن. بۆچی؟ چوونکە فەرەنسییەکان دووای ئەوەی لەسەر هەندێ لە دەستکەوتەکان ڕاهاتنو تامی ئازادییەکانیان چەشتبوو، دووای ئەوەی لەکاتی شۆڕشی فەرەنسیدا بەخووێنی خۆیان نرخی ئەو دەستکەوتو ئازادییانەیان دا، چیتر بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوون پاشەکشەی لێبکەن. گرنگترین دەستکەوتیش یەکسانی ڕەسمی نێوان هاوڵاتییان بوو، سەرجەم هاوڵاتییان. ئیدی کەسێك نەبوو کوڕی خانم بێتو کەسێکی دیکە کوڕی کارەکەر، یاخوود یەکێك نەبوو کوڕی میللەت بێتو یەکێکی دیکە کوڕی پاشاو خانەدانە دەرەبەگەکان بێت. هەمووان بوونە فەرەنسیو لەبەردەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا یەکسانبوون لە مافو ئەرکەکانیاندا.

دانەری کتێبەکە بەردەوام دەبێو دەڵێ: لێرەوە دووای ئەوەی میللەتی فەرەنسا تامی یەکسانیو ئازادییان کرد، دووای ئەوەی لەو پێناوەدا باجێکی گەورەیان داو بەخووێنی خۆیان شەقامەکانی پاریسیان ڕەنگرێژکرد، چیتر گەڕانەوە بۆ ڕژێمی پاشایەتی کۆنی خوودان مافی یەزدانیو دەسەڵاتی ڕەها، مەحاڵبوو. ئەمە مانای وایە گەر فەرەنسییەکان ڕازیبوون بە گەڕانەوەی "لویسی هەژدەهەم" بۆسەر حوکم، ئەوە لەسەر بنەمای حوکمڕانییەکی پاشایەتی دەستووری بوو، نەك لەسەر بنەمای حوکمێکی پاشایەتی ڕەها یاخوود حوکمێکی سەرکوتکەر، وەك ئەوەی پێشوو. دەسەڵاتی پاشایەتیش لە دەستووردا زۆر بەرتەسککرایەوەو سەڵاحییەتەکانیشی بۆ دیاریکرا. لەو دەستوورەدا هاتبوو هەموو فەرەنسییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، ئازادی تاکەکەس بەتایبەتی ئازادی ئایینیی بۆ هەمووان وەك یەکە. لەمڕۆ بەدوواوە مافی ئەوەت هەیە باوەڕداربی یان بێباوەڕ، سرووتو ڕێوڕەسمە ئایینییەکان جێبەجێ دەکەیت یاخوود بەهیچ شێوەیەك جێبەجێی ناکەیت. چیتر کەسێکی کاسۆلیك هاوڵاتی پلە یەك نەبوو، خەڵکانی دیکەش هاوڵاتی پلە دوو بن، ئەوە ڕۆژگارێ بوو بەسەرچوو. هەمووان بە هەمان پلە بوونە هاوڵاتی، چ سەر بە مەزهەبی زۆرینەی کاسۆلیك بیت یان سەر بە مەزهەبی کەمینەی پرۆتستانت، یان سەر بە ئایینەکانی دیکەی غەیری مەسیحی بیت، وەك ئایینی جولەکە.

ڕاگەیاندنی بەناوبانگی مافەکانی مرۆڤو هاوڵاتیبوون، بەپێچەوانەی ڕژێمی کۆن، بەیەکسانی تەماشای هاوڵاتییانی دەکرد، بەبێ گوێدانە ئایین، یاخوود مەزهەب، یان بنەوبنەچە. ئەم دەستکەوتە کە شۆڕشی فەرەنسی بەدەستیهێنا، نەدەکرا پاشەکشەی لێبکرێ. وەك پرنسیپ ئەو دەستکەوتە نەدەبوو پاشەکشەی لێبکرێ، بەڵام لەسەرزەمینی واقیع هەندێ پاشەکشە روویدا. تەنانەت لەسەردەمی "ناپلیۆن"یشدا پاشەکشەیەکی سووك روویدا، کاتێ ئیمپراتۆر ناچاربوو ئەم گوزارشتە لە دەستووردا بنووسێ: مەزهەبی کاسۆلیك ئایینیی زۆرینەی فەرەنسییەکانە. پرۆتستانتەکان لەبەرامبەر ئەوەدا نارەزایی خۆیان دەربڕی، بەڵام گوێیان لێنەگیرا. چوونکە فشاری بەرەی کاسۆلیك فشارێکی گەورەبوو. بەڵام لە گوزارشتەکەدا نەوترا ئایینیی دەوڵەت، بەڵکو وترا

ئایینی زۆرینە. دوواتر لەسەردەمی "لویسی هەژدەهەم"دا پاشەکشەکردنەکە پەلەیەك زیادیکرد، کاتێ لە دەستووردا وتیان ئایینیی مەسیحیی لە مەزهەبە کاسۆلیکیەکەیدا ئایینی دەوڵەتە، بەڵام ڕێگە دەدات بە هەموو ئەو هاوڵاتییانەی کاسۆلیك نین، ڕێورەسمو سرووتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. چیتر کاسۆلیکەکان نەدەکەوتنە شوێن پرۆتستانتەکانو ڕاویاننەدەنان، وەك ئەوەی پێش شۆڕشی فەرەنسیو لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتی کۆندا دەیانکرد.

فەرەنسا سەبارەت بەو خاڵەی سەرەوە ڕارابوو، تا ئەو کاتەی لە ساڵی 1905 کڵێسا لە دەوڵەت جیاکرایەوە. واتە پێش 100 ساڵ لەمەوبەر یان کەمەکێك زیاتر. ئاشکرایە فەرەنسییەکان ساڵی ڕابردوو یەکەمین یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی عەلمانییەتی وڵاتەکەیان کردەوە. ئەوکات دەستوور چیتر دەقێکی تێدانەما بڵێ ئایینی مەسیحی، یاخوود بڵێ مەزهەبی کاسۆلیکی ئایینی ڕەسمی دەوڵەتە. هەروەها ئایینی سەرۆکی وڵات لە دەستووردا ئاماژەی پێنەدەدرا. ئەوکات جیابوونەوەیەکی تەواوەتی لەنێوان ئایینو دەوڵەتدا هاتەئارا. بەمانایەکیتر دەوڵەتی عەلمانی بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئایینو مەزهەبەکانی وڵاتدا دەکرد، چ ئەوانەی زۆرینەبوون یان ئەوانەی کەمینە بوون. دەوڵەت بە چاوێکی یەکسانەوە تەماشای هەموو هاوڵاتییەکانی دەکرد، بێ گوێدانە ئەسڵو فەسڵی بیروبڕووایان یان مەزهەبیان، وەلێ بەرلەوەی ئەوە بێتەدی، فەرەنسییەکان چەندین جەنگی شێتانەیان دژ بەیەکتر ئەنجامدا! ئەم جەنگانەن کتێبو شیعرەکانی "فیکتۆر هیگۆ" بۆمانی تۆمارکردووە، هەروەها کتێبەکانی "ئارنست ڕێنان"، "ئەمیل زۆلا"، "ئۆگست کۆنت"و دەیانی دیکە تۆماریان کردووە.

جگە لە کێشەی ئایینی یان تایەفەگەری، مادەیەکی دیکە لە دەستوور هەبوو ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی: (ئازادی گوزارشتکردن بۆ هەموو میللەتی فەرەنسی زامنکراوە). بەو مانایەی هەر فەرەنسییەك مافی ئەوەی هەیە بیروڕاکانی بڵاوبکاتەوەو چاپیان بکات، بەمەرجێك یاساکان پێشێل نەکاتو لە پیادەکردنی ئازادییەکانیدا لەسنور دەرنەچێت. بەم شێوەیە جەنگێك لەنێوان نووسەرو ڕۆژنامەنووسە لیبراڵەکان لەلایەك، لەگەڵ نووسەرە کۆنزەرڤاتیفەکانو دەسەڵاتی حوکمران لەلایەکی دیکەوە، ڕوویدا. هەموو نووسەرو شاعیرە ڕۆمانسییەکان کە خۆیان لە ڕەگوریشە کاسۆلیکییەکەیانو وەلائیان بۆ پاشایەتی ڕزگارکردبوو، پەیوەندییان بە ڕۆژنامەنووسانەوە کرد. لەپێناو بەرگریکردن لە ئازادیو بە پلەی یەکەم ئازادی ڕۆژنامەگەری، شۆڕشی ساڵی 1830 بەرپاکراو کۆتایی بە حوکمڕانی "شارلی دەیەم" هێنا. ئەم پاشایە تابلێی پاشایەکی کۆنزەرڤاتیف بوو، ئەمە گەر نەڵێین کۆنەپەرست بوو. دەیویست شمشێری چاودێری لەسەر هەموو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان دابنێ. ئیدی شۆڕشێکی توند بەرووبیدا بەرپابوو، ناچاریکرد ڕاکات بۆ دەرەوەی وڵات. ئەی نەمان وت گەلی فەرەنسا دووای ئەوەی تامی ئازادی کرد، چیتر نەیدەتووانی دەستبەرداری ببێت یاخوود بیکاتە قوربانی؟

پرۆفیسۆر "میشێل وینۆك" بەردەوام دەبێو دەڵێ: دوواتر کۆمەڵگەی فەرەنسی دابەشبوونێکی تازەی بەخۆوەبینی، پێشتر دابەشبوونی سیاسیی لەنێوان پاشایەتییە کاسۆلیکەکانو کۆمارییە عەلمانییەکاندا بوو، ئەوە دابەشبوونە پانو فراوانو بنەڕەتییەکەی دووای شۆڕشی فەرەنسی بوو، ئەم دابەشبوونە بەبەردەوامی مایەوە. بەڵام لەناو خوودی ڕەوتی لیبراڵیدا دابەشبوونێکی تازە هاتەئاراوەو چووەسەر دابەشبوونە بنەڕەتییەکە، دابەشبوونە تازەکە بریتی بوو لە دابەشبوونی نێوان بۆرجوازییەکان لەلایەکو سۆشیالیزمەکان لەلایەکی دیکەوە. ئیتر لەو چرکەساتەوە، ململانێیەکی توند دێتەئاراوە، ململانێیەك هەموو مێژووی هاوچەرخی فەرەنسا دەبڕێ، ئەم ململانێیە تاکو هاتنی "فرانسووا میتێران"و سۆشیالیزمەکان کە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان لە ساڵی 1981 دەسەڵات دەگرنەدەست، بەردەوامدەبێت. ئاشکرایە پێش ئەو ساڵە، دەسەڵات هەمیشە لەدەست ڕاستڕەوەکان بووە، تەنها هەندێ ماوەی کورت نەبێ: وەك ئەو ماوەیەی بەرەی میللی لە ساڵی 1936دا دەسەڵاتی گرتبووە دەست.

لە ڕاستیدا ئەو پیشەسازییەی لەسەرووبەندی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرەنسادا بڵاوببووەوە، بووە هۆی دەرکەوتنی چینێك لە پرۆلیتاریای پەرپووتی حساب بۆ نەکراو، خاوەن کارەکان وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پرۆلیتارانەدا دەکرد. سەعاتەکانی ئیشکردن لە هەفتەیەکدا زیاد لە 80 سەعات بوو! ئێستا لە 35 سەعات تێناپەڕێت. لەو سەردەمەدا ڕۆژێك نەبووە بۆ پشوو. هەموو ئەم چەوساندنەوەیە بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سۆشیالیزم کە هەوڵیدەدا بەرگریی لە کرێکاران بکاتو دادپەروەرییو ئازادی پێکەوە ئاشتبکاتەوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی "برۆدۆن" پێیهەستا. ئاشکرایە دوواتر "مارکس" پشتی پێدەبەستێو سوود لە بیروڕاکانی وەردەگرێ، گەرچی "مارکس" ڕەخنەی لە "برۆدۆن" گرتو دەیویست ناتەواوییەکانی تیۆرەکەی "برۆدۆن"

تێپەڕێنێت. لێرەوە مەسەلەی دووەم کە بیرمەندانی فەرەنسای کۆنترۆڵ کردبوو، ئەمەی خوارەوەیە: چۆن دەتووانین نێوان ڕژێمی کۆماری تازە لەگەڵ بزووتنەوەی سۆشیالیزمدا ئاشتکەینەوە؟ یاخوود چۆن دەکرێ نێوانی دادپەروەریو ئازادی ئاشتبکەینەوە؟ یاخوود چۆن دەکرێ دادپەروەریی بەدەستبێنین بەبێ ئەوەی قوربانیی بە ئازادی بدەین؟.

هەرچی مەسەلەی یەکەمە بریتییە لەوەی چەندینجارە دووبارەو سێبارەمان کردۆتەوەو ئاماژەمان پێکردووە: مەسەلەی ململانێی نێوان کاسۆلیکەکانو عەلمانییەکان، یاخود ململانێی نێوان کۆمارییەکانو پاشایەتییەکان. واتە بە کورتییەکەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتو مامەڵەکردنی سەرجەم هاوڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان، بەبێ گوێدانە ئەسڵو فەسڵیان یاخود بەبێ گوێدانە ئایین یان مەزهەبیان. پاشان ڕێگەدان بە بوونی ئەو هاوڵاتیانەی بە تەواوەتی هیچ ئیمانێکیان نییەو هیچ سرووتو ڕێورەسمێك جێبەجێ ناکەنو لەگەڵ ئەوەشدا هەموو مافەکانی هاوڵاتیبوونیان بۆ دابینکراوە. ئابەم شێوەیە هەموو ئیمانداریێك بووە هاوڵاتی، بەڵام مەرجنییە هەموو هاوڵاتییەك ئیمانداربێتو وەك پێویست سرووتو ڕێورەسمە ئاینییەکان جێبەجێ بکات. مەسەلەی ئیمانداری بووە مەسەلەیەکی شەخسیو تایبەتە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤو خوودای خۆیو هیچ پەیوەندییەکی بەوانی دیکەوە نییە. ئەمەش گەورەترین دابڕانی ڕۆحیو فیکریی بوو، مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا هێنای. چیتر شمشێری فێندەمێنتالیستە مەسیحییەکان لەسەر سەری خەڵکی ڕانەدەگیرا، وەك ئەوەی بەدرێژایی سەدەکانی پێشتر ڕوویدابوو.

دوواتر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، یان مەسەلە چینایەتییەکان زاڵدەبن بەسەر مەسەلە ئایینییەکاندا، ئەمەش دووای ئەوەدێت کە مەسەلە ئایینییەکان لەساڵی 1905 چارەسەرێکی کۆتایی بۆ دۆزرایەوەو ئایین بەشێوەیەکی ڕەسمی لە دەوڵەت جیاکرایەوە. وەلێ سەبارەت بە ململانێی نێوان پارتە بۆرجوازییەکانو پارتە سۆشیالیزمەکان یان کۆمۆنیستەکان، ئەوا تەنها دووای تێپەڕبوونی زەمەنێکی درێژ چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە، بگرە تاکو ئێستاش نەتووانراوە وەك پێویست چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە. وەلێ بەم دووایانە لە فەرەنسادا ململانێی نێوان ئایدۆلۆژییەکان تارادەیەك سووکتر بووە، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی چینی کرێکارو چینە مامناوەندییەکانەوەیە، لێرەوە پارتی کۆمۆنیست چیتر وەك پارتێکی بەهێز نەماوەتەوە تاکو بتووانێ هەڕەشەی لەناوبردنی سەرمایەداریی فەرەنسا بکات.

هەرچی سۆشیالیزمەکانە، ئەوانیش بوونەتە سۆشیالیزمی دیموکراتی کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ پارتە ڕاستڕەوەکاندا نییە، واتە وەك هەردوو پارتی "شیراك"و "فرانسووا بایرۆ"، تەنها لە هەندێ خاڵدا نەبێت.

دوواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: با ئێستا قسە لەسەر سەدەی نۆزدەهەم بکەین نەك لەسەر سەدەی بیستەم. لەو سەردەمەدا جیاوازی چینایەتی لەنێوان ئەوانەی هەبوو بوونو ئەوانەی نەبوو بوون، زۆر بەزەقیی دیاربووە. برسییەتی بەشی کرێکارەکانو خێزانەکانیان بووە. دەڵێن "فیکتۆر هیگۆ" لە کەسێکی ڕاستڕەوەوە بووە بە کەسێکی چەپ، یان ڕاستتر گەر زمانی ئەو سەردەمە (ساڵی 1849) بەکاربێنین، لە لایەنگرێکی پاشایەتییەوە بووەتە لایەنگرێکی کۆماریی. ئەم گۆڕانەش وەختێ بەسەریدا هات کە لە باکووری فەرەنسا ئەو کارگانەی بینی کە کرێکارەکان ئیشیان تێدادەکرد، بەتایبەتی کارگەکانی کانەبەردەکان، لەوێدا کاتێ بینی ئەو خێزانانە بە چ شێوەیەك دەژین، تووشی شۆك بوو. ئیتر لەو چرکەساتەوە ڕقی لە چینی بۆرجوازیەتی فەرەنسی پەیداکرد کە بەو شێوەیە ئیستغلالی ئەو خێزانانەی کردبوو. دووای ئەوە، ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (بێنەوایان)ی نووسی. لەو سەردەمەدا کرێکاری فەرەنسی چاودێری کۆمەڵایەتی یاخوود تەندرووستی نەبوو. گەر لەکاتی ئیشکردنەکەیدا تووشی ڕووداوێك بهاتایە، یاخوود گەر لەسەر کارەکەی لاببرایە، ئەوا هەموو شتێکی لەدەستدەداو خۆیو خێزانەکەی لە برسانا ئەمردن. هەرووەها لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ پشووی نەبوو، شەممەو یەکشەممە، وەك ئەوەی ئێستا هەیەو، لە ساڵێکدا مانگێك پشوویان نەدەدایە، وەك ئەوەی ئێستا دەیدەن. ئەمە جگە لەوەی شتێك نەبوو پێی بووترێ خانەنشینکردن. هەموو ئەو دەستکەوتانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، لەمیانەی سەد ساڵی ڕابردوو، بەهۆی تێکۆشانی سەندیکاو کۆمۆنیستو سۆشیالیزمو کرێکرانەوە بەدیهاتووە.

بەڵام با ئێستا بگەڕێینەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەمو پێویست ناکا پێش مەسەلەکان بکەوین. با بگەڕێینەوە بۆ تێکۆشانی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسان لەپێناو ئازادی گوزارشتکردنو ئازادی بێوکردنەوە، لەپێناو بەرگریکردن لە مافی کرێکارانو چەوساوەکان. با بەشێوەیەکی تایبەت بگەڕێینەوە بۆ یەکەمین جەنگی نێوان پاشایەتیو کۆمارییەکان، یاخود نێوان کۆنزەرڤاتیفەکانو لیبرالەکان، جەنگێك نابێت لەبیری بکەین. کاتێ "ناپلیۆنی سێیەم" لە ساڵی 1815 دەسەڵاتی گرتەدەست، ڕاستەوخۆ هەموو ئازادییەکانی هەڵپەساردو ڕژێمێکی

ئیمپراتۆری سەرکوتگەری ڕاگەیاند، لەرێگەی هێنانی کڵێسای کاسۆلیکی بۆ ڕیزی خۆی، هاوپەیمانێتییەکی تازەی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسییو دەسەڵاتی ئایینیی هێنایەئاراوە. "ناپلیۆنی سێیەم" دەیزانی هێشتا قورسایی کڵێسا قورساییەکی گەورەیەو کاریگەریی لەسەر خەڵکە سادەکە کاریگەرییەکی فراوانە.

دوواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: ڕاستە لەناو کڵێسای کاسۆلیکیدا ئاقارێکی لیبرالی هەبوو، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئاقاری فێندەمێنتالیزم، ئاقارێکی کەمینە بوو. مەبەست لە ئاقاری لیبرالی، مەسیحییە عەقڵنیو ڕۆشنفکرەکان بوو، ئەمانە وەك ڕەشە خەڵکەکەو نەخوێندەوارو نەزانەکان بەشێوەیەکی کوێرانە باوەڕدارنەبوون، بەڵکو ئەمان لەرێگەی وردبوونەوەو تێگەشتنەوە باوەڕداربوون. هەرچی فێندەمێنتالیستەکانە زۆرینەبوون، ڕقێکی زۆریان لە جیهانی مۆدێرنو لیبرالییەت یان ئازادی دەبووەوەو بەهۆی دەرکردنی فەتووای ئایینییەوە ئیدانەیان دەکردن. لەبەر ئەوە "فیکتۆر هیگۆ"چووە ناو ئەو جەنگەوە کە دژ بە پیاوانی ئایینیی بەرپایکردبوو. "فیکتۆر هیگۆ"تاکو مردنی ڕقی لە پیاوانی ئایینیی دەبووەوە، کاتێ دووای مردنی وەسیەتەکەیان کردەوە، ئەم پەرەگرافەی خووارەوەیان تێدا دۆزییەوە: (باوەڕم بە خوودا هەیە، نە باوەڕم بە مەزهەبە ناکۆکەکانو نە بە پیاوانی ئایینیی هەیە!). بۆ جێبەجێکردنی ئەم وەسیەتەی شاعیری گەورە، وەختێ مەترانی پاریس بۆ سەرخۆشیکردن دەرووات بۆ پرسەکەی، لەبەردەرگا ڕایدەوەستێننو لێناگەڕێن بچێتەژوورەوە. ئاشکرایە ڕێورەسمی ناشتنەکەی لە کەژاوەیەکی نیشتیمانیی گەورەدا بەرێکراو بە ملیۆنان فەرەنسی تێیدا بەشداربوون. "فیکتۆر هیگۆ" ڕقی لە پیاوانی ئایینیی دەبووەوەو بەهۆکاری دوواکەوتنو دابەشبوونو نەهامەتییەکانی فەرەنسای دادەنان. پیاوانی ئایینیی لە لێکدانەوەیاندا بۆ عەقیدەی مەسیحی کەڵلەرەقبوونو ڕێگەیان بە هیچ پەرەپێدانێك یاخوود لێکدانەوەیەکی تازە نەدەدا.

پرۆفیسۆر "میشێل وینۆك" لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێو دەڵێ: پێویستە ئەوە بزانین مەسەلەی ئایین کێشە هەرە سەرەکییەکەی سەدەی نۆزدەهەم بووەو ناوەرۆکی هەموو گفتووگۆ فەلسەفیو سیاسییەکان بووە. بەدەگمەن ڕێکەوتووە دوو ڕۆشنبیریی فەرەنسای ئەو سەردەمە کۆببنەوەو باس لەو کێشەیە نەکەن، یاخوود نەبێتە شوێنی مشتومڕیان. ڕاستە لەو سەردەمەدا زانست سەرکەوت بەسەر ئایینیدا، ڕاستە "نیتچە" لەو ماوەیەدا مردنی ئیمانداری تەقلیدی مەسیحی ڕاگەیاند، ڕاستە پێشکەوتنی پیشەسازیو تەکنەلۆجیا خەڵکی ڕازیکرد دەستبەرداری ئایین ببنو متمانەی خۆیان بدەنە زانست کە لە توواناییدا هەیە هەموو کێشەکانییان چارەسەربکاتو بارودۆخی گوزەرانییان باشتربکات. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین ئایین تاکو ئێستا لە گۆڕەپانەکەدا ئامادەیی هەیەو پیاوانی ئایینیی هەموو کاریگەری خۆیان لەسەر خەڵکی لەدەستنەداوە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان، لە پیاوانی ئایینیی دەپاڕانەوە پشتگیرییان بکەنو بە ئاشکرایی لەشەقامەکاندا لەگەڵیاندا دەرکەون، تاکو خەڵکی دەنگیان پێبدەن. ئایین تەنها لێکدانەوەی بۆ جیهانو مەبەستەکەیو کۆتاییەکەی نەدەکرد، تەنها دڵدانەوەی ئەوانە نەبوو لە لێواری مردن نزیکدەکەوتنەوە، بەڵکو بنەمایەکی پتەوبوو بۆ شووناسی دەستەجەمی فەرەنسا. ئایین کۆکەرەوەی یەکێتییەکەی فەرەنسا بوو. دوواتر ڕۆشنگەریو شۆڕشی فەرەنسی هاتن تاکو بنەماکانی فێندەمێنتالیزمی مەسیحی تێکبشکێنن، بەبێ ئەوەی بگەنە گەڵاڵەکردنی عەقیدەیەکی تازە کە لەتووانایدابێت شوێنی ئەو بنەما تێکشکاوانە بگرێتەوە. پاشان کارێکی ئاسان نییە خەڵکی بیروباوەڕی باووباپیرانیان کە سەدان ساڵە بۆیانماوەتەوە لەبیربکەن. لەبەر ئەوە ڕۆشنبیران دووای بەرتەسکبوونەوەی مەسیحییەتو شوێنگرتنەوەی بە فەلسەفەی ڕۆشنگەریو زانستو عەقڵنییەت، هەستیان بە بوونی بۆشاییەکی ڕۆحی کرد. بۆیە هەندێکیان هەوڵیاندا بەدیلێکی بۆ بدۆزنەوە، بەم شێوەیە پرۆژە ئایینییەکان یاخوود ڕۆحییەکان ژمارەیان زۆربوو.

"سان سیمۆن"ی فەیلەسووف بانگەشەی گەڵاڵەکردنی مەسیحییەتێکی تازەی دەکرد، تاکو شوێنی مەسیحییەتی کۆن بگرێتەوە، چوونکە مەسیحییە کۆنەکە چیتر ناتووانێ ڕۆشنبیران ڕازیبکات. وەڵێ "ئۆگست کۆنت"ی قوتابی "سان سیمۆن" بانگەشەی پێکهێنانی ئایینیکی تازەی دەکرد بۆ مرۆڤایەتی: واتە ئایینیکی فەلسەفی مەسیحییەت تێپەڕێنێتو بۆ هەموو مرۆڤەکان بشێ، نەك تەنها تایبەت بێت بە مەسیحییەکان. هەرچی "لامارتین"ی شاعیر بوو، بانگەشەی پێکهێنانی کاسۆلیکییەتێکی تازەی دەکرد جیاواز لە کاسۆلیکییەتی پێشوی دەمارگیرو زیاد لە پێویست داخراو بەسەر خۆیدا. "فیکتۆر هیگۆ"ش بانگەشەی پێکهێنانی ئایینیکی ڕۆحانی عەقڵنی دەکرد، بەڵام بەبێ پیاوانی ئایینیی! ڕەنگە بەبێ سرووتو ڕێورەسمی ئایینیی.. وەڵێ ئەمە مانای ئەوە نەبوو فێندەمێنتالیزمی مەسیحی کۆتایی پێهاتبێت یان لەناوچووبێت! بە پێچەوانەوە، بگرە هێشتا هەر بەهێزبوو، گەر بارودۆخەکە هەلی بۆ برەخساندایە دەیتووانی

گورزی خۆی بووەشێنێ. گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەوەی دەیڵێن ئەوەیە کە بەسەر "ئارنست رێنان"دا هات، خاوەنی کتێبی (ئاییندەی زانست)، "ئارنست رێنان" ئەو کەسەیە لەگەڵ "جەمالەدینی ئەفغانی" سەبارەت بە ئیسلامو زانست مشتوومڕێکی بەناوبانگی سازکرد. لە ساڵی 1822، بە درووستی لە 22 تشرینی دووەم، پرۆفیسۆر "ئارنست رێنان" یەکەم وانەی دەستپێکی خۆی لە (کۆلێج دوو فرانس)و لەبەردەم کەسایەتییە گەورەکانی فەرەنساو خوێندکارانو جەماوەرێکی گشتیی وتەوە. لەپڕێکدا "ئارنست رێنان" ئەم پەرەگرافەی وت: (یەسووع، ئەو مرۆڤە مەزنەی نموونەی نییە). ئەمە وەك بۆمبێکی میقاتکراو وابوو هەموو هۆڵەکەی گردا، کەسێتییە ئایینییەکان وەك نارەزاییەك لەسەر ئەو قسەیەی "رێنان" هەستانەوە، چوونکە مەسیح لە تێڕووانینی مەسیحییەکاندا مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەو خوودایە، یاخوود بەرجەستەکردنی خوودایە لەسەر زەوی.

دووای تەواوبوونی وانەکە، لەناوچەی (گەڕەکی لاتینی) راستەوخۆ خۆپیشاندانێکی گەورە دابەزییە ناو شەقامی (سان میشێل)و خۆپیشاندەران هەرەشەو گورەشەیان دەکردو پێیان وابوو قسەکانی "ئارنست رێنان" کوفرو گومڕاییو چوونەدەرەوەیە لە ئایینیی مەسیحی، چوونکە دان بە خووایەتی مەسیحدا نانێت. راستە "ئارنست رێنان"دان بە مەزنی "مەسیح"دا دەنێ، بگرە دان بەوەدا دەنێ "مەسیح" مەزنترین کەسە لەسەر رووی زەوی، بەڵام دەڵێ "مەسیح" مرۆڤە. دەگێڕنەوە دەڵێن هەندێ لە فێندەمێنتالیستەکان سەردانی ماڵەکەی "ئارنست رێنان"یان کردووەو هەواڵیان پرسیوە، ئەوەش مانای ئەوەبوو ویستوویانە تیرۆری بکەن. ئیدی حکومەت یەکسەر وانەکانی زانکۆی بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەساردو "ئارنست رێنان" بۆ ماوەیەك خۆی شاردەوەو لەبەرچاو دیارنەما. ئەمەش پاداشتی هەموو ئەو کەسانە بوو کە دەیانویست گفتووگۆ دەربارەی بیرووباوەڕی ئایینیی بکەن، یاخوود دەیانویست پرسیار سەبارەت ئەو بیرووباوەڕانە بکەنو رەخنەی مێژوویی لێبگرن. ئەوەی پیاوانی ئایینیی مەسیحی زۆر تووڕەو بێزارکرد ئەوەبوو "ئارنست رێنان" یەکێك بوو لەخۆیان، بگرە لە دێرەکاندا وانەی تیۆلۆژیای خوێندووە، تاکو وەك ئەوان ببێت بە قەشە! بەڵام دوواتر کاتێ زانستی تازەو فەلەسەفەی بۆ ئاشکرا دەبێتو شەیدایان دەبێت، وازلە خوێندنی تیۆلۆژیاو قەشەیی دێنێت. لێرەوە دووژمنەکە لەخۆیانو لەناوخۆیاندایە، ئەمەش شتێکە تەحەمول ناکرێ. ئاخۆ ئەوە چی بوو وایکرد "ئارنست رێنان" بگات بەو ئاستە؟ بۆچی دێرو پەیمانگا تەقلیدییەکانی مەسیحییەتی بەجێهێشتو ڕازینەبوو ببێت بە قەشە؟

لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش بریتییە لەوەی ئاگاداری فەلەسەفەی تازەو میتۆدی رەخنەی مێژوویی بوو کە لەو سەردەمەدا بڵاوببووەوە. ئەو میتۆدە رەخنەییەش وێنەیەکی دیکەی دەبەخشییە سەرەتاکانی مەسیحییەت، جیاواز لەو وێنە باوەی لە کڵێساو ناوەندە میللییەکانو فێندەمێنتالیزمەکاندا هەبوو. رەخنەی مێژوویی جیاوازی دەکات لە نێوان مەسیحییەتی مێژوویی، واتە مەسیحییەتی واقیعیو حەقیقی، لەگەڵ ئەو وێنە ئایدیالییە یان ئەفسانەییەی ئیمانداران دوواتر لەسەری درووستیدەکەن. هەرووەها جیاوازی دەکات لەنێوان یەسوعی مێژووییو یەسوعی ئەفسانەییو ژیانی واقیعیو راستەقینەی "یەسوعی ناسری"مان بۆ ئاشکرادەکات، وتە بەپێی زاراوەی ئیسلامیی "عیسای کوری مریەم". ئەویش کەسێکە لە گۆشتو خوێنو لە شوێنێکی تایبەتدا لەدایکبووەو بۆ ماوەیەك ژیاوەو وەك هەر بانگەوازخووازێکی دیکە پەیامەکەی بڵاوکردۆتەوە. لێرەوە ئیدی چۆن چۆنی دوواتر دەبێت بە خووداو وێنە مرۆڤانەیەکەی دەگۆڕدرێت بۆ وێنەیەکی خوودایانە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە رەخنەی مێژوویی وەڵامی دەداتەوەو کەسێتییە مرۆڤانەیەکەی یاخوود مرۆڤبوونە تەواوەتییەکەی ئاشکرادەکات.

بەڵام ئەو ئیماندارانەی لەسەر وێنەیەکی پڕ شکۆی ئایینەکەیانو عەقیدەکەیان راهاتوون، واتە وێنەیەکی پیرۆزی نموونەیی، ناتوانن بەرگەی ئەم وێنە سەرزەمینیە یان ئەم وێنە زیاد لەپێویست واقیعییە بگرن. ئەوان پێویستییان بە نموونەیەکی باڵا هەیە، پێویستییان بە پەرجو هەیە، تاکو دڵو دەروونیان پڕبکات، تاکو بتوانن ئیمانداربنو کاری پەرستن جێبەجێ بکەن. لێرەوە میتۆدی زانستیی، یاخوود مێژوویی کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئایینەکان بەکاردەهێنرێت، هەستیارییەکی زۆر لای ئیماندارە تەقلیدییەکان درووستدەکات، بگرە بێزاریان دەکاتو تاکو دووا ئاست هەستو سۆزیان بریندار دەکات. لەبەر ئەوە زۆر بەتووندی بەرپەچی هەر کەسێ دەدەنەوە بیەوێ لە روانگەیەکی زانستیی یاخوود رەخنەییەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئایین بکات. هەندێجار رەنگە پەنابەنە بەر تیرۆرکردنی، چوونکە ئەو کەسە جوانترین شتی ئەوانو مەزنترین شتێك کە هەیانە تیرۆرکردووە، واتە عەقیدە خەیاڵئامێزەکەیان، یاخوود نموونە پیرۆزەکەیانی تیرۆرکردووە.

**سەرچاوە:** www.alawan.com 19/11/2007

# دووره نزیکەکان



کەریم زەند
کەمال رەئووف محەمەد
جەلالی میرزا کەریم
حەمە ساڵح سەعید
ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل



بەغداد
لە راستەوە یەکەم:
1.حسێن عارف
2.د.وریا
3.جەلالی میرزا کەریم
4.سەلاّح شوان
ریزی دواوە:
1.محەمەد بەدری



بەغداد
جەلالی میرزا کەریم
سەلاّح شوان

# دووره نزیکەکان



لە راستەوە:
1.........
2.غەفوری میرزا کەریم
3.حەمە بۆر
4.د.ئیحسان فوئاد
5.د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ



لە راستەوە:
1.فوئاد حەمە خورشید.
2.سامی شۆڕش.
3.جەلالی میرزا کەریم.
4.د.رەفیق سابیر.



محەمەد فیتوری (شاعیری سودانی)
لەگەڵ جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباسدا.



لە کۆڕێکی ئەدەبیدا: لە چەپەوە بۆ راست:
مستەفا رابەر، جەلالی میرزا کەریم، سەلاح شوان، ئەنوەر محەمەد



سەرەتای حەفتاکان شێرکۆ بێکەس لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا، لەو لاشەوە بەڕێوەبەری کۆڕ مستەفا ساڵح کەریم

# نزیك ودوور


| | |
|---|---|
| -دیدار لەگەڵ سەلاح محەمەد | ئا: ئیدریس عەلی |
| -دیدار لەگەڵ میلان کۆندێرا | و: لاوك حەمە |
| -حنا مینا.. حەز دەکەم بمرم! | و: شێرزاد هەینی |
| -کۆچی دوایی ئالان رۆب گرێی دامەزرێنەری (رۆمانی نوێ) | ئا: میراودەلی |
| -پەنجا ساڵ چاوەڕوانی، لە پێناوی خۆشەویستیدا | ئا: محەمەد کەریم |
| -نیگایەك بەکتێبی (کۆلارە هەڵدەر) | و: چنور |
| -رۆژی جیهانی شیعر، جیاوازییەکان بەیەك دەگەیەنێت | ئا: پەیامنێری ئایندە |
| -قەیسەر ئەمین پوور.. ژیانو بەرهەم | و: هێمن شەریف |
| -گەلەری ئارام.. وەرزێکی دۆکیۆمێنتاری | ئا: ئایندە |
| -ساکار عەبدوڵڵا.. گەڕانەوە بۆ تابلۆ، گەڕانەوە بۆ قووڵایی خود | ئا: ئایندە |
| -فۆتۆسکۆب | سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی |

# شیعر بوونەوەرێکی جوان و زیندووە

**گفتوگۆیەك لەسەر كتێبی (سەرم پڕیەتی لەسێبەر)ی سەلاح محەمەد دا**



لەماوەی پێشوودا بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوكردنەوە، كتێبێكی شیعری بۆ شاعیر (سەلاح محەمەد) چاپو بڵاوكردەوە، بەناونیشانی(سەرم پڕیەتی لەسێبەر) دیارە سەلاح محەمەد لەسالآنی هەشتاكانەوە بەهێمنییەكی شاعیرانەوە دەستی داوەتە نووسینی شیعرو تائێستا جگە لەم كتێبە تازەیەی خاوەنی دوو كۆمەڵە شیعری دیكەیە، كە لەسالآنی سەرەتای نەوەدەكانەوە بڵاوی كردوونەتەوە، ئاینده بەپێویستی زانی سەبارەت بەم كتێبە تازەیەی (سەرم پڕیەتی لەسێبەر)، چەند پرسیارێكی ئاراستە بكات.

**پرسیار: پاش تەمەنێكی زۆرو ئەزموونێكی دوورودرێژ لە شیعردا، بیرت لە چاپكردنی كتێب كردەوە، ئایا ئەم دواكەوتنە لە بەهای دەقەكانت كەم ناكاتەوە؟**

وەڵام: سەرەتا سوپاستان دەكەم، ئێمە واتا ئەوانەی لەدەیەی هەشتاكاندا دەستیانكرد بەنووسین، هەرچەندە من لە ناوەڕاستی حەفتاكانەوە شیعر دەنووسمو بڵاودەكەمەوە لە هەموو رۆژنامەو گۆڤارە كوردییەكاندا، بەڵام ئێمە هەر دەچینە خانەی دەیەی هەشتاكانەوە، ئەو دەمە چاپكردنی كتێب ئاسان نەبوو وە من چەند هەوڵێكمدا بۆ چاپكردن، ئیتر بۆم نەكراو ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخسا كە لە ساڵەكانی هەشتاكاندا كۆمەڵە شیعرێك لە كتێبێكدا بەچاپ بگەیەنم، بەڵام لە ساڵی 1993دا كۆمەڵە شیعرێكم چاپكرد بەناوی (گوڵەكانی ژێر رەشەبا)و دواتر لە ساڵی 1996دا كۆمەڵە شیعرێكی ترم بەچاپگەیاند بەناوی (گوناهی ئاڵ)و من هەردوو كۆمەڵە شیعرەكەم بڵاوكردەوەو دواتر بیرم لەوە كردەوە كە هەردوو كۆمەڵە شیعرەكەو ئەوانەی دواتر نووسیوومن سەرجەم هەر هەموویان لە كتێبێكی سەربەخۆدا بەچاپ بگەیەنم، كە هەر هەموو شیعرەكانی لەخۆگرتووە، لێرەدا سوپاسی وەزارەتی رۆشنبیریی و دەزگای چاپو بڵاوكردنەوە دەكەم كە هەر هەموویان بەیەكەوەو لە كتێبێكی سەربەخۆدا بۆ بەچاپگەیاندم بەو شێوە جوانەی كە لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێزدایە، خوێنەریش دەتوانێت كە بەئاسانی هەر هەموو شیعرەكانی لەبەردەستتدا بێت لە ناو یەك كتێبدا، سەبارەت بەئایا دواكەوتنی چاپكردن لە بەهای شیعر كەم دەكاتەوە؟ من دەڵێم هەموو تێكستێكی جوان كە زادەی هزرو ئیستاتیكا بێتو شێوەیەكی هونەری باڵآ لەخۆبگرێت ئەو شیعرە دەبێتە زادەی ئەو دەمەی كە تیایدا بڵاودەبێتەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت كە شیعر بۆ بۆنەو كاتێكی راگوزەری كاری تێدا كرابێت ئەگەر لە كاتی خۆیدا بڵاونەبێتەوە كەمێك لە كارتێكردنی بۆ سەر خوێنەر لێ كەمدەبێتەوە، ئەو تێكستانەی من شۆڕبوونەوەی تێدایە بۆ ناو ناخی خوێنەرو موخاتەبەی ئیحساسو هزر دەكات، لەبەر ئەمە پێموایە مرۆڤ خۆی هەڵگری هەستو نەستێكە كە پێویستی بەراڤەكردنی كەس نییە بۆی لەبەر ئەوەی هەستدەكات كە ئەو تێكستانە نزیكن لێوەی، بۆیە رەنگە لە یەكەم خوێندنەوەیدا جۆرە ئاوێتەبوونێكی نێوان خۆیو ئەو تێكستانەی لەلا دروست بێت، بۆیە كەم لەم جۆرە تێكستانەی بەم شێوەیە نووسراون وەلا دەخرێتو ئەم كۆمەڵەی ئێمەش، كۆمەڵێكە دەمێكە لەگەڵ شیعردا مامەڵە دەكاتو ئەم دۆخە بارێكی وەها دەخولقێنێ كە خوێنەریان

وەرگر دەتوانێت بەئاسانی لە ناو ئەو تێکستەدا کار بکات، یان ڕەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی لەلا دروستبکات، ئیتر کە خۆت خاوەنی خوێنەرێکی ئاست بەرز بیت ترسێکی ئەوتۆ دروستناکات کە لە بونیادی ستاتیکیو ئامادەبوونی ئەو شیعرە لەو زەمەنە دیاریکراوەدا یان لە فەزای زەمەنێکی کراوەدا کە ئەو تێکستانە بارگاوی بکات بەکەمبوونەوە لە جوانکارییەکانی تێکست لێی.

**پرسیار: ناونیشانی کتێبە شیعریەکەت تەواو شاعیرانەو سەرنج ڕاکێشە، بەڕای تۆ ناونیشانی هەر کتێبو دەقێکی ئەدەبی چ ڕۆڵێکی دەبێت لەسەر ئاستی چێژبەخشین لەلای خوێنەر؟**

وەڵام: پێموایە هەموو ناوەڕۆکێکی جوان (بەچەمکی باو نا) بەو چەمکەی کە باڵاترین ڕاڤەی لە هزرو تێڕوانینی شاعیر کردووە، ئەگەر هەڵگری فۆرمێکی جوان بێت ئەوا بەرزبوونەوەی ئاستی ئەو تێکستە دیاریدەکاتو جۆرە سیحرێك لەلای وەرگر یان خوێنەر دروستدەکات، کە لە کۆتاییدا دەبنە خاوەنی گوتارێکی تایبەت بەخۆیان، سەبارەت بە نەشونماو باڵابەرزی ئەو تێکستەو درێژبوونەوەی تەمەنی کاریگەریی تێکستەکان لەلایانو پێدانی جۆرە پێناسەو مانەوەیەکی تایبەتی کە ڕووەو خانەیەکی ئامادەبوونی دەبات لەلایانو دەتوانێت خۆی بکات بە بەشێك لە یادەوەرییاندا.

کاکە ئیدریس سوپاسو پێزانینم هەیە دەربارەی ئەو ڕا شیرینەتان سەبارەت بەناونیشانی ئەو کتێبەو بەهیوای هەمیشە سەرکەوتنتانم.

**پرسیار: لەم ڕۆژگارەدا کە لێشاوی کتێب چاپکردن بۆتە نەریتو نەخشەی ئەدەبی شێواندووە، چارەنووسی کتێبە جوانو داهێنان بەچیی دەگەن؟**

وەڵام: وەك ئاماژەم پێدا هەموو تێکستێك یان کتێبێکی سەرکەوتوو زەمانو شوێنێکی تایبەت بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، من بەش بەحاڵی خۆم نالێم تێکستەکانم یان کتێبەکەم دەچنە چ خانەیەکەوە لەبەر ئەوەی ئەوەندەی نووسەرو خوێنەری وریامان هەیە، کە پێویستیان بە هیچ شێوەیەك لە ئاڕاستەکردن نییە، خۆیان سەرپشکنو دەزانن ئاستی ئەو تێکستانە لە کوێدایە، بەڵام من بەدەر لە خۆمو بەشێوەیەکی گشتی وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە، مادام چاپکردن بەشێوەیەکی ئازادە لەبەر ئەوە نووسەران یان ئەوانەی ئەیانەوێت نووسین بەچاپبگەیەنن دەتوانن بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێ دەتوانن کاری چاپکردن بەئەنجام بگەیەنن، بەڵام یەك خاڵی گرنگ هەیە ئەوەش لێپرسراوێتی نووسەرە بەرامبەر بەو بەرهەمەی بەئەنجامی گەیاندووە، لەبەر ئەوەی نووسەر یان شاعیر زۆر پێویستە بزانێت کە ئاستی نووسینەکەی لە ناو ئەو پرۆسەیەدا لە کوێدا دەبینێت بەواتای ئەوەی نووسەر یان شاعیر دەبێت ئاستێکی بەرزی هونەریو هزری هەبێتو بزانێت کە نوسینەکەی چەند کاریگەریی دەبێتو چەند جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا، ڕوونتر، با نووسەر یان شاعیر یەکەم ڕەخنەگری بوێری خۆیان بنو بەو چاوەی تەماشای خۆیان دەکەن تەماشای کەسانیتر بکەنو جیاوازکاریی نەکەن لە نرخاندنی شتەکانداو کەسێکی بابەتی بن، چونکە کەسانی بابەتی نە هەڵە دەکەنو نە پاساو بۆ شتەکان دەهێننەوە، ئینجا لێرەوە بەڕای من کاری بەچاپگەیاندن کارێکە هەموو کەسێك بۆی هەبێت مومارەسەی بکات. بێگومان ڕەخنەگری وریاش دەتوانێت بەو پێوانە بابەتییەی هەیەتی ئاستەکان دیاری بکات، هەردەم مانەوەو برەو جێی ڕەزابوونو نووسینی کاریگەر لە هەر زەمانو شوێنێکدا بێت جێی شایستەی خۆی وەردەگرێت.

**پرسیار:لە ڕووی فۆرمو تەکنیکی نووسینەوە لە زۆربەی قۆناغەکانی نووسینتا یەك شێوازت بەکارهێناوە، پێتوانییە شاعیر دەبێ بەردەوام لە هەوڵی نوێبوونەوەو داهێنانی تەکنیکیو زمانەوانی تازەدا بێت؟**

وەڵام: ئەم پرسیارە مانای زۆر لەخۆدەگرێت، قسەش لەسەر تەکنیك زۆر کراوە، زۆری لەسەر نووسراوە زیاتر لە زمانی ترداو بەتایبەتی من لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا شتم لەسەر خوێندۆتەوە، تەکنیك یان ئیشکالیەتی تەکنیك، ئیتر هەر لە تێکشکانی زمانو کیمیای وشەو وێنەی زهنیو تواناو ئیستیعابی زمان بەرامبەر بەهزرو چۆنیەتی کارکردن تێیدا، زمان بوونەوەرێکی زیندووە پێویستی بەنوێبوونەوە هەیەو بەردەوامە، ئەمە وەك زمان بەچەمکە ڕێزمانییەکەی، بەڵام زمانی نووسین "گوتاری نووسین" خۆی لە خۆیدا وەك ئاماژەمان پێدا تێکەڵاوییەکی هارمۆنی لەگەڵ دەربڕینو بەوشەکردنی مۆسیقاو وێنەو هزر لە

پانتایی تێکستێکدا خۆی دەبێتە هەڵگری ئەو واتایانەی کە مەبەستی نووسین لە خۆیدا کۆیان دەکاتەوە، زمان وەك ئاو وایە بوەستێ شێوە یان رەنگی دەگۆڕێ، بەڵام هەندێ تێکست هەن ئەگەر نەتوانرێ بخرێنە ناو ئەو بازنەیەوە کە ئاراستەکانی دەستنیشان دەکات ئەوە رەنگە لاسەنگییەك یان ناهاوکێشەییەك دروستبکات کە رەنگە خوێنەر بەماوەیەکی درێژ یان دوورتر بتوانێ پەنجەرە لەسەر ئەو تێکستە والاّ بکات.. بۆیە من ویستوومە جۆرە تێکەڵاوییەکی ئاسان- گران (السهل الممتنع) بەکاربهێنم لە کاتی نووسیندا هەتا ئەو تێکستە دووربێت لە کردنی بە پیشەسازییەكو کەمتر سۆزو گەرمایی وشەکانی تیایدا شێوەی پێناسەکەی لێڵ بکاتو شەفافیەتی دروستکردنی ئەو تێکستە تەماوی بکات، هەندێ تێکست هەن نزیکن بەرۆحو رۆژانەو یادەوەری وەرگر یان خوێنەرەوە، بۆیە دەبێت شاعیر بەئاگابێت لەو بەرهەمهێنانە هونەرییەدا هەرچەندە کارکردن لەم جۆرە تێکستانەدا پرسیار یان هەڵوێستەیەك لەلای وەرگر یان خوێنەر دروستبکات، بەڵام سەرجەم ئەو کارە خۆی نزیکبوونەوەی ون ناکاتو لەوانەیە خۆشەویستییەکی دوو لایەنی لەگەڵ وەرگردا دروستبکات بەو مەرجەی لە بەهاکانی خۆی کەمنەکاتەوەو هەمان نرخو بەهای خۆی لەلای خوێنەر بەرجەستە بکات لەبەر ئەوەی خوێنەر یەکەمو دوا ئامانجی ئەو پرۆسەیەیە.

**پرسیار: هەندێك لە شیعرەکانت رۆحی لیرکیان تێدایە خۆیان لە زیادە وتن پاراستووە.. خۆت چۆن گوزارشتیان لێدەکەیت؟**

پرسیار: بەڕای من تێکستی سەرکەوتوو ئەو تێکستەیە کە دوورە لە بەئامێرکردنی وشەو دەستەواژەو سۆزو ئیحساس یان بەبیناکردنێکی ناهونەریو فۆرمێکی چەق بەستوو، هەندێ دەربڕین هەن خۆیان لە کاتی نووسیندا جۆرە نەرمو نیانییەك لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، لەبەر ئەوەی بەرهەمی کەسێکی سادەو روونو پڕ لە گەرمین، بۆیە رۆیشتن لەگەڵ ئەو رەوتەدا رەنگە جۆرە هاورێیەتییەکی نوێ پەیدا بکەن هەم لەگەڵ خۆیانداو هەم لەگەڵ دەورووبەردا، شیعر بوونەوەرێکی جوانو زیندووە بەسرووشتیی جوانترو کاریگەرترە لەسەرلێشێواندنی.

**ئا: ئیدریس عەلی**

# هیچ کاتێك لە جەوهەری رۆمان دوور نەکەوتوومەتەوە

**گفتوگۆ لەگەڵ میلان کۆندێرا**



بەپێچەوانەی بیروباوەڕی زۆرینەی رەخنەگرانەوە، دەتوانرێ میلان کۆندێرا بەیەکێك لە بەرجەستەترین نووسەرە هاوچەرخەکان دابنرێت. هەرچەندە ئەو لەم دوادواییەدا، کەمتر گفتوگۆی رۆژنامەوانی ئەنجام دەدات، بەڵام ئامادەگی کۆندیرا لە توێژینەوەی دەرچوونی

جۆراوجۆری خوێندکاران و باسوخواس دەربارەی بەرهەمەکانی لە کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا، نیشانی دەدات کە وەرگێڕانی نزیکەی سەرجەم بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەو پێشوازی لە بەرهەمەکانی لە ئێراندا، هێندەش مەسەلەیەکی ڕێکەوت نەبووە. کۆندیرا لەم گفتوگۆیەدا، ئاماژە بۆ نووسەرە سەرکەوتووەکانی ئەوروپای ناوەند دەکاتو لەوبڕوایەدایە ئەو نووسەرانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەو نەبووە، لەکاتێکدا ڕەنگە پەیڤەکەی ڕاستیش نەبێت.

***وادێتەبەرچاو لەگەڵ سنووردارکردنی ئەو هەڤپەیڤینانەی لەلایەن تۆوە سەرلەنوێ دادەڕێژرێنەوە، تائەندازەیەکیش خوێنەران بێبەش دەکەیت.**

-لە هەڤپەیڤینە ڕۆژنامەوانییەکاندا، بەگشتیی هەمان ئەو شتەی کە پەیڤدەر دەیڵێت دەنووسرێتەوە. ئەگەر هەڤپەیڤینەکانی تۆ لەلایەن ڕەخنەگران، ئەکادیمییەکان و هەر کەسێکیترەوە دەقێکی بگوێزرێتەوە هێندە گرنگ نییە، بەڵام دروستیو وردەکاریی لە هەڤپەیڤینەکاندا ون دەکرێن. من جارێکیان ناچار بووم کە قسەکانم لە هەڤپەیڤینێکدا چاك بکەمەوە، سەرەڕای ئەوەش ئەو بیروباوەڕانە دەستکاریی بکەم کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە منەوە نەبوو. من نارەزاییم دەربڕی، بەڵام وا وەڵامی منیان دایەوە کە هەواڵنێرەکە ڕۆحی قسەکانی منی پاراستووەو منیش گەیشتمە هەقیقەتێکی سادە، کاتێك نووسەرێك لەگەڵ هەواڵنێرێکدا گفتوگۆ دەکات، ئیدی پەیڤەکان موڵکی پەیڤدەر نامێنێت و ئەمەش شیاوی قبووڵ کردن نییە. ڕێگاچارەسەرێکی زۆر سادەی هەیە، ئێمە یەکتر ببینین. دەربارەی مەسەلە جێمەبەستەکان مشتومڕ دەکەین. دواتر تۆ پرسیارەکان دەنووسیتەوەو من دوادەقی وەڵامەکانت دەدەمەوە. ئەمە ڕێگایەکی باشو بەویژدانانەیە. ئەمە بەتێڕوانینی من لۆژیکییانەیە، هیچ شتێ هێندەی کۆپی دەقی ڕەسەنی وەڵامەکە ناتوانێ متمانەمان بۆ دابین بکات

***تۆ لە باسەکانتدا چەندینجار ئاماژەت بۆ ئەوروپای ناوەند کردووە، هەموو بەرهەمە چیرۆکییەکانی تۆ لە کۆماری چیك ڕوودەدات و تەنانەت لە بەرهەمە تیۆرییەکەی تۆدا واتا (هونەری ڕۆمان)دا ئەوروپای ناوەند گرنگییەکی زۆری هەیە. دەکرێ تێڕوانینتان دەربارەی ئەوروپای ناوەند پتر ڕوون بکەیتەوەو پێمان بڵێیت خاڵی بەرجەستە ڕاستەقینەکەی لەکوێدایە؟**

-واباشترە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بابەتە جێمەبەستەکە لە ڕۆماندا سنووردار بکەین. چوار ڕۆماننووسی مەزن هەیە کە بریتین لە کافکا، برۆخ، مۆزیل و گۆمبرڤۆیچ. من ئەوانە بە لوتکەی ئەوروپای ناوەندی دەزانم.

لە ڕۆمانی پروستەوە بۆ دواتر، لە مێژووی ڕۆماندا کەسێکم بە گرنگتر لەئەو نەبینیوە و بەبێ ناسینی ئەوانەش نەتوانرێ شتێکی پتر لە ڕۆمانی مۆدێرن دەستبکەوێت. ئەم نووسەرانە، کۆمەڵە مۆدێرنیستێك بوون کە ئارەزوویەکی زۆریان بۆ گەڕان بەدوای فۆرمە نوێیەکاندا هەبوو، بەڵام لەو فۆرمەدا بەتەواوەتی لەهەموو جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی نیگەتیڤ بەدەرن، هەرگیز لە زەرورەتی شکستە بنچینەییەکان نادوێن. ئەگەرە وێنەییەکانی ڕۆمان بە ناکامڵ دادەنێن و تەنها دەیانەوێ بەشێوەیەکی بنچینەیی پەرەی پێبدەن، لەڕووی ئەم مەسەلەیەشەوە پەیوەندییەکیتر لەگەڵ ڕابردووی ڕۆماندا دروست دەکەن. ئەم نووسەرانە بەهیچ شێوەیەك کلاسیك ناشکێنن، بەڵکو هەڵبژاردنێکیتریان هەیە. ئەوان هەموویان لەژێر کاریگەریی ئەو ڕۆمانانەدا بوون کە لە سەدەی (19)دا لەئارادابوون. من (ڕۆژگارێك لە زەمەن) بە نیوەی یەکەمی مێژووی ڕۆمانی دادەنێم. بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم، ئەم (ڕۆژگارێك لە زەمەن)ە فەرامۆش کراوە. ئەم ڕێکەوتەش بۆتەمایەی ئەوەی، کە ڕۆمان لە نیوەی یەکەمدا لە خستنەڕووی جەوهەری خۆیدا بێبەش ببێت. ئەو مەسەلەیەی کە من وەك بیری نووسەر ناوی دەبەم، تیادا ڕۆڵێکی کەمڕەنگی گێڕاوە. بۆ خۆپاراستن لە هەرجۆرە بەهەڵە تێگەیشتنێك، مۆڵەتم بدەن بیری نووسەرایەتی ڕوون بکەمەوە. مەبەستی من ڕۆمانێکی فەلسەفی نییە کە ڕۆمان دەکاتە پاشکۆی فەلسەفەو بیروباوەڕی نووسەر وێنا دەکات، ئەمە کاری ژان پۆڵ سارتەرە یاخود ئەلبێر کامۆیە. ئەم جۆرە بەئەخلاقکردنەی ڕۆمان لەو مۆدیلانەیە کە من خۆشم ناوێت.

ناوەرۆکی بەرهەمەکانی مۆزیلو برۆخ بەتەواوەتی

جیاوازە، واتا لەبری ئەوەی کە لە خزمەت فەلسەفەدا بێت، ئەو مەیدانە دەخاتە خزمەت خۆیەوە کە تابەرلەو ساتی هاتنە مەیدانەوە لە خزمەت فەلسەفەدا بووە. کێشە میتافیزیکیو کێشەکانی بوونییەتی مرۆڤ، ئەو مەسەلانەن کە فەلسەفە بەهەموو واقیعیبوونی خۆیەوە نەیتوانیوە پەی پێببات. تەنها ڕۆمانە کە دەتوانێ ئەم مەسەلە گرنگە دەستەبەر بکات.

لەمڕووەوە ئەم ڕۆماننووسانە، پێکهاتەیەکی شاعیرانەو ڕووناکبیرانەی بەرزیان لە ڕۆماندا دروست کردووە و لە کلتووریشدا پێگەیەکی باڵاو بەرجەستەیان پێبەخشیوە. لە ئەمریکا کە من هەمیشە بە ڕیسواییەکی ڕووناکبیرانەی دەچوێنم، ئەم نووسەرانە کەمتر ناسراون. بەڵام ڕاستیەکەی ئەمەیە کە ئەم بەدحاڵیبوونە، فەنتازییانەشە چونکە کاتێك کلاسیك بەتایبەتی ڕۆمانی ئەمریکی لەبەرچاودەگریت، بەتەواوەتی شیاوی پەی بردنە. کاتێك کە نووسەرانی گەورەی ئەوروپای ناوەند، شاکارەکانی خۆیان بەرهەمدەهێنا، ئەمریکاش کۆمەڵە نووسەرێکی خۆی هەبوو کە دنیای خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. نووسەرانی وەك هەمەنگوای، فاکنەر و دۆس پاسۆس. بەڵام مەسەلە فەنتازییەکانیان بەتەواوەتی لە لوتکەی بەرامبەر بە مۆزیلدابوو. بۆنموونە دەستوەردانی هزریانەی نووسەر لە گێرانەوەی ڕۆمانەکەیدا لەم جۆرە فەنتازییەی خۆیدا وەك ئەقڵگەراییەك کە لە پێگەی خۆی چووبێتەدەرەوە، خۆی دەخستەڕوو، واتا وەك تەنێکی دەرەکی لەهەمبەر کرۆکی ڕۆمانەکەدا.

***ئایا ئەم نووسەرانە تۆیان خستە ژێر کاریگەرییەوە؟**

-نەخێر. پەیوەندی ئێمە شێوازێکیترە. نە من لە ڕووی فەنتازیاوە لەگەڵ ئەواندا دەچوومە ژێر یەك سایەوەو، نە لەگەڵ پروست، یاخود جویس، یاخود تەنانەت لەگەڵ هەمەنگوایشدا، (لەگەڵ ئەمەشدا کە زۆر ستایشی هەمەنگوای دەکەم). ئەو نووسەرانەی کە دەربارەیان دەدوێم، یەکتر ناخەنە ژێر کاریگەرییەوە. تەنانەت ئەوان یەکتریشیان خۆش ناوێت. بڕۆخ زۆر ڕەخنە لە مۆزیل دەگرێت. مۆزیل ڕقی لە بڕۆخ بوو، کافکای خۆش نەدەویستو هەرگیز دەربارەی بڕۆخو مۆزیل نەدەدوا و ڕەنگە هیچ کام لەم سێ نووسەرە، ئەویان نەناسی بێت.

ڕەنگە ئەگەر لەوە تێبگەیشتنایە کە من ئەوانم خستۆتە یەك گروپەوە، لە من تووڕە ببوونایە و ڕەنگە ئەوانیش لەسەر هەق بن. ڕەنگە من ئەم هاوپەیمانێتییەم دروست کردبێت، تا خۆم خاوەنی سایەیەك بم.

***چەمکی ئەوروپای ناوەندی چۆن پەیوەندی لەگەڵ چەمکەکانی دنیای سلاڤیو کلتووری سلاڤدا دروست دەکات؟**

-بێگومان یەکگرتوویی زمانەوانی لە نێوان زمانەکانی سلاڤیدا هەیە، بەڵام شتێکمان نییە بەناوی یەکپارچەیی کلتووریی سلاڤییەوە. ئەدەبیاتی سلاڤیش بوونی نییە. هەرچەندە پەرتووکەکانی من لە ژینگەو شوێنێکی سلاڤیدا لەدایك بوون، خۆم نایانناسم، چونکە ئەم ژینگەو شوێنە دروستکراوەو درۆزنانەیە. ئەوروپای ناوەند لەڕوانگەی منەوە کە لە پەرتووکەکانمدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بەشێکە کە لەڕووی زمانناسییەوە بە ئەڵمانی- سلاڤی- مەجەریی پۆلێندبەندی دەکرێت.

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر بتەوێ لە ماناو بەهای ڕۆمان بگەیت، زانینی ئەم زەمینەیەش یارمەتییەکی ئەوتۆمان نادات، چونکە من هەمیشە وتومە، کە تەنها بە زانینی زەمینەو ژینگەی مێژووی ڕۆمانی ئەوروپا، دەتوانرێ لە ماناو بەهای ڕۆمانێك بگەین.

***تۆ هەمیشە ئاماژە بۆ ڕۆمانی ئەوروپایی دەکەیت. ئایا ئەمە بەم مانایەیە کە بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆمانی ئەمریکی بەلای ئێوەوە کەم بایەخترە؟**

-تۆ بەدروستی ئاماژەت بۆ کرد. لاوازی من لە پەیداکردنی زاراوەیەکی گونجاو ئازارم دەدات. ئەگەر بڵێم ڕۆمانی خۆرئاوایی، ئەوکاتە ڕۆمانی ڕووسی وەلادەنرێت. ئەگەر بڵێم ڕۆمانی جیهان ئەوا ئەم مەسەلەیە پشتگوێ دەخرێت کە من لەبارەی ئەو بەرهەمانەوە دەدوێم کە پەیوەندیدارە بەئەوروپاوە. هەربۆیەشە چەمکی ڕۆمانی ئەوروپی بەکاردەهێنم. بێگومان ئەمە زاراوەیەکی جیۆگرافی نییە، بەڵکو دەبێ بە مەعنەویی هەژمار بکرێت. ئەم جیۆگرافیای مەعنەوییە دەکرێ ئەمریکاش بگرێتەوە. ئەوەی من وەك ڕۆمانی ئەوروپی ناوی دەبەم، ئەو مێژووەیە کە لە سێرڤانتسەوە دەگاتە فاکنەر.

***هەروەك دەبینرێت نە لەناو ئەو نووسەرە مەزنانەی کە**

**تۆ وەك كەسایەتییە بەناوبانگەكانی مێژووی ڕۆمان ناوزەدت كردن و نە ئەو كەسانەی كە پێشتر وەك كاریگەردانەرانی بەرەوپێشەبردنی ڕۆمان و پەیوەندییەكانیان بە كلتوورەوە ناوزەدت كردن، ناوی ژنی تێدانییە. لە هەڤپەیڤینەكان و وتارەكانی تۆدا، هەرگیز باسی ژنانی نووسەر ناكەیت، دەكرێ لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە ڕوونكردنەوەیەك بدەیت؟**

-توخمی ڕۆمانەكان دەبێ لای ئێمە سەرنجڕاكێش بێت، نەك نووسەرەكانی. هەموو ڕۆمانە باشەكان ئەوانەن كە هەردوو ڕەگەز لەخۆدەگرن، واتا ئەو ڕۆمانانەی لە جیهانی هەردوو دیدی ژنان و پیاوانەوە خرابنەڕوو. ڕەگەزی نووسەرەكە وەك بارودۆخی جەستە، لە مەسەلە تایبەتییەكانی تاكەكەسەكانە.

***بێگومان پەرتووكی هونەریی ڕۆمانی تۆ، بەڵگەنامەیەكی تایبەتیانەی سەرنجڕاكێشە. بەتێڕوانینی من لەگەڵ ئەمەشدا كە ئەم بەرهەمە بەشێوازێكی بەرچاو، ئامۆژگاریی خوێنەر دەكات بۆ هەبوونی دیدێكی فەنتازیانە بۆ ڕەهەندەكانی جیهان. بەڵام بەدەرلەمە تیۆرێكی زۆر خودیانە لەهەمبەر ڕۆماندا دەخاتەڕوو.**

-ئەمە تەنانەت تیۆریش نییە. ڕەنگە من ئاماژەم لەبارەی هەڵبژاردنی ناوی ئەم پەرتووكەوە كردبێت، چونكە پێدەچێ گشتگیرییەكەی ئەو پەرتووكە نیشاندەری ئەو پەیامانە بێت كە جێگەی خواستی تیۆرییانەیان هەبێت. من ناونیشانی (هونەری ڕۆمان)م لەبەر هۆكارێكی خودی و سۆزدارییەوە پاراست. كاتێك تەمەنم (27 یاخود 28) ساڵ بوو، پەرتووكێكم نووسی دەربارەی یەكێك لە نووسەرانی چیك بەناوی (ڤلادیسلاڤ ڤانكۆرا)، كە بەلای منەوە گرنگییەكی زۆری هەبوو. ناونیشانی ئەم پەرتووكە كە (هونەری ڕۆمان) بوو، لەبەرئەوەی بووە جێگەی بایەخ، زۆر زوو بووە پەرتووكێكی نایاب و سەرلەنوێ چاپیش نەكرایەوە. دەمەویست بەهەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، یادەوەرییەكی ڕابردووم زیندوو كردبێتەوە.

***ئایا هیچ خاڵێكی گۆڕانی گرنگ و بەرچاو، لە بیروباوەڕەكانتاندا لەهەمبەر ئەدەبیات، جیهان، كلتوور و تاكەكانەوە دەبینیت؟ لەوانەیە بیروباوەڕە هەڵەكانی تۆ یاخود دیدگا فەنتازییەكانتان بكەونە بەردەم گۆڕان و وەرچەرخانەوە؟**

-تا تەمەنی (30) ساڵی، شتگەلێكی زۆرم نووسی. پتر دەربارەی موزیك نووسیم. شیعرم وتو تەنانەت سیناریۆیەكیشم نووسی. بە ڕێگای جۆراوجۆردا ڕۆیشتووم، چونكە شوێنكەوتەی میتۆدو دەنگی خۆم بووم و دەمەویست خۆم بدۆزمەوە. بەنووسینی یەكەمین كۆمەڵە چیرۆكی (عەشقە خەندەدارەكان) لە ساڵی (1959) دڵنیابوومەوە كە خۆمم دۆزیوەتەوە. من بوومە نووسەرو ڕۆماننووس و جگە لەمە هیچیتر نیم. لەوسەردەمەوە، دیدە فەنتازییەكەشم نەگۆڕاوە.

***بۆچی دواڕۆمانتان یەكەمینجار بە زمانی ئیسپانی بڵاو كردەوە؟**

-دەمەویست خۆم هەڵبسەنگێنم. دەمەویست بزانم كە ئەگەر لە دنیای زمانی ئیسپانییەوە بچمە ئەدەبیاتەوە، بە چاوێك تێمدەڕوانن. لەلایەكیتریشەوە، ئیسپانی زمانی ئەدەبیی كۆمەڵە نووسەرێكی وەك ماركیز، فۆنتس و كۆرناسارایە. كێ پێی خراپە ڕۆمانەكەی بە زمانی ئەم نووسەرانە بڵاوببێتەوە.

**سەرچاوە:**

سایتی (روشنگری، مترجم حمید جلالی، مرداد 1385).

**و: لاوك حەمە**

# حنا مینا:
# یەک هیوام هەیە
# ئەویش ئەوەیە
# حەز دەکەم بمرم!



ماڵەکەی لە هەورازێکدایە، ئەو بەرزاییە هەوای پاک و خاوێن بۆ دەریاوانی رۆمانی سوری خولقاندووە، هەرچەند لە ئاپوورەی زۆری شاری گەورە دووربکەوێتەوە هەست بە ئارامی و خۆشی دەکات، لە لاچەپێکی گەڕەکی مساکن برزە لە دیمەشق دەژیت. ماڵەکەی وەک خاوەن ماڵەکە سادەو ساکارە، ئەوەی تەمەنی لە نووسین لەسەر هەژاران و دەریا سەرفکرد. سادەییەکەی حنا مینا لە هەژارییەوە نی یە، ئەو زۆر ئەو رستەیە دووپاتدەکاتەوە:

(زۆرم دەست دەکەوێت و زۆریش سەرف دەکەم )،

هەرکەسێ پێی باوێتە ئەو ماڵە بە ئاسانی هەست بە بەرنامەی ئەو دەکات، زۆر جوان و بەرێزەوە پێشوازی لە مێوانانی دەکات.

کە دیدارمان گەرم دەبوو، ئەو زوو دەیووت من بێجگە لە وشە هیچی ترم نی یە، لە ژووری تایبەتی خۆیدا، چەندین کەلوپەلی بە پەرش و بڵاوی کەوتبوون. بە دڵنیاییەوە دەیووت:

وشە گرنگترین چەک و سەرمایەمە، لە ژیانمدا وشەم نەنووسیوە ئەگەر بروام پێ نەبووبێت، من بۆ دەستەڵاتداران نانووسم. خۆشەویستی و شەیدا زۆری بۆ وشە هەیە، بەهرەو داهێنانی پێبەخشیووە، رۆمانەکانی نەرم و لووسیان پێوەیە، سەمای شیعری ن،وسینەکانی زراڤی پێوەدیارە. ن،وسینەکانی رەنگدانەوەی ژیانی خۆی و خێزانەکەو ئاوارەبوونیان لە شاری ئەسکەندەروونەی پێوەبووە. کەسایەتی ن،وسینەکانی ماریانا میخائیل و کوڕی دایکی بووە، پاڵەوانەکانی گۆشت و خوێنن و رووبەری گێژاوی دەریا دەبنەوە، کەسانی جەربەزەو ئازاو نەدار بە سەرمایەو دەوڵەمەند بە نەفس، پاڵەوانی ژنی سۆزانی بە لەش و ئەزیز بە رووح هەبووە. رۆژانەی بەندەرەکان و شارەکانی کەناری دەریاکان، تۆڵەی لە ناخۆشیەکانی مناڵی کردیتەوە، بۆ خوشکانی خزمەتکاری ماندووی نوسیووە، تۆڵەی لە زوڵم و ستەم رۆژانی بێنەوایی کردیتەوە، بەڵام تۆڵەی خۆشەویستی هاوسۆز، نەک رقی رەش.

ئێستا تەمەنی سەرووی هەشتاو دوو ساڵە (لە کاتی دیدارەکە) کە ئاخاوتنەکەمان دەکردو قسەی بۆ دەکردین وەک ئەوەی باسی یەکێکی تر دەکات. لە رووداوی رۆمانەکانیدا رووی دیاری مرۆڤانەی ئەو دیارە، کۆششی کردووە بۆ دەرخستنی ئاکاری مافەکانی مرۆڤایەتی و دارمانی بەهاکانی جوانی بەشرییەت. تا ئیمرۆش رۆمانەکانی لە پێشەوەی کتێبە بازاڕە گەرمەکانی وڵاتەکەو جیهانی عەرەبییە، کۆنتراکتی لە گەڵ دار الاداب بەردەوامەو سەرمایەی باشی بۆ رۆژانەی ئەو بە زۆریش دابین دەکات، هیچی ناوێت تەنیا وەرگرتنی زۆرترین زانیاری. ئەو دەڵێت:

چیترم لە ژیان دەوێت ..؟؟

گەیشتوومەتە رادەیەک نازانم چیم ماوە لەو ژیانە ..؟؟ چیم ماوە لەو تەمەنە درێژە. تەنیا هیواو مەبەستم ئەوەیە بمرم، لە یەکێک دەگەڕێم ژیانم بباتەوە، بمکوژێت، ئەو کەسەی ئامادەیە بمکوژێت بە نیو ملیۆن لیرەی سوری

خەڵاتی دەکەم. ئەو هیوایە گەیشتە ئەو رادەیە، بە رەسمی داوا بکات یەکێکم دەوێت بمکوژێت، بانگەواز دەکات یەکێک رزگاری بکات. تووڕە دەبێت ئەگەر یەکێک نەرمی بکاتەوە، یان ساردی بکات، ئەو سوورە لەسەر قسەو بڕیارەکانی زۆریش وتویەتی:

من حنا مینام هەرگیز لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە.

حنا مینا، بەردەوام دەنووسێت و راناوەستێ، ساڵانە رۆمانێکی نوێی هەیە، دوا رۆمانی (گورگە ڕەشەکە ) یە، چەندین کەس لە پیشانگەی ساڵانەی کتێب لە دیمەشق بۆ ئیمزای دەستخەتی ئەو هاتوون و چاوەڕوانن، ئەو چەند وشەیەی بە قەڵەمی ئەو، بە گرنگترین دیاری ناو کتێبخانەکانیان دەزانن، بەرامبەر ئەوەش رەخنەشی ئاراستە دەکرێت، ئەو چەند ساڵانەی دوایی نووسینەکانی دووبارەن و رەنگی نوێیان پێوە نییە. ئەو چەند ساڵەی دوایی ئەو لە وەزارەتی رۆشنبیر وەک کارمەند نەماوەو زۆرترین کاتەکانی لە ماڵەوە بەسەردەبات، پەیوەندیشی بە جیهانی دەرەوەش کەمبووە، رۆژانی پێنجشەمموان دەچێتە قاوەخانەی بەرازیل لە هوتێلی الشام، لەو قاوەخانەیەو لە ماڵەوەش برادەران و رۆژنامەنووسان دەبینێت.

بەپێکەنینەوە وتی، زۆرم لا سەیرە رۆژنامەنووسی وا هەیە، دیدارێک بەناوی من بڵاودەکاتەوە بەبێ ئەوەی منی دیبێت، زۆر سەیرە، ئەوانە بۆ وا دەکەن، وا دەزانن من بواریان نادەم، (ئێمەش بەپێکەنینەوە ) وتمان، پاش بڵاوبوونەوەی ئەو دیدارەش نەبێژێت، ئەوانە نەهاتوون و دیداری منیان نەکردووە. دیداری ئێمە بەنیازی رۆژنامەوانی نەبووە، بەڵام دانیشتن لەگەڵ پیری رۆمان، دەستەڵاتت نامینێت، ویستی نووسین و تۆمار دروستدەکات.

بەو شێوە باسی خۆی کردو بە نەرمی وتی:

حنا پشوودرێژو بە نەفسە. کە دار الحواری پەخش و بڵاوکردنەوە کتێبێکی بڵاوکردیتەوە، لەو کتێبەدا رووداوی دەریاوانەکەم دزییەوە، زۆر برادەران سووربوون لەسەر ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە، داوایان لە دادگا لەسەر تۆماربکەم، لەبەر ئەوەی من پشووم درێژەو ئەو کارانە ناکەم، داوام لە دادگا تۆمار نەکرد. شاعێرێک هەیە بیست و پێنج ساڵ جنێوی پێدام، من وەڵامم نەدایەوە، هاتەوە لام و لە ماڵەکەی خۆم پێشوازییشم کرد. بە منیان وتووە کافرە، من بڕوام وایە کەس کافر نییە، کافربوون نی یە، هەموو کەس بڕوای بە شتێک هەیە، شیوعییەکانیش بڕوایان بە مەسەلەیەک هەیە.

قاوەکەی بەردەمی فڕکرد، دیارە ئەو فنجانە نییە، ئەوەی زۆر باسی کردووە، لە وەڵامدا وتی:

ئەو فنجانەی دایکم پەنجا ساڵ خۆشم ویست، ئاگام لێبوو، شکاو پینەمکرد، ئێستاش هەڵگیراوە. چەند حەزم دەکرد بۆ کەلوپەلی دەریاوانی مۆزەخانەیەک هەبێت. لە وەڵامدا وتمان:

رۆمانەکانت هەموویان جوانترین تۆماری دەریاو بەندەرەکانە، قسەکەی بڕیین و وتی:

هەرچەندی چوومەتە سەر دەریا، گێژاو هەبووە.

لە گۆشەیەکی تەنیشتی ژوورەکەی لەسەر مێزێکی بچووکا بەیەکەوە دانیشتین، ژوورەکەی جەنجاڵە بە کتێب و وێنەی یادگاری و خێزانی تایبەتی. چەندین پاکێتی جگەرەش کەڵەکەکراون، توتنی خۆماڵی و فەرەنسی هەبوون، لەسەر مێزەکەش فنجانی قاوەو ئاوخواردنەوە و شەرابیش هەبوون. ویستی جگەرەیەک داگیرسێنێت، پرسیارمانکرد، رۆژانە چەند پاکێت دەکێشیت ..؟؟ لە وەڵامدا وتی:

ئەوەی بخواتەوەو مەست بێ پێکەکان ناژمێرێت..؟؟

دووبارە پرسیمان، بۆ تۆ دوو جۆرە جگەرەو توتن دەکێشیت..؟؟

لە وەڵامدا وتی:

چونکە شێتم ..!! دایکم سێ کیژی هەبوو، ئەو دەمانە کیژ سەرئێشەو گێچەڵ بوون، زۆر لە خودا دەپاڕایەوە کوڕێکی پێبەخشێت، ئەگەر کوڕەکە شێتیش بێت، لاری نەبوو. ئەوە من بووم وەک چۆن ئەو ویستی و لە خودا داوای کردبوو، وا دەرچووم.

نازانم چۆن لە ساڵی 1924 لەدایکبووم، بەپێی ئەو رێکەوتنەی دایکم بوو، یان بە رێکەوت بوو، یان بەهەلە بوو.

لە ئەسکەندەروونەوە بەرەو لاذقیە کۆچیکردووە، لەوێشەوە بۆ لادێ و لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە چۆتە بەرخوێندن، بەتەواوکردنی سەرەتایی لەساڵی 1936 وازی لە خوێندن هێناوە، لەبەر نەبوونی نەچووتە ناوەندی

و خوێندنی تەواو نەکردووە، ئەوەندە دەستکورت بوون پارەی نەعلێکیان نەبوو بۆ ساردی زستان بەسەرپێیانی وەکات، هاوینان بە پێخواسی ماوەتەوە. باوکی کۆڵهەڵگری بەنداوبووە. جارجاریش حەلوافرۆشیی کردووە، لە ڕەزو باخا کرێکاری کردووە. بۆ پەیداکردنی نان و ژیانی زارۆکەکانی بەدوای ئیش و کار لە شاران گەڕاوە، دوورکەوتۆتەوە. دایکی لەگەڵ منداڵەکان بەبرسیەتی و ترس، تەنیاو چاوەڕوان ماوەتەوە. ئەو ڕەوشە خراپەی ماڵەوەی حنا ناچاربووە زوو بچێتە مەیدان کارو گەڕان بەدوای چەند قروشێک وێل و ماندوو و شەیدا بێت. وەک باوکی لە بەنداوەکانا حەماڵی کردووە، ئەو چەند قروشەی پەیدایکردووە لەگەڵ قروشی خوشکەکانی و ئەرکی باوکی تەواوکەربووە. وازی لە حەماڵی هێناوەو بۆتە شاگردی سەرتاشێک. بەپارچە کارتۆنێکی ڕەنگاورەنگی بەستراو باوەشێنی پیاوانی بەردەست وەستاکەی کردووە، مێشی لە دەموچاویان دوورخستۆتەوەو ئارەقەیانی وشک کردۆتەوە. لەو دوکانەدا دەستی بەنامە نووسینکردووە، بۆ هاوسێیەکانی دوکانەکە، ئەو تاکە کەس بوو پیتی نووسینی لەناو زەلکاوی گەڕەکەیان دەناسی. لەو دوکانەوە لە نووسینی ئەو نامانەدا کاروانی نووسین و گەڕانی ئەو دەستپێکردووە.

لە ساڵی 1947 بەرەو دیمەشق بەرێکەوتووە، تا گەیشتە ئەورووپاو وڵاتی چین. یەکەم ڕۆمانی بە ناوی (چرا شینەکان) بووە، ئەو ڕۆمانەی لەناو گەنجانی شۆڕشگێر کاریگەری پەیداکردووە.

من وتم یەکەمین ڕۆمانی سوری (چرا شینەکان ) بوو خوێندمەوەو یەکەمین ڕۆمانیش منی گریاند ڕۆمانی (بەهارو پایز ) بوو، ئەوەی نسکۆی حوزیرانیت تێدا بەجەستەکردبوو. ئەویش وتی:

منیش ڕۆمانی (کۆترە شینەکەی ناو هەوران ) بوو، ئەوەی ژانی سووتانم بوو بۆ مردنی کیژەکەم بە نەخۆشی کانسەر (شیرپەنجە )، کە پێی وتم:

تا دوارۆژم نەفەوتێت، ئەو نەخۆشە خوشەویستەم، بە دوورخستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەری و بۆ شاردنەوەی نەخۆشییەکەی لە ماڵەوە، دوو ساڵم دوورخستەوە. حنا بۆ مردنی کیژەکەی بەردەوام فرمێسکی ڕشتووە، برژانگەکانی تەڕبووە، بە هەنسکەوە وتی :

لەساڵی 1982 کە کیژەکەم مرد، من بۆ یەکەمجار زانیم خودا هەیە .. لەبەر فرمێسکەکانی زاری تێکپرژاو ڕستەکانی پێ تەواو نەکرا ... تا ژانی بیرەوەری و مردنی کیژەکەی لەبیرببەینەوە ناوی کیژەکانی ترمان بەبیر هێنایەوە، سلوی و سوسن و ئەمل، دوو کیژی دکتۆرو ئەوی تریان ئەندزیارە، گەرچی شوویانکردووەو بەردەوام سەردانی دەکەن، کوڕە تاقانەکەشی سەعد مینا لە ماڵەوە جیابویتەوەو نیازی ژنهێنانیەتی، خێزانەکەی بە کامەرانی بەیەکەوە کۆبونەتەوەو مریەمی خێزانیشی کە بەبەردەوامی هاوشانی بووە خۆشیەکەی ماڵەوەیان تەواوکردبوو.

(ئێمە هەموومان چواردەورەی ئاوەدان و خۆش دەکەین، هەمووش بەلایەک و سەعدیش بەلایەک، ئەو جیهانە یەک سەعدی تێدایە... ).

سەبارەت بە برادەرانی وتی:

لەسەر پشت ڕاکشابووم کە تەلەفۆنەکەمان زەنگی لێدا، پەیامنێرێکی ڕۆژنامەنووس هەواڵی مردنی هاوڕێم محمد ماغوتی پێڕاگەیاندم، زۆر بە گەرمی و بە سۆزەوە دامە پڕمەی گریان، ئەویش داوای کرد، هێمن ببمەوەو لێدووانێکی بۆ ڕۆژنامەکەیان بۆ بدەم، منیش محەمەدم بە هاوڕێ و برادەر ناوبرد، پرسیاریانکرد، ئەگەر ڕۆژێک پرسیان بۆ دەستنیشانکردنت بۆ خەڵاتێک کێ باشە، من زوو تۆ دەپاڵێوم، ئەویش وەڵامی دامەوە، ئەگەر خۆیان کردیان ئەوە باشە، با خۆیان بیکەن، باش بوو خەڵاتکرا، خودا ڕەحمی پێبکات ... ناوی زۆری برادەرانمان باسکرد، تا نۆرە گەیشتە سەر ناوی نزار قەبانی، ئەویش قسەکەی بدوی الجبلی بەبیرهێنایەوەو وتی:

ئەو دوا شیری دیمەشقییە بە دیوارەوە مامەوە. بۆ یادی چیرۆکنووسی ناودار سعید حورانیە وتی:

پیاوێکی جوامێربوو.

بۆ قسەکردن لە ئەکێتی ئەدەبیان و ئەدەبیە زیندووەکانیش لەناو تەمی دووکەڵی جگەرەکەیەوە نیگایەکی تێکردین و وتی:

من بێ سیاسەت ناتوانم، وەک ماسیيم بێ ئاو ناژیم، من و سعدالله ونوس بۆ پشتیوانی لە ئەدۆنیس بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل، وازمان لە یەکێتی ئەدەبیان هێنا، بۆ ویست و قازانجی ئەو هەموو کارێ دەکەم.

کەمێک خەیاڵ بردیەوەو بە بزەوە دەنگی خۆی وەک دەنگی سەعید عقل لێکرد، ئەو بە منی وت:

ئەلیاس ئەبوشبکە وتبووی: تۆ بلیمەتیت، تۆش وەڵامت دابۆوە، یەک بلیمەتمان هەیە ئەویش سەعید عقلە، بەراستی حنا تۆ شایستەی خەڵاتی بەڵام چی بکەین تۆ سورییت، بەردەوام بوو، بە پێکەنینەوە وتی:

من سەعید عقلم خۆشدەوێت.

لەناو باخچە جوانەکانی بیرەوەری و یادگارەکانیدا بۆ دوو سەعات ناوو کەسایەتی زۆری بۆ ژماردین، ماوە ماوەش شیعری موتەنەبی دەوتەوەو هزرو رەگی شۆڕشگێڕانەی بە روونی دیارو ئامادەبوو، ژینی سۆزو خۆشەویستیشی نموونەی بەتامی زۆری تێدایەو ژن بوونی زۆری لە ژیانیدا هەبووە، خۆشەویستی لە رۆمانەکانیدا بە رۆحی فیداییەوە زۆرە، سەرەرای ئەوانە بێ منەتانە وتی:

من لە ژیانمدا خۆشەویستیم نەکردووە، بۆیە پرسیمان چەند ژنت خۆشویستووە ..؟؟

ــ ئەوەش بەڵایە .. من دەرحەق بە ژن زۆر هەستیارم، ئەوەش زۆر باشە. بە جورئەتەوە نووسینم کردووەو ئازایانە کارمکردووە، ئاسانترین رێگا بۆ دەربازبوون لە هەلەکان، ئەوەیە بڕوات بەوە هەبێت ئەوەی راستگۆیانە ئەنجامی دەدەین، مەسەلەیەکی ئەخلاقیە...

لەبەر خۆشی دانیشتن و دیدارو باسەکانمان ئەو ماوە درێژە زوو تەواو بوو، هەستمان بە کاتەکە نەکرد، وەک هاتنەکەمان بۆ رۆیشتنەکەشمان هەمان پەرۆشیمان هەبوو، لە گەڕانەوەماندا ئەو چەند دێڕە شیعرەمان لەبیر ماوە، کەلەبەر خۆیەوە زوو زوو دەیووتەوە:

ئایا ئەو کۆترە بۆ ماڵئاوایی ئێمەیە یان بۆ هاوینە، دەگرێیت

پاشای گەنجەکان بووین، دونیاش بۆ ئێمە بوو

گەڵایەکی کەسک بووین و لە دەستی دەریاوانیدا چەماینەوە.

**و: شێرزاد هەینی**

# کۆچی دوایی ئالان رۆب، گرێی دامەزرێنەری (رۆمانی نوێ)



ئالان رۆب، گرێی پێشەنگی (رۆمانی نوێی فەرەنسی) لە ساڵی 1953 داو کۆدێتا کەر بە سەریدا لە ساڵی 1985دا، دوێنێ لە کان (فەڕەنسا) داو لە تەمەنی 85 ساڵیدا دنیای بەجێهێشت.

رۆماننووس و سینەماکاری کاریگەر لە هەردوو کایەکەدا ،لە 18ی ئابی 1922 دا لە دایك بووەو خاوەنی دەیەها کتێب و شەش فیلمیشە ،بەڵام لە بواری زانستەکانەوە هات بۆ رۆمان و سینەما، لەو رووەوە، کە لە بایۆلۆژیادا پسپۆری پەیدا کردبوو و،راڤەی زانستی لە کارەکانیدا ئامادە بوو ، بە ئەندام لە ئەکادیمیای فەرەنسیدا هەڵبژێردرا لە 17ی ئادار

(مارس) ی 2005دا ، بەڵام وتەی تەقلیدیی پەیوەندی و لایەنگریی خۆی پێشکەش نەکردو، هیچ ڕۆژێکیش کورسییەکی لە ژێر گومەتی ئەکادیمیادا داگیر نەکردووە ٠ خولیای ئەو ئازادی مرۆڤ بوو ،لە روانیندا بۆ خۆی و بۆ جیهان و مامەڵەکردندا لەگەڵ نووسین و وێنەدا ،دژی جەنگی جەزائیر وەستایەوەو، ئەوەش تاکە خەمی سیاسی ئەو بوو وەك قوتابییەکی ئەلبێر کامۆو ژان پۆل سارتەر ، بەلای پۆلێنەکانی راست و چەپ لە ئەدەبدا لای نەدا، کە (ئەو ڕۆمانە سۆڤیەتیە مەزنانەی شۆڕش و گەل و ئایندەی ئەدەبیات بەرز رادەگرت بە ئەدەبێکی کۆنەپەرستانە دانا، بەڵام ئەو نووسینانەی گومان لە نووسین خۆیدا دروست دەکەن و، جیهان لە ڕێگەی پەیوەندیدا لەگەڵ لێشاوی ڕۆژانەی گێرراوەدا باس دەکەن پێشکەوتووخوازن)٠

(ڕۆمانی نوێ) لە ساڵی 1953داو لەگەڵ ڕۆمانی (المحامی)یەکەیدا لە دایك بوو کە لەخانەی (مینوی) دەرچوو، دەستبەجێش نووسەرانێك لە دەوری کۆبوونەوە کە ئینتیمایان بۆ هیچ قوتابخانەیەك نەبوو ، بەڵکو کەسانێکیان لە (پێشینان) هەبوو لە نموونەی سموئیل بیکیت و جیمس جۆیسو فرانز کافکا٠

(ڕۆمانی نوێ)، ناوە بنەڕەتییەکەی (قوتابخانەی روانین) بوو، لە بەر ئەوەی ڕۆمان لای ئەو تەنیا ڕووداوگەلێك نەبوو کە بەشێوەی بەردەوام بگێردرێنەوە، بەڵکو روانین بوو بۆ ڕووداوگەلێك کە ئەگەری ڕوودانیان هەبێت٠ لەوانەش کە لە دەوری ڕۆب گرێ ئالأبوون ، کلۆد سیمۆن، ناتالی ساروت، مارگرێتدۆراو، دانیال بیرانجیە، کە ئەدەبی هەموانیان بە ئەدەبێکی بابەتیانە ناسراوە، واتە ئەدەبی شتەکان وەك ئەوەی کە هەن، وەك ئەوەی لە دەرەوە دەبینرێن، وەك بڵێیت ئاوێنەی کامێرا وێنەیان بگرێت٠

بەڵام ڕۆپ گرێ، لە یادەوەرییەکانی کە لە ساڵی 1985دا بڵاویکردنەوە بە ناونیشانی (ئەو ئاوێنەیەی ناگەڕێتەوە) رستەکەی خۆی وت کە ناوی دەرکردو ڕۆمانی نوێی هەڵتەکاند : (بەڵام لە ئاکامدا قسە ناکەم تەنیا دەربارەی خۆم نەبێت)٠ بۆ جاری یەکەمیش دانی بە دوو سەرچاوەی بنەڕەتیدا نا کە ڕۆمانی نوێیان لەسەر بنیاتنراوە بەو شێوەیەی کە دایڕشتووەو بناغەکەی داناوە، کە بریتین لە هەردوو ڕۆمانی (هێڵنج)ی سارتەرو (نامۆ)ی کامۆ٠ ناودارترین ڕۆمانەکانی ڕۆپ گرێی بریتین لە ڕۆمانەکانی (بەدز بوو)و (غیرە)، (لە گومڕاییدا)، (کوشتنی پادشا)و (پرۆژەیەك لە پێناوی شۆڕش لەنیویۆرك)دا٠ (سینەماش لایەنێکە کە گرنگییەکەی لە داهێناندا کەمترنییە لەلایەنی ڕۆپ گرێ، سەرەتاکەشی لەگەڵیدا ساڵی 1961 بوو، کاتێك ئالان رینیەی هاوڕێی دەرهێنەر داوای لێ کرد (کە هاوکاری لەگەڵ مارگرێتدا کردبوو لە فیلمی (هێرۆشیمای خۆشەویستیدا)) کە سیناریۆیەك بنووسێ، کە ساڵی رابووردو لە مارینبادی نووسی، فیلمە دەگمەنە کە لە مێژووی سینەمادا کە ڕووانینی سینەمایی و ڕووانینی ئەدەبی بەیەکەوە بەیەکسانی تێدا کۆبوونەتەوە٠

ئەو فیلمانەی ئالان رینیە لە دوای ئەو فیلمانەی دەریهێناون، دوور لە کەلتوورە سینەماییەکەی پێشووی هاتوون، لە بەرامبەریشدا ئەو هاوکارییە ئاسۆگەلێکی کردەوە کە ڕۆپ گرێی بۆ دەرهێنەرێکی سینەمایی وەرچەرخاند٠ کارێکی ئاسانیشە دروستکردنی پەیوەندیگەلێك لە نێوان (ساڵی رابووردو لە مارینباد)و شەش فیلم کە ڕۆپ گرێ لە نێوان ساڵانی 1975-1963دا بەرهەمیهێناون، فیلمگەلێك کە یەکێك لە ڕەخنەگران بە مۆزەخانەی مۆم چواندوونی، کە کەسێتی و ڕوداوەکان بەستوو لەکاتدا دەردەکەون، بزواویش لە دەربڕیندا با بەبێ جووڵەش بێت٠ تەنانەت کە گرێچکن٠ پۆلیسیانە بێت وەك لە فیلمی (نەمر)دا (ڕووداوەکانی بەدەوری ئەستەمبوڵدا دەسووڕێنەوە) کە کەمتر لە کەسێتییەکان ئێکسسواریانە دەرناکەوێت، ئالان ڕۆپ گرێ، بەکەمیی قسەی لەکارەکانی خۆی دەکرد، بڕواشی کەم بەوە بوو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بزووتنەوەی (ڕۆمانی نوێ)ی پێکهێناوە، خۆی وەك خوێنەرێك دادەنا زیاتر لەوەی وەك نووسەرێك، وەك لە یاداشتەکانیدا دەڵێ، لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ وەرگێڕانێکی عەرەبیی کتێبی ڕۆپ گرێ (سەرکەوتنێك بۆ ڕۆمانی نوێ) دەکەین کە لە(دارالمعارف) ی میسر دەرچووەو، رمسیس یونان پێشەکی بۆ نووسیوە، کتێبەکە پرنسیپەکان راڤە دەکات بەبێ تیۆریزەکردن، لە ڕێگەی دەقگەلێکەوە کە لە کارە ئیبداعییەکانی نووسەر دەچن٠

**ئا: میراودەلی**

# پەنجا ساڵ
# چاوەڕوانی
# لە پێناوی خۆشەویستیدا

**خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا- بە کوردی**

پێشەکی: گابریل گارسیا مارکیز ساڵی 1927 لە شاری (ئەرکاتا) لە کۆڵۆمبیا لەدایك بووە، لە تەمەنی (40) ساڵیدا بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی -سەدساڵ تەنیایی-ەوە ناوبانگی پەیداکردووەو چەند ڕۆمانێکی بەناوبانگی تری هەیە، وەکو پایزی پاتریارك، چیرۆکی مەرگێکی راگەیەنراو، کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێری. ساڵی 1982 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی وەرگرت و ئەمەش ناوبانگێکی جیهانیی پێبەخشی. (3) ساڵ دوای ئەوە ڕۆمانی خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا-ی بڵاوکردەوە، بەم شاکارەشی کە شاکاری خۆشەویستییە لە جیهاندا جارێکیتر خوێنەرانی دنیای تووشی سەرسامی کرد. پاشان چەند ڕۆمانێکی تری بڵاوکردەوە، لەوانە (جەنەراڵ لەناو تووناوتوونەکانیدا، هەواڵی فراندنێك هتد..)، دواجاریش بیرەوەرییەکانی خۆی بڵاوکردەوە بەناوی (ژیام بۆ ئەوەی بگێڕمەوە).

ڕۆمانی خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا کە ئێستا بە کوردی لە کتێبخانەکانی لای خۆماندایە، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی لە دووتوێی (580) لاپەڕەدا چاپی کردووە. بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانە نەك هەر ناوبانگی جیهانیی مارکیزی لەو ئاستە باڵایەدا هێشتەوە، بەڵکو ناوبانگێکی زیاتری پێبەخشی و زیاتر مارکیزی لای خوێنەرانی خۆشەویستکرد. هەر لە کاتی بڵاوکردنەوەیەوە دەستکرا بە وەرگێڕانی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان و لەسەر ئاستێکی فراوان بە جیهاندا بڵاوبووەوە، (7) جاریش وەرگێڕدراوە بۆ فارسی و عەرەبی و نزیکی (30) جار بەم دوو زمانە چاپکراوەتەوە، بەندەش هەستمکرد نەبوونی ئەم ڕۆمانە لە کتێبخانەی کوردیدا کەلێنێکی گەورەیە، هەر بۆیە دەستمدایە وەرگێڕانی و تەواومکرد، بەو ئومێدەی بەم کارەم توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی خوێنەری کورد بکەم.

********

خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا وێڕای هەموو شتێك نەك هەر نایابترین ڕۆمانی مارکیزە، بەڵکو یەکێکە لە گرنگترین ئەو شاکارانەی لە چارەکە سەدەی کۆتایی



سەدەی بیستەمدا نووسراون و هەندێ رەخنەگریش پێیانوایە لە ڕۆمانی سەدساڵ تەنیایی گەورەترو جوانترە. پێش ئەوەی مارکیز لە ساڵی 1985دا ڕۆمانی خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا بڵاوبکاتەوە، هەمیشە ئەو پرسیارە لەلایەن زۆر لە خوێنەران و رەخنەگرانەوە دەکراو دەوترا، ئایا (گابۆ) توانای ئەوەی ماوە شاکارێکی تر بنووسێت، کە بەرهەمەکانی تری تێپەڕێنێت؟ دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە، مارکیز وتی: بەڵێ. ئەوسا ملیۆنەها کەس بەم ڕۆمانە سەرسام بوون و زیاتر متمانەیان بەم ڕۆماننووسە بلیمەتە پەیداکرد، باوەڕیان بەوە هێنا کە مارکیز لە سەردەمێکدا کە خەریکبوو سینەماو تەلەفزیۆن تەنگیان بە ڕۆمان هەڵدەچنی، توانیی سەرلەنوێ متمانە بۆ ڕۆمان بگەڕێنێتەوە.

مارکیز بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرادا ئەوەی دووپات کردەوە کە ڕۆمان نەمردووەو نامرێت. لەهەمانکاتدا جەختی لەوە کردەوە کە خۆشەویستیش بەمانا گشتی و تایبەتییەکەی نەمردووەو نامرێت. ئەمجارە مارکیز خۆشەویستیی کرد بە بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکەی و جەختی لەسەر بەردەوامیی خۆشەویستی کردەوە، لە هەموو سەردەم و زەمانێکداو ئەوەی دووپاتکردەوە مرۆڤ لە هەموو سەردەمێکدا ناتوانێت بەبێ خۆشەویستی بژی، تەنانەت لە زەمانی کۆلێرادا و لە ساڵانی پیریشدا. لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆماننووسە بلیمەتە بەشێوەیەکی هونەریی بیۆێنە حیکایەتی عەشقێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە تەمەنی لە نیو سەدە زیاترەو لەبەر ئەوەی مێژوونووس نییە تا لە نووکەوە دەست بکات بە گێڕانەوەی حیکایەتی ئەم عەشقە ئەفسانەییە، دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ چاوەڕوانیی عاشقێکی سەوداسەر دەچێتە سەر حیکایەتەکەو پاشان لە ڕێگای بەکارهێنانی (گەڕانەوە- تداعی)یەوە خوێنەر دەباتەوە بۆ سەرەتای لەدایکبوونی ئەم عەشقە ئەفسانەییە. ئەوەتا فلۆرنتینۆ ئەریزا پاش زیاتر لە نیوسەدە چاوەڕوانی، پاش ئەوەی فێرمینا دازای خۆشەویستی مێردەکەی دەمرێت، دوای پرسەکە سەرلەنوێ پەیمانی خۆشەوییستیی خۆی بۆ تازە دەکاتەوە، فێرمینا دازا لەبەر ئەوەی هێشتا مێردەکەی کفنەکەی زەردنەکردووە، وەکو سووکایەتییەك تەماشای ئەو پەیمان تازەکردنەوەیە دەکات و فلۆرنتینۆ ئەریزا دەردەکات، بەڵام ئەو شەوە هەتا بەیانی بەخەیاڵی فلۆرنتینۆوە بەسەر دەبات.

ئەم ڕۆمانە پڕە لە ڕووداو و گۆڕانکاری، لەبەر ئەوەی حیکایەتی خۆشەویستیی ژن و پیاوێك دەگێڕێتەوە لە تەمەنی مێردمناڵییانەوە هەتا دوای تەمەنی حەفتا ساڵییان، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەو گۆڕانکارییانەش دەکات کە لە دەوریان ڕوویداوە، لە خولەکانی جەنگی ناوخۆو قوربانییەکانییەوە بیگرە هەتا ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری کەشتیوانیی ڕووباردا بەدیهاتوون و لەوێشەوە بۆ سەراپای ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی ئەو تەمەنەدا بەسەر شارەکەو خەڵکەکەیدا هاتوون، هەتا دێتە سەر ئەو پەتایەی وەکو درندەیەك بەربۆتە گیانی خەڵکی شارەکە، کە پەتای کۆلێرایە.

پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە فلۆرنتینۆ ئەریزاو فێرمینا دازا-ن، کە فێرمینا دازا لە قوتابخانەی (ئامادەکردنی پاکیزەی پیرۆز) دەخوێنێ، لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزادا دەستدەکەن بە نامە گۆڕینەوەو لە ڕێگەی نامەکانیانەوە هەستی پڕ سۆزو پڕ کەفوکوڵیان بۆ یەکتری دەردەبڕن. تا ئەوەی ڕۆژێك لەسەر نامەیەك کە لە کاتی دەرسدا بۆ فلۆرنتینۆی دەنووسێت و لەلایەن مامۆستاکەیەوە دەگیرێت لە قوتابخانە دەردەکرێت، بەو شێوەیەش ئەو عەشقە نهێنییەی نێوانیان ئاشکرا دەبێت. ئیدی لەلایەن باوکی فێرمینا دازاوە دەکەوێتە بەر هەڕەشە، لەبەر ئەوەی باوکی فێرمینا ئامادە نییە کچە نازدارەکەی بدات بە گەنجێکی بێ ئەسڵ و فەسڵ، بەڵکو دەیەوێت کچەکەی بدات بە کەسێکی دەوڵەمەندی وەجاخزادە، بەڵام ئەم هەڕەشانە هیچ کاری لێناکات و هەر سوور دەبێت لەسەر خۆشەویستیی خۆی بۆ فێرمینا دازا، پاشان باوکی بەمەبەستی ئەوەی کچەکەی ئەو خۆشەویستییەی لەبیر بچێتەوە دەیبات بۆ سەفەر و ماوەیەکی زۆر دووریدەخاتەوە، بەڵام ئەمەش نابێتە هۆی لێکدابڕانی ئەم دوو عاشقە سەوداسەرە، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی تەلەگرافەوە بەردەوام دەبن و تەلەگرافی پڕخۆشەویستی بۆ یەکتری دەنێرن. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەم دوو عاشقە لە ماوەی سێ ساڵدا ئەگەرچی سەدان نامە ئاڵوگۆڕ دەکەن، هەرگیز هەلی

ژوانێکیان بۆ هەڵناکەوێ و دوای گەڕانەوە لە سەفەرەکەی کاتێ فێرمینا دازا لە نزیکەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەبینێت هەر لەخۆیەوە وازی لێدەهێنێت و پەنجا ساڵ دەیخاتە چاوەڕوانییەوە، پاشان لەسەر داخوازیی باوکی شوودەکات بە دکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ، کە هەم دەوڵەمەندەو هەم وەجاخزادەشە.

ئەگەر ئەم حیکایەتە لەلایەن کەسێکی ترەوە بنووسرایەتەوەو سەدان لاپەڕەی پێ رەشبکرایەتەوە، بابەتێکی ئاسایی لێدەردەچوو و نەیدەتوانی خوێنەر سەرسام بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێنەر لەبەردەم حیکایەتخوانێکی بیلمەتدایەو مارکیز دەزانێت چۆن وا لە خوێنەر بکات خەیاڵی لێ ببێتە واقیع و واقیعی لێ ببێتە خەیاڵ، هەتا کۆتایی رۆمانەکە بە سەرسامییەوە لەگەڵ رۆمانەکەدا دەمێنێتەوەو دوای تەواوکردنیشی رۆمانەکە بۆ هەمیشە لە یادەوەرییدا دەژی.

**سەرنج:**

سوودم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە:

*الحب فی زمن الکولیرا- مدونات مکتوب 22/5/ 2007

*الف وجە لالف عام – دارالحیاە 11/ 3/2008

**ئا: محەمەد کەریم**

# نیگایەك بەكتێبی (كۆلارە هەڵدەر)

کتێبی (کۆلارە هەڵدەر- The Ltite runner) یەکەمین رۆمانی خالید حسین نووسەری ئەمریکی بەڕەگەز ئەفغانی وەك یەکێك لە پڕ فرۆشترین کتێبەکانی دونیا تۆمار کرا.

ئەم رۆمانە لەسەر ئاستی جیهانی سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ ئەدەبیاتی ئەفغانی هێنایەکایەوە.

کۆلارە هەڵدەر لە نیویۆرکو بەر لە ماوەیەکی کورت لە لەندەن بەچاپ گەیشت، ئەمە جگە لەوەی لە (ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا، ئەڵمانیا، فەرەنسا) خوێنەرێکی بێ شوماری بۆ خۆی کێشکردووە.

تاوەکو ئێستا بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەفغانستان لە رێگەی وەرگێڕانەوە گەیشتووەتە دەرەوەی خۆی، بەڵام (کۆلارە هەڵدەر) یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خوێنەرانو نووسەرانی دونیا پێشوازییەکی گەرمی لێ بکات.

ئەم رۆمانەی خالید حسێن تاوەکو ئێستا لە دەیەها رۆژنامەو بڵاوکراوەو لەلایەن چەندین نووسەرەوە رەخنەی



لێگیراوە، لەوانەش ئیزابیل ئەلەندی کە ڕۆماننووسێکی ناسراوی ئەمریکای لاتینەو ڕۆمانی (کۆلارە هەڵدەر)ی بە ڕۆمانێکی نائاسایی‌و فەرامۆش نەکراو پێناسەکرد، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوە ڕۆمانێکی بەهێزەو دوای خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە، خوێنەر هەست بەوە دەکات هەرچی دوای ئەو ڕۆمانە دەیخوێنێتەوە بێ ڕۆح دێتەپێش چاو.

ئەم ڕۆمانە بەرلەوەی لە نێو خوێنەرە ئەفغانیەکان بخوێندرێتەوە جێگەی خۆی لە دڵی خوێنەرە بیانیەکان کردۆتەوەو شوێنێکی تایبەتیشیان بۆ داناوە.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکی دوو منداڵ دەگێڕێتەوە کە هاوڕێی یەکن‌و هەر یەکەیان لە شێوە پەروەردەو بنەما کۆمەڵایەتییەکی تەواو جیاوازەوە هاتوون، ئەمیر فیرزەند کەسێکی دەوڵەمەندو بەهێزەو پشتووپەنایەکی باشی هەیە، (حەسەن)یش لە خێزانێکی هەژارەوە هاتووەو هەموو ئەندامانی خێزانەکەی خزمەتکارو کارەکەرن.

ئەم دوو منداڵە لە ئەفغانستان‌و لە سەردەمی پادشایەتیدا لە ماڵێکدا لە کابوڵ گەورەدەبن، سەرگوزشتەی ئەو دوو منداڵە پیشاندانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی ئەفغانستانن.

جارێك حەسەن لە پێشبڕکێی هەڵدانی کۆلارەدا یەکەم دەبێت، بەڵام ئەمیری هاوڕێی ئەو سەرکەوتنەکەی بەلاوە ناخۆش دەبێت‌و دەست دەکات بەگاڵتەپێکردنی.

دوای کودەتای 1978 لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان، خێزانەکەی ئەمیر لە ئەفغانستان هەڵدێن‌و بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن، باوکی ئەمیر لەوێ لەسەر ترومپایەکی بەنزیندا کار دەکات بۆ ئەوەی بژێوی خێزانەکەی بەڕێوەبەرێت‌و منداڵەکانیان لە خوێندن بەردەوام بن.

خالید حسێن لەم بەشەی کتێبەکەیدا وێنەی چەند ڕەمزێکی سەرنجراکێشی کێشاوە کە چۆن ئەفغانستان بەژیانێکی دژوارو دوور لە وڵات بەهەژاری دەژین، کە چۆن غرورو شانازییکردن بەنەتەوەکەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن بۆ ئەو شوێنەی لێی دەژین.

لەوێ ئەمیر لەوە تێدەگات کە ڕەفتاری ئەو لەگەڵ هاوڕێکەیدا ئینسانی نەبووە، سەرەنجام درك بەوە دەکات کە خێزانی هاوڕێکەی جەنگەکان چیان بەسەرداهێناون، بۆیە دەیەوێت لەو ڕەفتارەی رابردووی کە بەرامبەر هاوڕێکەی کردوویەتی لە یادی بکات.

دەربارەی نووسەر:

خالید حسێن لە دایك‌و باوکێکی هیراتی لە کابول لە دایك بووەو هەر لەوێش گەورەبووە، لە ساڵی 1976 ئەو وڵاتەی بەجێهێشتووە، ئیتر جارێکی کە نەگەڕایەوە بۆ ئەفغانستان، ئێستا لە کالیفورنیا دەژی کاری پیشەییشی پزیشکە.

(کۆلارە هەڵدەر) یەکەمین ڕۆمانی (خالید حسێن)ەو بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، ئەگەرچی خۆی دەڵێت لە رابردوودا چیرۆکی بەزمانی فارسی‌و زمانی دایکی نووسیوە.

(حسێن) لە گفتوگۆیەکیدا بۆ سایتی بی بی سی سەبارەت بەوە قسەدەکات کە بۆچی ڕۆمانەکەی بەزمانی ئینگلیزی نووسیوە وتی لە بەرئەوەی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو ئاسانترە ئەمە لە ڕوویەکەوە، لە ڕوویەکی ترەوە نووسەر وتی کە دەیەوێت گفتوگۆ لەگەڵ زۆرترین خوێنەر بکات بەتایبەتی ئەو خوێنەرانەی وێنەیەکی دروستی ئەفغانستانیان لا نییە، ئەو بەرهەمە دەبێتە ڕێگەیەکی باش بۆ باشتر ناسینی ئەفغانستان. نووسەری ڕۆمانەکە دەڵێت: بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە ئەفغانستان نەبووم، بەڵام وێنەی کابوڵم بەرلەجەنگ کێشاوە. ئەمەش لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا باس کردووە.

نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا ئەوە بەبیری خوێنەران دەهێنێتەوە کە ئەفغانییەکان چۆن لە غوربەتداو لەدوورە وڵات دەژین. ئەزموونی کەسی خالید حسێن خۆی ئەوە بووە کە جارجارێك ئەندێشەی ڕۆماننووسی هاتووە بەخەیاڵداو داڕشتنی بۆ کردووە.

خالید حسێن تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەیەوێت ڕۆمانێکی تر بنووسێت دەربارەی ژیانی ژنێکی ئەفغانی، کە درێژە بەگێڕانەوەی چیرۆکی خۆی دەدات، هەڵبەتە نایەوێت ژیانی غوربەت لەم ڕۆمانەشدا لە یاد بکات.

سەرچاوە: بی بی سی.

**و: چنور**

# رۆژی جیهانی شیعر، جیاوازییەکان بەیەك دەگەیەنێت

رۆژانی 27-29/3/2008 بەچاودێری فەلەکەدین کاکەیی‌و بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری، بزافی روشنبیری لەئاکرێ فێستیڤاڵی رۆژی جیهانی شیعری بەبەشداری چەندین شاعیر لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان‌و چەندین لێکۆڵیارو رەخنەگری ئەدەبی رێکخست.

سەرلەبەیانی رۆژی یەکەمی فێستیڤاڵەکە سروودی ئەی رەقیب پێشکەشکراو پاشان چەندین گۆرانی‌و شیعری کلاسیکی کوردی لەلایەن گروپی هونەری هەولێر(زیرو بەم) بەسەرپەرشتی هونەرمەند وریا ئەحمەد پێشکەشکرا، پاشان چەندین وتاری تایبەت بەرۆژی جیهانی شیعر پێشکەش کران، کەتیایدا وەزیری رۆشنبیری تەئکیدی لەگرنگی ئەم جۆرە فێستیڤاڵانە کردەوە بۆ برەودان بە هونەری شیعری کوردی‌و وتیشی «وەکو وەزارەت ئەم فێستیڤاڵە دەکەینە نەریتێك‌و هەر ساڵەو لەشارێکی کوردستان سازی دەکەین» وەزیری رۆشنبیری لەلێدوانێکیشیدا سەبارەت بەفێستیڤاڵی ساڵی ئایندە رایگەیاند کە رۆژی جیهانی شیعر لەهەڵەبجەی شەهید سازدەکرێت.

هەرلەو سەرلەبەیانییەدا دەسپێکی فێستیڤاڵەدا پانۆرامای شیعری بەناوی (سەمای وشەکان) پێشەکەش کرا لەدەرهێنانی (مسڵح ئاکرەیی)و بەهاوکاری سەتەلایتی کوردستان..پرۆگرامی سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ بریتیبوو لەخوێندنەوەی شیعری دە شاعیر لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، پاشان فیلمی (دۆڵ) نمایشکرا کە هونەرمەند هونەر سەلیم کاری دەرهێنانی تێدا کردبوو.. سەرلەبەیانی رۆژی دووەم سێ لێکۆڵینەوە پێشکەشکران لەلایەن



هەرسێ نووسەرو لێکۆڵیار(تەنگەزارێ مارینی، سەبور عەبدولکەریم، نەجات حەمید) ئێوارەی هەمان ڕۆژ دە شاعیری یکە شیعرەکانیان خوێندەوە، پاشان فیلمی (پەڕینەوە لەغوبار ) نمایشکرا لەدەرهێنانی (شەوکەت ئەمین کورکی) ئەگەرچی سەرلەبەیانی ڕۆژی سێهەم بڕیار بوو چوار بابەتی ڕەخنەیی پێشکەش بکرێن بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی (ئەحمەد قەرەنیو، عەتا قەرەداغی) جگە لە(عەبدولموتەڵیبو دکتۆر فازل عومەر) هەریەك لە (حەمە ساڵح سوزەنیو ئاکۆکەریم) وەك میوانی ئەو دانیشتنە دوو بابەتی ئەدەبییان پێشکەش کرد.. ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە دواین ئێوارەی فێستیڤاڵەکە بوو، چەندین شاعیر شیعریان خوێندەوەو پاشان مەراسیمی دابەشکردنی خەڵات دەستی پێکرد کە سەرجەم بەشداربوانی کەرنەڤاڵی ڕۆژی جیهانی شیعر خەڵاتیان پێبەخشرا.

لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری ئاینده (ماجید ئاکرەیی) سەرۆکی بزافی ڕۆشنبیری لە ئاکرێ، سەبارەت بەگرنگی ئەم فێستیڤاڵە لەئاکرێ وتی: ئەو فێستیڤاڵە لەئاکرێ دوو هۆی هەبوو، یەکەمیان دەڤەری ئاکرێ نزیکە لەهەردوو شێوەزار، دووەمیش بۆ تێڕوانینی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ شیعر کە بەرزترین پایەی هزرە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم ڕۆژە زیندوو بکەینەوەو ڕێز لەشاعیرانی خۆمان بگرین.

سەرۆکی بزافی ڕۆشنبیری لەئاکرێ سەبارەت بەئاستی فێستیڤاڵەکە وتیشی: فێستیڤاڵەکە وەك یەکەمین ئەزموون لەم دەڤەرەی ئێمەدا تا ئەندازەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، جگە لەشیعر خوێندنەوە چالاکی جۆراوجۆری تێدا بوو، پاشان لەڕێگەی ئەم فێستیڤاڵەوە ئەوەشمان بەیانکرد کە ئاکرێ وەك شارەکانی دیکەی کوردستان بەدەر نییە لەداهێنانی ئەدەبیو هونەری.. بەشێکی دیکەی سەرکەوتنی ئەم فێستیڤاڵە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیرانی هەرچوار پارچەکە بەشدار بوون کە هەندێکیان لە ئەورووپاوە هاتبوون.

**ئا: پەیامنێری ئاینده**

# قەیسەر ئەمین پوور..
# ژیان و بەرهەم



د. قەیسەر ئەمین پوور 2ی گوڵانی 1958 لە گتوند لە دیزفوڵ لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێ خوێندووەو ساڵی 1977 لە کۆلێژی پزیشکیی ڤێترنەری لە زانکۆی تاران وەرگیراوە، بەڵام پاش ماوەیەك وازی لە خوێندن هێناوە. ساڵی 1983 چووەتە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و دواتر وازی لە خوێندنی زانستە

مرۆڤایەتییەکانیش هێناوە. ساڵی 1984 چووەتە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تاران، هەتا بڕوانامەی دکتۆرای لە ساڵی 1997دا بە ناونیشانی (نوێبوونەوە لە شیعری هاوچەرخدا) بەدەستهێناوە.

ئەمین پوور لە ساڵی 1988 ەوە دەستی کردووە بە وانەوتنەوە لە زانکۆی (زەهرا)و دواتریش ساڵی 1990 بووە بە مامۆستا لە زانکۆی تاران. ساڵی 1989 خەڵاتی نیما یوشیج بەناوی (مرغ امین بلورین)ی پێ بەخشرا، کە خەڵاتێکی ئەدەبییە. ساڵی 2003 وەکو ئەندامی زمان و ئەدەبیاتی فارسی هەڵبژێردرا. ساڵی 1989 بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری (سروش نوجوان). یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی (تنفس صبح) کە بەشێکی زۆری چامەو نزیکەی بیست بڕگەی شیعری ئازادە لە ساڵی 1984دا بڵاوکردەوەو لەهەمان ساڵدا دووەم کۆمەڵە شیعری (در کوچە افتاب) بڵاوکردەوە.

ساڵی 1986 چامە شیعری (ڤهر روز دهم)ی بڵاودەکاتەوە. ساڵی 1990 هەڵبژاردەی دوو دیوانی (تنفس صبح، درکوچە افتاب) بەناونیشانی (گزینە دو دفتر شعر) لەلایەن دەزگای سروش بڵاودەکاتەوە. (اینەهای نگهان) گۆڕان لە چۆنیەتیی ئەمین پوور دەخاتە ڕوو. لەم قۆناغەدا ئەمین پوور بە تێگەیشتنێکی ڕوونتر لە شیعرو ئەدەبیات دەگات. شیعرەکانی ئەم دیوانەی نیشاندەری تێڕوانین و هزرێکی نوێیە. (اینەهای ناگهان) شاعیرێکی نوێ لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەناسێنێت. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا دووەمین دیوانی ئەمین پوور بەناونیشانی (اینەهای ناگهان2) بڵاودەکرێتەوە، کە دواتر شیعرەکانی لە کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندندا وەکو نموونەیەك لە شیعرەکانی نەوەی دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران هاتووە. هەر لەم قۆناغەدایە هەندێك لە شیعرەکانی دەکرێن بەگۆرانی و دەچێتە سەر زمانی پیرو گەنجەوە.

(گلها همە افتابگرداننـد) تازەترین دیوانی شیعری ئەمین پوورە، لە ساڵی 2002داو ڕووبەڕووی پێشوازییەکی زۆر بووەوەو چەند جارێك چاپکراوەتەوە.

ساڵی 2003 بەبێ مەیلی دەستی لە سەرنووسەریی گۆڤاری (سروش نوجوان) کێشایەوەو جگە لە ئەندامێتی لە کۆمەڵەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی، لە زانکۆکانی تاران و زەهرا وانەی دەوتەوەو سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بوو.

لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا بوو، ئەمین پوور دەستی دایە جێگیری زمان و ئەندێشەیی لە شیعردا. هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەدەبی ئەو بەناونیشانی ئەدیبێکی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ دەناسێنێت، بەڵام بەشی ئەدەبیاتی مناڵان و نەوجەوانان هێشتا قەیسەر بە ئەدیبی بواری خۆیان دەزانن. هەردوو دیوانی (بەقول پرستو، مپل چشمە مپل رود) ناوبانگێکی زۆریان هەیە. لە بەرایی دیوانی (بەقول پرستو) شاعیر بەچەند پرسیارێك پەیوەندییەکی جوان لەگەڵ خوێنەردا دروستدەکات:

بۆچی خەڵك قەفەسیان دروستکردووە؟

بۆچی پەپوولەیان لە چڵە گوڵەکان کردووە؟

بۆچی باڵی باڵدارەکانیان شکاندووە؟

بۆچی ئاوازەکانیان لە گۆڕێ ناوە؟

شیعرەکانی قەیسەر لە ڕووی ڕووخسارەوە بریتین لە: چوار بڕگەیی، غەزەل، دوو بەیتی، قاڵبی نیمایی و مثنوی.

**تایبەتمەندیی شیعرەکانی:**

-1بیری نوێ: بیرە قەدیمی و سوونەتییەکان لەو باوەڕەدان ئەوەی هەبووەو هەیە ڕابردووەکانمان نووسیویانە، ئەوەشی دەنووسرێ و دەوترێ ڕاڤەی بەرهەمەکانی ئەوانە. قەیسەر یەکێکە لەو شاعیرانەی لەم ڕووەوە بەرکەماڵەو هەوڵی باشی داوە. لە شیعری (راه بالارفتن) فیکرو ئەندێشەی نوێی تیادا دەبینرێت.

-2زمانی سەردەم: ئەمین پوور هەوڵی داوە زمانی ئەمڕۆکە بەسانایی بەکاربهێنێت. ئەو لە شیعری (بال های کودکی) پتر لە هەموو شیعرێك زمانی زۆرینەی خەڵکی بەکارهێناوە.

-3فرەچەشنیی بابەتەکان: بابەتە هەڵبژێردراوەکانی ئەو گشتی و پەیوەندیدارە بە نەوجەوانان و خەڵك بە گشتی، هەروەها تازەیی و تەڕوبڕییەکی جوانیان هەیەو قەوارەی زەینیی ئەو نیشاندەدات.

4-وەزن: یەكێك لە ڕێگاكانی پەیوەندیكردن بە منداڵ و نەوجەوانانەوە لە شیعردا، بەكارهێنانی وەزن و ڕیتم و وشەی مەوزون و مۆسیقایە. ئەمین پوور لە وەزنەكانی تر سوودی وەرگرتووە.

ئەگەر سەراپا وشك و زەرد هەڵهاتووین
بەڵام دڵمان بە پایز نەسپاردووە
وەكو گوڵدانی بەتاڵی بەر پەنجەرە
پڕ لە یادگاری پشتگوێ خراوین
دڵی سەر بڵندو سەری سەرشۆڕ
تا هەنووكە عومرێكمان بەسەر بردووە.

قەیسەر ناوی لە بواری شیعری منداڵ و نەوجەوانیشدا درەوشاوەیە، بەڵام زیاتر گرنگیی داوە بە شیعری نەوجەوانان، نموونەی بەرهەمەكانی لە شیعری نەوجەواناندا: (مپل چشمه مپل رود، بەقول پرستو، تنفس صبح، دركوچه انقلاب). شیعری رازی ژیان لە كتێبی (بە قول پرستو):

خونچە بەدڵتەنگی وتی:
ژیان كەناری خەندە بەستنە
قوژبنێك لە دەروونی خۆ دانیشتنە
گوڵ بە زەردەخەنەوە وتی:
ژیان شكۆفاندنە
بە زمانی سەوز راز گوتنە
گفتوگۆی خونچەو گوڵ لەناو باخەكەدا دیسان دێتە بەرگوێ:
تۆ بیر لە چی دەكەیتەوە؟
كامیان راستیان گوت
من لام وایە گوڵ ئاماژەی بە ڕازی ژیان داوە
ئاخر هەرچی بێ ئەو گوڵە
گوڵ یەك دوو كراسی زیاتر لە خونچە دراندووە!

ئەمین پوور لە دوای پێكدادانێكدا لە ساڵی 1999 باری تەندروستیی تێكچووبوو. شەوێك بەر لە مردنی بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی (دی) لە تاران كرا، بەڵام هەوڵی پزیشكەكان بۆ چارەسەركردنی بێسوود مایەوە. لە ڕۆژی دووشەممە 1/10/2007 كۆچی دوایی كرد.

ڕۆژی مەبادا
كاتێك تۆنیت
نەستەكانمان
بەو جۆرەی دەبێ ببن
نابن...
هەمیشە كۆتایی قسەم
بە مەراقەوە دەخۆم
تەمەنێكە
خەندە لاوازەكانم
لە دڵمدا هەڵدەگرم
بۆ ڕۆژی مەبادا
بەڵام
لە پەڕەكانی ڕۆژژمێردا
ڕۆژێك نییە بەناوی ڕۆژی مەبادا
ئەو ڕۆژە هەرچییەك بێت
ڕۆژێكە وەكو دوێنێ
ڕۆژێكە وەكو سبەینێ
ڕۆژێك هەروەكو ئەم ڕۆژانەی ئێمە
بەڵام كێ دەزانێت؟
ڕەنگە
ئەمڕۆش ڕۆژی مەبادا
بێت
كاتێك تۆ نیت
نەستەكانمان
بەو جۆرەی دەبێ بن
نابن
هەر ڕۆژێك بەبێ تۆ
ڕۆژی مەبادایە

سەرچاوە: http--irapic_com
WWW.IranProud.COM

**و. هێمن شەریف**

# گەلەری ئارام.. وەرزێکی دۆکیۆمێنتاری

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا لە درێژەی کارو چالاکییە هونەرییەکانیدا، گەلەری ئارام وەرزێکی بۆ پیشاندانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری سازکرد، لەم وەرزەدا هەژدە فیلمی دۆکیۆمێنتاری نیشاندران‌و رۆژانە چەندین هونەرمەندو ئارەزوومەندی بواری فیلم ئامادەی نمایشەکان دەبوون.

ئارام عەلی بەرپرسی گەلەری ئارام‌و خاوەنی پرۆژەی پیشاندانی ئەو هەژدە فیلمە دۆکیۆمێنتارییە سەبارەت بە گرنگیی پرۆژەکە وتی: خودی گەلەرییەکە کاتێک پرۆژەیەک ئەنجام دەدات لەسەر بنەمایەکی بەتاڵ نییە، بەڵکو لەسەر کۆمەڵێک بنەما کاردەکات، پێش هەر پرۆژەیەکیش کۆمەڵێک گفتوگۆ دەکرێت لەبارەیانەوە، رەنگە بەدوای خۆشیدا دیسانەوە گفتوگۆ بێنێتەوە پێشەوە، دیارە ئەم شارەی ئێمە واتە سلێمانی بێئاگایە لە کاری دۆکیۆمێنتاری رەنگە لە مەفاهیمەکان‌و مێژووی دۆکیۆمێنتاریش شارەزا نەبن،ئەگەر سەیری کۆی ئەو کارانە بکەین کە لێرە ئەنجام دراون، تەماشا دەکەین فیلم ئامادەیی هەبووە، بەڵام شێوازی فیلمی دۆکیۆمێنتاری ئامادەیی نییە، بۆ نمونە ئەگەر سەیری مێژووی نەتەوەی خۆمان بکەین لە سەرەتای شۆڕشەکانەوە تا شۆڕشی نوێ، لە مێژووی کارەسات‌و نەهامەتییەکاندا کە بەسەر ئەم نەتەوەیەدا هاتووە هەتا نوێترینیان کە ئەنفالە، رەنگە تا ئێستا هیچ کارێکی دۆکیۆمێنتەری لەسەر ئەم کارەساتانە نەبینرابێت، رەنگیشە لە میدیاکاندا چەند کارێکی بچوک ببینرێت، بەڵام ئەوەش دەستکردی خۆمان نییە، رەنگە دەوڵەتێکی



لەپشتەوە بێت، بەهەر مەبەستێك بێت ئەو کارەی کردبێت، بۆیە هەستدەکرێت لە سەرەتای بیرکردنەوەو تێگەیشتن لەم وڵاتەدا کاری دۆکیۆمێنتاری غایبەو حاڵەتێکی جددی نییە لە کارکردندا. ئەمە بەشێکی گرنگی ئەم پرۆژەیە کە لە ڕێگەی ئەو کارانەوە بەشێکی گرنگی مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە یەکێك لەو ئیشە گرنگانەی لەم وەرزەدا پیشان درا فیلمێك بوو لەسەر (هۆلۆکۆست) کە دەرهێنەرێکی فەرەنسی کاری تێدا کردووە، ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە بەهایەکی زۆر گەورەی هەیە، سەیر دەکەیت ئەم کارە لە ڕێگەی ئەو بەڵگانەوە دەستی دەرهێنەرەکە کەوتووە کە سەربازە ئەڵمانییەکان لەو ساتەوەختەدا تۆماریانکردووە، ئەگەر لەم ڕێگەیەوە سەیری بکەینو یادەوەری بەهەڵەماندا نەبات، لە سەرەتای ڕاپەڕیندا باس لەوە دەکرا چەندین تەن بەڵگەنامە گیرا کە لەسەر ئەم ناوچەیە بوو، بەڵام تا ئێستا پێشانگەیەکی جددی لەسەر ئەو بەڵگەنامانە نەکراوەتەوە، چجای ئەوەی بێین کارێکی فیلمسازیی لەسەر بکەین.. ئەمە ئەوەشمان پێدەڵێت کە کاری بەڵگەنامەیی هێڵێکی زۆر بەهێز بێت بۆ کۆنتاککردن لەگەڵ دنیای دەرەوەدا.. گەلەریەکە ڕەنگە هەموو ئەمانەی بەهەند وەرگرتبێت لەکاتێکدا کۆمەڵێك لەو کارە دۆکیۆمێنتارییانەی لە دنیادا بەهایەکی زۆریان هەیە بتوانێت نیشانی بدات.

ئەم فیلمە دۆکیۆمێنتاریانە هەموو ڕۆژانێکی هەینی لە گەلەری ئارام نیشان دەدرانو هەفتانە بینەرێکی تایبەتی خۆی هەبوو، هونەرمەند تاهیر عەبدولواحید وەك شارەزایەکی بواری هونەری فیلمسازی، سەبارەت بە ئاستی فیلمەکانو گرنگیی نیشاندانیان وتی:

گەربەشێوەیەکی گشتی ووەك هەرجۆرێك لە جۆرەکانی چالاکی پیشاندانی فیلمو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرێت سەیری ئەو وەرزە نمایشیەی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی بکەین کە لە گەلەری ئارام نمایشکران، ناکرێ گرنگیە کۆمەڵایەتیو کاریگەرییە پەروەردەییەکانی وەك هۆکارێك لە هۆکارەکانی پەیوەندیی شارستانیو ڕۆشنبیریو چێژوەرگرتنو هێوربوونەوە لە پیشاندانی ئەو فیلمانەدا لەبەر چاو نەگرین،ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام بەتایبەت بۆ کەسانێکی وەك ئێمە کە سەرقاڵی کاری فیلمسازیینو دەستوپەنجەمان لەگەڵ هونەری سینەمادا نەرمکردووە، ئەم وەرزە گرنگییەکی دوو لایەنەی هەیە، ئەوانیش گرنگیی زانیاری بەخشینە لەسەر ئەو بابەتە یان ئەو بابەتانەی کە لەنێو فیلمەکاندا کاریان لەسەر کراوە.. دووهەمیشیان زانیارییە لەسەر مێژوو و چۆنیەتی و شێوازی کارکردنەکان و ئاشنابوون بە جیهانی دەرهێنەرەکان لەنێو فیلمە پیشاندراوەکاندا. ئەوەی جێگەی گرنگیپێدانی زیاترە بۆ ئێمە دووهەمیانە، چونکە ئێمە دەتوانین پاشخانی مەعریفیو ڕۆشنبیریی سینەمایی خۆمان بەتایبەت لە سێ ڕێچکەوە فەراهەم بکەین، کە بریتین لە: خوێندنەوەو بەدواداچوونو بینین و نووسین و ئەزموونە پراکتیکییەکانمان،سێهەمیشیان ئەزموونی خودی خۆمانە لەنێو ژیاندا. سەبارەت بە خوێندنەوە و بەدواداچوون و بینین،ئەکرێت لێرەدا ئەركو گرنگیی چالاکییە نمایشییەکانی گەلەری ئارامو هەموو ئەو شوێنانەی تر کە گرنگی دەدەن بە نمایشکردنی فیلم بەرز بنرخێنین، چونکە ئەوان هەلی زیاتری بینینی فیلممان بۆ دەرەخسێننو ڕێخۆشکەرن بۆ هاوکاریکردن لەپێکهێنانی ئەو پاشخانە مەعریفییە، وەك بەدواداچوونو خوێندنەوەو نووسینیش دەکەوێتە سەر ویستو مەبەستی خۆمان، ئەمە لەکاتێکدایە کە ناکرێت ئەو بەدبەختییەش لەبەرچاو نەگرین کە ئێمە لە ساڵی (2008) داین، لەنێو شارێکداین بۆچوونێکی کۆمیدیانە ناویدەنێن پایتەختی ڕووناکبیریو کەچی ئەکادیمیایەك یان پەیمانگەیەکی هونەریی سینەما یان وۆرك شۆپێکی جددی یان هۆڵێکی تایبەتمەندی پیشاندانی فیلمی تیا بەدی ناکرێت. دواجار دەڵێم سوپاس بۆ کاك ئارامو گەلەرییە خنجیلانەکەی، سەرباری ئەوەی کە لە سەردەمێکدا دەژی شتە ماددییەکان تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو تاکی ئێمەی داپۆشیوە، ئارام ژێرزەمینەکەی ماڵی خۆیانی کردۆتە گەلەرییەکی هونەریو خەڵکانێك لە هونەرمەندانو بینەران بێبەرامبەر سوودی لێ وەردەگرن. کەواتە ئەرکێکی ئەخلاقیی دامودەزگا ئیدارییەکانی ئەم شارەیە کە خزمەت بەوجۆرە پرۆژانە بکاتو فراوانتریان بکەن، تا ئەو هەناسە کورتانەش نەخنکێندرێن، وەك هەموو هەناسە جوانو خنکێندراوەکانی ئەم شارە.

**ئا: ئایندە**

# ساکار عەبدوڵڵا...
# گەڕانەوە بۆ تابلۆ، گەڕانەوە بۆ قووڵایی خود



پەیوەندی نێوان هونەرمەند و خود پەیوەندییەکی بەهێزو جەدەلییە، بە تایبەتیش کاتێك هونەرمەند دەیەوێت لە خولقاندنی ئەو پەیوەندییەدا جۆرێك لە کاریگەریی و تێرامان لە سەر هزری بینەر جێبهێڵێت، یەکەم چرکەساتی ئەو کاریگەرییەش لە ناو خودی تابلۆو خودی هونەرمەندەوە گەشە دەکات، زۆر جار هونەرمەند بۆ ئەوەی بەرهەمێکی هونەریی دانسقە پێشکەشبکات موجازەفە بە رێگەو ئەزموونی جۆراوجۆر دەکات، لەو ئەزموونانەشەوە بەرهەمی هونەرمەندەکە کاریگەریی ئەزموونەکانی تری بەسەرەوە دەمێنێتەوە، بەڵام دواهەمین ئەزموونی شێوەکاری ساکار عەبدوڵڵا تارادەیەکی باش خۆی پاراستبوو لەو کاریگەرییانە، بە جۆرێك ئەو هێندەی ئەزموونی خودی و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی دووبارە کردبویەوە هێندە دڵبەندی هونەرمەند و ستایلی تری بەسەرەوە نەبوو، بۆ ئەم حاڵەتەش ساکار دەڵێت: ئەم شێوازە کارکردنەم زیاتر لە چرکەساتێکەوە لە دایکبوو کە زیاتر قۆناغی مانەوەم بوو لە ماڵەوە و ژیانم لەگەڵ کۆرپەکەمدا، بۆ ئەوەش زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە ئەوەی من خۆم بم چیبکەم کە ئەزموونێکی جیاوازتر بخولقێنم، بێگومان لەوەشەوە دەستمپێکرد کە زیاتر حاڵەتێکی تەئەمولی لە کارەکانمدا



و لە مامەڵەکردن لەتەك تەکنیك و فڵچەدا بخولقێنم، کە دواجار ئەوە کەوتەوە بەشێکی زۆری ئەو بینەرەی کە تابلۆکانی منیان بینی ساکاریان وەك خود بینی، نەك وەك ئەزموونێك کە لەوەوپێش تارمایی یان شێوازی باوتریان بینیبێت و ئێستاش دووبارەو چەند بارەکەی دووبارە بوبێتەوە.

گەرچی باسی ئەوە دەکرێت کە تێکستی بینین لە دوای بینینی تابلۆوە جۆرێك لە مانای جیاوازتر بەرهەمدێنێت، کە دەشێت ئەو مانایانە لە دەرەوەی لوغزو نهێنییەکانی وێنەکێشەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەم حاڵەتەش یەکەم جار ڕووبەڕووی فۆڕمی ئەو تابلۆیانە دەبێتەوە کە بینەر لە پێشانگەیەکدا دەیبینێت، ساکار لە بارەی فۆڕمە تایبەتییەکانی تابلۆ دەڵێت: فۆڕمی تابلۆکانم لەو چوارچێوە تایبەتەدا دەخولێتەوە کە لە قووڵایی ناخ و خودی مندا هەیەو یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی خودی هەر مرۆڤێکی سەر ڕوی ئەم زەمینە کە دەکرێت بە جیاوازی خودی ناوببرێت.



یەکێکی تر لە ڕەگەز و بنەما دیارەکانی نێو تابلۆکانی ئەو فیگەری مرۆڤن، مرۆڤ بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە لە نێو تابلۆکانی ئەودا قووڵاییەکی زۆریان داگیرکردووە، بە جۆرێك لە یەکەم تابلۆی نێو هۆڵەکەوە تا دواهەمین تابلۆ ڕووخساو تارمایی مرۆڤ پێگەیەکی گەورەی لە نێو تابلۆکانی ساکاردا داگیرکردووە، بۆ ئەم حاڵەتەش ساکار دەڵێت: بە دڵنیاییەوە مرۆڤ جەوهەری کارکردنی هونەرمەندە، بەڵام ڕەنگە ئەم حاڵەتە، لای خودی من وەك هونەرمەند تایبەتبێت بەو جۆرە بیرکردنەوەو تێڕامانەوە کە بەرهەمی کاری هونەریی هونەرمەندە، کە بەدڵنیاییەوە لە خودی هونەرمەندەوە دەگاتە ئەو بینەرەی کە کاتێکی دیاریکراو لە گەلەرییەکدا سەیری تابلۆی هونەرمەندێك دەکات، بە جیاوازی تێڕامان و ئاستی هۆشیاری ئەو بینەرە.

پێشانگەی ساکار عەبدوڵڵا لە 24/3 لە هۆڵی گەلەری سەردەم کرایەوەو پاشتریش دیالۆگێکی کراوە لە سەر پێشانگەکە ڕێکخرا.

**ئا: ئایندە**

سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی
soranmail@photo.net

4

# کامێرای گران، وێنەیەکی هەرزان
# کامێرای هەرزان، وێنەیەکی گران

له ژمارەکانی پێشووتردا مێژووی هونەری فۆتۆگرافیمان شیکردەوە، هەوڵدەدەین لەم ژمارەیەدا باس له شێوازه دروستەکانی بەکارهێنانی کامێراو سەرجەم ئامێره لاوەکییەکانی دیکەی کاری فۆتۆگرافی بکەین.

به هۆی ئەو گۆڕانه خێراو چاوەڕوانکراوانەی به سەر داهێنانه تەکنەلۆژیو ئەلکترۆنیەکاندا دێتو پاش ئەو شۆڕشەی که دیجیتاڵ لەمێژووی مرۆییدا هێنایه کایەوە، بوونی کامێرای فۆتۆگرافی کارێکی ئاساییەو خەریکه وەك ئامێری مۆبایلی لێدێت. هەر بۆیه لەسەرەتای کارکردن بەهەر ئامێرێکی دیجیتاڵی وادێته پێش چاو که بەکارهێنانی ئەوجۆره ئامێره



لەوپەڕی ئاسانیدایە، ئەمە بۆ گرتنی پۆستکاردێکی یادگاریی لە نێو خێزانەکاندا راستە، بەڵام کاتێك کار دێتە سەر باس و خواستی چەندو چۆنی لایەنی هونەریی و زانستی لە بواری وێنەگرتندا، ئەم وتەیە پێچەوانەکەی راستە، لەکاتێکدا کە ئەو کەسانەشی خاوەنی سەرجەم پێداویستییەکانی گرتنی فۆتۆیەکی هونەرییش بن، گەر شارەزای بەکارهێنانی ئامێرەکان نەبن لەرووی تەکنیکی و هونەرییەوە هەرگیز ناتوانرێت بە فۆتۆیەك کە ئەوان خاوەنی بن بوترێت (فۆتۆیەکی هونەریی) رەنگە نا هونەریی بوونی ئەو فۆتۆیانەش هەندێك جار لەبەکارهێنانی تووندوتیژییەوە بێت لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا، بە نموونە کاتێك هەڵگری کامێرایەکی کانون جۆری دی 400 هەست دەکات سەرەڕای چاکی کامێرەکەی و بوونی فلاش و بوونی فلتەرو بوونی چەندین پێداویستی دیکەی تریش، هێشتا ناتوانێت وێنەیەك بگرێت کە لەئاستی هونەریدا بێت، تووندوتیژیی لەگەڵ ئامێرو کامێراکەیدا بەکاردەهێنێت و لەهەمووشیان گرنگتر، دەڵێت ئەم کامێرایە بەکەڵك نایەت، هەرکامێك لەو ئامێرانەو ئەوانی تریش بۆ مەبەستێکی هونەریی تایبەت دروستدەکرێن، چەند جارێك زیاتر خۆیان لەبەرامبەر هەڵەی تەکنیکی و بەکارهێنانی نەگونجاودا ناگرن، هەربۆیە دەبینی ئەو کەسانە کامێراکانیان زووتر تێکدەچن و دووچاری نیگەرانی و بێهیوایی دەبن.

لەبەرامبەردا دەبینین هەمان هەڵە بەشێوازێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەو کەسانەدا کە وا دەزانن کامێرا نابێت لەکەشوهەوای بارانی و بەفرو رەشەباو ساردیدا وێنەی پێبگیرێت و یاخود دەستکێش بەکاردەهێنێت نەوەکا هاوێنەکەی لەکە بگرێت، بەم جۆرەش وێنە لەو کاتانەدا ناگرن، ئەمەش وادەکات وێنەکە نەك هەر خراپ بێت، بەڵکو لەبنەڕەتدا نەگیرێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین شارەزانەبوون لەئامێرەکانی هەر کارو هونەرێك واتە شارەزا نەبوون لەخودی ئەو هونەرەو پێشنەکەوتن تێیدا.

دەتوانین بۆ بەراوردیش باس لەوەبکەین، کە هەردەم کامێراو ئامێرەکانی ئەم جۆرە کەسانە، گرانترو دەگمەنتریشە لەکامێراو ئامێری فۆتۆگرافەرە پرۆفیشناڵەکان، چونکە ئەمان تەنها خۆیان سەرگەرمدەکەن و ئەزموون دەکەن.

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت: هونەرمەندی فۆتۆگرافەر، پێویستە هێندەی هونەرەکەی شارەزای ئامێرەکەی بێت کە (کامێرا)یە، وەك چۆن پێویستیشە شارەزانی ئەو پرۆگرامو شێوە کارە هونەریانەبێت کە وێنەکەی پێدەگەیەنێتە قۆناغی کۆتایی، ئیدی چ زانیاری بێت لە شێوازی روتوشکردن و شتنەوەی فیلم، یاخود پرۆگرامی کۆمپیوتەری وەك فۆتۆشۆپ و باقی بەرنامەکانی دیکە کە پەیوەستن بەکاری هونەری فۆتۆگرافەوە. هەموو ئەمانەش دواجار دەچنە خزمەت هێنانەکایەی فۆتۆیەکی هونەریی سەرکەوتووەوە، کە دواتر دێینە سەرباسی شێوازەکانی گرتنی فۆتۆیەکی هونەریی.

